

ئەفسانەی
ئەدەبی
باڵا
د. علی وەردی
وەرگێڕانی :
کامیل محمود

# ئەفسانەی ئەدەبی باڵا

نوسینی: د. عەلی وەردی
وەرگێڕانی: کامیل مەحمود

چاپی دووەم
٢٠١٧

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە(١٠٤)**

## ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: ئەفسانەی ئەدەبی باڵا
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- نوسینی: د. عەلی وەردی
- وەرگێڕانی: کامیل مەحموود
- دیزاینی ناوەوە: فواد کەوڵۆسی
- دیزاینی بەرگ: محمد زراری
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ناونیشان:

**سلێمانی ـــ سابوونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.**

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ.................................................. ٩
پێشەکی: ........................................................ ١٥
وتارەکانی دکتۆر محیەدین.......................................... ٢٤
وتاری یەکەم .................................................... ٢٤
وتاری دووەم .................................................... ٣٣
وەردی و قسە لەسەر شیعر: ........................................ ٣٣
بانگهێشتێك بۆ تاقی کردنەوە:...................................... ٣٣
وەردی پەشیمان دەبێتەوە:.......................................... ٣٤
ئەرکی ئەو. ...................................................... ٣٥
واقعی شیعری عەرەبی: ............................................ ٣٥
وەردی و غەزەل لە شیعری عەرەبی دا: ............................... ٣٦
وتاری سێیەم...................................................... ٤١
وەردی و باسی شیعری عەرەبی:أ .................................... ٤١
بانگەواز بۆ وازهێنان لە شیعری عەرەبی کۆن: ........................ ٤٢
بانگەواز بۆ پشتکردنە شیعر لە لاسایی کردنەوەیدا:................... ٤٢
شیعری هاوچەرخ: ................................................. ٤٣
شاعیرە هاوچەرخەکان: ............................................ ٤٤
بانگەواز بۆ وازهێنان لە لێکۆڵینەوەی شیعری عەرەبی کۆن: ............ ٤٥
وتاری چوارەم .................................................... ٤٧
دکتۆر وەردی و ئەوەی وەسفی شیعری عەرەبی کۆنی پێ کرد: ............. ٤٧
چەند تێبینییەك کە هەر دەبێت هەبن: ................................ ٤٨
وتاری پێنجەم .................................................... ٥٣
وتارەکانی نووسەر................................................. ٥٩
"وتاری یەکەم" ................................................... ٦١

ئەدەب و كۆمەڵناسی ........................................................................ ٦١
قسەیەك بەو بۆنەیەوە ........................................................................ ٦٧
"وتاری دووەم" ........................................................................ ٧١
كێشەی سادەكردنەوەی زمان........................................................................ ٧١
"وتاری سێیەم" ........................................................................ ٧٩
گوزارەكاری و ڕەوانكاری ........................................................................ ٧٩
"وتاری چوارەم" ........................................................................ ٨٩
شیعرو لادانی جنسی ........................................................................ ٨٩
"وتاری پێنجەم" ........................................................................ ٩٩
لە نێوان چاكی و خراپییەكاندا ........................................................................ ٩٩
"وتاری شەشەم" ........................................................................ ١٠٧
لە نێوان وتەو واتادا ........................................................................ ١٠٧
"وتاری حەوتەم" ........................................................................ ١١٥
شاعیرێتی عەرەب........................................................................ ١١٥
"وتاری هەشتەم" ........................................................................ ١٢٥
شیعرو لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی ........................................................................ ١٢٥
"وتاری نۆیەم" ........................................................................ ١٣٥
قورەیش و شیعر: ........................................................................ ١٣٥
"وتاری دەیەم" ........................................................................ ١٤٥
ئیسلام و شیعر ........................................................................ ١٤٥
"وتاری یانزەهەم" ........................................................................ ١٥٣
حەقیقەتی شیعری نەفامی........................................................................ ١٥٣
"وتاری دوانزەهەم" ........................................................................ ١٦٥
تایبەتمەندییەكانی زمانی عەرەبی ........................................................................ ١٦٥
"وتاری چواردەهەم" ........................................................................ ١٨٧
گرێی ڕستەسازی عەرەبی........................................................................ ١٨٧
"وتاری پانزەهەم" ........................................................................ ١٩٥
تاكەی فوو بەخۆڵدا دەكرێت؟........................................................................ ١٩٥

"وتاری شانزەهەم" ..................................................... ٢٠٣
**بنەرەتی شیکردنەوە** ..................................................... ٢٠٣
"وتاری حەڤدەهەم" ..................................................... ٢٠٩
**ئەرکی شیکردنەوە:** ..................................................... ٢٠٩
"وتاری هەژدەیەم" ..................................................... ٢١٩
**دانەری رستەسازیی عەرەبی** ..................................................... ٢١٩
"وتاری نۆزدەهەم" ..................................................... ٢٣٣
**رستەسازیو شیعر** ..................................................... ٢٣٣
"وتاری بیستەم" ..................................................... ٢٤٣
**رستەسازیو لۆژیکی ئەرستۆ تالیسی** ..................................................... ٢٤٣
"وتاری بیست و یەکەم" ..................................................... ٢٥٧
**زمانو جیاوازی چینایەتی** ..................................................... ٢٥٧
"وتاری بیست و دووەم" ..................................................... ٢٧١
**چیرۆکی پەخشانی عەرەبی** ..................................................... ٢٧١
"وتاری بیست و سێیەم" ..................................................... ٢٨٣
**چیرۆکی پەخشانی عەرەبی** ..................................................... ٢٨٣
"وتاری بیست و چوارەم" ..................................................... ٢٩٧
**نامۆیی ئەدیب** ..................................................... ٢٩٧
"وتاری بیست و پێنجەم" ..................................................... ٣٠٩
**جاحیزو ئەبوحەیان** ..................................................... ٣٠٩
"وتاری بیست و شەشەم" ..................................................... ٣٢١
**ئەدەبی سوڵتانی** ..................................................... ٣٢١
"وتاری بیست و حەوتەم" ..................................................... ٣٣٣
**چەمکی ئەدەبی بالا** ..................................................... ٣٣٣
"وتاری بیست و هەشتەم" ..................................................... ٣٤٥
**رەخنەگرانی ئەدەب** ..................................................... ٣٤٥
"وتاری بیست و نۆیەم" ..................................................... ٣٥٧
**نموونەیەکی تر** ..................................................... ٣٥٧

"وتاری سییەم" ........ ٣٧١
نموونەی سییەم ........ ٣٧١
"وتاری سی و یەکەم" ........ ٣٨٣
ژاوەژاو و کۆمەڵگە ........ ٣٨٣
"وتاری سی و دووەم" ........ ٣٩٧
وتەی کۆتایی ........ ٣٩٧

## پێشکەشە:

بەو ئەدیبانەی بە ئەدەبەکەیان خەڵکی سەردەمە زێڕینە ڕابردووەکان دەدوێنن، بەڵکو ئەم کتێبە وایان لێ بکات کەمێك گرنگی بەخەڵکی ئەم سەردەمەش بدەن کە تیایدا دەژین و بەوە بیاندوێنن کە تێی دەگەن، چونکە چەرخی زێڕ بەسەرچووە و خەڵکی گۆڕیانەوە بە ئاسن.

# پێشەکی وەرگێر

لەم ساڵانەی دواییدا مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی ئاشنابوو بەیەکێک لەدیارترین زانایانی کۆمەڵناسی عەرەبیی عێراقی کەئەویش دکتۆر عەلی وەردییە، وەردی بەشێوەیەك توانی خۆی ئاوێتە بەگوتاری روناکبیری کوردی بکات کەهیچ بیریارو داهێنەرێکی تری عەرەبی نەیتوانیبێت بەو ئەندازەیە خوێنەرو ڕۆشنبیری کوردی بەخۆیەوە ئالوودە بکات، لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا زۆربەی کتێبەکانی ئەم نووسەرە کۆمەڵناسە عەرەبییە کرایە کوردی وبوونە مایەی بایەخ وسەرنجی خوێنەری کوردو سەرچاوەی توێژینەوەو نووسینی هەندێ لەنووسەرو ڕۆشنبیرانیشمان.

دکتۆر عەلی وەردی خاوەنی دیدگای سۆسیۆلۆژی تایبەت بەخۆیەتی لەباس وتوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی وکەسایەتی ئایینی و ئەدەب وکلتووری مێژوویی وهەنووکەیی عەرەبی وعێراقی، ڕەنگە پەیوەستبوونی خوێنەری کورد بەدیدگا وتێزە فیکرییەکانی وەردییەوە هۆکاری زاتی ومەوزوعی خۆی هەبێت وهەر هەمووی بۆ لایەنی بابەتیی وهێزی ڕوانینەکانی وەردی نەگەڕێتەوە، هەرچەندە ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە ناوبراو خاوەنی میتۆدێکی کاریگەرە لەنووسین ودواندنی عەقڵ وبیری خوێنەرەکانیدا، هەر ئەو شێوازە لەموخاتەبەی وەردیانە کەزیاتر پشت بەنموونەی مەیدانی دەبەستێت لەوردکردنەوەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو کایگەریەی بۆ دروست کردووە، هەروەها لێکدانەوەکانیشی بەجۆرێك لەحەماسەتەوە دەردەبرێت کەوا لەخوێنەر بکات دیدێکی ڕەهای لەبەردەمدایە دەربارەی ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییەی نووسەر باسی دەکات، ڕاستە

دکتۆر وەردی بانگەشە بۆ رێژەیی ودەربازبوون لەحوکمی رەهایی دەکات بەسەر شتەکاندا، بەڵام لەزۆر جێگادا پێچەوانەی ئەم لۆژیکە لەخۆی دەبینین.

وەردی بلیمەتێکی عەرەبی عێراقییە کەزۆر بەچاکی دەرکی بەواقیعی کۆمەڵگەکەی خۆی کردووەو شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی عەرەبی وعێراقی شیتەڵ کردووەتەوە، بەڵام تاچەندە لەشیتەڵکاری وحوکمەکانیدا سەرکەوتووەو دەرەنجامەکانی چۆن دەخوێنرێتەوە؟ ئەوە قسەی زۆر هەڵدەگرێت وتا ئێستاش لەناوەندی روناکبیری کوردیدا زۆر کەمی لەسەر نووسراوە، ئەوەش جێگای سەرنجە لەو بارەیەوە ئەوەیە کە ئەوەندەی لەم وڵاتەی خۆماندا بایەخ بەوەرگێرانی کتێب ونووسینەکانی دکتۆر عەلی وەردی دراوە، نیوەهێندەو کەمتریش بایەخ بەخوێندنەوەی دیدگاو بۆچوونەکانی وەردی نەدراوە، لەکاتێکدا ئەو بابەتانەی ئەو وروژاندوونی قسەی زۆرو بۆچوونی جیاوازی زیاتر هەڵدەگرێت، ئەو زانا کۆمەڵناسەی عێراق کوری پەنجاکانی ئەم ناوچەیەیەو تا ئەمرۆ پرۆسەیەکی خوێندنەوەی بابەتیانە بۆ نووسین وبۆچوونەکانی ئەو نەکراوە، هیچ نەبێت ئەوانەیان کەکراون بەکوردی، دیارە خۆ رۆژگار بەبەردەوامی لەگۆران و وەرچەرخاندایە وئەوەی لەپەنجاکاندا وتراوە، مەرج نییە هەمووی لەدنیای ئەمرۆدا بسەلمێنرێت وپێوەرە سۆسیۆلۆژییە تازەکان بیانخوێنێتەوە، بۆیە ئەوەی لەکتێبەکانی دکتۆردا خراونەتە روو، لەگەڵ زەمەنەکەی خۆیدا سەرەتایەکی بوێرانەی ئەو بوارە بووە لەخوێندنەوەی کۆمەڵگەداو دوای ئەوە دەکرێت قسەی تر هەڵبگرن.

لەخوێندنەوەی رەخنەگرانەی کۆمەڵگەدا، وەردی خاوەنی میتۆدی گەرانە بەدوای عەیبەکانی دەوروبەرەکەیداو هەربۆ ئەو مەبەستەش مێژووی خوێندووەتەوەو ناوەرۆکە ژیاری و کۆمەڵایەتییەکەی هەڵسەنگاندووە، لەمەشدا بەوردی سەرنجی داوەو پرسیاری لەسەر زۆر کێشە وروژاندووەو قسەی خۆی لەهەموو شتێکدا کردووە، بەڵام لەدەستنیشانکردنی هۆکارو چارەسەردا، لەژێر باری دیدگا ئایدۆلۆژییەکەی خۆی دەرباز نەبووەو هەر لەبەر ئەمەش لەزۆر شوێندا ئامانجی خۆی نەپێکاوەو رەخنەی هێناوەتە سەر خۆی، بەڵام ئەوەی قسەی لەسەر ئەم بیرمەندە کردووەو ئەوی خوێندووەتەوە، سەرسامی خۆی بەشێوازی موخاتەبەی وەردی

وديدگا ئاڵۆزەكانی نەشاردووەتەوەو ئاماژەی بەبوێری ئەم كۆمەڵناسە داوە لەخستنە رووی دیدگاكانیدا.

ئەم كتێبەی بەردەستتان یەكێكە لەو بابەتە كۆمەڵایەتیانەی دكتۆر عەلی وەردی، كەبریتییە لەكۆمەڵێك گفتوگۆی رۆژنامەوانی بەپێز لەنێوان دكتۆرو چەند ئەدیب وبیرمەندێكی عەرەبی وپاشان لەدوو توێی كتێبێكدا خۆی بینیوەتەوەو دكتۆر خۆی بەم كۆكردنەوەیە هەستاوە، كتێبەكەی بەردەستتان بەناوی(ئەفسانەی ئەدەبی باڵا) وە بڵاو كراوەتەوەو خوێندنەوەیەكی سۆسیۆلۆژیانەی زمان وئەدەب وشیعری عەرەبییە. بۆچوونی زۆر هەستیاری لەسەر ئەو بوارانە داوەو دوالیزمەی زمان و سۆسیۆلۆژیا لەم بابەتەدا بەیەك ئاوێتە كراون و یەكەمیان وەك بەشێك لەچالاكی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەپێوەرە سۆسیۆلۆژییەكان ئەرك وئاراستەی كارو ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا تەوزیف كراوە خراوەتە روو، ئەمەش دیارە بەدیدێكی وەردیانە، سەرەتا بۆ زمان وبنەماو رێزمانی عەرەبی، پاشان بۆ ئەدەبی ئەو نەتەوەیە.

یەكێك لەعەیبەكانی دكتۆر وەردی ئەوەیە كەخوێندنەوەكانی بریاری پیشوەخت و هەڵوێست وەرگرتنی ئامادەكراوی پێوە دەبینرێت ولەزۆر جیگادا ناتوانیت بۆنی ئایدۆلۆژیا نەكەیت، وەك دەزانین وەردی خاوەنی مەرجەعیەتێكی ماتریالیزمیانە بووەو لەو ریگایەوە هەست بەجۆرێك لەململانێ دەكەیت لەنێوان میزاجە ئایدۆلۆژییەكەی وەردی ومیسالیەتە باوەكەی كۆمەڵگەدا. وەردی روانینی میانەرەوانەی كەمەو توێژینەوەكانی لەزۆر جێگایدا رەهایی وتوندرەوی پێوە دیارە. ئەم كتێبەش یەكێكە لەو بەرهەمانەی كەسەرەرای ئەوەی زمان وئەدەبی عەرەبی بەدیدە كۆمەڵایەتییەكەی خۆی خوێندووەتەوەو گۆمی مەنگی ئەو بوارەی خستووەتە جوڵەو نووسەرو ئەدیبانی عەرەبی پێ هاتووەتە قسە؛ بەڵام لەهەمان كاتیشدا زیدەرەوی وناهاوسەنگی لەزۆر بۆچوونیدا بووەتە واقیعێك و وای لێ كردووە زۆر بێ بایەخانە لە رێوشوێنی زمانەوانی عەرەبی وكلتووری دەوڵەمەندی ئەو نەتەوەیە لەو بوارەدا بروانێت، لەكاتێكدا ئەو ئاسانكارییەش بەو شێوەیەی ئەو باسی دەكات وەزیفەی ئەو زمانە لەزۆر ئاستی كۆمەڵایەتیدا لاواز دەكات،

مەرجەعیەتـە فەلسـەفی و فیکرییەکـەی دکتـۆر وەردی وای لێ کـردووە کـە دروستبوونی نـەحوی عـەرەبی بگێڕێتـەوە بـۆ مەسـەلەی جیاوازی چینایەتی نـاو کۆمەڵگـەو زمـان دەکاتـە فاکتـەرێك بـۆ زەق کردنـەوەی ئـەو جیاوازییـە، کـەلێرەدا گـرنگترین هۆکاری ئەو بایەخدانەی عـەرەب وغـەیری عەرەبی بـەو زمانـە فەرامۆش کردووە کە ئەویش فاکتـەرە ئاینییەکەیە بەو حوکمەی زمانی عـەرەبی زمانی قورئان وفەرموودەیە وبەشی هەرە زۆری وەزیفە ئاینییەکە زمان دەیبینێت.

لـەم کتێبەیـدا وەردی توانـای تـەواوی نەشکاوە بەسـەر بابەتەکـەدا بـەو شێوەیەی کەبتوانێت قسەی بەرامبەرەکانی ببڕێت لـەڕێگای سـەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیـەوە، بـۆ نموونـە دکتـۆر محیـەدین بـەلۆژیکێکی بـەهێزتر لـەوەی وەردی هەنـدێ لەبۆچوونەکانی هەڵدەوەشێنێتەوەو وا لەخوێنـەر دەکات، ئەگەر بڕیاری پێشوەختی لەسـەر نووسـینەکانی وەردی نـەبێت، قسـەکانی دکتـۆر محیـەدین وەربگرێـت لـەزۆر رووەوە، دکتۆر وەردی خۆیشی دان بە بایەخی بیروراو رەخنەکانی دکتۆر محیەدینـدا دەنێت. بابەتی کتێبەکەی وەردی زمان وئەدەبی عەرەبییە بەدیـدێکی سۆسیۆلۆژیانە، بەڵام دکتۆر لەزۆر شوێنـدا وەك کۆمەڵناسێك مامەڵە ناکات و دەست وەردەداتە ناو زۆر لقی مەعریفی جیا لەپسپۆڕی خۆی، لەوانەشە ئەو لایەنـەی ئـەو قسـەی تیـادا کـردووە خوێندنەوەی رەخنەئامێز هەڵبگرێت، بەڵام باشتر وابوو ئەو خوێندنەوەیە پسپۆڕانی بوارەکـە خۆیـان پێـی هەسـتانایە، بەتایبـەتی لـەو شوێنانەدا کـەوەردی سـنووری سۆسیۆلۆژیای بەزانـدووەو بووەتـە زماننـاس وپسـپۆڕێکی بـواری زانسـتی زمانـەوانی وڕێزمانی عەرەبی وهونەرەکانی ئەدەب وشیعر.

بایەخی ئـەم کتێبـە تـەنها لـەوەدا نییـە کـە نووسـینەکانی دکتـۆر عـەلی وەردی لـەخۆ گرتـووە، ئەگەرچـی نووسـینەکانی ئـەویش بەتـەنها بایـەخی خۆیـان هەیـەو لەهەنـدێ جێگادا سەرنج و رەخنەی بابەتی وجوانیشی هەیە، بەڵکو ئەوەی بەلای بەندەوە گرنگ بوو کەوام لێ بکات ئەم کتێبە وەربگێڕم بۆ سەر زمانی کوردی، ئەو مشتومڕو دیالۆگـە بوو کەلەسەر بۆچوون و دیدگا سۆسیۆئەدەبییەکەی وەردی کراوە، کەهیچ نـەبێت لـەم کتێبـەدا راو رای جیـاواز خراوەتـە روو، جیـا لـەو کتێبانـەی تر کەتـەنها قسـە قسـەی

دکتۆرەو پاشان لەدەرەوەی کتێبە وەرگێڕاوەکانیشی قسەیەکی تر نەکراوە، لێرەدا ئەگەر وەرگێڕانیش بێت کۆمەڵێك بۆچوونی جیاواز لەنێوان دکتۆر وەردی و ئەوانی تردا دەخوێنیتەوە، بەهیوای سوودو کەڵك بۆ خوێنەری ئازیزی کورد.

**کامیل مەحمود**

٢٠٠٧/٤/٢١

# پێشەکی:

ئەم کتێبەی لە نێو دەستی خوێنەردایە کتێب نییە بە واتایەکی تەواو، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێ وتار کە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر (عبدالرزاق محی الدین) مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە خانەی باڵای مامۆستایان، هەوڵیشم دا یەکەم جار لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆکاندا بڵاوی بکەمەوە، بەڵام ڕۆژنامە پێی گران بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژو بەدوای یەکدا بڵاوی بکاتەوە، بۆیە لەبەر ئەوە ناچار بووم لەم کتێبەدا بڵاوی بکەمەوە.

ئەم وتارانەش چیرۆکی خۆیان هەیە کە شایەنی ئەوەیە خوێنەر بیزانێت، ئەگەر پێشتر نەیزانیبێت، چیرۆکەکەش پێش چەند مانگێك دەستی پێ کرد کە چەند وتارێکم لە ڕۆژنامەی (الحریة) دا بڵاوکردەوە وە تیایاندا ئەدیبەکانم نیگەران کرد لەسەر ئەو پەیوەستییەیان بە ئەدەبی کۆن وکەم بایەخیان بەوەی ڕوو دەدات لەوەرچەرخانە کۆمەڵایەتی وە فیکرییە گەورەکانی ئەم سەردەمە. ئەدیبەکانیش بەو هۆیەوە پێکەوە لێم هەستانەوە و دەستیان کرد بە ڕەخنە لێ گرتن و هێرش کردنە سەرم، دەگەڕان وتاویان دەدا، هیچ چارەیەکی ترم نەبوو جگە لە وەڵام دانەوەیان و گفتوگۆ لەسەر ئەو بیروڕایانەی دەریانبڕیبوو.

ناتوانم لێرەدا ئەوەی وتوومەو ئەوان وتوویانە جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە، چونکە ئەمە درێژە دەکێشێت و پەل و پۆی لێ دەبێتەوە، هەروەها نەم دەزانی چی بڵێمەوەو چی واز لێ بێنم، بۆیە لەم کتێبەدا مەسەلەکە جارێکی تر بەتەنها لە بڵاوکردنەوەی

وتارەکانی دکتۆر محی الدین دا کورت دەکەمەوە، ئەوانەی لە ڕۆژنامەی (البلاد) دا بلاّوی کردبوونەوە و لەناو خوێنەراندا دەنگێکی گەمە پیّ نەکراویان هەبوو.

ئەو وتارانەی دکتۆر، پیاو حەق بلیّ، باشترینی ئەوانەیە لەو بابەتەدا نووسرابێت، ئەو گوزارشت لە تێڕوانینێکی شایستە بە لیکۆڵینەوەو بایەخ دەکات وادەزانم خاڵی نییە لە ڕەسەنایەتی، وای دەبینم کە بۆ خوێنەر ئەوە باشترە بڕوانێتە تەواویان پێش ئەوەی وتارەکانی من بخوێنێتەوە کە بەدوای ئەواندا هاتوون، لەوانەیە خوێنەریش لەم جیاوازیەی نێوان هەردوو تێڕوانینەکەدا ڕێچکەیەك بدۆزێتەوە بۆ وەرگرتنی بابەتەکەو قووڵ بوونەوە تیایدا.

داواکارم پێش هەموو شتێك خوێنەر ئەوە بزانێت کەمن لەم زۆرانبازیەدا مەبەستم شکست پیّ هێنانی دکتۆر محی الدین نەبووە، بەلامەوە گرنگ نییە شکستی پیّ بهێنم یان شکستم پیّ بێنێت و لەوانەیە زاڵبوونێکی هەنووکەیی ببێتە هۆی شکستێکی خراپ لە کۆتایی ڕێدا.

بیروڕاکانی خۆم لە تەنیشت بیروڕاکانی ئەودا دەربڕم و پاشان وازی لیّ دەهێنم کە ڕۆژگار حوکمیان لەسەر یان بەسەردا بدات، ڕۆژگاریش تێکەڵەیەکی زاڵەو ئەوەی لیّ دەمێنێتەوە کە بەکەڵکی خەڵك دێت و کەف و کۆتاڵەکەی ون دەبێت.

خوێنەر ئەوە تێبینی دەکات کە من زۆرم وتووە لەسەر بیروڕاکانم و ئاسانکاریشم تیادا کردووە، وەلەوانەیە لەمەدا بۆ ئەوە ڕۆشتبم کە ڕێبازی تێگەیاندن و ڕوونکردنەوە بەکاربهێنم نەك ڕێبازی زاڵبوون لە گفتوگۆدا، ئەمەش بەرنامەمە لەهەر کتێبێکدا کە بۆ خەڵکی دەردەکەم، چونکە من دڵنیام کە ئەوەی ئەمەویّ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم قەناعەت ناکات بەوەی دەیڵێم ئەگەر خۆرم لە نێوەندی ڕۆژدا بۆ هێنابێت. ئەمەش نەریتی مرۆڤە لە هەموو ڕۆژگارو شوێنێکدا، بۆیە من بایەخ بە خوێنەر دەدەم زیاتر لەوەی بایەخ بە گفتوگۆکە بدەم بۆ ئەمەش گرنگی بە ئاسانکاری ڕادەربڕین دەدەم زیاتر لەوەی گرنگی چێژکاری بەیان و ڕازاندنەوەی دەستەواژە بدەم.

داوای لێبوردن لە هاوڕێم (محی الدین) یش دەکەم کە من گفتوگۆ لەسەر بیروڕاکانیم کردە هۆکارێك بۆ کەمەندکێش کردن، لەوانەیە لەپشت ئەمەوە بەدوای

بیروڕای زۆر دوورتر لە بیروڕاکانی ئەودا بگەڕێم، چونکە هەست دەکەم ئەمە بۆ من زۆر پێویستە ئەگەر کتێبەکەم تەنها لە تاوتوێی کتێبەکەی ئەودا کورت بکردایەتەوە، ئومێدم لاواز دەبوو لەوەی کتێبەکەم ڕەواجی هەبێت.

خوێنەری تازە خەریک بووە بە خەمەکانی ڕۆژانەیەوە، گوێ نادات بەوەی ئامادەی گفتوگۆیەکی نێوان دووکەس ببێت کە بەرژەوەندییەکی ئەوی تیادا نییە، ئەو کتێب دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینێت یان چێژی لێ وەربگرێت و هەست بەمە دەکەم تیایدا، بۆیە دەمبینی لە کتێبەکانمدا هەوڵ ئەدەم ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنم و سوودو چێژی بەپێی توانا پێ ببەخشم.

من بازرگانم، ئەوەش هیچی تیادا نییە بۆ من، لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بازرگانێکی ئەمین و بازرگانێکی خیانەتکاردا کە بەرگی ڕازاوە ئەفرۆشێت بە خەڵکی ولە ناوەرۆکیدا هیچ شتێکی بەسوودی تیادا نییە.

ساڵی ڕابردوو یەکێك لە ئەدیبەکان بە بازرگان وەسفی کردم و وای گومان بردبوو کە بەمە مۆرێکی وای پیادا ناوم ڕزگاربوونم لێی نییە، بەشێوەیەك کە لەهەموو شوێنێکدا گشت سوارێك ڕێگای پێ دەبڕێ و هەموو ڕاویەکان قسەی لەبارەوە دەکەن هەروەك دەربارەی جنێوەکانی جەریرو فرزدەق دەیکەن. ئەو نازانێت ڕۆژگار گۆڕاوە و من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە کتێبەکانمدا بازرگان بم، بەڵکو شەرم ناکەم لەوەی کە دروستکەری پێڵاو بم و فرۆشیاری کاڵەك بم و ئەوە پێشکەش بە خەڵکی بکەم کە ئارەزوویان لێیەتی یان سوودی لێ دەبینن، مەسەلەی ئەم ئەدیبەو نموونەکانی لە ئەدیبی سوڵتانەکان جێگای سەرسوڕمانە و ئەوان ئەو شاعیرانە شکۆدار دەکەن کە خۆیان زیادەخۆرەکان نزیك دەکەنەوە و بەسەر پاشەڕۆی سفرەکانیاندا دەکەون، ئەوانە وایان دادەنێن کە خاوەنی پەیامی هونەرین و چرایەکن لە چراکانی مەعریفە، بەڵام ئەوەی لە جەماوەر نزیك ئەبێتەوە بە هونەرەکەی و ئەوەی بۆی دەنووسێت، کە دەیەوێت لە ڕوانگەی ئەوانەدا بازرگانن و هیچ خێرێکیان تیادا نییە.

لە کۆندا شاعیرەکان دەهاتنە بەردەمی سوڵتانەکان و هەڵبەستی پەیوەستەگیان پێشکەش دەکردن و تیایدا بە باشترین ناوی هەموو خولقێنراوەکان و چاکترینی

ئەوەی بەسەر زەویدا دەگەڕێت وەسفیان دەکردن، ئەوانە لەپشتی ئەوەوە ئومێدی پاداشتێکی چەور یان کەنیزەکێکی چاوڕەشیان هەبوو.

ئەوانە فریودەرن و بانگەشەی ئەوەش دەکەن قسەی حەق دەکەن کە هیچ گومانێکی تیادا نییە و ناڕەحەتی بۆ ئەوانەی جورئەتی ئەوە دەکەن حەقیقەتی تاڵیان لەلا بکەنەوە یان بە درۆیان بخەنەوە لەوەی دەیڵێن، ئەوان هەر ئەوەیە چاکەکانی سوڵتان خوا سەرکەوتن و پارێزراوی بکات، باس دەکەن، ئایا کەس هەیە لە دنیادا گومان بکات لە چاکەی سوڵتان یان ئەوەی ئەو سێبەری خوایە لەسەر زەویدا.

شاعیرەکان ئەوە لە دوای ئەوە لەسەر ئەمە ڕاهاتن تا وایان لێ هات خۆیان بەهەڵەدا بەرن و وای دەربخەن کە ئەوان پێشەنگی حەق و حەقیقەتن ومۆمگەلێکن دەسوتێن، یەکێك لە ئەدیبەکان ماوەیەکی کورت لەمەوبەر کتێبێکی لەسەر ئەبونەواس دەرکردو تیایدا دەڵێت: (( ئەبو نەواس یەکێکە لەو خەڵکە کەمانەی ڕۆژگار ژانیان پێوە دەگرێت و ناوبەناوێکی لەیکتر دوور گوێی ڕۆژگار پڕ دەکەن و وشەی نەمری لەسەر زاری دروست دەکەن، مرۆڤایەتی یادی ئەوی پاراستووە وەك ڕێزلێنان بۆی و سووربوون لەسەری بەهۆی شکۆوسەرکەشی ئەوەوە و ئەگەر ئەبو نەواس یەکێك نەبوایە لەوانەی کە گوێی ڕۆژگار پڕدەکەن، مێژوو زیاتر لە سیانزە سەدەیە ناوی ئەوی نەدەپاراست، گومانی زاڵتر ئەوەیە کە ئەو بە دەنگە زەنگدارەکەی چەندین سەدەی زۆری تر گوێی ڕۆژگار پڕدەکات، لەگەڵ ئەم گەورەیەدا ئەبونەواس یەکێك بووە لەو نەمرانەی دائەبەزنە سەر زەوی، دابەزینێکی کورت، بەڵام فراوان و قورس، پاشان زەوی بەجێ دەهێڵن و لە دوای خۆیان جوانی نەمرییان لەسەر نێوچەوانی زەوی بەجێ هێشتووە و ڕێگایەکی خۆشی بەپیتیان لێ داوە بۆ دواوە کە نەوەکانی دوای خۆیان پیایدا تێپەڕن و دەبنە جێنشین تیایدا و ڕەنگی تێگەیشتن و دارشتنەوەکەی ئەوان دەگرن ... ))براکەم بڕوانە بۆ ئەم ئەدیبانە، ئەوەیان پێ بەس نییە کە لە ڕووی هونەرییەوە لە ئەبونەواس بکۆڵنەوە وە لێیەوە دەربڕینی باش فێربن، بەڵکو لەسەرووی ئەوەوە دەیانەوێت بیکەن بە پێغەمبەرێك کە ڕێگای ڕێنموی و خۆدزینەوە بۆ خەڵك دیاری بکەن.

جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەدیبەکان ناڕازی بن بە مۆرنانی بازرگانی پێیانەوە، ئەوان جوانی ئەمری لەسەر رووی زەوی بەجێ دەهێڵن وەك بانگەشەی دەکەن، لەبەر ئەوە ئەوان بەڕێزترو بەرزترن لەو فرۆشیارو پیشەسازەی بژێوی خۆی بە ئارەقەی نێوچاوانی بەدەست دەهێنێت و پاشان لەگەڵیشیدا یادەوەریەکەی دەمرێ.

هۆیەکی تر هەیە کە وا لە ئەدیبەکان دەکات رقیان لە پیشەی بازرگانی بێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەوان لە باوەشی ئەمیرەکاندا ژیاون و لەوانەوە بەها کۆمەڵایەتیەکانیان وەرگرتووە، چونکە ئەمیر بەشێوەیەکی گشتی پێی خۆش نییە وەك ئەو هەژارە کارگەرە زەحمەتکێشە وابێت کە بە ئارەقی نێوچەوانی بژێوی خۆی بەدەست دەهێنێت.

ئەو رقی لە هەژارەکانەو هەروەها رقی لەو ڕێچکەیەشە کاسپی لەسەر دەکات.ئەدیبەکانیش لەوەدا بێگومان شوێنپێی گەورەکانیان گرتووە.

ئەمیر فاتیحی جەنگەکانەو کوڕی فاتیحەکانیشە، ئەو باجی ماڵیی بەزۆری شمشێر وەردەگرێت بۆیە خێر لە ماڵێکدا نییە لە ڕێگای بەرهەمهێنان و ئاڵو گۆڕی قازانجەوە بێت.ئەو خاوەن نەزعەی زاڵگەراییە وەك پرۆفیسۆر فەبلن دەڵێت، لێرەوە هەموو بازرگان و کرێکارو خاوەن فرۆشگایەك رقیان لە زۆرخۆرەکان و دەوروبەرەکەیان بوویەوە، ئەوەی شایانی باس کردنە بەم بۆنەیەوە ئەوەیە کەشارستانێتی نوێ لەسەر بنچینەیەکی جگە لەمە دەوەستێت، ئێستا کارو بازرگانی بووەتە هێمای ژیان تیایدا، ئەوەی کار نەکات ناخوات، وە هەموو مرۆڤێك کار بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی مادی یان مەعنەوی دەکات بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات بە خەڵك و لە بەرامبەریدا بژێوی خۆی بەدەست بێنێت.

ئەوەی نامۆیە ئەوەیە کەئەدیبەکانمان رقیان لە بازرگانی بێت لە کاتێکدا ئیسلام ڕێزی لێ دەگرێت و بە بنچینەی ئایین و باوەڕی دادەنێت وقورئان دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن ئایا بازرگانییەکتان پیشان بدەم کە لە سزای بە ئازار ڕزگارتان بکات، هەروەها دەفەرموێت:﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا

وَعَلانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَنْ تَبُورَ ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کتێبی خوا دەخوێننەوەو نوێژ دەکەن و لەوەی کە پێمان داون دەیبەخشن بە نهێنی و بە ئاشکرا هیوایان بە بازرگانیەك هەیە قەت لەنێو ناچێت. هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ بەڕاستی خوا ماڵی بڕواداڕانی کڕیوە بەوەی کە بەهەشتیان دەداتێ لەبەر ئەوەی لەڕێگەی خوادا جەنگ دەکەن و دەکوژن و دەکوژرێن، ئەمە بەڵێنێکی هەقە لەسەر ئەو کە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا هاتووە، وە چ کەسێ لە خوا بە بەڵێنی خۆی وەفادارترە، مژدە بێ بۆ ئەو کڕین و فرۆشتنەی لەگەڵ خوادا کردووتانە وهەر ئەوەشە دەسکەوتێکی گەورە.

کەواتە مەسەلەکە بازرگانییەو موسڵمان خۆی و ماڵەکەی دەخاتە بەردەستی خوا لە پێناو مامەڵەدا، خوایش بە قازانجێکی چەند بەرامبەرەوە ئەوەی پێشکەشی کردووە بۆی دەگێڕێتەوە، وادیارە موسڵمانان لەسەردەمەکانی دواییاندا لە نهێنی ئەم بازرگانیە خواییە تێنەگەیشتبوون بەڵکو وەك کۆمەڵە دروشمێکی لێ هاتبوو کە پێیان هاواریان لە خوا دەکرد لە جیاتی مامەڵە لەگەڵیدا. لەبەر ئەوە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشتیان هەبوو لە ڕێگای پاڕانەوەو پەرستشەوە، نەك لە ڕێگەی کارو بەخشینەوە، ئەوان وایان دەزانی خوایش وەك ئەو سوڵتانانە وایە کە شاعیرەکان بەسەری شۆڕەوە و بەهەڵبەستەکانیانەوە دەچنە لایان، لەیادیان چووبوو کە خوا لەوە شکۆدارترە کە مەدح دڵخۆشی بکات یان دووڕوویی مەیلی بگۆڕێ.

هەرچۆنێك بێت لەم سەردەمەدا بەدەستهێنانی بژێوی لە ڕێگای پاڕانەوەوە بەسەرچووە، هەروەها ڕێچکەی زاڵبون بەزۆری شمشێریش هەر بەسەر چووە، بەڵکو تەنها یەك ڕێگە ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە بەرهەمهێنەر بێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەت بەبەرهەمی غەیری خۆت بگۆڕیتەوە، ئێستاش لە هەندێ گۆشەی زەویدا کەسانێك هەیە کە هەر لەسەر دەست پانکردنەوە دەژین، ئەوانە لە پاشماوەکانی سەردەمی

لەناوچوون، ڕۆژێك دێت كۆمەڵگە بە پێیەكانیان دەیانشێلێت و دەیانكاتە جێگای پێكەنینی خەڵك.

ڕۆژێكیان لە یەكێك لە شارە ڕۆژئاوایەكان بازرگانێكی فەرش فرۆشم بینی كە تا ئەوپەڕی لە بازرگانیەكەیدا سەركەوتوو بوو، دەربارەی هۆكاری ئەم سەركەوتنەی پرسیارم لێ كرد ئەویش وەڵامی دایەوە: (كەمن هیچ فەرشێك نافرۆشم بەكەس تا دوای ئەوەی بەخۆمی دەفرۆشم) لەمەدا مەبەستی ئەوەبوو كە ئەو هیچی بۆ كڕیارەكانی خۆش ناوێ تا دوای ئەوەی بۆ خۆی خۆشی دەوێت، لەبەر ئەوە خەڵك متمانەیان پێ كردووە و هاتوون بەرەو ڕووی و بازرگانەكانی تریان واز لێ هێناوە، ئەوانەی كە ئەوەیان بۆ كەسانی تر خۆش ئەوێ بۆ خۆیان خۆشیان ناوێ.

ئەمەش بێگومان دروشمێكە پێویستە هەموو خاوەن كارێك لەبەرچاوی خۆیدا دایبنێ، ئەمە دروشمێكە وەك چۆن بۆ فرۆشیاری فەرش گونجاوە بۆ بڵاوكەرەوەی بیروبۆچونیش هەر گونجاوە، هەردوكیان بەپێی ئەو سوودەی خەڵك لە كارەكەیان دەیبینێت پاداشتەكەیان وەردەگرن، لەم ڕۆژگارەدا شوێنێك نەماوەتەوە بۆ ئەو بازرگانەی بەسەر خەڵكیدا خۆی بەگەورە بزانێت و ئەوەی ئارەزوویان لێی نییە پێشكەشیان بكات.

ئەوەی جێگای داخە هەندێ لە ئەدیبەكانمان نایانەوێت لەم ڕاستیە تێ بگەن، ئەوان تا ئێستاش دەستپان كردنەوە لە بازرگانی بە باشتر دەزانن، بێ باكن لەوەی كە ئەدیبێك لە یەكێك لە سوڵتانە پایەدارەكان یان لە شێخێك لە شێخەكانی دەرەبەگایەتی بچێتە پێشەوە و لە نێوان دەستیدا هەڵبەستێكی دەربار بخوێنێتەوە یان لە چاكەكانیدا كتێبێك دابنێت.

ئەدیبێك لەم شێوەیە دەناسم كە ناوبەناوێك دێت بۆ عێراق و دەگات بە یەكێك لە دەوڵەمەندە ڕاقییەكان و بەردەوام بە ئەدەبە ڕازێنراوەكەی گۆرانی بەسەردا دەڵێت، دەوڵەمەندە ڕاقیەكەش ئەوەی چێژدارو ئارەزوو بەخشە لە كەرەسەو خواردن پێشكەشی دەكات، منیش بە ڕاستی سەرم سوڕما كە ئەم ئەدیبەم بە ڕێزلێگیراوییە بینی كە ئەدیبەكان پێشوازی لێ دەكەن و ئاهەنگ وەدەعوەتی خواردنی بۆ ساز دەكەن.

ئەوان ڕێز لەم جۆرە ئەدیبانە دەگرن وە لەهەمان کاتدا ڕق و قینیان لەوانەیە کە بیروبۆچوونەکانیان بە جەماوەر دەفرۆشن.

ئەدیبە کۆنەکان لۆمەیان لەسەر نەبووە کاتێك ڕێگای داواکارییان گرتۆتە بەر بۆ ڕەواج دان بە ئەدەبەکەیان چونکە ئەوان جگە لەمان ڕێگەیەکی تریان نەئەدۆزییەوە، بەلام لۆمە لەسەر ئەو هاوڕێیانەمانە کە چاپخانە چەندین ڕێگای لەبەردەمدا کردوونەتەوە بەلام ئەوان هێشتا لەسەر شێوازی پێشووە ڕۆیشتووەکانیانن.

هەندێ لە هاوەلانمان کۆمەڵە گۆڤارێکی ئەدەبی دەردەکەن و پڕی دەکەن لەبەرزڕاگرتنی فلان و فیسار لە شاعیرانی کۆن، پاشان گۆڤارەکانیان یەك لەدوای یەك دەمرن و پاشان دەست دەکەن بە گریان لەسەر چارەنووسی ئەدەبی پایەبەرزی ئەم ڕۆژگارە و ڕەحمەتی زۆر دەڕێژن بەسەر ئەو سەردەمە زێڕینانەی کە ئەدیب تیایدا سەربەرزو ڕێزلێگیراو بووە.

ئەوان ئەوەیان دەوێت لە خوێنەر بە درێژایی ڕۆژەکەی ڕەنج بدات بۆ ئەوەی کە ئەوەی ئەوان دەینووسن وە خۆیانی پێ دەنوێنن پێی بکڕن؛ بەلام کاتێك دەزانن ئەوانە کڕینی گۆڤارە ڕووتە بێ گیانەکان لە کڕینی گۆڤارەکانی ئەوان بە باشتر ئەزانن، هەڵیان دەکوتایە سەری و بەبارانی وەیل و توڕەیی دەبارێنن بەسەریاندا نازانن کە خۆیان لەبارترن لەوان بۆ لۆمەکردن.

خۆزگە دەمزانی ئەو شاعیرە کۆنانەی ئەو هاوەلانەمان بەرز ڕایاندەگرن و بلیمەتی دەدەنە پاڵیان چاکترین یان پاکترین ڕەوشتیان هەیە لە خاوەنی گۆڤارە ڕووتەکان، گریمان لەم سەردەمەی ئێمەدا زیندوو بووەنەتەوە و پاشان گۆڤارێکی ئەدەبییان دەرکرد، چی دەبینن بەو گۆڤارەی بکەن؟ وا گومان دەبەم پڕی دەکەن لە وێنەی پێشینەکان لە جیاتی وێنەی بێ گیانە ڕووتەکان.

وای نابینم کە جەریرو فیرەزدەقیش چاکتر دەکەن لە ئەبونەواس، بەڵکو ئەوانیش گۆڤارەکانیان پڕ دەکەن لە جنێوی پیس و وێنەی ڕووتە ئاشکراکان، وەك چۆن ئەمە ڕوونە لای خوێنەری خۆشەویست.

لێرەدا بەمە نامەوێ بەرگری لە گۆڤارە ڕووتەکان بکەم، بەڵکو ئەمەوێ ئەو جیاوازیە حەیابەرەی هەندێ لە ئەدیبەکانمانی تێ دەکەوێت روون بکەمەوە کاتێک رقیان لەو وێنە رووتانە دەبێتەوە.

وا ئەزانم ئەوانە بە بینینی ئەو وێنە ڕووتانە بە نهێنی ڕائەبوێرن و پاشان بە لۆمەو تورەییەوە ملیان بەرز دەکەنەوە. پێویست بوو کە ئەدیبان لەناو خەڵکدا کۆمەڵێکی میانڕەو بن، ئەوەندە نزیک نەبنەوە لە خۆشگوزەرانەکان، هەروەها غەریزەی موراهیقەکانیش نەدوێنن، ئەوان ئەرکێکی گەورەیان لە ژیاندا هەیە و دەتوانن ئەوەی سوودو چێژی هەیە لەیەک کاتدا پێشکەشی بکەن بە خەڵک، ئەوەش ئەو بازرگانییەیە کە کۆتایی نایەت.

منیش لە کاتێکدا کە ئەم کتێبەم دەخەمە بەر دەستی خوێنەر، دەمەوێت ئەوە بزانێت کە من لەو کەسانە نیم وەک ئەدەبێکی بەرز خۆمی بەسەرەوە هەڵکێشم و دواتریش جگە لە دەستەواژەی زرنگاوی هیچی تریان پێ نییە، خۆ بێگومان ماندوویش بووم لە دانانی ئەم کتێبەدا هەروەک چۆن لە دانانی کتێبەکانی تریشمدا ماندوو بووم و شەونخونیم لەگەڵدا کێشاون و بەسەرچاوەکانیشدا زۆر گەڕاوم لە پێناویاندا.

ئەوەش ڕەت ناکەمەوە کە ئەم کتێبەم پڕە لە کەم و کوڕی، دووبارەبوونەوەو درێژدادری تیایە کە دەبێتە هۆی ماندووبوون، بەڵام ئەمە ئەوپەڕی کۆششی منەو ناتوانم لەمە زیاتر بکەم کە کردوومە. یەکێك لە ئەدیبەکان وەها وەسفی کتێبەکانمی کردووە کە وەك جبەی دەروێش وایە جگە لە پینە هیچی تری پێوە نییە، وا گومان ئەبەم ئەم کتێبەشم بە هەمان شێوە وەسف دەکات، ئەمەش هیچی تیا نابینم و بۆمن چاکترە پینەیەك بم خزمەتی لەسەر پۆشاکە دراوەکان خەڵك بکەم لەوەی بەرگدروویەکی زۆر چاك بم و پۆشاکی ڕازاوە دروست بکەم کە لەگەڵ جەستەی خەڵکدا نەگونجێت و سوودی بۆ کەس نەبێت.

***

# وتارەکانی دکتۆر محیەدین

## وتاری یەکەم

بەڕێز دکتۆر عەلی وەردی ناوبەناو چەند کێشەیەکی ئەدەبی جۆراوجۆر دەوروژێنێ و لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بڵاویان دەکاتەوە یان دێربەندی بۆ دەکات لە دانراوە کۆمەڵناسیەکانیدا. گومانی تیادا نییە کە لەمەدا خاوەنی چاکەیەکی گەورەیە و بەم وروژاندنە پاڵی بە جەماوەری خەڵکەوە نا بۆ خوێندنەوە و وای کرد لە بەشێکی گەورەیان بۆ بەخۆداچوونەوەی ئەوەی لە زەنیاندا چەسپاوە لە بیروباوەڕ و ئەوەی دەقیان پێوەگرتووە لە نەریت و زاراوەکان، ژمارەیەك کە کەم نییە لە نوسەران و دانەرانی کەمەندکێش کردووە بۆ پیاچوونەوە و زۆرانبازی کردن لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا. بەهەرحاڵ جوڵە بەرەکەتە و پاڵنان بە عەقڵەکانەوە بۆ بیرکردنەوە و بەزارەکانەوە بۆ گوزارشت کردن و بە قەڵەمەکانەوە بۆ نووسین خزمەتێکی نموونەییە و پێویستە لە بەرامبەردا سوپاس و ڕێزی لێ بگیرێ.

بەڵام کێشەکانی ئەم دواییانەی دکتۆر لە شێوەی هێرشەکاندا بوو بۆ سەر ئەدەب و نەریت و زمان و زمانەوانەکان و بۆ سەر مێژووی عەرەب و موسڵمانان، بە گوڕو تینێکی بەهێزەوە ڕەخنە دەگرێت لە زۆرینەی پاشماوە کۆمەڵایەتیەکان؛ هەروەها خۆ هەڵقورتاندنێك کە دەیخاتە ناو شتانێکەوە بۆ نموونەی ئەو ناشێت بکەوێتە ناویەوە مادام دەیەوێت بۆ خۆی و ئێمەش هەر دەمانەوێت بۆ ئەو لەسیفەتی زانای لێکۆڵەوەر و ئەو توێژەرەی مەبەستی هەیە لەوەی دەیڵێت.

ئەوی بەلامەوە گرنگە لە مەسەلەی ئەم پەلامارانەدا و بەدواداچوونم هەیە تیایدا ئەوەیە کە پەیوەندی بە ئەدەب و خەڵکەکەیەوەو زمان و کاروبارەکانیەوە هەیە و هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی عەرەبی و ئیسلامی.

دەکرێ ئەوەی مۆری زیهنم بووە لە وتارەکانیدا ئەمانەی خوارەوە بن:

١-بانگەوازی ئەو بۆ سووك کردنی زمانی نوسین و ئاسانکاری تیایدا وە پێشنیاری هەندێ چارەسەر.

٢-مۆرپیانانی ئەدیبانی عەرەبی و بە تایبەتی شاعیرەکانی بەرۆیشتوو لە ریزی ستەمکاران و وتنی گۆرانی مەدح ئامێز بۆ لەخۆبایی و خۆبەزلزانەکان و تۆمەتبارکردنی شیعرو دەرخستنی وەك رووکەشێکی لادانی جنسی، پاشان بانگەواز بۆ رەتکردنەوەی ئەو ئەدەبە بە تەواوی و کەم کردنەوەی بایەخی و بێزاندنی لەبەرچاوی خەڵك.

٣-پیشاندانی کۆمەڵە وێنەیەکی مێژووەکەمان بەبێ ئەوانی تری و لێدوان لەسەری بەو شێوەیەی بە تەواوی شێواندن هەڵدەگرێ.

ئەوەی پەیوەندی بە بانگەوازی یەکەمەوە هەیە کە داوای زەرورەتی روونی نووسین و ئاسانکاری دەکات بۆ نزیك خستنەوەی لە زیهنی خوێنەر بە دکتۆری بەرێز دەڵێین: ئەم بانگەوازە داهێنانێکی تازە نییە کە تۆ بەتەنها بۆ خەڵکی دەربخەیت، هەروەها بە تەنها لە ئەوەی تۆ، بۆیە تۆ شتێکی تازەت پێ نییە بەخەڵکی بڵێیت تا حەماسەت و راپەرینت بەو رادەیە بگات وە بەهانە بۆ ئەو پاڵنانە خۆکردە بێنێتەوە کە لە پشت فیکرەیەکەوەیە کە لە ئەبجەدیاتی عەرەبییە.

هەریەك لەوانەی کتێبەکانی (بەلاغە) ی خوێندبێتەوە ولاپەرە یەکەمەکانی کردبێتەوە، رووبەرووی قسانێك دەبێتەوە بانگەواز بۆ رەوانبێژی و روونبێژی و دەرخستن دەکات، دیاریکردنی قسەی رەوان دەبینێت کە بریتییە لە خاڵی لە زمانی نامۆو موفرەدەکانی و رووتکراو لە گرێی پێکهاتەکانی و پاکژ لە بەزۆر لە خۆ کردن و قورسی وهەموو ئەوانەی ئاسان تێگەیشتن و دەرکی سانا و نزیك خستنەوەی واتا لای گوێگرو خوێنەر بەزایە دەدات.

ئایا لە بانگەوازەکەی دکتۆردا شتێکی تر جگە لەوەی ڕەوانبێژەکان پێش هەزار ساڵ ووتویانە بوونی هەیە؟ وە ئایا لەسەر مەسەلەی موفرەدەکان شتێکی لایە زیاتر لە داواکردنی بڵاویی وشە و ڕوونی واتاکەی و داڕشتنەوەی لەسەر ئەو شێوە زانراوە بەکارهاتووە؟

وە ئایا بۆ پێکهاتەکان شتێکی لایە زیاتر لە هێنانی لەسەر نەریتی باو لە پێکهاتە عەرەبیەکاندا و تێپەڕاندنی گرێکاری تیایدا لە کاتی خستنەپاڵی هەندێکیان بۆ هەندێکیان کە تەم و مژی واتا دروست دەکات؟

هەروەها لە ئەبجەدیاتی ڕەوانبێژی عەرەبی و ئەوەی لە کرۆکی ڕەوانبێژی ئاخاوتن وەرگیراوە ئەوەیە کە ئاخاوتن دەبێت دەقاودەقی تێگەیشتنی گوێگر بێت و هاوبۆنەی حاڵی بێت و لەگەڵ توانای ڕۆشنبیریدا بڕوات بەشێوەیەك کە وایان کردووە بۆ هەموو پێگەیەك وتارێك و بۆ هەموو حاڵێك دەربڕینێك هەبێت تا گەیشتوونەتە ئەو ڕەچاوکردنەی حاڵی خوێنەران و بیسەران کە ببێتە مافی هەموو گێژو نەزانێکیش لەسەر خاوەن قەڵەمەکان کە بەو زمان و شێوازە بۆیان بنووسن لێی تێ دەگەن وە وەڵامی دەدەنەوەو کاریان تێ دەکات، ئەمەش بەمەرجی سەلامەتی دەربڕین.

ئایا لای دکتۆر بانگەوازێکی تری خاوەن پانتایی فراوان هەیە بۆ ویژدان بەرامبەر بە نەزانە نەخوێندەوارەکان لەمەی نوسەرانی ڕەوانبێژی عەرەبی بانگەوازیان بۆ کردووە کاتێك ڕێزیان بۆ هەموو جۆرە خەڵکێك داناوە و بەختیان لە ڕەوانبێژیدا هەیە و کاتێك دەبینین لە سەرپێچییەکانی ڕەوانبێژی ئەوەیە کە ڕووبەڕووی خەڵك ببیتەوە بەوەی لێی تێ ناگەن و بیانتدوێنی بەوەی هەستی پێ ناکەن و ناگاتە دەروون و چرکەکانی هەستیان.

کەواتە دکتۆر وەردی بانگەواز بۆ چی دەکات؟

وە ئەم حەماسەتە چییە لە پەلاماردانی دەربڕینە عەرەبیەکان؟

من دکتۆرم بینیوە لە هەندێ لە وتارەکانیدا کە لە ڕۆژنامەی (الحریة)ی بەڕێزدا بڵاوی کردونەتەوە دەکروزێتەوە بەسەر خەڵکدا لەمەسەلەی بایەخ دان بە (مەعانی) و (بەیان) و (بەدیع) دا و ئەم سێ هونەرە لەیەك گوزارشتدا تێکەڵ دەکات.

ئایا دکتۆری بەڕێز بە تەواوی و دیاری کراوی ئاکامەکانی ئەم موفرەدانە دەناسێت و بە کوێیان دەکات؟وە ئایا دەزانێت هەر وشەیەك لەوانە واتای چی دەگەیەنێت تا بگاتە ئەوەی بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە ججای هێرش بکاتە سەریان؟

وا ئەزانم دکتۆر زۆر لەوە بە ویژدان ترە کە بەردەوام بێت لەسەر کۆکردنەوەی ئەم هونەرانەو نارەزایی دەربڕین بەرامبەریان و شیوەن بەسەریاندا کاتێك کە زانیاری لەبارەی واتاکانی ئەو وشانەوە ڕاست دەبێتەوە.

بەڕاستی دکتۆر وەردی کاتێك شوێنەواری زانستی (مەعانی) ڕەت دەکاتەوە وەك ئەو کەسە وایە شوێنەواری ئەندازیاری لە بنیاتنانی خانووبەرەدا ڕەت دەکاتەوە و داوا دەکات گوێ نەدرێتە هونەری ئەندازیاری بە بیانووی ئەوەی خەڵکی ئەشکەوتەکانی هەڵکەندووە پێش ئەوەی ئەم زانستە بناسێت و هەنگیش شانەکانی خۆی دروست دەکات بەپێی فیترەتی خۆی.

ئاشکرایە زانستی (مەعانی)یە کە لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی دەربڕین لای مرۆڤ دەگرێتە ئەستۆ، ئەو دیاردانەی کە چۆنیەتی بنیاتنانی بیروبۆچونەکان لە دەروونیدا دەدۆزێتەوە پێش ئەوەی دەستەواژەکان دەری پەڕێنێت، ئەم تێکچوون و ناهاوسەنگییەی هەندێ پێکهاتەی دەربڕین بەخۆیەوە دەیبینێت وێنەیەکە لە وێنەکانی بیروبۆچوونە تێکچووەکانی ناو دەروونی مرۆڤ، کەواتە بێ بایەخی بە مەسەلەی (زانستی مەعانی) جگە لە بێ بایەخی بەپرانسیپە زیهنیەکان شتێکی تر نییە، دەی ئایا دکتۆر بۆخۆی ڕازی دەبێت کە بانگ بۆ بێزاندنی لێکۆڵینەوەی پرانسیپە زیهنیەکان لای ڕەخنەگرانی شوێنەواری دەربڕین بکات؟ وای بۆ دەچم کە زۆرێك لە بڕیارەکانی بەبێ هیچ پرانسیپێك دەرنەدەکرد ئەگەر ڕێگای لە ووردبینی لە گوزارشت و وردبینی لەبیرکردنەوەدا بکەوتبایە.

ئەوەشی پەیوەندی بە زانستی بەیانەوە هەیە کامەیەتی دکتۆر شیوەنی لەسەر دەکات ئەویش دیسان لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەکانی دەربڕین لای مرۆڤ، کاتێك دەیەوێت گوزارشت لە واتایەك بکات لە واتاکان ئەویش ئەوەیە ڕێگای حەقیقی یان ڕێچکەی مەجازی بەهەموو جۆرەکانیەوە دەگرێتە بەر، لە دنیاشدا زمانێك نییە هەندێ

دیاردەی بەزەیی تیا بێت کە هەر دەبێت ئەم دیاردەی دەربڕینانەی تیا بێت، ئەم دیالێکتە عامیانەی بەشەکانی عەرەبی خاوەنی جۆرەها ڕوونبێژییە، لێکدانەوەی ئەم دیاردانەش وەستانە لەسەر تایبەتمەندیەکانی زمان و زانینی ئەو ڕێچکانەی دەگیرێتە بەر بۆ گەیشتن بە واتاکان، کەواتە کامەیەتی دکتۆر شیوەنی لەسەر دەکات لەم لێکۆڵینەوەیەدا؟

لەوانەیە وا بە خەیاڵی دکتۆری بەڕێزدا بێت کە ئەدیبەکان بۆیە واتاکان بە ڕێگا ڕەوانبێژیە جۆراوجۆرەکان دەردەبڕن چونکە زانستی بەیانیان خوێندووە کەوای بۆچووە وازهێنان لە زانستی بەیان وازهێنانە لە شێوازەکانی ڕەوانبێژی و ئاسودەبوونە لە هونەرەکانی، منیش ئەوە دووپات دەکەمەوە بۆ دکتۆر کە کتێبەکانی ڕازاوەتەوە بە جۆرەها ڕەوانبێژی جیاجیا ڕزگاربوونیش نییە بۆ هەر گوزارشتکارێك لە پەنابردن بۆ هەندێ لە دیاردەکانی دەربڕین نەبێت.

نەشارەزایی لە بنەماکانی ڕەوانبێژی مانای ڕزگاربوون نییە لە بەیان و پەت و داواکانی با دکتۆر دڵنیا بێت کە ئەو بەهەرحاڵ لە داوێکدایە، بەڵام بێ ئاگابووە لەو پەت و داوەی چواریەلی بەستوەتەوەو وا خەیاڵ دەکات ئازادەو چی دەوێت دەیکات بۆیە بینیمان بانگەواز بۆ ڕزگاربوون لە ناسینی ڕەوانبێژی دەکات نەك لە خودی ڕەوانبێژی، ئەو وەك بەستراوەیەك وایە بە کۆت بەڵام داوای ڕزگاربوون بکات لە ناسینی کۆت نەك لە قورسایی کۆتەکەو پاشان هاوار بکات بەناو خەڵکیدا و بڵێ پێیان ئەگەر وەك من ئازادن ئەی دەست و پێ بەستراوەکان بە کۆت، هەموو جیاوازییەك لە نێوان ئەوداو ئەوانەی لە (هونەری بەیان) دەزانن ئەوەیە کە ئەوان لە سەرچاوڕوونی و زانین ڕێچکەیەکیان گرتۆتەبەر بۆ گوزارشت کردن وە ئەمیش هەر (بە پشتیوانی تۆ ئەی خوا) ڕێگاکەی گرتۆتەبەر، بەڵام دڵتەنگییەکەی دکتۆر لەسەر مەسەلەی جوانکاری (بەدیع) دا تا ڕادەیەکی دوور لە جێگای خۆیەتی بەڵام خەمێکە لەدێر زەمانەوە پێشی کەوتوون ئەوەندەی بەسە کە سەیری ڕەوانبێژی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیروڕای خەڵکی لەبارەیەوە بزانێت، لە ڕادەی قبوڵکرا و تیایدا.

ئەمە مەسـەلەیەکە ڕای دکتـۆر تیایـدا تـەنها خـۆ هەڵقورتانـدن و دیـاری نـەکردنی ئامانجە و ئەگەر بیەوێت بانگەوازێکی تیۆرییە. بەڵام ئەگەر بیەوێت پرۆسەیەکی پراکتیکی بێت ئێمەش لێی دەپرسین پەنجا ساڵە لە کوێی کتێبە هاوچەرخەکان و ڕۆژنامە عەرەبی و کتێبە ئەدەبییەکان تەم ومژو نادیاری هەیەو بابەتەکان تیایاندا بە زمـانێکی ئاسـان و دەربڕینێکـی ڕوون لێکدراوییـەکی ئاسـانکراو نووسـراوە، کـەس گومانی تیادا نییە لە نەبوونی تەم و مژو گرانی لەسەر خوێنەر، ئەگەر ڕۆشنبیرییەکی مام ناوەندیشی هەبێت ناڕەحەت نابێت. دەی ئایا دروستە ورووژاندنی ئەم بانگەوازە فراوانەی ئاسانی و ئاسانکاری لە دەربڕیندا لەبەر ئەوەی نووسەرێك لە نێوان سەدان نووسـەردا یـان وتارێـك لـە نێوان هـەزاران وتـاردا خاوەنەکـەی زۆر لـە خـۆی دەکـات زمانێکی ناهاوچەرخ و شێوازی تێنەگەیشتن بەکار دەهێنێت؟

لەوانەیە دکتۆر بە ئاسـانکاری: ئاسانی مۆڵـەت وەرگرتن و گەیاندنی ئاخاوتنـە تـا ڕادەی عامیەتی دابەزێنراو تا بگەڕێتەوە بەردەستی ئەوانەش زمانپاراویان باش نییە لە زۆری و کەمیدا ئەمەش دیسان بیروڕایەکی تازە نییە و سـەرەتاکانی ئـەم سـەدەیە (سەدەی بیست) ئەم بانگەوازەی بەخۆیەوە بینیوە لە میسرو ئەوی تر لە لوبنان و سـوریاو پشتیوانیشـیان لـە عێـراق هـەبووە، بـەڵام بانگەوازەکـە لـە شـوێنی خۆیـدا زیندەبەچـاڵ کـرا، بەدەسـتی ڕۆڵـەکانی خـۆی لـەناوبرا دوای ئـەوەی خراپـەو مەترسیەکانی لەسەر کلتوری ڕۆڵەکانی ئەو دیالێکتانە خۆیان بۆیان ئاشکرا بوو.

جیهانی عەرەبی لە ڕێگای ئەوەدایە دیالێکتە عامییەکان لە بیر خۆی بەرێتەوە و بگاتـە زمـانێکی یـەکگرتوو لـە نێـوان وڵاتەکانیـدا بـەهۆی چـاکەی بڵاوبونـەوەی هۆکارەکـانی دەربڕینـی یـەکگرتووەوە و ئـەو ڕۆژەیـش دوور نییـە کـە خـەڵکی لـەبیرو بۆچوونەکانی دکتۆر وەردی و نموونەکانی لە بیریاران تێ دەگەن لەهەموو وڵاتانی عەرەبی و لەلایەن زۆربەی دانیشتوانەکەیەوە، با پارێزگاری لە ئاستێکی قبوڵکراوی دەربڕین بکەن، چاك وایە بۆ دکتۆر سیفەتی چاکساز و چاکسـازی لـە زمانـدا لـە خـۆی دابڕنێ وە لـە بەگشتی کردنەوە دەرچێت بۆ تایبەتی کردن و لەهەست کردنەوە بە چاکسازی بۆ دیاریکردنی شوێنی چاکسازیەکەو ڕێگاکەی لابکاتەوە بەلای ڕێنووسی

عەرەبیدا وداوا بکات بە نووسینی (اسم فاعل) ی (حك) چونکە ئەوە (حاك) ە بە توندکردنی کافەکەی.

نامەوێ لەگەڵیدا بچمە ناو ووردەکاریەکانی مەسەلەکە لەبەر ئەوەی ئەترسم قورسی بکەم لەسەر ئەوو خوێنەران، بەڵام ئەوەندە دەڵێم: بەڕاستی پیشەکەی دکتۆری بەڕێز وەك پیشەی ئەو کەسە وایە کتێبی تەندروستی منداڵان دەخوێنێتەوە و بە زانیاریەکانی خۆی چارەسەریان دەکات وە بە خەیاڵی خۆی ئەوانە نەخۆشن و ئەوەندەی لێیان زیاد بێت دەرزی و شرنقەیان بۆ دەنووسێت و لەوانەیە ئەوەش فەوتان و مەرگیان بەسەردا بێنێت پاشان بێباکانە وازیان لێ دەهێنێت بۆ بەزەیی قەدەر.

لەم مەسەلەیەدا قسان بەس لەوەندەدا ئەکەم:

بەڕاستی ڕێنووسی عەرەبی وەك ڕاوەستان ڕانەوەستاوەو دانەنراوە دوای ئەزموونی چەند نەوەیەك نەبێت، ئەو لە کۆی وردەکاریەکاندا ملکەچی فەلسەفەیەکە لە نووسیندا لەزۆر کاتدا لەسەر دوو بنەما ڕاوەستاوە:

یەکەمیان: خۆلادان لە تێکەلاّوکردن لە نێوان نووسینی ووشەیەك و ئەوی ترو جیاوازی ئەوەندەی ئەتوانرێ لە نێوان ووشە لێکچووەکان لە زارپێکردندا ئەگەر لە واتادا جیاوازبوون.

دووەمیان: ئاسانکاری لادانی پاشەڕۆ و زیادەی ئەوەندە دەتوانرێ وازی لێ بهێنرێت، دیارە ئەوەی لەبەر دەستماندایە لە بنەماکانی وێنەکێشان لەسەر ئەم بنچینەیە وەستاوە، دەی ئایا دکتۆری بەڕێز دەزانێت چیان دەویست کە توانیان یاو دوو نوختەکە لابەرن لەناوە ناتەواوەکە کاتێك جارێکیان وتیان لابرێت و جارێکی تر وتیان بمێنێتەوە؟

ئەوان لای دەبەن لە کاتێکدا ناو بۆردار بێت یان ژێردار وە لە حاڵەتی سەرداردا دەیهێڵنەوە، یان لە کاتی پێناسی ناوی ناتەواودا بە (ال) لەبەر ئەوەی قسەی پێ دەکرێت.بەلاّم سەرلێتێکچوونی بە (حاك) کە ئیسمی فاعیلی (حك) ە وەك بەزەییەك بە دکتۆردا قسەی لەسەر نەکرێت چاکە.

جەنابی برای بەخشندەم، بەڕاستی دۆزە زانستییەکان بەم جۆرە ساویلکەییەو بەم گیانە بێ باکیەوە چارەسەر ناکرێن، ئەگەر مەسەلەکە بەم جۆرە بێت کە گومان دەبەیت ئەوا خەڵکی تۆو نموونەکانی تۆیان بەستر بوو لە کۆمەڵگە زمانەوانیەکان و ئەوەندە تێبینیان نەدەکرد و ڕووەکانیان لە مەسەلەکانی چاکسازی لەم زمانەدا وەردەگێڕا.

تۆ وەک مرۆڤێك کە هەست بە پێویستی ئاسانکاری لە ڕێنووسدا دەکەیت ڕاستر بوو بۆی داوای چاکسازی بکەیت وسکاڵای خۆت بخەیتە بەردەم پسپۆران و پیاوانی کۆمەڵگەکان، بەڵام پێشنیاری جۆری چاکسازیەکە بکەیت و ئامێرو هۆکارەکانی لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکاندا دیاری بکەیت، بەڵام ئەمە رەفتارێکە کەس بڕیاری لەسەر نادات و نەشیاوە مەگەر لای ئەوانە نەبێت شادمانن بە بینینی گاڵتەی گاڵتەچیەکان لەسەرە ڕێگاکاندا لە جیاتی ئەوەی لە خانەکانی نواندن وە گاڵتەوگەپدا سەیری بکەن.

ئێمەش ئەمە بە دوور دەگرین بۆ دکتۆر کە بۆ توێژەرانی قبوڵ بکات.

***

# وتاری دووەم

## وەردی و قسە لەسەر شیعر:

دکتۆر وەردی بە ئازایەتی و بوێرییەوە قسە لەسەر شیعر دەکات وەك ئەو کەسەی کە زۆر لە بابەتەکەیدا شارەزایە، توند رادەوەستێت لەسەر هونەرەکانی ئەم پیشەسازییە پڕ گرێیە و ناترسێت لەوەی هەر بریارێك بەسەریدا بدات و بەهەر سیفەتێك وەسفی بکات، وەك ئەوەی یەکێك لە کوڕەکانی خۆی بێت کە هۆکارەکانی رەخنە وپێوەرەکانی پایەداریان لایە.

ئەوەی تا ئێستا دەیزانین ئەوەیە کە دکتۆر توێژەرێکی کۆمەڵایەتیە و ئەو دوورترینی خەڵکە لەم هونەرەوە و کەم شارەزاترینیانە بە بنەماو پێوەرەکانی، بۆیە مافی من و مافی خەڵکیشە کە پێش ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین تاقی بکەینەوە.

## بانگهێشتێك بۆ تاقی کردنەوە:

ئەو بانگ کراوە بۆ تاقیکردنەویەکی شیعری لە ڕێگای ئێزگەی عێراقیەوە و با خەڵك گوێ لە هەڵبژاردەی شیعرەکانی و مێرچاکی واتاو مەبەستەکانی بگرن و دڵنیا بن لەوەی کە ئەو کاتێك فرمان بەسەر شیعری عەرەبیدا دەردەکات، شایستەی ئەو حوکم دەرکردنانەیە و شیاوە بە گفتوگۆی ئەدیبان، بەڵکو ئەو بۆ لەوە کەمتریش بانگ کراوە، بانگ کراوە لە ڕێگای ئێزگەوە هەڵبەستی یەکێك لەو شاعیرانەی بەکەم دایان دەنێت و توانتجیان تێ دەگرێت لە نموونەکانی موتەنەبی بەحتەری و ئەبی تەمام بخوێنێتەوە، ئەگەر سەرکەوت لەم تاقیکردنەوەیەدا و پیشانی داین کە توانای ئەداکردنی ئەم پیشەسازیەی هەیە، یان دەتوانێ تێکستێك لە تێکستەکانی

بخوێنێتەوە، مافی ئەوە دەبێ توێژینەوە لەمەسەلەی شیعردا بکات و دەبێتە مافی ئەو لەسەر خەڵکی و ئەدیبەکان کە بەشداری خستنە ڕووی رای خۆی بکات.

## وەردی پەشیمان دەبێتەوە:

بەڵام من سەرەتا ئەو حوکمە ئەدەم و بەرپرسیارم لە حوکمەکەم کە وەردی پاشەکشێ دەکات لەم بانگهێشتە، چونکە ئەو لەمەسەلەی شیعردا هیچ نازانێ جگە لەم گاڵتەچەندبارەیەی کە هەر کاتێك بیەوێت بە خەڵکی دەڵێت دەربارەی، ئێمە پێشتر چاومان دادەخست لەو لاوە تازە پێگەیشتووەی بوێری دەکرد لەسەر شیعری عەرەبی کاتێك بە ساویلکەیی و پاکییەوە حوکمەکانی خۆی دەدا بەسەریدا، ئەمەش وەك ڕاهێنانێکی لەسەر ڕەخنە گرتن و بەئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا بگاتە بەختێك لە کامڵ بوون، (وەردی)ش لەو لاوانە نییە کە تکای ئەوە بکەین خۆیان هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە، بەڵام ئەو پیاوێکی پتەوەو پێویستی بە ڕاستکردنەوەو ڕۆشنبیربوون هەیە.

وەردی قسە لەسەر هەموو شیعری عەرەبی دەکات و وەها وەسفی دەکات کە شیعرێکە پشت بە مۆسیقای زارەکی دەبەستێت و بەختی واتا تیایدا زۆر کەمە، کردنی ئەم قسەیەش بۆ یەکێك ئاسانە کە هەروا قسە فڕێ بدات، بەڵام من لە وەردی دەپرسم دەربارەی ئەو مۆسیقایەی هاتووەتە ناو شیعری عەرەبی و ئەو وا ڕێی لێ کەوتووە کە خاڵییە یان هەژارە لە واتا، لێی دەپرسم: لە کوێوە هاتووە؟

ئایا لە وشەکانیەوە؟

یان لە لێکدراوەکانیەوە؟

یان لە کێشەکانیەوە؟

ئەگەر لە وشەکانیەوە بێت باوەردی چەند وشەیەکی عەرەبی هەڵبژێرێت کە وای دەبینێت خاڵییە لە مۆسیقاو پڕە لە واتا، بۆ ئەوەی بیوەستێنین لەسەر بوونی لە شیعری عەرەبیدا.

یان چەند ووشەیەك هەڵبژێرێت کە واتا تیایاندا لاوازە و مۆسیقا بەهێزە بۆ ئەوەی شیعرێکی عەرەبی چاکی بە گوێدا بدەین کە پڕاوپڕە لە ناوازەترین واتاو مەبەست.

ئەگەر مۆسیقاکەش لە لێکدراوەکاندایە چەند لێکدراوێکمان بۆ دیاری بکات کە خاڵی بێت لە زەنگی مۆسیقی یاخود پشتی بە جەرەسی مۆسیقی بەستبێت بۆ ئەوەی ببینین کە ئەگەر شیعری عەرەبی خاڵی بێت لە لێکدارەکانی بەشی یەکەم، هەردەبێت لێکدارەکانی بەشی دووەمی بەخۆوە گرتبێت.

ئەگەر لە کێشەکانیشدایە باوەڕدی کێشەکان دیاری بکات کە زەنگێك بۆ شیعری عەرەبی بەدەست دێنێت لەوەی کە ئەم زەنگە ناهێنێت، با شیعرێکی عەرەبی پیشان بدەین کە خۆی لەو کێشانە لا ئەدات و پارێزگاری لە هەست بزوێنی شیعری گەیشتوو بەو پەڕی باشی کردووە.

بەڵکو هەر کێشێك لە کێشەکانی غەیرە عەرەبی هەڵبژێرێت کە لە نەتەوەکانی ترەوە پێمان گەیشتووە، چونکە تەنها شیعری عەرەبی پابەند نییە بە کێشەوە کەلەسەری شیعری داناوە، ئایا خاڵییە لە زەنگی مۆسیقی و هێزی واتا بە رادەی ئەو هێزەبێت لە شیعری بیانیدا دەرکەوتبێت؟ بەڵکو لەگەڵ دکتۆر وەردیدا بۆ لەوەش ئاسانتر دەڕۆم و داوای لێ دەکەم کە هەر واتایەك لەو واتا بیانیانەمان پێشکەش بکات کە جێگای سەرسوڕمان بووە، بۆ ئەوەی ببینێت کە ئایا لە توانای شیعری عەرەبیشدا هەیە دروستی بکات یان خۆی پێ بەرز رابگرێت یان نا؟

## ئەرکی ئەو..

بە ڕاستی وا پێویست بوو بۆ (وەردی) کە ئەو توێژەرێکی کۆمەڵایەتیە کۆڵەکەی توێژینەوەکانی ئیستیقراو کۆکردنەوە بوایە وبەم تاقیکردنەوانە هەستایە پێش ئەوەی فەرمانەکانی دەربکات دڵسۆز بوایە بۆی، بۆ ئاسوودە کردنی ویژداندان.

## واقعی شیعری عەرەبی:

شیعری عەرەبی وەك هونەر جیاوازی هەیە بە جیاوازی بێژەرەکان و هەر یەکە و بەختی خۆی لەو هونەرەدا، پڕاوپڕە لە واتای شکۆدار و بۆچوونی دروست و بیروڕای شاراوە، تیاشیاندا هەیە وانییە و پلەکانی خوارترە، نزمترینیشیان دەگاتە ئەو

حاڵەتەی کە دکتۆر وەسفی پێ کردووە و هەر حاڵێکیش هاو واتای حاڵی خۆیەتی و لەهەر شوێنەوارێکدا پشت بە خودی بیژەرەکەی و بەختی ئەو لە سەلامەتی بیرو دەربڕیندا دەبەستێت، ئەگەر وەك باقی زانستەکانی تر وابووایە کە لە کتێبێکەوە دەست بخرایە یان لە مامۆستایەکەوە وەربگیرایە ئەو کاتە یەکسان دەبوو یان نزیك دەبوو لەیەك و بەختی لێکۆڵەرەوەکانی وەك ئەو زانستانەی تر لێکۆڵەرەوەکانیان هیچیان نەدەبوو جگە لەبەشی وەرگرتن و گواستنەوە لە مامۆستاکانیان ولەرێی بانگەشەیەکی فراوانەوە کە سەری خەڵکی پێ بێتە ئێش.

## وەردی و غەزەل لە شیعری عەرەبی دا :

وەردي واي بۆ دەچێت کە شیعری مناڵبازی زاڵە بەسەر غەزەلی شیعری عەرەبیدا لەمەش دەردەچێت بۆ باڵادەستی لادانی جنسی بەسەر عەرەبدا هەر لە سەرەتاکانی سەردەمی عەباسی و بەرپابوونی شارە ئیسلامیەکان، بەڵگەشی بۆ ئەمە گەڕانەوەی جێناوەکانە بۆ نێر لە شیعری غەزەلیدا. منیش ناچمە ناو گفتوگۆی بەرەنجامەکەی تا دوای ئەوەی تێ ئەگەم لە تێگەیشتنی ئەو لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکان لە عەرەبیدا، چونکە من وا ئەزانم کە ئەو چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە دەقی ئەدەبیدا نازانێت، ئەگەر وانییە وەڵامم بداتەوە کە جێناو بۆ کێ دەگەڕێتەوە لەم بەیتە غەزەلیانەی ئەحمەد شەوقی دا:

واغن اكحل من مها ((بكفية)) علقت محاجره دمي وعلمته

دخل الكنيسة فارتقبت فلم يطل فوقفت دون طريقه فزحمته

ئایا ئەمە لەسەر نێرە یان مێ؟

هەروەها لەم وتە غەزەلیانەی شەبیبی دا:

تنبه العقل للسلوى يحركني فنبهت حركات الشوق اعصابي

وطالما سرت في درب فلم ارني إلا وقد علقت يمناى بالباب

یاسادتی لئم ایدیکم علی شفتي فضل وإلا فقدری لئم اعتاب
ئایا غەزەل لە نێرە بەڕێزەکاندا یان لە مێینە خانمەکاندایە، یان لە تاکە خانمێکدا؟

هەروەها وتەی غەزەلیانەی مەحمود تەها موهەندیس:

مر بی مستضحاً في قرب ساقي یمزج الراح باقداح رقاق
قد قصدناه علی غیر اتفاق فنظرنا وابتسمنا للتلاقي
وهو یستهدی الی المفرق زهرة و یسوی بید الفتنة شعره
تا ئەوەی لە وەسفەکەیدا دەڵێت:
ذهبي الشعر شرقي السمات مرح الاعطاف حلو اللفتات
ئەوەی (موهەندیس) پێی گەیوە کوڕە لاوێکە یان کچێك؟

وتەی (الشرقی):

عربي مكلمی عجمي رب اجعل لسانه بفمي
خاطفاً مر بي ومن عجب خاطفاً مر بي فرد دمي
ئایا ئەو تیژرەوەی بەلای (الشرقی) دا رەت بوو کچێکی عەجەمی بوو یان کوڕە لاوێکی عەجەمی؟

هەروەها وتەی موتەنەبی:

فلو كان مابي من حبيب مقنع عذرت ولكن من حبيب معمم
باشە کێیە ئەو خۆشەویستە مێزەر بەسەرەی موتەنەبی؟
وەئایا شیعری کۆن چی ویستووە کە نێرایەتی بەدەق لەم ووتەیەدا هاتووە؟
وإنما رجل الدنیا وواحدها من لا یعول فی الدنیا علی رجل
ئایا ئەو دوو پیاوە لەو ماڵەدا دوو نێرینە بوون یان دوو مێینە یاخود یەکێکیان نێرو ئەوی تریان مێینە؟

هەروەها لە ووتەیەکی تردا:

ما أحسن الدين والدنيا إذا اجتمعا    واقبح الكفر والافلاس في رجل

ئایا پیاوێك یان مرۆڤێکیان دەوێت لەهەر پۆلێك لەو دووانە؟

***

ئەوەی ڕۆیشتە کەنیسەکە لە بەیتەکانی شەوقی دا کچێك بوو ! ئەو بەرێزانەش لە بەیتەکەی شەبیبیدا کچ بوو، ئەوەشیان قژی بەدەستی فیتنە ئامێزی ڕێك دەخات لە غەزەلەکەی موهەندیسدا کچێکی ڕۆمیە.

ئەو عەجەمیەش کە دڵی شێخی شەرقیی رفاندووە زۆر گومان ئەبرێ کچۆڵەکەی بێت کە لەبەر بچووکییەکەی ئاشکرا نابێت. خۆشەویستە مێزەر بەسەرەکەی موتەنەبیش ((سيف الدولة)) بوو، وشەی پیاویش لەهەردوو بەیتەکەدا واتە مرۆڤ لەهەردوو پۆلەکەدا، نێر بێ یان مێ، گێرانەوەی جێناوەکان لە شیعری عەرەبیدا کۆمەڵە نهێنییەکی تیایە کە شاراوەیە، بۆ ڕۆڵەکانی ئەم هونەرە خۆی نەبێت، ئەگەر لەسەر شێوەی دکتۆر وەردی بن، بەکارهێنانی ئاوەڵناویش لەجێی ئەوی تر شتێکی باوی خۆش بووە لای عەرەب هەر لەسەردەمی نەفامییەوە، قورئانی پیرۆزیش پڕە لە کۆمەڵێك لەوانە وەك دەفەرموێت ﴿حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم﴾ هەروەها دەفەرموێت ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ لەم بەیتەشدا ئاوەڵناو بە ڕاست و چەپدا دەگۆڕێت و سەرچاوەی هەریەکە:

تطاول ليلك بالاثمد    وبات الخليُ ولم ترقد

وبت وباتت له ليلة    كليلة ذي العائر الارمد

لەوانەیە نزیکترین بابەت لە دکتۆرەوە کاتێك کە بیری دەخەمەوە ئەم پەندە عامییە بێ ((المعنى بقلب الشاعر)) مانا ئەوەیە لە دڵی شاعیردایە هەروەها (الضمير يعود على اهله) جێناو دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی خۆی.

کورتەی بیرۆکەکە: جێناوەکانی نێرینەو مێینە لە شێوازە ئەدەبییەکاندا شیعر بێت یان پەخشان مەبەست دیاری ناکەن بەڵێ کاتێ لەسەرەتای هەڵبەستێکەوە دێت ئەوە

بۆ وەسفی هەرزەکارێك یان وەسفی کوڕە جوانێك وتراوە لەسەر جۆری دەربڕینی یەکەم یان غەزەلەکە سیفەتی تایبەتی هەرزەکارانی وەرگرتووە، ڕاست وایە کە پیشانی بدەین وەسف کراو یان مەبەست هەرزەکارێکە نەك کچێك، بەڵام ئەو جۆرەیان زۆر کەمە یان خەریکە دەبێتە دەگمەن و لە هەندێ دیوانیشدا هەر بە تەواوەتی بوونی نییە، لە زۆر دیوانی تریشدا واباویش نییە پێش بخرێ لە سەرەتای هەڵبەستەکاندا بۆ جۆرەها مەبەست، بەتایبەتی پێشکەش دەکرێت بۆ مەدحی خەلیفەیەك یان پادشایەك یاخود ڕێك دەخرێ بۆ مەدحی پێغەمبەر و بنەماڵەکەی، ئەم دەگمەنەش بەو پێوەرە فراوانە دروست نییە گشتگیر بکرێ بەسەر شیعری عەرەبیدا تا بەوە کۆتایی بێت توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە لادانی جنسی زاڵە بەسەر عەرەب یاخود موسڵمانان‌دا.

زۆرترینی غەزەل لە شیعری عەرەبیدا بە تایبەتی لای شارەزایانی شیعر واتای خۆشەویستێکی دیاری کراو ناگەیەنێت و دروست نییە بکرێتە خۆشەویستی دیاری کراو لای شاعیر، با دەقەکە ئەوەش ئاشکرا بکات، ئەگەر نا دەچێتە خانەی هەرزەگۆیی و سوکایەتییەوە کە خاوەنەکەی دادەبەزێنێت بەرەو پەلکێشکردنی بۆ لێدانی حەدی شەرعی غیرەتی کەس و کاری ژنە پیاهەڵدراوەکەش لە خۆی دەوروژێنێ، ئەمەش لە مەدحی کەعبی کوڕی زوهێر بۆ پێغەمبەری ڕێزدار لە هەڵبەستی (بانت سعاد) دا دەردەکەوێت، دەبێ کێ بێ ئەو (سعاد)ەی کەعب لەبەردەمی پێغەمبەردا وەسفی دەکات کە هاتوویەکی شەوقداری بەنەستەقی ڕێکخەرە، ئەدرێژی و ئەکورتی سکاڵایان لێی نییە وەهەر کاتێك بەدەرکەوت (بانت) و بۆ هەر کوێ ڕۆیشت، کاتێك دڵی کەعبی داشۆری؟ئەگەر سوعاد بەڕاستی کچ بووایە پێغەمبەر قەدەغەی دەکرد لێی سوکایەتی بە حورمەتی ئەو و بنەماڵەکەی بکات، بەڵام وێنەیەکی خەیاڵی بووە لە وێنەکانی وەهم.

بەڕاستی حاڵی غەزەل لای عەرەب لەوەتەی شیعر بووەتە پیشەیەك وەك حاڵی چیرۆك لای بیانییەکان، چیرۆکنووس تیایدا پرسیاری لێ ناکرێ لەسەر ئەوەی ئەو پاڵەوانانەی ڕۆمانەکەی کۆمەڵێکن بوونێکی دەرەکییان هەیە وچیرۆك نووس مەبەستی

ئەوە نییە خۆی بخاتە ناو جەمسەرێکی دیالۆگەوە کە بەڕاستی ئەو جەمسەرێکە تیایدا.

بێگومان زاڵبوونی جێناوی نێرینە بەسەر شیعری عەرەبیدا وا ئەزانم دوو هۆکاری هەیە:

یەکەمیان: نەزعەی عیرفانی سۆفیگەرانە، ئەمەش پێویستی بە نێرینەکردنی جێناو هەیە

دووەمیان: خۆلادان لە جێناوی مێینە لە ترسی ئەوەی شیعرەکە تۆمەتبار نەکرێت بە وەسفی ئافرەت خۆی، ئەوەی کە شاعیران لە ترسا یان وەك گوناه خۆیان لێ لادابێت.

ناشمەوێ کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی پاك ڕابگرم لە لادانێك کە هیچ نەتەوەیەك خاڵی نییە لێی، بەلام هەڵەی ئەو لێکۆڵەرەوە ساویلکانەی ئەدەب و ڕەخنەی شیعر ڕاست دەکەمەوە، کە ڕاکانیان گشتگیر و گەورە دەکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵە بیروڕایەکی توندڕەوانەی لێ پێك بهێنن و جێ بایەخەکانی خەڵك بوروژێنێت.

***

# وتاری سێیەم

**وەردی و باسی شیعری عەرەبی:أ**

دکتۆر وەردی شیعری عەرەبی وەسف دەکات بە کۆمەڵە وەسفێك کە بە پەرژوبلاوی لە وتارەکانیدا دەیبینێت، لای ئەو لەڕووی بەهاوە دەشتەکیانەیە ولەڕووی مەبەست و هۆکاریشەوە هەڵپەکەرە، هەموویان یان زۆربەیان لە ناو سەوارەکانی سوڵتانەکاندان وغەزەلەکانیان بۆ گەستنی سۆزی خەلیفەو پادشا و لەوانیش نزم تر لە شکۆو دەسەڵاتدا رێکدەخەن و وەسفەکانیشیان بۆ پشوودانی دەروونی خۆشگوزەرانەکان و ڕابواردنی شەوانیانە لەسەر سفرەی گاڵتەو گەپ و قۆشمەی ئەواندا و ستایشەکانیان دەڕازێننەوە وەك پیرۆزییەك بۆ ئەو بەرێزانە لە شاڵاوی ستەمکارانە و گەڕانەوەی بە غەنیمەتیاندا، لاواندنەوەکانیش خۆنازاردانێکی دەستکردو دڵتەنگییەکی درۆزنانەیە بە خەمبارییەوە بۆ ئەوەی شاعیر لە دەستی چوو لە غەنیمەتەکان، ئەگەر لاوێنەرەکە زیندووبایە بۆ ئەوەی چاوەڕوانی دەکات لە بنەماڵەکەی کە ئەوان زیندوون بۆ هەر جۆرێکی تر لەو جۆرە لاواندنەوانە کە ئەگەر لە دەقی دەستەواژەکانیشدا نەبن بۆ ئەوە سەر دەکێشێ.

پاشان دکتۆری بەرێز سیفەتە گوزەرکارەکانی دەکاتە تکاکاری بانگەوازکردن بۆ وازهێنان لەم شیعرە و دەرچوون لەسەری، دیارە ئەو شیعرێکی دەوێت بەهای شارەکی و ڕۆحی شەعبیانەی هەبێت بایەخ بە کاروباری گشتی پێش تایبەتی بدات و باس لە هەستی چینە هەژارەکان بکات قسە لەسەر هیواکانی گەلان لە ژیاندا بکات بە کۆمەڵە ئامرازێکی بەرز و ئامانجگەلێکی چاك.

## بانگەواز بۆ وازهێنان لە شیعری عەرەبی کۆن:

قسە کردن لەسەر ئەو وەسفانەی کردوونی بە مۆرکی شیعری عەرەبی کۆن دوا ئەخەین بۆ وتاری دواتر، پرسیاری لێ دەکەین دەربارەی ئەو بانگەوازەی هاواری بۆ دەکات و برەوی پێ دەدات لە پشتکردنە شیعری کۆن و خۆ گرتنەوە لێی، پاشان ئەم پرسیارەی لێ دەکەین:

ئایا دکتۆری بەڕێز ئەیەوێت پشتکردنە شیعری کۆن بە واز هێنان لە بەدواداچوونی هاو نمونەکانی بێت لە دانان و چاولێکردنی قاڵبەکانی ئەویش خۆلادان لە مەبەستەکانی و خۆ بەرز راگرتن لە پاڵنەرەکانی؟

یان دەیەوێت وازلێهێنانی بە وازهێنان لە لێکۆڵینەوە وەسفییەکان بێت و ئەویش بە پشتکردنە لێکۆڵینەوەی بنەما و سەرچاوەو بارودۆخەکانی و هەموو ئەوەی پەیوەندی بە مێژووی ئەدەبەکەیەوەیە و خەڵکی پێ دەناسرێتەوە؟

بۆ پشتکردنە شیعری عەرەبی و زوهد تیایدا جگە لەم دوو مەبەستە زیاتر نییە.

## بانگەواز بۆ پشتکردنە شیعر لە لاسایی کردنەوەیدا:

ئەگەر یەکەمیانی دەوێت، ئەوەیان لەگەڵ بانگەوازی توێژەرێکی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت، کە گوایە ریفۆرم دەخولقێنێ، ئەوەش گەواهی دەدات لەسەر ئەوەی کە برای بەڕێز بێ ئاگایە لەو گۆڕانەی بەسەر شیعری عەرەبی هاوچەرخدا هاتووە و ئەو گیانەی تێی چووە و ئەو هەمە جۆریەی لە دەرهاوێشتەو مەیەستدا کە بەسەریدا هاتووە، ئەو ئەمە نازانێت لە کاتێکدا کە نزیکە لێیەوە و لە ژێر گوێ و چاویدایە و لەوانەیە بەلای ئەوەشدا چووبێت کە بەتەنیشت وتارەکانیەوە بلاو دەبوویەوە، ئیتر چۆن بێت بەرامبەر بە شیعرێك کە دووربێت لە بەردەستیدا، کەمترینی لاسایی کردنەوە لەم سەردەمەدا بەدوور لە رۆژگارو جێگاکەی؟

باشتر وابوو بۆ ئەم بانگەوازە کە خاوەنەکەی (خوایش کاروباری خۆی هەیە لە خولقێنراوەکانیدا) کە پێش پەنجا ساڵ بەرزی بکردایەتەوە بۆ ئەوەی شوێنێك

بدۆزێتەوە لە کۆمەڵگەی شیعری و بوارێك بۆ جێبەجێکردنی کردەیی، بەڵام ئەوەی کە دواکەوت و بەدەرکەوتنەکەشی دواکەوتووە لە ڕەوتی ژیان کە پێش نیو سەدە دەرچووە، بۆیە حاڵی بانگخواز وەك حاڵی ئەو کەسە وایە لە ڕەوتی ژیان دابڕابێت و لە کاروان دواکەوتبێت و داری سەرقاقڵەکەی هەڵگرتبێت لەدوای کاروانەکەوە بەرزی بکاتەوە و بڵێت: بڕۆنە پێشەوە ئەی دواکەوتووە دابڕاوەکان.

## شیعری هاوچەرخ:

بێگومان شیعری هاوچەرخ لە پێشترین دیاردەکانی ژیانمان بوو کە وەرچەرخان و گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوەی کە ئاوێتەی بوو لە گیانی سەردەم و ڕێبازە نوێیەکانی ژیان زیاتر بوو لەوەی ئاوێنەی هەر ڕواڵەتێکی تری ژیان بێت، گۆڕان ئاوێتەی بابەت و مەبەستەکانی بوو، وانەمایەوە پڕ بێت لە مەبەستەکانی شیعری پێشووی مەگەر بەدەگمەن، ئاوێتەی شێوازو ئەندێشەکانی بوو، وانەمایەوە کە بەو ئەندێشەو شێوازانە ئاوەدان ببێتەوە، هەروەها گۆڕان ئاوێتەی کێش و سەرواکانی بوو، هەموو ئەمانەی تێپەڕاندو بەتەواوی دوورکەوتەوە لە (شیعری عەرەبی کۆن) تا ئەوەی مەترسی لەسەر پەیدا کرا پەیوەندی بە ڕابردووەوە بە تەواوی دابڕێت و ببێتە بوونەوەرێك کە هیچ بەشێکی لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکەکەی نەبێت.

بەڵام ڕۆیشتن بە ڕەوتی خۆشگوزەرانەکان و جوانکردنی گەندەڵی وخراپەکانیان کە کرا بە مۆرکی شیعری کۆن بوونێکی نەماوە کە شایستەی ئاگایی بێت، بەڵکو مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیەو هەر ئەوەیە کە شیعر قامچییەك نییە کڵپە بەرداتە پشتی خۆشگوزەرانەکان و لەشەوی خەونە پرشنگدارەکانیاندا ڕایانچڵەکێنێ، ئەوان جگە لە شیعر لە هیچ ناترسن و دژایەتی هیچ کۆمەڵێك ناکەن وەك دژایەتی شاعیرەکان.

## شاعیرە هاوچەرخەکان:

ئەگەر شاعیرەکان لەهەر وڵاتێکی عەرەبیدا لەبەرامبەر هەر توێژێك لە توێژە ڕوناکبیرەکاندا دابنێین، لەوانەی بە پیادەکردنی لقێك لە لقەکانی ڕۆشنبیری هەڵدەسن، دەبینین لەوانی تر دوورترن لە ڕۆیشتن لەگەڵ بارودۆخی گەندەڵی بەرپابوو لەو وڵاتەدا، کەمتریانن لە یارمەتیدانی چینە خۆسەپێنەکاندا بە بەهانە هێنانەوە بۆ خراپەکانیان و داماڵینی سیفەتی رەوایەتی لەسەریان، بەڵام بەکۆمەڵ ڕوناکبیرەکانی تر دەبینین بەشانازی و خۆهەڵکێشانەوە لە ڕیزی ئەواندا و لەجێی خۆ بەکەم زانی وە شەرم کردن کە ئەوەی ئەوان دەستیان کەوتووە گەلەکان لێی بێ بەش بوون.

باشە وەردی برامان ئیتر چی دەوێ لە شیعری هاوچەرخ و شاعیرە هاوچەرخەکان؟

لەوانەیە دکتۆر نەزانێت کە نزیکەی سەدەیەکە شیعری هاوچەرخ نارەزایی بەرامبەر بە خەلیفەی عوسمانی دەربڕیوە و داوای ژیانەوەی دەستووری کردووە پێش ئەوەی سەدەی بیستەم بێت و ئەو -لەگەڵ کۆرپەیی- دا جەنگی داگیرکەرو کلکەکانی کردووە لە هەموو شوێنێکی وڵاتانی عەرەبیداو دوای هەموو ئەمانە هاوبەشی کردووە لە بانگەوازەکانی چاکسازیدا، بانگەوازی کردووە بۆ خوێندن و بۆ ئازادی ئافرەت و سفورکردنی، بانگی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردووە، هەروەها بۆ یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانی، بەڵکو ئەوەشی لێ بەسەر نەچووە کە بانگەواز بۆ نەرمی لەگەڵ ئاژەڵیشدا بکات، بەم جۆرە دەبینین بانگەوازی دکتۆر بۆ قێزەون کردنی شیعری کۆن لە لاسایی کردنەوەو بەدواداچوونیدا بۆ خۆی بابەتێك نییە شوێنێك بدۆزێتەوە بۆ قبوڵکردنی، هەروەها بوارێکیش بۆ برەو پێدانی.

## بانگەواز بۆ وازهێنان لە لێکۆڵینەوەی شیعری عەرەبی کۆن:

یان لە بانگەوازی نارازی بە شیعری عەرەبی کۆن دەیەوێت خەڵکی دووربخاتەوە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی و پیاچوونەوەی بنەماکانی و روونکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی لەلایەن توێژەرانەوە لە ناو وشەکانی زماندا هەروەها رەخنەگر لە شێوازی رەوانکاری و مێژوونوسیش بۆ سەردەمەکانی ئەدەب و ئەوەی لە مێژووە شارستانی نەتەوەی عەرەب دەروانێت، هەروەها ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییەی دیاردە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەیەک دەگەیەنن تا دەگاتە جگە لەوانەش کە پێویستی و سوود لە پیاچوونەوەیدا نییە، ئەگەر ئەمەی دەوێت وا نازانم بۆ ئەم بانگەوازە ئاکام و بەرەنجامێک هەبێت جگە لە بڕینی هۆکارەکانی زانین لە خەڵکی و داخستنی بوارەکانی توێژینەوە بە ڕوویاندا. ئەمەش بە پڕکردنەوەی چاوگەکانی یەکەمی، هەروەها بە هەڵکوتانە سەر هەوڵەکانی نەتەوە، کە هەوڵەکانی لە مێژووی شارستانیدا سووک و ئاسان نییە لە کەمترین گریمانەو بۆلوانەکانیدا. شیعری عەرەبی لە نەفامێتی کۆنیدا تەوراتی ئەم نەتەوەیە بووە و رووکەشی چالاکی زیهنی ئەو بووە لە ڕۆژێکدا کە جگە لەو چالاکییەکی عەقڵی نەبووە، هیچ توێژەرو مێژوو نوسێک بێنیاز نەبووە لێی کاتێک ویستویەتی توێژینەوەیەک یان لێکۆڵینەوەیەک بۆ نەفامییە کۆنەکەی ئەنجام بدات.

پاشان ئەو یەکێک بووە لە ڕواڵەتەکانی چالاکییە زیهنییەکانی و کارە هونەرییەکانی ڕۆژێک کە ڕواڵەتی تری لە چالاکی تر بۆ بەرپا بوو بوو. کاتێکیش سەردەمێک بۆ نووسین و دانانی بنەماکانی زانستەکانی زمانەوانی و عەقڵیی دەستی پێ کرد، بۆی بزوا بۆ نووسینەوەی بنەماکانی ئەو زانستانە کە تیایاندا موفرەداتی وردو زاراوە مردووەکان هەست پێ دەکرێت و خووی بڵاو و نەریتی باو و شوێنەواری داپۆشراو و ڕوداوی نەزانراو دەردەهێنرێ کاتێک زانینی ڕێبازە فەلسەفی و بنەماکانی زانستی گفتوگۆو سۆفیگەری جێگیر دەبێ و چارەیش نابێت کاتێک پێویستی پێگەیاندن و پێکهاتن لە نێوان ڕواڵەتەکانی قورئان و فەرموودە و ئەم بیرە

نوێیەی خوێندنەوەی لەسەر کردووە کە پەنا بۆ شیعر ببەیت بۆ دەرهێنانی شایەت و بەڵگەو لێکچوون و هاوتا، جگە لەوانەش تیایدا لەو چەشنانەی تووشی بووە لە خوێندنەوەی و ڕاهاتنی بۆ شیعری عەرەبی کۆن.

نەدەبوو دکتۆر بەم گاڵتە جاڕییەوە بەشێك لە زنجیرەی بیروبۆچوونەکانی بێنێت ئەگەر بگەڕایەتەوە سەری و پشتی پێ ببەستنایە، ئیتر بۆچی لە خەڵك واز ناهێنێت و دەیەوێت لایان بدات لە شتێك بەبێ پسپۆری پێی گەیشتووەو بێ ئەوەی پێشتر لێی کۆڵیبێتەوە و شارەزاتر بێت لە خاوەن ڕێبازە ئەدەبیەکانی ئەم سەردەمە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی تر لە خاوەن لێکۆڵینەوە ووردەکان سەرکەوتوو نەبووە یان نەیوێراوە بەم شێوە گاڵتەجاڕیيە.

وتیان بە فەیلەسوفێکی نەخۆش ((حەز لە چی دەکەیت؟))

وتی: ((ئەگەر حەز بکەم))

لەوانەیە حەزی قسەکردنیش لە حەزی خواردنەوە بێت.

***

# وتاری چوارەم

## دکتۆر وەردی و ئەوەی وەسفی شیعری عەرەبی کۆنی پێ کرد:

دکتۆری بەڕێز وەسفی شیعری عەرەبی کۆنی بە کۆمەڵێ وەسف کردووە کە لە وتاری پێشوومدا ئاماژەم بۆ کردو تێبینیم لەسەری دواخست بۆ ئەم وتارە. بە کورتی ئەوەی وەسفی شیعری عەرەبی پێ کردووە ئەوەیە کە خاوەنی بەهای دەشتەکییە و ئامانجی سواڵکردنە و غەزەلەکانی بۆ گەستنی سۆزی خۆشگوزەرانەکانە و وەسفەکانیشیان بۆ ئەوەیە ماستاوی بۆ خەلیفە و پادشاکان پێ خۆش بکەن، باش لە ستایش و لاواندنەوەیان دەزانێت بۆ پاساوی ئەو کارانەی کە ئەوانە دەیکەن و لەخۆیاندا هیچ پاساوێکی داتاشراو هەڵناگرن، ئەگەر ئەم پشتیوانییە نەبێت لە ڕێگای ئەم ستایشە ڕازێنراوانە و درۆ هەڵبەستراوانەوە هەتا دەگاتە هێنانی ئەو سیفەتانەی ئەگەر بە ئاشکراش نەهاتبن بێگومان لە ڕێگەی دێڕەکانیانەوە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە.

پێویستیشە پێش ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆری بەڕێزدا بکەم هەندێ تێبینی بخەمە بەردەستی کە یارمەتی من و ئەویش بدات بۆ ڕوونکردنەوەی رادەی ڕاستی و ناڕاستی ئەو سیفەتانە، ئەم تێبینیانەش وەك چەند دەرگایەك وایە کە دەمانباتە ناو لێکۆڵینەوەی شیعر لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەسەلەی لێکۆڵینەوەکەیەوە و لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتی و دەروونزانەکانەوە، ئەوانەی نێوانی شیعرو کۆمەڵگاکەیان یان نێوانی شیعرو بێژەرەکانی بەیەك دەگەیەنن لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی یان دەروونیدا، ئێمە نامانەوێ دەرگا بە ڕووی ئەوانەدا دابخرێت یان ڕێگایان لەبەردەمدا بگیرێت بۆ گەیشتن بە سفرە و خوانەکانی بەڵکو ڕێنموونییان نەکەین بۆ شوێنی

چوونە ژوورەوە و شێوازی نانخواردنەکەش، چونکە کۆمەڵە خەڵکێك هەڵزناوە بە هەیوان و دیوارەکانیدا و هەندێکی تر لە دەرگای پشتەوە چونەتە ژوورەوە هەتا ئەگەر لەسەر سفرەی نانخوارنەکەش لە شوێنی بانگهێشتکراواندا دانیشتبن لەخۆیان بایی دەبن و کۆکە دەیانگرێت. بە ئاواتی خۆیان گەیشتن کاتێك قورقێنەیان دا لەوەی دەستیان کەوت لەو تێشووەی کە کەمێکی تریە.

## چەند تێبینییەك کە هەر دەبێت هەبن:

ئەوەی لەبەر دەستماندایە لە شیعری عەرەبی، بەتەمەن و ڕۆچووە لە کۆنیدا و ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەدایە لە شیعری نەفامی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەفامێتی نزیك، چەرخی پێگەیشتن و لاوێتی ئەو نییە لە هیچ حاڵەتێکدا، ئەو لەسەردەمی نەفامییەوە تا ئەمڕۆ بە زیندوویی دەگوێزێت، ڕاگوێزان دەکات لە نێوان سەردەمی دەشتەکی و شاریدا و دەوترێتەوە لەسەر زمانە جیاوازەکانی بنەماڵەو ڕەچەڵەکەکانی و کۆمەڵێکی هەمە جۆر لە کلتورو لێکۆڵینەوە، تەنها لە ڕەچەڵەکە عەرەبییەکاندا بێ ئەوانی تر کورت نەکردووەتەوە هەروەها لە کۆمەڵگە دەشتەکییەکاندا بەبێ ئەوانی تر بەڵکو کلتورو شارستانیەتەکانی تر ڕژاونەتە ناو دۆڵ و شێوەکانی و عەرەبی کردووەتە زمانی وەرگێڕانی ئەوەی لەلایەتی لە ئەندێشەو بیروبۆچوون.

بۆیە ئەگەر هەموو شیعری عەرەبی بە دەشتەکی یان بە شارستانی لەسەردەم و ڕۆژگارە جیاوازەکان و بێژەر و شارەزا جیاجیاکانی وەسف بکرێت مەترسییەکە خاوەنەکەی تووشی هەڵە لە خەملاندنداو دۆگمایی مەبەست لە بڕیارداندا دەکات.

٢-بەڕاستی شیعر ئامادەییەکە دەسپێکێکی فیتری هەیە بەبێ نێردەیەك یان وروژێنەرێکی دەرەکی، پاشان گەشە ئەکات بەهۆی ئەو کاریگەریانەی دوروبەرە کۆمەڵایەتی و پەروەردە فێرکاریەکە بۆی بالاپۆشی دەکەن نێردە دەرەکیەکانیش کاریگەرییان لەسەر بازپێدان و ئاڕاستەکردنی نەکردووە تا دوای ئەوەی خاوەنەکەی گەیشتووە بە ڕادەی ووردبینی و شارەزایی، ئەویش قۆناغێکی دواینەیە کە شاعیر پێی ناگات تا دوای قۆناغێکی دووری ژیان نەبێت، ئەو غەزەل دەڵێت پێش ئەوەی

ئەویندار بێت ستایش دەکات پێش ئەوەی بارودۆخێکی نەبوونی بۆ دروست ببێت دەست پان بکاتـەوە، وەسـفی ئـەوە دەکـات دەکەوێتـە بەرچـاوی یـان نموونـەیان لـە شیعری شـاعیرەکانی تـردا دەبینێت پێش ئەوەی بزانێت سفرەی خۆشگوزەرانەکان چۆنە وچی ڕابواردنەکانیان خۆش دەکات و شەوەکانیان بۆ ئاوەدان دەکاتـەوە، ئەو بۆخۆی هۆکار دروست دەکات لەکاتێکدا هیچ هۆکارێکی تر بۆ وتن نابینێتەوە، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە تا چارەسەری مەسەلەی شیعرو موعاناتی وتنی دەکات تا ئەو کاتەی ئامانجی وتنی بۆ ڕاست دەبێتەوە و خۆشەویستی ڕایدەکێشێت بۆ غەزەل وتن یـان تەنگەتاوییەك پەنای پـێ دەباتـە بـەر کاسبی کـردن بـە سـتایش، یـان بۆنەیـەك ناچـاری دەکـات بـە لێخوێنـدن، غـەزەل دەڵێـت و سـتایش دەکـات و ولێخوێنـدنی بەردەوامە تەنانەت لەم قۆناغەشدا بەپلەی یەکەم هەر ملکەچی ئارەزووە هونەرییەکە دەبێت کە پاڵنـەرێکی ناوەکی هەیە بۆ بەدەست هێنانی ناوبانگ زیاتر لە بەدەست هێنانی ماڵ.

هەرکاتێك لە دەروونی شاعیران شارەزا بووین و چووینە ناخیانەوە کە هـەر دەبێ ئـەوە بکرێ لەهـەر بڕیارێکـدا کەبەسەریاندا دەدەیـن و وا ڕاهـاتووین کـە ئـەو وتنـی ((ئافـەرین و باشـت کـرد))ی پـێ خـۆش تـرە زیـاتر لـەوەی دڵخـۆش ئـەبێ بـۆ مـانگی چواردە تیشکی پەخش دەبێت بەسەریدا و ئەو دیارییانەی پێشکەشی دەکرێت.

ئەگەر لەو ڕۆژانەدا گەلان توانایان هەبوایە کەرنەڤاڵیان بۆ بەرپا بکات و وەرزی جەماوەرییان بۆ بخولقێنێت، لەگەڵەکانیان دوانەدەکەوتن با نەبوونی و هەژاریشیان بەسـەردا بهاتبایـە. بـەڵام بـواری هەناسـەدانی ئارەزووە هونەرییەکـەیان لـە زۆربـەی کاتەکاندا هەر لە کەرنەڤاڵی خەلیفەو والییەکاندا بووە، بۆیە هەر دەبوو لەو کەش و هەوایانەدا هەناسە بدەن.

لەبەر ئەوە نزیك بوونەوەیان لە ستەمکاران تەنها پاڵنەری نزیك بوونەوە و هـەروەها ئارەزووی چەسپاندنی هۆکارەکـانی ستەم و سەرکەشـی نەبووە، بەڵکو ئەوە هونـەر بووە کە لە سنگیاندا پەنگی خواردۆتەوە و جێ هەناسەیەکی نەدۆزیوەتەوە تـەنها لەو دەوروبەرانەدا نەبێت. ئەم تێبینیەش ئەگەر دکتۆر وەردی لەگەڵیدا بێت لەسـەر بـەرپا

بوونی دیاردەکە بەڵام ئەو جیا دەبێتەوە لەوەی کە دەوترێت دەربارەی هۆکارو شوێنگەی بەرپابوونی لە دەروونی شاعیرەکاندا.

٣-بێگومان مەبەستەکانی شیعری عەرەبی زۆرترینیان لە سەردەمەکانی نەفامیەوە هاتوون، ئەو شیعری غەزەل و وەسف و ستایش و لێخوێندن و حەماسەتی ناسیوە پێش ئەوەی چینایەتی لە نیشتمانی عەرەبیدا دروست ببێت و پێش ئەوەی خەڵکی دابەش ببن بۆ گەورەو کۆیلە و عەرەب و غەیرە عەرەب (موالی) وداراو نەدار، وەسفی مەی ئامرازی هەموو شاعیرێك بووە، (امرؤ القیس) ڕێکی خستووە لە کاتێکدا شا بووە، عەنتەرەی عەبسی هێناویەتی کە ئەو کوڕی کەنیزەکێك بووەو حوشترەکانی مامی لەوەڕاندووە، کەعبی کوڕی زوهەیریش خۆی لێ لانەداوە لە هێنانە ناوی هەڵبەستێکدا کە ستایشی پێغەمبەری پێ دەکاتن ئەم بابەتانەش وەك نەریتێکی شیعری ماونەتەوە وشاعیر تیایدا خۆی تاقی دەکاتەوە کە توانای چەندە لە ڕێچکەو باشی تیایاندا، هەردەبێ هەموو شاعیرێك دەفری خۆی تێ فڕێ بدات ئەگەر هیچ حەزلێکردنێکیش تیایدا نەبووبێت و حەماسەت بیگرێت بێ ئەوەی شتێك لە ئازایەتی تیا بێت، هەروەها وەسفی پیری بکات لە کاتێکدا کە ئەو لاوێکی نەوجەوانە و زۆر لە خۆشی بکات بۆ وەسفی گەنجی لە کاتێکدا کە خۆی پیرە وبگری بۆ تەپۆڵکەو دەشتەکان با خۆیشی لە شارەکانیش ڕاوەستا بێت، هەروەها وەسفی مەی بکات بێ ئەوەی لە بخۆرەکان بێت، دانایی بکاتە پیشەو لەهەموو کەس زیاتر گاڵتەو گەپ و گەمە کەر بێت بە ژیان و گاڵتەو گەپ دروست بکات لە کاتێکدا کە ئەو سەنگین و بەڕێزە، ئەوەندەت بەسە کە بزانی (ئەبو عەلای مەعەری) کە خاوەنی هەڵبەستەکانی (الطردیات و الدرعیات)ە لە کاتێکدا کە کوێر بووەو نەمەرج و گرەوێکی دیوەو نەقەڵغانەکانی جەنگ، لەبەر ئەوە ڕێگا جیاوازەکانی بابەتەکان لەلایەنی شاعیرەکانەوە تەنها چەند هەوڵێکی هونەریی تاقیکاری بووە ئەگەر لای هەندێکیان بەشێکیان لەسەر کۆمەڵە هۆکارێك لە بالآپۆشیەکانی ژیان بەرپا بووە، کاتێك تێبینی ئەوەمان کرد ناتوانین زاڵبوونی کۆمەڵە بابەتێکی وەك وەسفی مەی بۆ نموونە بەسەر باقی بابەتەکانی تری لای هەموو شاعیرەکان یان زۆربەیان بسەلمێنین، بەڵکو گومانیش

هەیە تەنانەت لەسەر ئەوەش دەدرێتە پاڵ ئەبی نەواس بۆ نموونە زۆربەی شیعرەکانیشی لە وەسفی مەیدا نییە بەهیچ شێوەیەك.

٤-بە گەیاندنی ئەوەی پێشکەش کرا بێگومان تێبینی ڕێچکەی شاعیرەکان ناکرێت تەنها لە ڕووی هونەری پەتییەوە نەبێت کە لەو دەربڕینەی یەکەمدا هەموو ڕەفتارو ناڕاستەکانی پێ ڕەنگاو ڕەنگ کراوە ڕەخنەگرە پێشینەکانیش وایان تەماشا نەکردوون تەنها لەم گۆشەیەوە نەبێت.

شاعیرەکان لە زۆربەی کاتەکاندا خاوەنی پەیامێك نەبوون لە مێژوودا جگە لەو پەیامە هونەرییە، هەروەها ئەوان خاوەنی ڕێبازی سلوکی و عەقائیدی سیاسی نەبوون کە پابەندبن پێیەوە، شاعیریش شاعیرە پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بێت؛ ئەگەر وا ڕێکەوت بۆ یەکێکیان کە خاوەنی ڕایەك یان بیروباوەڕێك یاخود ڕێچکەیەك لە ژیاندا بێت، ئەوەش کار ناکاتە سەر هونەرکارییەکەی و پێوەرەکانی، بۆیە ئەو لە ڕای خۆی دەردەچێت یان بە پێچەوانەی ئەوەوە خۆی پیشان ئەدات هەروەك چۆن وەڵامی ڕای پێچەوانەکانی دەداتەوە سەرسام دەبێت بە ڕێچکەی بەرامبەرەکانی ئەگەر ڕێك بێتەوە لەگەڵ ڕێژە هونەریەکەیدا و هۆکارەکانی کارباشی تیایدا بۆیان برەخسێت.

بەڕاستی ئیسلامی بوونی (حەسانی کوڕی سابت) لە ڕوانگەی خۆیەوە لەڕوانگەی موسڵمانانەوە بەرزی نەکردەوە بەسەر بتپەرستیەکەی (عەنتەرەی عەبسی) و شیعری (ئەبی عەتاهیە) لە زوهدو ئامۆژگاریدا نەیگەیاندە (ئەخطەل)، تەنانەت لە بیروڕای سۆفیگەرەکانیش لە پیاوانی ئاینی بەڵکو شیعری (ئەبی عەلا) لە تەشەر ئامێزەکانیشیدا -کە زۆربەیان فەلسەفەی ڕەوشتی بووە- لە ئاستی بەرز نەکردەوە زیاتر لە دیوانەکەی (سقط الزند) .

بەم ئامانجە هونەریانەوە شاعیر شیعری ڕێکدەخست و لەم گۆشەیەشەوە خەڵکی لێیان دەڕوانین، داهێنانی نوێ کە بۆ ئەوە دەچێت شاعیران خاوەنی ڕێبازو بیروباوەڕن و ئەوان بانگخوازی پەیامێکن لە ژیاندا -جگە لەو پەیامە هونەرییە-لە پڕو پووچییەکانی لێکۆڵینەوە نوێیەکانەو لە پروپاگەندەکانی ئەم نەوەیەیە، لێکۆڵەرەوەکانی شیعری نەتەوەکانی تر خوێندوویانەتەوەو گواستویانەتەوە بۆ

شاعیرەکانی عەرەبی وئەو خواستەیان هەبووە بۆ شاعیرە هاوچەرخەکان، بۆیە هەر بەو شێوەیەشیان بۆ شاعیرە کۆنەکان خەملاندووە.

هەرکاتێك مەسەلەکانمان لە شوێنی خۆی دانا لەو سنوورانەی ڕەخنەگرە بە ئاگاکان لە واقیعی شاعیری عەرەبی وشیعری عەرەبی کۆن دایاننناوە، ئەو کاتە لەئەرك و پەیامەکەی دەگەین و لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ڕووبەڕووبونەوەی ستەمی ستەمکاران و حەقی حەقداران لامان دەدا، هەروەها بەرزتر ڕامان دەگرت و وەلأمدانەوەی هەرزانانەی زوهدی زاهیدەکان و ڕابواردنی خۆشگوزەرانەکان وە باوەڕمان بەوە دەهێنا کە هەموو ئەوەی ئیبی دەردەچیْ بە پلەی یەکەم ملکەچە بۆ وەلأمدانەوە هونەریەکان لەوەی کە خەملاوەو زارەکی بووە لە هونەری شیعردا.

شاعیری عەرەبی کۆن وەك ئامێرە نوێیەکانی وێنەگرتن وابووەو دەکەوتە سەر جۆرەها شت و وێنەی دەگرت، وەکو یەك بوو ئەگەر بکەوتبایەتە سەر فریشتەیەك یان شەیتانێك وبەمەش ڕووداني پێچەوانەبوون لە شیعری (ئەبی العلا) لە ڕاڕایی لە نێوان باوەڕو گومان و گەشبینی ورەشبینیدا لێك دەدەینەوە و دەگەینە نێوان بانگەوازەکانی (ئەبی تەیبی موتەنەبی) لە شکۆمەندی و ئابڕوومەندیدا و ملکەچی و گۆڕانی ئەولەبەردەم دەروازەی داری کافوردا.

***

# وتاری پێنجەم

من مەبەستم نییە ڕەتی سیفەتی هەڵگری پەیام و بیروڕا جگە لە پەیامی هونەری لە شاعیران بکەمەوەو دایانبڕنم لە ڕایەك باوەڕیان پێیەتی یان ڕێچکەیەك کردبێتیانە میتۆد لە ژیاندا، چونکە شێوە مەحاڵە کە کەسێك لە بیروڕا و ڕەوتێك لە ڕێچکەیەك دابڕێت بەڵکو من مەبەستم ئەوەیە ئەوانە کاتێك سیفەتی هونەری لەبەر دەکەن زۆرێك لە باوەڕو ڕێچکەکانیان تێدەپەڕێنن وخۆیان ڕووت ئەکەنەوە لەپەیوەندی و هاوڕێیەتیەکانیان بۆ ئەوەی پێویستی سروشتی شیعرە لە فەنا بوونی خودو سڕینەوەی کەسایەتی، بۆ ئەوەی لە جێگایدا کەسایەتی هونەری بەرپا ببێت لە شێوەی باڵادەستییەکی سەرکەشانە بەسەر تەواوی لایەنەکانی تردا، هەروەها ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە من ڕازیم بە ڕێچکەی شاعیران یان ئەمەم بۆ ئەوەی هاوچەرخ دەوێت، بەڵکو دەمەوێت حەقیقەتێك بسەلمێنم کە پێشتر بەرپا بووە، هەردەبێ وەك لێکۆڵەرەوە وەسفییەکان لای خۆمان بێ ئاگا نەبین لێی لە کاتی لێکۆڵینەوەکانماندا، لەوانەیە ئەو لەتبوونەی لە کەسایەتی شیعری ئەمڕۆدا دەیبینین بۆ ئەو شوێنەوارە تەقلیدیە لە هونەری شیعردا بگەڕێتەوە، بەڵام مانەوەی تا ئەو سەردەمەی کە خەڵکی تیایدا دەیانەوێت شاعیر خاوەنی پەیامێك بێت لە ژیاندا، هەندێ لە شاعیرەکانی دووچاری ڕەخنەی ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان کردووەتەوە، تا ئەوەی وەسفیان بکەن پاشگەز بووەکان لەو پەیامەی مژدەیان پێ داوەو وایان پیشان داوە ڕای جێگیرە لایان لە ژیاندا.

لەژێر تیشکی تێبینی یەکەمدا لە درێژبوونەوەی مێژووی شیعری عەرەبی و فراوان بوونی پێگەو ئاسۆکانی و جۆربەجۆری بێژەرەکانی لەناو نەژادو کلتورەکاندا و

بەکارهێنانی بۆ مەبەستی دەروونە جۆراوجۆرەکان، دروست نییە بۆ لێکدەرەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان کە شیعری عەرەبی لە هەموو قۆناغ و بارودۆخەکانیدا بە بەها دەشتەکیەکان ڕەنگ بکات، مەگەر تەنها خۆلادان هەبێت لە سادەترین بنەماکانی کۆمەڵناسی لە کاریگەربوونی هونەرەکان بە دەوروبەرەکانیان و کلتوری خەڵکەکانیان و جیاوازیان لە نەژادو ڕەچەڵەکدا.

ئەگەر دکتۆر وەردی بەها دەشتەکیەکانی بەنەناوەکانی خۆیەوە ناوبردایەو ڕێنموویی بکردایە بۆ شوێنەکانیان لە ناو شیعری عەرەبیداو وێنای ڕادەی سەرکەشیەکەی بەسەریدا بکردایە لەگەڵیدا، ڕێکدەکەوتین یاخود پێچەوانەکانیمان بۆ دەردەهێنا و بەها شاریەکانمان پیشان ئەدا کە شیعری عەرەبی پێ ڕازاوەتەوە، بۆیە ئەو بانگ کراوە بۆ ئەوەی کە دە دانە لە بەها دەشتەکیەکانمان بۆ باس بکات و هیوادارین کە جیاوازی بکات لە نێوانی واتا دەشتەکیەکان و بەها دەشتەکیەکاندا، چونکە ئەو دووانە یەك شت نین و بۆ ئەوەی چەند ئەوەندەی ئەوە بەهای شاری بۆ بخوێنینەوە و بۆ ئاسانکاری لە ئەرکەکەیدا بتوانێت بانگەشەکەی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوە سەردەمی ئەفامی هەڵبژێرێت چونکە دیارە کە ئەو پڕترین سەردەمە لە بەها دەشتەکیەکان.

لەوانەیە بشتوانین هەندێ شوێنی بەها دەشتەکی و شاریەکانی لەناو شیعری ئەفامیدا پیشان بدەین، بەڵام وای بەچاك دەزانین کە سزای گەڕان و پشکنینی پێ بچێژین بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆی لابدات لە بڕیار دەرکردن.

لەژێر تیشکی ئەو تێبینیەکانی تردا پێویستە مێژوونوس بەوە فریو نەخوات کە لە شیعردا وەسفی ڕووداوێك یان جەنگێك یان ستایشی پادشا یان خەلیفەیەك ببینێت ئیتر لە جێگای دەقی مێژوویی دەقی شیعری دابەزێنێت و لە وێنا کردنی ڕووداوەکەدا پشتی پێ ببەستێت لەکاتی ڕوونکردنەوەی هۆکارو دەرەنجامەکانیدا، چونکە شیعر وەك زمانێکی تایبەت لە دەربڕیندا پێویستی بەزیادەکاری و ڕۆچوون هەیە بەو ڕادەیەی کە دەقی پەخشان نایخوازێت، دیارە کارکردە هونەریەکان کاری خۆیان دەکەن لە خولقاندنی کەسەکان و هۆکارەکاندا، هەروەها لە گۆڕینی حەقیقەتەکاندا،

گۆڕانێك دووری بخاتەوە لە واقیع، دەقیش ئاگەڕێنرێتەوە بۆ ئاڕاستە واقعیەکەی خۆی تەنها بەوریاییەکی بەئاگاوە نەبێت بۆ پێویستییە هونەرییەکە لەڕووی دەربڕینەوە.

هەر بەو شێوەیەشە بۆ لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی کاتێك دیاردەیەك دەبینێت و شاعیران وای پیشان ئەدەن کە ئەوە بڵاوە یان دەرکەوتووە لە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکاندا، یاخود وادەردەکەوێ لە ڕێچکە و ئاڕاستەکانیاندا کە ئەوە بڵاوە لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتیەکەش ئەم دیاردە دەکێشێ بەسەر کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە شاعیران تەنها نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، ئەگەر ڕاستیش بکات لە نوێنەرایەتیەکەیدا، یان نوێنەرایەتی ئەو چینەی دەوروبەری دەکات، هەروەها بەباشزانینی شیعرەکانی لەلایەن موسڵمانانەوە دیاردەیەك لە دیاردە ڕەزابەخشەکانی ژیان نییە لەلایەن ئامانجی ئەوەی پیشەکەی دەینوێنێ ولایەنێکی تەسکە لە لایەنەکانی ژیانیان، ئەگەر تێپەڕێنێ بۆ کۆمەڵگاکانی تر ئەوە بۆ ڕق لێبوونەوەیەك دەچێت لەلایەن زۆربەی موسڵمانانەوە و بۆ ڕەزامەندیەك کە سنوورەکانی لایەنە هونەریەکەی وتن تێناپەڕێنێت.

هەڵگرتنی ڕێچکەی کۆمەڵگەکان لە ڕێچکەی شاعیرەکان یان وتەکانیان واقیعی کردەیی ناتەواوە بۆ تێگەیشتنی دیدگای خەڵك بۆ شاعیران، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان شاعیران نموونەی بالاٌ نەبوون لە ژیانی سلوکیدا لای زۆربەی موسڵمانان با لە سوود وەرگرتن لە نموونە بەرزەکانیان و هەڵبەستە باشەکانیاندا پێشوازی زۆریان لێ کرا بێت و جێگای ڕێزیش بووبن.

بەڵام بارودۆخ بۆ لێکۆڵەرەوەی دەروونی ئەوەندە ئاگایی و وریایی دەخوازێت کە بگاتە ئەوەی هەندێ جار چەمکەکان ئاوەژوو بکات دژو پێچەوانەکانیان پێ هەڵبگرێت وکەی لێکۆڵەرەوەی دەروونی شۆڕبوویەوە بۆ بەڵگە شیعریەکان، تێدەگات دەروونی ئەو شاعیرانە و ئاوەکیەکانیان چی لەسەرە ودەگاتە ئەوەی کە ڕانەوەستاوە لەسەری و واقیع پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەوهێناویەتی.

لەناو توێژەراندا کەس نییە بێ ئاگا تر بێت لەوانەی دەروونی شاعیران لە شیعرەکانیانەوە لێك دەدەنەوە و وێنەی ئەو لە هەڵبەستەکانیدا دەردەهێنن؛ چونکە هەڵبەستەکان باوەڕ پێنەکراون تەنها لەلایەنە هونەریەکەوە نەبێت کە توێژەری دەروونی سوودی لێ نابینێت مەگەر لە سووکترین ڕاڤە کردندا نەبێت.

دوای ئەوە کەواتە ئەمە کۆمەڵێ تێبینییە کە بنەماگەلێکی یەکەمن کە هەر دەبێ هەبن بۆ لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژووییەکان وهەر دەبێت پێش ئەوە تێگەیشتنێکی ڕەسەن لەسەر ڕۆحی ئەم پیشەسازیە هەبێت، ئەگەر نا ڕێگای لێ ون دەبێت و ئەیدا بەسەر یەکدا —وەك پەندەکە دەڵێت— بەسەریەکدادانێکی کوێرانە.

با برای دکتۆر متمانەی هەبێت کە ئەوەی ئاڕاستەم کردووە لەو رەخنە لێگرتنانە لای نەداوم لە ڕووە خێرو حەقەکانی بەشێك لە بیروڕا کۆمەڵایەتیەکانی و من یەکێك بووم لە سوودمەندەکان لێیانن هەروەها من ئارەزووی ڕاگۆڕینەوەم نەبووە لەگەڵیدا یان هەوڵم بۆ دابێت وەك ئارەزوومەندی مشت و مڕو ڕاگۆڕینەوە لە خۆیدا، بەڵام هەندێ سەرەڕۆیم لەچەند مەسەلەیەکی ئەدەبیدا تیا بینی کە بەردەوام بە بۆنەو نابۆنەوە دەیڵێتەوە و پشتی پێ ئەبەستێت، لەسەمەرە وورووژاندنەکان کە لە زمانی ساویلکەکاندا دەدۆزرانەوە، کە دوورن لە توێژینەوەی جدی وەك ئارەزوویەك زیادەڕەوی و زۆر گووتن لە خۆیان بایی کردوون.

من ویستم بیپارێزم لەو دەسخەرۆییەی ساویلکەیی هەندێ لە خوێنەران پەلکێشی کردووە بۆی و بیپارێزم لە گاڵتەجارییەك کەپیاوێك پێیەوە ئالودە بووە هەرگیز گاڵتەکردنم بۆ ئەو ناوێت؛ هەروەها هیوادارم ئەوەش بزانێت کە من دەرگای سەرزەنشتی بەکراوەیی بۆ دەهێڵمەوە بۆ ڕاست کردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی، ئەوەشی بۆ بەجێ دەهێڵم کەوای پیشان بدات لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەچووە کە دراوەتە پاڵی و وا پیشان بدات ئەوەی خراوەتە سەری بەهۆی گومانەوە بووە و لەوانەیە بەبێ مەبەست گوتبێتی یان مەبەستی بووە بەڵام بەبێ خەماڵاندنی ئاکامەکانی.

وا ئەزانم ئەو هەموو ئەمانە یان هەندێکیان لە وەڵامدانەوەی منیدا دەیڵێت، بەڵام دڵنیام کە ئەو لە ڕۆژەکانی داهاتوویدا ئاگەڕێتەوە بۆ ئەم مەترسیانە و ئەگەر لەم ڕۆژە

نزیکانەشدا هەوڵی وەڵامدانەوەی دام، واشدەزانم کە دانایی بنوێنێ لە بیروڕاکانیدا با پاش ماوەیەکی تریش بێت.

دیارە ئەم برا بەڕێزەش ڕایگەیاندووە کە وەڵامی وتارەکانم لە کتێبێکدا کە ئامادەی کردووە بڵاو دەکاتەوە بۆیە داوای لێ دەکەم کە ئەم وتارانەش لەگەڵ گەیاندنیان بەیەك بڵاو بکاتەوە، ئەمەش باشترو بەسوودترە بۆ خوێنەران و جێگیرترە بۆ بڕیاری ڕەخنەگران کاتێك تیشك دەخەنە سەر هەردوولا.

# وتارەکانی نووسەر



"وتاری یەکەم"

# ئەدەب و کۆمەڵناسی

لە ڕۆژێکی وەك ئەم ڕۆژانەی ساڵی پاردا تێگیرابووم لە مشت و مڕێکی توندو تیژ لەگەڵ هەندێ لە ئەدیباندا دەربارەی تیۆرگەلێکی کۆمەڵایەتی ڕووت، ئەمەش دوای دەرچوونی کتێبی ((گاڵتە جاڕی عەقڵی مرۆیی)) یەکێك لەو ئەدیبانە مشت و مڕی دەربارەی تیۆری توینبی لە سروشتی شارستانیەتی مرۆیدا لەگەڵ دەکردم. من تێبینی ئەوەم کرد کە ئەم ئەدیبە شتێکی زۆر لەو تیۆرە نازانێت و لەوانەیە هەر نەیبیستبێت پێش ئەوەی کتێبەی من بخوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەڕاو پەلاماری ئەدا و ڕەخنەی دەگرت لە تیۆرەکە و بەردەوام جنێوی پێ دەدا و لەگەڵیدا جنێوی بە منیش دەدا، بیرم دێ لەوکاتەدا پێم وت ((کێشە نییە نووسەر ڕەخنە لە بابەتێك بگرێ کە بواری پسپۆریی ئەو نەبێت بەمەرجێ شتێك دەربارەی بابەتەکە بزانێت کە ڕێگەی ئەو ڕەخنە گرتنەی پێ بدات، نەك کوێرانە قسەی تیادا بکات، ئەدیبەکەش وەڵامی دامەوە لەگەڵ مشتێ جنێوی شەخسی بە خۆم و وتی: (هەر لە سەردەمی کۆنەوە ئەدەبی عەرەبی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەعریفەوە هەبووە و بەلای کەمەوە لە قۆناغە پرشنگدارەکاندا ئەدیبی عەرەبی ناچار بووە لە هەموو شتێك بەشێکی کۆبکاتەوە، پەیوەندی ئەدەبی ئەمڕۆش کەمتر نییە لە پەیوەندی ئەدەبی دوێنێ بەلایەنەکانی مەعریفەوە و ئەدیبی تازەش تەسکترین ئاسۆ و چروکترین ڕۆشنبیری لە ئەدیبی ڕابردوو نییە ).دوای

ساڵێك لەم ڕووداوە خۆم بینیەوە کە تێگیرابووم لە مشت و مڕێکی تردا لەگەڵ ئەدیباندا، بابەتی مشت و مڕەکەش ئەمجارە پەیوەندی بە ئەدەب و زمانەوە هەبوو، ئەدیبانیش بەیەکەوە بە ڕوومدا ڕاپەڕین و پێیان ووتم (بۆچی دەستێوەردان دەکەیت لە شتێکدا پەیوەندی بە تۆوە نییە و دەچیتە ناو بابەتێکەوە پسپۆر نیت تیایدا؟!) لەوانەی ئەم جۆرە قسانەیان کردبوو هاوڕێم دکتۆر محی الدین بوو لەو وتارانەدا کە ڕۆژنامەی (البلاد) لەم ڕۆژانەدا بڵاوی کردبونەوە. بەڕاستی مەسەلەی ئەم ڕۆژانە سەیرە، من لە دوێنێدا لۆمەی ئەدیبانم لەسەر هەمان کار کە ئەمڕۆ لۆمەی منی لەسەر دەکرێت دەکرد.

## ئەدەب و زانستی کۆمەڵناسی:

دەمەوێ ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە بۆ ئەوەی دیدگای زانستی کۆمەڵناسی لەم بابەتەدا ڕوون بکەمەوە، واش زانراوە دەربارەی زانستی کۆمەلایەتی کە لە ئەدەب و مێژوو و ئابوری و سیاسەت و ئایین وهونەرو لەو شێوانە دەکۆڵێتەوە.

دیارە بەو هۆیەشەوە مشت و مڕێکی درێژ لە نێوان توێژەراندا وروژێنراوە کە ئایا دروستە بۆ زانستی کۆمەلایەتی دەست تێوەردان لە بابەتگەلێکدا بکات بواری پسپۆری غەیری ئەوە؟

لەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی زانستی کۆمەلایەتی کراوە ئەوەیە کە ئەو وەك (دائیرەتولمەعاریف) ی لێ هاتووە، چونکە ئەو دەست وەردەداتە هەموو لقێك لە لقەکانی مەعریفە و بیروڕای خۆی تیایدا دەردەبڕێت و واتای ئەوەش ئەوەیە کە ئەو وەك نۆك وایە کە لای ئێمە دەکرێتە هەموو چێشتێکەوە.وەڵامی زانایانی کۆمەڵناسیش بۆ ئەو تۆمەتە ئەوەبوو کە زانستەکەیان لە لقە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە ناکۆڵێتەوە تەنها لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە نەبێت، ئەو بۆ نموونە کاتێك لە ڕووداوێکی مێژوویی دەکۆڵێتەوە، بەلایەوە گرنگ نییە مێژوونوسان چۆن گەیشتونەتە راڤەکاری ئەو ڕووداوە، یاخود دەرهێنانی پێگەوبەندو بەڵگەکانی تیایدا و واز لە خۆیان و کاروبارەکانیان دەهێنێ لە بەدواکەوتنی هەر میتۆدێکی تایبەت بە

خۆیان، بەڵام دواجار دێ و ئەو ئاکامەی ئەوان پێی گەیشتوون وەری دەگرێ و پشتی پێ دەبەستێ لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زانستی کۆمەڵایەتی هاوبەشی پسپۆران ناکات لە توێژینەوە میتۆدییەکاندا، بەڵکو دێت ئەو ئاکامانەیان لێ وەردەگرێت پێی گەیشتوون و دەیخاتە بۆتەی تایبەتی خۆیەوە بۆ ئەوەی بیتوێنێتەوەو ئەو تیۆرانەی لێ دەربێنێت کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لەسەر تێگەیشتنی ئەوەی لە دەوروبەریسەتی لە دیاردە کۆمەڵایەتیە گرێدارەکان.

بۆ خوێنەر هەیە لەمەدا لۆمەی زانستی کۆمەڵایەتی بکات هەروەك چۆن پێشتر زۆر کەس لۆمەی کردووە، بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی ناتوانێت جگە لەوەی کردوویەتی بیکات تا ئەو کاتەی بابەتەکەی لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بێت، بۆیە هەر دەبێت دەست وەربداتە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەو دیاردانەوە هەیە.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێك هاتووە لەچەند لایەنێکی مێژوویی و هونەری سیاسی و ئابوری و ئایینی و ئەوانی تر، ئەگەر زانستی کۆمەڵایەتی لەم لایەنانە نەکۆڵێتەوە کەواتە لە چی بکۆڵێتەوە؟

هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی هەوڵیاندا سنووری بابەتەکانی زانستەکەیان لە چوارچێوەیەکی تەسکی تایبەت بە خۆیان دیاری بکەن و پەیوەندی بابەتگەلی زانستەکانی ترەوە نەبێت بۆ ئەوەی خۆیان لەو لۆمانە لابدەن لەهەموو لایەکەوە ئاڕاستەیان دەکرێت، ئەوەی دیار بێت ئەوان لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون وەك سەرکەوتنێکی گەورە.

ئێمەش هیوادار بووین کە سەرکەوتووبوونایە تیایدا بۆ ئەوەی رزگارمان بیوایە لەو کێشانەی کات لەدوای کات لەگەڵ ئەدیب و پیاوانی ئایینی و سیاسەتمەدارەکاندا تێی دەکەوین پەنا ئەگرین بە خوا.

## ئایا من مشەخۆرم؟

دکتۆر محی الدین بە مشەخۆر و خۆهەڵقورتێن تۆمەتباری کردووم کاتێك بینیومی ڕەخنەم لە شیعری عەرەبی گرتووە، بەوەش نەوەستاوە بەڵکو هاتووە بەرامبەرخوازی ئەوەی لەگەڵدا کردووم بۆ تاقیکردنەوە لە دانانی شیعردا یان خوێندنەوەی لە ڕێگای ئێزگەی عێراقییەوە، ئەوەشی زیادکردووە کە وتوویەتی من پاشەکشێ دەکەم لەو تاقیکردنەوە بانگهێشت بۆ کراوەدا، چونکە من هیچ لە شیعر نازانم جگە لەو گاڵتەو گەپە دووبارەکراوانە نەبێت کەهەرکاتێك بمەوێ شتێکی بە خەڵکی دەڵێم.

ئەوەی خۆشە لەم بارەیەوە جارێکیان یەکێك لە هاوڕێیان هەر ئەو ئێوارەیەی کە وتارەکەی دکتۆر بڵاوبوویەوە، هاتە لام کە هەڵبەستێکی بێگەردی بەدەستەوە گرتبوو دەیویست تاقیم بکاتەوە، ئامادەبوانیش بەردەوام چاویان تێبڕیبووم وەك ئەوەی بیانەوێ کە ئاکامی تاقیکردنەوەکە بزانن، پاشان پێکەنین کاتێك بینیمان کە بەتەواوی تاقیکردنەوەکەم بەهەموو نەویستراوییەك ڕەت کردەوە و دانم نا بە نەتوانین تیایدا، ئەمەش نوکتەی وەرزەکە بوو !!

دکتۆر وا گومان دەبات کە ڕەخنەگری شیعر پێویستە پێش هەموو شتێك شاعیر بێت، یان بەلای کەمەوە توانای وتنەوەی شیعری لە خانەی ئێزگەی عێراقی پایەداردا هەبێت، ئەمەش ڕایەکە لەگەڵیدا کۆك نیم و باوەڕ ناکەم کە خەڵکێکی زۆر هەبێت لەمەدا پشتگیری بکەن.

خەریکە هەست بکەم کە بەرامبەرخوازییەکەی دکتۆر لە شوێنی خۆیدا نەبووە و نازانم چی پاڵی بە دکتۆرەوە ناوە بۆ ئەم بەرامبەرخوازییە سەیرە؟ مافی خۆیشیەتی دکتۆر بەرامبەرخوازی لەگەڵ پیاوێکدا بکات خۆی کردبێتە داوەر لە نێوان شاعیرانداو چاکی هەندێکیان بدات بەسەر هەندێکی تریاندا لەڕووە هونەریەکەوە، کە لێرەدا من ئەوە بۆ دکتۆر دووپات دەکەمەوە کە ئەمەم نەکردووەو نایکەم، من نەموتوە شیعری جەواهیری جوانترە لە شیعری محی الدین، وە نەموتووە کە شێوازی دەعبەل

زمانپاراوتر بووە لە شێوازی بەحتەری، ئەگەر من ئەمە و شێوەی ئەمەم وت، دکتۆر ماقی خۆیەتی بانگم بکات بۆ تاقیکردنەوەو هەروەها دەریشم نەچێنیٚ تیایدا.

داواکارم دکتۆر بیری نەچێت کە شیعر دوو لایەنی هەیە: هونەری و کۆمەڵایەتی، ئەویش لەمەدا جیاوازی نییە لەگەڵ هەرشتێکی تری کاروبارەکانی ژیاندا، قەسیدەی شیعریش پێش هەموو شتێك پارچەیەکی هونەرییە بەڵام بەدانەپاڵی ئەویش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەیە کە لەناو خەڵکدا دروست دەبێت لە پەیوەندی هاوکاری و ململانیٚ، بۆ توێژەری کۆمەڵایەتییە کە هەڵبەست لێك هەڵوەشێنیٚ لە ڕووی پەیوەندییەکەیەوە بەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەرکەوتووە بەبیٚ ئەوەی قسە لە سیفەتە هونەرییەکەی تیایدایە بکات، بەڵکو ئەوە جیٚ دەهێڵێت بۆ پسپۆڕان لە ئەدیبان کە ئەوان لە وولاتەکەماندا زۆرن و خەریکە سوپاس بۆ خوا شوێنێك نەمێنێتەوە لەوانەی تیادا نەبێت.

## ئەوەی دەربارەی شیعری عەرەبی وتم:

شتێکی زۆرم دەربارەی ئەدەبی عەرەبی بەشێوەی تایبەتی وتووە، هەوڵم داوە بەپێی توانام لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەم نەچمە دەرەوە، ئەوەی لەو بارەیەوە وتوومە ئەوەیە کە شیعری عەرەبی کۆن تایبەتمەندە بەسیٚ مەسەلە و زۆر بەکەمی کۆبونەوەیان دەبینین لە شیعری نەتەوەکانی تردا، ئەوانیش: (١) ستایشی ستەمکاران (٢) وەسفی مەی (٣) غەزەل بەسەر منالاٚندا، ئەوەی کە وای لێکردم بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە کە لای هەندیٚ لە ئەدیبانی هاوچەرخ شەیدایەکی دەستکردم بۆ حەق و حەقیقەت بینی، ئەوان خۆیان بەوە وەسف دەکەن کە (مۆمن و دەسوتێن) لە کاتێکدا ئەوان بلیمەتی بەحتەری و ئەبی نەواس و ئەختەل و جگە لەوانیش لە شاعیرانی کۆن، ئەوانەی کە دوورترین خەڵك بوون لە سروشتی مۆمی سوتاوەوە بەرز ڕادەگرن.

دەبینین ڕێز لەو ئەدیبە دەگرن کە لە سوڵتانەکان وخۆشگوزەرانان نزیك دەبوویەوەو لەسەر پاشماوەی سفرەکانی ئەوان دەژیا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕقیان

لەوە دەبێتەوە کە هەوڵ ئەدات بە ئەدەبەکەی لە ڕۆڵەکانی گەل نزیک ببێتەوە و بەشێوازی خۆی دابەزێتە ئاستی ئەوان.

ئەوانە کەسێك کە بۆ گەل بنووسێت تۆمەتبار دەکەن بە بازرگان و پەیداکەری بژێوی بە ئەدەبەکەی، بەڵام کەسێك بۆ خۆشگوزەرانان بنووسێت یان بە هەڵبەستەکانی ستایشیان بکات وەك هەوڵێك بە دوای پاداشتدا، ئەوە لە دیدگای ئەوەندا ئەدیبێکی بلیمەتە و لە ناو دڵیاندا شوێنێکی بەرزیان هەیە، ئەوەی کە تکامان لێ کردن ئەوەیە کە بە ئاگا بن لەو ڕۆژگارەی تیایدا دەژین، دیارە خۆ سەردەمی سوڵتانەکان بەسەر چووەو سەردەمی گەلان جێگای گرتۆتەوە، ئەمەش لای خوێنەر شاراوە نییە و ئەوە بابەتێکی کۆمەڵایەتیە منیش مافم تیایدا هەیە کە قسەی تیادا بکەم لەگەڵ ئەوانەی قسەی تیادا دەکەن، لە هیچ حاڵەتێکیشدا هەرگیز پێداگری ناکەم لەسەر دروستی ڕای خۆم تیایدا و منیش وەك هەموو خەڵکی دەکرێت دووچاری هەڵە ببم لە هەموو ئەوەی کە دەیکەم و دەیڵێم.

## ڕێکەوتێکی نامۆ:

دوای سێ ڕۆژ بەسەر وتارەکەی دکتۆر محی الدین دا، بە بازاڕی (وەراقین) دا ڕەت بووم کە لە هەندێ لەدوکانەکانیدا بەرگی چوارەمی گۆڤاری (الاستاذ) م دەست کەوت کە لە خانەی مامۆستایانی باڵای بەغدادەوە دەردەچوو، ئەوەی کە زۆر سەرم لێی سوڕما لەو بەرگەدا، وتارێکی دکتۆر بوو بە ناونیشانی (بەربەستی کۆمەڵایەتی) کە بابەتێکە کرۆکی پسپۆڕی ئەم هەژارەی خاوەن ئەم دێڕانەیە.

نامۆیی لەوەدایە کە دکتۆر لەو وتارەدا حەوت تایبەتمەندی بۆ پاڵنەری کۆمەڵایەتی باس کردووەو نازانم لە کوێوە هێناونی و پشتی بەکام سەرچاوەی زانستی بەستووە لەوەدا؟ پێ دەچێ تێڕامابێ لە بابەتەکەو پاشان لەسەری نووسیبێ.

دەکرێت وتارەکەی بەبەرهەمی بیروبۆچوونی دابڕاوی خۆی دابنرێت و هیچی تر، با دکتۆر دڵنیا بێت کە من هەرگیز بەرامبەرخوازی ناکەم و بانگی ناکەم بۆ تاقیکردنەوە لە زانستی کۆمەڵناسیدا هەروەك چۆن ئەو بەرامبەرخوازی لە بەرامبەردا

کردم و بانگی کردم بۆ شیعر دانان یا خوێندنەوەی، بە بیرباوەڕی خۆم وای بۆ دەچم هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیەوە چۆنی دەوێت، بێگومان زانستی کۆمەڵناسی تا ئێستاش منداڵەو کەواتە پێویستی بە زۆرێك لە توێژینەوە هەیە لە هەموو ڕێچکەیەکدا، لەوانەیە خۆهەڵقورتێنەکان هەندێ بیروڕا بێنن لەسەری کە پسپۆڕەکانیش نەتوانن ئەوە بێنن.

بەڵام داواکارم لە برای خۆم دکتۆر کە لێکۆڵینەوەی ئەدەب نەبەستێتەوە تەنها بە ئەدیبانەوە، خۆ ئەگەر دروست بێت بۆ ئەدیبان توێژینەوە لە دۆزە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەن، هەروەها بۆ کۆمەڵناسەکانیش دیسان دروستە توێژینەوە لە دۆزە ئەدەبیەکاندا بکەن، بەڕاستی ئەدەب و کۆمەڵناسی دوو ڕووی یەك حەقیقەتن، کە ئەویش سروشتی مرۆڤایەتییە.

## قسەیەك بەو بۆنەیەوە

لەو کاتەدا کە بە گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر محی الدین دا خەریك بووم دکتۆر (علی الزبیدی) مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابمان لێ بەدەرکەوت بە وتارێکی خۆی کە لە ڕۆژنامەی (الحریة) دا بڵاوی کردبویەوە و تیایدا بەدەق ئەمەی وتووە:

((چەندین جار بە دکتۆری هاوڕێم وتووە کە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا توێژینەوە بکات..خێزانی عێراقیت لە پێشە لە نێوان نەوەیەکدا کە ڕۆیشتووە و نەوەیەکی هاوچەرخی نوێدا بەو هەموو ململانێ ناوخۆییە ترسناکەی تیایدایە، هەروەها کەسی عیراقی و ئەوەی ئاوێتەی بووە لە دژ بەیەکەکان وهەروەها گوندو ئەوەی تیایدایە لە شوێنەوارەکانی سەدە پێشووەکان و شاری نوێ و کێشەی کۆچ بۆی و ئەو دژ بەیەکە نەخلاقیانەی تیایدایە، ئەمانە بۆ تۆ کە تۆش پسپۆڕیت تیایدا و کەسیش ڕووبەڕووت نابێتەوە لەوەدا، بەڵام ئەدەب بێگومان هەر لە سەرەوە بەسەریدا دەڕۆیت خۆت لابدەو وریا بە ئەزیزم لە هەڵەی قەڵەم و زمان و تۆمەتەکانی ڕەخنە گران...))

من لێکچوونێکی گەورە دەبینم لە نێوان وتارەکەی دکتۆر زوبەیدی و وتارەکەی دکتۆر محی الدیندا، هەردووکیان داوام لێ دەکەن کە توێژینەوەکانم کورت بکەمەوە لە دۆزە کۆمەڵایەتیەکاندا بەتەنهاو خۆم لە دۆزە ئەدەبییەکان نەدەم، ناموێی لەوەدایە کە ئەوان بێ دوو دڵی هەرکاتێك بیانەوێت توێژینەوە لە دۆزە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەنجام ئەدەن، خوێنەر دەبەمە لای ئەوەی دکتۆر زوبەیدی کە پێش ساڵێك لە رۆژنامەی (الاخبار) دا نووسیویەتی، کاتێك خۆی دا لە رەخنەگرتن لە کتێبی (گاڵتەجاڕی عەقڵی مرۆیی)، ئەو چووەتە ناو توێژینەوەی سروشت لە رووی کۆمەڵایەتیەوە و بەرپەرچی وتەکانمی تیادا داوەتەوە بەشێوەیەکی سەیر، پاشان بەزەیی لەوەدا هاتوەتەوە پێمدا کە دەڵێت:

(من پسپۆر نیم لە زانستی کۆمەڵناسیدا، بەڵام بە مادەیەکی بنەڕەتی دادەنێم لە پسپۆریە ئەدەبییەکەمدا، چونکە ئەدەبی سەردەم بەرەو واقعیەت دەڕوات، واتە بەرەو کۆمەڵگەکەی، ئەو لە کێشەکانەی ڕادەمێنێ و ئامانجەکانی دەخوێنێتەوە و هەوڵ ئەدات بەرهەمە ئەدەبیەکەی لەگەڵدا پێك بێنێت لەسەر ئەم بنەڕەتانە وەك زیاتر کردنێك بۆ ڕەگەزە پێویستەکەی ئەدەب و داڕشتن کە مەبەستم جوانی هونەرییە، بۆیە بینیم لەو ئەرکەی خۆم وەك کارکردەیەك لەسەر ئەدەب یان بڵێ لەسەر ئەندازیاری دەروونەکان، بەرەنگاری ئەم جۆرە بیروڕایانە بکەم..).

دکتۆر زوبەیدی ڕەخنەگرتنەکەی لە کتێبی ((گاڵتەجاڕی)) کۆتایی پێ هێناوە بە گوتەی: پێویستە نوسەران لەسەری بنووسن، وەك چۆن لەسەر هەندێ لە فلیمە سینەماییەکان دەنوسرێت: ((بۆ منداڵان قەدەغەیە)).

وا بەبیرمدا دێت دکتۆر زوبەیدی و دکتۆر محی الدین لەسەر ڕێبازی ئەو هاوبیریەیان دەڕۆن کە پێشتر باسم کرد لە سەرەتای ئەم وتارەوە، ئەوان وای دەبینن کە ئەدیب دەتوانێت لەهەموو بابەتێکدا بنووسێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەدەب پێویستە بە قۆرخ کراوی لەسەر ئەوان بمێنێتەوە و دروست نییە جگە لە ئەوان کەس دەربارەی بنووسێت.

ئەوان مەسەلەی ئەو ڕاوچییەم بیردەخەنەوە لەگەڵ هاوڕێکەیدا کە لاواز بوو لە ڕاوی کەروێشک و ئاسکدا، لەکاتی دابەشکردنی کەروێشک و ئاسکەکەدا پێی وت ((ئەگەر کەروێشکت ویست کەروێشکەکە بەرە، وە ئەگەر ئاسکیشت ویست کەروێشکەکە بەرە)) ئەمەش دابەشکردنێکی نادادپەروەرانەیە.

***

"وتاری دووەم"

# کێشەی سادەکردنەوەی زمان

لێرەدا یەکێک لە وتارە بڵاوکراوەکانی دکتۆر محی الدین دەگوێزمەوە کە گۆڤاری (الاستاذ) پێش دوو ساڵ بڵاوی کردۆتەوە، دکتۆر دەڵێت:

((بەرپابوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نوێش لە جێگای پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێشوو، هەروەها دەرچوونی هەر کۆمەڵگەیەك لە پەیوەندییە کۆنەکانی ئەوە دەگەیەنێت، بە تایبەتی لە ڕوانگەی دەرچووەکانەوە لێی، کە پەیوەندی کۆن بەکەڵك نەماوە بۆ سوود لێ وەرگرتن لە ژیانی کۆمەڵگە نوێیەکاندا و قەناعەتی خەڵکی بەبەسەرکردنەوەی پەیوەندیە نوێیەکان نیشانەیەکە بۆ تەواو بوونی ئەو ئەرکەی پەیوەندیە کۆنەکە لە پێناویدا بەرپا بووە، سووربوونی هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆنەکان و بڵاوکردنەوەیان بە وتە یان کردار لە ڕێزلێگیراوترین ڕووەکانی لێکدانەوەدا، هیچ ناگەیەنێت زیاتر لە ئارەزووی وەستانی کۆمەڵگە لەگەڵ ژیانی یەکەمیدا کە پەیوەندییە کۆنەکە بۆی گونجاو بووە، یان گۆڕینی پەیوەندییەکە و لێکدانەوەی بە شێوەیەك، لەوە دەربچێت کە هەر خودی پەیوەندییە کۆنەکە بێت، بەوەی شێوازەکانی گۆڕانکاری و گۆڕین و سڕینەوەی تێ بچێت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لەم جۆرە حاڵەتانەشدا کۆتاییان لەوێدا دێت کە بانگخوازانی پەیوەندی نوێ کۆتاییان پێ هێناوە لە پشت کردنە پەیوەندی کۆن لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە )).

پێ دەچێت ئەو بیروڕایەی دکتۆر محی الدین هێناویەتی پێچەوانەی ئەو ڕایە بێت کە لەم وتارە بڵاوکراوە دواییەی لە ڕۆژنامەی (البلاد)دا هاتووە: ئەو لە دوێنێدا نارەزایی بەرامبەر دۆگماکان دەردەبڕی، ئەوانەی هەوڵ دەدەن بۆ مانەوەی کۆن لەسەر کۆنیەتیەکەی لەمەسەلە کۆمەلآیەتیەکاندا و هەر ئەویش ئێستا بەرگری لە ئەدەبی عەرەبی کۆن دەکات و دەمارگیرە بۆی، تۆ بڵێی دکتۆر لە ماوەی دوو ساڵدا ڕای خۆی گۆڕیبێت؟ یان ڕای یەکەمی بە ڕاست دادەنێت تەنها لە مەسەلە کۆمەلآیەتیەکاندا و بۆ مەسەلە ئەدەبیەکان دروست نییە؟

## ئاسانکاری لە زمانی نووسیندا :

من لە وتارە پێشووەکانمدا بانگەوازم بۆ ئاسانکاری لە زمانی نووسیندا کردووە، هەروەها دارِنینی لە ڕازانەوەو زمانلووسی، کە بەو دووانە ئەدەبی عەرەبی کۆن وەسف کراوە، ئێمە ئێستا بۆ جەماوەر دەنووسین نەک بۆ توێژێکی تایبەت و ژیانی نوێش پێویستی دەکات لەسەرمان کە شێوازی زمانمان بگۆڕین هەروەك شێوازی شوێنی نیشتەجێ و جل و بەرگ و شتی ترمان گۆڕیوە، هەرلێرەدا دکتۆر محی الدین دێت و دەڵێت ئەم بانگەوازە تازە نییە و ڕەوانبێژەکان پێش هەزار ساڵ هێناویانە، ئەویش ئەمە بە ئەبجەدیاتی زانستی ڕەوانبێژی دادەنێت، بەلآم من بەپێی قسەی ئەو نەزانم بەم هونەرە و تا ئەوەی وام لێهاتووە کە کوێرانە تێی کەوتووم و قسەی خۆڕایی تیایدا فڕێ دەدەم، نامەوێ خۆم هەڵبکێشم و وای پیشان بدەم کە زانینی تەواوم دەربارەی هەموو ئەوانە هەیە کە لە زانستی ڕەوانبێژیدا هەیە، بەلآم ئەوەی کە دەیزانم ئەوەیە کە زۆرێك لە برایانی ئەدیبمان زمانی ڕوون و ئاسان کەم بایەخ دەکەن و لە پلەی زمانی عامی بێ نرخدا دای دەنێن، ئەوانەش بە ناوماندا بڵاوبونەتەوە وهەموو ڕۆژێك سەرمان دەیەشێنن بە جنێوەکانیان.

یەکێك لەوانە پێش چەند ڕۆژێك لە ڕۆژنامەی (الحرية) دا وتەیەکی نووسیوە کە تیایدا بە جنێو لە نووسەری ئەم دێرانە دەدات، چونکە بانگەواز بۆ ئاسانکاری و سادەیی زمان دەکات و دەڵێت: (( بێگومان دکتۆر عەلی وەردی بەسوور بوونی لەسەر

بانگەواز بۆ شێوازە سادەکان، بەوە بەرگری لە خۆی دەکات و شێوازە پەککەوتوەکەی لە جوانی و هونەر دەپارێزێت، ئەمەش لە ئەنجامی بێ توانایی و سادەیی لە بیرکردنەوەدا)).

جارێکی تر دەنووسێت و پرسیار دەکات: ئاخۆ دکتۆر وەردی هەر سوور ئەبێ لەسەر ئەو ڕایەی خۆی کە بووەتە مایەی پێکەنین و، دەگمەنی و گاڵتەجاڕی دەوروژێنێ لەهەموو شوێنێکدا.. تاوای لێ هاتووە جێگای بەزەیی بێت، هەروەك لە وتارەکەی دکتۆر (عبدالرزاق محی الدین) دا هاتووە ...بەلأم ئەگەر بەرهەمی دکتۆر عەلی وەردی لە تێگەیشتنی زمانی عەرەبیدا ناگاتە ئاستی زیاتری ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوا بەهانەی روونی خۆی هەیە بەمەرجێ بڵاوی نەکاتەوە لەناو ڕۆشنبیراندا، کە جوانی دەربڕین لە ئەدەبی عەرەبیماندا بەهەند وەردەگرن، ئەمەش جیاکەرەوەی نێوان چینی نەخوێندەوارو ڕۆشنبیرانە، سەیر لەوەدایە ئەم نووسەرە دەربارەم دەڵێت کە من شەرم ناکەم لە بانگەوازی ئاشکرا بۆ بەعامیکردنی زمانی نووسین، کاتێك پرسیارم لێ کرد چۆن بۆی دروستە رایەك بداتە پاڵم کە نەموتووە و وەڵامی دایەوە: کە من لەبەر ئەوەی بانگەواز بۆ سادەکاری زمان دەکەم واتای ئەوەیە کە بانگەواز بۆ زمانی عامی دەکەم، بۆ وەلامی ئەم پیاوە هیچم نەدۆزییەوە جگە لە بێدەنگی، خوایش وای لەسەر نووسیوین کە لە ناو خەڵکێکدا بژین لەگەڵ ئەم پیاوەدا جیاوازییەکی زۆریان نییە، بۆیە هەر بێ دەنگی دەوێت کاتێك قسە دەکەن یان قسە ناکەن.

## گلەیی:

دکتۆر محی الدین رەخنە لە بانگەوازەکەم بۆ سادەکاری زمانی نووسین دەگرێت بەوەی کە بانگەوازێکی کۆنە و هەزار ساڵی بەسەردا چووە، نازانم ئەی چی دەڵێیت دەربارەی ئەوانەی بانگ بۆ زمانی گرێدارو شێوازی زەنگدار دەکەن، لەگەڵ بوونی ئەم بانگەوازە هەزارییەشدا؟ ئایا بۆ شیاو تر نەبوو ڕەخنە لەوانە بگرێت لەجیاتی ئەوەی

ڕەخنە لە من بگرێت و ڕێنمووییان بکات بۆ خەزێنەی ڕەوانبێژی کۆن، لە جیاتی ڕێنمویی کردنی من؟

لەوانەیە بڵێت ئەوانە کەمینەن لەچاو ئەوانی تردا لە ئەدیبان، ئەمەش مەسەلەیەکە تێبینی هەڵدەگرێت و ئەوەی تێبینی دەکەم ئەوانە کەمیش و زۆریشن لەیەك کاتدا، ئێمە دەتوانین بەکەمیان دابنێین ئەگەر ئەوە بەهەند وەربگرین کە دەکەوێتە بازاڕەوە لەبەرهەمی قەڵەمەکانیان، کە لە ڕاستیدا ئەوان کەمترین بەرهەمیان هەیە لەناو خەڵکدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دورکەوتنەوەی خوێنەر لێیان بەهۆی ئەو خۆهەڵکێشانەی بە وشەکانیانەوە دەیکەن، کە تەنها کەمێك نەبێت واتا هەڵناگرێت.

بەڵام ئەوان لەهەمان کاتدا زۆرن کە لەهەموو شوێنێکدا بڵاوبونەتەوە و قسەی بەرزیان هەیە لەهەموو دانیشتنێکدا کە بۆی دەچن، دروستە ئەو وتەیە کە ئەوان زۆر قسە دەکەن و کەم بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەوەتا ئەوان دنیایان پڕ کردووە لە هەراو سەرئێشە و خۆیان کردووە بە ڕەخنەگرو جنێوەکانیان بەهەموو گۆڕەپانێکدا دەگێڕن و پەلاماری هەموو ئەوانەی پێ ئەدەن کە ڕقیان لێیەتی یان ئیرەیی پێ دەبەن.

## ئامۆژگارییە ڕەوانبێژییەکان

ئەوە ڕەت ناکەمەوە کە لە کتێبەکانی ڕەوانبێژی کۆندا هاتووە لە بانگەواز بۆ سادەکاری شێواز و ڕوونکردنەوەی واتا، بەڵام وای دادەنێم کە ئەم کتێبانە وەك کتێبەکانی ئامۆژگارییە ئاینیەکان وایە کە پڕن لە فێرکاری و ڕێنموونییە گەورەکان، خەڵکیش بەیانی و ئێوارە دەیانخوێننەوە بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژیانی کردەییان هەبێت.

خەڵك وەك حەقیقەتی خۆیان کتێبە کۆنەکان کاریگەرییان لەسەر دانانێت، بەڵکو ئەوان ئەو پێشەنگەی کە لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکەیاندا دەیبینن کاریگەرییان لەسەر دادەنێت، ئەگەر ئەدیبێکیان بینی لە نێوەندی خۆیاندا پێگەیشت، ئەوا پێگەیەکی بەرز بەدەست دەهێنێت و هەوڵ ئەدەن لاسایی بکەنەوە لەگەڵ ئەو هەموو ڕێنموونیانەشدا کە کۆنەکان بۆیان نووسیون.

ئەمەش حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیە و گومان نابەم دکتۆر راستی ودروستییەکەی ڕەت بکاتـەوە، ئـەوەش هۆکـاری ئـەو ماندووبونـە سـەیرە لـە پیشەسـازی وشـەدا دەردەخـات کەبەسـەر ئەدەبی عەرەبیدا زاڵ بووە لەسەدە بەسەرچووەکاندا، ئایا لە نێوان ئەدیبەکاندا کەسێك نەبووە لەوکاتەدا زانستی ڕەوانبێژی خوێندبێتەوە؟

دیارە ئەوانە خوێندوویانەتەوە و پاشان بەو شێوەیە لێکیان داوەتەوە کە خۆیان ویستوویانە، ئەوانە نموونەیان وەك نموونەی ئەو خاوەن مێژەرانە وایە کە قورئان لێك دەدەنەوەو تەفسیری دەکەن بەو شێوەیەی نەریت و بیروباوەڕە بۆماوەکانیان پێیان دەگەیـەنێت، بێگومـان کتێبـەکانی ڕەوانبێـژی کـۆن لـە دوێنێـدا سـوودیان بەخـەڵکی نەگەیانـدووە، بۆیە ئـەو لـە ئەمڕۆشـدا سـوودیان پـێ ناگەیـەنێت، ئـەدەبی عـەرەبیش پەرەی نەسەندووە بەهۆی ئەو ڕێنموونییە پارێزراوانەی ناو ئەو کتێبانەوە، بەڵکو ئەو بـەو ڕێگایـــەدا دەڕوات کـــە تازەگـــەرە ناودارەکـــان بۆیـــان ئامـــادەکردووە کـــە بـــە داهێنانـــەکانیان پـەردەی نەریتـەکان دەبـەزێنن، هـەتا ئەگـەر سەریشـکەوتن خـەڵکی بیانەوێت یان نەیانەوێت بە دوایاندا دەچن و لە پەندی عەرەبی کۆنیشدا وتراوە:

((کاروانەکە دەڕوات و سەگەکانیش دەوەڕن)).

## لە نێوان عامیەت و فەساحەتدا :

دکتۆر محی الدین بەوە تۆمەتبارم دەکات کە بانگەواز بۆ زمانی عـامی دەکـەم لـە نووسینـدا، بەڵام ووشـەی (لەوانەیە) پێش تۆمەتەکـەی دەخات بۆ ئـەوەی دەربـارەی نەوترێت کە کوێرانـە قسـە فڕێ دەدات، ئـەو دەربارەم دەڵێـت: (لەوانەیە دکتـۆر بە ئاسانکاری وسـادەکاری ئاسـان بوون و مۆڵـەت دانـی دەوێـت بۆ گەیشـتنی ئاخـاوتن بەرادەی عامیەت بۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە بەردەسـتی ئەوانـەی کـەم یـان زۆر فەسـاحەت نازانن)

من ڕازیم ئەم جۆرە تۆمەتانە لەلایەن پیاوێکەوە بێ لـە جۆری ئـەو نووسـەرە جنێو فرۆشەی کە پێشتر ئامـاژەم بەهەندێ لـە جنێوەکانی دا، بەڵام ڕازی نـابم لـە ئەدیبێکی گەورەی لە پلەی دکتۆر (محی الدین) ەوە بێت. داواکـارم لـە دکتـۆر هـەواڵی ئـەوەم پـێ

بدات کەی لە منی بیستووە یان وتەیەکی منی خوێندۆتەوە تیایدا بانگەوازم بۆ زمانی یان زمانێکی نزیک لەوەوە کردبێت؟ ئەوەی کە من لە ڕاستیدا بانگی بۆ دەکەم ئەوەیە کە زمانەکەمان دابڕێنین لە وشەگەلی تەم و مژاوی و زۆر واتای بێ سوود وهەر لەسەر ئەمەش دەڕۆم لەهەموو نووسین و موحازەرەکانمدا بەپێی توانا.

من نامەوێ وا لە خوێنەر بکرێت لەگەڵ هەر کتێبێکدا کە دەیخوێنێتەوە فەرهەنگێک هەڵبگرێت بۆ ئەوەی تێبگا لەوەی لەناو سکی نووسەردایە لەهەموو ڕستەیەکدا، چونکە کاتی خوێنەر لە ئەمڕۆدا بەرتەسکترە لەوەی لەوەدا بەسەری ببات و ئەگەر ئێمەش سوور بووین لەسەر ئەوەی بە شێوازەکەمان خۆمان بەرز بکەینەوە بەسەریدا، ناچار دەبێت وازمان لێ بهێنێت و تفمان تێ بکات.

دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان زمانی ئاسانکراو لەگەڵ زمانی جلفەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە زمانی جلفە هەموو ئەوانەی قسەی پێ دەکەن لێی تێ ناگەن، بەڵام زمانی پاراو (فەسیح) ی ئاسانکراو هەر هەموو عەرەب لە گشت وڵاتەکانیاندا لێی تێ دەگەن.

نووسەرێکیش کە بۆ نووسینەکانی ڕەواج و سەرکەوتن بخوازێت پێویستە چەند ئەتوانێ لە جلفە دووربکەوێتەوە، زمانی جلفەش لە وڵاتی عەرەبدا فرەو هەمەجۆرە و خەریکە هەموو وڵاتێك دیالێکتی تایبەتی بەخۆی دەبێت ئەگەر نووسەریش ویستی یەکێك لەو دیالێکتانە بەکاربهێنێت خوێنەری کەم دەبێتەوە لە خاوەنی دیالێکتەکانی تر و بەو هۆیەشەوە بازاری دەشکێت.

پێویستە نووسەری عەرەبی سوپاسی خوا بکات چونکە زمانێکی هەیە دەیان ملیۆن لە خەڵکی بە بایەخداری دەزانن، مانای ئەوەیە کە خاوەنی بازاڕێکی گەورەیە بۆ کاڵا ئەدەبی و زانستیەکەی، کەواتە بەرژەوەندیشی لەوەدایە کە ئەم بازارە فراوان بکات و بەرهەمی بهێنێت، نەك پەرش و بڵاوی بکات و بەزایەی بدات.

ڕۆژێکیان لە شاری مەرسیلیا گەیشتم بە دوو پیاو لە ڕۆڵەکانی جەزائیرو هەردووکیان نەخوێندەوار بوون و لە زمانی نووسین نەدەگەیشتن، نەمتوانی لەگەڵیاندا تێبگەم و وامدەزانی کە بە زمانێکی غەیرە عەرەبی قسە دەکەن، لە ڕۆژێکی تردا

پیاوێکی عێراقیم بینی لە شەقامەکانی قاهیرەدا پیاسەی دەکرد، ئەو لە خەڵکی تێناگات و خەڵکیش لەو تێناگەن وەك لەوەی بە شەقامەکانی هلسنکیفۆرسدا بگەڕێت.

ئەوەی ئومێدەوارم لە ئەدیبەکانمان ئەوەیە کە هەست بکەن بەو ئەرکەی لەسەریانە بەرامبەر بەم بارودۆخە نامۆیە، پێویستە لەسەریان زمانە پڕ گرێکەیان سادەبکەنەوە بۆ ئەوەی وای لێ بکەن بیخەنە بەردەم ڕۆڵەکانی عەرەبایەتی لەهەموو جێگایەك، زمان کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی نەتەوایەتی عەرەبی پێشەنگ، چونکە ئەو پەیوەندییەیە کەوا لە عەرەب دەکات لەهەموو وڵاتەکانیاندا هەست بەوە بکەن ئەوان یەك نەتەوەن، گرانە کە عەرەب بەسۆزو بیروبۆچوونەکانیان یەك بگرن بەدەر لەوەی زمانێکی سادە هەبێت بتوانن پێی لەیەکتر تێ بگەن، گومانیش وایە کە عەرەب لەم پێناوەدا بەڕێوەیە بەرەو ڕەوتێکی چالاکانە بەکوێرایی چاوی خۆهەڵکێشەکان.

## شێوازی ڕۆژنامەوانی

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەری عەرەبی هاوبەشییەکی کاریگەرانەی کردووە لە ئاسانکاری زمان و ڕوونکاری تیایدا و هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو لە نووسیندا بەدەربڕینی مامۆستا سەلامە موسا شوێنکەوتەی شێوازی تەلەگرافییە. بنەمای ڕۆژنامەگەری بریتییە لە هەواڵی وروژێنەر کە دەیەوێت بە کورتی و ئاسانی بیدات بە خوێنەر بۆئەوەی لێی تێبگات کاتێك دیدەی دەکەوێتە سەری، بۆ ئەمەش خۆی لە پێچ و پەنا یان بەکارهێنانی وشە فرەواتاکان لەیەك واتادا لا ئەدات، هەروەك هەندێ لە برایانمان لە ئەدیبان دەیکەن، خوا لێیان ببورێت.

وا دێ بە بیرمدا کە دکتۆر محی الدین مژدە بە بڵاوبوونەوەی ئەم شێوازە دەدات لە وڵاتە عەرەبییەکاندا و دەڵێت: (( ئەم ڕۆژنامە عەرەبی و گۆڤارو کتێبە ئەدەبیانە پەنجا ساڵ دەبێت کە بە زمانێکی ئاسان بابەتە جۆراوجۆرەکانیان دەنووسن، هەروەها بە دەربڕینێکی ڕوون و پێکهاتەی ئاسان کەسێك تەم و مژ یان گرانیی تیادا

نەدۆزیوەتەوە لە سەرخوێنەریش سەخت نەبووە با خاوەنی ڕۆشنبیریەکی مام ناوەندیش بووبێت)).

ئەوەی دەمەوێ سەرنجی دکتۆری بەلادا ڕابکێشم ئەوەیە کە ئەم شێوازە ڕوون و ئاسانەی مژدەی بۆ داوە لەناو عەرەبدا بەبێ هەوڵ و تێکۆشان و بەیەك جار پێنەگەیشتووە، بەڵکو یەکەم جار کۆمەڵێك لە نووسەران دەستیان پێ کردو لە پێناویدا نارەحەتی زۆریان چەشت وهێشتا تێکۆشانیش هەر بەردەوامە، جێگای داخە هێشتا هەندێ لە ئەدیبانمان لەسەر ئەو بیروڕا کۆنە ماونەتەوە کە بەرزبوونەوەی شێوازی نووسین بەسەر ئاستی جەماوەردا پێویستە، ئەوانە ڕۆژنامەگەری لەبەر زمانە سادەکەی خەوشدار ئەکەن و شێوازی ڕۆژنامەگەری لایان بووەتە کەسێك کە دڵ پێی دێتە یەك و ئەگەر بیانەوێت لە بەهای کەسێك کەم کەنەوە دەربارەی دەڵێن کە ئەو بە زمانی ڕۆژنامە دەنووسێت، لەوبارەیەشەوە نووسەری ئەم دێڕانە دووچاری بەشێکی گەورە لە ڕەخنە بووەتەوە، وەك لای دکتۆری بەڕێز زانراوە سەرسوڕمانتر لەوە ئەوانە هەڵدەچن بەڕووی هەموو کەسێك کە بانگەواز بۆ ساکاری لە شێوازدا بکات و بەجەنگاندن لەگەڵ نەتەوە پەرستی تۆمەتباری دەکەن کە وادەزانم ئەوان لەپێشترن بەم تۆمەتە، ئەوان بانگەواز بۆ شێوازی ئاڵۆزو زەنگدار دەکەن بەشێوەیەك هەست بەو کۆسپانە ناکەن بۆ پێگەیشتنی زمانی یەکگرتوو کە هەموو عەرەب لە تێکڕای وڵاتەکانیان دەتوانن لەیەکتر پێی تێبگەن و سوود و بیروڕای پێ ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەوانە وەك ئەو ورچە وان کە ویستی مێش لە ڕووی هاوڕێکەی دەربکات هات و بەردێکی دا بە ڕوویدا و لەناوی برد، ئەو نازانێت کە زیانی مێش بۆ خاوەنەکەی لەبەرد کەمترە.

***

"وتاری سێیەم"

# گوزارەکاری و ڕەوانکاری

## جەنگێکی لاوەکی:

وتارەکەی دکتۆر محی الدین حەماسەتی برای بەڕێز (عبدالقادر البراك) ی وروژاند و لە ڕۆژنامەی (الاخبار) دا وتەیەکی سەرپێیی بڵاوکردوەتەوەو تیایدا هێرشی کردۆتە سەرم.

بەراکی برایشم ئاوازی وتەکانی دکتۆر دەربارەم دووبارە دەکاتەوە، ئەو بەوە وەسفم دەکات کە کەمتر چواردەوری بەهای شوێنەوارە ئەدەبیەکانم بۆ دەدرێ، هەروەها من جیاوازیم بۆ ناکرێت لە نێوان زانستەکانی گوزارەکاری جوانکاری و ڕەوانبێژیدا، لەبەر ئەوە لەلای ئەو من بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ناگونجێم لەسەر ڕوویەك لە ڕووەکانەوە.

بەراك وتەکەی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت کە دەڵێت گوایە من لە ڕەخنەدا میتۆدی پڕو پاگەندەم لەسەر ڕێچکەی ئەمریکی گرتووەتە بەرو پاشان دەڵێت: (( خوا لە شارستانێتی ئەمریکی ببورێت چەندێکی لە خۆشی و ناوازەکانی لە نموونەی دکتۆر وەردی پێشکەش کردووین )).

ئامۆیی لەوەدایە برام بەراك بەخاوەن نەزعەی ئەمریکی تۆمەتبارم دەکەن لە کاتێکدا کە هاوڕێیانی تری بە رووسی تۆمەتبارم دەکەن، هەروەها کەسانێکیش هەیە

بە پشتیوانی (لەقلەقی کەنیسە) م تۆمەتبار دەکەن، نازانم کەی برایانمان فێری ئەوە دەبن خۆیان لابدەن لە دۆزە تایبەتەکان لە کاتی چوونە ناو دۆزە گشتییەکاندا؟

بەراك وتویەتی کەمن یەکەم جار لەژێر بانی مزگەوتەکاندا پێگەیشتووم، لەوانەیە ئەو بەمە بیەوێت لێم بخوێنێت، ئەگەر مەسەلەکە وایە کە ئەو دەیڵێت چۆن دەتوانێت ئەوە بچەسپێنێت کە من جیاوازی ناکەم لە نێوان زانستی ڕەوانکاری و جوانکاری و ڕەوانبێژی لەگەڵ ئەوەدا کە ژێر بانی ئەو مزگەوتانە پڕاوپڕن لەو زانستانەو مشت و مڕی توند دەربارەیان.

واخۆم پیشان نادەم کە ئەم زانستانە دەناسم وەك ئەوەی برام بەراك و دکتۆر محی الدین دەیناسێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە من ژیانی خوێندم بە لێکدانەوەی ئەو زانستانە دەستی پێ کرد و دووچاری ماندووبوون و هیلاکی بووم، دوای ئەوە ئیتر گرنگ نییە بەلامەوە کە لەژێر بانی مزگەوتەکاندا خوێندبێتم یان لەژێر درەختی زەیزەفوندا.

لە خوێنەریشی ناشارمەوە کە من ئەمڕۆ هەموو ئەو زانستە کۆنانەم لەبیرچوەتەوە کە فێری بووبووم، ئەوەش بۆ من چاکتر بوو کە لەبیرم چوونەوە، چونکە ئەوانە بەرای خۆم زیان بە نووسەر دەگەیەنێت زیاتر لەوەی سوودی پێ بگەیەنێت، نووسین هونەرە وەك هەموو هونەرەکانی تر شارەزا بوون تیایدا بەرهەمی راهاتن و بەهرەیە زیاتر لەوەی لە لەبەرکردنی بنەماو پابەندبوون بە کۆت و بەندەکانەوە بەرهەم بێت.

## زانستی ڕەوانکاری ( بەیان ):

دکتۆر محی الدین دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە نووسینەکانم دەوڵەمەندە بە جۆرەها ڕەوانکاری جیاجیا بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم، بەپێی بیروڕای ئەو ئەزانینم بە زانستی ڕەوانکاری (بەیان) وای لێ کردووم بکەومە داویەوە لە کاتێکدا وا گومان دەبەم کە ئازادم لێی، ئەو وای پیشان ئەدات کە هەموو جیاوازیەك لە نێوان من و ئەوانەی هونەری ڕەوانکاری دەزانن ئەوەیە کە ئەوان لەسەر زانین و چاوپڕوونی شوێنی دەکەون لە دەربڕیندا، بەڵام من هەر لەسەر(پشت بەستن بەخوا) شوێنی کەوتووم، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت کە دکتۆر دەیڵێت من شانازی پێوە دەکەم وبۆ من چاکترە کە لەسەر

سەلیقە بنووسم لەوەی بە کردەکاری و زۆر لە خۆکردن بنووسم، ئەگەر دروست بێت بۆ دکتۆر لەمەدا لۆمەم بکات با لۆمەی عەرەبی سەردەمی نەفامی بکات کە مامەڵەیان لەگەڵ بنەماکانی رستەسازی (نەحو) دا نەکردووە لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو کەس عەرەبی زانتر بوون.

ئەدەب هەڵقووڵاوی قووڵاییەکانی دەروونە ئەگەر ئەو لەسەر بنچینە پارێزراوەکان راوەستا بێت، زانایانی رەوانکاری و رەوانبێژی لە ئەدیبە مەزنەکان دەبوون و دەکرێ بڵێین پابەندبوون بە کۆت و بەندەکان لە ئەدەبدا زیانبەخشە چونکە هۆش و بەهرە لاواز دەکات و کۆسپ دەخاتە بەردەم تەوژمە لێرژاوەکەی.

## زانستی گوزارەکاری (مەعانی):

هەروەها دکتۆر محی الدین دەڵێت: (( دکتۆر وەردی کاتێك شوێنەواری زانستی گوزارەکاری رەت دەکاتەوە وەك ئەو کەسە وایە کە شوێنەواری ئەندازیاری بیناسازی رەت دەکاتەوە وداوا دەکات واز لە هونەری ئەندازیاری بهێنرێت بە بیانووی ئەوەی مرۆڤ ئەشکەوتەکانی هەڵکۆڵیوە پێش ئەوەی ئەم زانستە بناسێت، هەروەها هەنگ شانەکانی بنیات دەنێت تەنها بەپێی فیترەتی خۆی.

دەمەوێت لێرەدا لە دکتۆر بپرسم وبڵێم: ئایا ئەدیبە گەورەکانی جیهان ئاگاداری زانستی گوزارەکاری بوون کاتێك ئەو شاکارە ئەدەبیە گەورانەیان بەرهەم هێنا؟ ئەگەر شوێنەواری زانستی گوزارەکاری لە ئەدەبدا وەك شوێنەواری ئەندازیاری لە بیناسازیدا وابێت وەك دکتۆر دەڵێت، کەواتە بابێز بکەینەوە لەهەموو ئەوانەی ئەدیبە مەزنەکان بەرهەمیان هێناوە، ئەو ئەدیبانەی کە زانستی گوزارەکارییان نەخوێندووە لەبەر ئەوەی ئەدەبەکەیان لەسەر بنەمایەکی دروستی ئەندازیاری هونەری رانەوەستاوە بەڵکو تیایدا بەدوای سەلیقەی خۆیان کەوتوون و تێنەپەڕین بەسەریاندا !

باوەڕ ناکەم لە زمانە زیندووەکاندا زانستێك هەبێت بەناوی زانستی گوزارەکاری بەڵکو ئەوان لەبری ئەوە واتاکانی ژیان کە دەورەیان داون دەخوێننەوەو شاکاری ئەدەبی لێ دەردەهێنن.

## ڕێکخەرە زەینییەکان:

**دکتۆر محی الدین دەڵێت:** (( **بێبایەخ کردنی مەسەلەی زانستی گوزارەکاری جگە لە بێبایەخکردنی ڕێکخەرە زەینیەکانی مرۆڤ شتێکی تر نیە، ئایا دکتۆر ڕازی دەبێت بۆ خۆی کە بانگەواز بۆ قێزەونکردنی لێکدانەوەی ڕێکخەرە زەینیەکان لای ڕەخنەگرانی شوێنەوارە دەربڕینییەکان بکرێت؟**)) ڕای دکتۆر لێرەدا وەك بیروڕای خاوەن لۆژیکە کۆنەکان وایە ئەوانەی کە بروایان وایە ڕێ و شوێنەکانی لۆژیك زەین لە هەڵە دەپارێزێت، پاشان بەردەوام بۆ هەزاران ساڵ مشت ومڕ و کێبەرکێییان کرد، بەبێ ئەوەی هەندێکیان خۆیان بسپێرن بەوەی هەندێکی تریان بە دروستی دەبینن، دەی کەواتە ڕێکخەرە زەینیەکان بۆ کوێ ڕۆیشتن؟!

لێرەدا ڕێکخەرگەلێکی زەینی وەها نییە کە گشت خەڵکی لەسەری یەکڕا بن، ئەگەر لە زانستی گوزارەکاریدا ئەم ڕێکخەرانە هەبوایە عەرەب لە دێر زەمانەوە پشووی دابوو، وەخۆیان نەدەخستە ناو تەخمین کردنی ئەدەب بەخۆتێخستنێکی کوێرانە.

ئەگەر شاعیرە کۆنەکانمان پابەندی ئەم ڕێکخەرانە بوونایە واتاکانی ژیانیان هەڵنەدەگێرایەوە بەو شێوە سەرسوڕهێنەرەی کە ستەمکار بکەن بە دادپەروەرو سووك و ڕسوا بکەن بەبەڕێز وکچیش بکەن بە مێرد منداڵ.

## سروشتی ئەدەبی زیندوو:

بێگومان ئەو ئەدەبە زیندووەی بە درێژایی ڕۆژگار دەمێنێتەوە کە زانستی گوزارەکاری یا زانستی ڕەوانکاری یا زانستی ڕەوانبێژی ناناسێت، هەروەها ئەو ڕێوشوێنە گرانانە تێناگات کە دەستەوسانە و خۆهەڵکێشەکان دروست دەکەن. سەرچاوەی جوانی ئەدەب و نەمرییەکەی دەنگدانەوەی دەبێت لە دەروونی خەڵکداو

لەژێ هەستیارەکانی دڵیان دەدات، ئەو وەك وتمان هەڵقوڵاوی ناخەکانی دەروونە و ئەوەیشی لە دڵەوە دەردەچێت دەچێتە دڵەوە، وەك لە پەندی کۆندا وتراوە. ئێمە خراپە دەکەین بەرامبەر بە فێرخوازانی ئەدەب کاتێك مێشکیان پڕ دەکەین لە ڕێ و شوێنی گران وەپابەندی پێیانەوە دەسەپێنین بەسەریاندا لەوەی دەینووسن وتێی دەکەون، هەرئەوەندەی یەکێکیان خوێندنە ئەدەبیەکەی تەواو دەکات ئیتر بابەتگەلێکی خۆهەڵکێشانەی بۆش دەبارێنێت بەسەر خەڵکیدا، کەوا دەزانێت لە شاکارە ئەدەبیە باڵاکانە.

دەبینیت دەمی قوت دەکاتەوە و زمانی بادەدا وە ڕەگەکانی ملی دەئاوسێنێ بۆ ئەوە وتەیەك لەسەر شێوەی کۆنەکان بهێنێت، ئەگەر خەڵکیشی بینی بەخەمەکانیانەوە خەریك بوون بەرامبەریان توندو تیژ دەبێت و جنێویان پێ دەدات بەشێوەیەك کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دەبنە کۆمەڵە خەڵکێك کە بەهای ئەدەبی باڵا نازانن.

ئەو کەشخەیی دەکات و بە قوڵا دەچێت بۆی وەك ئەوەی ڕادەی زانینی خۆی لە زمان و هونەرەکانیدا پیشانی خەڵکی بدات، لەکاتێکدا کە خەڵکی دەیانەوێت سوودێك ببینن و بیرێکی نوێیان دەست بکەوێت و کاتیشیان نییە بۆ ئەوەی چێژ وەربگرن بەو شتە پڕوپوچە وشکانە.

بڕگەیەك دەگوێزمەوە بۆ خوێنەر کە لە پێشەکی یەکێك لە کتێبە ئەدەبیەکاندا دۆزیومەتەوە بۆ ئەوەی ڕای خۆی دەربڕێ، نووسەر دەڵێت:

(( ......فلم يكن هذا الكتاب، او اكثره، الا لون من الوان الحديث مع النفس حين يخلو الناس الى نفوسهم او حين تخلو نفوس الناس اليهم فترفع بينها وبينهم من هذه السجف التي تسبلها الحياة واحداثها بين الناس ونفوسهم فتصرف نفوسهم عنهم او تصرفهم عن انفسهم حتى اذا عادوا اليها وجدوا عندها هذا اللون من الوان حديث النفس حين تسقط عنها اوضار الحياة وحين توضع عنها هذه السجف التي تسبلها عليها احداثها وخطوبها ...))

خوێنەر چی لەم پەرەگرافە تێ دەگات؟ بەڵام من بۆ خۆم دانی پیادا دەنێم کە هیچی لێ تێ نەگەیشتم و لەکاتی خوێندنەوەیدا هەستم ئەکرد کە نووسەرەکەی دەیەوێت بە ئەدەبە باڵاکەی خۆی هەڵبکێشێت وەك نەریتی زۆرێك لە ئەدیبەکانمان خوا لێیان ببورێت. ئەوان خۆ هەڵکێشانیان دەوێت ئێمەش سوودمان دەوێت و چەندە نێوانی ئێمەو ئەوانیش دوورە.

## زانست و ئەدەب:

دکتۆر محی الدین باوەڕی وایە کە زانستەکانی ڕەوانکاری و گوزارەکاری و ڕەوانبێژی بۆ فێرخوازانی ئەدەب پێویستن و منیش باوەڕم وایە کە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ئەوان باشترە لەو دوو زانستە کۆنەی کە عەقڵ کۆت دەکات و دەروازەکانی داهێنانی لێ دادەخات، بێگومان ئەدیب بۆ خەڵك دەنووسێت نەك بۆ خۆی، کەواتە پێویستە لە سروشتی ئەو خەڵکەی بۆیان دەنووسێت تێ بگات، بەڵام ئەگەر هەر لە بورجی عاجی خۆیدا مایەوە و ئەو ڕێوشوێنانەی دەخوێندەوە کە پێشووەکان پێش هەزار ساڵ هێناویانە، بێگومان لە نێوان خەڵکدا بازاڕێك بۆ خۆی نابینێتەوە و بەردەوام جنێو بە خەڵك دەدات لەسەر پشتهەڵکردنیان لە ((ئەدەبی باڵا)). دەکرێ ئەدیبی ڕێوشوێنکارانە بەو خواپەرستە بچوێنرێ کە لە نوێژەکەیدا وەسوەسەی هەیە، ئەو ماندوو دەبێت بەوشەکانی نوێژەکەوە و چۆنیەتی دەرچوونی پیتەکان لە شوێنرێکانیانەوە و ئەو خوایەی لەبیر دەچێتەوە کە نوێژەکەی بۆ دەکات، ئەگەر ئەو خۆی ڕەها بکردایە، خوێندنەوەکەی بۆ ئەو نزیك تر دەبوو لە خواوە و نوێژێکی پاکیش دەردەچوو.

## ئەزموونێکی زانستی:

مامۆستا سەلامە موسا دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵێك خوێندکاری یەکێك لە زانکۆکانی ئەمەریکا هاتنە ئەڵمانیا بۆ مەبەستی خوێندن، هەندێکیان دەستیان کرد بە شارەزابوون لە زمان و ئەدەبدا و ئەوانی تریشیان خەریك بوون بە شارەزابوون لە

زانستە سروشتییەکان و ژیانەوە، دوای ساڵێك لە خوێندن دەرکەوت کە ئەوانەی کە کاتی خۆیان بە فێربوونی زمانەوە بەسەر بردبوو چاکتر فێرنەبووبوون لەوانەی کە کاتەکەیان بە خوێندنی زانستەکانەوە بەسەربردبوو، دەتوانین ڕاستی ئەم ئەزموونە ببینین کاتێك بەراوردکاری دەکەین لە نێوان شێوازی خاوەن هونەرە زمانەوانیەکان و شێوازی غەیری ئەوان لە توێژەرانی کاروبارە جیاجیاکانی ژیاندا، بێگومان خوێندنەوەی بابەتە کردەییەکان زەین پێ دەگەیەنێت و دەیکاتە ڕەوانکارێکی جوان و گوزارشتکارێکی وردتر، بەڵام خوێندنی هونەرە زمانەوانییەکان زەین پڕ دەکەن لەوشەگەلێك کە کارلێك لەگەڵ کۆمەڵگە و زانست و هونەرەکانی تردا ناکات، لەبەر ئەوە خاوەنەکەی گوڕ زۆر ئەدات بە ئاخاوتنەکانی و دێت و دەچێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی وردی ئەوەی دەیەوێ بیبەخشێت بیدات و وەك ئەوەی لە بازنەیەکی بەتاڵدا بسوڕێتەوە.

بەمەش هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە کە واز لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بهێنرێت و لێکۆڵینەوەی زانستی جێگای بگرێتەوە، ئەوەی گومانی تیادا نییە ئەوەیە ئەدەب وەکو زانست نییە، ئەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەو شێوازەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە باڵا دەستی هەیە بەسەر کۆلێژەکانماندا بێ سوودو ناڕاستە.

## چۆن دەبیتە ئەدیب؟:

واڕاهاتووین کە بە خوێندکارانی ئەدەب لای خۆمان بڵێین ئەوان دەتوانن ببنە ئەدیب گەر هەوڵ بدەن و بەردەوام بن و لەبنەماکان و هونەرە زمانەوانیەکان بگەن، واتای ئەوەش ئەوەیە ئێمە فێری ئەم بنەما وتراوەیان دەکەین: ((هەرکەسێ هەوڵ بدات ئاکامێك دەبینێتەوە و هەرکەس بەسەر ڕێگادا بڕوات دەگاتە جێ)) ئێستاش ئەوە سەلماوە کە ئەم بنەمایە نادروستە بەچەند مەرجێك نەبێت، کە گرنگترینی ئەو مەرجانە ئەوەیە کە خوێندکار خاوەنی بەهرەیەکی تایبەت بێت بەو بابەتەی هەوڵی بۆ ئەدات، ئەمە لە ئەدەبدا زۆر ڕاستە و ئەوەی کە خاوەنی بەهرەیەکی ئەدەبی نەبێت

ناتوانێت ببێتە ئەدیب ئەگەر هەموو زانستە زمانەوانیەکانیش لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەبەر بکات. لەوانەیە ئەمە لە هۆکارەکانی ئەو گێلێتیە بێت کە زاڵە بەسەر هەندێ لە ئەدیبەکانماندا، ئەوانە خوازیاری ئەدەبن و سوورن لەسەری بەبێ ئەوەی هیچ بەهرەیەکیان هەبێت توانایان پێ بدات لەوەدا، لەوانە بەهرەکانیان سەربەستیان بکات لەوەی کە ببنە دارتاش یان بەرگدروو لەجیاتی ئەوەی ببنە ئەدیب.

## خوێندنەوەو بەردەوامی:

دوای ئەوەی فێرخوازی ئەدەب بەهرە لە دەروونی خۆیدا دەدۆزێتەوە دەبێت ئەوەی ئەدیبە داهێنەرەکانی پێش خۆی بەرهەمی هێناوە بیخوێنێتەوە هەتا خوێندنەوەی لەم بوارەدا زیاتر بێت وبەتواناتر دەبێت لە پێگەیشتن تیایدا، لێرەشدا مومارەسەی کردەیی دێت و لەوێدا کە فێرخواز هەوڵ ئەدا بەختی خۆی دەربخات لە بڵاوکردنەوەدا وەهەر دەبێت سەدان جار شکست بچێژێت تا سەردەکەوێت..

لێرەشدا کێشەی ئەدیبە تازە پێگەیشتووەکان دەردەکەوێت و زۆرجار دەیانبینین سکاڵا دەکەن لە خاوەنی گۆڤارو ڕۆژنامەکان و تۆمەتباریان دەکەن بەوەی کە یارمەتیان نادەن لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەوەی قەڵەمەکانیان بەرهەمی دێنن و هانیان نادەن لەسەر ئەمە.

ڕۆژێك یەکێك لەوانەم بینی کە جنێوی بە ڕۆژنامەوانی دەدا و کاتێك کەپرسیارم لە هۆکاری ئەمە لێ کرد، وتی کە ئەو چەند وتارێکی ناردووە بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە جیاجیاکان ویەك دانە لەوانە بڵاونەکراوەتەوە، ئیتر چۆن ئەدیب پێ دەگات کاتێك خۆی دەبینێتەوە کەبەم شێوە پشتگوێ خستنە گشتگیرانە دەورەدراوە؟ هاوڕێکەمان ئەمەی وت، ئەو وا گومان دەبات کە نهێنی پێگەیشتنی ئەدیبان لەناو هاندانی بڵاوکەرەوەکاندا بۆ ئەو خۆی حەشارداوە و نازانێت کە ئەدیبە مەزنەکان لەسەرەتای مەسەلەکەیاندا دووچاری پشتگوێخستن هاتوون زیاتر لەوەی ئەو دووچاری هاتووە؛ بەڵام ئەوان هەوڵیان داوەو بەردەوام بوون تا گەیشتوون بەوەی گەیشتوون پێی.ئەگەر ئەدیبیش هاندانی زۆری بینیەوە، ئەو کاتە لەیەکەم جاریدا نەدەبوویە ئەدیب و

پێویستە ئەو خۆی فڕێ بداتە ناو گێژاوی ژیان بۆ ئەوەی تیایدا بتوێتەوە و کرۆکی خۆی دەربخات، ئەگەر ئەم گێژاوە نەبوایە هەزاران ئەدیب لامان بەدەرئەکەوت و گریانیان دەگەیشتە قوڵایی ئاسمان.

**بەکورتی:**

لەسەر فێرخوازانی ئەدەب پێویستە کە تێبگەن لەوەی ئەدەب وەک هەر هونەرێک لە هونەرەکانی ژیان یەکەم پێویستی بەبەهرە هەیە و دووەم بە خوێندنەوەو پاشان سێیەم بە بەردەوامی. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە ئەدیبە ئەمرەکان گرتوویانەتە بەر و جگە لەوە ڕێگایەکی تر نییە؛ بەڵام فێربوونی بنەماو زانستە زمانەوانیە کۆنەکان بۆ خوازیاری ئەدەب سوودێکی نییە، لەوانەیە زیانیشی لێ بدات و بەهرەکەی گەندەڵ بکات، بێگومان ئەوەی دەیەوێت بە خوێندنی ئەو زانستە کۆنانە ببێتە ئەدیب وەک ئەو کەسە وایە کە بە خوێندنەوەی کتێبەکانی گالینۆس و ڕازی و ئیبن سینا دەیەوێت ببێتە پزیشک و هەر دەبێت چارەنووسی وەک چارەنووسی ئەو کەسە وابێت کە لە سەردەمی پەنسلیندا باسی بەڵغەم و سەفرا دەکات.

***

"وتاری چوارەم"

# شیعرو لادانی جنسی

**شیعروغەزەل بەسەر مێرد منداڵدا:**

لەو سیفەتانەی کە شیعری عەرەبی کۆنی پێ بەدیارکەوتووە غەزەل وتن بووە بەسەر نێرینەدا، بەرای خۆم گرنگترین هۆکاری ئەمەش بریتی بووە لە بڵاوبونەوەی لادانی جنسی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لەسەردەمە دواییەکانیدا.

لێرەشدا دکتۆر محی الدین دێت و دەڵێت کە لادانی جنسی دەستی نییە لەمەسەلەکەدا و بەپێی بیروڕای ئەو زاڵبوونی جێناوی نێر بەسەر شیعری عەرەبیدا دوو هۆکاری هەیە:

یەکەمینیان: نەزعەی عیرفانی سۆفیگەرانە کە مێینەکردنی جێناو پێویست دەکات

دووەمیشیان: خۆلادان لە جێناوی مێینە لە ترسی ئەوەی شاعیر تۆمەتبار نەکرێت بەوەسفی ئافرەت وئەو مەسەلەیە بووە کە شاعیران خۆیان لێ لاداوە لە ترسا یان لەبەر ئەوەی تاوانە.

ئەم ڕایەی دکتۆریش تا سنورێکی دیاریکراو دروستە، بەڵام بە واتا گشتگیرەکەی نادروستە و دکتۆر ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە لادانی جنسی هیچ پەیوەندییەکی بە بڵاوبوونەوەی غەزەلی نێرینە لە شیعری عەرەبیدا هەبێت، ئەگەر ئەو لادانی جنسی بکردبایە بە هۆکاری سێیەم لەگەڵ دوو هۆکارەکەی تردا کە باسی کردوون تا

ڕادەیەکی زۆر دەیپێکا. ناکرێ ئینکاری بوونی چەندین هۆکاری زۆر بۆ بڵاوبوونەوەی غەزەلی نێرینە لە نێو شاعیراندا بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئینکاری شوێنەواری لادانی جنسی تیایدا بکەین، چونکە ئەم لادانە لەناو خەڵکدا بڵاوبوویەوە وهەر دەبوو ئاسەواری لەسەر شیعر لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە دەربکەوتایە. مەبەستیشم ئەوە نییە کە ئەو شاعیرەی غەزەلی بەسەر نێرینەدا وتوە هەردەبێت تووشی لادانی جنسی بووبێت، بەڵکو دەڵێم کە بڵاوبوونەوەی لادان لە نێوان خەڵکدا دەبێتە هۆی هەواداری بۆ غەزەلی نێرینە و هاندانی شاعیران بۆ شیعر نووسین لەسەری، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی لادان کەش و هەوایەکی هاندەر بۆ غەزەلی نێرینە دەخوڵقێنێت و شاعیریش ناچارە لەگەڵ ئەم کەش و هەوایەدا بڕوات کەم یا زۆر ئەگەر بڵاوبوونەوەو ڕەواجی بۆ شیعرەکەی بوێت.

دکتۆر دەڵێت زۆربەی شاعیرەکان مەبەستیان مێینە بووە کاتێك غەزەلیان بەسەر نێرینەدا وتووە، کۆمەڵە نموونەیەکیش لەسەر ئەمە دێنێتەوە لە شاعیرانی ئەم سەردەمەمان و ئەو چەند بەیتێك لە شیعرەکانی شەوقی و شەبیبی و مەحمود تەها ئەلشەرقی دەهێنێت وەك ئەوە بەرامبەرخوازیم لەگەڵ بکات و دەپرسێت ئایا ئەمانە لە شیعرەکانیاندا غەزەلیان بە منداڵاندا ووتوە؟

وەڵامی ئەوە: نەخێر، هەزار نەخێر، بێگومان ئەو بەڕێزانە لە غەزەلەکانیاندا مەبەستیان مێردمنداڵ نەبووە، بەڵام واگومان ئەبەم ئەگەر ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی تردا بوونایە بە ئاشکرا غەزەلەکانیان بەسەر مێدا دەبوو، وا ئەزانم ئەوان بەکارهێنانی جێناوی نێرینەیان لە شیعرەکانیاندا بەچاکتر زانیوە، چونکە بە ئاسکتر لە جێناوی مێینە دیویانەتەوە لە نێو چێژی زۆرێك لە خەڵکیدا. عەیبەکە عەیبی ئەوان نییە، بەڵکو عەیبی ئەو کۆمەڵگەیەیە تیایدا دەژین، یاخود عەیبی ئەو نەریتە لۆك کراوەیە کە کۆمەڵگە بۆی ماوەتەوە لە پێشووە لەناوچووەکانیانەوە، خۆ ئەگەر ئەو شاعیرانە لەناو عەرەبی سەدەی بیست و یەکەمدا دەربکەوتنایە غەزەلی مێینە زاڵ دەبوو بەسەر شیعرەکانیاندا، چونکە عەرەب لە سەدەی داهاتوودا ئیتر ناتوانن غەزەل بەسەر

مێردمناڵاندا بڵێن لەگەڵ بوونی ئەو ناوقەدباریك و چاوڕەشانەدا لەهەموو شوێنێکی دەوروبەریاندا.

## نادیارییەکانی جێناوەکان لای عەرەب:

دکتۆر دەڵێت: ((بێگومان ئەوەی جێناوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە لە شیعری عەرەبیدا کۆمەڵێك نادیاری تیایە کە ئەوانە دەشارێتەوە لەوانەی کە ڕۆڵەی ئەم هونەرە نین ئەگەر لەسەر شێوەی دکتۆر وەردی بن، بەکارهێنانی جێناوێکیش لەجێی ئەویتردا شتێکی باو و خۆش بووە لای عەرەب هەر لەسەردەمی نەفامیەوە..)) دکتۆر لەمەدا مەبەستی ئەوەیە کە عەرەب گرنگیان بە وردبینی نەداوە لە شوێنی بۆگەڕانەوەی جێناوەکاندا، ئەوان ناوی جێناوی نێر دەبەن و مەبەستیان پێی مێیە یان جێناوی تاك باس دەکەن ومەبەستیان پێی کۆیە، یاخود جێناوی کۆ دەهێنن و مەبەستیان پێی مێینەیە..تا کۆتاییەکەی ئەم مەسەلەیە ناسراوە لە زمانی عەرەبیدا، (سەعالبی) لە کتێبەکەی (نهێنی عەرەبی) جگە لەویش باسیان کردووە لەهەموو بۆنەکاندا و ئەمەش لەو مەسەلانەیە کە زانایانی کۆمەڵناسی بەخەوشی دادەنێن لە زماندا، چونکە زمان پێویستە زۆر ورد بێت لە دەربڕیندا لە مەبەستەکانی بۆ ئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی بە تەواوی بەجێ بهێنێت.هەرچۆن بێت ئێرە جێگەی قسەکردن لەم مەسەلەیە نییە و لەوانەیە بۆ ئێمە باشتر بێت لەگەڵ دکتۆردا بڕۆین لەو وتەیەدا کە بەکارهێنانی جێناو لەجێی ئەویتر شتێکی باو و خۆشە لای عەرەب.دەمەوێت بەم بۆنەیەوە لە دکتۆر هۆکاری ئەوە بپرسم کە بۆچی عەرەبەکانی پێشین خۆیان لاداوە لە غەزەلی نێرینە لەگەڵ ئەو ڕاهاتنەشیاندا لەسەر بەکارهێنانی جێناوێك لەشوێنی ئەوی تردا، ئێمە دەزانین کە شاعیرانی عەرەب غەزەلیان بەسەر مێدا وتوە لەکاتی نەفامی و لەسەردەمی ڕاشدین و ئەمەوی و بەشێك لە سەردەمی عەباسیدا و ئەوان دەستیان بە غەزەلی نێرینە نەکردووە، تەنها لە ڕۆژانی خوالێخۆشبوو ئەبی نەواسدا نەبێت ئایا ئەمە تەنها ڕێکەوتی ڕووت بووە؟ یاخود هۆکاری تری هەبووە؟

دکتۆر دەڵێت شاعیری عەرەبی دەترسا غەزەل بەسەر مێینەدا بڵێ بۆ ئەوەی کارەکەی نەچێتە خانەی کاری گەنجانەو تەشهیر کردنەوە کە خاوەنەکەی دووچاری سزای شەرعی دەکات و غیرەتی کەس و کاری کچە غەزەل بەسەرداوتراوەکەش دەوروژێنێت، ئەم ڕایەی دکتۆریش جێگای سەرسوڕمانە؛ چونکە وازانراوە کە عەرەبی پێشین توندتربوون لە دواییینەکان لەمەسەلەی غیرەتیان لەسەر ئافرەت و هەڵچوونیان لە پێناویدا، بەهەمان شێوە عەرەب لەسەرەتای ئیسلامدا زۆر پابەندتر بوون بە سنوورەکانی ئایینیەوە لەوانەی دوای ئەوان هاتوون. ئایا دکتۆر دەتوانێت قەناعەتم پێ بکات چۆن شاعیرەکانی سەردەمی نەفامی و سەرەتای ئیسلام بۆیان ئاسان بووە غەزەل بەسەر مێینەدا بڵێن بەبێ ئەوەی لەکەس بترسن لەکاتێکدا دەستەوەستان بوون لەوەدا لەسەردەمی ئەبی نەواس و دوای سەردەمی ئەویش؟

## بۆچی؟

مێژوونوسەکان باسیان لەوە کردووە کە ئەبی نەواس تووشی لادانی جنسی بووە تا تا رادەیەکی زۆر، هەروەها لە منداڵیدا خاوەنی لادانیکی سەلبی بووە و پاشان لە گەورەییدا وەرچەرخاوەو بووەتە لادانێکی ئیجابی، هەروەها دەڵێن ئەو دانی بەوەدا ناوە بەبێ ئەوەی شەرم بکات یان بە تاوانی دابنێت، وادیارە ئەم لادانە توندەی پاڵی پێوەناوە بۆ داهێنانی غەزەلی نێرینە لە شیعری عەرەبیدا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا. وابیر دەکەمەوە کە شاعیران ئەم داهێنانە نوێیەیان وەرگرت کە هاوسەردەمی ئەوان نەبووە و پاشان چاوەڕێیان کردووە تا بینویانە شیعری ئەبی نەواس رەواجی هەیەو خەڵکی لە دەوری کۆدەبنەوەو پێی کەیف خۆش دەبن؛ ئیتر شاعیران بەسەریدا داباریین و لاساییان کردەوە، ئەو وتەیەش دروستە کە لادانی جنسی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەبوویەوە پێش سەردەمی ئەبی نەواس؛ بەڵام خەڵکی دەیانکرد بە ژێرەوە و پەردەپۆشیان دەکرد و هیچ یەکێك لەوان بوێری ئەوەی نەبوو دەربارەی خۆی بڵێ من نێربازم و منداڵانم خۆش دەوێ؛ تا لە ناکاوێکدا ئەبو نەواسیان لێ بەدەرکەوت بۆ ئەوەی پەردەیان لەسەر لابدات و لەناویاندا هاوار بکات و بڵێ: ((خەڵکینە ئەم

دووڕووییە بۆچی؟)) نموونەی ئەبی ئەواس لەوەدا وەك نموونەی ئەو کەشتیارە وایە کە کاتێك زەوییەکەی دەبینێت بە پیتە و ئامادەیە بۆی تۆوی تێ فڕێ داو هیچ نەبوو تا ماوەیەکی کورت پاشان لەو تۆوە درەختێکی چڵ و پۆداری سێبەر تاریکی چڕهاتە دەرەوە، ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە بەرهەمی ئەم درەختە بەکەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە نایەت، عەرەب لەسەردەمی نەفامی و سەرەتای ئیسلامدا دەربارەی لادانی جنسی شتێکی کەم نەبێت نەیاندەزانی، ئافرەت لەو کاتەدا سفورو ئاوێتە بە پیاوان بوو، وە لەگەڵیاندا دەچوونە جەنگەکان و پاشان دوای ئەوە کەم کەم دەستی کرد بە خۆداپۆشین و جیابوونەوە لە جیهانی پیاوان و ماڵ بوویە جیهانی تایبەت بەو کە بژی و بمرێ تیایدا، دەرکەوتنی باڵاپۆشی لە ئیسلامدا هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی هەبوو کە لێرەدا بواری باسکردنیان یان ژماردنیان نییە، بەهەرحاڵ دەکرێ بووترێ کە لادانی جنسی لەناو خەڵکدا زیاد دەکات بەزیادبوونی باڵاپۆشی تیایدا، ئەمەش حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتییە کەوا گومان نابەم دکتۆر محی الدین بتوانێت بە ئاسانی پووچەڵی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بوونی لادانی جنسی لەهەموو کۆمەڵگەیەکی سەر ڕووی زەوی رەت ناکەینەوە، بەڵام ئەو زیادو کەم دەکات بەپێی ئەو هۆکارە یارمەتیدەرانەی لەناو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش باڵاپۆشی و جیاکردنەوەی دوو رەگەزەکەیە هەروەك ئاشارێتەوە.

## بیروڕای دکتۆر محی الدین:

دکتۆر دەڵێت: نامەوێ کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی پاك ڕابگرم لەلادانێك کە هیچ نەتەوەیەك خاڵی نابێت لێی، بەڵکو هەڵەیەك ڕاست دەکەمەوە کە هەندێ ساویلکە لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و ڕەخنە گرانی شیعر دەیڵێنەوە و پەلەکەران لەوانەی خۆیان بە بانگەشەکاری لێکۆڵینەوەکۆمەڵایەتییەکانیش زلی دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵە بیروڕایەکی لێ پێك بێنن تا چاکانی خەڵکی پێ بوروژێنن، دکتۆر باوەڕی وایە کە لادانی جنسی لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیدا نەبووە زیاتر لەوەی لە کۆمەڵگەکانی تردا هەیە، ئەم ڕایەش باوەڕ ناکەم زانایانی کۆمەڵناسی لەسەری پێك بێن.

داواکاریشم لە دکتۆر ئەوەی لەبیر نەچێ کە لادانی جنسی بووە بە بابەتگەلێکی زانستی وەها کە زلکردنی یان گاڵتەکردن تیایدا گرانە، ئەمڕۆ ئەو ملکەچی سەرژمێری و لێکۆڵینەوەی بابەتییە زیاتر لەوەی ملکەچی بیروڕای زاتی بێت کە هەندێ لە ئەدیبەکانمان واڕاهاتوون کە بیدەن بەسەر خەڵکدا هەرکاتێ ویستیان.

دکتۆر دەتوانێت بەو ناوچانەدا بگەڕێت کە باڵاپۆشی تیایاندا لە توندیدایە بۆ ئەوەی ڕادەی ئەو لادانە جنسییە ببینێت ئەو ناوچانە پێی گەیشتوون و بۆی هەیە ئەوەش بیری خۆی بێنێتەوە کە چۆن لادان لای ئێمە لەسەردەمی عوسمانییدا بڵاوبووبووەوە، پیاو شەرم نەیدەگرت کە لە چایخانەیەکدا دابنیشێت وە مێردمناڵەکەی لە تەنیشتیدا دابنیشێت وناز بکات، ئەمەو لەکاتێکدا لەسەر ئافرەت پێویست بووە کە لەماڵەکەیدا بەدەگمەن نەبێت نەیەتە دەرەوە وخەڵکی تاکە نینۆکێکی نەبینن، هەتا ئافرەت لەماڵدا زیاتر خۆی گۆشەگیر بکات چاکەیەکی زۆر گەورەو ڕەواجێکی باشتر لە بازاڕی هاوسەرگیریدا پەیدادەکات.

لەڕابردوودا پیاو نیکاحی خۆی لەگەڵ هاوبەشەکەی تری ژیانیدا گرێ دەدا پێش ئەوەی بتوانێت بیبینێت وکاتێك دواتر حەقیقەتە تاڵەکەی بۆ ئاشکرا دەبوو پەنای دەبردە بەر مێردمناڵان بۆ ئەوەی ئەو شتەی ئەو لەدەستی چووە لە هاوسەرگیرییە بەدبەختانەکەی قەرەبووی بکاتەوە، وەك ئەوەی بەمە لەجێتەقلەی مەلەوانگە خۆی فڕێ بداتە ناو ئاگر.

## سۆفیگەرێتی و غەزەلی نێرایەتی:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دکتۆر وای دەبینێت کە نەزعەی سۆفیگەرانەی عیرفانی لە هۆکارەکانی زاڵبوونی جێناوی نێرە بەسەر شیعری عەرەبیدا، سۆفیگەرەکان غەزەل بەسەر خوادا دەڵێن وناوی خوایش نێرە نەك مێ مانای ئەوەیە کە ئەوان خوایان خۆش دەوێت نەك مێردمناڵان، ئەم بیروڕایە خاڵی نییە لە گرنگی و زۆرێك لە غەزەلە سۆفیگەرانەکانمان بۆ لێك دەداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەس نییە بۆ لێکدانەوەی هەموویان، سۆفییەکانیش مرۆڤن وەك هەموو خەڵکی تر و ئەوان هەر چۆن هەوڵ بدەن

کە بتوێنــەوە لـە زاتـی خـوادا و دەروونیـان دابـبڕێن لـە چڵکنییەکانی جەستە توانای ئەوەیان نابێت بە تەواوی خۆیان ڕزگار بکەن لە سروشتە مرۆییەکان.

سۆفییەکان لەسەردەمە دواییەکانیاندا بەخۆگرتنەوەیان لە ئافرەت بەناوبانگ بوون و خـاوەن هاوسـەرەکانیان شـانازییان بـەوەوە دەکـرد کـە زۆر بەکـەمی نـەبێت نزیکی هاوسـەرەکانیان نابنـەوە، لەیـەکێك لـە شێخەکانی سـۆفیگەری سـەدەی سـیانزەهەمی کۆچی دەگێڕنەوە کە ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا شەست وپێنج ساڵ ژیاوە بەبێ ئەوەی لێی نزیك بێتەوە، ئەم خۆگرتنەوەیە لە ئافرەت بیانەوێت یان نەیانەوێت دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشـانیان بـەلای مێرمنداڵانـدا، ئـەوەی لـە هەنـدێ سـۆفی زانـراوە ئەوەیـە هاوڕێیـەتی منداڵانیـان کردووەتـە بنەمایـەك بـۆ ڕێبازەکـەیان، هـەروەك حەجویری لـە کتێبەکەیدا دەرخستنی شاردراوەکان (کشف المحجوب) گێڕاویەتیـەوە (قوشـەیری)ش چیرۆکی خـەونێك دەگێڕێتـەوە کـە (ئـەبو سـەعیدی خـەزاز) ی سـۆفیگەری ناسـراو بینیویەتی، کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کە خەزار لەخەویدا ئیبلیس (شەیتان)ی بینیوە بەلایەکیدا ڕۆیشتووە و ئەم دیالۆگە کەوتووەتە نێوانیانەوە:

خەراز: ئەوە چیتە؟

ئیبلیس: چیتان لێ بکەم ئێوە ئەوەتان لە دەروونەکانتان دەرکردووە کە من خەڵکی پێ دەخڵەتێنم.

خەراز: ئەو شتە چییە؟

ئیبلیس: دونیا .ئەگەر چی من لەگەڵتاندا لوتفێکم هەیە.

خەراز: ئەی ئەوە چیە؟

ئیبلیس: هاوڕێیەتی منداڵ

ئـەم خەونـە دەلالـەتێکی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی گاڵتـە پێنـەکراوی هەیـە، ئـەوە بەڵگەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی مێردمنالان لەناو سۆفییەکاندا، خەرازیش لە قولایی عەقڵی ناوەکی خۆیدا دانی بەوەدا ناوە تا ئەوەی لە خەویدا بینیویـەتی زۆر جاریش خەون نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکات.

## ڕای ئیبن جەوزی:

ئیبن جەوزی بیروڕایەکی بڵاوی لەم بابەتەدا هەیە کە لە کتێبی (تبلیس ابلیس)دا هێناویەتی و دەڵێت: سۆفییەکان لە هاوڕێیەتی منداڵدا حەوت بەشن:

١-کۆمەڵێکن باوەڕیان بە توانەوە لە خودا (حلول) هەیە و ئەوانە وای پیشان ئەدەن کە خوا چەند جەستەیەکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هەندێ لە واتاکانی خوایەتی تیادا بتوێنێتەوە، ئەوان نەیان ویستووە کە هەر تواوە بێت لە ڕواڵەتێکی جواندا بەڵکو لەبینینی منداڵێکی ڕەشیشدا هێناویانەتەوە.

٢-کۆمەڵێکن خۆیان بە سۆفی دەچوێنن لە پۆشاکیاندا بەڵام مەبەستیان فیسقە.

٣-کۆمەڵێکن ڕەوایەتی دەدەنە بینینی چاك و جوان لەبەر ئەوە سەماو گۆرانی و ڕوانین بۆ ڕواڵەتی جوان بەرەوا دەزانن، لەوەشدا دوو فەرموودە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە، لە یەکێکیاندا هاتووە: ((اطلبوا الخير عند حسان الوجوه))داوای چاکە بکەن لای ڕووە جوانەکان، لە دووەمیشدا هاتووە: ((ثلاثة تجلو البصر، النظر الى الخضرة والنظر الى الماء والنظر الى الوجه الحسن )) سێ شت بینین بەهێز دەکەن سەیرکردنی سەوزایی و سەیرکردنی ئاو و سەیر کردنی ڕواڵەتی جوان. ئیبن جەوزیش دەڵێ: ئەم دوو فەرموودەیە درۆ و هەڵبەستراون.

٤-کۆمەڵێکن دەڵێن: (( ئێمە ناڕوانین بە ڕوانینی ئارەزوو ئامێز، بەڵکو دەڕوانین بە ڕوانینێکی پەندئامێزانە )) لێرەشدا کۆمەڵێك هەیە لەکاتی گۆرانیدا منداڵی بێ موو دەهێنێت و بە ئاڵتون و ئارایشت لە جل و بەرگ و دامێندا دەیڕازێنێتەوە و وای پیشان دەدات کە بەمە مەبەستی زیادکردنی باوەڕە بە ڕوانین وپەند وەرگرتن و بەڵگە هێنانەوە بە دروستکراو لەسەر دروستکار، بەڵام ئەم کۆمەڵە ئەوەی باسمان کرد دەیکەن، دوای خواردنی جۆرەها خواردنی چاك و خۆش.

٥-کۆمەڵێك هاوڕێیەتی بێ مووان دەکەن و دەروونیان ڕاگرتووە لەبەدڕەفتاری کە ئەوان باوەڕیان وەهایە ئەمە جیهادی دەروونە، دەگێڕنەوە لە یەکێکیان کە هەمیشە هاوڕێیەتی مێردمنداڵێکی جوانی کردووە و لێی جیانەبوەتەوە، کاتێك شەو دادەهات

هەڵدەساو نوێـژی دەکـرد و پاشـان لـە تەنیشـت منداڵەکـەوە دەخەوتـەوە، دوای ماوەیەکی کـورت سۆفی لـە ترسـا هەڵدەسێتەوەو دەست دەکات بـە نوێـژ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ خەو لـە تەنیشتی منداڵەکە، ئەمە چەندین جار دووبارە دەکاتـەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە، ئالەوێدا سۆفی سوپاسی خوای خۆی دەکات کە پاراستویەتی لە تاوان وکردنی کاری حەرام.

٦-کۆمەڵێك کە مەبەستیان هاوڕێیەتی منداڵانی بێ موو نەبووە بەڵکو گەنجەکە خۆی تەوبەی کردووە وخۆپارێز بووە و بەویستی خۆی هاوڕێیەتی ئەوانی کردووە، شـەیتانیش چەواشـەیان دەکـات و دەڵێـت: ((ڕێگرییـان لـە چاکە لێ مەکـەن)) پاشـان ڕوانینیان بۆی دووبارە دەبێتەوە بەبێ مەبەست تا لە دڵەکانیاندا فیتنە دەوروژێنێ.

٧-کۆمەڵێکن کە دەزانن هاوەڵایەتی منداڵە بێ موەکان و لێڕوانینیان دروست نییە، بەڵام ئەوانە ئارامگر نەبوون لەسەر ئەوە، یەکێکیان دەڵێت: ((زیاتر لەسەدجار پەیمانم بەخوا داوە کـە هاوەڵایـەتی منـداڵ نەکـەم، بـەڵام هەڵموەشـاندۆتەوە بـەهۆی ڕوومەتی جوان و باڵا ڤینج و ڤیتی و چاوڕەشی..))

بەهـەر حـاڵ ئێمـە نـاتوانین حـوکم بەسـەر هـەموو سـۆفیەکاندا بـدەین کـە مێردمنـداڵانیان خـۆش ویسـتووە یـاخود نێربازییـان لەگەڵـدا کـردوون، لەوانەیـە خۆشەویستی منداڵان لای هەندێکیان پاك بووبێت و خراپەیەکی تیادا نەبووبێ بە شـێوەیەك کـە تیایانـدا دروسـت بووبێـت بـەهۆی دوورگرتنیـان لـە ئـافرەت و خۆگرتنەوەیان لێیان، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت دروستە بڵێین کە بڵاوبوونەوەی غەزەلی نێرینـە لـە شـیعری سۆفیگەریدا هـەموویان بەرهـەمی نەزعـە عیرفانیەکـەیان نییـە و لەوانەیە لادانە پاکەکەیان لە هۆکارەکانی ئەوە بێت خوایش زاناترە.

***

"وتاری پێنجەم"

# لە نێوان چاکی و خراپییەکاندا

## چاکییەکانی شیعری عەرەبی:

دکتۆر محی الدین درێژە دەدات بە ڕوونکردنەوەکانی لەسەر چاکی و سوودەکانی شیعری عەرەبی بۆ نەتەوە، شیعریش لە ڕوانگەی دکتۆرەوە تەوراتی ئەم نەتەوەیەیە لەسەردەمە نەفامییەکەیدا و تاکە ڕواڵەتی چالاکی زەینی ئەو بووە لەو کاتەدا، کاتێکیش نەتەوە سەردەمی نووسین و دانانی بنەماکانی زانستە زمانەوانی و عەقڵیەکانی دەستی پێ کرد لە شیعر نزیک بوویەوە بۆ نووسینەوەی ڕێوشوێنەکانی ئەو زانستانە و دەستەواژەی وردو زاراوە هاتووەکانی لێ وەردەگیرێت و دابی بڵاو ونەریت و ئاسەواری شاراوەو ڕووداوی نەناسراوی لێ دەرهێنرا، دوای هەموو ئەوانە و کاتێک نەتەوە زانیاری دەربارەی ڕێبازە فەلسەفیەکان و بنەماکانی زانستی مشت و مڕو سۆفیگەری سەقامگیر بوو چارەیەکی تری نەدۆزییەوە جگە لە نزیکبوونەوە لە شیعر تا شایەت و بەڵگەو لێکچوو و هاوتای لێ دەربهێنێت.

پاشان دکتۆر ئەوەشی دەخاتە سەر کە قسە لەسەر من دەکات و دەڵێت کە زۆرێک لە بیرو بۆچوونە خۆشەکانم کە دەورەی خوێنەرم پێداوە بێگومان گەڕاومەتەوە بۆ شیعری عەرەبی و پشتم بەو بەستووە و لێرەدا دەپرسێت: چۆن دروستە بۆ من خەڵکی وازپێبهێنم لە شیعر و هەوڵ بدەم وەریان بگێڕم لێی لە کاتێکدا کە ئەو خۆی ئەم سوودە گەورەی بۆ هێنام؟))

دکتۆر ئەم پرسیارە دەکات و پاشان خۆی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: کە ئارەزووی قسەکردن لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت، بەڕاستی سەرم سوڕما بینیم پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە بەبێ ئەوەی تۆزێك بووەستێت بۆ ئەوەی گوێ بگرێ بۆ ئەوەی من دەیڵێم لەو بارەیەوە، خۆ لەوانەیە من هۆکارێکی ترم هەبێ جگە لەو هۆکارەی ئەو هێناویەتی: وە لەوانەیە ئارەزوویەکی ترم هەبێت جگە لەو ئارەزووە بەدبەختانەیە، من لە ڕاستیدا نامەوێت واز بە خەڵك بێنم لە شیعر و پشتیان پێ بکەمە لێکۆڵینەوەکەی چونکە شیعر بوارێکی گرنگە لە بوارەکانی مەعریفە، توێژەریش لە کۆمەڵگەی عەرەبی و مێژووەکەی لێکۆڵینەوەی شیعری لێ زیاد نییە، بەڵام ئەوەی لە خەڵکم دەوێت ئەوەیە کە بێلایەنانەو بەویژدانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن نەك لێکۆڵینەوەی خۆشەویستی و دەمارگیرانە، ئەگەر شیعر سوودگەلێکی هەبێت، هەروەها کۆمەڵە زیانێکیشی هەیە، لەوانەیە زیانی بۆ نەتەوەی عەرەب لە سوودەکەی زیاتر بووبێت. بەهەر حاڵ ئەوە ڕەت ناکەمەوە کە شیعری عەرەبی چەندە دانایی و جوانی بەخۆوە گرتووە، بەڵام دروست نییە ئەمە ڕێگەمان لێ بگرێت لە بینینی پڕوپوچی و بەتاڵییەکانی، لەهەمان کاتدا شیعر وەك هەر شتێکی تر لەم دونیایەدا کۆمەڵە چاکی و خراپیەکی پێکەوە بەخۆوە گرتووە ولەسەر توێژەریش پێویستە کە لەهەردوو ڕووەکەوە بۆی بڕوانێت، ئەگەر ویستی بەڕاستی توێژەر بێت، بەڵام دوپاتکردنەوەی ڕوویەکیان و پشتگوێ خستنی ئەوی تر، ئەوە مەسەلەیەکە سروشتی توێژینەوەی نوێ وەری ناگرێت.

## تەوراتی ئەم نەتەوەیە:

دکتۆر محی الدین شیعر لەسەردەمە نەفامیەکەیدا بەتەوراتی ئەم نەتەوەیە وەسف دەکات وەك ئەوەی نەزانێت کە تەوراتیش خۆی چاکەو خراپەی هەیە، ئەو تۆمارگەی چیرۆکی پێغەمبەران و ئامۆژگاریەکانیانە و لەهەمان کاتدا تۆمارگەی پڕوپوچی وەهمەکانە کە خوا بەهیچ جۆرێك نەیناردۆتە خوارەوە، لێکۆڵەرەوانی تەوراتیش لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەمارگیر نابن بۆی یان لەسەری، بەڵکو ئەوان چەند بتوانن لەو

ڕێگەیەدا توێژینەوەیەکی بێلایەنانەی تیادا دەکەن و بەمەش پەندی مێژوویی لێ وەردەگرن کە بەسوودە بۆ خەڵکی، ئایا شایستە نەدەبوو بە لێکۆڵەرەوەکانی شیعری عەرەبی لەوەدا شوێنکەوتەی ئەم میتۆدە زانستییە بن بۆ ئەوەی سوود وەربگرن و سوود بدەنەوە؟!

## خراپییەکانی شیعری عەرەبی:

شیعری عەرەبی پڕە لە خراپی و دەتوانم بەبەڵایەکی دابنێم کە لە نەفامی و ئیسلامیدا دووچاری نەتەوەی عەرەبی هاتووە، زۆرجاریش بەڵا سوودی دەبێت، دەمەوێت لێرەدا هەندێك لەو خراپیانە باس بکەم بەشێوەیەکی کورت بۆ ئەوەی لە وتارەکانی داهاتوودا بگەڕێمەوە بۆ ڕوونکردنەوەیان بەپێی توانا:

١- شیعر لەسەردەمی نەفامیدا هاوپەیمانی شمشێر بووە لە جەنگی تیرەکاندا و هەروەها لە شانازییە کەللە ڕەقیەکانیاندا، تیرەگەری نەفامیش بە بۆنەی پێگەیشتنی شاعیرەوە ئاهەنگی دەگێڕا هەروەك چۆن ئاهەنگی دەگێڕا بەدەرکەوتنی سوارچاکی خاوەن شمشێری تیژبڕ.

٢- هەروەها شیعر هاوپەیمانی بتەکان بووە بەشێوەیەك کە قورەیش کردبوویانە پاڵپشتێك لە پاڵپشتەکانی نفوزی تیرەیی و چالاکییە بازرگانیەکانیان، هەرلەبەر ئەوە موحەمەدی پێغەمبەر لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا دژایەتی شیعری دەکرد هەروەك چۆن دژایەتی بتەکانیشی دەکرد.

٣- لەسەردەمی ئەمەویدا سوڵتانەکان شیعریان کردبوویە هۆکارێك بۆ بەنج کردنی عەقڵی خەڵکی و پشتکردنیان لە چەمکە شۆڕشگێڕییە گەورەکان کە ئیسلام هێنابووی.

٤- لەسەردەمی عەباسییشدا شیعر هاوکارییەکی گەورەی کردووە لە بنیاتنانی بنەماکانی ڕستەسازیدا (نحو) ئەو بنەما گرانانەی کە عەقڵی ئیفلیج کردو وای لێ کرد لەناو بازنەیەکی بۆشدا بخولێتەوە.

٥- هەروەها شیعر لەسەروو ئەوەوە یارمەتی پشتیوانیکردنی دەسەڵاتی سوڵتانی کردووە، بەشێوەیەك کە سوڵتان چۆنی بویستایە ماڵی نەتەوەی تاڵان دەکرد و خەرجی دەکرد لەوەی ئارەزوومەندی بوو، بەڵام بەشێك لەو تاڵانییەی دەدایە شاعیرەکان ئەوانیش دوودڵیان لەوەدا نەکرد کە سوڵتان ئەمیری موسڵمانان و سێبەری خوایە لە جیهانیاندا.

## هەست پێ کردن:

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری عەرەبی هەمووی بەم نموونانە بە خراپی ناسراوە، چونکە لە نەفامییەتدا شاعیرگەلێکی یەکتاپەرست بەدەرکەوتن کە نەفرینیان لە بتەکان و قورەیش پێکەوە دەکرد، هەروەها لەسەردەمی ئەمەویدا کۆمەڵە شاعیرێك دەرکەوتن کە بانگەوازیان بۆ ئیسلام دەکردو رەخنەیان لەولادانە خراپە دەگرت بەسەریدا هاتووە، هەروەها لەسەردەمەکانی تردا کۆمەڵە شاعیرێکمان بینیوە کە دژی سوڵتان هەستاون و ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەوەدا جێگای ڕەزامەندی نییە.

دکتۆر عەلی زوبەیدی دەڵێت کە زۆرێك لە شاعیران هەبوون ژیاون و مردوون بێ ئەوەی شوێنەوارێکیان بۆ تۆمار بکرێت یان قەسیدەیەکیان لێ گێڕابێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوان ڕەوتیان لە شیعردا ڕەوتێك بووە بە پێچەوانەی تەوژمی زاڵ، لەوانەیە راویەکان پشتگوێیان خستبن لە ترسی سوڵتان و فەقیهو شاعیر و کرێگرتەکانی کە وەستاون و دەڕوانن. هەموو ئەمانە ڕاستە، ئەوەش دیسان ڕاستە کە لە هەندێ لە شاعیرە تازەکاندا شۆڕشێك دەبینین خەریکە زۆر بە توندی ستەمکاران رادەماڵێت، ئێمە لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێین ناتوانین ئەو سیفەتە زاڵەی چەندین سەدەیە بەسەر شیعردا لەبیر خۆمان بەرینەوە، ئەو سیفەتەی کە وای لە شاعیری عەرەبی کردووە ستایش و لۆمە بکات چۆن ئارەزووی دەکات بەبێ گرنگی دان بەو دەرەنجامەی لێی دەکەوێتەوە و لە زیانی کۆمەڵایەتی گەورەترە.

## کەسایەتی شاعیری عەرەبی:

ئـەتوانین بـە شـێوەیەکی گشـتی بڵـێین کـە شـاعیری عـەرەبی کەسـایەتیەکی دوو سەرەی هەیە و ئەو ئەوە دەردەخات کە لە ناوەوەیدا نییە، هەر ئەوەش دەڵێت کە ڕەفتاری پێ ناکات، قورئانیش لە کۆندا وەسفی شاعیرانی بەوە کردووە کە ئەوان شتێك دەڵێن کە ڕەفتاری پێ ناکەن و ئەوانە لەهەموو دۆڵێکدا یاری خۆیان دەکەن.

وادیارە دکتۆر محی الدین دان بەمەدا دەنێت و ئەویش دەڵێت: ((شاعیری عەرەبی زۆرجار بیروباوەڕو ڕێچکەکەی خۆیشی تێدەپەڕاند و خۆی ڕەها دەکرد لە پەیوەندی و نزیکایەتیـەکانی بـۆ ئـەوەی سروشـتی شـیعر دەیخوازێـت لـە توانـەوەی زاتـی و سڕینەوەی کەسایەتی خۆی، بۆ ئەوەی لە جێگایدا کەسایەتی هونەری بەرپا بێت لە زاڵبوونێکی سەرکەشانەیدا بەسەر هەموو لایەنەکاندا.

دکتـۆر بـەرگری لـەم کەسـایەتیە دوو جەمسـەرییەی شـاعیران دەکـات و دەڵێـت: ((ئەوانە خاوەنی هونەرن نەك خاوەن پەیامێك بن لە ژیاندا )) ئەو لە ئێمەی دەوێت کە بەتـەنها لـەو گۆشـەیەوە بۆیـان بڕوانین کـە ڕەخنـە گـرە کۆنـەکان لێیـەوە دەیانڕوانییە شیعرو شاعیران.

## پەیامی هونەر:

ئەو بەهانەیەیە کە زۆرێك لە شاعیران دەیکەنە پۆشاکێك حەقیقەتی خۆیانی پێ دەشارنەوە، خۆزگە دەمزانی مەبەستیان چییە لەو هونەرە، ئەوان بە دوای پاداشتدا ڕادەکەن و ئەگەر پێیان درا ئەوە ڕازی دەبن و ئەگـەر بێبەش کران لێی، تووڕە دەبن و پاشان دەنگیان بەرز دەکەنەوە و هاوار دەکەن بۆ هونەر، بژی هونـەر. ئەمەش ئەوەم بیردەخاتـەوە کـە چـەند ڕۆژێـك پـێش ئێسـتا لـە یـەکێك لـە گۆڤارەکانـدا خوێندمـەوە دەربارەی گۆرانیبێژێکی میسری کاتێك بینیم کە ئەو وەسفی خۆی دەکات بەوەی کە خاوەنی هونـەرێکی باڵاو لـە بانگخوازانی چاککردنی ڕەوشتە !! سەرسوڕمان لەمەدا نییـە چونکە ئـەو وەك هەرکەسێکی تـر لـە کـوڕانی ئادەم و کچـانی حـەوا بـەدوای

بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا دەگەڕێت و پاشان ئەمە بە بەرگێکی بریقەدار دەپێچێتەوە، بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی گشتییە و لە زانستی دەروونناسیدا بە (ئەزعەی بەهانە هێنانەوە) دەناسرێت، مرۆڤ حەز ناکات لەسەر حەقیقەتی خۆی لەبەرچاوی خەڵکی دەربکەوێت و هەرلەبەر ئەوە بەهانە بۆ کارەکانی دەهێنێتەوە بە بیانووی جۆراوجۆر، ئەو جارێك لە خۆشەویستی نیشتماندا دەتوێتەوە و تاوێکی تر خوا دەخاتە پشتی مەبەستەکانی، یاخود خۆی پێشکەش دەکات وەك قوربانییەك لە قەسابخانەی هونەردا —پەنا بە خوا.

## ئامێری وێنەگرتن:

دکتۆر دەڵێت: ((بێگومان شاعیر وەك ئامێری وێنەگرتنی تازە وەهایە دەکەوێت بەسەر چەندین شتی جیاجیادا و وێنەیان دەگرێت و وەك یەکە لای ئەو وێنەی فریشتەیەك یان شەیتانێك بگرێت. نازانم چۆن شاعیر ڕەش دەگۆڕێ بە سپی و ستەمکار دەکاتە دادپەروەر، لەوانەیە ئامێری وێنەگرتنەکە کە بەشێوەیەکی پێچەوانە دروست کرابێت یان لەبەرهەمەکانی دورگەی واق واق بێت.

ئەوە شایستەتر بوو بۆ دکتۆر کە شاعیری بچواندایە بەو ڕەسامەی کە بە ئارەزووی خۆی شتەکان وێنە دەگرێت، چونکە شتەکان لەسەر تابلۆکەی جوانە ئەگەر دڵڕفێن بێت و ناشرینیشە ئەگەر دڵتەنگ بێت، هۆکاری دڵخۆشی و دڵتەنگیش زۆر جار هەر زەردی بریسکەدارە !

دەگێڕنەوە کە پیاوێك لە خەویدا ئیبلیس (شەیتان) ی دیوە و سەری سوڕماوە کاتێك بینیویەتی جوانە و پێچەوانەی ئەوەیە وێنەگرەکان وێنەی دەکێشن و لەو بارەیەوە پرسیاری لێ کرد، ئەو نەفرینلێکراوەش وەڵامی دایەوە: ((چی بکەم قەڵەم بەدەستی دوژمنەکانمەوەیە ))، ئەگەر ئیبلیس سوڵتانێك لە سوڵتانەکانی دونیابایە شاعیرەکان دەیانکردە یوسف لە جوانی و کەشخەییدا.

چۆن شاعیر خۆی ڕادەهێنێت:

دکتۆر محی الدین ئەو ڕێچکەیە باس دەکات کە شاعیر خۆی پێ ڕادەهێنێ لەسەر هۆنینەوەی شیعر، لەیەکەم جاریدا ئەو لە ڕێگای بابەتە تەقلیدی‌یەکانەوە دەست پێ دەکات و غەزەل دەڵێت بەبێ خۆشەویستی، حەماسەت دەیگرێت بەبێ ئازایەتی، لاوێتی بەزۆر بۆ خۆی دەخوڵقێنێ لە کاتێکدا کە ئەو بەسالاچووە، بەسەر دۆڵەکاندا دەلاوێتەوە و خۆیشی لە شار دانیشتووە و وەسفی مەی دەکات بەبێ ئەوەی تامی بکات، بەدرەفتاری دروست دەکات لە کاتێکدا کە ئەو خۆگرو بەڕێزە..

هەموو ئەوانە لە ڕوانگەی دکتۆرەوە مەشق و ڕاهێنانە لەسەر دانانی شیعر، بزانم ئەم ڕاهێنانە چۆن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شامێری وێنەگرتن لای شاعیر؟ تۆ بڵێی یەکەم جار خۆی لەسەر درۆ ڕابهێنێت تا دواجار باوەڕی پێ بکرێ؟ ئایا دروست نییە بڵێین شاعیر ژیانی بە درۆ دەست پێ دەکات و هەر بە درۆش کۆتایی پێ دێ؟ بەهەر حاڵ ئەو هونەرمەندە، هونەرمەندێك کە ئەوەی دەیکات لێپرسینەوەی لەسەر نییە، چونکە هونەر دەبێتە هۆی وەك دکتۆر محی الدین دەڵێ توانەوەی زات و سڕینەوەی کەسایەتی، ئیتر لەوکاتەدا کەسایەتی هونەری دەست دەگرێت بەسەر خاوەنەکەیدا، دەستبەسەراگرتنێکی سەرکەشانە و هیچ فێڵێکی لەگەڵدا ناکرێت و دەربازبوونی لێی نابێت.

کاتێك ئەم وتەیەی دکتۆرم خوێندەوە کە هێناویەتی دەربارەی هونەر، شاعیرێکم بیرکەوتەوە لە ڕۆڵەکانی زانا دیارەکان کە لەم دواییەدا هەڵبەستێکی لە ستایشی یەکێك لە سوڵتانەکاندا داناوە کاتێك لەسەر ئەوە پرسیاری لێ کرا وەڵامی دایەوە: کە ئەو خۆی نەگرتووە کاتێك پرشنگی سوڵتانی دیوەو ئەو شیعرەی لە ستایشی ئەودا وتوە، بێگومان پرشنگی سوڵتان هەموو کەلەپوورە ئایینیەکەی و نموونە بالاکانی لەبیر بردەوە و وای لێ هات لەم دونیایەدا جگە لە خۆشەویستی سوڵتان و سوپاسگوزاری ئەو بایەخ بە هیچی تر نەدات، ئەو لە هۆشی خۆی چووە بانگ بدەن بە گوێیدا.

***

"وتاری شەشەم"

# لە نێوان وتەو واتادا

وەردی قسە لەسەر هەموو شیعری عەرەبی دەکات و رەها وەسفی دەکات کە شیعرێکە پشت بە مۆسیقای زارەکی دەبەستێت و بەختی واتا لە ناویدا زۆر لاوازە، کردنی ئەم قسەیەش بۆ یەکێك زۆر ئاسانە کە قسە فڕێ بدات، بەڵام من لە وەردی دەپرسم دەربارەی ئەو مۆسیقایەی هاتووەتە ناو شیعری عەرەبی و ئەو وا پێی لێ کەوتووە کە خاڵییە یان هەژارە لە واتادا و لێی دەپرسم ئەمە لە کوێوە هاتووە؟

ئایا لە وشەکانیەوە؟

یان لە لێکدراوەکانیەوە؟

یاخود لە کێشەکانیەوە؟

دکتۆر محی الدین لە ڕووی وشەو لێکدراو و کێشەکانیەوە شیعری عەرەبی پیشان دەدات و ئەوە بەرهەم دێنێت کە شیعری عەرەبی دەوڵەمەندە بە واتا و لەگەڵ شیعری هەر نەتەوەیەکی تردا جیاوازی نییە.

ئەمە کێشەیە:

ناتوانم لەم مشت ومڕەدا لەگەڵ دکتۆر محی الدیندا لەسەر یەك ئاست ڕاوەستم ئەو لە گۆشەیەکەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانێت جیا لەو گۆشەیەی من لێیەوە دەڕوانم و لەسەر ڕایەکیش پێك نایەین چەندە مشت و مڕی نێوانمان درێژە بکێشێ.

بێگومان دکتۆر محی الدین شاعیرێکی دەوڵەمەندە و بەشێکی زۆری تەمەنیشی لە ڕێکخستنی شیعرو لەبەرکردنی سەرف کردووە، ئەو بە توانایە لە هێنانەوەی

نموونەی جیاجیا لەهەر واتایەك بیەوێت دەتوانێت بەرامبەرخوازیشم لەگەڵ بکات و بەرامبەریشی هیچ شك نابەم جگە لە (لا حول ولا قوة الا بالله) و پەناگرتن بە خوا.

بەڵام کێشەکە کۆنابێتەوە لە نموونەهێنانەوە یان دەرهێنانی واتا تیایدا، چونکە عەقڵی مرۆییمان تاقی کردووەتەوەو دەبینین کە بەتوانایە لە دەرهێنانی واتا لەهەر دەربڕینێك بەلایەوە سەیر بێت و هەر لەهەمان کاتیشدا بەتوانایە لە ڕەتکردنەوەی هەر واتایەك لەهەر دەربڕینێکدا کە بەدڵی نەبێت، مرۆڤ شتێکی خۆش ویست هەموو سیفەتێکی جوان دەداتە پاڵی و رقیشی لێی بێت هەموو ناشرینیەکی دەتاتە پاڵ، ئەو لەوەدا دوای سۆزو ئارەزووی تایبەتی خۆی دەکەوێت و شافعیش زۆر راستی وتووە کە دەڵێت:

وعين الرضا عن كل عيب كليلة		كما ان عين السخط تبدى المساويا

کاتێك جیاوازی ڕەخنەگران لە خەملاندنی شاعیراندا دەبینین ئەمە بە ڕوونی دەدۆزینەوە، تیایاندا هەیە شاعیرێك دەگەیەنێتە بەرزایی ئاسمان و تیایشیاندا هەیە دایدەبەزێنێتە قوڵایی ژێرەوە، هەریەك لەوانەش دڵنیایە لە دروستی رایەکەی و متمانەی پێی هەیە، دەیبینی گۆرانی بە شیعری هاوەڵەکەیدا دەڵێ و بەچاکترینی شیعری دادەنێت کە جنۆکە سروشی کردبێ بۆی.

**بیروڕای من دەربارەی شیعری عەرەبی:**

ڕای من دەربارەی شیعری عەرەبی کۆن ئەوەیە کە بایەخ بە دەستەواژە دەدات زیاتر لەوەی بایەخی بەواتا دابێت، مەبەستیشم لەمەدا ئەوە نییە کە شیعر خاڵی بێت لە واتا، بێگومان زۆرێك لە واتای جۆن تیایدا دەدۆزیتەوە بە تایبەتی لە شیعری داهێنەرە گەورەکانی وەك موتەنەبی وە مەعەری و موهیاری دولەیمی، بەڵام ئەم شیعرە داهێنەرانەیە نوێنەرایەتی هەموو شیعری عەرەبی ناکات و دەتوانرێ ئەوە

بگوترێ کە شیعری عەرەبی کۆن بە شێوەیەکی گشتی بەختی لە واتادا کەمتر بووە لە شیعری نەتەوەکانی تر.

کەواتە مەسەلەکە ڕێژەییە و ئێمەش ناتوانین بە گەڕانەوە بۆ نموونەکان و دەرهێنانی واتا تیایاندا یەکلای بکەینەوە، چاکتر وایە بگەڕێینەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی شیعری عەرەبی و بەراوردی بکەین لەگەڵ تایبەتمەندی شیعری نەتەوەکانی تر، ئەگەر لە شیعری عەرەبیدا ئەو کۆتانەمان بینیەوە زیاتر لەوەی دەیدۆزێتەوە لە شیعری ئەوانی تردا ئەو کاتە دروستە کە بڵێین بەختی ئەو لەواتاداریدا کەمترە لەبەختی ئەوانی تر.

## دیاردەیەکی دەروونی:

لێرەدا دیاردەیەکی دەروونی هەیە پەیوەندی بەم بابەتەمانەوە هەیە کە ئەوە دەگەیەنێت عەقڵی مرۆیی زۆر بە دەگمەن نەبێت ناتوانێت بایەخ بە دوو شتی دژ بەیەک بدات لەیەک کاتدا، بۆیە ئەو دەبێت هەر بایەخ بە یەکێکیان بدات ئەگەر بیەوێت گرنگی خۆی بخاتە سەر مەسەلەکەی تر.

ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە کۆنەکان دانیان بەم حەقیقەتەدا نەناوە یان لەوانەیە لێی تێنەگەیشتبن و باوەڕیان وابووە کە عەقڵ توانای وەرگرتنی هەموو لایەنەکانی مەعریفەی هەیە و دەتوانێت پسپۆڕی تیایاندا هەبێت ئەگەر ئارەزوو بکات. ئەگەر مرۆڤ لە لایەنێکی عەقڵییەوە دەستەوەستان بوو، توندو تیژ دەبوون لەگەڵیدا و تۆمەتباریان دەکرد بە گەمژەیی وتەمەڵی، ئەگەر ئەو هەوڵی بدایە و بەردەوام بایە بە بیروڕای ئەوان دەگەیشت، بەڵام ناڕاستی ئەم بیروڕایە ئێستا روون بووەتەوە، ولیەم جێمس دەڵێت: عەقڵ و سروشت خۆی لایەنگرو بەشکراوە و ناتوانێت خاوەنی تواناو داراییەك بێت تەنها بە هەڵبژاردنی ئەو بوارە نەبێت بە ئاگایە لێی و هەروەها بەوازهێنانی شتانی تری جگە لەو، وە روانگەی خۆی بەرتەسک بکاتەوەو ئەگەر وانەبێ هێزە کەمەکەی دابەش دەبێت و ون دەبێ لەبیرکردنەوەدا.

## وتە و واتا:

راستی ئەم بۆچوونە نوێیەش دەردەکەوێت لە بابەتی وتەو واتا لە شیعردا، چونکە وتەو واتا وەك سروشتی خۆیان پێچەوانەی یەکن، شاعیریش ناتوانێت گرنگایەتی خۆی بخاتە سەر زانینی هەردووکیان بەیەکەوە و هەرکاتێك بایەخی زیاتری دا بە وتە کەم یان زۆر بایەخدانی بە واتا لاواز دەبێت.

داواش دەکەم لە دکتۆر دان بە دروستی ئەم تێگەیشتنەدا بنێت پێش ئەوەی ڕۆبچم لە گفتوگۆ لەگەڵیدا، بەڵام ئەگەر ویستی ڕەتی بکاتەوە ئەوا لەگەڵیدا هیچ فێڵێکم نییە و کەواتە مشت و مڕ لەگەڵیدا هیچ سوودێکی نییە.

## تایبەتمەندییەکانی شیعری عەرەبی:

لە شیعری عەرەبیدا سێ تایبەتمەندی کۆبوەتەوە کە زۆر بەکەمی بەو کۆییە لە هی تردا دەیدۆزینەوە، ئەم تایبەتمەندیانەش بە سروشتی خۆیان وتەیین وە دروستە ناویان بەرین بە کۆتی گوتەیی، ئەوانیش:

١-سەروا ٢-کێش ٣-شیکردنەوە (اعراب)

ئێمەش ڕەتی هەندێ لەو کۆتانە یاخود هەموویان ناکەینەوە لە شیعری عەجەمەکاندا، بەڵام ئەوان قورس نین بەو شێوەیەی کە لە شیعری عەرەبیدا دەیبینینەوە.

دکتۆر محی الدین باوەڕی وایە کە شیعری عەرەبی جیاواز نییە لە شیعری نەتەوەکانی تر لەبەرزی واتادا و لەوانەیە هەندێ جاریش لە واتادا دایڕنیوە.ئەوەش من باوەڕم پێیەتی ئەوەیە کە شیعری عەرەبی ناتوانێت لە ڕووی واتاوە لە ئاستی غەیری خۆیدا رابوەستێت، بێگومان ئەو خاڵی نییە لەواتا وەك باسمان کرد، بەڵام ناتوانێت ڕەها بێت لە چوون بە دوای واتادا وەك غەیری خۆی ئایا لە توانای شاعیری عەرەبیدایە لە خەیاڵیدا بفڕێت وەك باڵندە لە کاتێکدا ئەو کۆتکراوە بە قورسایی کێش و سەروا و ئیعراب لەسەر ئەو شێوەیەی کە زانراوە.

بەکەمی شیعرێك لە شیعرەکانی عەجەم دەدۆزینەوە بەوردی پارێزگاری لە کێش و ئیعراب بکات پێکەوە، بەدەگمەنیش شیعرێك دەدۆزینەوە پابەند بێت بە کێشە دانراوەکانەوە کە فەراهیدی لە بازاڕی (سەفارین) نهێنییەکەی دۆزیوەتەوە.

## سەمەرەی قافیەی عەرەبی:

بەڵام سەروای عەرەبی قسەی لەسەر بکە بەبێ تەنگەتاوی، ئەو پێویستە لەسەر یەك شێواز بێت لەسەرەتای هەڵبەستەکەوە تا کۆتایی و هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئیعراب کراو بێت، ئیعرابیش لە سەروادا نەخۆشییەکی درێژخایەنە و ئەوانە دەیزانن کە کردەی ڕێکخستنی شیعریان لە زماندا ئەنجام دابێ، شاعیری عەرەبی ناچارە گرنگی تەواو بە سەرواو لێکدانەوەکەی بدات پێش ئەوەی بەیتەکانی ڕێك بخات، ئەمەش هەروا نالێم چونکە من لە سەرەتای لاوێتیمدا شاعیر یان شاعیرۆچکە بووم ولە دانانی شیعریشدا دووچاری بەڵای زۆر بووم کە گاڵتەی پێ ناکرێت، ئێستاش بەردەوام بیرم دێت چۆن سەروام لە فەرهەنگەکاندا کۆدەکردەوە لە لیستێکدا، پاشان لەسەر بنچینەی ئەوە دەهاتم هەڵبەستەکەم دادەناو زۆرجاریش وتەم دەئاخنییە ناو بەیتەکە بۆ ئەوەی پێی بگەمە ئەو سەروایەی دەمویست.

ئەوەی زانراوە دەربارەی فەرهەنگە عەرەبییە کۆنەکان ئەوەیە کە وشەکانی لەسەر بنەمای پیتی کۆتایی ڕێك دەخست نەك پیتی یەکەم وەك فەرهەنگە تازەکان دەیکەن، گومان وایە ئەوەیان بۆیە کردووە تا یارمەتیدەر بێت بۆ شاعیران کە ئەوەی دەیانەوێت لە سەرواکان لێیان وەربگرن.

وە لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لە هۆیەکانی ئەوەی داستان لە شیعری عەرەبیدا دەگمەن بێت، زۆر بەکەمی هەڵبەستێکی چیرۆك ئامێزی درێژ تیایدا دەدۆزینەوە کە ئەوەی لای هۆمیرۆس یان دانتی یان فیردۆسی دیومانەتەوە، چونکە شاعیری عەرەبی بەلایەوە گرانە داستانی درێژ ڕێك بخات، چونکە پارێزگاری لە سەلامەتی کێش و سرواو ئیعراب ماندووی دەکات وهەوڵێکی زۆری دەوێت، ئەو هەست بە ماندووبوون دەکات پێش ئەوەی شاعیرانی تر لەوانەی ئازاد بوون لەم کۆتانە زۆر یان کەم هەستی

پێ بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا رەتی بوونی هەندێ شاعیری عەرەب ناکەمەوە کە بە توانان لە هێنانی واتای جواندا، بەڵام بڕوام وایە ئەوانە ئەگەر زیاتر ئازادبونایە لەو کۆتە لەفزیانە واتاکانیان جوانتر و زیاتر جۆراوجۆرترو زۆرتر دەبوو.

## بیژاری شاعیرە تازەگەرەکان:

خاتوو (نازك الملائكه)لە پێشەکی دیوانێکیدا دەربارەی قورسایی سەروا لە شیعری عەرەبیدا دەڵێت: ((ئەو بەردەوام کۆسپ بووە و لەهەر کاتێکدا شاعیر هەڵچوو بێت و حاڵەتی شیعری گرتبێتی و قەڵەمی بەدەستەوە گرتبێت بۆ ئەوەی چەند بەیتێك بنووسێت، هەتا ئەوەی پێیەتی لەسەروا دەست بە کەمبوونەوە دەکات، ئیتر دەڕوات و زەینی خۆی دابەش دەکات لە نێوان دەربڕین لە هەڵچوونەکەی و بیرکردنەوە لەسەروادا، بەمەش خێرا حاڵەتە شیعرییەکەی دێتەخوارەوە و تەوژمەکەی دادەمرکێتەوە، شاعیر بەو شێوەیە دەڕوات و بێ ئاگا وەسفی وشەکان دەکات و بەدوای قافیەکاندا دەگەڕێت)).

هەروەها مامۆستا نزار قبانی لە گۆڤاری ئادابدا دەڵێت: ((من یەکەمینی ئەوانە بووم کە دەیانوت ئازادبوون لەسەروا پێویستە..ئەم کۆیلایەتییە ئاوازدارەی کە بە بەیتی عەرەبی دەڵێ: راوەستە.رادەوەستێت بەمەش پەتی خەیاڵی عەرەبی لە جوانترین بازنەکانیدا دەبڕێت و بەهەناسە بڕاوی دەیخات..))

مامۆستا نزاریش دەگەڕێتەوەو دەڵێت: ((بێگومان سەروای عەرەبی لەگەڵ ئەم خەوشەیشدا کەلەپورێکی جوانەو پەیوەستە بە نهێنی ئاوازەوە )) بیروڕای ئەو وایە ئێمە پارێزگاری لەم سەروایە بکەین یاخود کۆیلایەتی قبوڵ بکەین وەك چۆن پەیمانی هاوسەرێتی لە گەردنماندا دەپارێزین لەبەرئەوەی ئازادبوون لێی پێویستی بەچەند نەوەیەك هەیە..

**بەکورتی :**

کورتەی ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کەشیعری عەرەبی کۆن بەو مۆسیقا زارەکییەوە جوانە، بەڵام لە واتادا بە شێوەیەکی نوێ جگە لە رووڕەشی هیچمان لێی بەدەست ناکەوێت !

ئەو شیعرەو بەوەرگێڕان مۆسیقاکەی لەدەست دەدات، هەروەها جگە لەچەند واتایەکی کەمی لاواز شتێکی لێ نامێنێتەوە، نموونەی ئەمەش دەکرێ بۆ زۆرێک لە کەلەپووری رۆشنبیریمانی بڵێین، چونکە ئێمە گەلێکین هەر لە دێر زەمانەوە بە رەوانکاری باش ناسراوین !

***

"وتاری حەوتەم"

# شاعیریێتی عەرەب

**هۆی هۆکارەکان:**

لە وتاری پێشوودا وتم کە چۆن سەروا و کێش و شیکردنەوە بوونەتە کۆت لە شیعری عەرەبیدا و کۆسپیان لەڕێی دەرچوون بە دوای واتادا دروست کردووە، لێرەشدا کەسێك پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەو هۆکارە چییە شیعری عەرەبی گیرداوە بەم کۆتانەوە، بەو شێوەیەی کە نموونەی بەدەگمەن لە شیعری نەتەوەکانی تردا دەدۆزێتەوە؟ ئایا ئەم کۆتانە دەرەنجامی هۆکارێك نییە کە لە پشتیەوە خۆی شاردۆتەوە؟ لێرەدا زانستی کۆمەڵایەتی دەستێوەردان دەکات و هۆکارێك دەهێنێت کە لەوانەیە دکتۆر محی الدین یان غەیری ئەویش لەوانەی ئەدەبی عەرەبی کۆنیان بەدڵە لێی ڕازی نەبن.

زانستی کۆمەڵایەتی دەڵێت: ئێمە ئەگەر بمانەوێت هۆکاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێك بدەینەوە، پێویستە لەسەرمان لەو کۆمەڵگەیەی دیاردەکەی تیا دروست بووە بکۆڵینەوە، بۆیە هەر دەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا ئەو هۆکارە شاراوەیە بدۆزینەوە کە بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لەهەر ڕوویەك لە ڕووەکانەوە.

بەم پێیە دەتوانم بڵێم کە دەکرێ لە هۆکاری ئەو کۆتە زارەکیانەی شیعری عەرەبی پێ گیرخواردوو بووە تێبگەین ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگەی نەفامی و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی کە شیعری عەرەبی تیا پێگەیشتووە و نەش و نمای کردووە، بگرە لەم کۆمەڵگەیەدا تەواو پێگەیشتووە.

نازانم دکتۆر محی الدین لەم بیروڕایەدا لەگەڵمدا پێك دێت یان نا؟ بەڵام من لەگەڵ زانیاری کەمیشم بە مێژووی شیعری عەرەبی خەریکە باوەڕ دەکەم کە کۆمەڵگەی نەفامی دەستی درێژی لە پێکهێنانی ئەم شیعرەدا هەیە و ئەو سیفەتەی پێ داوە، کە ناوبانگی پێ دەرکردووە دوای چەند سەدەیەکیش.

## تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەفامی:

کۆمەڵگەی نەفامی خاوەنی سێ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بووە، ئەویش دەمارگیری تیرەگەری و هێرش بردن و شیعرە، ئەمەش شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لەو کۆمەڵگەیەدا ونە، بۆیە دەبێت پەنا بۆ کۆبوونەوەی تیرەگەریانە بەرێ بۆ ئەوەی خۆیان وماڵیانی پێ بپارێزن، ئەو دەشتەکیەش خۆی بە تیرەیەك لە تیرەکان نەپارێزێت ناتوانێت لە بیاباندا زۆر بژی، لێرەوە عەرەب گرنگی داوە بە نەژادو پەیوەندییە تیرەییەکانیانی پێ ناسیوەتەوە.

کۆبوونەوەی تیرەگەریانەش بەلای خۆیەوە دەبێتە هۆی هێرش بردن و بەردەوامی جەنگەکان، لەبەر ئەوەی بیابان لماوییەو جگە لە لەوەڕێکی کەم لێرەو لەوێ هیچی تیا نییە، تیرەکانیش ناچارن کە بەدوای ئەو لەوەڕگایانەدا بگەڕێن و ململانێیان لەسەر بکرێت، لە ڕاستیدا ململانێی مانەوە لە بیاباندا توندو نەبراوەیە و سروشتی بیابانیش وای کردووە کە بەهێزی ئازا نەبێت نەتوانێت تیایدا بژی، بەڵام لاوازی ترسنۆك تیایدا زوو بێ یان درەنگ هەردەبێت تیا بچێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە شارستانیەتدا دەیبینین کە لاوازی ترسنۆکیش دەتوانێت لەژێر پارێزگاری حکومەتدا بژی ئەگەر پیشەیەکی هەبێت و بژێوی خۆی لێ بەدەست بهێنێت، حکومەتیش دەیپارێزێت بۆ ئەوەی بۆ وەرگرتنی باج بیقۆزێتەوە.

## ڕۆڵی شیعر لە بیاباندا:

لەدوای هەموو ئەوانە ڕۆڵی شیعر دێت لە بیاباندا، ئەوەش زانراوە دەربارەی شاعیری دەشتەکی ئەوەیە کە ئەو زمانی تیرەیە و بەرگریکەرە لە ناموسی، دیارە

ئازایەتیش تەنها بەس نییە بۆ ژیانی بیابان، بۆیە پێویستە لەهەموو تیرەیەکدا کەسێك هەبێت بە زمان بەرگری لە تیرەکەی بکات هەروەك چۆن سوار بە شمشێرەکەی بەرگری لێ دەکات.

شاعیری دەشتەکی دەڵێت:

لسان الفتى نصف ونصف فؤاده

فلم يبق الا صورة اللحم والدم

زمانی لاو نیوەیەتی و نیوەکەی تری دڵی

ئیتر هیچی نەماوەتەوە جگە لە گۆشت و خوێن

واتای ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ لە بیاباندا دوو سەلیقەیان هەبووە ئەوانیش: ئازایەتی دڵ و زمانپاراوی، ئەگەر دەستەوەستان بوو تیایاندا شتێکی بۆ نامێنێتەوە جگە لە جەستەیەکی سوکەڵەی رسوا کە هیچ ناکا، ئەوەی زانراوە دەربارەی هۆز ئەوەیە کە ئاهەنگیان گێراوە بە بۆنەی هەڵکەوتنی شاعیرەوە لەسەر شێوەی ئاهەنگێرانیان بە هەڵکەوتنی سوارچاکی ئازاوە، ئیبن رەشیق لە کتێبی (العمدة) دا دەڵێت: ((ئەگەر لە هۆزدا شاعیرێك هەڵکەوێ هۆزەکە دێن و پیرۆزبایی لێ دەکەن و خواردن دروست دەکرێت و ئافرەتان کۆدەبنەوە و عود لێ دەدەن وەك لە شاییەکاندا دەیکەن، پیاوان و منداڵانیش دێن لەبەر ئەوەی ئەو شاعیرە پارێزەری نامووس و بەرگریکەر لەوەجاخزادەییان دەکات و نەمری دەداتە سەروەریەکانیان و بە پیاهەڵدان باسیان دەکات، ئەوانە پیرۆزباییان نەدەکرد تەنها بە بۆنەی لەدایك بوونی کوڕو شاعیرێکی هەڵکەوتە و ئەسپێکەوە نەبێت کەوەبەربێت)).

شاعیری ئەفامی ئەوەی رەت دەکردەوە کە کاسپی بە شیعرەکانییەوە بکات، ئەوەی سەلماندبوو تیایدا کە ئەو ئەرکێکی گرنگی لە هۆزەکەیدا لەئەستۆیە، ئەگەر بەوە ناوبانگی زڕا کە شیعرەکانی بە پارە دەفرۆشێت، ئەو کاتە قسەکانی سوك دەبێت بەلای خەڵکەوە و ئەو شوێنەوارە کۆمەڵایەتیەش ون دەکات کە لێی چاوەڕێ دەکرێ.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیری نەفامی بەخشش ودیاری بەهیچ شێوەیەك کاری تێ ناکات، بەڵکو کارتێکردنەکەی بەوانە کەمتر بووە لە کارتێکردنیان لە شاعیرەکانی سوڵتان، ئەوانەی دواتر دەرکەوتن و وایان لێ هاتبوو هیچ لە دونیا تێنەگەن جگە لە چاوەڕوانی دیاری، پەنا بە خوا.

## سیحری ووشە:

بارودۆخ هەرچۆن بێت وشە لە کۆمەڵگەی نەفامیدا کارابیەکی توندی تیژتر لە شمشێر لە دەروونەکاندا هەبووە و هەر لەوێشەوە وتەی شاعیریش هاتووە:

جراحات السنان لها التئام

ولا يلتام ما جرح اللسان

برینەکانی چەقۆ سارێژ دەبێ

برینی زمان بێ سارێژبوون دەمێنێتەوە

شاعیری نەفامی دارشتنەوەی ووشە چاك دەزانێت و پاشان بەسەر خەڵکدا دەیخوێنێتەوە و راویەکان لێ وەردەگرن و وای لێ دێ وەك بەڵگەنامەیەك سەیر بکرێ کە بواری گومان لێ کردنی تیادا نەمێنێتەوە، لەوانەیە هۆزێك بەهای دابەزیبێت بەشێوەیەکی خراپ بەهۆی جنێوێکی لێزانانەوە کە شاعیرێك وتوویەتی، لەوانەیە هۆزێکی تر بەرزبووبێتەوە بۆ بەرزایی ئاسمان بەهۆی بەیتە شیعرێکی جوانەوە.

مامۆستا جورجی زەیدان دەربارەی کارایی شیعر لەسەر عەقڵی سەردەمی نەفامی و دەڵێت: شیعر دایاندەنیشێنێت و هەڵیاندەستێنێت و هەندێ جار ووتەیەك دەبیستن و دەروونیان باڵ دەگرێتەوە، لەوانەیە عەرەبێك ژیانی لە پێناوی ئەوەی گوێی لە قسەیەك بووبێت یاخود قسەیەك نەبیستێت سەرف کردبێت، لەبەر ئەوە چەندین شێوەی خۆبەرزراگرتن و کێبەرکێیان لەلا زۆر بووە لەوەرزو یانەکاندا.

## هۆ دەرخستنێکی هەڵە:

زۆرێك لە مێژوونوسانی ئەدەبی عەرەبی هەوڵی داوە کە بایەخپێدانی سەردەمی نەفامی بە شیعر بگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری جوگرافی، لەوانە ئەحمەد ئەلحۆفی مامۆستا لە خانەی زانستەکان لە قاهیرە و دەڵێت: عەرەب نەتەوەیەکی شاعیرە..دەشتە بیابانەکانیش ئەم شاعیریەتییەیان پەسەند کردووە، لەوێدا مانگ بەڕوویەکی پرشنگدار و زەردەخەناوییەوە هەڵدێ و تیشکە زیوینەکەی بۆ کۆتایی شەو بەخەبەرەکان و دەمەتەقێکەرانی شەو دەنێرێت و چنگی دەکێڕێنێ لە ڕوومەتیان، ئەستێرە ڕوو دیارەکانیش دەدرەوشێنەوەو دەبریسکێتەوە وئەنماسەکان کە دەخوێنێت ولەگەڵ خۆیدا دەدوێت، لێرەشدا وەستاوییەکی شایستە بە تێرامان هەیە و چۆڵە بیابانێکی فراوانی ئاشکراکەر و ئازادییەکی ڕەها هەیە، هەموو ئەوانە لە دەروونی دانیشتواندا ڕەهابوونێك بۆ دەربڕین و دەرخستنی ئەوەی لەویژداندا هەیە دروست دەکات، وڵاتی عەرەبیش وڵاتی ڕووناکییە بە شێوەیەك کە خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا گەشت دەکات و ڕووناکیش کارایی لەسەر سیفەتەکانی مرۆڤ هەیە زیاتر لەوەی لەسەر جەستەی هەیبێت، گۆتەش وتوویەتی لە کاتێکدا هاوار بۆ خۆی دەکات: ((ڕووناکیم دەوێ! ڕووناکیم دەوێ)).

حوفی ئەمە دەڵێت بۆ هۆکارهێنانەوەی شاعیریەتی عەرەب، منیش کاتێك ئەمە دەخوێنمەوە خۆم پێ ناگیرێت بێ ئەوەی پێنەکەنم بەم گاڵتەجاڕییە بەتاڵەی هێناویەتی، ئەو غەزەل بەسەر جوانیی سروشتی بیاباندا دەڵێ و ئەو ناوچە جوانانەی غەیری بیابانی لەبیر دەچێ کە خەریکە لە جوانییاندا بدەی لە ڕوومەتت، نازانم بۆچی خەڵکی سویسرا لە عەرەب زیاتر شاعیرتر نەبوون؟ زۆرن لە نموونەی حۆفی کە بەئارەزووی خۆیان هۆکار بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەهێننەوە و دەیانبینن وشەگەلی زرینگەدار دەهێننەوە و لارو لەنجەی پێ دەکەن و وادەزانن پێیان گەیشتوونەتە هۆکاری هۆکارەکان، ئەوانە مەسەلەی کۆمەڵگە پشتگوێ دەخەن و دێن غەزەل دەڵێن

بەسەر تیشکی مانگ و درەوشانەوەی ئەستێرە و جوولەی خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، وەك ئەوەی جوڵەی خۆر لە ناوچەکانی تر لە ڕۆژئاواوە بێ بۆ ڕۆژهەڵات.

## شیعرو هونەرەکانی تر:

عەرەب لە ڕابردوودا شیعری وەك گرنگترینی هونەرەکان وەرگرتبوو، لەوانەیە تاکە هونەریش بووبێت لەلایان و هۆکاری ئەوەش ئەوە بووە کە ئەوان ئەهلی گەشت و گەران بوون بەبەردەوامی، ناچاریش بوون کە لە گەشتەکانیاندا شتی قورس هەڵنەگرن تەنها ئەوە نەبێت کە بۆ ژیانیان پێویست بوو لە بیاباندا، ئەوان دەربارەی نووسین یان وێنەگری یان پەیکەرسازی یان مۆسیقا شتێکی کەم نەبێت نەیاندەزانی، چونکە ئەوان پێویستیان بە ئامێرگەلێکی جۆراوجۆری زۆر هەبووە و نەیاندەتوانی هەڵیبگرن لەکاتی گەڕانە فراوانەکانیاندا.

شیعر تاکە هونەر بووە کە عەرەب بە ئاسانی وەری بگرێت، چونکە قسەیەکی کێشدار بووەو لەبەرکردن و گێڕانەوەی ئاسان بووە و بۆ ئەوە جگە لە بادانی زمانی شتێکی تر پێویست نەبووە.

## گرنگی بە ووتە:

پرۆفیسۆر فلیب حەتی دەڵێت: ((شیعری نەفامی بەهێزە لە پێکهاتە زمانەوانییەکەیدا و زیندووە بەسۆزە جۆشدراوەکەی، بەڵام لاوازە لە رووی بیرە بنەرەتییەکەی و ئەو خەیاڵەی دەبێتە مایەی بیرکردنەوە، هەر لەبەر ئەوە بایەخی خۆی لەدەست دەدا کاتێك وەردەگێڕدرێن بۆ زمانەکانی تر.

باوەڕم وایە ئەم وتەیە خاڵی نییە لە دروستی ئەگەر هەمووی دروست نەبێت، چونکە شاعیری نەفامی شاعیر نییە بەواتا تێگەیشتووەکەی لای شارستانییەکان، بەڵکو بەجۆرێکی تر ئەو جەنگاوەرەو مەبەستە شیعریەکانیشی زۆربەیان لەدەوری حەماسەت و شانازی و ستایش و لێخوێندن دەخولێنەوە ئەگەر لای ئەو غەزەلێك یان وەسفێکی سروشتیمان بینیەوە ئەوە هیچ نییە جگە لە هۆکارێك کە دەیەوێت پێی

بگات بەمەبەستە بنەڕەتیەکەی خۆی، برۆکلمان دەڵێت: ((ئامانجی شاعیری نەفامی بریتی بووە لەبەرزڕاگرتنی تیرەکەی یان ستایش کردنی، بەڵام غەزەل دوای ئەوە دێت وەك نمایشێك یان هۆکارێك بۆ ئەوەی لە پشتییەوە دەیەوێت.

## شێوازی ستایش و لێخوێندن:

لەبەر ئەوەی شاعیری نەفامی خەریکە بە حەماسەت و شانازییەکانیەوە یان بە ستایش و لێخوێندنەکانیەوە بۆیە پێویستە بەدوای شێوازێکی داخکەری ئاوازداردا بگەڕێ، ئەو شیعرەکانی دەڵێ بۆ ئەوەی ڕێبوارەکان بیگوێزنەوە و ڕاویەکانیش قسەی لەسەر بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە شیعرەکەی لەو جۆرانە بێت کە ئاسان لەبەر بکرێت و گۆرانی پێ بگوترێ گرنگ نییە دوای ئەوە خاوەنی واتایەکی درۆ یان دووبارە بێ و ئاوازی وتەکان لای شاعیر گرنگترە لە خۆشی واتاکان، زوهەیری کوڕی ئەبی سەلما راستی وتووە کە دەڵێت:

ما اُرانا نقول الا معارا      او معادا من لفظنا مكرورا

دەکرێ ئەم دیاردەیە لەهەر زمانێکی تردا تێبینی بکەین ئەگەر ستایش و لێخوێندن تیایدا بڵاو بوبێتەوە، چونکە ئەو زمانێکە سۆزێکی خرۆشاو بەسەریدا زاڵە و گرانە بەلایەوە ڕۆبچێ بەناو لێکۆڵینەوەی ئەم بوونەوەرەی دەوروبەریدا و واتای نوێی لێ دەربهێنێت.

یەکێك لەو ئەدیبانەی کە لە شێوازی نووسینیدا میتۆدی دەشتەکیانەی گرتووەتەبەر کتێبێکی دەرکرد کە تیایدا رەخنە لە من دەگرێت، منیش کتێبەکەم خوێندەوە و چەند جارێك بەو هیوایەی بیرێکی نوێی تیادا بدۆزمەوە کە سوودی لێ وەربگرم، بەڵام سەرنەکەوتم ئەم هاوڕێیەمان کتێبەکەی پڕ کردووە لە جنێوی ئاوازدار کە هەندێکیان هەندێکی تریان دەخوێننێتەوەو وا گومانیش دەبات بەمە گەیشتووەتە ئامانجی خۆی لە رەخنەسازی باڵادا.

کێشەی ئەم ئەدیبە ئەوەیە ئەوەیە دوای ڕۆژگاری خۆی بەسەدان ساڵ بەدەرکەوتووە و بەدبەختیەکەی وای خواستووە کە لە بەغداد و لە سەدەی بیستەمدا بژی، لە کاتێکدا بۆ ئەو ئەوە بەسوودتر بوو لە بیابان و پێش چواردە سەدە لەدایک ببوایە.

## چیرۆکێك لە بیابانەوە:

ئەڵێن توندترین یاخود لە توندترینی ئەوەی عەرەب لە لێخوێندندا وتوویەتی وتەی یەکێکیانە کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ماكنت احسب ان الدخن فاكهة | حتى مررت بوادي آل عمار |
| قوم اذا استنتج الاضياف كلبهم | قالوا لأمهم بولي على النار |
| فضيقت فرجها بخلا ببولتها | ولم تبل لهم الا بمقدار |

بێگومان پیاوی شارستانی ئەم جۆرە لێخوێندنەی بۆ قووت ناچێ کە جگە لە جنێوی نەشیاو شتێکی تری تیادا نییە، بەڵکو ئەو بەزەمی لێخوێنەرەکەی دادەنێ نەك لێخوێنراو، چونکە شارستانی لێخوێندن کاری تێ ناکات مەگەر لێخوێندنێکی واقعیانە و بەشایەت و بەڵگەوە پاڵپشت کرابێت، بەڵام جنێودان بەبێ بەڵگە لە ڕوانگەی ئەودا مەسەلەیەکە بەدڵدا ناچێ.

بەڵام لەسەردەمی نەفامیدا جنێو خۆی دەیتوانی پاڵپشتی خۆی بکات ئەگەر ئاوازداربێ و گوێگر خۆشحاڵ بکات و ڕاویەکانیش بۆیان لەبەر بکرێت بە ئاسانی، گومانیش ئەوەیە کە ئال عەماری لێخوێندراو لەلایەن شاعیرەکەوە سەریان لە ئابڕووچوو بێت و پێگەیان لەناو هۆزەکاندا دابەزی بێ وخەڵکیش دەستیان کردبێ بە گواستنەوەی شیعرە لێخوێنەکە بەبێ ئەوەی پرسیار بکەن دەربارەی دروستییەکەی لە واقیعدا.

ئەگەر ئال عەمار لە کوڕانی ئەم شارستانیەتە تازەیە بوونایە دەچوونە دادگاکان و سکاڵایان لە شاعیرە لێخوێنەکە دەکرد، لەوێشدا شاعیرەکە دەکەوتە تەنگەژەوە و پێویست دەبوو لەسەری بەڵگە بهێنێت بۆ پاڵپشتی لێخوێندنەکەی و ئەمەش گران

دەبوو لەسەری و هەر دەبوو چارەنووسی زیندان بێت بەپێی گونجاوترین گومان، لە بیاباندا دادگا یان حکومەت نییە و لێخوێندراوەکە هەر ئەوەی پێ دەکرێت بەهێزی شمشێر بەرگری لە کەرامەتی خۆی بکات یان سەرشۆڕانە بێدەنگ بێت.

## چیرۆکێکی تر:

دەگێڕنەوە شاعیرێکی بەناوبانگ دەچێتە میوانی پیاوێکی هەژار کە چەند کچێکی عازەبی هەبووەو پیاوەکەش قوربانی بۆ دەکات و زۆر ڕۆدەچێت لە ڕێزلێگرتنیدا، پاشان سکاڵای بەدبەختی خۆی و حاڵی کچەکانی بۆ کرد، شاعیرەکە ووتی: ((مەسەلەی ئەوان لە ئەستۆی من ))و پاشان ڕۆیشتە بازاڕی (عوکان) و شیعرێکی ناوازداری لە ستایشی کابرادا خویندەوە، هەر ئەوەندەی تەواوی کرد خەڵکی چواردەوری پیاوەکەیان داو کەوتنە پیرۆزبایی لێ کردنی وجاخزادەکانیش کەوتنە پێشبڕکێ بۆ مارەکردنی کچەکانی، کابرا ئێوارەی نەکردەوە هەموو کچەکانی هەریەکەیان کەوتە پەنای پیاوێکەوە و ژیانیان باشتر بوو لە باوکیان هەزار جار. ئەوانە پشکنینیان نەکرد لە مەسەلەی پیاوەکەو کچەکانی وەك ئەوەی شیعرەکە لەلایان بەهێزتر بێت لەهەر بەڵگەیەك، لەبەر ئەوەی شیعرەکە راویەکان ڕاگوێزانی پێ دەکەن هەردەبێت شانازیەکی نەمرانە بێت بۆ پیاوەکە بە کوێرایی چاوی ئیرەیی بەرەکان.

***

"وتاری هەشتەم"

# شیعرو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی

لــەو بیروڕایانــەی دکتــۆر محــی الــدین هێناویــەتی ئەوەیــە کــە شــاعیران لــە شیعرەکانیاندا نوێنەرایەتی کەس ناکەن جگە لە خۆیان و ئەو چینەی دەوروبەریان، ئەو دەڵــێ بەرپرسیارێتی ڕێـڕەوی کۆمەڵگــەکان لەسـەر ڕێچکەگەلی شاعیران یـان وتەکانیان بەدەرە لە واقیعی کردەیی و لـە تێگەیشتن و ڕوانینی خەڵك بۆ شاعیران، شاعیر هەنـدێ جار وەسـفی ڕووداوێـك یـان ستایشـی پادشایەك دەکـات و نەزعـە هونەریەکەی پاڵی پێوە دەنێت بۆ زیادەڕۆیی و ڕۆچوون، بۆیە نابێت مێژوونوس بەمە فریو بخوات و دەقی شیعری لە جێگای دەقی مێژوویی دابەزێنێت.

بەلای منەوە دکتۆر لەم رایەیدا ڕاست و هەڵەی کردووە لەیەك کاتدا، ڕاستە ئێمە ڕووداوە مێژووییــەکان لــە تێکســتە شــیعرییەکانەوە ناخوێنینــەوە، چــونکە شــاعیر درۆزنــەو لەوانەیــە حــەق بکاتــە بــەتاڵ و بــەتاڵ بگــۆڕێ بــە حــەق بــەهۆی نەزعــە هونەرییەکەیەوە، یان بەهۆی حەزکردنی لە بەخشیش وەرگرتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە شیعرەکەیەوە بەهای کۆمەڵایەتی بخوێنینەوە کە لـەو ڕۆژگارەدا زاڵ بـووە بەسەر عەقڵی خەڵکەکەدا.

بێگومان ئاسان بووە بۆ شاعیر کە درۆ بکات لـەزەم و ستایشەکەیدا بـەڵام گرانـە بەلایەوە کە درۆ بکات لە باسکردنی قیەمە کۆمەڵایەتیەکاندا کە پشتی پێ دەبەستێت لە پێوەری زەم و ستایشەکەیدا لەم ڕۆژگارەدا.

لەوانەیە شاعیر ستایشی پیاوێك بکات وبەمەرد وەسفی بکات و بۆی هەیە کە ئەو پیاوە مەردیش نەبێت، بە شێوەیەك کە شاعیر لە وەسفی مەردایەتییەکەیدا درۆ بکات، بەڵام لەم وەسفەدا دەزانین کە شەهامەت سیفەتێکی ستایشکراوە لەو کۆمەڵگەیەی پیاوەکەی تیادا دەژی.

## چیرۆکێکی خاوەن واتا:

دەگێڕنەوە کە پیاوێك هاتووەتە لای خەلیفە عومەر و سکاڵای لە شاعیرێك کردووە وچەند بەیتێکی بۆ باس کردووە کە ئەو شاعیرە لە زەمی خۆی و هۆزەکەیدا ڕێکی خستووە، ئەمەش هەندێکیانە:

قبيلته لا يخفرون بذمه ولا يظلمون الناس حبة خردل

ولا يردون الماء الا عشية اذا صدر الوراد عن كل منهل

عومەریش وتی: ((خۆزگە بنەماڵەی خەتتاب وابوونایە ... هیچ نابینمەوە لە مەدا))

کاتێك توێژەری کۆمەڵایەتی ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە دەتوانێت کۆمەڵە حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی لێ بەرهەم بهێنێت کە گاڵتەی پێ نەکرێت، عومەر هیچ شتێك نابینێتەوە لەم بەیتانەدا ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامیانەی ڕووتەوە بۆی بڕوانرێ، ئیسلامیش ڕێز لەو کەسە دەگرێت کە ستەم لە خەڵکی ناکات، هەروەها ئەوەی ئاو دەگێڕێتەوە بۆ دوای خەڵکی وەك بەخشش و ڕێزێك.

بەڵام پیاوە شکایەتکارەکە لە ڕوانگەی بەهای کۆمەڵایەتی دەشتەکییەوە بۆ ئەو بەیتانە دەڕوانێت و دەشتەکیش وەك سروشتی خۆی ڕقی لەو لاوازەیە کە ناتوانێت ستەم لە خەڵکی بکات، ئەوەی کە ململانێ لەگەڵ ئەوی تردا ناکات لەسەر ئاو یان لێی داگیر ناکات بەزۆر و توانای خۆی.

## چیرۆکێکی تر:

چیرۆکێکی تریش هەیە هەر لەم جۆرەو بەڵگەگەلێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەورەی بەخۆوە گرتووە و کورتەکەی ئەوەیە کە شاعیرێك بە ناوی (قورەیتی کوڕی ئەنیف) کۆمەڵێك لە هۆزی بەنی شەیبان دەستدرێژی دەکەنە سەرو حوشترەکانی تاڵان دەکەن، هۆزەکەی خۆیشی بەهانایەوە نایەن و ئەویش شیعرێك دادەنێت و تیایدا زەمی هۆزەکەی خۆی دەکات و ستایشی بەنی مازن، بە شێوەیەك کە وایان دادەنێت کە لە هۆزەکەی خۆی زیاتر خاوەنی پیاوەتی و ئازایەتین و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| لو كنت من مازن لم تستبح إبلي | بنو اللقيطة من ذهل بن شيبانا |
| اذن لقام بنصرى معشر خشن | عند الحفيظة ان ذو لوثة لانا |
| قوم اذا الشر ابدى ناجذيه لهم | طاروا اليه زرافات و وحدانا |
| لايسالون اخاهم حين يندبهم | فى النائبات على ما قال برهانا |
| لكن قومي وإن كانوا ذوى عدد | ليسوا من الشرف شيء وان هانا |
| يجزون من ظلم اهل الظلم مغفرة | ومن اساءة اهل السوء احسانا |
| كان ربك لم يخلق لخشيته | سواهم فى جميع الناس انسانا |
| فليت لى بهم قوما اذا ركبوا | شدوا الاغارة فرسانا و ركبانا |

ئەم شاعیرە لێردا لەوانەیە لە وەسفی هۆزەکەیدا یاخود لە وەسفی بەنی مازندا درۆ بکات، وە لەوانەیە سۆزی خرۆشاوی خۆی ئەوەی پێ دابێت کە تیایدا وتوویەتی، بەڵام ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی شاعیر زەم و ستایشەکەی لەسەر راگرتووە هەر دەبێت لە روویەك لە رووەکانەوە واقیعی بێت.

دەکرێ لەو کۆمەڵە بەیتەی باسکران هەندێ قیەم بەرهەم بهێنین کە خەڵکی لەو ڕۆژانەدا لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا ملکەچیان بوون، ئەویش بەم شێوەیە:

١-تیرەی چاك ئەوەیە كە یەكسەر بەرەو جەنگ دەفڕێت بێ ئەوەی پرسیار بكات یاخود ڕاڕا بێت.

٢-ئەوەیە كە ڕۆڵەكانی سەر دەخات و لای وەكو یەكە ئەگەر ستەمكاربن یان ستەملێكراو

٣-ئەوەیە كە پاداشتی ستەم بە ستەم و خراپە بە خراپە دەداتەوە و لەسەرخۆیی و لێبوردن بەشی نییە لەلایان.

٤-ئەوەیە كە كاتێك ستەم دەكات یان تۆڵە دەسێنێت لەخوا ناترسێت، بەڵكو بۆ ئەو پەڕی دەچێت ئەو پەڕێكی وەها كە بۆی دەكرێت.

## چیرۆكی سێیەم:

دەگێڕنەوە شاعیرێكی دەشتەكی ڕێوییەك دەبینێت میز بەسەر بتێك لە بتەكانی نەفامیدا دەكات، شاعیرەكەش لە بتەكە توڕە دەبێت و ڕقی لێی هەڵدەستێت و ڕەتی خوایەتییەكەی دەكاتەوە و ئەم شیعرە دەڵێت:

أرب يبول الثعلبان برأسه فويل لمن بالت عليه الثعالب

ئایا ئەوە خوایە ڕێوی میز بەسەریدا بكات، بەدبەختی بۆ ئەو كەسەی ڕێوی میزی بەسەردا دەكات.

ئەگەر ئەم شاعیرە شاری بوایە و ڕەسەن بوایە لە شارستانییەكەیدا لە میزپیاكردنی ئەو ڕێوییە بەسەری بتە پیرۆزەكەیدا سوكییەكی نەدەبینییەوە، زۆرجار پیرۆزییە شارییەكان دەروخێنرێ یان دەسوتێنرێ یان میزیان بەسەردا دەكرێت بەبێ ئەوەی لای شارییەكە لە ڕێزی كەم كرابێتەوە، ئەوانە ڕاهاتوون لەسەر قبوڵكردنی سوكایەتی لە ژیانی كۆمەڵایەتیاندا، بۆیە ئەوان بە ئابڕووچوونی نازانن بەڵام دەشتەكی بە پێچەوانەی ئەوەوەیە و سوكایەتی ناوێ بۆ خۆی و پیرۆزییەكانی پێكەوە، كەواتە ئەو ڕقی لەو خوایە دەبێتەوە كە ڕێوی میز بەسەریدا بكات.

## شیعرو مێژوو:

لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین بۆ لێکۆڵینەوە سوود لە شیعر وەربگرین، مەبەستم بە مێژوو لێرەدا مێژووی گەلانە نەك مێژووی سوڵتانەکان، بۆ مێژووی سوڵتانەکان شیعر سوودێکی زۆرمان پێ ناگەیەنێت، چونکە ئەو واقیعمان وەها بۆ وێنا دەکات کە خۆی ئارەزووی دەکات و بەمەش حەقیقەتمان لێ ون دەکات، بەڵام لە مێژووی گەلاندا شیعر وێنای بەها کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دەکات کە باڵادەستە بەسەر خەڵکدا وەك تێمانپەڕاند، هەرئەمەشە کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی مرۆڤایەتی دەمانەوێ.

پێش چەند ساڵێك من لە یەکێك لە پۆلەکانی کۆلیژی ئاداب وانەم دەوتەوە لە بابەتی کۆمەڵگەی دەشتەکی و مێژوەکەی، باشترین سەرچاوەیش لەم بابەتەدا بۆمن شیعری نەفامی بوو، من لە پشتی دێرەکانیەوە ئەوەی لە کۆمەڵگەی دەشتەکی کۆن لە پێوەرە ئەخلاقی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان سەروەرییان هەبوو دەمدۆزینەوە، بێگومان لە پشتی ئەمانەوە من کۆمەڵە زانیارییەکم بەدەست کەوت کە خراپ نەبوون.

دەتوانم وەکو ئەمە بڵێم دەربارەی شیعری عەرەبی لەسەردەمە جیاوازەکانی تریشدا هەرچۆن شاعیر لە وێنا کردنی واقیعدا درۆبکات ئەو ناتوانێت لە وێناکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکاندا درۆبکات، چونکە بەهاکان چوونەتە خوارەوە بە قوڵایی عەقڵی ناوەکیدا وهەر دەبێت ئەویش بکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە، هەست بەوە بکات یان نەیکات.

## دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش:

توێژەران تێبینی ئەوە لە شیعری عەرەبیدا دەکەن کە ئەو کاتێك لە بیابان هاتە دەرەوە و بوو بە شاری، پابەندبوونی بە زۆرێك لە واتا دەشتەکییەکانەوە هەر مایەوە و ئەم دیاردەیەش کۆمەڵایەتیەو سەرنجڕاکێشە، کەواتە هۆکارەکانی چییە؟

دکتۆر محی الدین دەڵێت: (( مەبەستەکانی شیعری عەرەبی و بابەتەکانی زۆربەیان لەسەردەمە نەفامییەکانەوە هاتوون.. ئەم بابەتانەش وەك نەریتێکی شیعریی

گەڕاونەتەوە و شاعیر خۆی تاقی دەکاتەوە لە ئاستی توانایی لەسەر ڕێچکەکانی و شارەزابوون تیایدا..))

ئەم وتەیە تا رادەیەك ڕاستە و گومانی تیادا نییە. کە واتاکانی نەفامیەت لای شاعیرە دواییینەکان بوونەتە کۆمەڵە نەریتێك و وەردەگیرێن بەبێ گوێدانە ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە، بەڵام لە دکتۆر دەپرسم: بۆچی واتاکانی نەفامی بوونەتە نەریت لای شاعیران؟ ئایا هۆکارێکی کۆمەڵایەتی لە پشتی ئەمەوە خۆی حەشارنەداوە؟

بەڕای من لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی عەرەبی پارێزگاری لە کۆمەڵێك بەهای دەشتەکیانە کردووە و لەگەڵ ئەو بەشداری بوونەشیدا ئەم شاعیرانە راهاتوون لەسەر لاواندنەوەی واتاکانی نەفامیەت، لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی بیابانی نەبینیوە وەتیایدا نەژیاوە. لە کێشەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە خاوەنی کەسایەتیەکی دووانییە، ئەو شاری ودەشتەکییە لەیەك کاتدا و هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نزیکایەتی لەگەڵ بیاباندا هەیە و خاوەن پەیوەندییە لەگەڵیدا، کەواتە بیابان بەها دەشتەکییەکانی ئەوە دوای ئەوە پێ دەبەخشێت و هەرکاتێکیش کۆمەڵگە هەوڵی دا لایەنە شارستانییەکەی تەواو بکات، ئەو کاتە شەپۆلێکی دەشتەکیانەی نوێی بۆ دێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هەوڵەکانیدا، زۆر بێت یان کەم.

هەر لەبەر ئەوە شیعری عەرەبیش خاوەنی کەسایەتییەکی دوو جەمسەرییە وەکو کۆمەڵگەکەی و ئەو دڵی دابەش بووە، جارێك ئارەزووی لە واتا دەشتەکییەکانەو جارێکی تریش ئارەزووی لە واتا شارستانییەکانە، ئەمەش لە شیعری عێراقیی سەدەی رابردوودا دیارە، ئەوەی لێیان دەکۆڵێتەوە وای بەبیردا دێ کە دانەرەکانی هێشتا لە بیاباندا دەژین، ئەوانە دڵخۆش دەبن بە باسی دەوار و حوشتر و دەگرین بۆ دۆڵە پێچاوپێچەکان وغەزەل بەسەر گوڵەکانی بیاباندا دەڵێن، ئەوان وەسفی ستایشکراوەکانیان بەوە دەکەن کە بالاَ بەرزو خوێنی زۆر گەرمن، شانازیش دەکەن بە شمشێر لێدان و ڕم وەشاندنەوە.

ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە چونکە کۆمەڵگەی عێراقی لەسەدەی ڕابردوودا لەهەموو وڵاتانی عەرەبی زیاتر پەیوەست بوون بە بەها دەشتەکی و دەمارگیرییە تیرەگەرییەکانەوە، بەردەوام بە تەمەنەکانمان ئێستایش باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە چۆن شارە عیراقیەکان دواکەوتەی سیستمی تیرەگەری بوون لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا و زۆرجار گەرەکەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەشەڕهاتوون و لەسەر شێوەی تیرەکانی بیابان شەڕیان دەکرد و بۆ هەر گەرەکێکیش شێخێك هەبووە سەرکردایەتی خەڵکی کردووە لە شەڕەکەدا و نوێنەرایەتیان دەکات لە کاروبارەکانی خوێندان و زیان بژاردنەکاندا.

## ڕای ئیبن قوتەیبە :

ئیبن قوتەیبە ئەوەی لەسەر شاعیرانی دوایینە کە بۆ ئەدەبەکەی ڕەچاوی بکات بەم جۆرە باس دەکات:

((بۆ شاعیرە دوایینەکان نییە لە ڕێچکەی پێشینەکان دەربچن کاتێك لەسەر ماڵێکی نیشتەجێ ڕادەوەستن ولای ئەوانە ئاوەدانیان کردووەتەوە دەگرین، چونکە پێشینەکان لەسەر ماڵێکی دەوراودەور و وێنەیەکی میواندارانە ڕاوەستاون یاخود لەسەر پشتی گوێدرێژێك یان حوشترێك سەفەر دەکات و دەکەوێتە وەسف کردنیان چونکە پێشینەکان بەسەر پشتی حوشترەوە گەشتەکانیان کردووە، یان بەسەر ئاوێکی سازگاری ڕۆیشتوودا دەڵێت، چونکە پێشینەکانبەسەر ئاوێکی بۆگەنی لیتاویدا وتوویانە، یان بەرپێی ستایشکراو دەکاتە شەتڵەی نێرگزو گوڵ و مۆرد چونکە پێشینەکان کردوویانەتە ڕواندنگەی خەنەو تاڵیشك )).

ئەم ئیبن قوتەیبەیە بە یەکێك لە گەورە ڕەخنەسازەکانی شیعر دادەنرێت لەسەردەمی عەباسیدا و لەوانەیە ئەو نوێنەرایەتی نەزعەی زاڵی بەسەر شیعری ڕۆژگارەکەی خۆیدا کردبێت، خەڵکی لەو سەردەمەدا خاوەن بەهای دەشتەکیانە بوون لەگەڵ شارستانیبوونە ڕواڵەتییەکەشیاندا، خۆ ئەگەر نوێنەرەکەیان شانازی بە نەژادە

دەشتەكیەكەیەوە بكات هەر دەبێت شوێنكەوتەكانی بیكەنە پێشەنگ، خەڵكیش لەزۆر كاتدا لەسەر ئاینی پادشاكانیانن.

بێگومان سروشتی بووە كە شاعیران لەو ڕۆژگارەدا بكەونە ژێر كاریگەری نەریتە شارستانییە نوێیەكانەوە كاتێك بینیماننەوە ستایشی سوڵتانەكان دەكەن و غەزەل بەسەر مێردمناڵاندا دەڵێن و جگە لەوە شتی تر دەكەن لەو مەسەلانەی لەسەردەمی بیابانشینەكاندا نەبووە، بەڵام لەلایەكی ترەوە وەسفی واتا شارییەكانیان بە ڕێگایەكی دەشتەكیانە دەكەن مێردمناڵان چاوانێكیان هەیە وەك چاوانی (المها) وایە سوڵتانیش حوشترەكان لەبەردەم دەوارەكاندا دەكاتە قوربانی.

## شیعرو بەهای دەشتەكیانە :

هەرچۆن بێت ئەوە وتەیەكە و ئێمە لە هیچ شیعرێك لە شیعرەكانی عەجەمدا نموونەی ئەو پابەندییە توندە بەنەریتە دەشتەكیەكانەوە نادۆزینەوە كە لە شیعری عەرەبیدا دەیدۆزینەوە، بێگومان لە شیعری عەرەبیدا دیاردەیەك هەیە سەرنج ڕاكێشە وئاسانیش نییە بۆ توێژەر ڕەتی بكاتەوە یان پشتی تێ بكات، لێرەشدا دكتۆر محی الدین دێ و دەڵێت: ((دروست نییە بۆ لێكۆڵینەوەی دیاردە كۆمەڵایەتییەكە مۆركی بەهای دەشتەكی بدات لە شیعری عەرەبی مەگەر خۆی نابینا بكات لە سادەترین بنەماكانی كۆمەڵناسی )) منیش نازانم ئەو بنەما كۆمەڵناسیانە كامانەن كە برام دكتۆر ئاماژەیان پێ دەكات؟.

لەوەش ئامۆتر ئەوەیە كە دكتۆر ئەنقەستكاری بكات لە داوای بەرامبەرخوازیدا وەك پێشتر كردی، بۆیە بانگم دەكات بۆ تاقیكردنەوەیەكی تازە كاتێك داوام لێ دەكات دە دانە لە بەها دەشتەكیەكانی بۆ باس بكەم لە شیعری عەرەبیدا بۆ ئەوەی بەراوردیان بكات بۆم بە چەند ئەوەندە لە بەهای شارستانی تیایدا، هەروەها ئەوەش دەخاتە سەری كە دەڵێت ئەو دەیەوێت بەوە دووچاری پشكنین و گەڕانم بكات بەدوای بەهاكاندا، بۆ ئەوەی جارێكی تر خۆم بپارێزم لە ناردنی حوكمی كوێرانە.

## پێشینەیەکی مشتومڕاوی:

لەم وتەیەی دکتۆر محی الدین سەرم سوڕتەما، چونکە هاوڕێیەکی خۆی لەوەدا پێشی کەوتبوو، ئەویش دکتۆر عەلی ئەلزوبەیدی بوو کاتێك لە گۆڤاری (الفنون) ی بەغدادیدا وتارێکی بڵاوکردەوە و تیایدا منی بە خوالێخۆشبوو (قەرەقوش) چواندووە، زوبەیدی دەڵێت: ((...بەڵام لەم ڕۆژەدا لەناو خەڵکیدا هەیە دەیەوێت ببێتە (قەرەقوش) لە مێژووی ئەدەبداو ئەدەبی عەرەبی هەمووی دەکاتە ئەدەبی دەشتەکی یان سەرەتایی، چونکە بێ تاقەت بووە لە یەکێك لە هونەرە کۆنە چەندینەکانی وەك غەزەل بەسەر مێردمناڵاندا یان وەسفی مەی یان ستایش لەگەڵ ئەمە کە ئەوە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دەشتەکیەتەوە نییە، بەڵکو ئەوانە ڕیشەی شاریانەی خۆی هەیە لە رووە سایکۆلۆژی و کۆمەلآیەتییەکانی خۆیدا، بەڵام قەرەقوشی ئەدەب دەیەوێت هەموو ئەدەب بروخێنێت بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەم هونەرە یان ئەوی تر و هەروەها دەیەوێت شاعیرانی کۆن دەستگیر بکات و ڕاپێچی شوێنی خنکاندنیان بکات، چونکە ئەدەبێکی دەوێت لەگەڵ ئەم سەردەمانەدا پێك بێتەوە، چیرۆکەکە زانراوە کە دیوارێکی کۆن رووخاوە بەسەر پیاوێکداو مردووە و کەس و کارەکەی سکاڵایان لای قەرەقوش کردووە، ئەویش فەرمانی داوە بە هێنانی وەستا بەناکە، هەواڵیان دا پێی کە مردووە، دواتر فەرمانی دا بە هێنانی کوڕی وەستاکە و کاتێك هێنایان دای لە ملی ! گەورەترین گومان ئەوەیە کە هاوڕێمان دکتۆر عەلی وەردی لەبەردەم ئەدەبی کۆندا بەو جۆرە دەوەستێ، هەروەك چۆن قەرەقوش وەستا...))

## وەلآم:

شتێکم پێ نییە بۆ وەلآمی ئەو دوو دکتۆرە بەڕێزە جگە لە گێڕانەوەی ئەوەی پێشتر وتوومە لەم وتارەدا و هەروەها ئەوەی کە وتوومە لە وتارێکی تردا کە لە ڕۆژنامەی (الحریە) دا پێش ماوەیەکی زۆر کورت بڵاو بۆتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شیعری عەرەبی خاڵی نییە لە قیەم و واتاکانی شاریانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك

لە بەهاو واتاکانی دەشتەکیانەی بەخۆوە گرتووە، دیارە کە شیعری عەرەبی لە شارستانیەتییەوە شتێکی وەرگرتووە لە دەشتەکیەتیشەوە شتێکی تری وەرگرتووە، بۆیە بووە بە دەشتەکی و شارستانی لەیەک کاتدا و بەدەگمەنیش شیعرێک لەسەر ئەم تێزە سەرسوڕهێنەرە لەم نەتەوەیەدا نەبێت بدۆزینەوە.

***

"وتاری نۆیەم"

# قورەیش و شیعر:

لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەم بە سەرپەرشتی شیعر کرد لەلایەن قورەیشەوە پێش ئیسلام کە چۆن کردبووی بە هۆکارێك بۆ پاڵپشتی قەوارەکەی و گەشەپێدانی بازرگانییەکەی، ئەمەش بەهەرحاڵ بابەتێکی درێژە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام و سروشتی ڕێنموونییەکانیدا هەیە، هەروەها پەیوەندی بە قورەیش و بەهۆکاری بەرگیریان لە ئیسلامەوە هەیە، وایش ئەبینم کەوا بەسوودە کە ئەم بابەتە بە شتێك درێژتر بتوێژمەوە، بەڵکو هەندێ وەڵامی بۆ دکتۆر محی الدین تیا بێت کاتێك کە وەسفی شیعری بەوە کردووە کە تەوراتی ئەم نەتەوەیەیە لە نەفامێتی کۆنیدا ....

## ڕێگای کۆنی بازرگانی:

ئەمەوێ پێش ئەوەی ئەم بابەتە بتوێژمەوە کەمێك باسی قورەیش بکەم کە چەندە شوێنەکەیان گرنگییەکی ئابووری مەزنی هەبووە پێش ئیسلام، بەشێوەیەك کە پەیوەندی پێگەیەنەر بووە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە ڕووی بازرگانیەوە.

ئەوەی شایانی باسە کە قورەیش ئەم پێگەی بازرگانییەیان پێش ئیسلام بە ماوەیەکی کورت بەدەست هێنا، بەڵام پێش ئەوە (تەدمر) ناوەندی بازرگانی جیهانی بوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەشێوەیەك کە کاڵاکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو کەنداوی عەرەبی دەهات و کاروانەکانیش دەیانگواستەوە بۆ دەریای سپی لە ڕێگای

(تەدمور)ەوە، لەبەر ئەوە تەدمور شارێکی ئاوەدان بووەو پەرستگای گەورە و خزمەتگوزاری سەرسوڕهێنەری تیادا بووە.

بەم شێوەیە مایەوە تا دەوڵەتی ساسانی دەستی گرت بەسەر عێراقدا ودەستی کرد بە کوشتاری ئەوانەی شامیان داگیر کردبوو، بەم جۆرە ڕێگای تەدمور بوویە جێگای مەترسی هێرشهێنان و کاروانەکان وردە وردە وازیان لێهێنا و گەران بەدوای ڕێگایەکی تردا.

بازرگانەکانی ڕۆم هەوڵیاندا کە ڕێگەی دەریای سوور بگرنەبەر، بەڵام سەرنەکەوتن لەوەدا چونکە ئەم دەریایە پڕە لە کاشەبەردینە و کۆسپ و زۆرجار کەشتییەکان تیایدا نوقمی ژێر ئاو دەبوون بەهۆی خۆکێشانیان بەبەردە شاراوەکانی ژێر ئاوەوە.

لەوکاتەدا قورەیش لە مەککەدا دەرکەوتن و بازرگانییان کردە پیشە، کاروانەکانیشیان دەستی کرد بە گواستنەوەی کاڵاکان لە نێوان یەمەن و شامدا لە ڕێگای بیابانەوە، ئەو وتەیەش دروستە کە مەککە لەو کاتەدا جێگای تەدموری گرتەوە لە بازرگانی جیهانیدا، بۆیە تەدمور وێران بوو بەڵام مەککە ئاوەدان کرایەوە و ئەوەش ڕۆژەکانە لە نێوان خەڵکدا دەستاودەستی پێ دەکرێت.

## بنەڕەتی قورەیش:

قورەیش لە کوێوە هاتووە؟ ئایا یەکەم جار تیرەیەکی دەشتەکی بووە و پاشان وازی لە ژیانی ئاژەڵداری هێناوە و لە مەککەدا جێگیر بووە بۆ مەبەستی بازرگانی، یاخود بنەڕەتێکی تریان هەیە؟ خەریکە مێژوونووسان کۆبن لەسەر ئەوەی قورەیشیش لە بنەڕەتدا جیاوازی لەگەڵ هیچ تیرەیەکی تر لە تیرەکانی بیابانی دەوروبەریدا نییە، ئەوان باس لە زنجیرەی نەژادیان دەکەن و دەیانگەیەننەوە بە عەدنان، بەڵام عەلی کوڕی ئەبی تالیب رایەکی تری لەسەر بنەرەتی قورەیش هێناوە و ئەو دەڵێ قورەیش کەسانی خەڵکی کەوسی بوون، کەوسیش شارێکە لە عێراقی کۆندا و ئەگەر ئەم ڕایە ڕاست بێت، ئەو کاتە دروستە کە دەربارەی قورەیش بڵێین ئەوانە کۆمەڵێك بوون لە خەڵکی عێراق و شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووە دوای ئەوەی ڕێگای

بازرگانییان لەوێدا هەڵوەشاوەتەوە و هاتوونەتە مەککە بەدوای ڕۆزیدا لە ڕێگایەکی نوێوە.

## قورەیش و کەعبە:

هەرچۆن بێت قورەیش لە مەککەدا گیرسانەوەو کردیان بە ناوەندێکی فراوانی بازرگانی وەدەستیان کرد بە گرێدانی پەیماننامە لەگەڵ شارو ئاوەدانییەکانی دراوسێدا لە پێناوی پاڵپشتی کردنی ئەو بازرگانییەو گەشەپێدانیدا، لێرەوە ئیتر کاروانەکانیان بەبیابانە تەختاییەکاندا بە باکوور و باشووردا دەگەڕان و کاڵاکانی ڕۆژهەڵاتیان دەگواستەوە بۆ ڕۆژئاوا و کاڵای ڕۆژئاوایش بۆ ڕۆژهەڵات. لێرە لەوانەیە خوێنەر پرسیار بکات: چۆن قورەیش توانیویەتی کاروانەکانی لە ڕێگای بیابانەوە بە نێو ئەو کۆمەڵە تیرە دەشتەکیانەوە بڕوات بەبێ ئەوەی کەس دەستی بۆ بەرێت؟ وەك دەزانرێ کە تیرە دەشتەکییەکان پەلاماری یەکتریان دەدا و لە پێناوی حوشترێك یان مشتێك خورما کوشتاری یەکتریان دەکرد، کەواتە تۆ بڵێی ئەو هۆکارە چی بێت ئەو تیرانەی والێکردبوو خۆیان بگرنەوە لە پەلاماردانی کاروانەکانی قورەیش کە هەڵگری کاڵای گرانبەها بوون؟

پێ دەچێ قورەیش دەرکیان بە سروشتی ئەو مەترسییە کردبێت کە لەلایەن تیرەکانەوە ڕووبەڕوویان دەبوویەوە وکاریان کردبوو لەسەر چارەسەری ئەو مەسەلەیە بەهەموو توانایەك کە هەیانبوو، تێبینیش دەکرێ کە لەو پێناوەدا پەنایان بۆ دوو هۆکار بردووە ئەوانیش: هۆکاری ئاینی و هۆکاری ئەدەبی بوون.

## هۆکاری ئایینی:

بێگومان یەکەم دیاردە کە سەرنج ڕاکێش بێت لەم ڕووەوە گرنگیدانی قورەیش بوو بە بنیاتنانەوەی کەعبەو دامەزراندنی بتەکان تیایدا و بانگکردنی هۆزەکان بۆ حەج کردن لەوێدا. دەکرێ بوترێ کە قورەیش بتپەرستی هێنایە ناو بیابانی عەرەب،

زانراوە کە تیرە عەرەبییەکان لە بت تێناگەن و ئارەزووی پەرستنیان ناکەن بە جدی، بێگومان بتپەرستی دیاردەیەکی شاری بووە و لە بیاباندا شتێکی باو نەبووە، چونکە بت شتێکی قورسەو ئاسان نیە بۆ تیرەی دەشتەکی لە گەشتە بەردەوامەکانیدا لەگەڵ خۆیدا هەڵیبگرێت، هەروەها بەلای تیرەوە نەشیاو بوو کە لەنێوان خۆی وخوای ئاسماندا تکاکەرێك لە بت وجگە لەویش هەبێت، چونکە ئەو لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا وا ڕاهاتووە کە ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ ناوەندکارێك سەرۆکەکەی بدوێنێت.

بێگومان شاری پێویستیان بە تکاکارانە لە کاروباری ئاینیاندا هەروەك پێویستیانە لە کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی و رامیاریاندا، دۆرکایمیش راستی وتوە کە بیروباوەرە ئاینییەکان ریشەکانی خۆی لە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە وەردەگرێت، بۆیە کەواتە شار غیرەتی ئەوەیان نییە یەکسەر خوای ئاسمان بدوێنن لە کاتێکدا ئەوان لە کاروباری دنیاییاندا واراهاتوون کە سوڵتانەکانیان لە ڕێگای ناوەندکار و فەرمانبەرەکانیەوە بدوێنن.

بەڵام دەشتەکی ژیانیان ژیانێکی ساکارە و سوڵتان یا دارودەستەی تیادا نییە و سەرۆکیش وەك هەریەکێکیان وایە و خۆی بە گەورە ناگرێ بەسەریاندا یان لە نێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەك دابنێت، لەبەر ئەوە ئەوان پێویستیەك نابیننەوە بۆ بتپەرستیەك کە لە خوا نزیکیان بکاتەوە، زۆرجار لەبەر ئەو هۆیە سوکایەتیان بە بتەکان دەکرد و بەردبارانیان دەکردن یان میزیان بەسەردا دەکردن یاخود دەیانخواردن ئەگەر لە خورما دروست کرابوون.

بەسووك روانینی دەشتەکیەکان لە تکاکارەکان لە رووی ئاینیەوە دیاردەیەکە بەردەوام ماوەتەوە تا ئەمڕۆمان و ئەو دەشتەکیانە ئەمڕۆش بەسوك دەروانن دیمەنە پیرۆزەکان لەسەر ئەو شێوەیەی کە پێشینەکان لە دوێنێدا بەرامبەر بە بتەکان دەیانکرد.

لێرەدا دەپرسین: کەواتە قورەیش چۆن توانی ئەو بتانە بێنێتە ناو بیابانی عەرەب و پەرستن یان پیرۆز راگرتنیان بەسەر تیرە دەشتەکیەکاندا بسەپێنێت لەو ڕۆژگارەدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بەدوای ئەو ڕێگا ناوازەیەدا بگەڕێین کە قورەیش لەو پێناوەدا پەنای بۆ بردووە، وابیردەکەمەوە کە قورەیش لە کۆمەڵگەی دەشتەکی کۆڵیوەتەوە بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و هەندێ هۆکاری تیادا وەرگرتووە کە پاڵی بە عەرەبەوە ناوە بۆ ڕێزگرتن لە کەعبەو بتە دانراوەکان تیایدا بە شێوەیەك کە هەستی پێ نەکەن.

## بیرۆکەی مانگە حەرامەکان:

قورەیش بیرۆکەی (مانگە حەرامەکان) ی داهێنا کە بریتییە لە چوار مانگ کوشتار تیایدا بەهەر هۆیەکەوە بێت حەرامە، تیرەکانیش لەم مانگەدا باشترین بواریان بۆ دەرەخسا بۆ پشوودان، ئەوان هەشت مانگ لە ساڵێکدا کوشتاریان دەکردو پەلاماریان دەدا و پاشان هودنەیان دەبەست لە مانگەکانی تردا و دێ بۆ حەج لە کاتێکدا کە دڵنیایە و ترسی لە تۆڵە یان پەلامار نییە.

فلیب حەتا دەڵێت: ((دەشتەکی خەریك بووە بە کێشە هەنوکەییەکانی ژیانیەوە بۆیە بوارێکی نەبووە بۆ خۆیەکلاکردنەوە بۆ کێشە ئاینیەکانی، بەڵام هاتووچۆی لە وەرزەکانی حەجکردندا لە کاتی مانگە حەرامەکاندا وای لێ کردووە کە کەمێك لە بیروباوەڕە ئاینیەکان وەربگرێت کە لە مەککەوە دەردەچوون -مانای ئەوەیە کە وەرزی حەج گرنگترین دیاردەی ئاینی بوو لە وڵاتی عەرەبدا لەو کاتەدا )).

مێژوونوسەکانیش بۆمان باس دەکەن کە چۆن قورەیش بەشێکی گەورە لە قازانجەکانی هەموو ساڵێك تەرخان کردووە لە پێناوی ڕێزلێنانی حاجیەکان و سازدانی میوانداری چەور بۆیان، هەروەها تیرەکانیش لەوەرزی حەجدا شتێکی زۆر لە گۆشت و تریتیان دەست دەکەوت کە لە بیابانە لماوییەکاندا ئەمەیان نەبووە.

## سوودەکانی حەج:

قورەیش لە وەرزی حەجدا ماڵێکی زۆری دەبەخشی و رەنجێکی گەورەیان دەدا، ئایا ئەمەیان لە پێناوی خودا دەکرد وەك وا خۆیان دەردەخست یان مەبەستێکی تریان لە پشتیەوە هەبوو؟

واگومان دەبەم کە ئەوان لە حەجدا سێ سوودیان دەست دەکەوت:

١-سوودی یەکەم پەلکێشکردنی تیرەکان بوو بۆ مەککە بە شێوەیەك کە خەڵك تیایدا کۆدەبوونەوەو کڕین و فرۆشتن زیادی دەکرد، بەم جۆرە بازرگانی قورەیش گەشەی دەکردو قازانجەکانیان کەڵەکە دەبوو.

٢-هەروەها قورەیش وەرزی حەجی کردبوویە وەرزێکی شیعری و تیایدا دیاری و پاداشتی دەدایە شاعیرانی هەڵکەوتوو، بەمەش زمانیان دەگرتن و دەیانکردن بە هۆکارێکی پروپاگەندە بۆ خۆیان.

٣-هەروەها لە سەرووی هەموویەوە حەجی دەکردە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ئایینیی خۆی بە شێوەیەك کە قورەیش بەهۆیەوە پیرۆز دەبێت و عەرەب رێزیان لێ دەگرت لە پێناوی کەعبەکەیاندا و ئەوەی تیایدایە لە چەندەها بت.

## بتەکانی کەعبە:

دەڵێن کە ژمارەی ئەو بتانەی لە کەعبەدا دامەزرێنرابوون گەیشتبووە سێ سەدو شەست بت و(هۆبەل) یش گەورەی ئەو بتانە بوو کە قورەیش وەکو بتی تایبەتی خۆیان دایاننابوو، بەڵام بتەکانی تر تایبەت کرابوون بۆ تیرەکانی تر و قورەیشیش هانی تیرەکانی دەدا کە لە کەعبەدا هەندێ بەرد وەربگرن و لە گەڕانەوەیاندا لە حەج هەڵیبگرن بۆ پیرۆزی.

پێ دەچێ کە تیرەکان گوێیان گرتبێ لەوەی قورەیشیەکان دەیانوت دەربارەی بتەکان و کەعبەو بەردە پیرۆزەکان و کەم و زۆر کاری تێکردبن، لەوانەیە زیادەڕەوی نەکەم ئەگەر بڵێم ئەو تریتەی کە قورەیش پێشکەشی عەرەبی دەکرد وای لێ کردبوون

شەرمیان لێ بکەن و قسەکانیان راست وەربگرن، لە پەندە باوەکانیشدا هاتووە ((ئەگەر وورگ پڕ بوو چاویش شەرم دەکات ))

## خانەوادەی ماڵی خوا:

قورەیش لەناو تیرە عەرەبییەکاندا دەستی کرد بە پروپاگەندەو وایان بانگەشە دەکرد کە ((خانەوادەی ماڵی خوا))ن و خوایش لەگەڵیاندایە لە ناڕەحەتییەکاندا، کاتێکیش هێرشی حەبەشییەکان بۆ سەر مەککە شکستی هێناو خوا باڵندەی بۆ ناردن و بەردی سووری باراند بەسەریاندا، قورەیش ملی بەرزکردەوەو وتی: ((عەرەب بڕوانن کە چۆن خوا ماڵەکەی و خانەوادەی ماڵەکەی دەپارێزێت؟)).

وادەزانم کە قورەیش ئەمە دەڵێ بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە لە دەستدرێژی کردنە سەر کاروانە بازرگانییەکان، خوایش بینایانە راوەستاوە بۆ هەر یەکێك دەستدرێژی بکاتە سەر قورەیش یان هێرش بکاتە سەر کەعبەو داراییەکەی، چاوانی عەرەبیش کەوتنە گەڕان بە ئاسماندا لە ترسی ئەوەی کە خوا باڵندەیان بەسەردا بنێرێ وەك ناردی بۆ سەر ئەو حەبەشییە بەدبەختانە.

زەمەخشەری دەڵێ: ((قورەیش دوو گەشتیان هەبووە گەشتێك بە زستانا بۆ یەمەن و لە هاوینیشدا بۆ شام، پێوانەو بازرگانی خۆیان دەکەن و لە گەشتەکانیاندا ئەمینن، چونکە ئەوان خەڵکی حەرەمی خوان و سەرپەرشتیاری ماڵەکەین و کەس ڕێیان لێ ناگرێت، بەڵام خەڵکی غەیری ئەوان دەرفێنرێن و دەدرێ بەسەریاندا...)).

## قورەیش و سەیدایەتی:

ئەتوانم پێگەی ئایینی قورەیش لای تیرە دەشتەکییەکان لەو ڕۆژگارەدا بە پێگەی (سەید)ەکان لە ڕۆڵەکانی پێغەمبەر لای عەشایەری عێراقی لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا بچوێنم، عەشایەریش راهاتووە لەسەر ئەوەی هەموو خەڵك تاڵان بکات تەنها سەیدەکان نەبێت، چونکە دەترسێت خوا سزای بدات یان پێغەمبەری خوای لێ توڕە ببێت ئەگەر ئەوەی کرد.

لە یەکێك لە پەندە عەشایەرییەکاندا هاتووە دەڵێ ((سەیدە وسەید نییە تورەکەی بۆ بکە ))واتاکەی ئەوەیە کاتێك تاڵانی یەکێك دەکەن گوێ نادەن بەوەی سەید بێت یان سەید نەبێت ئەم پەندەش لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا دەوترێ و ئاماژەی ئەوەی تیایە کە عەشایەر لە حاڵەتە ئاساییەکاندا ڕێز لە سەیدەکان دەگرن.

وابیر دەکەمەوە کە هۆزە دەشتەکییەکان لە ڕۆژانی نەفامیدا رەچاوی پلەو پایەی قورەیشیان لەسەر ئەم شێوەیە کردووە کە ڕووبەڕووی کاروانە بازرگانییەکانیان نەدەبوونەوە بەدەگمەن نەبێ.

دەگێڕنەوە کە شاعیرێکی عەرەب زەمی قورەیشی کردووە وتویەتی:

الهی قصیا عن المجد الاعاصیر ورشوة مثل ما ترشی السفاسیر

واکلها اللحم بحتا لا خلیط له وقولها: رحلت عیر اتت عیر

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم شیعرە لە شیعرە دەگمەنەکانی نەفامییەتە، لەوانەیە شاعیرێك لەکاتی توڕەییدا وتبێتی و پاشان پەشیمان بووبێتەوە، چونکە ئەوەی زاڵە لە شیعری نەفامیدا ئەوەیە کە بە خراپ لە قورەیش نادات، چۆن بۆی دروستە ئەوە بکات بە خانەوادەی ماڵی خوا؟

## قورەیش و شاعیران:

قورەیش لە بازارە ئەدەبییەکاندا ئەوەندەی سەرف دەکرد کە لەوەرزەکانی حەجدا سەرفی دەکرد بەسەر میوانانی ماڵی خوادا، ئەوان سەیری ئەو هەڵبەستانەیان دەکرد کە لە بازاڕی عوکازو غەیری ئەویشدا دەخوێنرانەوەو باشەکانیان هەڵدەبژارد و بەکەعبەدا هەڵیان دەواسی، لێرەوە کەعبە ناوەندی دوو مەسەلە بوو: بتەکان لەلایەك و هەڵبەستە هەڵواسراوەکان لەلایەکی ترەوە، قورەیش بەم کارەشی یارمەتی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووی دا لە نێوان تیرە عەرەبییەکاندا، ئێمە دەزانین کە دیالێکتی تیرەکان لەو ڕۆژەدا جیاوازبوون لە زۆر ڕووەوە، بەڵام شاعیرانی ئەو تیرانە

هەوڵیان ئەدا کە شیعر بەو زمانە یەکگرتووەی قورەیش سەرپەرشتی دەکات ڕێك بخەن و تیایدا پاداشت بەدەست بێنن.

بەڵام ئەو شاعیرەی بەزمانی هۆزەکەی شیعری دادەنا هیچ مەبەستێکی نەبوو جگە لە هۆزەکەی خۆی، لەبەر ئەوە ئەو نەیدەتوانی شیعرەکەی لەبازاڕی عوکازدا پێشکەش بکات یان لەهەر بازاڕێکی تر لە بازارە ئەدەبیەکان، بۆیە شیعری نەفامی بەو هۆیەوە بەردەوام لە بێژەنگ دەدرا و ئەوەی قورەیش بە چاکی بزانیبایە دەوترایەوەو بەرز ڕادەگیرا، ئەوەشی بە باش نەزانرایە پشتگوێ دەخرا و لەوانەیە ئەمە هۆکاری ونبوونی بەشێکی گەورەی شیعری نەفامی بێت.

بەغدادی دەربارەی شیعری نەفامی دەڵێت: ((یەکێك لەوان شیعرێك لەو پەڕی زەویدا دەڵێت بەڵام کەس تەیار ناکات و کەسیش نایڵێتەوە هەتا لە وەرزی حەجدا نەیەتە مەککەو پێشکەشی یانەکانی قورەیشی نەکات، ئەگەر بە چاکیان زانی ئەوکاتە دەوترێتەوە وجێگای شانازی دەبێت بۆ بێژەرەکەی، بە پایەیەك لە پایەکانی کەعبەشدا هەڵدەواسرا بۆ ئەوەی تەماشا بکرێت، ئەگەر بەباشیش نەزانرایە فڕێ دەدرا و بایەخی پێ نەدەدرا.

لە یەکێك لە شاعیران بە ناوی (ئەسەدی کوڕی ناعیسە) ەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو شیعرەکانی گران بووە و شیعری بە نارەحەت دەوترایەوە لەبەر شێوازە گرانەکەی، وا گومان دەبرێ کە ئەم شاعیرە بەغەیری ئەو زمانەی قورەیش بە باشیان دەزانی شیعری دادەنا، لەبەر ئەو مرد و لەگەڵیشیدا شیعرەکانی مردن، لەوانەیە نموونەی لەم جۆرە زۆر هەبێت.

هەر ئەمەشە کە ئەمرۆش لای عەرەب روو دەدات و ئەو شاعیرەی شیعری دەوترێتەوە و تۆمار دەکرێت ئەوەیە کە بە زمانی پاراو شیعر دادەنێت، لەبەرئەوەیە شاعیری شەعبی بەکەمی بە شیعری دەزانرێت چەندین شاعیری دەوڵەمەند وهەڵکەوتوو بەبەردەوامیی ئەوەکان لەناو خەڵکدا هەبووە و شتێکی زۆرمان لەبارەیانەوە نەزانیوە.

**بە کورتی:**

لەوەی رابوورد بەو دەرەنجامە دەگەین کە قورەیش توانیبووی نفوزی خۆی لە ناو تیرەکاندا بەهێز بکات و پارێزگاری لە بازرگانییەکەی بکات بەدوو رێگا: یەکێکیان بتپەرستی و هاندانی حەج کردن بۆ لایان و ئەوی تریان هاندانی شیعرو سەرپەرشتی بازارە ئەدەبییەکان کە شاعیران تیایدا خۆیان هەڵدەکێشا.

لێرەدا ئەو هۆکارەش دەزانین کە وای کردووە موحەممەدی پێغەمبەر رقی لە بت و لە شیعر بێت پێکەوە و بە پاڵپشتی نەفامێتی دابنێت، موحەممەدی پێغەمبەر دەفەرموێت: ((کاتێك پێگەیشتم رقم دەبوویەوە لە بت هەروەها رقم دەبوویەوە لە شیعر و هیچ گرنگیەکم نەئەدا بەوەی نەفامییەت دەیکرد تەنها دووجار نەبێت، هەموو جارێکیش خوا بەربەستی دادەنا لە نێوان من و ئەوەی دەمویست لەوانە، پاشان دوای ئەوە بیری خراپم نەدەکردەوە تا خوا بە پەیامەکەی رێزی لێ نام.

***

"وتاری دەیەم"

# ئیسلام و شیعر

لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕبمێنێ لەوەی لەوتاری رابردوودا باسم کردووە، ئەوەی کە وتم موحەممەدی پێغەمبەر(د.خ) رقی لە بت و رقی لە شیعر دەبوویەوە لەیەك کاتدا گلەیش لەسەر خوێنەر نییە لەو سەرسوڕمانەیدا، چونکە هەندێ لە ئەدیبان مێشکیان پڕ کردووە لە ستایشی شیعرو شاعیران و مەسەلەکەیان گەیاندۆتە ئەوەی کە شیعر بە تەوراتی ئەم نەتەوەیە دابنێن.

ئەوان لەو پێغەمبەرەوە فەرموودەیەك دەگێڕنەوە تیایدا وتوویەتی: ((بەڕاستی لە هەندێ شیعردا حیکمەت هەیە )) دەبینین ئەم فەرموودەیەیان لەبەر کردووە و جگە لەویان لە بیر کردووە، وەك دەزانرێ کەپێغەمبەر هەندێ فەرموودەی تری هەیە تیایدا زەمی شیعر دەکات و قسە بە خاوەنەکانی دەڵێ، هەروەها لە قورئانیشدا کۆمەڵە ئایەتێك هەیە زەمی شیعرو شاعیران دەکات بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

لەو فەرموودانەی لە زەمی شیعردا هاتووە بوخاری روایەتی کردووە لە ئیبن عیمرانەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: ((قورگی هەریەکێکتان پڕ بێت لە بەڵغەم باشترە لەوەی پڕ بێت لە شیعر )).

بڕوانە ئەی خوێنەر بۆ ئەوەی قەستەلانی (القسطلاني) کە لە لێکدانەوەی ئەم فەرموودە ڕوونەدا کردوویەتی، بە پێی بیروڕای قەستەلانی زەمەکە تایبەتە بەو شیعرەی حەق نییە و خەڵکی خەریك دەکات لە یادی خواو لە زانست و قورئان.

خۆزگە دەمزانی لەکەیدا شیعر کە موسڵمانان خۆیان تیایدا ماندووکردووە وابووە، ئایا شیعری فرزدەق یا جەریر یا بەحتەری یاخود ئیبنولجەهم لەو جۆرە بووە کە قەستەلانی وەسفی دەکات؟

ئەوەی سەیرە ئەدیبان فەرموودەی ( لەهەندێ شیعردا دانایی هەیە ) وەردەگرن کە وەسفی هەندێ شاعیر دەکات نەك هەموویان، لە کاتێکدا ئەوان فەرموودەکانی تر پشتگوێ دەخەن کە وەسفی شیعر دەکات بەوەسفێکی زەمئامێزانە.

## شیعر لە سەرەتای بانگەوازدا :

پرۆفیسۆر نیکلسۆن دەڵێت: ((بێگومان شاعیران لە توندترین دوژمنانی پێغەمبەر بوون لەسەرەتای بانگەوازەوە، ئەوانە گاڵتەیان دەکرد بە ئایینەکەی و بەرگرییان لێ دەکرد، بۆیە لە کاتی دەرکەوتنی ئیسلامدا کاروباری شیعر پشتگوێ خرابوو، لەبەر ئەوەی ئیسلام سیستمێکی ئایینی و سیاسی دامەزراند و هەموو ئەو کەلەپوورەی لە کۆمەڵگەی دەشتەکی کۆندا هەبوو سرییەوە.

دیارە کە شاعیران و بتەوانەکان بەیەکریز دژی بانگەوازی ئیسلامی راوەستان و ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چونکە پێغەمبەر لەگەڵ قورەیشدا جەنگاو قسەی بە بتەکانیان وت وە داوای لە شوێنکەوتووەکانی کرد کە لە نوێژدا رووبکەنە (بەیتولموقەدەس) ئەمەش واتە حەج بازاڕی دەشکێت و قورەیشیش زیانمەند دەبێت لەگەڵیدا و هەروەها شاعیرانیش زیانمەند دەبن کە چاویان لە ماڵی قورەیشە.

## شیعر دوای کۆچ :

دوای کۆچ شتێك لە گۆڕان بەسەر سیاسەتی پێغەمبەر بەرامبەر نەیارەکانی بانگەواز ڕوویدا، ئەوەبوو خوا مۆڵەتی دا بە کوشتاریان دوای ئەوەی کوشتار لەسەریان قەدەغە بوو، هەروەها خوا مۆڵەتی ئەوەیشی دا کە پشت بە شاعیرانی خەڵکی مەدینە ببەستێت بۆ وەڵامی شاعیرانی قورەیش.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم سیاسەتە نوێیەدا ئەوەیە کە سیاسەتێکی بەرگریانە بووە، ئەگەر ئایەتە قورئانیەکانی کە لە مۆڵەتی کوشتار یان مۆڵەت بە شیعر هاتوونەتە خوارەوە بخوێنینەوە دەبینین لە ناوەڕۆکدا وەکو یەکن، ئەویش ئەوەیە کە ئاماژە بە دروستی بەکارهێنانی شمشێر و دانانی شیعر دەکات لە پێناوی بەرگری کردن لە ستەملێکراوان و تێکۆشان دژی ستەمکاران.

خوا تایبەت بە مۆڵەتی کوشتار دەفەرموێت ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ ......﴾.

هەروەها خوا تایبەت بە شیعر دەفەرموێت:﴿ وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيراً وَانْتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ﴾ شاعیران کەسانێکن لارێیان شوێنیان دەکەون، ئایا نەتدیوە کە ئەوانە (شاعیران) لەهەر شیوو دۆڵێکدا سەر لێشێواون وەبەڕاستی ئەوانە شتانێك دەڵێن کە خۆیان ڕەفتاری پێ ناکەن، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاك دەکەن و یادی خوایان زۆر کردووە و هەرکاتێ ستەمیان لێ کرابێ تۆڵەیان کردۆتەوە، ئەوانەش ستەمیان کرد لە دواییدا تێدەگەن کە گەڕانەوەیان بۆ کوێیە و چارەنووسیان چۆنە؟

ئەو وتەیە دروستە کە ئیسلام مۆڵەتی بە شیعر داوە کاتێك کە مۆڵەتی بە کوشتار داوە، ئاسانیش نییە کە شەڕ لە نێوان عەرەبدا بەرپا ببێت بەبێ شیعر، لەبەر ئەوەی قورەیش شەڕی بانگەواز بە شمشێر دەکات و هەر دەبێت موحەممەد بەو دوانە پێکەوە وەڵامیان بداتەوە.

دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(د.خ) بە حەسانی کوڕی سابتی وتووە کە هانیداوە بۆ خوێندن لە قورەیش: ((لێیان بخوێنە سوێند بە خوا لێخوێندنەکەت لەسەریان قورسترە لە کاریگەری تیر لە چڕی تاریکیدا، لێیان بخوێنە جوبرەئیلی (روح القدس)ت لەگەڵە )) لێرەوە پەلامارە شیعرییە زانراوەکان لە نێوان شاعیرانی ئیسلام و شاعیرانی قورەیشدا دەستی پێ کردووە و جەنگ لە نێوان ئیسلام و نەیارەکانیدا دوو ڕووی وەرگرت، جەنگی شمشێر وە جەنگی زمان.

## شیعر دوای فەتح:

دوای ئەوەی کە ئیسلام بەسەر قورەیشدا سەرکەوت بەهانەیەك نەمایەوە بۆ بەکارهێنانی شیعر لە پرۆسەی بەرگری لە بانگەوازدا، ئەوەی پێویست بوو لە ئیسلامدا ئەوە بوو کە شیعر زەروورەت پاڵنەری بووە و دوای ئەوەی کە قورەیش موسڵمان بوو، ئەو شاعیرانەی لەگەڵیدا بوون موسڵمان بوون وخەڵکی روویان کردە خوێندنەوەی قورئان لە جیاتی شیعر.

پێغەمبەر دواندەر بووە نە شاعیر، قورئانیش وەسفی کردووە و دەڵێت:﴿ وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ﴾ ئێمە شیعرمان فێری موحەممەد نەکردووە و شیعر شیاوی ئەو نییە، هەروەها هاوەڵە گەورەکانیشی وەك ئەو وابوون.

موسڵمانانیش پێغەمبەر و ئەوانیشیان کردە پێشەنگی خۆیان، لەبەر ئەوە ئەو وتەیە دروستە کە دەوڵەتی شیعر نەماو لە جێگایدا دەوڵەتی دواندەری جێگای خۆی گرتەوە.

کاتێك موسڵمانانیش دوای مردنی پێغەمبەر دەستیان کردە شەڕی فورس و رۆم و شیعریش هیچ شوێنەرێکی نەبوو وەك لە کاتی شەڕەکانی پێغەمبەردا هەیبوو، چونکە موسڵمانان جەنگی کۆمەڵە گەلێکیان دەکرد لە شیعری عەرەبی تێنەدەگەیشتن و بە باش و خراپ کاری تێ نەدەکردن، عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێت: ((شیعر زانستی گەلێك بووە هیچ زانستێکی تری راستتر لەویان نەبووە، کە ئیسلام هات عەرەب خەریك بوون بە جیهادو جەنگی فارس و رۆمەوە و پشتیان کردە شیعرو گێڕانەوەی)).

هەروەها ئیبن خەلدون ئاماژە بە پشتێکردنی عەرەب لە شیعر دەکات لە سەرەتای ئیسلامدا و هۆی ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ خەریکبوونی عەرەب بە مەسەلەی ئایین و پێغەمبەرایەتی و وەحی (نیگا)وە، هەروەها سەرسوڕمانیان بە شێوازی قورئان و جوانییەکەی، ئەوەی دەیبینم ئەوەیە کە ئەمە بە تەنها بەس نییە بۆ هۆ هێنانەوەی پشتێکردنی عەرەب لە شیعر لەو کاتەدا، وابیر دەکەمەوە کە سیاسەتی خەلیفەکانی

ڕاشدین دەستی هەبووە لەو مەسەلەیەدا و لەوانەیە ئەوان ڕقیان لە شیعر بووبێت وەك كەلەپورێكی نەفامی كە بوونی پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلام بێت.

ئەوەی زانراوە دەربارەی عومەری كوڕی خەتتاب ئەوەیە كە توندو تیژ بووە لەگەڵ شاعیرانداو ڕێگەی ئەوەی لێ گرتوون كە زیادەڕەوی بكەن لە دانانی شیعردا لەسەر شێوازە كۆنەكەیان، دەڵێن جارێك بە مزگەوتدا تێپەڕیوە و حەسانی بینیوە لەگەڵ كۆمەڵێك لە موسڵماناندا شیعری بۆ دەخوێندنەوە، عومەر گوێی حەسانی گرت بە توندی و وتی: ((بۆڵە بۆڵ دەكەی وەك بۆڵەی حوشتر؟)) حەسانیش پێی وت: ((وازم لێ بێنە عومەر، قەسەم بە خوا لەم شوێنەدا شیعرم وتووەو لەتۆ باشتر پێی ڕازی بووە، پاشان عومەر وازی لێ هێناو ڕۆیشت، وەك ئەوەی حەزی نەكردبێ مشت و مڕ لەگەڵ حەساندا بكات لەو بابەتەدا، ئەگەر عومەر بیویستایە پێی دەوت: ((بەڵام لێ دایت حەسان، ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە!))

دكتۆر تەها حسەین دەربارەی ئەم ڕووداوە دەڵێ حەسان شیعری لەزەمی قورەیشدا وتووە هەر وەك پیشەی بووە لە ڕۆژانی پێغەمبەردا، لەبەرئەوەی عومەریش قورەیشی بووە دەمارگیرییە خێڵەكییەكەی جوڵاوە و پێ ناخۆش بووە زەمی قورەیش بكرێت، ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە كە تەها حسەین لەوەدا نەیپێكاوە، ئەوەی زانراوە دەربارەی عومەر ئەوە بووە كە ئەو ڕقی لە قورەیش بووە و قورەیشیش ڕقی لەوبووە، تەها حسەین خۆشی ئاماژەی داوە بەم ڕقەی نێوان قورەیش و عومەر لە كتێبەكەی دواتریدا ((ئاژاوەی گەورە)).

واگومان دەبەم عومەر ڕقی لە شیعر بووە نەك زەمی قورەیش، نموونەی ئەوەش لەوەدا عەلی كوڕی ئەبی تالیبی هاوڕێی بووە، دەگێڕنەوە لە عەلییەوە كە ڕۆژێك لە ڕۆژانی خەلافەتەكەی چووبە ناو مزگەوتی كوفە و بینی هاوڕێكانی بە وتنەوەی شیعرو خۆپێهەڵكێشانییەوە ماندووبوون و ئەویش بەسەرزەنشتەوە پێی وتن: ئەگەر بەجێم هێشتن و گەڕانەوە بۆ بازنەی كۆبوونەوەكەتان و بەسەربەرزییەوە پەندەكان بهێنینەوە شیعر بڵێینەوە، دەك زیان لێكەوتوو بن، ئێوە جەنگ و ئامادەباشیتان لەیادكردووەو دڵتان وای لێ هاتووە خاڵیە لە یادی ئەو)).

ئەو بانگی دەکردن بۆ شەڕی ستەمکاران لەکاتێکدا ئەوان خۆیان خەریك کردبوو بەوەی ئەم شاعیرە یان ئەوی تر کام شیعری پەتەڕیانەی وتووە کە توانستی ئیقلیچ و عەقلی بەنج کردووە، لێرەدا نابێت ئەوە بەڕاست بزانین کە ڕاوییەکان دەیگێڕنەوە لە ئیمامی عەلییەوە کە ئەو شاعیر بووە یان دیوانێکی لە شیعر هەبووە، بێگومان ئەو راویانە دەیانەوێت هەموو وەستاییەك بدەنە پاڵ ئیمامی عەلی با پێچەوانەی بیروباوەڕو ئارەزووە ئایینیەکانیشی بوو بێت، هەروەکو ئەوەش کە داویانەتە پاڵی کە ئەو بنەماکانی ڕستەسازی عەرەبی داناوە، وەك ئەوەی ئیمام هیچ کارێکی تری نەبووبێت جگە لە دانانی شیعرو شیکردنەوەی سەروا نەبێت.

## شیعر لەسەردەمی ئەمەویدا:

کاتێك مەسەلەکە فەراهەم هات بۆ ئەمەوییەکان دوای کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، ویستیان عەرەب بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نەفامی بەهەموو ئەوانەی تیایدا هەبووە لەدەمارگیری خێڵەکیانە و خۆماندووکردن بە شیعرو جگە لەویش، بەمەش مەعاویە خۆی سەرپەرشتی شیعری دەکرد و خەڵکی بۆ هان دەدا و ژیانی فوو تێ دەکردەوە دوای ئەوەی ئیسلام خەریك بوو بیخنکێنێت.

مەعاویە دەستی کرد بە زیادەڕەوی لە ڕێزلێگرتنی شاعیران و دیاری چەوری زۆری لە (بەیتولمال) پێ دەدان. دەگێڕنەوە لە مەعاویەوە کە ئەو وتویەتی: شیعر بکەنە گەورەترین خەمتان و زۆرترینی ئادابتان، چونکە ئەو سەروەری پێشینەکانتان بووە و جێگای ڕێنموونیتان بووە، بە ڕاستی مەعاویە راستی وتووە، چونکە شیعر گۆرانی بە بالأی سەروەریەکانی نەفامیدا دەڵێ و خەڵکی بۆ ئەو ڕێنموونییە بانگ دەکات، قورەیش و مەعاویەش هەر ئەمەیان دەوێت.

دوای ئەوە عەبدولمەلیك هات کە زۆر ڕۆچوو لە هاندان بۆ شیعر و زۆر زیادەڕەوی کرد لەوەدا تا ڕادەیەکی دوور سەعالیبی دەڵێت: بێگومان عەبدولمەلیك لەهەموو خەلیفەکان زیاتر حەزی لە شیعر بووەو خەڵکی لە ڕۆژانی ئەودا لەهەرکوێ کۆبوونایەتەوە شیعریان دەوتەوە و لێکدانەوەی هەواڵی شاعیرانیان دەکرد.

خەڵك وای لێ هاتبوو زۆربەی کاتەکانیان بە مشت و مڕ لەسەر شاعیران و بەراورد لە نێوانیاندا بەسەر دەبرد، زۆر جاریش ململانێیان دەکرد و دەنگیان هەڵدەبڕی، لەوانە خەلیفە یان والی گرنگی بەمەدەدا دەینارد بۆلای یەکێك لە شارەزایان لە شیعر و پرسیاری لێ دەکرد لەسەر بیروڕای ئەو.

نیکلسون دەڵێت: لە جیاتی بەرزڕاگرتنی ئەو سەرکەوتنە جوانانەی لەسەر دەستی موسڵمانە موجاهیدەکان بەدەست هاتبوو شاعیران دەستیان کردبوو بە گریان بەسەر بەرزایی دەوارەکانی بیاباندا و شیعریان بەسەر سواری حوشتردا دەوت کە لە تەختایی لماویدا کەس پێشی ناکەوێت، هەروەها خەلیفەیان وەها دەدواند وەك ئەوەی شێخێکی دەشتەکی بێت لە شێخەکانی ئەو ڕۆژگارە کۆنە.

## ڕای ئیبن خەلدون:

ئیبن خەلدون باوەڕی وایە کە عەرەب لە ڕۆژانی بەنی ئومەیەدا لە شیعردا گەڕابوونەوە بۆ ڕەفتارە کۆنەکەیان، چونکە نیگا دانەبەزیبوو شیعر حەرام بکات و لەبەر ئەوەی پێغەمبەر گوێی لە شیعر بووەو ستایشی کردووە.

سەرسوڕمانی ناوێ ئیبن خەلدون وتەی وەها بڵێ، چونکە پیاوێکە زۆر بەنی ئومەیەی خۆش دەوێت و وایان دادەنێت کە لە خەلیفە ساڵحەکانن، بەڵام ئەوەی مێژووی بەنی ئومەییە بخوێنێتەوە بە خوێندنەوەیەکی بابەتیانە دەتوانێت دەرك بکات بە نهێنی هاندانیان بۆ شیعری نەفامی بەو شێوە گەورەیە.

لەوانەیە زیادەڕەوی نەکەم کاتێك دەڵێم کە بەنی ئومەییە بە هاندانیان بۆ شیعر ویستیان عەقڵەکان بەنج بکەن وە خەریکی بکەن لەوەی کە ئیسلام هێنابووی لە ڕێنموویی کۆمەڵایەتی نویێ.

## عەباسییەکان و شیعر:

دوای ئەوە بەنی عەباس (عەباسیەکان) هاتن و ئەوانیش زیاتر فوویان کرد بە تەنبووردا بە ئاوازێکی نوێ، لە ڕاستیدا ئەوان جیاوازییان لەگەڵ ئەمەوییەکاندا نەبوو

لە نەزعە نەفامییەکەیاندا، بەلاّم ئەوان لەلایەکی ترەوە بە دروشمەکانی ئیسلامەوە خۆیان پیشان ئەدا و فرمێسکی گەرمیان دەرشت لەبەردەستی واعیزەکاندا.

سوڵتانەکانی بەنی ئومەییە دەرگای کۆشکەکانیان بۆ شاعیران کردەوە و عەباسیەکانیش هاتن ودەرگای کۆشکەکانیان بۆ شاعیران و واعیزەکان پێکەوە کردەوە؛ خەلیفەی عەباسی وای لێ هاتبوو تاوێك بۆ شیعر خۆشحاڵ دەبوو تاوێکی تریش لە ترسی خوا دەگریا. ئەوانە دەرکیان بەو بۆشاییە فراوانەی نێوان ڕۆحی شیعرو ڕۆحی ئیسلام نەکردبوو کەموسڵمانانیش بەم ڕێگەیەدا شوێنیان کەوتبوون بەشێوەیەك کە کۆمەڵگە خاوەن بەها دوو جەمسەریەکەشیان هانی ئەدان بۆی، بەمەش وایان لێ هاتبوو شانازییان بە قورئان و بە شیعری نەفامییەوە دەکرد لەیەك کاتدا و ئەمەش لە لێجیابوونەوە گەورەکانە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا.

***

# حەقیقەتی شیعری نەفامی

پێشــتر ئاماژەمانــدا بەیــەکێك لــەو هەڵەکارییانــەی کــە کۆمەڵگ
لەسەردەمەکانی دوایدا دووچاری بوو، ئەوەبوو بینیمان شانازی ب
شیعری نەفامییەوە پێکەوە دەکرا لەگەڵ ئەو بۆشاییە فراوانەی لە نێوان
بەهەرحاڵ شیعری نەفامی لە دیدگای عەرەبەوە وای لێ هاتبوو
پایەیەکی باڵا بێت بەو شێوەیەش بۆیان دەروانی لەرووی ئەدەبی
دەیانروانی بۆ نموونە باڵاکان، ئەو وتەیەش دروستە کە ئەوان بەهۆی
نموونە هێنانەوەیان پێی، وایان لێ هاتبوو بە نیشانەیەك لە بەدڵاچوو
دادەنا و بە شیعرەکان لە مێشکیاندا چەندین خەتی قوڵیان هەڵک
کردبوون لەدوای هەر بەیتە شیعرێکەوە مانایەکی قوڵ وەربگرن.

من لە منداڵیمدا گوێم دەگرت لە ئەدیبەکان قسەیان لەسەر شتێ
بکردایە دەربارەی دەیانوت: کە ئەو لە (قفا نبك) ناودارترە، منیش سەر
دەمپرسی: تۆ بڵێی ئەم (قفا نبکی) یە کێ بێ؟ پاشان دواجار بۆم رو
ئەمە سەرەتای قەسیدەیەکی (ئیمرئول قەیسە).

قفا نبکی من ذکری حبیب ومنزل     بسقط اللوی بین الدخو

پاشان ئەم هاوڕێیانەمان نموونە بە کارێکی بەرز لە کارەکانی زانایان یان داهێنەران یان چاکسازان ناهێننەوە، بەڵکو ئەوان لە جیاتی ئەوە نموونە بە قەسیدەیەکی ناشرین دەهێننەوە کە دەشتەکییەکی گاڵتەچی دایناوە لە ڕۆژگاری کۆندا و ئیتر نازانم جۆری ئەو گەورەییە چییە لەو شیعرەدا دۆزیویانەتەوە؟

بەردەوام بیرم دەکەوێتەوە کە چۆن مامۆستاکان لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا کۆمەڵە شیعرێك لە شیعرەکانی نەفامییان بەسەردا دەسەپاندین و لە ئێمەیان دەویست کە لێی تێ بگەین و سەرمان پێی سوڕ بمێنێ، لەهەمان کاتدا وا گومان دەبەم کە منداڵەکانم ئەمڕۆ دووچارن بەهەمان بەڵاوە کە دوێنێ خۆم دووچاری بووبووم، خۆزگە دەمزانی ئەم بەڵایە کەی هەڵدەگیرێ لەسەر بەندەکانی خوا.

## شۆڕشی تەها حسەین:

لە ساڵی ١٩٢٤ یان دەوروبەری دکتۆر تەها حسێن هاواری بەرزی خۆی لە ڕەخنەسازی شیعری نەفامیدا بەرزکردەوەو بەلادەر و درۆزن داینا، پاشان ئەدیبان قیامەتیان لێ هەستان.

لەوانەیە گران بووبێت لەسەر ئەدیبان کە ئەو کەلەپوورە قەڵەوەیان ببینەوە ون بووە لەدەستیان بە یەکجاری و پاشان ئاژاوە دەنێنەوە و هاوار دەکەن و تەها حسەین تۆمەتبار دەکەن بەهەموو شتێکی خراپ، دوایش پیاوانی ئاینی هاوکاری ئەدیبانیان کرد دژی ئەو و نەفرینی لێ کرا لەهەموو لایەکەوە.

وەکاتێك لە تیۆری تەها حسەین لەو بارەیەوە دەکۆڵینەوە دەبینین شایستەی ئەم جۆرە هەرایە نییە و ئەو لە ڕاستیدا تیۆرێکی بێ بایەخەو شتێکی زۆری پڕوپوچی تیادایە، بەڵام هەراکە ئەو بایەخە گەورەیەی بۆ بەدەست هێنا.

منیش ساڵی پار هەوڵم دا ڕەخنە لەو تیۆرە بگرم لە موحازەرەیەکی گشتیدا کە لە هۆڵی کۆلیژی ئاداب و زانستەکان وتمەوە و خەریك بوو موحازەرەکەم هەرایەکی تر بنێتەوە ئەگەر خوا نەیپۆشیایە.

**کورتەی تیۆرەکە:**

دکتۆر تـەها حسـەین باوەڕی وایـە کـە ئـەو شیعرە نەفامییەی لەبەردەستماندایە نەفامی نییە، بەڵکو لادراوێکـە راویـەوکان لەسـەردەمەکانی دواییدا خوڵقاندوویانـە، لەوەشدا دکتۆر پشتی بەستووە بەبەراوردێك لـەنێوان شیعری نەفامی و ئـەوەی لـە قورئاندا هاتووە لەوەسفی ژیانی نەفامی و رەخنەگرتن لێی، دکتۆر تەها دەڵێت: ئێمە کاتێك لەقورئان دەکۆڵینەوە دەبینین نمایشی خەڵکی ڕۆژگارەکەی دەکات جیاواز لە نمایشی شیعر بۆیـان، ئێمـەش سەرپشك کـراوین لـە نێـوان ئـەوەی قورئـان بـەدرۆ بخەینـەوە یـان شیعری نەفامی، لەبـەر ئـەوەی قورئـان ڕاستگۆیە، هـەردەبێت شیعر درۆزن یان درۆ پێکراو بێت.

تەها حسەین بەراورد دەکات لە نێوان ئەو ژیانەی قورئان نمایشی دەکات و ئـەوەی تریش کە شیعری نەفامی دەیکات و ئەم جیاوازیانە لەنێوانیاندا دەدۆزێتەوە:

١-قورئان نمایشی ژیانێکی ئاینی بەهێزمان بۆ دەکات کە خەڵکەکەی بانگەشە بۆ مشت و مڕ دەکات لەبارەیەوە تا لە توانایاندا هەبێت و جەنگ لە پێناویدا ڕابگەیەنن و هیچی تیادا نەهێڵنەوە، بەڵام شیعری نـەفامی نمایشی ژیانێکی تـەم ومژاوی وشکی بەریئانە یان بەری لەهەستی ئایینی بەهێزو سۆزی ئاینی خۆسەپێن بەسەر دەروون و زاڵ بەسەر ژیانی کردەیمان بۆ دەکات.

٢-قورئـان نمایشی ژیـانێکی عـەقڵانی بەهێزمان بۆ دەکـات، هـەروەها بـەتوانایی لەسـەر مشـت و مـڕ و ملمـلانـێ و گفتوگـۆ لەسـەر مەسـەلە فەلسـەفییەکانی وەك زیندووبوونەوە و خوڵقاندن و موعجیزە و لەو شێوانە، بەڵام شیعری نەفامی ئەویش نمایشی ژیانی جەهل و کەمژەیی وە تورەیی و زبریمان بۆ دەکات.

٣-قورئان باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە عەرەب لە پەیوەندیدا بوون بەنەتـەوەکانی دەوروبەریانەوە، ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگـەری ئـەوەی ئـەو نەتەوانە هـەیانبوو لە شارستانیەت، بەڵام شیعری نەفامی نمایشی عەرەب دەکات وەك ئەوەی نەتەوەیەك بن

بەگۆشەگیری لە بیابانـدا بژین، بێئاگا لەجیهانی دەرەوەو جیهانی دەرەوەش بەئەوان نازانێت.

٤-قورئان باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کۆمەڵگەی عەرەبی دابەش بووبوو بەسەر کۆمەڵـە چینێکدا، لەوانـە چینی دەوڵەمەنـدی کاریگـەر بەسـامانەکانیان و ڕۆچـوو لەسـووخۆریدا، هـەروەها لەوانـە چینی هـەژارە نـەدارەکان، ئەوانـەی کـە ئەوەنـدە سـامانیان لەدەسـتدا نییـە کـە بتوانن‌بەرهەڵسـتی سـووخۆرەکانی پـێ بکـەن یـان پێویستیان پێیان نەبێت، هـەروەها قورئان باسـی چروکی و چاوچنۆکی و ستەم و دەستدرێژی و خـواردنی مـاڵی هـەتیو و پەیمانشـکێنی نـاو عـەرەب دەکـات، بـەڵام شیعری نەفامی لەهەموو ئەوانەدا شتێك باس ناکات، بەڵکو نمایشی عەرەب دەکات وەك بەخشندەو بەڕێز وبەسووك سەیرکەری ماڵ و سامان و ڕۆچوو لەوانەدا.

٥-قورئـان بـاس لـە دەریـاو کەشـتی ومـرواری و مـەرجان و جگـە لـەوانیش لەکاروبارەکانی ژیان لە دەرەوەی بیابان دەکات، بەڵام شیعری نەفامی جگە لە ژیانی بیابان هیچی تر نازانێت، ئەگەر ژیانی شاریش پیشان بدات زۆر بەنەرمی دەستی بۆ دەبات و بە قوڵاییەکاندا ڕۆناچێت.

## ڕەخنەگرتن لە تیۆرەکە:

ئەمە کورتەی ئەو تیۆرە بوو کە دکتۆر تەها حسەین هێناویەتی بۆ پاڵپشتی ئەو رایەی خۆی کە دەڵێ شیعری نەفامی نەبووە، بەڵکو لادراوبووە و راوییەکان لەسەردەمی دواتردا خولقاندوویانە. رەخنەگرانیش لە تەها حسەین ڕاپەڕین بۆ ئەوەی هەڵـەی بیروڕاکـەی پـێ سـەلمێنن لەگـەڵ دروسـتی دانـەپاڵی شـیعری نـەفامی بـۆ نەفامەکان، سەیر لەوەدایە کە بەڵگەکانیان لەم بارەیەوە لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە کە تەها حسەین پێشتر دایناب‌وو، ئەوان هاتوون کۆمەڵە نموونەیەکیان لە شیعری نـەفامی هێناوەتـەوە وەك بەڵگـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم شیعرە باسی لەهـەموو ئـەو مەسەلانە کردووە کە قورئان ئاماژەی پـێ داون، کەواتـە ئـەو نمایشی ژیانی نـەفامی دەکات بەڕاستگۆترین نمایش.

ئەوانە لەیادیان چووە هەروەك چۆن دكتۆر تەها لەیادی چووە و تاكە شتێك كە شیاوی ئەوەبوو لەبیریان نەچێت و كەبەوەش هەوڵەكانی خۆیان و دكتۆرەكەیان هەروا ون بوو، ئەوەیان لەبیرچوو كە قورئان نمایشی ژیانی نەفامیی لە گۆشەیەكەوە كردووە جیا لە گۆشەی شیعری نەفامی، بێگومان هەردووكیان بەڕاستی نمایشەكەیان كردووە لەگەڵ جیاوازییان لەوێناكردندا.

ئەوەی شایانی باسە قورئان نوێنەرایەتی شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی و ئاینی دەكات دژی ئەو خۆشگوزەرانانەی بەسەر كۆمەڵگەی مەكیدا باڵادەست بوون، ئەو بەدەربڕینێكی تر لەگەڵ قورەیشدا دەجەنگاو رەخنەی لە بتپەرستییەكەی و سووخۆری و خۆبەزلزانینەكەی و دەست درێژی و پەیمانشكێنییەكەی دەگرت، بەڵام شیعری نەفامی زۆر چاوی لەسەر مەككەو ئەوەی تیایدا ڕوودەدات نەبوو، ئەوان مەككە نابینن تەنها لەوەرزی حەجدا نەبێت، كە لەوكاتەدا دەیبینێت خەڵكی تیایدا كۆبووەتەوەو پڕ بووە لەو تریتەی قورەیش بە لێشاو پێشكەشی دەكردن.

شیعری نەفامی زۆربەیان نوێنەرایەتی ژیانی دەشتەكیانەی دەكرد كە بەسەر تیرە عەرەبییەكانی دەرەوەی مەككەدا باڵادەست بووەو جێگای سەرسوڕمانیش نییە وەها بیبینینەوە كە جیاواز بێت لە قورئان لە وێناكردنی ژیاندا، ئەو لە شێوێكەو قورئانیش لە شێوێكی ترە، چەندە نێوانی ئەو دوو شێوەش دوورە.

ئەوەی زانراوە دەربارەی قورەیش ئەوەبووە كە كەمترین بەختی هەبووە لە دانانی شیعردا لە تیرە عەرەبییەكانی تر و لەوانەیە سەرپەرشتی كردنی شیعری كردبێتە هۆیەك بۆ قەرەبووكردنەوەی شیعر دانانەكەی، هەروەك كاروباری دەوڵەمەندە خۆشگوزەرانەكان وەهایە لەهەموو ڕۆژگار و شوێنێكدا، پاشان شاعیرانی بیابانیش دەچوونە لای قورەیش بۆ خوێندنەوەی شیعرەكانیان لەبەر دەستیاندا بۆ ئەوەی پاداشتی پێ وەربگرن، ئەوەیان بەلاوە گرنگ نەبوو لەو كاتەدا كە قورەیش ئەم پارەیە لەو پێناوەدا لە كوێ دەهێنێت، خۆ ئەگەر ئەوان خەڵكی مەككە بوونایە و ئەو ستەم و سووخۆری و دەستدرێژییەیان بدیایە كە دەكرا ئەو كاتە گومانم زیاترە شیعرەكەیان بە شێوەیەكی تر ئەبوو.

## سروشتی کۆمەڵگەی مەککی:

بێگومان کۆمەڵگەی مەککی لە ڕۆژانی نەفامیدا جیاواز بوو لەو کۆمەڵگە خێڵەکیەی لە بیاباندا هەبوو، ئەو وتەیەش ڕاستە کە ئەو خراپییەکانی دەشتەکی و خراپییەکانی شاری پێکەوە کۆکردبوویەوە، لەکاتێکدا کە لە ناشرینترین وێنەدا پارێزگاری لە دەمارگیری خێڵەکی دەکرد، بەڵام لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێ خراپی بەخۆوە گرتبوو کە لە کۆمەڵگەی بیاباندا نەبوو، ئەوەبوو جیاوازی چینایەتی و خۆهەڵکێشان بە پارە و ڕەزیلی و هەلپەرستی تیادا بوو، بەمەش گەندەڵی کۆمەڵایەتی تیایدا گەیشتبووە دوورترین سنوور.

پەندێکی باو هەیە لە نێوانماندا کە دەڵێ: (( ئەگەر دەشتەکی بوو بە شاری خراپ دەبێت )) ئەم پەندەش دەچەسپێ بەسەر خەڵکی مەککەدا لەسەردەمی نەفامیدا چونکە زۆرێك لەوان یەکەم جار دەشتەکی بوون و پاشان بوون بە شاری، بەوهۆیەوە کۆمەڵێ خراپەیان دەستکەوت کە پێشتر تیایاندا نەبووە، ئەوان بەمە لە ڕۆڵەی عەشایەرە عێراقییەکان دەچن کە کۆچ دەکەن بۆ شار لەم ڕۆژگارەماندا.

دەتوانین سەرکردەکانی قورەیش لە نەفامیەتدا بچوێنین بەشێخە عەشایەرییەکان لەم ڕۆژانەماندا، چونکە شێخەکان ئێستا شانازی بە دەمارگیریە خێڵەکییەکەیانەوە دەکەن، بەڵام لە شارەکاندا دەژین و خۆیان نقوم کردووە لەخۆشگوزەرانی و خراپیەکانیدا نقووم بوونێکی نەشیاودا، هەندێکیان بە ڕووتی و سەرخۆشی و قومارچێتی دەبینێتەوە کە ماڵی خۆی بۆ سەماکەران سەرف دەکات، ئەگەر ڕەخنەت لێ گرت ملی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ کە ئەو کوڕی پیاوە بەڕێزەکانە، ئەو لەسەرووی ئەوەوە هەوڵەکانی هۆزەکەی دەقۆزێتەوە بە قۆستنەوەیەکی ئابڕووبەرانە، پاشان پارە دەهێنێت و لەشاردا دەیبەخشێت چۆنی بوێت و بەکێی بدات، دەگمەنیش نابێت کە خواردن ساز بکەن و پاداشت بە ئەدیبان و شاعیران بدەن هەروەك قورەیش لە ڕۆژگاری کۆندا دەیکرد.

## هەڵەی گەورە:

. کاتێك قورئان دەخوێنینەوەو پاشان شیعری نەفامیش دەخوێنینەوە هەست بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان کۆمەڵگەی مەککە و کۆمەڵگەی دەشتەکی دەکەین، جێگەی داخە کە مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی بەلای ئەم لایەنەدا نەکردۆتەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بۆ شیعری نەفامی بەجۆرێکی تر، ئەوان جیاوازی ناکەن لە نێوان تیرەی قورەیش و تیرەکانی تردا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەیەك ڕوانگەوە لەهەموویان دەکۆڵنەوە.

واگومان دەبرێ قورەیش خۆیان دەستیان هەبووبێت لە بڵاوکردنەوەی ئەم بیروڕا هەڵەیەی نێوان مێژوونوساندا، چونکە کاتێك قورەیش دوای کوژرانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب باڵادەست بوون بەسەر ئیسلامدا، ئیتر ڕێچکەی بوو بەوەی کە ئەوە بخاتە زەینی خەڵکەوە کە ئەوان هۆزی پێغەمبەرو خزمەکانی ئەون، پاشان ئیسلام هاتووە تا ڕێزی قورەیش بدات بەسەر عەرەبدا، هەروەها دوای ئەوەش ڕێزی عەرەب بدات بەسەر تەواوی گەلەکانی تردا، واتای ئەمەش وایە کە قورەیش لە هۆزەکانی تر نەفامتر نەبووە یان لەوانەیە لەوان باشتر بووبێت لە ئابڕوو وچاکەو پایەبەرزیدا، جێگەی سەرنجە موسڵمانەکانی پێشوو لە کۆچکەرو پشتیوانەکان بەم دیدەوە سەیری قورەیشیان نەدەکرد، لێرەوە وتەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب هاتووە کە قورەیش لە تێکەڵە خەڵکێکی (کوسی) ن وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا.

## سروشتی شێخایەتییە دەشتەکییەکان:

لەسەردەمی نەفامیدا لە مەککە کۆمەڵە هۆکارێکی شارستانی زۆر بەدەرکەوتن کە وای لە شێخی قورەیشی کردبوو جیاواز بێت لە شێخی دەشتەکی بە جیاوازییەکی ئاشکرا، زوهەیری کوڕی ئەبە سەلما وەسفی شێخی دەشتەکی کردووەو دەڵێ:

ومن يك ذا فضل فيبخل بفضله          على قومه يستغن عنه ويذمم

ئەمەش مانای وایە کە شێخی دەشتەکی ناتوانێ ڕەزیلی لەماڵی خۆیدا بکات بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی هۆزەکەی و خۆی بەرز بکاتەوە بەسەریاندا و ڕەنج و کۆششیان بۆ خۆی بقۆزێتەوە، ئەو لە نێوانیاندا شوێنکەوتەیە نەك باڵادەست و ئەگەر سیفەتگەلێکی بێزراوی لێ دەربکەوێت گەلەکەی وازی لێ دەهێنن و بەدەوری شێخێکی تری بەرامبەرکەری ئەودا کۆدەبنەوە.

لێرەدا شوێنەواری پشتاوپشت لەو پێکهێنانی شێخایەتی دەشتەکییەدا ڕەت ناکەینەوە، بەڵام پشتاوپشت بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی پیاوێك ببێتە شێخ ئەگەر سیفەتە چاکەکان تیایدا پاڵپشتی نەبێت، هەروەها هەر دەبێت بەرامبەر هەر شێخێك بەرامبەرێك یان چەند بەرامبەرکارێك لە براکانی یان مامەکانی یان کوڕی مامەکانی هەبێت کە زۆر بە وریاییەوە بۆی ڕاوەستاون، زۆرجار یەکێکیان جێگای دەگرێتەوە ئەگەر توانی هۆزەکەی قەناعەت پێ بکات کە ئەو لەو بەخشندە تر یان ئازاتر یان نەرم و لەسەر خۆترە لە شێخە کۆنەکەیان، هەرئەمەش وای کردووە کە شێخی عەرەبی لەسەرۆکایەتی کردنی هۆزەکەیدا دیموکراسی بێت کاتێك کە بە فەرمانی ئەوان نەبێت فەرمان دەرناکات و جگە لەوانیش کەسی تر ڕازی ناکات.

هەروەها لایەنێکی تر هەیە لە ژیانی بیاباندا کەوا لە شێخ دەکات بەڕێزو میوانپەروەر بێت و پارەی خۆی لە پێناوی سومعەدا خەرج بکات، ئەوەش سروشتی ماڵ و پارەیە لە بیاباندا و ماڵیش لەوێدا زۆربەی لەمەڕ و ماڵات پێك هاتووە، ئەمەش مەترسی تاڵان کردنی لەسەرە هەموو کاتێك لەبەر ئەوە خاوەن ماڵ پەلە ئەکات لەبەخشینی بەسەر گەلەکەیدا پێش ئەوەی لە ناکاو لەبەر دەستیدا ون بێت، حاتەمی تائی لە دواندنی هاوسەرەکەیدا دەڵێت:

اماوى أن المال غاد ورائح ويبقى من المال الاحاديث والذكر

بێگومان ناوبانگی چاك لە بیاباندا لەماڵ زیاتر بەكەڵكترە، چونكە ماڵ دێت و دەڕوات، بەڵام ناوبانگ هەر دەمێنێتەوە و خەڵك قسەی لەسەر دەكەن و خاوەنەكەی بەهۆیەوە پێگەیەكی باڵا بەدەست دەهێنێت.

## سالارییەتی لە مەككەدا:

بەڵام لە مەككەدا سالارییەتی (زەعامەت) لەسەر بنەڕەتێكی تر بووە و لەدواییدا كۆمەڵێك هۆكاری شاریانە دەركەوتن كە وای لە پیاو دەكرد بتوانێت پیاوێكی دیار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا باخاوەنی سیفەتگەلی خراپیش بێت، لەو هۆكارانە:

١-هۆكـاری ئـایینی: پێشتر بینیمـان كـە چۆن مەككـە یارمەتیـدەری بتـەكان و ناوەندی بتپەرستی بووە لە وڵاتی عەرەبدا، بتەوان و پیاوانی ئایینی و ئەوەی لەوان لە پاسەوانانی بتـەكان و سەرپەرشتكارانی تیادا بـووە، ئـەم جۆرە لـە ئایین بۆ پسپۆرانی پێگەیەكی پیرۆز دابین دەكات و وادەكات گران بێت لای خـەڵكی كەم بایەخ بكرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێت هەرچی بكەن.

٢-هۆكاری ئابووری:لێرەدا دەبینین سەرانی قورەیشی دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانن وە كۆیلەو كەنیزەكی زۆری هەیە، ئەو كۆیلەكانی لە چالاكییە بازرگانییەكاندا دەنارد و كەنیزەكەكانیشی بۆ ڕابواردن دانابوو، لە پشتی ئەمەشەوە ماڵێكی زۆری دەست دەكەوت و زۆرجاریش كۆیلـەو پارەكـانی لـە پێنـاوی سـەپاندنی باڵادەستی خۆیدا بەسەر خەڵك و تۆڵە سەندنەوە لە نەیارەكانیدا بەكار دەهێنا، ئەو پیاوێكی دیارە بە كـوێرایی چـاوی خـەڵك، هیچیشـی لەسـەر نییـە بـا ئەگـەر خراپكـارو قونـدەر و پەیمانشكێن و سووك و رسوایش بووبێت، لە ئەبو جەهل دەگێڕنەوە كە پیاوێكی قوندەر بووەو لەدواوە چوونەتە لای، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز بووە لەناو خەڵكدا وبەردەست و كۆیلەگەلی هەبووە و پارە لە نێوان دەستیدا ڕژاوە.

هۆكـاری دراویی:بێگومـان مەككـە بـەوە ناسـراوە كـە پـارەی زێـڕو زیـوی تیـا بەكارهاتووە و پیـاوانی نـاوداری مەككـەیی بـەوە بەناوبانگ بوون كە زێڕو زیویـان كۆكردۆتـەوە ئەیانبەخشیوە بەسـەر ئەوانـەی پێویستیان پێـی بـووە، وەكـو ئـەوەی

شێخی دەشتەکی دەیکرد، ماڵ لە بیاباندا پەیدا دەکرا بۆ ئەوەی لە پێناوی سومعەدا ببەخشرێ، بەڵام لە مەککەدا ماڵی پەسەندەکراو لە پێوەرەکانی ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەیشی دەوڵەمەند نەبوایە خێری تیادا نەبوو.

٤-هۆکاری پۆشاك و ڕووکاری دەرەوە: ئەمەش هۆکارێکە کەسی دەشتەکی نەیدەناسی بەو شێوەی خەڵکی مەککە دەیانناسی، دەگمەن نەبووبوو ئەگەر شێخی دەشتەکی لە پۆشاك و ڕواڵەتدا وەك ئەوانی تر وابێت؛ بەڵام لە مەککەدا جل و بەرگ و وڵاخی زۆر و کۆڕە گەلی تەکی شوێنەواری گەورەی لەبەرزکردنەوەی پلەوپایەی پیاودا هەبوو، دەوڵەمەندەکانی مەککەش پەیوەندییان دەکرد بەنەتەوە شارستانەکانی ترەوە لە ڕێگای بازرگانییەوەو لەوانەوە هۆکارەکانی ڕابواردن و جیاوازی ڕواڵەتیان وەردەگرت.

دەگێڕنەوە کە عەمری کوڕی عاس لەکاتی والیەتییەکەی سەر میسریدا لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا باسی ڕۆژانی نەفامی کردووە و بە ئازارەوە وتوویەتی: (( خوا ڕۆژگارێك بگرێت عەمری کوڕی عاسی تیایە کە بووەتە کاگەری عومەری کوڕی خەتتاب، سوێند بەخوا من چاك خەتتاب دەناسم کەبەسەر سەری خۆیەوە باوەشێك داری هەڵگرتبوو، هەروەها کوڕەکەشی وەك خۆی هەریەکەیان لە عەبایەکدا بوون نەدەگەیشتە قولەپێیان، سوێند بەخوا عاسی کوڕی وائلیش ڕازی نەدەبوو بە پۆشاکێك قۆپچەکانی لە ئاڵتوون نەبێت)).

٥-هۆکاری خانو لەگەڵ دراوسێتی: هەروەها ئاشاردرێتەوە کە خەڵکی مەککە نیشتەجێی خانووی دروستکراو لەبەردبوون و لەوانەیە ئەوان کێبەرکێیان کردبێت لە بنیاتنانی خانوەکانیاندا و ڕازاندنەوەیان، هەروەك خەڵکی ئەم ڕۆژگارە زۆر یان کەم دەیکەن، زانراویشە دەربارەی پیاوە ناودارەکانی قورەیش کە ئەوان تایبەتمەندی جیا لە نێوانیاندا هەبووە بەپێی پلەی دووری و نزیکیان لەماڵی خواوە (بيت الله الحرام)، هەرکاتێك خانووی هەریەکێکیان لە کەعبەوە نزیکتر بوایە، ئەوا پایەیەکی بەرزترو شەرەفێکی مەزنتری دەبوو.

ئەوەی شایانی باسە لەو بارەیەوە ئەوەیە کە شاخەکان دەوری مەککەیان داوە لەهەموو لایەکەوە، بۆیە هیچ زەوییەکی تەختایی تیادا نییە جگە لە پارچەیەکی بچووك کە ئەویش ئەو بەشەیە دەوری کەعبەی داوە، لە ئەفامیەتیشدا ناونرابوو تەختانی (البطحاء)، بۆیە ناودارەکانی قورەیشیش کێبەرکێیان دەکرد خانوەکانیان تیایدا بنیات بنێن و هەر لێرەوە قورەیش دابەش بوون بەسەر دوو چیندا: قورەیشی تەختانی و قورەیشی دەرکەوتوو، ئەگەر بیانویستایە ستایشی ناودارێکیان بکەن دەربارەی دەیانووت کە ئەو بەڕێزی تەختانییە ((سید البطحاء)).

ئەگەر قورەیشییەك هەژار بکەوتایە یان زەلیل، لە دەرکەوتەکان لە شیوی شاخەکان نیشتەجێ دەبوو کە ئەدارو ئەحباش و لەوانە تیادا نیشتەجێ دەبوون، بەڵام دەوڵەمەندە خاوەن پلەو پایەکان خانووەکانیان ڕاستەوخۆ دەکەوتنە تەنیشت کەعبەوە.

هەروەها لەوچیرۆکانەی لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە عومەری کوڕی خەتتاب لە ڕۆژانی خەلیفایەتییەکەیدا ویستی گۆڕەپانی کەعبە فراوان بکات، پاشان فەرمانی دا بە ڕووخاندنی خانوەکانی دراوسێی کەعبە و قەرەبوویەکی گونجاوی خستە بەردەم خاوەنی ئەو خانوانە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون بیفرۆشن بەهیچ نرخێك، ئەوانە لە باوباپیرانیانەوە بۆیان مابوویەوە، هەروەها سەروەریشیان لەگەڵیدا بۆ مابوویەوە، بۆیە روخاندنی لە دیگای ئەواندا وەکو ڕووخاندنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان وایە کە بۆیان مابوویەوە، عومەر لەلایەن خۆیەوە هەر سوور بوو لەسەر ڕووخاندنیان و پاشان نرخەکەی لەماڵی موسڵمانان دانابوو بۆ ئەوەی کەی ویستیان لێی بەرن.

## کورتەی قسە :

بە کورتی کۆمەڵگەی مەککی لەزۆر لایەنەوە لە کۆمەڵگەی دەشتەکی جیاوازتر بوون، ئەمەش هەر ئەو هۆیەیە کە ئەو جیاوازییە گەورەیە دەبینین لە نێوان قورئان و شیعردا لە وێناکردنی ژیانی ئەفامیدا.

بێگومـان قورئـان دابـەزی بۆ ئەوەی لـەو گەنـدەڵی و جیاوازییـە چینایەتییەی لـە مەککـەدا بڵاوبـوو ڕاپـەڕێت، لـە کاتێکـدا کـە شـیعر خـەریکبوو بـە شـانازییە شۆرەتسازییەیە خێڵەکییەکانیانەوە بێ ئەوەی هەست بکات بەو حاڵەی ناو مەککە.

نازانم بۆچی ئەدیبەکان یان ڕاگرەکەیان دکتۆر تەها حسەین لایان بەلای ئەم لایەنە گرنگـەدا نەکردووەتـەوە لـەکاتی لێکۆڵینـەوەیان لـە ئـەدەبی نـەفامی، ئەوانـە ماندووبووبوون بـە زانستـەکانی ڕەوانکـاری و گوزارەکـاری و جوانکـاری و خـەریکی کردبن لەوەی گوێ بگرن بۆ ئەوەی زانستی کۆمەڵناسی لەوبارەیەوە دەیڵێ، دەترسم ئەوان هەر خەریك بن بەو زانستانەوە تا ئەو کاتەی خوا دەیەوێت.

***

"وتاری دوانزەهەم"

# تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی

زمانی عەرەبی لەناو گەلێکی ماندوو بە شیعرەوە پێگەیشت، ماندووبونێکی سەیر بەجۆرێك کە شیعر وەك دکتۆر محیالدین دەڵێ ڕواڵەتی چالاکی زەینیان بووەو هیچ ڕواڵەتێکی تری چالاکی عەقڵییان جگە لەو نەبووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە دەرەنجامێك لەوانەیە دکتۆر محیالدین و هاوڕێکانی لە مامۆستایانی ئەدەبی عەرەبی پێی ڕازی نەبن، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی ماندوو بە شیعرەوە پێگەیشتووە هەر دەبێت خاوەنی تایبەتمەندییەکی گونجاو لەگەڵ سروشتی شیعردا بێت زۆریان کەم؛ ئەو هەر دەبێت زمانێکی عاتیفیانە بێت کە بایەخ بەوتەی ئاوازدار دەدات زیاتر لەوەی بایەخ بە واتای ورد بدات.

منیش کاتێك ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە زەمی زمانی عەرەبی بکەم یان لە پلەو پایەی بێنمە خوارەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی تر مەبەستم ئەوەیە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی واقیعی بدەم لە توانای هیچ زمانێکدا نییە –لە جۆری ئەو کۆمەڵگەیەدا پێگەیشتبێت کە زمانی عەرەبی تیا پێگەیشتووە –وەها نەبێت: هیوادارم خۆشەویستیمان بۆ زمانەکەمان ڕێگریان لێ نەکات لە ڕوانین بۆ سروشتەکەی ڕوانینێکی بابەتیانە.

هەروەها ئێمە دوای ئەوەش ڕوودانی گۆڕان بەسەر زمانی عەرەبی و تایبەتمەندیەکانی رەت ناکەینەوە دوای ئەوەی لە بیابانەوە گواستیەوە بۆ ژیانی

شارەکان، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە هەمەلایەنە نەبوو بەڵکو لە زمانەکەدا هەندێ پاشماوەی کەلەپووری شیعری کۆن هەست پێ دەکەین تا ئەمڕۆمان.

## تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی:

زمانی عەرەبی بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی ناسراوە کە بەکەمی لە زمانێکی تردا بە پێکەوەیی دەیاندۆزیتەوە، ئەو تایبەتمەندیانەش زۆرن و گرانە لەم بوارەدا ژماردنیان، بەڵکو لای خوارەوە چەند نموونەیەکی باس دەکەم:

١-زۆری وشەی جیا بۆ یەك واتا، بۆ نموونە حوشتر (بعير) هەزار ناوی هەیە هەروەها بۆ شێر (اسد)یش پێنج سەد ناو هەیە بۆ هەنگوین (عسل)یش هەشتا ناو، مار (ثعبان)یش دووسەد و شمشێر هەزارو (داهیە)ش ٤ هەزار ناوی هەیە.. هەندێ لە زمانەوانەکان وای پیشان دەدەن کە ئەوانە ناوگەلی وەك یەکنین، بەڵکو ئاماژەن بۆ چەندین جۆری جیاواز لەیەك شتدا، بەڵام قبوڵ کردنی ئەم ڕایەگرانە، چونکە مەعقول نییە کە لێرەدا پێنج سەد جۆر شێر لە دوورگەی عەرەب یاخود دووسەد جۆر مار هەبێت، وا گومان ئەبەم زانایانی ئاژەڵناسی لەم سەردەمەماندا لەسەرژمێریدا نەگەیشتوونەتە ئەم ژمارە گەورەیە لە جۆرەکانی شێر یان مار.

٢-هەروەها لە زمانی عەرەبیدا وشە هەیە چەندین واتای هەیە، بۆ نموونە (خال) سی واتای هەیە هەروەها چاو (عين) چل و (عجوز) شەست ناوی هەیە، جاری وا هەیە وشەکە دوو واتای جیاواز دەبەخشێت کە نازانین کامەیان مەبەستە، بۆ نموونە ووشەی (أنى) بە واتای (لە کوێ) دێت وەك باو، بەڵام هەندێ جار بە واتای (کەی)ش دێت، هەرلەبەر ئەوەیە زانایانی تەفسیر رایان جیاوازە لە تەفسیری ئایەتی ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ هەیانە بەواتای کات تەفسیری کردووە و مۆڵەتی پیاوی داوە بچێتە لای هاوسەرەکەی لە هەر کوێیەکەوەی بێ..مشت و مڕیش لەم مەسەلەیەدا درێژەی پێ درابوو.

٣-هەندێ جار ووشەیەك لە زمانی عەرەبیدا دوو واتای دژ بەیەك دەبەخشێت، بۆ نموونە (الجون) واتە ڕەش و سپی، هەروەها بە واتای سووری تێریش دێت، عەرەب

دەڵێـت: (اخـال) گـوێگر نازانێـت ئەمە گومانـە یـان یـەقین، چـونکە خـەیاڵکردنی وا دەلالـەتی گومـان و یەقین پێکـەوە دەبەخشێت، هـەروەها (الربیع) دەلالـەت لەسـەر ئەو وەرزە دەکـات کـە پـێش زسـتان دێـت، هـەروەها ئـەو وەرزەش کـە دوای زستان دێـت هەروەها ناوی (الند)بۆ (وەك) و هەروەها بۆ (دژی)ش بەکاردێت لەیەك کاتدا..

٤-زۆرجاریش بۆ ناوی تاك کۆیەکی زۆر دێت، بۆ نموونە (عبد) کۆدەبێتـەوە بە (عبید -عباد-اعبد-اعباد-عُبدان (بەعەینی بۆرکراو) -عِبدان (بەعەینی ژێر لێدراو) عِبدان (بـە عـەینی ژێـر لێدراو لەگـەڵ گرتنـی داڵەکـە) دوای ئەوانـەش سیغەی کـۆی کۆیەکان (جمع الجموع) دێت و دەوترێت: (أعابد -معابدأعبده)، لەوانەیە شێوازی تر هەبێت بەداخەوە ئێمە نەیزانین.

٥-زۆرجاریش سەرچاوەی کرداره سیانییەکان جۆراوجۆر دەبن بەبێ جیایی لە واتا، بۆ نموونە سەرچاوەی (وجد) لەوانەیە (وجوداً) یان (وجده) یا (وجدانا) یان (اجدانا) یـان (وجدا-بەواوی سەردار) یا (وجـدا-بەواوی بـۆردار ) بێـت هـەروەها سەرچاوەی (خص) لەوانەیە (خصا) و (خصوصا) و (خصوصة) و (خصوصیة) و (تخصة) و (خصیة) و (خصیصی) و (خصیصاء) بێت.

٦- هەنـدێ جـار بونیـادی وشـەش دەگۆڕێـت و پیتێـك پـێش دەخرێـت یـان دوا دەخرێت بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕێت، بۆ نموونە (جبذ) بەواتای (جذب) دێت هەروەها (بض) بەواتای (صنب) دێت و (لبك) یش بە واتای (بکل) و (طسم) بە واتـای (طمس) دێت، سەیر لەوەدایە کە (أب) بـە واتـای مام (عم) و هـەروەها (الخالة) بە واتـای دایك (ام) دێت..

٧-هەندێ جار پیتێك بۆ وشەکە زیاد دەکرێت لە پێناوی جوانی یان ئاوازدا بەبێ ئـەوەی هـیچ واتایـەکی هـەبێت، لەوانەیـە زیادکردنی ئـەو پیتـە پێچـەوانەی واتاکـەی بگەیەنێت، بۆ نموونە عەرەب دەڵێت: (مامنعك ان لا تقوم) بە واتای (مامنعك ان تقوم) چی ڕێگری لێ کردی هەستیت، یان ئەو لەوانەیە بڵێت (اذا ما جئت) مەبەستی ئەوەیە (اذا جئت-ئەگەر هاتم ) هەر لێرەوە وتەی یەکێك لە ڕستەناسەکان هاتووە:

افيدكم يا اخوتي فائدة فإن ما بعد اذا زائدة

٨- هەروەها هەندێ جار کرداری ڕابردوو دەهێنرێ ومەبەست پێی رانەبردووە یان رانەبردوو دەهێنرێ ومەبەست پێی ڕابردووە، عەرەب بۆ نموونە دەڵێت: (لم اترك لمن بعدي شيئا ) هیچم نەهێشتەوە بۆ ئەوەی دوای خۆم دێت.

٩- هەندێ جار باس لە تاك دەكرێ ومەبەست پێی کۆیە، وەك دەوترێت (عدو- ضيوف-اطفال) هەروەها باسی کۆ دەکرێت ومەبەست پێی تاکە، وەك دەوترێت (ثوب اخلاق) و (ارض افقار) و (جفنة اكسار) و (قدر اعشار).

١٠-هەروەها دەكرێ قسە لە دواندنەوە بۆ کینایە (درکە) بگۆڕێ، یاخود لە کینایەوە بۆ دواندن بێ تەنگەتاوی، بۆ نموونە عەرەب دەڵێت: (يادار فلان انهدمت) یان دەوترێت: (اذا كنت في البادية وهجم عليه الاسد) واتە شێر هێرشی بۆ هێنای.

١١- هەروەها دەکرێت وشەیەك لابرێت یان بەشێك لە ڕستە لەبەر کورتکردنەوە یان وەك متمانە بەرادەی تێگەیشتنی دواندراو، بۆ نموونە دەوترێت (لو اتاني غيرك ولكني لا اعتذر اليك) واتای ئەوەش (لو اتاني غيرك لأعتذرت اليه ولكنني لا اعتذر اليك) ئەگەر جگە لە تۆ کەسێکی تر بهاتایەتە لام داوای لێبوردنم لێ دەکردن بەڵام داوای لێبوردن لە تۆ ناکەم.

١٢-هەروەها دروستە بەچەندین شێوە ڕستە دروست بکەیت بەبێ ئەوەی جیاوازی لەواتایدا دروست بێت، هەندێ جار کردار پێش بکەر یان دوای بکەر دێت، هەندێ جاریش بکەر دوای بەرکار (مفعول به) یان پێش ئەو دێت، یان دەکرێ لە نێوان نیهادو گوزارەدا چەندەی خوا بیەوێت وشەی تێ بئاخنرێت، هەندێکیشیان ئەوەیان دیسان

بەدروست داناوە بۆ نێوانی کە دەڵێ: هو غلام –ان شاء الله –ابن اخیك) یان دەڵێ: (ان الشاة لتجتر فتسمع صوت والله ربها).

## ئایا ئەوانە باشن یان خراپ؟

زمانەوانەکانی پێشوو ئەم تایبەتمەندیانەیان لەو چاکانە داناوە کە زمانی عەرەبی لەوانی تر پێی جیابووەتەوە، ئەوە لە روانگەی ئەوانەوە بەڵگەیە لەسەر نەرمی زمان و ئاسانی مامەڵە پێکردنی، بەڵام تازەکان پێچەوانەی ئەوە دەبینن، ئەو تایبەتمەندیانە بەڵگەیە لەسەر زبری زمانەکە نەك ئاسکی، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەوانەوە وەها لە زمان دەکات ورد نەبێت لە دەربڕینیدا، زۆرجاریش واتاکان هەڵدەگەڕێنەوە و گوێگر پێویستی بە توێژینەوەو گەڕانە بۆ ئەوەی لەمەبەستی قسەکەر تێبگات.

دیارە ئەم جیاوازییەش لە خەمڵاندنی تایبەتمەندییە زمانەوانیەکان بۆ جیاوازی لە مەبەستدا دەگەڕێتەوە کە خەڵکی دەیانەوێت لە زمان، بۆ ئەمە تازەکان زمان بە هۆکارێکی دەربڕین دەزانن، بۆیە ئەو دەبێت ورد بێت لە وێناکردنی واتاکانیدا بۆ ئەوەی گوێگر یان خوێنەر بە ڕوونی و ئاسانی لێی تێبگات.

بەڵام کۆنەکان زمان بە ئامانجێك دادەنێن کە تەنها بۆ خۆی دەبێتە مەبەست، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر خراپ لای عەرەب ڕوون و ئاشکرا بوو، لەبەر ئەوە هەندێکیان بۆ ئەوە دەڕۆیشتن کە دەڵێ زمانی عەرەبی بەشێکە لە ئایین.کەواتە ئەو پیرۆزەو پێویستە وەها وەربگیرێ کە چۆن هەرشتێکی تر وەردەگیرێ بە وەحی هاتبێتە خوارەوە.

دکتۆر مەهدی ئەلمەخزومی دەڵێت: بێگومان هەندێ لە کۆنەکان وەهایان دەبینی کە زمانی عەرەبی لە خواوەیەو لە دروستکراوەکانێتی، خوایش لە توانایدا هەبوو هەر لە سەرەتاوە کامڵ و تەواوی بکردایە کە بتوانێت ئەرکی خۆی بە باشترین شێوەی بەجێهێنان جێبەجێ بکردایە، کەواتە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی کردەو خواستی خوایە.

هەندێ لە موسڵمانان بۆ ئەوە دەچن کە زمانی عەرەبی زمانی خەڵکی بەهەشتە، واتای ئەمەش ئەوەیە کە هەموو بڕواداران لە ڕۆژی دواییدا قسە بە ئەو دەکەن، وە لەوەدا جیاوازی نییە لە نێوان عەرەب و عەجەمدا، کەواتە شیاوە بۆ ئەوان کە هەر لە ئێستاوە ڕاهێنانی لەسەر بکەن ئەگەر ئارەزووی ئەوەیانە بچنە بەهەشت، بەڵام ئەگەر کەسانی ناو ئاگرن باشتر وایە بۆیان فێری زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی تری کافران ببن.

## هۆکارو دەرەنجام:

هەندێ لە مێژوونوسانی ئەدەبی عەرەبی بۆ ئەو وتەیە ڕۆیشتوون کە تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی کە پێشتر ئاماژەمان بەهەندێکیان دا، لە هۆکارەکانی شاعیریەتی عەرەبن، چونکە ئەوانە توانایان داوە بە شاعیر کە یاری بە سیستەمی ڕستەو وشەکانی بکات چۆنی بوێ، بۆ ئەوەی ملکەچی کۆتەکانی کێش و سەرواو شیکردنەوەی بکات هەرچۆنێك کە شیعری عەرەبی دەیخوازێت. لەوانەی لەسەر ئەم ڕێچکەیەن: (البستانی) وەرگێڕی (ئیلیادە)یە کە لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا ئەمەی وتووە:

((لە زمانی عەرەبیدا..قافیەگەلی گونجاوی وەها هەیە کە هاوتای لە تەواوی زمانەکانی تردا بوونی نابێتەوە، ئەگەر فەرەنسییەك داڕشتنەوەی شیعرەکەی لە دوو بەیتی سەرواداری پێکەوە گونجاوادا کورت کردبێتەوە وەك وشەی سەرواداری عەرەبی، بۆ هەر دوو دێڕێك دوو سەروای گونجاو بەکار بهێنێت، لەودوانەوە دەچێ بۆ ئەوانی تریان و ناچاریش دەبێ بە دووبارەکردنەوەیان، دوای ماوەیەك یان ئەگەر ویستی شیعرەکەی بە تەواوی لە سەروا دابڕێنێت، بەهانەکەی ئەوەیە کە زمانەکەی وا خوڵقاوە، بەڵکو ئەگەر هەوڵی زۆر بەخۆی بدات لەزۆر شوێندا ناتوانێت دوو سەرواکەی بە سێیەمێك بەهێز بکات، بەڵام شاعیری عەرەبی پێچەوانەی ئەمەیە، چونکە زۆرێك لە جۆرەکانی سەروا بەسەریدا دەبارێن وەك بارینی باران..)).

بوستانی وا گومان دەبات کە عەرەب توانیویانە شیعر دابنێن لەبەر ئەوەی لە زمانەکەیاندا ئەو تایبەتمەندیانە هاوکارییان دەکات بۆ ئەوە، ئەم بیروڕایەش وەك دانانی عەرەبانە وایە لەبەردەم ئەسپەکەدا بەو شێوەیەی پەندە ئینگلیزیەکە دەڵێت.

بێگومان زمانی عەرەبی شاعیری عەرەبی دروست نەکردووە، بەڵکو شاعیر خۆی ئەو زمانەی دروست کردووە، چونکە لەبەر ئەوەی عەرەب شەیدای پیشەسازی شیعر بوون هەردەبوو بگەنە ئەوەی زمانێك دابهێنن یارمەتیدەریان بێت لەو پیشەسازیەدا، دیارە مێژوونوسانی ئەدەبی عەرەبی ناتوانن لەم حەقیقەتە تێ بگەن و لەوانەیە باوەڕیان وابێت کە زمانی عەرەبی هەر لە ئەزەلەوە لەسەر ئەو شێوە تاقانەیە بووە و پێی خولقێنراوە.

زمان بە شێوەیەکی گشتی دروستکراوی کۆمەڵگەو لەدایك بووی پێویستییەکانیەتی، ئەو بەپێی بارودۆخەکەی دەورووبەری گەشە دەکات، ئەگەر کۆمەڵگە ماندووبوو بە شیعرەوە زمانەکەشی دەبێتە خاوەن تایبەتمەندی بەو ماندووبوونەوە، کەواتە ئیتر ئەو ناتوانێت خاوەنی تایبەتمەندی تری پێچەوانە بێت.

## خولقاوی ئاڵوگۆڕکراو:

پێشتر وتم کە شاعیری نەفامی زمانی عەرەبی خولقاندووە، هەروەها من مەبەستم لە شاعیر جۆرەکەیەتی نەك کەسەکە خۆی، بەڵام شاعیر وەك کەسێکی دیاریکراو، ئەو بەرامبەر بە زمان خولقێنەرو خولقاوە لەیەك کاتدا، مەبەستم لەمەشدا ئەوەیە کە ئەو زمان لە پێشینەکانی خۆیەوە وەردەگرێت و یەکەم جار پشتی پێ دەبەستێت لە دانانی شیعردا، تا ئەو کاتەی ناوبانگ دەردەکات و شیعر بێژەکان شیعرەکانی دەگوێزنەوە و خەڵکی لە زمانی دەترسن، ئیتر دەتوانێت خولقێنەرو تازەگەربێ لەلایەنی زمانەوانییەوەو ئەو کات دەتوانێت وشەو پێکهاتەی نوێ بهێنێت و بەویستی خۆی دروستیان بکات، پاشان کەس ناتوانێت رەخنەی لێ بگرێت یان ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ئیبن جەنی دەڵێت: (ئەگەر ئەعرابی زمان پاراوییەکەی بەهێز بوو سەرپێیانە مامەڵە دەکات )مانای ئەوەیە ئەگەر شاعیر دەوڵەمەندی زمانزاڵ وخاوەن دەربڕینی بەهێز بێت، دەبێتە سەرچاوەی داهێنانی زمانەوانی، چونکە ئەو چەند دەستەواژەیەك دروست دەکات پێشتر نەبووە، یان سواری ڕستە ئەبێت سەلیقەی چۆنی بۆی نیگا بکات لەو کاتەدا، پاشان لە دوای خۆیەوە خەڵك لێی وەردەگرن و چاوی لێ دەکەن.

ئەمەش پیشەی هەر داهێنەرێکە لەلایەنە جیاوازەکانی ژیانداو ئەو بە خوێندکارێکی لاواز دەست پێ ئەکات و بۆماوەکان وەردەگرێت وەکو خۆی وهەوڵ ئەدات فێریان ببێت، ئەگەر توانای بەسەریدا پەیدا کرد دەوڵەمەند دەبێت و هەوڵ دەدات ئیجتیهادی تیادا بکات و هەر لەو کاتەدا دەست دەکات بە گەشە پێدانی ئەم زانیاریانەو نەش و نما پێکردنیان بەپێی تواناو هێزی کەسایەتی خۆی.

## سەربەستیی شاعیر:

دەگێڕنەوە لە فرەزدەقەوە کە لە هەندێ شیعریدا وتوویەتی: (کان الزنا فریضة الرجم) بە شێوەیەك کە زینای لە جێگای بەردباران (رجم) و بەردبارانی لە جێگای زینا داناوە؛ کەسیش ڕووبەڕووی نەبووەتەوە، دەگێڕنەوە جارێکیش شیعری داناوە بۆری لە شوێنێکدا داناوە کە پێویست بووە سەری هەبوایە و یەکێ لە ڕەخنەگرەکان جورئەتی کرد بەرامبەری و پرسیاری لێکرد و بەرامبەرکێی لەگەڵ کرد، ئەویش بەچەند بەیتێکی شیعریی لە ڕەخنەگرەکەی خوێند و پاشان ڕێبواران ئەو بەیتانەیان گواستەوە.

دیارە کە شاعیرانی نەفامی لە فرەزدەق زیاتر ئازادبوون لە زمانەکەیاندا، چونکە لەسەردەمی فرەزدەقدا خەڵکی ووردبینیان دەکرد لە ئیعرابدا و ڕەخنەیان لەسەر دەگرت، هەروەها دەستیان کرد بە دۆگمایی و دەمارگیری بۆ ئەوەی لە پێشووەکانیان بۆیان مابووەوە لە تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان؛ بەڵام لە نەفامیەتدا شاعیر شیعری دادەنا و گوێی بەهیچ نەدەدا، ئەو داهێنەرە و خەڵکیش لەدوای ئەوەوە شوێنکەوتەین.

شاعیری نەفامی تاکی لە شوێنی کۆ دادەنا و هەروەها ڕابردوو لە جێگای ڕانەبردوو، وە جێناوی بزری لە جێگای دوانراودا دادەنا، هەموو جارێك ڕەگەزێکی نوێ دەداتە پاڵ کارخانەی زمان و بەمەش زمانی عەرەبی بەم شێوەیەی لێ هاتووە کە دەیبینین.

## شاعیرە دواییینەکان:

شاعیری نەفامی سەربەست بوون و چۆنیان بویستایە مامەڵەیان بە زمانەکەیانەوە دەکرد وپاشان دواینەکان هاتن لەم سەربەستیەدا کۆتگەلێکیان داهێناو دەستیان کرد بە پابەندبوون پێیانەوە لە شیعرەکانیاندا، ئەوان ئەوەیان دەکرد کە پێشینەکان دەیانکرد و لەلای خۆیانەوە شتێکیان لێ زیاد نەدەکرد.

واتای ئەمەش ئەوەیە کە زمانی عەرەبی لە دەستی دواینەکاندا مایەوە لەسەر بنەرەتە کۆنەکەی بەبێ زیادو کەم، لەوانەیە دروستیش بێت وەسفی بکەین بە خاوەن بنەماگەلێکی دۆگما.

لەسەریشمان گران دەبێت ئەگەر لەوە وردبینەوە کە چۆن دەبێت چارەنووسی زمانی عەرەبی، ئەگەر شاعیرە دواینەکان وەك شاعیرانی نەفامی مامەڵە بە زمانەکەیانەوە بکەن.

***

"وتاری سیانزەهەم"

# موعجیزەی قورئان

هەندێك بەرگری لە زمانی عەرەبی و ئەو بنەما شیعرییانە دەکەن بە بیانووی ئەوەی کە ئەو زمانی قورئانە، وابیردەکەمەوە کە دکتۆر محیالدین بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشتووە لەبەرگری کردن لە زمانی عەرەبی، کە لە یەکێك لە وتارەکانیدا باسی لە ذهێنیەکانی جێناوەکان کردووە لە شیعری عەرەبیدا بە جۆرێك کە دروستە جێناوی بزر لە جێگای جیناوی قسەکەردا دابنرێت یاخود جێناوی کۆ لە جێگای جێناوی تاك، پاشان دکتۆر دوو ئایەتی لە قورئان هێناوە بۆ پاڵپشتی رایەکەی، ئەوانیش:

١-﴿حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ﴾

٢-﴿وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾

## حەقیقەتی قورئان:

لە ڕاستیدا تایبەتمەندیەکانی قورئانی پیرۆز کە لەوتاری پێشوودا ئاماژەمان پێدا لە قورئاندا زۆر بەکارهاتووە، ئەمەش بووەتە مایەی گفتوگۆیەکی درێژ لە نێوان شوێنکەوتوانی قورئان و نەیارەکانیدا؛ ئەوەی شوێنکەوتووانە، لەو تایبەتمەندیانەدا هونەری باڵاو ڕەوانکارییەکی دەستەوەستانکەر (معجز) دەبینین نەیارەکانیش تەم ومژ وە هەڵوەشانەوەی تیادەبینن.

بە بیروڕای خۆم هەردووکیان لەسەر هەڵەن، چونکە دروست نییە بۆ ئێمە مەزنی قورئـان بـە پێوەرەکـانی زمـان و شـێواز بپێـوین و پاشـان وازبێـنین لـەو شۆڕشـە

کۆمەڵایەتیە گەورەیەی کە تیایدایە، چونکە قورئان وەك ڕێنموونیکار و مژدەبەخش و بە بیروباوەڕە نوێیەکانییەوە هاتووەتە خوارەوە، بۆیە دەبێت بەو زمانە قسە بکات کە گەل لێی تێ دەگەن و جێگەی سەرسوڕمانیانە، ئەگەر ئەو لەناو گەلێکی لە گەلە عەجەمیەکاندا دابەزیبایە، دیسان بەزمانی ئەوان دەدوا.

دەگێڕنەوە لە موحەمەددی پێغەمبەرەوە کە فەرموویەتی: ((ئێمە گروپی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە کە بەپێی ڕادەی عەقڵی خەڵکی قسەیان لەگەڵ بکەین)) ئەمەش واتەزانم مەرجی بنەرەتییە بۆ هەر پێغەمبەرێکی ڕاپەڕیو کە بیەوێت ڕێنموونی خەڵکی بکات بۆ بیروباوەڕی نوێ، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن و کاریان تێ بکات، ئەگەر ئەمەش نەبوایە پێغەمبەران نەیاندەتوانی پشتیوانان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو دنیایان پێ بگۆڕن.

بۆ پێغەمبەر ئەوە پێویستە کە زمان وەك هۆکارێك بۆ مژدەدان بە ئاینەکەی بەکاربهێنێت و ئەو زمانەی کە هەیە بەهەموو دەردەکانیەوە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی هەوڵ بدات چاکی بکاتەوە یان چاکسازی لەو عەیبانەدا بکات تیایدا هەیە، بێگومان پێغەمبەر چاکسازی کۆمەڵایەتییە نەك زمانەوانی، ئەگەر ئەو بیویستایە لەیەك کاتدا ڕەوشتی خەڵك و زمانەکەیان چاك بکات، هەوڵەکانی پەرژو بڵاو دەبوون و لەهەردوو مەسەلەکەشدا شکستی دەهێنا.

## خوێندنەوەکانی قورئان:

دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب لە ژیانی پێغەمبەردا گوێی لە کابرایەك بووە سورەتی فورقانی خوێندووەتەوە بە خوێندنەوەیەکی سەیر کە پێشتر وانەبووە، عومەر توڕە بووە لە کابراو خوێندنەوەکەی ڕادەگرێت و پێی دەڵێت: (کێ ئەم سورەتەی بۆ خوێندوویتەوە کە من گوێم لێ بوو دەتخوێندەوە؟)پیاوەکە وەڵامی دایەوە کە پێغەمبەری خوا ئەو سورەتەی بۆ خوێندۆتەوە.

عومەریش بەدرۆی خستەوە و پەلکێشی کرد بۆلای پێغەمبەری خوا، دوای ئەوەی پێغەمبەر خوێندنەوەی کابراو خوێندنەوەکەی عومەری تاقیکردەوە داوەری کرد بە

دروستی هەردوو خوێندنەوەکەو پاشان فەرمووی:(ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت هاتووەتە خوارەوە، ئەوەندەی بۆی ئاسانە بیخوێنەوە ).

لەمەوە ڕوون بویەوە کە قورئان لە پێناوی تێگەیاندن و ڕێنموونیدا هاتووە نەك لە پێناوی زانینی زمانەوانیدا، پێغەمبەریش فەرمانی داوە بە شوێنکەوتووەکانی کە قورئان بەو شێوەیە بخوێنن لێی تێدەگەن، هەرلەبەر ئەوە عەرەب لە ڕۆژانی پێغەمبەردا قورئانیان بەچەند لەهجەیەکی جیاواز دەخوێندەوە و هەر بەم شێوەیەش مانەوە، دوای مردنی پێغەمبەریش تا ئەو کاتەی عوسمان هات و فەرمانی دا بەلادانی هەموو خوێندنەوەکانی تر جگە لە خوێندنەوەکەی قورەیش.

دەڵێن عوسمان ئەمەی کرد کاتێك بینی موسڵمانان ململانێیانە لەسەر خوێندنەوەی قورئان و یەکتر کافر دەکەن بۆیە ئەوەی کرد و پێکابووی.

**موعجیزەی موحەممەد:**

موسڵمانان باوەڕیان وایە کە بۆ هەموو پێغەمبەرێك موعجیزەیەك هەیە کە لە سەرووی تواناکانی خەڵکی ڕۆژگارەکەیەوەیە، بۆ نموونە موسای پێغەمبەر موعجیزەی داردەستەکەی هێنا کە جادووگەرەکانی فیرعەون دەستەوەستان بوون لە بەرمبەریدا و عیسایش موعجیزەی چاککردنەوەی نەخۆشی هێنا کە لە سەرووی توانای هەموو دکتۆرەکانی ئەو ڕۆژگارەیدا بوو، بەڵام موحەممەد موعجیزەی قورئانی هێنا کە ئەو عەرەبانەی بێ دەنگ کرد بەناوبانگ بوون بە زمانپاراوی و دەربڕینی چاك، موحەممەدیش جار لە دوای جار تەحەددای کردن بە قورئان کە وەکو ئەو بهێنن بەڵام دەستەوەستان مانەوە.

لێرەوە موسڵمانان داپژان بەسەر زمانی قورئاندا و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرد و ڕۆدەچوون تیایدا، هەتا ئەوەی خەریکی کردن لەو قیمە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیە نوێیانەی قورئان هێنابووی.

من دڵنیام لەوەی ئەگەر ئەوانیش لە ڕۆژگاری نەفامیدا ژیابایەن و پاشان پێغەمبەر بە قورئانەکەیەوە بهاتایە، دەربارەی هەر ئەوەیان دەووت کە خەڵکی ئەو ڕۆژگارە

ووتویانـە و سوکایەتیان بـەخۆی و قورئانەکـەی دەکـرد، ئەمـەش سروشـتی زۆربـەی خەڵکە لەهەموو کات و شوێنێکدا. خەڵکی ڕاهاتوون لەسەر سوکایەتیکردن بەهەموو مەسەلەیەکی نوێ، ئەگەر پێچەوانەی نەریت و بیروباوەڕە کۆنەکانیان بێت، بەڵام هەر ئەوەندەی ڕاهاتن لەسەری ئیتر دەمارگیری بۆ ئەویش دەیانگرێت هەروەك چۆن بۆ دژە کۆنەکەی دەمارگیر بوون، خوا کاری خۆی بە دروستکراوەکانی هەیە!

## چیرۆکێك بە بۆنەوە:

ڕۆژێك لەگەڵ یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسـەکاندا ڕۆیشتم بۆ شاری نەجەف و سەردانی یەکێك لە فەقیهەکانمان کرد لە ماڵەکەی خۆیدا، لەوێدا قسەیەکی زۆر کرا کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە، کاتێك ڕۆژهەڵاتناسەکە ویستی هەڵسێت و خواحافیزی بکات، زانا فەقیهەکە پێی وت: ( دانیشە من هەندێ قسەی ترم ماوە لەگەڵتا ).

زاناکە دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ قەناعەت پێکردنی ڕۆژهەڵاتناسەکە بە موسڵمان بوون، بـەڵام ئـەو بەڵگانـەش لـەم بارەیـەوە زانـا فەقیهەکـە دەیهێنایـەوە لـە موعجیزە قورئانییەکاندا کورت کرابوونەوە وڕۆژهەڵاتناسەکەش وەڵامی دایەوە:(دەڕوانمە ئـەم مەسەلەیە) پاشان هاتە دەرەوە بێ ئەوەی لابکاتەوە بەلای هیچ شتێکدا.

لەڕاستیدا ڕۆژهەڵاتناسـەکە لە دڵی خۆیدا پێکەنیوە بەم سەلماندنە، کەواتە ئەو جیاوازی نییە لەگەڵ خەڵکی نەفامیدا، جیاوازیشی نیە لەگەڵ من یان شێخدا ئەگەر ئێمەش لەسەردەمی نەفامیدا ژیابایەین.

فەقیهەکە وا گومان دەبات و لەگەڵیشیدا زۆرێـك لـە موسڵمانان و هـەر وا گومـان دەبەن، ئەگەر لە سەردەمی نەفامیدا بوونایە و پاشان پێغەمبـەریان بە قورئانەکەیەوە بۆ بهاتایە یەکسەر باوەڕیان پێ دەهێنا، ئەوان لـەوەدا خەڵەفاون و گومانم زیاترە کە ئەوانیش قورئانیان ڕەت دەکردەوە وەك چۆن ئەبو جەهل و ئـەبو سوفیان و ئـەوانی بەدەوروبەریاندا بـوون ڕەتیان کـردەوە، لـەو کاتەشـدا بـەهیچ شـێوەیەك سەلماندن بەکەڵکیان نەدەهات.

## موعجیزەو عەقڵی مرۆیی:

خەڵکی داوا دەکەن لە پێغەمبەر کە موعجیزەیەکیان بۆ بهێنێت بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی، سەیر لەوەدایە کاتێك موعجیزەکەش دەبینن سوکایەتی پێ دەکەن و دەربارەی دەڵێن کە ئەوە جادووە یان تەڵەکەبازییە.

قورئان دەفەرموێت:

﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُوراً وَقَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنْبُوعاً أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِنْ نَخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلالَهَا تَفْجِيراً أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفاً أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ قَبِيلاً أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِنْ زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاءِ وَلَنْ نُؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَاباً نَقْرَأُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنْتُ إِلَّا بَشَراً رَسُولاً وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَى إِلَّا أَنْ قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَراً رَسُولاً قُلْ لَوْ كَانَ فِي الْأَرْضِ مَلائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ مَلَكاً رَسُولاً قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيراً بَصِيراً﴾.

واتە: (بە حەقیقەت لەم قورئانەدا لەهەر شتێك نموونەیەکمان بۆ خەڵك هێناوە، جا زۆربەی خەڵك بێجگە لە ئینکاریکردنی حەق شتێ تریان نەکردووە، وتیان هەرگیز بروات پێ ناهێنین تاوەکو کانییەك لەم سەر زەوییە بۆ ئێمە هەڵنەتۆقێنێ یان باغێ لە دارخورما و ترێت هەبێ، جا چۆمە ئاو لە ناویا هەڵقوڵێنێ و بەبن دارەکاندا تێپەڕێنێ یا بەردی ئاسمانی هەروەکو خۆت دەڵێی بباریێنی بەسەرماندا، خواو مەلائیکە بێنیتە بەرچاومان یان ماڵێکی پڕ نەخش و نیگارت هەبێ، یان بە ئاسماندا بڕۆیتە سەرێ، تەنانەت سەرکەوتیشیت بڕوا ناهێنن مەگەر ئەوەی کتێبێکمان بۆ بێنێتە خوارەوە کە بیخوێنینەوە، بڵێی پەروەردگارم پاك و بێ خەوشە، من بێجگە لە مرۆڤێکی رەوانەکراو هیچی تر نیم و هیچ شتێك دوای هاتنی ڕێنموونیی بەرگری لە بڕواهێنانی خەڵك نەکرد بێجگە لەوەی کە (بەنەزانی) وتیان: ئایا خوا مرۆڤێکی وەك پێغەمبەر ناردووە؟ بڵێ: ئەگەر لەسەر زەوی فریشتە هەبوایەن کە بە ئارامی هات و چۆیان بکردایە،

ئێمەش فریشتەیەکمان وەك پێغەمبەر بۆ دەناردن بلێ:ئەمە بەسە کە خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەتە بەراستی خوا سەبارەت بە بەندەکانی بە ئاگاو بینایە).

پێغەمبەر بانگی دەکرد بۆ تێڕامان لە ڕێنموونیەکانی، ئەوانیش داوای موعجیزەیان لێ دەکرد و دەڵێن کاتێك ئەوەی دەیانویست بۆی هێنان، دەستیان کرد بە لێوە جوڵەی نارەزایی و دەربارەی وتیان کە ئەوجادووگەرو شێتە.

## موعجیزەو ژیاننامەی پێغەمبەر (سیرە):

غەزالی دەڵێ پێویستە ئێمە بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر بڕوانین پێش ئەوەی بۆموعجیزەکانی بڕوانین، چونکە موعجیزە بە بیروڕای غەزالی جادوگەرو هەر مرۆڤێکی تری خاوەن توانایەکی لەرادەبەدەر دەتوانێت بیهێنێت، بەڵام جادوگەر پیاوێکی خراپەو مەبەستی لە موعجیزە چەواشەو گومڕاکردنە، بەڵام پێغەمبەر دەیەوێت ڕێنموونیی خەڵکی پێ بکات و بارودۆخیان چاك بکات، لەوانەیە زۆرێك لە موسڵمانان رازی نابن بەو وتەیەی غەزالی کە ئەوە لە راستیدا چاکترین پێوەرە کە دەتوانین نهێنی پێغەمبەر و پێغەمبەرایەتی پێ تێبگەین، هەر ئەمەش بانگمان دەکات بۆ تێڕامان لە قورئان لەڕووی ڕێنموونیی و بیروباوەڕە شۆڕشگێڕانەکانیەوە نەك لە ڕووی زمان و شێوازەکەیەوە، ئایا ئیتر کەس هەیە گوێ بگرێت؟

## بێ ئاگایی موسڵمانان:

بەردەوام هەندێ لە موسڵمانان خۆیان هەڵدەکێشن بە دەرخستنی موعجیزەکانی قورئانەوە لە لایەنە زمانەوانییەکەیەوە و وای دەبینن کە مەزنیی ئەو خۆی لە رەوانکارییە هونەرییەکەیدا خۆی حەشار داوە، وەك ئەوەی قورئان دابەزیبێت بۆ ئەوەی خەڵك فێری هونەر بکات.

هەروەکو ئەوان خەڵکی تریش هەیە وا گومان دەبەن قورئان بۆ ئەوە دابەزیوە خەڵك فێری زانستەکانی ئەستێرەناسی و فیزیا و کیمیا و چینەکانی زەوی بکات، دیارە کە سوڵتانەکانیش ماڵێکی زۆریان سەرف کردووە لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئەم بیروڕایە

لەناو موسڵمانانـدا، ئەگـەر موسـڵمانانیش باوەڕیـان بـەم بیروڕایـە نەهێنایـە سـوڵتانە چەواشـەکارەکان نەیانـدەتوانی بـە ئاسـانی یـاری بـە بـەهاو چارەنووسـی موسـڵمانان بکەن بەو شێوە ئاشکرایە.

## کاردانەوە:

بێگومـان ئـەم بیرۆکـە پڕوپوچانە بەسـەر عـەقڵی موسـڵماناندا زاڵ بـووە لەسـەدە دواینەکانـدا و بـوو بـەهۆی بەدەرکـەوتنی کۆمـەڵێ کاردانـەوە لەلایـەن هەنـدێ لـە ڕۆڵـە چاکەکانی ئەوەی نوێوە، ئەوانە قورئان دەخوێننەوە و شتێك نابیننەوە شایانی بایەخ و سەرسـوڕمان بێـت، هـۆی ئەمـەش ئەوەیـە کـە ئەوانـە قورئـان بـە کتێبـە زانسـتی و ئەدەبیە نوێیەکان بەراورد دەکەن، پاشان دەبینن وەك ئەوان نییە لە بیرگـەلی ناوازەدا، هەر بۆیە ئەوان گاڵتە بە هەموو کەسێك دەکەن کە قسە لەسـەر موعجیزەکانی قورئان بکات لەلایەنی زمانەوانی و فیکرییەوە. شایستەترە بەوانە لە قورئان بکۆڵنـەوە لـەژێر تیشکی ئەو ڕۆژگارەی تیایدا هاتووەتە خوارەوە و بەوەش دەتوانن زۆرێك لە ڕواڵـەتی مەزنی و سەرسوڕهێن تیایدا بدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگـەی ئـەوەی کـە موسـڵمانە بێ ئاگاکان دەیڵـێن ولێـی بکۆڵنـەوە لـەو ڕووەوە نهێنییـە زانسـتی و هونەرییـەکانی بەخۆوە گرتووە، سەیر نییە کە ئەوەی دەیانەوێت تیایدا نەدۆزنەوە مەسەلەکانیش بە هاوتاکانیان بەراورد دەکرێن.

## هەڵەی تەها حسەین:

لە وتـاری ڕابـردوودا ئاماژەمان بە هەڵـەی دکتـۆر تـەها حسـەین دا کـە نـاوی دەنـێن ڕاگری ئەدەبی عـەرەبی، ئـەو قورئـانی بـە شـیعری نەفامی بەراورد کرد و بۆشاییەکی فراوانـی لـە نێوانیانـدا دۆزیـەوە لـە ڕووی بیروبۆچـوون و تێگەیشـتنەکانەوە، ئەمـەش پاڵی پێوە نا کە بڵێ شیعری نەفامی گۆڕێنراوە، ئەگەر ئەو کەمێك تێڕابمایە دەیبینـی کە ئەو شیعرە نـەیانگۆڕیوە، بەڵکو بانگـەواز بۆ کۆمەڵـە چـەمکێك دەکـات پێچـەوانەی چەمکە قورئانیەکان وهەر لێرەشدا مەزنی قورئان خۆی حەشارداوە.

قورئان ویستی بەها نەفامییەکان و نەریتی کەللەرەقانەیان هەڵبوەشێنێتەوە لە کاتێکدا کە شیعر شانازی بەو بەهایانەوە دەکرد و خەریك بوو لەم دنیایەدا جگە لەوانە لە هیچ تێ نەگات، پاشان قورەیش موحەممەدیان بە شاعیر تۆمەتبار کرد لە کاتێکدا کە ئەو ڕاستیەکەی ڕاپەڕیوێکی بە توانا بوو، ئەگەر شاعیر بایە وەك دەیانووت، لەمێژوودا ئەم دەنگە بەهێزە و ئەو کودەتا مەزنەی نەدەکردە ڕووداو.

کاتێك توێژەر قورئان دەخوێنێتەوە خەریکە هەست بکات کە مێژوو بەمەراو هاوارەکەیەوە بەبەردەمیدا دەڕوات، ئەو تێکۆشانی گەلان دژی فیرعەونەکانیان وێنا دەکات و لەهەر چیرۆکێك لە مێژووەوە دەیهێنێت کۆمەڵە پەندێك بۆ خەڵك دەردەهێنێت لەو ڕۆژگارەدا، وەك ئەوەی پێیان بڵێ: (دەخیلتان وەك ئەو ستەمکارانە نەبن).

## واتای نەفامیەت:

موسڵمانە بێناگاکان باوەڕیان وایە کە نەفامییەت (الجاهلیە) لە نەزانین (الجهل)ەوە وەرگیرابێت کە دژی زانین (علم) ە و ئەوانە ئەو ناوە دەبڕن بەسەر ئەو ڕۆژگارەی پێش سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا، بەو مانایەی کە خەڵکی ئەو ڕۆژگارە نەزان بوون و بەکەمی نەبێت لە زانستەکانیان نەزانیوە.

لە ڕاستیدا موحەممەد واتایەکی تری لە نەفامییەت مەبەست بو، لە دیدی ئەودا واتای دەستدرێژی و خۆبەزلزانی و شانازی بە نەژادەوەی دەگەیاند، هاوەڵانیش لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا بەم واتایە لێی تێدەگەیشتن، واتە پێچەوانەی ئەوەی بێناگایان لە موسڵمانان دواتر لێی تێگەیشتوون.

خوا موحەممەدی ئەناردووە بۆ ئەوەی خەڵك فێری زانست وە هونەرەکان بکات بەڵکو وەك پێغەمبەرێکی چاکساز ناردوویەتی، چەندە نێوانی فێرکردنی زانستەکان و بانگەواز بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و باشکردنی ڕەوشت دوورو جیاوازە، موحەممەدی پێغەمبەریش وتوویەتی: (بەڕاستی من نێردراوم بۆ تەواوکردنی ڕەوشتە چاکەکان).

کاتێکیش لە ژیانی موحەممەد دەکۆڵینەوە دەبینین لەگەڵ نەفامیەتدا جەنگاوە بەو واتایەی باسمان کرد، ئەمەش چەند نموونەیەکە بۆ خوێنەر لەسەر ئەوە:

١-ڕۆژێکیان پێغەمبەر گوێی لە پیاوێکی هاوەڵی بوو جنێوی بە هاوەڵێکی تری دەدا و تانەی لێ ئەدا بە دایکی و پێی وت: کوڕی ژنە ڕەشەکە..پێغەمبەر لەمە توورەبوو بەڕەخنەوە بە جنێودەرەکەی وت: (تۆ پیاوێکیت نەفامیت تیایە).

٢-لە ڕۆژێکی تردا ڕوداوێکی تر ڕووی دا کە پیاوێك لە کۆچەران دابووی بە سنگی یەکێك لە پشتیوانەکانداو شەڕ لە نێوانیاندا دروست بوو، پشتیوانەکە هاواری بۆ کۆمەڵەکەی خۆی کردو هەروەها کۆچەرەکەش هاواری کۆمەکی بۆ کۆمەڵەکەی خۆی برد، ئەمە گەیشتە پێغەمبەر و فەرمووی: (ئێوە چیتان داوە لە بانگەوازی نەفامی )و دەستی کرد بە چارەسەری نەفامیەت تیایاندا ئەوەندەی بۆی کرا.

٣-لە فەرموودە دەماودەمەکانی پێغەمبەردا هاتووە دەڵێ:(هەر کەسێك لەژێر ئالایەکی کوێرانەدا بجەنگێ و بۆ دەمارگیرییەك تورە ببێت یان بانگ بۆ دەمارگیری بکات یان دەمارگیرییەك سەربخات، ئەو کەسە بە کوشتنێکی نەفامانە کوژراوە)

٤-هەروەها لە وتاری ماڵئاواییدا هاتووە دەڵێ: (خەڵکینە خوای گەورە بە ڕاستی خووی نەفامی و شانازی بە باب و پیرانی لە ناوتان هەڵگرتووە و هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە، عەرەبییەك چاکتر نییە لە عەجەمییەك تەنها بەخۆپارێزی نەبێ).

## جۆرەکانی نەفامی:

پێشتر نەفامی لەسەر دوو جۆر بوو (خێڵەکی و چینایەتی) یەکەمیان بەسەر خێڵەکانی بیاباندا زاڵ بوو بە جۆرێك کە پیاو دەستدرێژی دەکردە سەر خێڵەکانی ترو تالانی دەکردن وپاشان شانازی بەوەوە دەکرد.

بەڵام نەفامی چینایەتی لەسەر بنەمای جیاکاری ناو خەڵك راوەستا بوو لەلایەنەکانی دارایی و پلەو پایە و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ.

ئەو وتەیەش راستە کۆمەڵگەی مەککی هەردوو جۆرەکەی نەفامیەتی بەخۆوە گرتبوو، هەر لەبەر ئەوە ناوداری قورەیشی لەلایەکەوە شانازی بەهۆزەکەیەوە دەکرد و

لەلایەکی تریشەوە بە داراییەکەی، بەدبەختیش بۆ ئەو کەسەی لە مەککەدا هەژار بوو بێت یان لە خێزانێکی چەوساوە.

ناوداری قورەیشی وەها دەرویشت کە لوتی بەرزکردبوویەوە بۆ ئاسمان و خەریك بووە زەوی ووردوخاش بکات لەژێر پێیدا و دەڵێن سەری بۆ هیچ شتێك دانەدەواند، ئەگەر لقە داری درەختێکی لە ڕێگایدا بدیایە دەیشکاندەوەو دەڕۆیشت، هەروەها خێرا تووڕە دەبوو و توندیش دەستدرێژی دەکرد، مشتی دەدا لەهەریەکێك لە چەوساوەکان لە ڕێگایدا بوەستایە یان تفی تێ دەکرد بێ ئەوەی لەوەدا لە تانەی تانەدەران بترسێت.

لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا قورئان هاتە خوارەوە دەستی کرد بە بانگ کردنی خەڵکی بۆ کۆمەڵە ڕەوشتێکی نوێ، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاماً﴾ تەبەری لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (بەڕاستی بەندەکانی خوا ئەوانەن کە لەسەرخۆ بەسەر زەویدا دەڕۆن و نەفام نابن بەرامبەر بەوانەی نەفامییان بەرامبەر دەکەن)، هەرلێرەدا جیاوازی دەردەکەوێت لە نێوان نەفامیەت و ئیسلامدا، ئیسلام لە ئاشتی (سلام)ەوە وەرگیراوە، بەڵام نەفامیەت لە نەفامیەوە وەرگیراوە کە دەستدرێژی و خۆبەزلزانینە.

موحەممەد لە بانگەواز بۆ ئەو چەمکە ئیسلامیانە تەنها بە قسە وازی نەهێنا وەك واعیزەکانمان دەیکەن، بەڵکو بۆ خۆی بەکردەوە بەدیهێنا، ئەوە بوو سەرکەشەکانی قورەیش زۆر بە توندی ئازاری خۆی و هاوڕێکانی دەدا.

ئەویش بە لەسەرخۆیی و لێبوردەییەوە بەرامبەریان دەبوویەوە و دوعای لای پەروەردگار دەکردو دەیوت: (خوایە بەزەیت بە گەلەکەمدا بێتەوە ئەوانە نازانن).

## زانایانی نەتەوەکەم:

موحەممەد وەسفی زانایانی نەتەوەکەی کردووە بەوەی کەوەك پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل وەهان، واتای زانایانی نەتەوەکەشی لێرەدا ئەوانەیە تێدەکۆشن دژی ڕەوشتی دەستدرێژکارانە و دوژمنکاری و خۆبەزلزانی لەسەر ئەو شێوەیەی کە

پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل دەیانکرد، نەک وەک ئەوەی لەم دواییەدا بە خەیاڵی موسڵمانە بێ ئاگاکاندا هات.

بێگومان تێکۆشانێکی توند بووە لە نێوان ڕەوشتی ئاشتی و ڕەوشتی نەزانیدا، جێگای داخە کە دەبینین زانا موسڵمانەکان مەسەلەی ئەم خەباتە کۆمەڵایەتییە پشتگوێ دەخەن و گرنگی بە ئامۆژگاری ئاوازداری پڕ لە هونەرەکانی ڕستەسازی و وشەسازی دەدەن و دەیانبینین دنیا پڕ دەکەن لە هاوار بەو ئامۆژگارییانە، پاشان وتەکانی ئیبن کەلسوم یان نابیغە یان نەجاشی یان زوهێر یاخود قورەیت کە لە حیکمەتەکانی نەفامییان تیادایە بەدوادا دێنن.

## داناییەکانی نەفامیەت:

شیعری نەفامی ئەو حیکمەتانە دەردەبڕێت کە لەگەڵ ژیانی بیاباندا دەگونجێت، ڕاوەستاوی ئەو ژیانەش وەک باسمان کرد ئەوەیە کە پیاو نانی ڕۆژ بە بەرامبەرەکەی بخوات پێش ئەوەی بەرامبەرەکەی نانی ئێوارەی پێ بخوات، کەواتە ژیان لێرەدا ململانێیەکی توندە لەسەرمانەوە، ئەوەیشی لاواز بووایە بەهێزەکان دەیانخوارد.

ئەمەش هەندێ لەو حیکمەتانە بۆ خوێنەر کە شیعری نەفامی پێ ڕازاوەتەوە:

عەمری کەلسوم دەڵێ:

| | |
|---|---|
| الا لايجهلن احد علينا | فنجهل فوق جهل الجاهلينا |
| لنا الدنيا ومن امسى عليها | ونبطش حين نبطش قادرينا |
| بغاة ظالمين وما ظلمنا | ولكنا سنبدأ ظالمينا |

هەروەها قورەیتی کوری ئەنیف زەمی هۆزەکەی دەکات و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| لكن قومي وان كانوا ذوى عدد | ليسوا من الشر فى شىء وإن هانا |
| يجذون من ظلم أهل الظلم مغفرة | ومن اساءة اهل السوء إحسانا |
| كان ربك لم يخلق لخشيته | سواهم فى جميع الناس انسانا |

هەروەها نابیغەی زوبیانی دەڵێت:

| | |
|---|---|
| تعدو الكلاب على من لا كلب له | وتحتمى مربض المستأسد الحامى |

زوهێری کوڕی ئەبی سەلمایش دەڵێ:

ومن لم يذد عن حوضه بسلاحه يهدم ومن لا يظلم الناس يظلم

هەروەها نەجاشی لە زەمی خێڵێکی دەشتەکیدا دەڵێت:

قبيلته لايفخرون بذمه ولا يظلمون الناس حبة خردل

شاعیرێکی تر دەڵێت:

اذا انت لم تنفع فضر فانما يراد الفتى كيما يضر وينفع

یەکێکی تر دەڵێت:

ومن لم يكن ذنباً على الارض اجردا كثير الاذى بالت عليه الثعالب

ئەمانە کورتەی ئەو بەها ئەخلاقیانە بوون شیعری نەفامی بانگەوازی بۆ دەکردن کە لەهەندێ لایەنەوە لەو بەهایانە دەچێت کە زاڵ بووبوو بەسەر کۆمەڵگەکەمان لەسەردەمی عوسمانیدا، کاتێك پیاو شانازی بە دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی و هەڵکوتانە سەر ماڵان و خوێنرشتنەوە دەکرد، هەروەها خەڵك پیاویان بەوە دەخەملاند کە چەندی کوشتووە یان جنێوی داوە یان تالانی کردووە..

لە خوێنەر شاراوە نییە کە چۆن ئیسلام لە سەرەتای کاریەوە بەرەنگاری ئەو بیرو باوەڕانە بوویەوە بە شێوەیەکی توند، ئەوەی زانراوە دەربارەی باوەڕداری یەکەم ئەوەیە کە دەیووت: (خوایە بمکەیتە ستەملێکراو و نەمکەیتە ستەمکار ) هەروەها لەوتە دەماودەمەکانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دا هاتووە دەڵێ:(کەمێ نییە بۆ موسڵمان کە ستەملێکراو بێت ) هەروەها دەڵێت (سەرکەوتوو بە تاوانکاری دەبێتە شکستخواردوو).

***

"وتاری چواردەهەم"

# گرێی ڕستەسازی عەرەبی

ئەو کۆمەڵێ بنەمای ڕستەسازی گرێداری بەخۆوە گرتووە و لەوانەیە باسکردنی ئەم تایبەتمەندییەم لە رابردوودا بە ئەنقەست فەرامۆش کردبێت، وەك هەستکردنم بە گەورەیی گرنگییەکەی، چونکە ئەو پێویستی بە توێژینەوەیەکی درێژو تایبەت هەیە بەخۆی.

لە راستیدا زمانی عەرەبی بە رستەسازییە گران و گرێدارەکەیدا جیا دەبێتەوە، کە بە دەگمەن نموونەی ئەو لەهەر زمانێکی زیندووی تردا دەدۆزیتەوە، ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نامۆیە کە پێویستی بە هۆکارزانی هەیە.

## کێشەی رستەسازی عەرەبی:

کێشەی رستەسازی عەرەبی ئەوەیە کە ئەو ماندووەو بێ سوودە لەیەك کاتدا، ئەو بایەخ بە لێکدانی رستەو پێکەوە بەستنی واتاکانی تیایدا نییە، زۆرترین خەمی راگیراوە بەسەر گەران بە دوای ئەو هۆکارەی وشە دەکاتە سەردار یان بۆردار یان ژێردار و ئەو بە دەربڕینێکی تر گرنگی بە هیچ نادات ئەوەندەی گرنگی بە شیکردنەوەی واتە بە جوڵاندنی کۆتایی وشەکان دەدات، هەر ئەمەشە ئەوەی کردووە کە هەندێکیان بانگەواز بۆ ناونانی رستەسازی عەرەبی دەکەن بە ناوی(زانستی شیکردنەوە –ئیعراب).

پاشان تۆ یەکێکیان دەبینی تەمەنی خۆی بەسەر دەبات لە دەرهێنانی بنەماکانی رستەسازی و هەروەها لە راهێنان تیایدا، پاشان دەبینیٚ زۆر گرانە لەسەری کە خۆی لە ئاواز لە ئاخاوتنەکانیدا لابدات، لە خوێنەری ئاشارمەوە کە من لە سەرەتای ژیانی خوێندنم لە سوورترین کەسانیٚ بووم لەسەر پاراستنی ئەو بنەمایانە، بەڵام ئێستا متمانە بە دەرنەچوون دەکەم ئەگەر دکتۆر محیالدین بانگم بکات بۆ تاقیکردنەوە تیایدا لە رێگای ئێزگەوە یان غەیری ئەوە.

دەکریٚ رستەسازی عەرەبی بەگرێی دەروونی بچوێنریٚ، ئەو وەسوەسەی دوای وەسوەسەیە بۆ نموونە دواندەر ناتوانێت بەرەهایانە قسە بکات لە ترسی ئەوەی کە هەڵە بکات لە رستەسازیدا.

گوێگرانیش گویٚ نادەن بەو واتایانەی کە دێن، بەڵکو ئەوان گرنگی و بایەخیان دەخەنە سەر بەدواداچوونی شیکردنەوە لە قسەکانیدا، ئەوان هەردەبیٚ ئازاریان دەست بکەوێت تیایدا کە سەریان بجوڵێننەوە بە حەسرەتەوە، وەك ئەوەی قسەکردن هیچ بەخۆوە ناگریٚ جگە لە سەرو بۆر و ژێر و بزوێن.

هەروەها رستەسازی لای عەرەب بوو بە ناونیشانی رۆشنبیری و ئەگەر ویستیان یەکێك تاقی بکەنەوە رستەیەکی گرێدار دەدەن بەسەریدا و داوای لیٚ دەکەن شی بکاتەوە، خۆ ئەگەر تەمەلٚ بوو تیایدا یان نەیتوانی گاڵتەو سوکایەتی پیٚ دەکەن، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دواندەر (خەتیب) دەربڕینی لەسەرخۆ بێت و کەشخەی پێوە بکات بۆ ئەوەی بۆ گوێگرانی بسەلمێنێت کە ئەو دەریایەکی قوڵە لە زانست، بەڵام واتا خۆی لە خۆیەوە دواتر دێت.

میکرۆبی ئەم دەردەش گوازراوەتەوە بۆ عەجەم و دەگێڕنەوە کە عەلی موحەممەد کە لە سەدەی رابردوودا لە ئێران دەرکەوتووە وخۆی وا پیشان داوە کە دەروازەی مەهدییە، بانگ کراوە بۆ تاقیکردنەوەیەك بە ئامادەبوونی زانا ناسراوەکان، پاشان لەوەی تاقیکردنەوەیان تیایدا کردبوو چەند مەسەلەیەکی رستەسازی و وشەسازی بووە، ئەویش دەستەوەستان بووە تیایدا و دەربارەی زانستی رستەسازی ووتویەتی کە ئەو لە منداڵیدا فێری بووە و پاشان لە بیری چووەتەوە، دواتر یەکێکیان ووتویەتی

(چەندە سەیرە ئەم پیاوە شێتە چۆن بانگەشەی پێغەمبەرایەتی وخوایەتی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا خۆی وا پیشان دەدات کە رستەسازی فێربووەو لەبیری چووەتەوە).

**بەراوردێك:**

ئەوەی بەراورد دەکات لە نێوان دواندەری عەرەبی و دواندەری ڕۆژئاوایی، جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوانیاندا دەبینێت و دواندەری ڕۆژئاوایی سەرپێیانەو لەسەرخۆ قسە دەکات وەك ئەوەی بۆ هاوڕێیەکی بدوێ، ئەو دەیەوێت گوێگرەکان تێبگەن، ئەوانیش دەیانەوێت لێی تێبگەن بێ ئەوەی لایەك بەلای جوڵەی کۆتایی وشەکاندا بکەنەوە.

بەڵام دواندەری عەرەبی لە وتەی سەرپێیدا لە ترسی بەردەوامدایە چونکە گرێی ڕستەسازی قورگی گرتووە، کاتێك گوێی لێ دەگیرێ خەریکە هەست دەکەیت کە ئەو مەبەستی تێگەیاندن و ڕوونکردنەوە نییە لە قسەکانیدا، بەڵکو مەبەستی خۆهەڵکێشان و کەشخەکردنە بە قسەکانییەوە، ئەو وتەیەش دروستە کە ئەو لە کاتی دواندەریدا کەسایەتی خۆی بۆ کەسایەتییەکی تر دەگۆڕێت غەیری ئەو کەسایەتییەی پێش دەست پێکردنی دووانەکە هەیبووە.

**سوودی ڕستەسازی:**

رستەسازەکان دەڵێن کە بزوێنەکانی شیکردنەوە لە زمانی عەرەبیدا سوودێکی گەورەی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا لای خوێنەر یان گوێگر، لە ڕاستیدا من هەر کاتێك هەوڵ ئەدەم کە قەناعەت بە خۆم بکەم لە جوڵەکانی شیکردنەوەدا شتێك لە سوود بوونی هەیە شکست دەهێنم و گومانم زیاترە کە شیکردنەوە جگە لە ڕازاندنەوەیەکی وتەکە سوودێکی لە پشتەوە نییە.

داواکارین لە ڕستەسازەکان ڕێنموونیمان بکەن بۆ ئەو سوودانەی دەستمان دەکەوێت لە فێربوونی ئەو بنەما قورسانەی بابەتەکانی (ممنوع من الصرف -المنادی -مستثنی -باڵا )و شێوەکانی ئەوانە.

ئەوان بۆ نموونە دەربارەی (منادی) دەڵێن کە ئەو پێویستە لەسەر شتێك کە بۆرداری دەکات، بونیاد بخرێ ئەگەر نەزانراوێکی مەبەست دار بوو، وە پێویستە سەری هەبێت ئەگەر نەزانراوێکی بێ مەبەست بوو، واتای ئەمەش ئەوەیە ئەگەر یەکێك کەسێکی بانگ کرد پێویستە لەسەری یەکەم جار بزانێ چۆن نەزانراوی مەبەستدار و نەزانراوی بێ مەبەست لەیەك جیادەکاتەوە ئەگەر وانەبێ ئەو کاتە بانگ کردنەکەی هەڵە دەبێت.

نازانم کەسێك ڕێگر دەبێت لە وەڵامدانەوەی بانگەکەتدا ئەگەر هەڵەیەکی ڕستەسازی تیادا دۆزییەوە، تۆ تەنها بانگی دەکەیت و سڵاوێك زۆرجار گوێدرێژیش گوێی لە بانگێك دەبێت و وەڵامی دەداتەوە.

## مشت و مڕێکی نەزۆکانە:

ڕۆژێك مشت و مڕێك کەوتە نێوان من و یەکێك لە ڕستەسازەکان دەربارەی سوودی ڕستەسازی، پاشان ئەو دوو ڕستەی هێنایەوە:

١- اشتريت ثلاثة صناديق كتبا.          سێ سندوق کتێبم کڕی

٢- اشتريت ثلاثة صناديق كتب.          سێ سندوقی کتێبم کڕی

پاشان وتی جیاوازی شیکردنەوەی ووشەی (كتب) ئاماژە بە جیاوازی واتاکانیان دەکات بۆ ڕستەی یەکەم، واتە کڕینی کتێب کە سێ سندووق پڕ بکات، بەڵام ڕستەی دووەم دەلالەت لەسەر کڕینی سندووق دەکات بۆ کتێب بەبێ ئاماژە بۆ کڕینی کتێب لەگەڵیدا.

بیروڕای من وابوو کە پشت بەستن تەنها بە ئیعراب لە پێناوی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو مانایە دەبێتە هۆی ماندووکردنی گوێگر، چونکە ئەوە دەبێتە ئەرك لەسەری کە فێری ڕستەسازی ببێت پێش ئەوەی بتوانێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکات و لەوانەیە فێری ڕستەسازی ببێت پێش ئەوەی بتوانێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکات و

لەوانەیە فێری ڕستەسازی ببێت و پاشان مەسەلەکەی لێ تێک بچێت، وەک لەگەڵ مندا رووی دا، ئایا بۆ ئێمە شایستە تر نەبوو کە ئەم مەسەلەیە بەهۆی زیادکردنی پیتێکی سادە بۆ هەر رستەیەکیان روون بکەینەوە کە لە یەکەمیاندا بڵێین (اشتریت ثلاثة صُناديق من الكتب) و لە دووەمیشدا بڵێین (اشتریت ثلاثة صناديق كتب)، لەوانەیە باشتر وابێت وشەی تر بۆ هەر دوو رستەکە زیادبکەین بۆ روونکردنەوەی زیاتر.

بەڵام هاوەڵەکەم بەم چارەسەرە ڕازی نەبوو چونکە ئەو باوەڕی وایە کە زمانی عەرەبی زمانی مەبەست و کورتکردنەوەیە، بۆیە پێویستە لەسەرمان کە بە بزوێنەرەکانی ئیعراب خۆمان لەکارهێنانی پیتەکان یان وشە زیادەکان بێ نیاز بکەین.

ئەو کات و هەوڵەکە لەیاد دەکات کە لە پێناوی بنەماکانی شیکردنەوەدا سەرفی دەکەین، ئایا دروستە ماندووببین لە فێربووندا بۆ ئەوەی بێنیاز بین لە باسکردنی پیتێک یان وشەیەکی سادە کە بیخەینە ناو رستەیەك و واتاکەی پێ روون بکەینەوە؟ئایا زمانی عەرەبی کورتکردنەوەیان خۆش دەوێ تا ئەو پلەیەی کە وامان لێ بکات تەمەنمان بەسەربەرین لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەم کورتکردنەوەیەدا.

سەیر لەوەدایە کە ببینین شێوازی عەرەبی پڕە لە وشەی هاوواتا کە هەندێکیان دەیخوێنینەوە لە پێناوی چێژو ئاوازدا و پاشان دوای ئەوە بە چاك نازانرێت وشەیەکی سادە زیادبکرێت لە پێناوی روونکردنەوەدا.

## چیرۆکێکی تر:

دەگێڕنەوە کە فەیلەسوفی عەرەبی ناودار ئەبو ئیسحاقی کەندی پرسیاری لە یەکێك لە رستەسازەکان کردووە دەربارەی سوودی رستەسازی (نحو)، هەروەها سێ رستەی هێنایەوە بۆ ئەوەی لە جیاوازی واتاکانیان تێ بگات کە ئەمانەن:

١-عبدالله قائم

٢-إن عبدالله قائم

٣-ان عبدالله لقائم

پاشان ڕستەسازەکە ئەوەی وت کە چەند جیاوازییەکی واتا لەم ڕستانەدا هەیە، لە ڕستەی یەکەمدا هەواڵی هەستانەوەی عەبدوڵایە و لە ڕستەی دووەمدا وەڵامی پرسیارێکە دەربارەی هەستانەوەکەی و لە ڕستەی سێیەمیشدا وەڵامی ئینکاری کەسێکە لە هەستانەوەکەی.

ئێمەش نازانین کە ڕەخنەی کەندی لەسەر ئەم وتەیە چی بووە، خۆ ئەگەر من لە جێگای کندی بوومایە بەرستە سازەکەم دەوت: (براکەم خوا لێت ببورێ سوودی ئەم جیاوازیانە لە ژیانی کردەییدا چییە؟ ئایا لە توانادا نییە کە وەڵامی پرسیاری پرسیارکەرەکە و ئینکاری ئینکاریکەرەکە بدەینەوە بەبێ ئەوەی پێویستیمان بەم گرێکارییە بێژەییانە هەبێت؟

لە خوێنەری ناشارمەوە کە من (ان) دەخەمە سەر نیهاد (مبتدأ) هەروەها (لام) دەخەمە سەر هەواڵ بەبێ ئەوەی هۆکانیان بزانم، ئەوە تەنها خوویەکەو لەسەری ڕاهاتووم و وا گومان دەبرێ کە زۆربەی نووسەران لەوەدا وەك من وابن، باوەڕناکەم دکتۆر محیالدین (ان) ی بۆ وەڵامی پرسیارکەرێك بەکارهێنابێت، یان لامی لە هەواڵەکەدا بۆ وەڵامی ئینکارێك بەکارهێنا بێت، و هەموومان لەوەدا وەك یەکین!.

ئەگەر زمانی عەرەبی ووردبوایە لە دەربڕینی مەبەستەکانیدا تا ئەم ڕادەیە لە ناویدا ئەم خاوکردنەوە سەرسوڕهێنەرە دروست نەدەبوو بە شێوەیەك کە تاك لە جێگەی کۆ دابنرێت و رابردوو لە جێگای ڕانەبردوو، هەروەها ئاوەڵفرمانی کات لە جێگای ئاوەڵفرمانی شوێندا دابنرێت..

## ڕای مامۆستا ئیبراهیم مستەفا:

مامۆستا ئیبراهیم مستەفا لە کتێبەکەی (زیندووکردنەوەی ڕستەسازی) دا ئەمە دەڵێ: ((... بەڵام نیشانەکانی شیکردنەوە زۆر بەکەمی جیاوازییەکانیان دەبینی کاریگەری لەسەر وێناکردنی واتا هەبێت و بەکەمی ڕستەسازەکان هەستمان پێ پەیدا دەکەن بە جیاوازی نێوان ئەوەی کە سەری هەبێت یان بۆردار بێت، ئەگەر ئەو شوێنی ئەم ئاڵ و گۆڕە بکەوتایە لە شیکردنەوەدا و ئاڵوگۆڕ لە واتادا، ئەوە دەبووە داوەر لە

نێوان رستە سازەکاندا لەوەی جیاوازییان تیایدا هەیە. هەروەها ئەوە دەبوویە رێنموویکار بۆ قسەکەر کە لە قسەکردنیدا دوای روویەك لە شیکردنەوە بکەوێت..)

ئێمەش راستی ئەو رایەی مامۆستا ئیبراهیم هێناویەتی دەبینین لەناو ئەوەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە لە کتێب و وتارگەلی چاپکراو، چونکە ئێمە دەیانخوێنینەوە بەبێ شیکردنەوەو گرانییەکیش لە تێگەیشتن لێیان بەدی ناکەین.

من چەند ئەزموونێکم بەسەر قوتابیاندا پیادەکردووە لە وانەکانی کۆمەڵایەتیماندا، کە لاپەرەیەك لە کتێبێکم بەبێ ئیعراب بۆ خوێندوونەتەوە، هەروەها لاپەرەیەکی ترم بە شیکردنەوەیەکی وردەوە بۆ خوێندوونەتەوە، پاشان جیاوازییەکم بەدی نەدەکرد لە تێگەیشتنیان بۆ ئەو دوو لاپەرەیە، خوێنەریش دەتوانێت نموونەی ئەم ئەزموونە لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی راستی قسەکەمی بۆ دەرکەوێت.

## دواندانێکی رەوان:

دوێنێ گوێم دەگرت لە وتارێکی جەمال عەبدولناسر لە رێگای ئێزگەوە و بە توندی هەژاندمی، هەروەها هەستم کرد کە مێژوو لە بەردەممدا بەدەنگەوە دەجوڵێت، بێگومان ئەم پیاوە بەشدارە لە جوڵاندنی، بۆ زانینیش ئەو وتارەکەی سەرپێیانە دەخوێندەوە و ئیعراب یان خۆهەڵکێشانی بێژەیی بەکارنەدەهێنا، ئەو قسەی بۆ خەڵك دەکرد لە قوڵایی دڵیەوە، دیسان خەڵکیش لە قوڵایی دڵەکانیانەوە گوێیان لێ دەگرت.

گومانم زیاترە کە ئەو ئەگەر لە قسەکانیدا بەدوای بنەماکانی شیکردنەوەدا بڕۆیشتایە وەك رستەسازەکان حەزی پێدەکەن، ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە مەزنەی لەخەڵکدا دروست نەدەکرد.

***

"وتاری پانزەهەم"

# تاکەی فوو بەخۆڵدا دەکرێت؟

لەیەکێك لەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکاندا نووسیومە و بڵاوم کردوونەتەوە سکاڵام لە قورسی ڕێزمانی عەرەبی و کەمی سوودەکەی کردووەو لەسەر ئەوە نموونەم تەنها بەیەك وشە هێناوەتەوە کە (حاکی)یە و ڕێزمان دەیسەپێنێت بەسەرماندا کە لە حاڵەتی بۆرو ژێردا (یاء)ەکە لابەرین بەمەش خوێنەر واتای وشەکەی لێ تێك دەچێت و نازانێ ئایا لێکدراوی (حك)ە یاخود (حكاية).

ئەمەش کێشەیەکی زانراوە کە کۆمپانیای گواستنەوەی سەرنشینان لە بەغداد هەستیان پێ کرد کاتێك لە پاسەکانیان نووسی تکایە یارمەتی جابییەکە بدەن بە (اصغر نقد كافي)، لێرەدا ڕستەسازەکان لێیان ڕاپەڕین و دەیانویست بنوسرێت (كاف) لە جیاتی (كافي)، کۆمپانیاش گوێی بە شۆڕشەکەیان نەداو یائەکەی لەوشەکەدا بە کوێرایی چاوی ئەوان هێشتەوە، ئەو دەیەوێت سەرنشینەکان لە مەبەستەکەی تێبگەن و بەلایەوە گرنگ نییە ڕستەسازەکان توڕەبن یان ڕازی.

دروستیش نییە لۆمەی کۆمپانیای گواستنەوەی سەرنشینان لەم کارەدا بکەین یا لەمەسەلەی تریشدا لۆمەیان بکەین، ئەو کۆمپانیایەکی بەدکارە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لەوەی لە ڕستەسازەکان یاخی بووە سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەوانەیە نهێنی لەوەدا ئەوەبێ ئەو ویستبووی یارمەتی جابیەکان بدات بۆ کۆکردنەوەی پارەکە، هەڵەی لێ تێگەیەنراو لەم پێناوەدا لە ڕاستی تەم و مژاوی باشترە وەك شاراوە نییە.

لە راستیدا لە زمانی عەرەبیدا ژمارەیەکی زۆر لەم وشانە لەسەر ئەم شێوازە هەیە کە ئەو دەبێتە خاوەن واتایەکی تەم و مژاوی، ئەگەر تیایدا شوێن بنەماکانی رستەسازی بکەوین، بۆ نموونە لێرەدا کۆمەڵە وشەیەك هەیە:(راض-قاض-سام-قاص-سار-شاك-رام..هتد) ئەوانە هەموویان دەنگی پیتەکان دانانرێن، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرانە لە چاپکاری نوێدا.

نووسەری کۆن دەنگ و جوڵە جۆراوجۆرەکانیان لەسەر پیتەکان دادەنا کاتێك پێویست بووایە، ئەمەش ئاسان بووبێ کە ئەو کارە بکات، ئەگەر بەقەڵەم بینوسیبایە قەڵەمیش گوێڕایەڵی دەستییەتی، بەڵام نووسەری نوێ ئەوەی دەینووسێت بڵاوی دەکاتەوە لە ڕێگای چاپکارییەوە، گرانیشە لەسەر چاپخانە جوڵە لەسەر پیتەکان دابنێت بۆ ئەوەی خوێنەر لە مەبەستەکانیان تێبگات.

دان بەوەدا دەنێم کە من لەم ڕووەوە دووچار هاتووم دووچارییەکی گران؛ لەوانەیە بە ئەنقەست هەڵەم کردبێت هەندێ جار لە نووسینەکانمدا، هەروەها کۆمپانیای گواستنەوەی سەرنشینان کردبووی بۆ ئەوەی واتای ئەوەی دەینووسم روون بێت، کارەکەشم هەندێ لە رستەسازەکان و مامۆستایانی زمانی عەرەبی تورە دەکات، چونکە ئەوان وای دەبینن کە بنەماکانی رستەسازی و ڕێنووس سەرپێیانە نییە و فەلسەفەیەکی قوڵ لە پشتییەوەیە، ئەوەشی بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشتووە هاوڕێم (دکتۆر محی‌الدین)ە.

## ڕای دکتۆر محی الدین:

دکتۆر محی‌الدین دەڵێت: (بێگومان ڕێنووسی عەرەبی شتێکی سەرپێیانە نییە هەروەها دانەنراوە تەنها دوای ئەزموونی چەند نەوەیەك نەبێت ئەو لە کۆی بەشەکانیدا ملکەچی فەلسەفەیەکە لە نووسیندا کە لە زۆر کاتدا لەسەر دوو بنەڕەت راوەستاوە:

یەکەمیان: خۆلادان لە تێکەڵاوکردن لە نێوان نووسینی وشەیەك و ئەوی تر جیاکردنەوە تا نەتوانرێ لە نێوان وشە لێکچووەکان لە دەربڕیندا ئەگەر لە واتادا جیاوازییان هەبوو.

دووەمیان: ئاسانکاری ولەکارخستنی پاشماوەو زیادەکان ئەوەندە ئەتوانرێ وازی لێ بهێنرێ، پاشان هەموو ئەوەی روون کراوەتەوە لە ڕێوشوێنەکانی وێناکردن لەسەر ئەم بنەڕەتە بنیات نراوە، دەی ئایا دکتۆری بەڕێز دەزانێ چییان ویستووە کاتێك لابردنی (یاء و دوو نوختەکەیان) لە ناوی ناتەواو خەملاندووە، کاتێك باسیان لە لابردنی کردووە جارێك و لە هێشتنەوەی جارێکی تر؟ ئەوان لای دەبەن لە کاتێکدا کە ناوەکە بۆردار بێت یان ژێردار بێت چونکە دەربڕینی نییە، هەروەها لە حاڵەتی سەرداریدا یان لە حاڵەتی ناساندنی ناوی ناتەواو بە (ال) دەهێڵرێتەوە چونکە دەردەبڕێ.

ئەمە دەقی وتەکەی دکتۆرە و وەڵامی منیش بەدوو بەش دێت بەهەمان شێوەی وتەکەی ئەو:

یەکەمیان: ئەگەر لە دانانی ئیملای عەرەبیدا لەسەر بنەڕەتی روونکردنەوەی واتاو خۆلادان لە تێکەڵاوکردنی وشەکان حەق لای کۆنەکان بێت، دەی ئایا دروست نییە ئێمەش ئەو کارە بکەین کە ئەوان کردوویانە؟

بێگومان بارودۆخی ئێمە جیاوازە لە بارودۆخی ئەوان، واتای ئەمەش ئەوەیە پێویستە ئێمە بەردەوام بین لە روانینمان بۆ کێشەکانی ڕێنووس و هەوڵ بۆ گۆڕانی بدەین هەرکاتێك بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا هات، خۆزگە دەمزانی هۆکاری ئەم پیرۆزییەی کراوەتە مۆرکی پێشینەکان چییە کەوای دەبینین تەنها حەقی ئەوانە ڕێزمان دابنێن، ئایا ئێمەش وەك ئەوان مرۆڤ نین؟ هەروەها بۆچی هەموو نەتەوە زیندووەکان هەوڵ دەدەن بۆ چاککردنی ڕێنووس و زمانەکەیان، بەڵام ئێمە وا هەست

دەکەین کە ئەرکی ئێمە ئەوەمان لەسەر پێویست دەکات بە هێشتنەوەی ئەوەی هەیە وەکو خۆی؟

دووەمیان: بێگومان حاڵەتەکانی ژێرو سەرو بۆر کە دکتۆر کردوونی بە بەڵگە بۆ ئەوە ناشێن بکرێنە هۆکارێك بۆ کێشە، چونکە ئەوان خۆیان گرێ و کێشەن و سوودێکیان نییە، ئیتر چۆن دروستە بە گرێ و کێشە بەڵگە لەسەر کێشەیەکی تر بێنینەوە کە لەو زیاتر کێشەیە.

## چوواندنێکی سەیر:

دکتۆر محیالدین لۆمەیەکی توندی کردم کاتێك بینی داوای کورتکردنەوەی بنەماکانی رستەسازی و چاککردنی رێنووسی عەرەبیم دەکرد، دەستی کرد بە چواندنم بەو کابرا گێژەی ئاکامی کارەکانی نازانێ، گوێی لێ بگرە دەربارەم دەڵێت:(بێگومان کاری دکتۆری بەرێز وەك پیشەی کەسێك وایە کە کتێبی تەندروستی بۆ منداڵان دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بە زانیاریەکانی چارەسەری ئەوەی کە بە خەیاڵی خۆی نەخۆشن بکات، پاشان ئەوەی زیاد بێت لێیان لە شەرەنقەو دەرزی بۆیان دەنووسێت کە لەوانەیە لەناوچوون و مەرگیان بۆ بهێنێت، پاشان بەجێیان دەهێڵێت بێ باکانە لە بەزەیی قەدەر ).

بەڕاستی سەرم سوڕما لەم قسەیە، خۆ ئەگەر رێزمانی عەرەبی وەك بنەماکانی پزیشکەوانی تازە وابێت دکتۆر لەوەدا دەیپێکا، بەڵام ئەو بریتییە لە رێوشوێنێکی دروست کراو کە رستەسازەکان خوڵقاندویانە، وەك دەیبینین لە وتارەکانی ئایندەدا، پاشان بەوانە نەتەوەیان پێی تووشی سەرەگێژە کردو وایان لێکرد لە بازنەیەکی بەتاڵدا بخولێنەوە ئەسەری هەبێ ئەکۆتایی. بەرای من توندگەرایی لە زمان و شانازیکردن بە بنەما کۆنەکانیەوە ئەو نەتەوە بەرەو تیاچوون دەبات، چونکە زمان هۆکارە نەك ئامانج، هەرکاتێك زمان کەمترین تەم و مژ و وردترین دەربڕینی تیا بوو، ئەو کاتە دەبێتە یارمەتیدەرێکی نەتەوە لە خەباتە هەنووکەییەکەیدا.

## بانگەوازێك بۆ كورتكردنەوە:

یەكێك لە مامۆستاكانی زمانی عەرەبی لەم ماوە دواییەدا هاتە لام و دانی بەوەدا نا كە بنەماكانی رستەسازی ئاڵۆزەو پێویستییەكی زۆری بە سادەكاری و كورتكردنەوە هەیە، هەروەها پێی ڕاگەیاندم كە كتێبێكی داناوە و تیایدا بنەماكانی بۆسێیەكی ئێستای خۆی كورت كردووەتەوە، منیش ئەم كارەم لە خۆیدا بۆ گەورە كرد و داوام لێ كرد كە دەری بكات بۆ خەڵكی بۆ ئەوەی هاوبەشی بكات لە چاكسازی ئەم زمانەدا كە بۆتە كۆتێكی قورس لە گەردنماندا.

وەمن دڵنیام كە ئەم مامۆستایە روبەرووی بەرەنگارییەكی گەورە دەبێتەوە ئەگەر وێرای ئەم كتێبە بخاتە ناو خەڵكەوە، بێگومان ئەدیبەكانمان لە هەڵگرتنی (یا) یەك لە وشەی (كافی) بۆ مەبەستی روونكردنەوە نیگەران دەبن چۆن دەبن ئەگەر یەكێكیان هەوڵ بدات سێیەكی بنەما رستەسازییەكان هەڵبگرێت لەناو زمانی عەرەبدا؟

گومانم وایە كە ئەوان بەرگری دەكەن وە دانانیشن وە نازانم لە ئاكامی ئەو هەستانەوەیە كە دانیشتنی بە دوادا ئایەت چی روو دەدات.

## تۆمەتی شعوبیەت:

نووسەرێك لە گۆڤاری رۆشنبیری ئیسلامی (الثقافة الاسلامية) دا وتارێكی نووسیوەو تیایدا دەڵێ كە بانگەواز بۆ چاكسازی لە رێنووس و ئاسانكاری لە رستەسازیدا هەوڵێكە بۆ ژەهراوی كردنی بیروبۆچوونی تازەپێگەیشتووان، یەكێكی تر لە گۆڤارێكی تردا دەڵێ ئەمە بانگەوازێكی شعوبیانەیە و دەیەوێت سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكانی وزەی نەتەوایەتی لاواز بكات، چونكە زمان لە روانگەی ئەم نووسەرەوە كەناڵی پەیوەندییە لە نێوان رۆڵەكانی گەلی عەرەبیدا، كەواتە لاوازكردنی دەبێتە هۆی لاوازكردنی نەتەوەپەرستی عەرەبی وهەر لێرەوە دوژمنان فرسەت دەقۆزنەوە بۆیە ئاگایی..ئاگایی.

ئەم نووسەرەو هاوشێوەکانی ئەوەیان لەبیرچووە کە شعوبیەت هاوبەشییەکی کاریگەرانەی هەبووە لە ئاڵۆزکردنی زمانی عەرەبی و داهێنانی ئەو قورسیانە تیایدا ئەگەر لە ژیانی رستەسازە زمانەوانەکان لەسەردەمی عەباسیدا بکۆڵینەوە لە ناویاندا ژمارەیەك لە شعوبیەکان بەدی دەکەین کە گاڵتەیان پێ ناکرێت. پاشان نامۆیی لەوەدایە کە ئێمە بێزارنین لەو شعوبیانەی کە کتێبگەلێکیان نووسیوە لەسەر عەیب و عاری عەرەب، بەڵام بێزار نابین لە دانانی کتێبگەلێك لە رستەسازی و وشەسازیدا، کە بەلای منەوە بێگومان بنەماکانی رستەسازی و وشەسازی زیانی زیاتریان بەنەتەوە گەیاندووە لە کتێبەکانی عەیب و عار، چونکە باسکردنی عەیب و عار وامان لێ دەکات خۆمانی لێ لابدەین، بەڵام بنەما زمانەوانییەکان عەقڵەکانمان ماندوودەکات و هەوڵەکانمان پەرژو بڵاو دەکاتەوە، ئێمەش خۆمانی پێوە خەریك دەکەین و پاشان بێ ئاگا دەبین لەو بەلا کۆمەڵایەتیانەی بەسەرماندا دائەبارێ.

جارێکیان لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا وتارێکم بڵاوکردەوە تیایدا رەخنەم لە هارونە رەشید گرتووە و دەربارەی ووتومە کە ئەو سامانی نەتەوەی لە پێناوی هەواو ئارەزووەکانی خۆی و شوێنکەوتەو خزمەکانیدا سەرف کردووە، گۆڤاری (الثقافة الاسلامیة) راپەری و بە توڕەییەوە تۆمەتباری کردم بە شعوبیەت، بەڵگەشی لەم تۆمەتەدا ئەوەیە کە شعوبییە کۆنەکان ژیاننامەی رەشیدیان شێواندووە و لە روانگەی گۆڤارەکەشەوە ئەوەی رەشید خەوشدار بکات هەردەبێت شعوبی بێت.

ئەم گۆڤارە بەڕێزە ئەوەی لەبیر چوویەوە کە شعوبییەکان کاریان کردووە لە دانانی بنەماکانی زمانی عەرەبیدا، بەداخەوە ئەم مەسەلەیەش دەچەسپێ بەسەر گۆڤارەکە خۆیدا و بەسەر زۆرێك لە بانگخوازانی نەتەوەپەرستی عەرەبیدا.

## مەینەتییەکانی قوتابیانمان:

بەهەرحاڵ دروستە ئەوە بڵێین کە بنەماکانی زمانی عەرەبی بووەتە بارێکی قورس بەسەر شانی قوتابیەکانمانەوە و ئەوان لەژێریدا کەوتوون و دەناڵێنن وهاوار دەکەن بەبێ ئەوەی کەس بێت بە هانایانەوە.

دکتۆر تەها حسەین دەڵێ: بێگومان قوتابیان لە قوتابخانەکاندا رقیان لە شتێك نابێتەوە ئەوەندەی رقیان لەوانەکانی زمانی عەرەبییە، چونکە قوتابی ئەگەر رۆیشت بۆ قوتابخانەو گوێی گرت لە مامۆستای زمانی عەرەبی لە رستەسازی و وشەسازی یان رەوانکاری سوودی لە مامۆستاکەی وەرنەگرتووە، تەنها شتێك نەبێت ئەویش هەڵاتنە لە مامۆستاکەو لە زمانی عەرەبیش، رووکردنە هەر شتێکی تر کە سەری گەرم بکات و ئاسوودەی بکات لەو بارە قورسە. ئەمە ئەوەیە کە راگری ئەدەبی عەرەبی دەربارەی وانەکانی زمانی عەرەبی دەیڵێت، پاشان نازانم رای برایانی ئەدیبمان دەربارەی قسەی راگرەکەیان چییە؟

ئایا ئیتر دروستە بۆ ئێمە هەر سوور بین لەسەر بنەما زمانەوانیەکانمان لەگەڵ ئەوەی کە تیایدایە لە نارەحەتی و بەلا؟ وەئایا لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبییە کە هەوڵی قوتابیانمان بەفیرۆ بدەین لەوەی چۆن (واو) گۆڕاوە بۆ (ئەلف) لە وشەی (قال) ەدا وە ئەو هەموو زانستە گەورانەش پشتگوێ بخەین کە بینای شارستانیەتی نوێی لەسەر وەستاوە. هاوەڵانمان باوەریان وایە کە بنەماکانی زمانی عەرەبی کەلەپورێکی گرانبەهایە کە لەباوباپیرانەوە بۆمان بەجێ ماوە و ئەرکی سەرشانیشمانە کە شانازی پێوەبکەین لەگەڵ ئەوەی ئەو کۆتە قورسانەشی تیادایە، کاتێکیش دەربارەی سوودەکەی پرسیاریان لێ دەکەین تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی کە ئێمە ئەو نهێنیە گەورانە نازانین تیایدا هەیە. خۆزگە دەمزانی (تاکەی فوو بە خۆڵدا دەکەین).

***

"وتاری شانزەهەم"

# بنەرەتی شیکردنەوە

وتمان کە رستەسازی عەرەبی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیرە کە زۆربەکەمی نموونەی لە غەیری نەتەوەی عەرەبدا دەدۆزینەوە، کەواتە چۆن پێگەیشت؟ و ئەو هۆکارانە چین هاوکاری گەشەپێدانی دا؟

بێگومان رستەسازی عەرەبی ئاڵۆزە، ئایا هەر ئاڵۆز بووە لە گەشەکردنی یەکەمیشدا یان ئاڵۆزی دیاردەیەك بوو لە دواییدا هاتە سەری؟

رستەسازەکان و ئەوانەی شەیدای رستەسازین باوەریان وایە کە ئەو بنەما ئاڵۆزانە نەخوڵقێنراون وەك خوڵقاندن، بەڵکو هەر لە رۆژانی نەفامییەوە لای عەرەب بوونی هەبووە کاتێك ئەوان وەك سەلیقە لە قسەکانیاندا بەکاریان دەهێنا، رستەسازەکان دوای ئەوە هیچیان نەکردووە جگە لە دەرهێنانی بنەماکان لە ئاخاوتنەکانی عەرەبدا، پاشان ئیش کردن لەسەر بەشبەش کردن و تۆمارکردنی لە کتێبەکاندا.

لێرەدا دکتۆر ئیبراهیم ئەنیس دێت و ئەم وتەیە هەڵدەوەشێنێتەوە و گاڵتەی پێ دەکات لە کتێبەکەیدا (لە نهێنیەکانی زمان —من اسرار اللغە) و کورتەی رایەکەی ئەوەیە کە رەخنەسازەکان خۆیان رستەسازی عەرەبییان خوڵقاندووە و دایانهێناوە، دیارە بنەماکانی رستەسازییش بوونە حەقیقەتگەلێکی بەرجەستە، هەرلەو کاتەوە سیبەوەیهی جاری کتێبەی دا کە بەردەوام راگری رستەسازەکان و پێشەواکەیانە، خەڵکی بەم کتێبەو بەو رستەسازییەی لە پشتییەوەیە سەرسام بوون، پاشان رستەسازی بوو بە ناونیشانی رۆشنبیری سەردەم، بەختیشی هەبوو لای سوڵتانەکان

و دواتر خەڵك كەوتنە كێبەركێ لەسەر فێربوونی و دەستیان كرد بە خستنەسەری و ئاڵۆزكردنی ئەوە دوای ئەوە هەتا لە دوایدا پیرۆز كرا كە كەس نەوێرێت گومانی تیا بەرێت.

دكتۆر ئیبراهیم ئەنیس دەڵێت كە عەرەبی نەفامییەت شتێكیان دەربارەی رستەسازی نەدەزانی، بەڵكو كۆتایی وشەكانیان دەجوڵاند چۆن لەگەڵ گەیاندن و ئاوازی مۆسیقیدا بگونجێت، لەبەر ئەوە دەبینین كۆتایی ئیشەكە بێ جوڵە دەكەن لەكاتی وەستاندا دواتر رستەسازەكان هاتن و بەهەڵە باوەڕیان وابوو كە جوڵانەكانی ئیعراب (شیكردنەوە)پێویستە بۆ ڕوونكردنەوەی واتا لە قسەدا؛ پاشان زانستەكەیان لەسەر ئەم بیروڕا هەڵەیە بنیات نا.

بەڕای دكتۆر ئەنیس: بەراستی تەنها یەك رستەساز بەم حەقیقەتەی زانیوە ئەویش ئیمام (قەتروب)ە، قەتروب دەڵێ: بۆیە عەرەب قسەكانی وەها شیكردۆتەوە چونكە ناولە كاتی وەستاندا نەجوڵان (سكون) ی پێویستە، پاشان لە گەیاندندا كردوویانە بە جوڵاو (محرك)، بۆ ئەوەی لە پێش خستندا نەشارێتەوە، پاشان لە نێوان جوڵان و نەجوڵاندا (الحركە و السكون) بەدوایدا هاتوون بۆهەریەكەشیان شایستەترین حاڵەتیان بەخۆیان دروست كردووە، تەنها بەیەك جوڵانەوە پابەندنەبوون، چونكە ئەوان فراوانیان ویستووەو تەنگەتاویشیان تووشی خۆیان نەكردووە، هەروەها لەسەر قسەكەریشە بەقەدەغەكردنی جوڵانەكان تەنها یەك جوڵە نەبێت). شایانی باسە كە رستەسازەكان ئەم قەتروبە بە درۆ دەخەنەوە و خەوشداری دەكەن، ئیبن سكیت دەڵێ: (قەتروب دەربارەی نووسیوە بەڵام دواتر روون بووەتەوە كە ئەو درۆ دەكات لە زماندا بۆیە هیچم دەربارەی باس نەكرد )، لەوانەیە ئەمە یەكێك لەو هۆكارانە بێت كە وای لە رستەسازەكان كردووە بایەخ بەو رایە نەدەن كە قەتروب هێناویەتی لەمەسەلەی ئیعرابدا، چونكە ئەوان بەردەوام لەسەر رای كۆنی خۆیان مانەوە كە ئیعراب خراوەتە ناو زمانەوە بۆ ئەوەی واتاكان لەیەك جیا بكاتەوە، ئەگەر ئەوە نەبوایە لە واتاكاندا سەر لە خوێنەر یان گوێگر تێك دەچوو.

**رای ئیبراهیم مستەفا:**

بەرامبەر رای رەخنەسازەکان و رایەکەی دکتۆر ئەنیس رای سێیەم بەدەرکەوت کە دەتوانین بەرای نێوەند و نموونەی تری دابنێین، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا ئیبراهیم مستەفا هێناویەتی.

مامۆستا مستەفا بڕوای وایە کە رەخنەسازەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە خوڵقاندنی بنەما رستەسازیەکاندا کە ئێستا لەبەردەستمدان؛ بەڵام لە نەبوون نەیانخولقاندووە بەڵکو بنەرەتێکی سادەی لای عەرەبی نەفامی هەبووە، پاشان رەخنەسازەکان هاتوون رازاندویانەتەوە و ئاڵۆزیان کردووە ئەوەندەی توانیبێتیان ئاڵۆزی بکەن.

بەرای مامۆستا مستەفا عەرەبی نەفامیەت لە شیکردنەوەدا بەدوای سێ بنەمادا دەرۆیشتن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ئەوان یەکەم جار بۆریان دەخستە سەر کۆتایی هەموو وشەیەك کە قسەی لەبارەوە دەکەن یان هەواڵێکی دەدەنە پاڵ، واتە بۆر لای ئەوان نیشانەی درانەپاڵە بەشێوەیەکی گشتی، پاشان دوای ئەوە رەخنەسازەکان هاتوون و بنەماکانی نیهادو بکەر و جێگری بکەر و ئیسمی کانەو دەستەخوشکەکانی و شێوەی ئەوانەیان دانا، بۆ زانینیش عەرەبەکانی سەرەتا لەم بنەما گرانانە شتێك تێنەدەگەیشتن.

٢-هەروەها عەرەب ژێر (کسرة)یان دەکردە نیشانە بۆ دانەپاڵ (إضافة)، جیاوازی نەبوو لەلایان لە نێوان ژێرداربوون بەپیت یان بە دانە پاڵ، ئەوان دەڵێن (کتاب لمحمد) بەڵکو ژێر لەلای ئەوان نیشانەی خستنە پاڵە، لەبەر ئەوەی لە (یائی بۆ گەرانەوە) دەچێت.

٣-هەروەها سەر (فتحە)یان دەخستە سەر کۆتایی هەموو وشەیەکی بێ ژێر (غیر مجرور) یان بۆردار، چونکە سەرجوڵەیەکی سوکی خۆشویستراو بوو لای عەرەب، وەك بێ جوڵە (سکون) وایە لەزمانی جلفەماندا، کەواتە ئەوان (مفعول بە) یان (مفعول المطلق) یان (مفعول لاجلە) یان (مفعول فیە) یان (مفعول معە) جگە لەوانیشیان

نەزانیوە، لەو بابەتە زۆرانەی رستەسازەکان خوڵقاندوویانە بۆ روونکردنەوەی ئەو شوێنانەی سەرداربوونی ناو پێویستە یان دروستە.

## خەملاندنی ئەم رایە:

باوەڕم وایە کە بیروڕاکەی مامۆستا مستەفا چاکترینی ئەوانەیە هاتوون بۆ هۆکار زانینی پێگەیشتنی شیکردنەوە لە زمانی عەرەبدا، بەدەربڕینێکی تر ئەم رایە دروستترە لەرای رستەسازە کۆنەکان و هەروەها رای دکتۆر ئەنیسیش.

بەڵام رای رستەسازەکان لە هیچ حاڵەتێکدا قبوڵ کردنی ئاسان نییە، چونکە ئێمە دەزانین کە نەخوێندەواری زاڵ بووە بەسەر عەرەبی نەفامیدا و ئەوان نووسینیان بە دەگمەن نەبێت بەکار نەدەهێنا، هەرچۆنێك سەلیقەی زمانەوانیان زاڵ بووبێ ئەوان نەیانتوانیوە زمانیان ملکەچی بنەما گرانەکان بکەن کە (سیبەوەیهی و تەفتەویهی و سەلمەویهی و ئیبن دوستوەیهی ...)و شێوەی ئەوانە هێنابوونی.

بەهەر حاڵ دەکرێ لەم مەسەلەیەدا بە ڕێچکەی مامۆستا مستەفادا بڕۆین و بڵێین کە عەرەبی نەفامی بە شێوەیەکی گشتی بۆریان کردبووە نیشانەی (ئیسناد) و ژێریش نیشانەی (اضافة) و پاشان سەریش بۆ ئەوانەی ت، ئەمەش مەسەلەیەکی ئاسانە و سەلیقە دەتوانێ لەسەری بڕوا و خووی پێوە بگرێ.

بەڵام ئەو رایەی دکتۆر ئەنیس کە عەرەب جوڵانە ئیعرابییەکانیان چۆن بۆ بکرایە بەکاردەهێنا رایەکی سەرنەکەوتووە، ئەوەی لە قورئان بکۆڵێتەوە دەبینێ کە جوڵەکانی ئیعراب تیایدا تا رادەیەکی دوور ملکەچی بنەماکانە، گرانە کە ئەو جوڵانە بە جوڵەیەکی هەرەمەکیانە بێت وەك دکتۆر ئەنیس باوەڕی وایە.

## قورئان و رستەسازی:

دکتۆر ئەنیس دەڵێت کە خوێندنەوە ناسراوەکانی قورئان چەندین پێچەوانکاری ئەو بنەمایانەی تیایە کە رستەسازەکان هێناویانە، بەڵام خوێندنەوە سەپێنراوەکانی

قورەیش کەمتر ئاوازی لەوانی تر تیایەو دیسان ئەویش خاڵی نییە لەهەڵەی رستەسازیانە، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەوانە:

١- ان هذان لساحران.

٢- ان الذين امنوا والذين هادوا والصائبون والنصاری.

٣- والمقيمين للصلاة والمؤتون الزكاة.

ئێمە ئینکاری پێچەوانەی رستەسازی لە قورئاندا ناکەین، بەڵام پێچەوانەکان کەمن بەرامبەر بەو ئایەتە زۆرانەی ملکەچی بنەماکانی شیکردنەوەن بەتەواوی. ئیتر بۆچی دکتۆر ئەنیس زۆرەکە لەبیر دەکات و باس لە کەمەکەیان دەکات؟ پاشان ئەوە راستە کە کەم بێگومان شازە و شازیش نابێتە پێوەر.

لێرەدا لایەنێکی تر لەم بارەیەوە هەیە کە پێویستە لای لێ بکەینەوە، ئێمە نابێ هەڵەی رستەسازیانە بدەینە پاڵ قورئان، بەڵکو دەبێت ئەو هەڵانە بدەینە پاڵ خودی رستەسازی، چونکە قورئان بە زمانی عەرەب هاتووەتە خوارەوە و نموونەیەکی جوانی زمانپاراویی عەرەب بووە، خۆ ئەگەر هەڵەی تیادا بووایە نەیارەکان لێی بێدەنگ نەدەبوون.

واتای ئەمەش ئەوەیە کە رەخنەسازە دواینەکان لە زمانی عەرەبدا بنەماگەلی ناراستیان دەرهێناوە بە شێوەیەك کە وامان لێ بکەن لە قورئاندا هەڵەی رستەسازیانە بدۆزینەوە، پێویست بوو کە بنەماکانی ئەوان هاوتای قورئان بووایە نەك قورئان هاوتای بنەماگەلی ئەوان بووایە، ئێمەش سەربەستیمان پێ دراوە لە نێوان بەدرۆخستنەوەی قورئان یان بەدرۆخستنەوەی نەحوییەکاندا.

## رستەسازی و شیعری نەفامی:

شیعر بێژەکان قسەیان دەربارەی هەڵەیەکی زۆری زمانەوانی لە شیعری نەفامیدا بۆ کردووین، بەدەگمەنیش نییە کە لە شیعری نەفامیدا بکەرێکی سەردار (منصوب) یان کارپێکراو (مفعول به) یێکی بۆردار (مرفوع) بدۆزینەوە، رستەسازەکانیش دانیان بەمەدا ناوە، بەڵام وتویانە ئەوانە ناکرێنە پێوەر.

ئیبن مالیک دەڵێ:

ورفع مفعول به لایلتبس ونصب فاعل اجز ولا تقس

واتە: رەفعی کارپێکراو سەرلێتێکدانی تیادا نییە، هەروەها نەسبی بکەریش دروستە بەڵام ناکرێتە پێوەر.

گومانم وایە ئەم ئاسانکارییە لە رێزمانی ئیعرابی عەرەبی نەفامیدا پشتگیری رایەکەی مامۆستا ئیبراهیم مستەفا دەکات، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئەو بنەما ئاڵۆزانەی لەم دواییەدا رستەسازەکان هێناویانە ناناسن، بەڵکو ئەوان لە جیاتی ئەوە دوای چەند بنەمایەکی سادە دەکەوتن و بەپێی سەلیقەی خۆیان پیادەیان دەکرد: سروشتی سەلیقەش وایە کە هەندێ جار پێچەوانەی بنەماکان دەوەستێتەوە ئەگەر لەسەر لێتێکنەچوون دڵنیا بوو.

هەر بۆیە قورئان ئەو ئایەتە پێوانانەی بنەماکانی ئیعرابی هێناوەو عەرەب رەتیان نەکردووەتەوە و بەهەڵەیان نەزانیوە، خۆ ئەگەر رەتکراوە بووایە قورەیش دەیانقۆستەوە بۆ خەوشدار کردنی موحەممەد و قورئانەکەی.

ئەتوانم شاعیرانی نەفامی بە شاعیرانی جلفەی رۆژانی ئەمرۆمان بچوێنم، دەبینین زۆرجار شاعیرە شەعبیەکان کاتێک پێچەوانەی رێزمانی عەرەبی دەوەستنەوە و کارئاسانی تیادا دەکەن بێ ئەوەی کەس رووبەرویان ببێتەوە، ئەگەر بوار برەخسایە بۆ ئەوانە کەسێك زمانەکەیانی تۆمار بکردایە و بنەماو تایبەتمەندیەکانی لێ دەربهێنایە پلەوپایەیان لە شەنفەری کەمتر نەدەبوو، بەڵام ئەمە بەختەکانە کە لە نێوان خەڵکدا جیاوازە، تیایاندا هەیە دەکرێتە پێشەنگ و رێزی لێ دەگیرێ، هەندێکیشیان پشتگوێ دەخرێ و لەبیر دەکرێ لە کاتێکدا ئەوان سەلیقە زمانەوانییەکەیان وەك یەکە.

***

"وتاری حەڤدەهەم"

# ئەرکی شیکردنەوە:

لە وتاری رابردوودا بینیمان کە شیکردنەوە لای عەرەبی نەفامی هەبووە، بەڵام سادکار بووە و لەسەر سەلیقە ڕۆیشتووە ودروست بووە، لێرەدا لەوانەیە پرسیارکەرێك بپرسێت: بەهەرحاڵ هۆکاری دەرکەوتنی ئیعراب لە زمانی عەرەبدا چی بووە؟

بۆ وەڵامی ئەمە پێویستە بزانین کە شیکردنەوە لە زۆربەی زمانە کۆنەکاندا هەبووە و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش پاشماوەی هەندێ شیکردنەوەیان لە زمانە سامیەکاندا دۆزیوەتەوە، یۆهاك فەك دەڵێ (عەرەبی پاراو لە دیاردەی مامەڵەی ئەعرابیەکاندا پارێزگاری لە تایبەتمەندییەك کردووە لە کۆنترین ئەو تایبەتمەندییە زمانەوانیانەی کە هەموو زمانە سامیەکان لە دەستیان دابوو پێش سەردەمی نەش و نما کردن و گەشانەوەی ئەدەبی خۆی..)

هەروەها شیکردنەوە لە زمانی لاتینی کۆندا هەبووە و بەردەوام هێشتا پاشماوەی دیارە لە هەندێ لە زمانە ئەوروپیەکاندا، بێگومان زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور دیاردەیەکی شیکارانەی نامۆی بەخۆوە گرتووە بە شێوەیەك کە لێرەخەڵك واتا ئیعرابییە جۆراوجۆرەکان بە جیاوازی پلەکانی دەنگ دەردەبڕن.

کەواتە زمانی عەرەبی بەتەنها لەناو زمانەکاندا داهێنەری ئیعراب نییە؛ بەڵکو ئەو بەوە لە تەواوی زمانەکانی تر جیا دەبێتەوە کە بەردەوام پابەندە بە ئیعرابەوە و تا

کۆتایی بۆی دەمارگیرە لە کاتێکدا کە زمانەکانی تر شیکردنەوەکانیان وردە وردە لەدەست دەدەن تا گەیشتوەتە ئەوەی زۆربەیان نزیک بە خاڵی بوونەوەن لە ئیعراب.

## رای دکتۆر زۆد:

زانای کۆمەڵناسی ناسراو دکتۆر زۆد دەڵێ کە ئیعراب عەقلیەتێکی سەرەتایی ساویلکانە وێنا دەکات، تا مرۆڤیش لە شارستانیەتەکەیدا پێش بکەوێت زیاتر بێ نیاز دەبێت لە شیکردنەوە لە زمانەکەیدا، بۆیە دەبینین ئاراستەی گۆران لە زمانە زیندوەکاندا وردە وردە لە شیکردنەوە دوور دەکەوێتەوە.

زۆد باوەڕی وایە کە ڕزگاربوونی زمانە تازەکان لە دیاردەی شیکردنەوە لە ڕووی گرنگییە شارستانییەکەیەوە لە دۆزینەوەی پیتە هیجائیەکان دەچێت، هەرچۆن بەکارهێنانی پیتە هیجائیەکان نوێنەرایەتی ڕێچکەی دەنگی دەکات لە نووسیندا، بەهەمان شێوە دەکرێ نەرمی لە پێکهێنانی ڕستەدا نوێنەرایەتی ئیعراب بکات.

## نەرمی لە پێکهێنانی رستەدا:

دکتۆر زۆد مەبەستی لە نەرمی چییە لە پێکهێنانی ڕستەدا؟ دیارە کە ئەو بەم دەربڕینەوە ئاماژە بۆ سیستەمی رستە دەکات، کە ئێستا زمانە تازەکان بەکاری دەهێنن، ئەوان دەڵێن (سمث ضرب جورج) سمس لە جۆرجی دا لەمەدا پێویستیان بە جوڵەکانی ئیعراب نییە بۆ ئەوەی بکەر و کارلێکراو لەیەک جیابکەنەوە کە جۆرج لێدراوەکەیە.

ئەم سیستەمەی رستەش ئەمڕۆ لای زانایانی زمانەکان بە سیستمی نەگۆڕ چەسپاو ناسراوە، ئەم سیستەمە نەرمە، بەڵام شل و تەواوە نیە، شارستانیەتەکان لەم سەردەمەماندا سوورن لەسەر شوێنکەوتنی ئەم سیستەمە چەسپاوە، لە کاتێکدا ئەوان گوێ نادەن بەوەی کار پێش بکەر بێت یاخود بکەر دوای تەواوکەر (مفعول بە).

ئەم سیستەمەش ڕیشەی خۆی لەو ڕۆحە زانستیەوە وەرگرتووە کە ئەمڕۆ بەسەر جیهانی نوێدا سەروەرە، چونکە مەبەست لە زمان لەم ڕۆژگارەدا ئەوەیە کە گوزارشت

لە بیروبۆچوونەکان بکات بە شێوەیەکی یەکسان لە دەربڕینەکان و لە دەرخستنی حەقیقەتە دابراوەکان بەبێ زیادەڕەوی تیایاندا.

بەڵام زمانە کۆنەکان پێچەوانەی ئەمەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری سۆزەوە تا رادەیەکی زۆر، ئەگەر ویستیان وەسفی رووداوێک بکەن بێ لایەن نابن لە هەواڵپێدانیدا، بۆیە دەبینین بەشەکانی ڕستە پاش و پێش دەخەن بۆ ئەوەی عاتیفەی خۆیان دەربخەن بەرامبەر بە مەدلولەکانی ئەوان، بۆ نموونە کارلێکراو پێش بکەر دەخەن ئەگەر لە دیدگای خۆیانەوە یان دیدی گوێگراندا بکەر کەم بایەخ تر بوو لە کارلێکراو.

ئەمەش لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەرکەوتنی ئیعراب بووە لە زمانە کۆنەکاندا تا ئەو کاتەی ئەوان یاری بە پێکهاتەکانی رستە بکەن بەو شێوەیەی عاتیفەی خۆیان دەیەوێت، بۆیە هەر دەبێت نیشانە دابنێن بۆ جیاکردنەوەی بکەر لە کارتیاکراو (مفعول بە).

## شیکردنەوەو نووسین:

ئەوەی شایانی ئامارە پێکردنە ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی نووسین لەناو خەڵکدا دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی ئیعراب (شیکردنەوە).

چونکە مرۆۆ کاتێک زارەکیانە وتەکانی دەردەبڕێ و پاڵ بە سۆزەکەیەوە دەنێ لەگەڵیدا زیاتر لەوەی نووسەر پاڵی پێوە دەنێ، نووسینیش بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ هەڵچوونی عاتیفیدا ناگونجێت، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەت لەکاتی دانانی کتێبدا بەراست دەردەکەوێت، پاشان نووسەری عاتیفی کەم دەخوێنێتەوە و زۆرجار لە روانگەی خەڵکەوە زبر دەردەکەوێت.

هەر بۆیە مامۆستا فەندریس لەمە تێگەیشت کاتێک بەراوردی کرد لە نێوان شێوازی نووسین و شێوازی ئاخاوتن لە زمانی فەرەنسی نوێدا، چونکە فەرەنسی وەها قسە ناکات کە دەنووسێت و هەروەها بەو شێوەیە نانوسێت کە قسە دەکات، تەنها

بەدەگمەن نەبێت لەهەموو حاڵەتێکیشدا جیاوازی هەیە لە لێکدانی وشەکان لەگەڵ جیاوازی لە موفرەدەکاندا.

دەتوانین لەمەوە ئەوە بەرهەم بهێنین کە ئەو نەتەوەیەی زۆر نووسین بەکاردەهێنێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا پێویستی بە شیکردنەوە کەمتر دەبێت، هەرکاتێکیش نەتەوە بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە، ئەوە دوای ئەوە دیاردەی ئیعراب لەناو زمانەکەیدا وردە وردە لەناو دەچێت.

## شیکردنەوەو عەرەب:

لەژێر تیشکی ئەوەی باسمان کرد دەتوانین لەو هۆکارە تێبگەین کەوای لە عەرەبی نەفامی کردووە کە لەهەموو کەس زیاتر لە قسەکردنیدا بایەخ بە ئیعراب بدات، چونکە ئەوان لەلایەکەوە لەهەموو کەس کەمتر نووسینیان بەکاردەهێنا، لەلایەکی ترەوە لەهەموو خەڵك زیاتر حەماسەت و عاتیفە پاڵنەریان بووە، ڕاستی ئەمەشمان لەو شیعرەدا بۆ ڕوون دەبێتەوە کە عەرەبی نەفامی بەشێوەیەکی سەیر تیایدا ماندوو بوو بوو، وەك لە وتاری پێشوودا وتمان، لێرەدا دەبینین شاعیری نەفامی ناتوانێت پارێزگاری لە سیستمێکی نەگۆڕاو بکات لە ڕستەدا، پێویستی شیعریی و سۆزی هەڵچوو پاڵی پێوە دەنێت بۆ یاریکردن بەسیستمی ڕستە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا. ئەو لەسەرەتای بەیتە شیعرییەکەوە کارلێکراو دەهێنێت و بکەریش لە کۆتاییەکەوە، پاشان لەنێوانیاندا ئەوەندەی دەیەوێ وشە کۆ دەکاتەوە.

واتای ئەمەش ئەوەیە کە شاعیر ناچارە جوڵەکانی ئیعراب بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێ لە نێوان بکەرو کارلێکراودا... ئەگەر ئەوەش نەبوایە مانا لای گوێگر تێکدەچوو، وە بە مەبەستەکەشی لێ ون دەبوو. وایش بیر دەکەمەوە کەشاعیری نەفامی بۆری کردووەتە جوڵانێکی کاریگەرانە چونکە بەلایەوە جوڵەیەکی ڕێزلێگیراوە. چونکە دەنگدانەوەیەك دەدات بەواتا، بەمەش جیاوازی هەیە لەگەڵ جوڵەی سەر (فتحە)ی سادەدا، دەتوانین لەم واتایەشەوە بڕوانینە بنیاتنانی کردارد بۆ بزر، لەم بنیاتنانەدا بۆرەکە دەخرێتە سەر سەرەتای کردار، بەمەش واتاکەی دەگۆڕین و ئەو ناوەی

بەدوایدا دێت دەبێتە شێوبکەر دوای ئەوەی تەواوکەر بووە.

### شیکردنەوەو مۆسیقا :

هەروەها شیعری نەفامی سوودێکی تری لە ئیعراب وەرگرتووە، لەگەڵ ئەو سوودانەی پێشتر ئاماژەمان پێداوە، ئەم سودەش لەجوڵاندنی کۆتایی وشەکانەوە دێ لەشیکردنەوەدا، بەمەش وشەکان پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن، پەیوەندییەکی مۆسیقایی جوان.

خوێنەر دەتوانێت بەپیتێك لەشیعر بەبێ شیکردنەوە تاقی بکاتەوە، ئەو کاتە دەبینێت کەشتێك لەئاوازە مۆسیقیەکەی لەدەست داوەو وەك کۆمەڵە وشەیەکی لەیەك دابڕاو وایە. لەراستیدا ئیعراب مۆرکی بەردەوامی و ئاوازدانەوە دەداتە بەیتە شیعرییەکەو جوانتری دەکات لەگوێدا لەو بەیتەی کە ئیعرابی تیادا نییە.

لەوانەیە هەر لەبەرئەوەبێت زمانی عەرەبی رقی لەنەجوڵانە (سکوت) تەنها لەوەستاندا نەبێت؛ خۆ ئەگەر کۆتایی وشە نەجوڵاو بوو لەکاتی تێپەڕیندا دەبێت ژێری پێ بدرێت بۆ ئەوەی بگات بەوشەکەی دواتری کەدێت. بەڵام زمانە نوێیەکان بەپێچەوانەی ئەمەوەیە و ئەوان چاکەی نەجوڵان ئەدەن بەسەر هەموو جوڵەکانی تردا، چونکە نەجوڵان جوان نییە بەڵام سادەو ئاسودەکارە، خەڵکیش لەم سەردەمەدا نایانەوێ کۆشش بەخۆیان بدەن بۆ شتێك سوودی نەبێت هەرچەندە جوانیش بێت.

### بانگەوازی وەستان ( سکون ) لە زمانی عەرەبیدا :

لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە هەندێ لەنووسەران دەستیان کرد بەبانگەواز بۆ هەڵگرتنی شیکردنەوە بەتەواوی بەوەستان و نەجوڵانی کۆتایی وشەکان قەرەبوو بکرێتەوە، لەروانگەی ئەوانەوە دەبێت زمانی عەرەبی بەو ڕێگایانەدا بڕوات کەزمانە زیندووەکانی پێش خۆی پیایدا رۆیشتوون، خۆ ئەگەر شیکردنەوە لەرۆژانی نەفامیدا سوودێکی هەبوو بێت ئەوا ئەمڕۆ ئەو سوودەی کەم بووەتەوە، یان ئەو خەریکە وای لێ دێ کەئێستا زیان بەزمان بگەیەنێت و سوودی نەبێت.

بەرامبەر بەم بانگەوازەش کۆمەڵێکی تر لەنووسەران هەستانەوە شیکردنەوەیان بۆ زمانی عەرەبی بەپێویست داناو وا دەبینن لە لابردنی کە بەفیڕۆدانی بەشێکی گەورە لەکەلەپوری گرانبەهامانە، لەوانەی کەنوێنەرایەتی ئەم بیرورایە دەکەن مامۆستا عەباس حەسەنەو لەمامۆستایانی خانەی زانستەکانی قاهیرەیە، کەلەم دواییەدا لەیەکێك لەگۆڤارە میسرییەکاندا وتارێکی نووسیوەو نارەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر بەبیروڕای نەجولاَن (تسكين) و باس لەو گرفتانە دەکات دێتە ڕێگای ئەم بیروڕایەی تەسکین.

ئەمەش هەندێك لەو گرفتانەیە بۆ خوێنەر کە مامۆستا حەسەن هێناویەتی:

١- ئەگەر پابەندبورین بەتەسکینی کۆتایی وشەکانەوە، دەبێ چی دابنێین بۆ شیعری عەرەبی کەهەمووی لەسەر کێش و مۆسیقا راوەستاوە کەبنچینەکەیان جولآنی هەندێ پیت و نەجولآنی هەندێکی تریانە، خۆ ئەگەر نەجولاویکمان جولآندو جولاویکمان وەستاند کێشەکە تێك دەچێت و بەیتەکە دەڕوخێت، وشیعرەکە نابێتە شیعری عەرەبی.

٢-وەئایا چی دابنێین لەکۆتایی ئەو وشانەی کەبەجولآنە شیکارییەکان ئیعراب ناکرێن، بەڵکو بەپیتگەلێك شیتەڵ دەکرێن، وەك پێنج ناوەکە (الأسماء الخمسة)و پێنج کردارەکە (الأفعال الخمسة)و دوانەیی (مثنى)و کۆی دروستی نێرینە (جمع مذكر سالم)و پاشەکییەکانی لەهەموو ئەوانەی کۆتاییەکانیان تەسکین ناکرێت، چەندە زۆریشن لەزمانی عەرەبیدا.

٣-چی بکەین بەو وشانەی کەپێش کۆتاییەکەیان (حەرفی عیلەیە) کەدەبێت لابرێن ئەگەر ئەوی تر ساکین و بێ جووڵە بوو، هەروەها بەدوای ئەو لادانەدا؛ لادانێکی تر دێت یان گۆڕانکاری لەهەندێ لەپیتە دواییەکانی تر بەو شێوەیەی بنەماکانی عیللەو گۆڕین و بنەماکانی تری رستەسازی و وشەسازی دەیەوێت.

٤- هەروەها چی بکەین بەو وشانەی کە لەکۆتایی وشەکانەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەگۆڕێت بەگۆڕانێکی حەتمی بەپێی جۆراوجۆری شێوازەکان و جیاوازییەکان، وەك ئەوەی دەکرێ لەکاتی بونیادی کرداری بۆ بزردا، وەك ئەوەش

روودەدات لەکاتی بۆردانان بۆ سەرەتای کرداری رانەبردوو ئەگەر رابردووەکەی چواری بوو بێت، هەروەها سەر (فەتحە) دانان بۆ ئەوانی تر.

٥- وەئایا چی بکەین لە پێشخستنی تەواوکەری دواخراو بۆ ئەوەی پێشخستنەکەی بەڵگە بێ لەسەر گەیاندنی دیاریکردن و زیادەرەوی، لەنموونەی (محمداً اکرم علی)، پاشان لەکاتی ئەو تەسکینە بانگ بۆ کراوەدا دەبێتە (محمد اکرم علی)، ئیتر نازانین کامەیە بکەرو تەواوکەر، هەروەها نازانین لەسەر رووی ئەوەی لەشێوازەکەدا هەیە لە نووسینەکەدا لێتێکچوونی بانگکردن و فرمان- ئایا لە ئاخاوتنەکەدا کورتکردنەوە هەیە یاخود نییە؟ هەروەها وەك تەواوکەرو هی تر لەوانەی کورتکردنەوەی رەوانبێژی تیا دەکرێت، هەروەها بێ کورتکردنەوەش لەبنەماکانی رەوانبێژی عەرەبی لەبەردەم ئەم پێشنیارەدا کەداوای رەوانبێژییەکی تازە دەکات تا ببێتە رەوانبێژی عەرەبی، شکست دەهێنێت.

مامۆستا عەباس حەسەن دەڵێ: "ئەمە هەندێ لەو کێشانەیە، ئێمەش بۆ خاوەنی بیرو رای (تەسکین)مان دەویست کە هۆکارەکانی دەستەمۆکردنیمان بۆ بخەنە روو، هەروەها رووەکانی زاڵ بوون بەسەریدا، بەڵام ئەوەیان نەکرد لەبەرهۆیەکی نەویستراو مەسەلەکەیان لێ بزر بوو؟ یان بۆ چارەسەرکردنی دەستەوەستان مانەوە؟ یاخود رازی بوون بەوەرگرتنی بیروراکەیان و پیادەکردنی؟ یان رێنموونی کران بۆی و گوێیان پێ نەدا...".

مامۆستا کۆتایی بەم گفتوگۆیە دەهێنێ بەوتەی " گەماڕۆدانی حوکمەکانی شیکردنەوە خاڵیٔ نییە لەنارەحەتی، هەروەها گرنگی دانی تەواو بەبنەماکانی تارادەیەك گرانە، بەڵام ئایا زمانی عەرەبی بۆ ئەوە یەکلا بووەتەوە؟ ئایا لەم نارەحەتییەدا زمانە کۆنەکانی ترو زمانە ئەورووپییە نوێیەکانی وەك فەرەنسی و ئەڵمانی کە زمانی ئیعرابکراون بەشدارییان لەگەڵدا کردووە؟ وەئایا بۆچی کەسێك هەوڵ دەدات ببێتە ئەدیب یان زانا یان نووسەر یان دانەر... بەبێ ئەوەی هەوڵی پێویست بدەن بۆ گەیاندنیان بەوەی دەیانەوێت و باجی بۆ بدەن؟ وەئایا پلەوپایەی خەڵك و پێگەیان جیاواز دەبن بەبێ هەوڵ و بەخشین و فیداکاری؟ وەئایا کام شتی

گرانیەها لەژیاندا بەبێ نارەحەتی دەست دەکەوێت؟"

## بیروڕای من لەم بابەتەدا:

بڕوام وایە کە ئەو کێشانەی مامۆستا عەباس حەسەن باسی کردوون دەربارەی نەجولاو (تەسکین)، کۆمەڵە کێشەیەکی شایستە بەگرنگین، کەواتە چاکیش نییە پەلە بکەین لەهەڵگرتنی ئیعراب پێش ئەوەی لەو گرفتانە بڕوانین کەلێیەوە دروست دەبێت. بەڵام ئەوەی کە ئەمەوێ سەرنجی مامۆستای بەلاوە رابکێشم ئەوەیە کە ئەو کێشەو گرفتانەی لەئەنجامی مانەوەی ئیعرابدا دروست دەبێت دیسان شایستەیە بەگرنگی پێدان. ئەرکی سەرشانمان ئەوە پێویست دەکات لەسەرمان کە بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەوەو کێشەکانی تەسکیندا بۆ ئەوەی بزانین کامیان زیان بەنەتەوە دەگەیەنێت لە ژیانی تازەیدا.

ڕایەکەی مامۆستا حەسەن بیروڕای ئەوانەم بیر دەخاتەوە کەنارەزاییان بەرامبەر بەسفوری ئافرەت دەردەبڕی‌و داوای پارێزگاری لە پۆشاکە کونەکەیان دەکرد، لەکاتێکدا ئەوان ئەو کێشە گەورانەیان لەبیر دەچوو کەحیجاب دروستی دەکرد، هەروەها ئەگەر ئەوان بەویژدان دەبوون زیانەکانی سفوریان کەمتر لەزیانەکانی حیجاب دەبینییەوە بەهەر شێوەیەك بێت.

دەتوانین هەمان شت بڵێین لەبانگەوازی نوێمان بۆ هەڵگرتنی شیکردنەوە، وە بۆ هەر بانگەوازێکی تر بۆ چاکسازی زمانەوانی یان ئایینی یان سیاسی، چونکە لەدەرەنجامەکانی هەربانگەوازێکی چاکسازیانە بێگومان زۆرێك لەزیان‌و کێشە بەرهەم دەهێنێت، هەرگیز ناکرێ بانگەوازێکی نوێ و تەواو ببێ بێ ئەوەی هیچ شتێك لەکەلەپووری کۆمەڵایەتی‌و فیکری بڕوخێنرێ، لەوەشدا ئەو زیانانە هەیە کە تیایدایە، لەپەندە کۆنەکانیشدا وتراوە: "ولا بردون الشهر إبر النحل".

## نارەحەتی شیکردنەوە:

مامۆستا حەسەن دان بەو نارەحەتییەدا دەنێت کەلەئەنجامی دەورەدانی حوکمەکانی شیکردنەوەو بنەماکانی لەزمانی عەرەبیدا دروست دەبێت، بەڵام باجی هەڵکەوتن لەئەدەب و نووسیندا، هەروەها بەرای ئەو نارەحەتی پلەو پایەی خەڵك و پێگەیان لەیەکتر جیا دەکاتەوە، هەر شتێکی گرانبەهایش لە ژیاندا بەبێ نارەحەتی و کۆشش و فیداکاری بەدەست نایەت؟

ئەم بیرو رایەش وا گومان نابەم زانایانی دەروونناسی لەسەری پێك بێن، زۆر جاریش مرۆڤ دووچاری گرێیەکی دەروونی دەبێت و وای لێ دەکات کۆششێکی گەورە بەبێ سوود سەرف بکات، ئەو بۆ خۆی کێشەیەکی نادروست دروست دەکات و بەردەوام بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێت بەبێ ئەوی تیایدا بگاتە ئاکامێك، ئەو وەك ئەو سیسرکە ئاڵۆزکاوە بەخورییەکەوە کە بەبێ سوود هەوڵی دەرباز بوون دەدات. راستە کە کۆششکردن لە پێویستیەکانی هەڵکەوتنە، بەڵام کۆشش کردن پێویستە بۆ ئامانجێکی روون و رێچکەیەکی دیاریکراو بێت، بەڵام ئەگەر لەجۆری ئەو هەوڵە سیسرکیە بێت، دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هەڵکەوتندا، بەهەرحاڵ ئەوەی باوەڕم پێیەتی ئەوەیە کە خۆ هیلاك کردنی ئەدیبانی عەرەب بە بنەما قورسەکانی شیکردنەوەو هەروەها لە زیادەرەوی تیایدا لەهۆکارەکانی ئەم لاوازییەیە کە لەئەدەبی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی بەدی دەکەین.

ئەوەیش کەزانراوە دەربارەی نەتەوەی عەرەبی ئەوەیە کەلەنەتەوەکانی تری سەر زەوی زیاتر شەیدایە بەئەدەب و خۆی پێوە خەریك کردووە، بەڵام دەبینین لەروویەکی ترەوە لەنەتەوەکانی تر کەمتر خاوەنی شاکارە ئەدەبییە نەمرەکانە. دەی هۆکارەکەی چییە؟ ئایا دروست نییە هیلاك بوون بەشیکردنەوەو خۆ هەڵکێشانی زارەکی هۆکاری ئەوەبێت؟

***

"وتاری هەژدەیەم"

# دانەری رستەسازیی عەرەبی

کاتێك پرۆسەکانی فەتحی ئیسلامی فراوان بوون و عەرەب تێکەڵ بەعەجەم بوون، سەلیقەی عەرەبی وردە وردە دەستی کرد بەخراپ بوون و هەڵە تیایدا بڵاو بوویەوە. وەلێرەدا ئەو پێویستییە بەدەرکەوت بۆ دانانی بنەما گەلێك کەزمان لەهەڵە بپارێزێت، کەواتە کێ یەکەم دانەری بنەماکانی رستەسازی عەرەبییە؟

لێرەدا گێرانەوەیەکی مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی کەیەکەم کەسێك بایەخی بەدانانی رستەسازی داوە ئیمامی عەلی کوری ئەبی تالیب بووە، ئەم گێرانەوەیەش بڵاوبووەتەوە لە نێو خەڵکدا تائەوەی لەروانگەی زۆرێکەوە بووەتە حەقیقەتێکی مێژوویی کە دروست نییە گومانی تیا ببرێت. پێ دەچێ بۆ بڵاوبونەوەی ئەم گێرانەوەیە دوو هۆکار هەبێت: ئەویش لەلایەکەوە دەبێتە مایەی بەرزبونەوەی پێگەی رستەسازی لەناو زانستەکانی تردا، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی ئیمامی عەلی لەناو ئیمامەکانی تردا.

ئەم دیاردەیەش تێبینی دەکەین لەغەیری رستەسازیدا، لەزانستەکان و کاروبارە ئایینی و دنیاییەکاندا، راویەکان دانانی زانستی کەلام و فیقهو سۆفیگەری و لاوێتی و وەرزشکاری داوەتە پاڵ عەلی کوری ئەبی تالیب، هەروەها دوو دڵ نەبوون لەوەی زانستی گەردووناسی و پزیشکی و توێژەکانی زەویشی بدەنە پاڵ، رۆژێکیان گوێم لە خەتیبێك بوو دەیووت: "سەیر بۆ گەمژەیی خەڵکی کوفە، کاتێك گوێیان لەعەلی بوو تکای لێ دەکردن، پرسیارم لێ بکەن پێش ئەوەی لەدەستم بدەن، پاشان پرسیاری

نهێنییەکانی ئەتۆمیان لێ ئەکرد، بۆ ئەوەی پێشی نەتەوەکانی تر بکەون لە دۆزینەوەیدا".

لەروانگەی منیشەوە عەلی کوری ئەبی تالیب زۆر لەوە بەرێزترە بۆ بالأبوونی پێگەی لەناو خەڵکدا پێویستی بەم جۆرە مەسەلانەبێ، چونکە ئەو سەرکردەی شۆڕشێکی کۆمەلأیەتی و ئایینی گەورە بوو، ئێمەش خراپە بەرامبەر پێگەی ئەو پیاوە دەکەین کاتێگ کۆمەڵە مەسەلەیەك دەدەینە پاڵی کە پەیوەندی بەو ئامانجانەوە نییە کەئەو هەوڵی بۆ داوەو هیچ سوودێکیشی بۆ شۆڕشە گەورەکەی نییە.

مامۆستا عەبدولکەریم دوجەیلی دەڵێ: بێگومان عەلی کوری ئەبی تالیب وەك دانەرو وانەبێژ نەهاتە بەسرە، بەڵکو وەك جەنگاوەرو خاوەن ئەیار هاتە ئەوێ، هەروەها رەتکردنەوەو بروانەبوون بەو گێڕانەوانەی دەڵێن علی دانەری رستە سازییە خەوشداری ناکات و هیچ لەبەهای کەم ناکاتەوە.

## دانەری راستەقینە:

گومان وایە کە (ئەبا ئەسوەدی دوئەلی) کاری کردووە لەسەر دانانی رستەسازی، ئەمەشی دوای کوژرانی عەلی کوری ئەبی تالیب ئەنجام داوە، لەکاتی ولایەتی زیاد بەسەر بەسرەوە، دیارە زیادیش دانانی رستەسازی پێ سپاردووەو یارمەتی داوە، دەکرێ بگوترێ کە ئەبا ئەسوەد حەزی نەکردووە مەسەلەی زیادی لەسەر بلأو بێتەوە بۆ دانانی رستەسازی، بۆیە مەسەلەکەی داوەتە پاڵ عەلی، ئەمەش نامۆ نییە بۆ ئەبی ئەسوەدو هەر مرۆڤێکی تر کەبەهانە بێنێتەوە بۆ کارێك کەیەکێك لەستەمکاران پێی سپاردبێت.

ئەوەی زانراوە دەربارەی ئەبی ئەسوەد ئەویە کە ئەو هەلپەرست و لەخوازیارانی دنیا بووە، ئەو یەکەم جار لە هاورێیانی عەلی و کۆمەڵەکەی بووە، کاتێکیش عەلی کوژراو مەسەلەکە بۆ مەعاویە مایەوە، ئەبو ئەسوەد هاتە لای و مەعاویەش رێزی لێ گرت و پاداشتەکەی گەورەکردو پاشان کردی بەوالی بەسەر بەسرەوە، ئەبو ئەسوەد لەدەسەلأتەکەی مەعاویەو زیاددا رۆژگارێکی درێژ خزمەتی کرد، لەو کاتەشدا کەزیاد

راوەدوونانی شیعەی دەکردو دەستو قاچەکانی دەبڕین و بەسەر لقی دارخورماکاندا لەخاچی دەدان، ئەبو ئەسوەد خاوەن بەختی خۆی بوو لای زیاد، بەفرمانی ئەو کاری دەکردو سەرپەرشتی پەروەردەی منداڵەکانی دەکرد.

دیارە کەئەبو ئەسوەد لەشێوەی شیعەی ئەم رۆژگارەمان وا بووە، کەبەرەوتی ستەمکاراندا دەڕۆن، پاشان دوای ئەوە شەرم ناکەن کەدەڵێن ئەوان عەلی کوری ئەبی تالیبیان خۆش دەوێت.

قەفەتی لەئەبو ئەسوەدەوە دەگێڕێتەوە کەوتوویەتی: کەس زاڵ نەبووە بەسەرمدا تەنها پیاوێك نەبێت کراسێکم بە بیست لێ کڕی، پاشان بەلای کۆمەڵێکدا رۆیشتم دەربارەی پرسیاریان لێ کردم منیش وتم: "بەچل وەرم گرتووە"، کاتێك پارەکەم دایە کابرا، وتی: " بەچل کڕیویەتی و ئەمانەش شایەتن لەسەرت"، ئەگەر ئەم گێرانەوەیەش راست بێت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوڕێکەمان لەو زیرەکانە بووە بێباکن لەدرۆ لەپێناوی ئەوەی دەیانەوێت. وەلەوانەیە لەو کەسانە بێت کەلەگەڵ رۆژگاردا دەڕۆن بۆ کوێ بڕواتو لەسەر هەموو پەتێك یاری دەکەن.

## بۆچی رستەسازی دانرا:

مێـژوو نووسـان گێرانـەوەی زۆریـان هەیـە لەسـەر ئـەو هۆکـارەی پـاڵی بـە ئەبوئەسوەدەوە ناوە بۆ دانانی رستەسازی، مامۆستا عەبدولکەریم دوجەیلی ئەم گێرانەوانەی کۆکردووەتەوە لەکتێبەکەیدا "دیوانی ئەبو ئەسوەدی دوئەلی" ئەمەش کورتەی ئەو گێرانەوانەیە بۆ خوێنەر:

١- عومەری کوری خەتاب گوێی لە خوێنەرێکەوە دەبێ قورئان دەخوێنێتەوەو هەڵەی تیادا دەکات، هەڵەیەك سەر بۆ بێبڕوایی بکێشێت، عومەر لەمە بێزار بوو، وەفەرمانی بەئەبوئەسوەد دا کەرستەسازی دابنێت.

٢- لەسەردەمی عوسماندا ژنێك رۆیشت بۆ لای مەعاویەو لەقسەکانیدا هەڵەی رێزمانی دەکرد، مەعاویە ئەمەی بەناشرین داناو ئەمەش گەیشت بە عەلی کوری ئەبی تالیب، پاشان نەخشەی هەندێ بنەمای رستەسازی بۆ ئەبو ئەسوەد کێشا.

٣- ئەبو ئەسوەد لەعەلی کوڕی ئەبی تالیب چوویە ژوورەوە، بینی سەرقاڵی بیرکردنەوەیە، ئەبو ئەسوەد دەربارەی هۆی بیرکردنەوەکەی پلرسیاری لێکرد، عەلی وتی: هەڵەی ڕێزمانیم لە وڵاتەکەتان بیستووەو دەمویست کتێبێك لەسەر بنەماکانی عەرەبی دابنێم..".

٤-کەعەلی بەئەبوئەسوەدی وتووە: گەندەڵیم لەقسەی هەندێ لەکەس و کارەکەمدا بینیوەو حەزم کرد چەند نیشانەیەك وێنە بکێشم کەڕاست لەهەڵە جیا ببێتەوە، پاشان ئەبو ئەسوەد ڕستەسازی لەعەلی وەرگرت...

٥-گوایە عەلی بەئەبوئەسوەدی وتووە: من لەقسەی عەرەب تێڕامانم کردووەو دەبینم تووشی گەندەڵی بووە بەهۆی تێکەڵبوونیان بەو سوورانەوە (واتە عەجەمەکان) ویستم شتێك دابنێم بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێنەوە.

٦ - عەلی گوێی لەئەعرابییەك (عەرەبی دەشتەکی) بووە قورئان دەخوێنێتەوەو هەڵە دەکات لەهەندێ ئایەتدا، ئەمەش پاڵی پێوەنا بۆ دانانی ڕستەسازی.

٧ - کە پیاوێکی فارسی موسڵمان بووەو پاشان هەڵەی زمانەوانی لەقسەکانیدا کردووەو هەندێ لەئامادەبووان پێی پێکەنیون، ئەبو ئەسوەدیش ئامادەبووەو وتوویەتی: "ئەم غەیرە عەرەبانە ئارەزوومەندا هاتوونەتە ناو ئیسلامەوەو بوونەتە برای ئێمە ئەگەر فێری قسەیان بکەین باشترە".

٨ - کەئەبوئەسوەد بەئیبن عەباسی وتووە::من دەبینم زمانی عەرەب گەندەڵ (خراپ) بووە، ویستم شتێکیان بۆ دابنێم زمانەکەیانی پێ ڕاست بکەنەوە"، ئیبن عەباسیش لەوەدا پشتگیری کرد.

٩- ئەبوئەسوەد گوێی لەکچەکەی بوو لەقسەکردندا هەڵەی دەکرد بەشێوەیەك لێی تێنەدەگەیشت، ئەمەش پاڵی پێوەنا بۆ دانانی کتێبی ڕستەسازی.

١٠ - ئەبوئەسوەد بەزیبادی وتووە: خوا بەچاکی بگێڕێ بۆ ئەمیر، من دەبینم عەرەب تێکەڵاوی ئەم عەجەمانە بووەو زمانەکەیان گۆڕاوە، ئایا مۆڵەتم پێ دەدەی شتێك بۆ عەرەب دابنێم قسەکانیانی پێ بناسنەوە یان پێ ڕاست بکەنەوە، زیاد ئەمەی ڕەت کردەوە، پاشان ڕەزامەندی لەسەردا کاتێك گوێی لەسکاڵای پیاوێك بوو

لەمەسەلەی میراتیداو هەڵەی ڕێزمانی دەکرد لەقسەکانیدا.

١١ – زییاد بەئەبی ئەسوەدی وتووە: کەکوڕەکانم لەخوێندنەوەی قورئاندا هەڵەی زمانەوانی دەکات ئەگەر چەند نیشانەیەکیان بۆ وێنا بکەیت، ئەبوئەسوەدیش ڕێزمانی عەرەبیی دانا.

١٢ – زیاد ناردی بەدوای ئەبوئەسوەدو پێی وت: "ئەی ئەبوئەسوەد ئەم سوورانە (عەجەم) زیادیان کردووەو زمانی عەرەبیان خراپ کردووە، ئەگەر شتێکت بۆ دابنایەن بۆ ئەوەی زمانەکەیانی پێ ڕاست بکەنەوە، ئەبو ئەسوەدیش ڕەتی کردەوە، بەڵام زیاد فرمانی دا بەپیاوێك کەلەسەر ڕێگای ئەبو ئەسوەد دابنیشێت و بەئەنقەست قورئان بەهەڵە بخوێنێتەوە، کاتێك ئەبو ئەسوەد ئەمەی بوو بەهاندەری و گەڕایەوە بۆ لای زیادو پێی وت: "تۆ ئەی فلان، ئەوا وەڵامی داواکەتم دایەوە"....

## ڕەخنەگرتن لەم گێڕانەوانە:

وا بیر دەکەمەوە کە زۆربەی گێڕانەوەکان، ئەگەر هەموویشی نەبێت، یەك سەرچاوەیان هەیە، ئەویش ئەبو ئەسوەدی دەوئەلیە. دیارە خەڵك پرسیاریان لەئەبوئەسوەد کردووە لەهۆکاری خەریکبوونەکەی بەدانانی ڕستەسازییەوە، ئەویش وەڵامی داونەتەوە چۆنیان بۆ چاك بووایە، وەلەوانەیە سەیری پرسیارەکەی کردبێت، ئەگەر شیعی بووایە پێی دەوت عەلی فەرمانی دانانی ڕستەسازی پێ کردووە، ئەگەر بیزانیبایە شیعی نییە دەیدایە پاڵ عومەر یان مەعاویە یان زیاد یان ئیبن عەباس، جێگاکە چی بخواستایە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکەی دەرەکی ببینیایەتەوە وەڵامی دەدایەوە کەخۆی لەخۆیەوە ڕستەسازی داناوە بۆ ئەوەی قورئان لەهەڵەی زمانەوانی ڕزگار بکات. بەهەرحاڵ خوا لەپشتی مەبەستەکانەوەیە.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەم گێڕانەوانەدا ئەوەیە کەئەبوئەسوەدی تیادا بدۆزینەوە پاڵ بەخۆیەوە دەنێت بێ دوو دڵی بۆ دانانی ڕستەسازی کاتێك عەلی کوری ئەبی تالیب فرمانی پێ دەکات، بەڵام دەبینین دوو دڵە کاتێك زیاد فرمانی پێ دەکات، منیش خەریکە نهێنییەکی شاراوە دەبینم لەپشتی ئەوەوە، ئەویش ئەوەیە کە زیاد

هاندەری یەکەمی ئەبوئەسوەد بووە بۆ دانانی رستەسازی، بەڵام ئەبوئەسوەد شەرمی دەکرد لەباسکردنی ئەوە، بۆیە هەوڵی داوە بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان بێت بیشارێتەوە.

## زیادی کوری باوکی:

لەوانەیە لێرەدا کەسێك بپرسێت بڵێ: ئایا بەرژەوەندی زیاد لەدانانی رستەسازیدا چییە؟ وەبۆچی زیاد بێ لەبەندەکانی تری خوا پەیوەندیدارتر بوو بەوەوە؟

خوێنەر دەتوانێت وەڵامی ئەمە بداتەوە ئەگەر ژیاننامەی زیاد بخوێنێتەوە، ئەوەی زانراوە دەربارەی ئەم پیاوە ئەوەیە کە دایکی دەستدرێژکار بووەو عەرەبیش ئەویان پێ عەیبدار کردووە، ئەمەش رێگری لێ کرد کە ئافرەتێکی عەرەبی گونجاو لەگەڵ پلەو پایەکەیدا بکاتە هاوسەری خۆی، بۆیە ناچار بوو کەنیزەکێکی مەجوسی لەدیلەکان بەناوی مەرجانە بکاتە هاوسەر، لەو ژنە خوا چەند منداڵێکی پێ دا کەگەورەکەیان عوبەیدوڵا بوو، کەهەندێ جار بەکوری مەرجانە شۆرەتی پێ دەدرا.

دەڵێن زیاد بەهۆی ئەمەوە تووشی کێشەیەك بوو بوو خەوی نەهێڵابوو، لەبەرئەوەی منداڵەکانی لەگەڵ دایکیاندا لەناو ژنە دیلەکاندا پێگەیشتوون کەهەڵەی زۆر پەسەند نەکراوی زمانەوانی دەکەن، شایانی باسیشە کەعەرەب لەو رۆژگارەدا هەڵەی زمانەوانییان بەعەیبە دەزانی بۆ وەچاخزادەکان و دەبوویە بەڵگە بۆ سوکنەژادییان.

ئەوەی لەم بارەیەوە دەگێڕرێتەوە ئەوەیە کە زیاد عوبەیدوڵای کوری ناردووە بۆ لای مەعاویە، کاتێك مەعاویە بینویەتی نامەیەکی بۆ زیاد نووسیوەو تیایدا وتوویەتی: "کورەکەت هەروەهایە کە وەسفت کردووە، بەڵام زمانی راست بکەرەوە"

بەلای ئێمەشەوە گرانە رادەی ئەو ئازارە وێنا بکەین کە زیاد لە ئاکامی خوێندنەوەی نامەکەی مەعاویەوە پێی گەیشتووە، چونکە زیاد دەگاتەوە بەنەژادی ئەبوسفیان و بووەتە برای مەعاویە، بۆیە هەر دەبێت ئازاری پێ بگات کاتێك منداڵەکانی دەبینێت ناتوانن بگەنەوە پێی لە نەژادە نوێیەکەیدا، ئەو دەیەوێت ببێتە

یەکێك پیاوماقوڵەکانی عەرەب لەکاتێکدا کە کورەکانی لەقسەکانیدا وەك مەوالییەکان هەڵە دەکەن.

## چارەسەر چییە؟

یـەکێك لەگێرانـەوەکان ئاماژەیـەکی کـورت بـەوە دەدەن کـە زیـاد سـکاڵای لای ئەبوئەسـوەد کـردووە لـەو هەڵانـە لەقسـەی کورەکانیـدا هەیـە. داوای لێ کـردووە نیشانەیەك دابنێت پشتی پێ ببەستن بۆ راستکردنەوەی زمانەکەیان، سەیر لەوەدایە کە مێژوونووسەکان بەلای ئەم گێرانەوەیەدا دەڕۆن، رۆیشتنێکی بەرێزانە بەبێ هیچ گرنگی پێ دانێك، ئەوەی من لەم گێرانەوەیەدا دەیبینم لەگەڵ کورتییەکەی و کەمی بایەخپێدانی مێژوونووسانیشدا؛ ئەوەیە کەئەمە خانەی مەبەستەکەیە، لەودا هۆکاری سەرەکی دانانی رستەسازی عەرەبی خۆی حەشار داوە.

بێگومـان توێـژەر سـەری سـوڕ دەمێنـێ کاتێـك ئەبوئەسوەد دەبینێـت خەریکـە بەدانانی رستەسازییەوە، لەو رۆژگـارە زووەدا، بـۆ زانینـیش کەلـەو کاتـەدا کۆمەڵـە زانستێکی تر هەبووە کە پێویستی بەکەسێك هەبووە بنەماکانی بۆ دابنێت و ئەوەش بۆ خەڵك بەکەڵك تر بووە لەزانستی رستەسازی. لەوانەیە زیادەرەوی نەکەم بڵێم ئەگەر مەرجانەو کورانی مەرجانە نەبوایـە موسڵمانان خـەریك نـەدەبوون بەدانانی زانستی رستەسازییەوە پێش زانستەکانی تر.

## چۆن رستەسازی دانرا؟

مێژوو نووسان رای جیاوازیـان هەیـە لەسـەر چۆنیەتی دانانی رستەسازی لەلایـەن ئەبوئەسوەدەوە. کۆنەکان تیایانـدا بـاوەری وایـە کـە ئـەو بنـەماکانی رستەسـازی بـەم شێوە ناسراوەی ئێستای داناوە، ئیبن سەلام لەکتێبەکەی چینەکانی شاعیران (طبقات الشعراء)دا دەڵێت: "ئەبوئەسـوەد بەشـەکانی بکـەرو تەواوکـەرو دانـەپاڵ و پیتـەکانی جەڕو رەفع و نەسب و جەزمی داناوە"

بەڵام توێژەرە تازەکان وای دەبینن کە ئەبوئەسوەد جگـە لـە نوختـەدانان بۆ قورئان

شتێکی تری نەکردووە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی لەهەڵە لەخوێندنەوەیدا لابدات. بەرای ئەوانە ئەو سەردەمەی ئەبوئەسوەدی تیا ژیاوە سەردەمی تۆمارکردن و پۆلێنی زانستی نەبووە، هەروەها لەتوانای ئەبوئەسوەدیشدا نەبووە کەبەشەکان یان بنەما رستەسازییەکان بەجارێك دابنێت بەپێچەوانەی ئەوەی سروشتی گۆڕان دەیخوازێ.

بەلای منەوە هەردوو رایەکە تا رادەیەك راستن، ئەتوانم بڵێم کە ئەبوئەسوەد یەکەم جار دەستی بەدانانی حەرەکات (جوڵە) کرد بۆ وشەکانی قورئان وەك ئەوەی سەلیقەی عەرەبی دەیەوێت، پاشان ئەمەش رایکێشا بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی ئیعرابدا، چونکە خەڵك لێی دەپرسێ ئەم وشەیە بۆچی بۆردارەو ئەویتر بۆچی سەری هەیە، وەهەر دەبێت وەڵام بداتەوەو مشت و مڕ نەکات، هەروەها ئەو بەمەش بەرەو دۆزینەوەی هەندێ بنەمای رستەسازی دەروات بیەوێت یان نەیەوێت.

## نوختە دانان بۆ قورئان:

ئەوەی شایانی باسە قورئان پێشتر بەبێ نوختەو جوڵە دەنووسرایەوە لەبەرئەوەش خەڵکی هەندێ جار لەخوێندنەوەیدا هەڵەیان دەکرد، زیادیش ئەمەی گەورە کرد بەتایبەتی کاتێك کورەکانی خۆی بینی لەهەموو خەڵك زیاتر هەڵە دەکەن. بۆیە داوای کرد لەئەبوئەسوەد بەشێوەیەك لەشێوەکان چارەسەری ئەو بکات.

دەگێرنەوە ئەبوئەسوەد داوای لە زیاد کردووە سی پیاوی کارامە لەخوێندنەوەو نووسینی بۆ بنێرێت، ئەبوئەسوەد لەناویاندا پیاوێکی هەڵبژارد کەلەوانەیە کارامەترین و زیرەکترینیان بێت. ەبوئەسوەد مرە کەبێکی سووری بۆ هێناو پێی وت: "کاتێك دەمم ئەکەمەوە بەپیتەکە ئەوا نوختەیەك بەسەریەوە دابنێ، وەئەگەر بۆردارم کرد نوختەکە بخە نێوەندی پیتەکە، وە ئەگەر ژێردارم کرد نوختەکە بخە ژێری".

بەم رێگایە یەکەم پەڕاوی قورئان بەنوختەو ئیعرابەوە بوونی دەرکەوت، گومانیش وایە کەئەبوئەسوەد ئەم پەراوەی بۆ فێرکردن و راهێنانی منداڵەکانی زیاد لەسەر دەربرینی دروست بەکارهێناوە. چونکە پەراوەکەی دەخستە بەردەستیان بۆ ئەوەی تیایدا بخوێننەوە، بەمەش دەیویست هەڵەکانیان چاك بکاتەوەو رێنموونییان بکات بۆ

خۆلادان لەهەڵەی زمانەوانی تیایدا.

ئـەو وتەیـەش راسـتە کـە منداڵـەکانی زییـاد لەسـەر دەسـتی ئەبونەسـوەد فێـری شیتەڵکاری بـوون، بـەڵام نـەیانتوانی بەتـەواوی خۆیـان لەهەڵـە رێزمانییـەکان رزگـار بکەن، هەر بۆیە تێکەڵییەکی فارسی لەزمانەکەیاندا مابوویەوە وەك ئەوەی لای هەندێ لەعەجەمییـە بەعـەرەب بووەکـان ماوەتـەوە، دەڵـێن عوبەیـدوڵا تـا کۆتـا رۆژەکـانی نەیدەتوانی بەچاکی هەندێ لەپیتـە عەرەبییـەکان دەربـبڕێ، بۆ نمونـە بـە (حـروری) دەیـوت (هـروری) بەمـەش بـوو بـووە مایـەی پێکـەنینی خـەڵك، دیـارە مامۆسـتاش نەیتوانیبوو ئەوەی بۆ چاك بکات کە دایکی خۆشەویستی خراپی کردبوو.

### دوای ئەبونەسوەد:

بـە هـەرحاڵ، دەکرێـت بڵـێین رێچکەی ئەبونەسوەد لەنوختـە بـۆ دانـانی قورئانـدا مایـەی سەرسـورمانی موسـڵمانان بـوو لەسـەردەمەکەیداو بـەکارهێنانی لەناویانـدا بڵاوبوویەوە، هەروەها وایان لێ هاتبوو بەپەلە بەپەراوەکانیانەوە دەرۆیشتن بۆ لای یان بۆ لای غەیری ئەو کە خوێندنەوەی دروستیان تیایدا بدیایە، بۆ ئەوەی لێیـەوە فێـری نوختەکاری ببن و پرسیار دەربارەی هەرشتێکی تریش بکەن بەلایانەوە تەم و مژاوییە.

لـە رۆژگـاری حەجاجیشـدا پیاوێـك بەدەرکـەوت کـە بەیـەکێك لـە قوتابیـانی ئـەبی ئەسـوەد دادەنـرا، ئـەویش نەسـرەدینی کـوری عاسـم (نصـرالدین عاصـم) بـوو، ئـەم پیاوەش هەنگاوێکی تری نوێی بەنوختەکاری قورئان نا، دەڵێن حەجاج یەکەم جار بۆ ئـەم نوێنـەری بـۆ نـاردووە، وەك چـۆن زیـاد یەکـەمجار بـۆ ئەبونەسـوەدی نـاردووە لەنوختەکارییەکەیدا.

هەنگاوی نەسری کوری عاسم بەدەوری پیتـە نادیارەکانـدا دەسورایەوە، چونکە خەڵك لە رۆژگاری ئەودا جیاوازییان نەدەخستە نێوان (بێ وتێ وپـا و ویـا و)و غـەیری ئەوانـەش لەپیتـە لێکچووەکان، لەبەرئەوە تێکەڵکاریو هەڵـە خوێندنـەوە لـەدەربڕینی وشـەکاندا زۆر بوون، پاشان نەسر هـاتو نوختەگـەلی رەشـی لەسـەر پیتـەکان بـەتاكو بەجووت دانا.

بەمەش دوو جۆر لەنوختەکاریمان بۆ دروست بوو، یەکێکیان سوور بوو کە ئەبونەسوەد بەمەبەستی شیتەڵکاری دایهێنابوو، ئەوی تر رەش بوو لەپێناوی وشە نادیارەکاندا دایهێنابوو، ماوەیەك بەسەر خەڵکدا تێپەری ئەم نوختەکارییە دوو لایەنەیان لە قورئاندا بەکاردەهێنا، بەهۆی ئەمەشەوە مشت و مڕ لەنێوان فەقیهەکاندا دروست بوو لەسەر بەکارهێنانی مرەکەبی سوور لەقورئاندا، هەندێکیان بەدروستیان داناو هەندێکی تریان ناباش (کەراهەت)و هەندێکی تریشیان بەحەرامیان دانا. دوای خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی دەرکەوت کە جوڵە ناسراوەکانی بەم شێوەیەی دوایی داهێنا، خەڵکیش جێگای نوختە سوورەکانیان پێ گرتەوە.

## کۆڕەکانی نوختەکاری:

مێژوو بۆمان باس دەکات کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵە کۆڕێك لەمزگەوتەکاندا دەرکەوتن کەتایبەت بوون بەنوختەکاری قورئان، بەشێوەیەك مامۆستا لەسەر کورسی دادەنیشت و خەڵکیش بەدەوریدا پەراوەکانیان لەبەردەستیاندا کردبوویەوە بۆ ئەوەی نوختەی بۆ دابنێن بەو شێوەیەی لەدەمی مامۆستاوە دەیانبیست.

وادەردەکەوێ کەخەڵك ئەمەیان دەکرد بەبێ مشت و مڕو پرسیارکردن، ناوبەناو یەکێك لەدانیشتووان پەنجەی بەرز دەکردەوە وەك رەخنەگرتن لە نوختەکاری هەندێ وشەو ئایەت: "بۆچی بەم شێوەیە نوختە بۆ ئەم وشەیە دانراوەو لەسەر شێوازێکی تر نوختەی بۆ دانانرێت" لێرەدا هەر دەبێ مشت و مڕ لەنێوان ئامادەبوواندا بەرپا ببێت، گرانیش نییە لەسەرمان کەوای بینین زانستی رستەسازی بەم هۆیەوە نەش و نمای کردبێت.

سروشتی عەقڵی مرۆیی وایە کە قوڵبوونەوەی کاتێك زیاتر دەبێت کە مشت و مڕی زیاتر ببێت. وابیر دەکەمەوە کە بنەماکانی رستەسازی لە کۆڕەکانی نوختەکاریدا جار لەدوای جار زیاتر دەدۆزرانەوە، چونکە هەر مشت و مڕێك کە دروست دەبێت، دەبێتە هۆی دۆزینەوەی بنەمای نوێ، ئامادەبووانیش بەرامبەری دابەش دەبوون بەسەر پشتگیرو نارازیدا.

## بۆمبای سیبەویهی:

لە ناکاوێکدا سیبەویهی بەکتێبە بەناوبانگەکەی لە رستەسازیدا بەدەرکەوت، کە کتێبێکی گەورەیە، ئەوەندەی وردبینی دابەشکاری تیادا بوو جێگای سەرسورمانی خەڵك بێت توێژەرانی ئەمرۆش لەسەرسورماندان بەرامبەر بەپلەوپایەی ئەم کتێبە، ئەوان بەلادان لەسروشتی گەشە کردن دایدەنێن و ناتوانن هۆکاری ئەوە دیاری بکەن کە چۆن نموونەی ئەم کتێبە بەم درێژییە دەرکەوت بەبێ ئەوەی رێخۆشکردنێکی پێشینی نووسراوی هەبێت.

مامۆستا ئەحمەد ئەمین دەڵێت: "مێژووی رستەسازی لەپێگەیشتنیدا زۆر تەم و مژاوییە، ئێمە لەناکاو کتێبێکی گەورەی پێگەیشتوو دەبینین کە کتێبەکەی سیبەویهییە، بەڵام ئەوە نابینین کە دروست بێت بکرێتە کرۆکی ئاشکرابوونی ئەوەی کە کامەیە سروشتی ئاسایی گەشەکردن و پێشکەوتن، هەموو ئەوەش لەو بارەیەوە باس کراوە چارەی دەردەدارێك ناکات".

بەرای من کتێبەکەی سیبەویهی بازدانێکی سەرسورهێنەر نەبوو کە پێچەوانەی سروشتی گەشەکردن بێت وەکو دکتۆر ئەحمەد ئەمین دەڵێت، ئەو لەراستیدا هەنگاوێکی سروشتی بوو کە چەند هەنگاوی تری لەپێشدا هەبوو، ئەگەر لەو مشتومڕە درێژو بەردەوامەی لە کۆڕەکانی نوختەکاریدا رۆژانە دروست دەبوو بکۆڵینەوە، زۆر ئاسان دەبوو بۆمان پێشبینی دەرکەوتنی کورتەیەکی ئەو مشتومڕەمان لەکتێبێکدا لەسەر دەستی سیبەویە یان جگە لەو دەکرد.

## سیبەویهی ئەرستۆ:

دەرکەوتنی کتێبی رستەسازی لەسەر دەستی سیبەویهی لەدەرکەوتنی لۆژیك (منطق) دەچێت لەسەردەستی ئەرستۆتالیس. ئەوەبوو گریکەکان پێش ئەرستۆ مشتومڕیان هەبوو لەمەسەلە فیکرییەکاندا کە سۆفستاییەکان وروژاندبوویان، مشتومڕەکە وەها دەرۆیشت بۆ گەڕان لەپشت ئەو پێوەرانەی مشتومڕ رێك دەخات و

زەین دەپارێزێت لەکەوتنە هەڵەوە. دواجار ئەرستۆ هات و ئەو پێوەرانەی کۆکردەوە کەپێش ئەو ناسرابوون و لەکتێبێکدا تۆماری کردن، تۆمارێکی ورد کەجێگای سەرسورمان بێت.

ئێمە لەگەڵ ئەمەش دا ناتوانین نینکاری چاکەی ئەرستۆ بکەین لەتۆمارکردنی لۆژیکدا، هەروەك نینکاری چاکەی سیبەویهی ناکەین لە تۆمارکردنی رستەسازیدا، هەردووکیان دوو داهێنەری بلیمەت بوون، بەڵام هەردووکیان لە داهێنانەکەیاندا پشتیان بەوانەی پێش خۆیان بەستووە، حاڵی ئەوان وەك حاڵی هەموو داهێنەرێکی مەزنی تر.

مەعریفەی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی لەگەشەکردنیدا لەسەر کۆمەڵە هەنگاوێکی یەك لەدوای یەك دەروات، هەموو هەنگاوێك دەبێتە هۆی ئەوەی بەدوایدا دێت، بەدەگمەن کەسێك بازبدات لەنەش و نماکردنی مەعریفەدا، بازدانێکی لەناکاو کە رێخۆشکردنێکی پێشینی نەبێت.

## مامۆستا سیبەویهی:

پێشتر سیبەویە قوتابی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بووە، هەر چۆن کە ئەرستۆ قوتابی ئەفلاتۆن بووە، خەلیل رەهابوویەکی رۆژگاری خۆی بووە لەعەقڵی داهێنەرانەیدا، چونکە ئەو یەکەم داهێنەری وشە ئاڵۆزە عەرەبییەکان و یەکەم داهێنەری زانستی عەروزە لەشیعردا، هەروەها هەر ئەو داهێنەری زانستی مۆسیقای عەرەبی و جۆرەها ئاوازی تیادا کۆکردووەتەوە، دەکرێ بوترێ کە ئەو پێشەنگی یەکەمی سیبەویهی بووە لەدانانی رستەسازیدا. کێشەی خەلیلیش لەوەدا بووە کە بیروبۆچوونەکانی دەربڕیوە بۆ قوتابییەکانی بەبێ ئەوەی گرنگی بەنوسینەوەی بدات، زوبەیدی لەوەسفی خەلیلدا دەڵێت، " هەر ئەو بوو کە رستەسازی ئاسان کردو ریشەکانی داکوتاو هۆکاری بەهانەکانی روون کردەوەو شیتەڵکاری لەواتاکاندا ئەنجام داو بەڵگەکانی تیادا روون کردەوە تا ئەوپەری سنوور... بەوەندە وازی هێنا کە لەزانستەکەی خۆی دایە سیبەویهی و وردەکاری دیدگاکەی و دەرەنجامی بیروبۆچوونەکانی و حیکمەتە ناوازەکانی خستە مێشکییەوە، سیبەویهیش ئەوانەی لێ

وەرگرت و لاسایی کردەوەو تیایدا ئەو کتێبەی نووسی کەپێش خۆی کەس نەیتوانیوە بینووسێ و دوای خۆیشی کەس نەیکرد".

دەکرێ کە خەلیل بە خوالێخۆشبوو مید بچوێنرێ کە ئەویش بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی بەسەر قوتابیانی زانکۆی شیکاغۆدا دەخوێندەوە بەبێ ئەوەی لەکتێبێکدا تۆماری بکات، دوای ئەوەی مرد، قوتابییەکانی پەنایان بردە بەر دەفتەرەکانیان و ئەو کتێبە گەورانەیان تیا دەرهێنا کەئەمرۆ دەدرێتە پاڵ مید، لەگەڵ ئەوەشدا کە پیتێکی لێ نەنوسیووە.

## دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

ئەوەی سەرنج راکێشە لەمەسەلەی گەشەکردنی رستەسازی عەرەبیدا، ئەو پێگەیشتووە لەبەسرە پێش وڵاتی تری ئیسلامی، چونکە لەبەسرە ئەبو ئەسوەدی دوئەلی دەرکەوتووە، هەروەها خەلیلی کوڕی ئەحمەد وسیبەویهی دەرکەوتن، هەروەها جگە لەوانیش مامۆستا دیارەکانی رستەسازی هەر لەوێ بەدەرکەوتوون، کەواتە هۆکاری ئەمە چییە؟

بێگومان یەکەم کەسێك کەیارمەتی دانانی کۆری رستەسازی لەبەسرەدا زیادی کوڕی ئەبی بوو وەك بینیمان، ئەو کات والی بوو بەسەر بەسرەوە لەلایەن مەعاویەوە دانرابوو، بەڵام ئەمە بەتەنها بەس نییە بۆ هۆکاری گەشەکردنی رستەسازی لەبەسرە بەو گەشەکردنە گەورەیە، بۆیە هەر دەبێت لەبەسرە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ پێگەیشتنی درەختی رستەسازی دوای وەشاندنی تۆوی یەکەمی تیایدا.

وا بیر دەکەمەوە کەبەسرە خاوەنی تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتییە و دەگمەنە نموونەی لەشارە عەرەبییەکانی تردا بدۆزینەوە، هەروەها دروستە بوترێ کەبەسرە تاکە شاری عەرەبییە کە دەکەوێتە سەر سنووری دوو کۆمەڵگەی جیاواز، ئەو دووانەش کۆمەڵگە بیابانشینی لەلایەك و کۆمەڵگەی شارستانی لەلاکەی ترەوە.

بەدەربرینێکی تر بەسرە چاودێر بوو بەسەربیابانی عەرەبەوە لەرووی رۆژئاواوە، هەروەها لەرووی رۆژهەڵاتیشەوە کەوتبووە پاڵ شاخەکانی فارس. لەبەرئەوە کۆمەڵگەیەکی پڕ بووە لەعەرەب و فارس لەیەك کاتدا، ئەوانەش کەلەپووری ئایینی و

زمانەوانی خۆیان تێ رژاندبوو، هەروەها ئەوانی‌تریش کەلەپووری مەدەنی و فیکری خۆیان تێرژاندبوو، بۆیە هەر دەبێ لەئەنجامی ئەمەوە مشتومڕی ئایینی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك لەشێوەکان دروست ببێت.

بۆیە سەیر نییە کەزانستی رستەسازی لەبەسرەدا پێش ناوچە ئیسلامییەکانی تر گەشە بکات، چونکە تێکەڵاو بوونی فارس و عەرەب تیایدا لەسەر ئەم ئاستە فراوانە هەردەبێ ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەڵە لەزمانی عەرەبدا. ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای ئەو رێو شوێن و بنەمایانەی زمان لەهەڵە دەپارێزێت.

## مەوالییەکان و رستەسازی:

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کەمەوالیەکان (غەیرە عەرەب) لەگەشەپێدانی رستەسازی عەرەبیدا، وەنووسین تیایدا، لەعەرەب زیاتر کاریان کردووە، ئەمەش مەسەلەیەکی نامۆ نییە، چونکە چاوەڕێ نەدەکرا لەعەرەبیی رستەسازی بگەڕێ یان وردەکاری تیادا بکات، ئەو بەزمانی خۆی بەسەلیقە قسە دەکات. بەڵام ناعەرەب دەگەڕێ و ئەم سەلیقەیە دەپشکنێ بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانە دەربهێنێ کەیارمەتی دەدا لەسەر چاولێکردنی.

مەوالی دەیەوێت زمانی عەرەب فێرببێت، سا بەڵکو لەنێوانیاندا پێگەیەکی دەست کەوێت، ئەو ڕق لێ هەڵگیراوەو لەقوڵایی دەروونیدا گرێی خۆ بەکەمزانینی بۆ دروست بووە. لەبەرئەوە هەندێ جار هەوڵ ئەدات مامۆستایەتی بکات لە رێگای فێربوون و گەڕانەوە.

بەراستی لە جیاکارییەکانی رۆژگار ئەوەیە کەدەبینین مەوالییەکان یەکەم جار زمانی عەرەب خراپ دەکەن و هەڵەی زمانەوانی تێ دەخەن، پاشان دواتر دێن و رێوشوێن دادەنێن لەپێناوی خۆلادان لەو هەڵانەی خۆیان تێیان خستووە. شەعبی بەلای کۆمەڵێ لەمەوالییەکاندا رۆیشت کەباسی رستەسازییان دەکرد، پێی وتن: ئەگەر چاکیشی بکەن، ئێوە یەکەم کەس بوون تێکتان دا.

***

"وتاری نۆزدەهەم"

# رستەسازی و شیعر

لەشتە سەیرەکانی رستەسازی عەرەبی ئەوەیە کە لەلایەکەوە پشتی بە شیعری نەفامی بەستووەو لە لایەکی ترەوە بە لۆژیکی ئەغریقی، ئەوەی زانراویشە لە رستەسازیدا ئەوەیە کە زۆربەی شایەتەکانی لە شیعرەوە وەرگرتووە، پاشان دەستی کردووە بەدەرهێنانی بنەماکانی لەو شایەتانە بەپێی پێوەرەکانی لۆژیک.

ئەوەش کە شایانی باسە ئەویە کە شیعرو لۆژیک لەسروشتدا لەیەکتر جیاوازن، چونکە لۆژیک پێوەرێکی عەقڵییە، لەکاتێکدا شیعر پاڵنەرێکی عاتیفییە، کاتێکیش شیعرو لۆژیک ئاوێتە دەبن لەپێکهێنانی رستەسازی عەرەبیدا؛ ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێ بنەمای ئاڵۆزو زۆر دوور لەسروشتی زمانێک خەڵک لەژیانی رۆژانەیاندا پێی لێک تێدەگەن، وادەزانم هەر ئەمە وای لەرستەسازی عەرەبی کردووە پڕبێ لەزمانپاراوی و هەڵپەکردن، چونکە ئەو رستەسازییە کە زیاتر بۆ خۆهەڵکێشان و لەخۆبایی بوون دەشێت نەک بۆ رێکخستنی بیروبۆچونەکانی خەڵک.

پاشانیش لە وتاری داهاتوودا دێینە سەر باسی شوێنەواری لۆژیک لەسەر رستەسازی، بەڵام لەم وتارەی ئێستادا باسەکە لەشوێنەواری شیعر لە دروستبوونیدا کورت دەکەینەوە.

## شوێنەواری شیعر لەرستەسازیدا:

دکتۆر محی الدین لەیەکێك لە وتارەکانیدا ئاماژەی بە شوێنەواری شیعر لە نوسینەوەی بنەماکانی رستەسازیو زانستە زمانەوانییەکانی تردا کردووە، ئەو دەڵێت کە زانایان پەنایان بردووەتە بەر شیعرو تا وشەی وردو زاراوەی هاتووی لێ وەربگرنو چاولێکەریو نەریتی باو وبلاّو وئاسەواری شاراوەو رووداوی نەزانراوی لێ دەربهێنن...

دکتۆر ئەمەشی لەو پێناوەدا وتووە کە چاکەو سوودەکانی شیعر بۆ نەتەوەی عەرەبی روون بکاتەوە، هەر چەندە ئەگەر دکتۆر بەویژدان بوایە ئەوانەی بە زیانو خراپەکانی شیعر دادەنا.

لەراستیدا رستەسازەکان رستەسازییان خراپ کرد بەپشتبەستنیان بەبینینە شیعرییەکان بۆ نوسینەوەی بنەماکانیان. چونکە شیعر لەهیچ حاڵەتێکدا نابێتە بنەرەت بۆ رستەسازیو ئەو خۆی پابەندە بەکۆتەکانی کێشو سەروا، زۆر جار وشەو رستەکان تیایدا لەسەر نەسەقی باوی خۆی لەزمانی بیروبۆچوونە رێکخراوەکاندا نەهاتووە.

## رای دکتۆر ئەنیس:

دکتۆر ئیبراهیم ئەنیس وای دەبینێت کە رستەسازی پێویستە پشت بە بینینە پەخشانییەکان ببەستێت نە شیعرییەکان بۆ دیاریکردنی بنەماکانی.

چونکە لێرەدا کۆمەڵە پاڵنەرو گرنگی پێدانێك هەیە سیستمی شیعرو سیستی پەخشان لەیەکتر جیادەکاتەوە لەرێکخستنی وشەکاندا، دکتۆر ئەنیس ئەم بایەخپێدانانە لەمانەدا کورت دەکاتەوە:-

١ – سوور بوونی شاعیر لەسەر مۆسیقای شیعرەکەی لەکێشو سەروادا هەندێ جار لای ئەدا لەسیستمی ئاباو لەپەخشاندا.

٢ – ئارەزووی شاعیر لە رزگاربوون لە هەموو کۆتەکانو ئارەزووی بۆ سەربەستی

وەك هەموو هونەرمەندان، ئەوەش لەهەندێ کاتدا وای لێ دەکات گوێ بەسیستمی وشەکان نادات بەوشێوە ناسراوەی لەپەخشاندا هەیە. بەتایبەتی کاتێك عاتیفە بەسەریدا باڵادەست دەبێت و هەست و سۆزەکانی دەیکاتە خاوەنی واتا.

٣ - ئەو لەسەر رووی ئەمانەوە هەندێ لەبەشەکانی رستە لائەدات یان زۆر پێداگری لەواتایەکی زۆر لەوتەیەکی کەمدا، بەمەش لەشێوازی زانراوی پەخشان دەچێتە دەرەوە.

## گەم و کورتییەکانی رستەسازی عەرەبی:

لەوانیە پشت بەستنی رستەسازی عەرەبی بەبینراوە شیعرییەکان لەو هۆکارانە بووبێت کەوای لێ کردبێت جیاواز بێت لەرستەسازیی زمانە نوێیەکانی تر، بە جیاوازییەکی گەورە. چونکە ئەرکی رستەسازی لەو زمانانەدا بایەخدانە بەرێکخستنی قسەو روونکردنەوەی ئەوەی پێویستە لەسەر وشە لەرستەدا، هەروەها رستە لەرستەکاندا، بۆ ئەوەی دەربڕینەکە رێکبخرێ و واتا مەبەستدارەکە بگەیەنێت.

بەڵام رستەسازی عەرەبی بایەخ بەم مەسەلە بەکەمی نەبێت نادات، زۆربەی بایەخەکەی دەخاتە سەر پیتی کۆتایی وشەکە، کەدەبێت حەرەکەکەی چۆن بێت.

هەر لەبەر ئەوە رستەسازەکان گرنگی بەپێکهێنانی رستە نادەن ئەوەندەی بایەخ بەشیکردنەوە (ئیعراب)ەکەی دەدەن. بۆیە هیچت لەسەر نییە کەچۆنت بوێ یاری بەرستە بکەیت، ئەگەر تۆ بەو شێوەیەی خوازراوە لە ئیعراب شارەزا بیت.

هەروەها پشت بەستنی رستەسازەکان بەبینینە شیعرییەکان بووەتە هۆی زیانێکی تر، ئەویش ئەوەیە کە ئیعراب بووەتە شتێکی ئاڵۆزی دوور لە فیترەتی مرۆیی، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دیالێکتەکانی شاعیران کە شیعرەکانیان دەکرێنە بەڵگە، هەروەها جیاوازیی سەلیقەی شیکردنەوەیان. وەك پێشتر بینیمان، شاعیری نەفامی وتەو پێکهاتەکانی و بزاوتە ئیعرابییەکانی بە ئازادییەکی تەواوەوە دروست دەکرد، هەروەها ئەو یاری پێ دەکردن چۆن زەرورەتی شیعریی و سۆزی هەنوکەییانە بۆی بیخواستایە. پاشان دوای ئەوە رستەسازەکان هاتن و لەم ئازادییە کۆمەڵە

کۆتێکیان بەرهەم هێناو وایان لێ هات لەهەموو بەیتێك لەشیعری نەفامیدا بنەمایەك بدۆزنەوە کە پێویستە شوێنکەوتەیی بکرێ.

بەم شێوەیەش بنەماکان کەڵەکە بوون لەبەردەستیاندا، پاشان کەڵەپوریکی قورسیان لێ بۆ بەجێ هێشتین کە بەردەوام تا ئەمڕۆمان گیرۆدەی بارگرانییەکەی ئەوین.

دەکرێ ڕستەسازەکان بەو ئەویندارە بێ ئاگایە بچوێنین کە بۆ جوڵانەوەکانی ئەویندارەکەی وا دەڕوانێت کە وا دەزانێت جوڵانەوەگەلێکی نەمرن، پاشان دەست دەکات بەفەلسەفە تیادا کردنی و بەرهەمهێنانی پەند تیایاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کە کرداری مەعشوقەکە لەخۆیەوە و بەبێ مەبەست یان بیرکردنەوە نواندوویەتی.

## سەمەرەی بینینە شیعرییەکان:

کاتێك کتێبە ڕستەسازییەکان دەخوێنینەوە شتێکی سەیر لە بەڵگە شیعرییەکاندا دەدۆزینەوە، بۆ نمونە لەکتێبەکەی ئیمام سیبەویهیدا هەزارو پەنجا بەیتی شیعریی دەبینین، دانەر هەزاریانی داوەتە پاڵ بێژەرەکانی و باقیەکەی تری پشتگوێ خستووە، هەروەها دەڵێن عەلی کوڕی موبارەکولئەحمەدی هاوڕێی سێسەد هەزار بەڵگەی لەڕستەسازیدا لەبەرکردبوو، هەروەها ئیبن ئەنباری لەئیعرابی قورئاندا بەسێسەد هەزار شیعر بەڵگەی دەهێنایەوە.

دیارە کە سیبەویهی باوەڕی وابووە کە گێڕانەوەی شیعر لە گێڕانەوەی پەخشان وردترە، چونکە پەخشان دەکرێ خراپ بگوێزرێتەوە یان وتەکانی بگۆڕرێ، بەڵام شیعر ئەمە تیایدا گرانە، لەبەرئەوە شیعر لەپێشترە بۆ دەرهێنانی بنەمای ڕستەسازی تیایدا، بۆ ئەمەش ڕستەسازەکان بەشوێن ئەم بنەمایەدا ڕۆیشتوون کە ئیمام سیبەویهی هێناویەتی، تەنانەت مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەوەی بەڵگە شیعرییەکان پیرۆز ڕابگیرێن. وای لێ هاتووە ئەوە لەدوای ئەوە بۆیان ماوەتەوەو ڕوونکردنەوەی زۆریان تیایدا کردوون و ڕواڵەتی حوکمەکانیان تیادا بینیوەتەوەو دانراوی سەربەخۆی جیاوازیان بۆ داناوە.

لەوەش زیاتر سوڵتانەکان رستەسازەکانیان هان داوە بۆ زیاتر کردنی بنەما ئاڵۆزەکانیان، رستەسازەکان بەلای خۆیانەوە وایان لێ هاتووە کێبەرکێ دەکەن لەسەر جاوازی ئەو بنەمایانە بۆ ئەوەی لای گەورەکانیان خۆیان لە رواڵەتی زانا رۆچووەکان پیشان بدەن. پاشان ئەعراب لەبیابانەوە هاتن بۆ ئەوەی داوای دەکەن بەڵگەگەلی درۆو نەشاراوەیان پێشکەش بکەن.

دەگێرنەوە کە ئەعرابیەك لەوانە کە ناوی (دوئبەی کوڕی حەجاج) بووە هەر کاتێك دەهات بۆ شار دەیبینی بێژەرو رستەسازەکان دەورەیان دەداو تکایان لێ دەکرد بە بەڵگەگەلی نامۆی دەگمەن هاوکارییان بکات، ئەویش وەڵامی تکاکانیانی دەدایەوەو ئارەزووی ئەوانەی بە وشەگەلێك تێر دەکرد کە لەگەڵیدا رانەهاتبوون‌و هەروەها بە کۆمەڵە پێوەرێك کە نەزانراو بووە لایان، هەروەها جارێکیان یەکێك لە بێژەرەکان تکای ئەوەی لێ دەکات کە بەڵگەی زیاتری پێ بدات، دوئبەش بە توورەییەوە دەقیرێنێت بەسەریدا: "تاکەی داوای ئەم شتە بەتاڵانەم لێ دەکەیت‌و منیش بۆت چێژدار بکەم، ئایا نابینی پیری گەیشتووەتە سەرو ریشت؟.

دکتۆر تەها حسەین دەڵێ: "بێگومان ئەو کەسە نییە کە رەوشتی ئەعرابییەکان دەناسێت کە ئەو خەڵکە کاتێك تکاکردنی خەڵکی شارەکانیان لەسەریان بینی لەداواکردنی شیعرو قسەی نامۆ، وە بایەخدانیان بەوانەی دەیخوێننەوە بەسەریاندا، کاڵاکەیان لە لا رێزدار بوو، وە بەهۆیەوە خۆیان بەزل گرت، پاشان زۆری نەخایاند کە هەستیان کرد سووربوونی شارەکان لەسەر ئەم کاڵایە خۆیان لەبازرگانی تیا کردنیدا گورجتر کردوەو بەوە نارازیبوون کە لە بیابانی خۆیاندا بمێننەوەو چاوەڕێی خەڵکی شارەکان بکەن، بۆیە بۆچی خۆیان هەڵنەسن بە دەرکردنی کاڵاکانیان؟... هەروەها لایاندا بەلای شارەکانی عێراقدا بەتایبەتی، قەرەباڵغی بێژەرەکان بەدەوریاندا لە زیادکردندا بوو کە ئەوانیش کاڵاکانیان سەرف دەکرد. پاشان تۆیش دەزانیت کە سەرف بوونی کاڵا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنان، ئیتر ئەو ئەعرابیانە دەستیان کرد بە درۆکردن‌و رۆچوون لە درۆکردندا.."

ئەگەر ئەوەی دکتۆر تەها حسەین راست بێت کە وتویەتی، بۆ ئێمەش دروستە

بڵێین کە زۆرێك لەم بنەما رستەسازیانەی هەوڵی فێربوونیان دەدەین لە ئەنجامی درۆی عەرەبێکی پێ پەتی دروست بووە کە ویستوویەتی لەسەردەمی کۆندا رستەسازەکان چەواشە بکات.

وایش بیر دەکەمەوە کە رستەسازەکانیش وەك ڕۆڵی خۆیان ئەوانەی دوای خۆیان لە خۆشگوزەران و سوڵتانەکانیان چەواشە کردووە، بۆ ئەوەی لەوانە پاداشت و پارەی زۆریان دەست بکەوێت. ئەوە زنجیرەیەك بوو لە چەواشەکاری کە بازنەکانی پێکەوە بەستراون؛ کە فریودراوی کۆتایی بریتی بووە لەگەڵ هەژار.

## رستەسازانی سوڵتانەکان:

رستەسازی بوو بووە هۆکارێك بۆ خۆ نزیك خستنەوە لە سوڵتانەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو وەك شیعرو ئامۆژگاری و گۆرانی و فێرکردنی کەنیزەکی لێ هاتبوو، پیشەیەکی رەواجدارەو سوڵتانەکان پارەیەکی زۆریان بۆ داوە، بۆیە رستەساز یەکەمجار دەرۆیشت بۆ خێڵەکانی بیابان بۆ ئەوەی بەڵگە شیعرییەکانیان تیادا کۆ بکاتەوە، پاشان دەگەرایەوە بۆ ئەوەی لەبەر دەرگای سوڵتاندا دابنیشێت، ئەگەر بەخت یاوەری بوو، رێگای پێ درا بە چوونە ژوورەوە بۆ حزوری سوڵتان، ئیتر دەست دەکات بەنازکردن و دەم کردنەوە بەبنەما رستەسازیەکانی، بۆ هەر بنەمایەکیش دەیان بەڵگە دەهێنێتەوە، سوڵتانیش بەسەرسورمانەوە لێی دەروانێت و پاشان فەرمانی پاداشت کردنی بۆ دەردەکات. بۆم هەیە لەم بۆنەیەدا بڵێم کە دانیشتگەی سوڵتانی لە رستەسازییەوە دەگوازرایەوە بۆ شیعر، وە لە شیعرەوە بۆ ئامۆژگاری، پاشان ئێوارەش بە لێدانی تەنبوورو لەرینەوەی ورگ کۆتایی دێت، هەروەها ئەرکی سەرشانی هەر کەسێکیش بوو کە ئامادەی ئەو دانیشتنانە دەبێت، بیرازێنێتەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئەگەر ئەو شاعیر یان واعیز یان رستەساز نەبوو پەنا دەباتە بەر جاریەیەك و دەستی دەگرێت و فێری سەماو گۆرانی دەکات... پاشان دوای ئەوە پێشکەشی دەکات بە ئەمیری موسڵمانان.

**کەسائی:**

دەمەوێت شتێك لەژیانی کەسائی بۆ خوێنەر باس بکەم بەو هۆیەوە کە وێنەیەکی نموونەییە بۆ رەخنەسازەکان لە فێربوونی رستەسازی و بەکارهێنانیدا وەك هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوە لە سوڵتانەکان.

کەسائی، کوفە شوێنی لەدایك بوون و پێگەیشتنی بووە، ژیانی خوێندنیشی بە خوێندنەوەی قورئان دەستی پێ کرد، ئەو لەو خوێنەرە دیارانە بووە کە خەڵکی بۆ خوێندنەوە دەگەرانەوە لای و کۆڕێکی لە مزگەوتدا هەبوو، کە تیایدا لەسەر کورسییەك دادەنیشت و خەڵکیش بەدەوریدا لەسەر خوێندنەوەکەی ئەو نوختەیان بۆ پەراوەکانیان دەکرد.

لەوانەیە ئەو بێزار بووبێت لەم پیشەیەی کە ماڵی پێ دەست ناخات و لە سوڵتان نزیکی ناکاتەوە، بۆیە خۆی کۆکردەوە بەرەو بەسرە بۆ ئەوەی فێری رستەسازی ببێت تیایدا لەسەر دەستی خەلیلی کوڕی ئەحمەد و ئەوانی تر، هەر لەوێوە پەرییەوە بۆ بیابان و دەستی کرد بە گەڕان بەناو خێڵەکاندا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان و تۆماری دەکردن، دەڵێن ئەو لەنووسینەوەی ئەو بەڵگانەی بیستبووی پانزە شووشە مرەکەبی سەرف کردووە.

دوای ئەوە گەرایەوە بۆ بەسرە، بەڵام زۆر نەمایەوە تیایدا، چونکە رەشید لە بەغداد عەقڵی خەڵکی بە ماڵ و خۆشگوزەرانییەکەی فریو دەدا، کەسائیش بۆ لای کەمەندکێش بوو، پاشان بوو بەیەکێك لەنزیکەکانی، تا ئەوەی رەشید نوێنەرایەتی کردنی پەروەردەی هەردوو کوڕەکەی ئەمین و مەئمونی پێ سپارد، بەمەش نزیکبوونەوەی لە سوڵتان بەس بوو.

مێژوونووسان باسی ئەو پێگە باڵایەمان بۆ دەکەن کەسائی لای رەشید دەستی کەوت، چونکە رەشید هەردەم نزیکی دەکردەوە و پلەو پایەی بەرز رادەگرت و بەدانیشتن لەگەڵیدا دڵخۆش دەبوو، ستایشی چاکەو کاری دەکرد و پەیوەستی خۆی

کردبوو لەمانەوەو گەشتیدا، بەرامیکەکانیش پاڵپشتییان لەکەسائی دەکردو زۆر جار لەگەڵیدا پیلانیان دەگێرا لە پێناوی چەسپاندنی پێگەی ئەو و شکست پێهێنانی بەرامبەرەکانی.

بەدبەختی سیبەویهی وای خواست کە لەو کاتەدا بێت بۆ بەغدادو هەوڵ بدات لە سوڵتان نزك ببێتەوە بەو شێوەیەی کەسائی لێی نزیك بوویەوە. کەسائیش لەمە بێزار بوو، وە بەربەستی خستە ڕێگای، پاشان ڕۆیشت بۆ لای جەعفەری بەرمەکی و فەزلی برای و پێی وتن: "من هاوڕێ و هاودەمی ئێوەمو ئەم پیاوەش هاتووە جێگای من بگرێتەوە"، ئەوانیش پێیان وت: "شوێنی خۆت بگرە، ئێمە هەردووکتان کۆ دەکەینەوە".

دواجار سیبەویهی و کەسائی لە دانیشتنی ڕەشیددا کۆبوونەوە، پاشان مشتومڕ لە نێوانیاندا دروست بوو لەسەر ئیعرابی وشە، کەسائی لای ڕەشید ئاماژەی بۆ یەکێك لەو ئەعرابیانە کرد کە لەو ڕۆژانەدا لەنزیك بەغدادا دابەزیبوون تا ببێتە حەکەم لە نێوانیاندا، پاشان یەکێك لەو ئەعرابیانە هات کە لەو ڕۆژانەدا لە نزیك بەغداد هەواریان خستبوو. ئەعرابییەکە هات و سەیری مەکانەتی کەسائی و بەختی ئەوی کرد لای سوڵتان و بڕیاری دروستی بۆ ئەو داو سیبەوەیهی شکستی هێنا.

ئەوەی لەم بارەیەوە دەیگێڕنەوە کە کەسائی پێشتر پەیوەندی بە ئەعرابییەکانەوە دەکردو لەگەڵیاندا پیلانی دەگێڕاو فێری ئەوەی دەکردن کە ئارەزووی دەکرد بیڵێن، هەر ئەمەش لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی یەکجاریی ئەو بوو بەسەر نەیارەکانیدا.

ئەبو تەیبی زمانەوان دەڵێت: ئەگەر ئەوە نەبوایە کە کەسائی لە خەلیفەکان نزیك دەبوویەوەو ئەوانیشی بەرز رادەگرت، ئەو شتێك نەدەبوو، زانستەکەشی تێکەڵەیەکی بێ بەڵگەو بێ هۆکار بوو جگە لەچەند بەسەرهاتێکی باسکراوی ئەعراب نەبێت، ئەوەی دەیویست فێری دەکردن.

لەسەر ئەم شێوەیە رستەسازیی عەرەبی بەرپابوو، دەی تێرامێنە:

## کۆتایی گەشتەکە:

کەسائی لەگەڵ رەشیددا لەگەشتەکەیدا رۆیشت بۆ توس، کاتێك گەیشتە ڕەی تووشی دەردێکی قورس بوو پاشان مرد، هەروەها لە رێکەوتە سەیرەکانیش ئەوەیە کە لەهەمان رۆژو شوێندا زاناو فەقیهی ناسراو (موحەممەدی کوڕی حەسەن)ی قوتابی ئەبی حەنیفە لەگەڵیدا دەمرێت، پاشان رەشید وتی: "فیقهو عەرەبیمان لەیەك رۆژدا لەڕەی ئەسپاردە کرد".

منیش دەترسم فیقهی موحەممەدی کوڕی حەسەن لەشێوەی رستەسازیی کەسائی بێت، شێخ موحەممەد عەبدە راستی ووتوە کاتێك دەڵێت: "بەراستی سیاسەت ناچێتە شتێکەوە ئەگەر گەندەڵی نەکات!".

***

"وتاری بیستەم"

# رستەسازی و لۆژیکی ئەرستۆتالیسی

لە وتاری پێشوودا بینیمان کە چۆن بەسرە یەکەم شار بوو لە جیهانی ئیسلامیدا بایەخی بەزانستی رستەسازی دەدا و بنەماکانی دانا، ئەوەی هەر لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە بەسرە دیسان یەکەم شار بوو لۆژیکی ئەرستۆتالیسی تیادا وەرگێردرا.

دەڵێن ئبن موقەفەع یەکەم کەس بوو کاری لەسەر وەرگێرانی کتێبە لۆژیکییەکانی ئەرستۆ کردووە لەبەسرەداو لەفارسییەوە وەریگێڕاوە، لەوانە کتێبی گوتەکان (قاتیخوریاس) هەروەها کتێبی دەربڕین (باریمینیاس) و کتێبی دەروازە (ئیساگۆجی) و کتێبی بەراوردکاری (ئەنالۆتیکا).

پێش ئەوەش بەماوەیەکی کورت لەبەسرە ڕێبازی موعتەزیلە لەسەر دەستی (واسلی کوڕی عەتا) دروست بوو، ئیتر بەسرە بوویە جێگای مشتومڕی لۆژیکی و توێژینەوە لە بنەماکانی ئاییندا.

ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو سەرنج ڕادەکێشێت، کەواتە هۆکار چییە تیایدا؟ ئێمە پێشتر زانیمان هۆی ئەوە چی بوو کە زانستی رستەسازی لەبەسرە بەدەرکەوت، ئێستایش دەمانەوێت بزانین هۆی وەرگێرانی لۆژیک و دروست بوونی ئیعتیزال و زانستی کەلام تیایدا چی بوو؟

## جەنگی جەمەل:

بەبڕوای من بەرپابوونی جەنگی جەمەل (حوشتر) لەبەسرە هۆکارە سەرەکییەکەی هەر ئەوە بوو، جێگای داخە کە مێژوونوسان بایەخ بەم لایەنەی جەنگی جەمەل نادەن و ئەوان وا باسی دەکەن وەك چۆن باسی هەر جەنگێکی تر دەکەن لەمێژوودا، لەکاتێکدا هیچی تری تیادا نادۆزنەوە جگە لەدوو سوپا کە کوشتاری یەکتر دەکەن و پاشان یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا سەردەکەوێت.

لەڕاستیدا ئەم جەنگە خاوەنی گرنگییەکی فیکری و کۆمەڵایەتییە کە باڵاترە لە گرنگییە سیاسی و سەربازییەکەی، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەوە یەکەم جەنگ بووە لەمێژووی ئیسلامدا لەنێوان موسڵماناندا بەرپا ببێت، بەو شێوەیە کە کۆمەڵێ خەڵك کوشتاری یەکتر بکەن کە باوەڕیان بەیەك ئایین هەیە و یەك پەراو دەخوێننەوە و نوێژ بەرەو یەك رووگە (قیبلە) دەکەن.

موسڵمانان پێش ئەو جەنگە شەری کۆمەڵانێکی تریان دەکرد کە سەر بەئایینی خۆیان نەبوون، هەروەها لەجەنگەکەیاندا دڵنیا بوون لەوەی کە حەق لەگەڵ ئەواندایە و بەتاڵ و ناحەقیش لەگەڵ دوژمنەکانیان. پاشان لەناکاوێکدا عائیشە دێت بۆ بەسرەو سەرکردایەتی سوپایەکی بەهێز دەکات، دواییش عەلی کوری ئەبی تالیب بەسوپایەکی ترەوە دێت و هەردوو سوپاکە دەدەن بەیەکداو بەشێوەیەکی تاڵ کە لافاوێك خوێنی تیادا رژا.

وەلێرەدا خەڵکی بەسەر هەردەبوو مشت و مڕ بکەن و توندو تیژی بکەن لەمشت و مڕەکەیاندا، چونکە ئەوان سەرسام بوون و پرسیاریان دەربارەی حەق دەکرد کە لای کام لایەنیانە؟ ئایا دەبێ حەق لای عەلی بێت و بەمەش عائیشەی دایکی موسڵمانان لەسەر بەتاڵ، یان حەق لەگەڵ عائیشەدایەو پاشان ئەمیری موسڵمانان عەلی ناحەق؟.

دیارە کەسەرسامی لەو رۆژەدا بەدیارترین شێوەکانی لەزوبەیردا بەدەر دەکەوت، تەبەری لێی دەگێرێتەوە کە ئەو وتوویەتی: لەوەتی عەقڵم گرتووە لەهەر شوێنێکدا هەبووم کارو مەبەستی خۆم زانیوە جگە لەم شوێنە". ئەم سەرسامیەش وای لێ کرد

کە لەجەنگەکە پاشەکشێ بکاتو بەسەر زەویدا بڕواتو لا بەلای شتێکدا نەکاتەوە.

ئێستاش دوای ئەوەی سیانزە سەدە بەسەر جەنگەکەدا ڕۆیشتووە، بەردەوام موسڵمانان هەر مشتومڕو کێبەرکێ دەکەن لەو مەسەلەیەدا بەبێ ئەوەی بەهیچ ئاکامێك بگەن.

کەواتە دەبێت حاڵیان چۆن بووبێت ڕۆژی توندو تیژیی جەنگەکە؟

ڕۆژی جەنگەکە پیاوێك هات بۆ لای عەلی کوری ئەبی تالیبو لێی پرسی: ئایا دەکرێ زوبێرو تەڵحەو عائیشە لەسەر بەتاڵ کۆببنەوە؟" ئیمام وەڵامی دایەوە:" تۆ لێت شێواوە، حەقو باتڵ بەپلەوپایەی پیاوان ناناسرێت، حەق بناسە، خەڵکەکەشی دەناسیت".

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر رادەی ئەو سەرسامییەی دوچاری عەقڵی خەڵکەکە هاتبوو لەو کاتەدا، چونکە ئەوان مەسەلەکەیان لێ شێوا بوو، هەروەها ئەوە تۆقاندبوونی کە عەلی و باشترینی هاوەڵانیان دەبینی لەلایەكو پاشان عائیشەو لەگەڵیدا تەڵحەو زوبێر لەلایەکی تر، خۆ هەر دەبێ لایەنێکیان لەسەر حەق بێتو ئەوی تریان لەسەر بەتاڵ، ئەمەش مەسەلەیەکی گران بوو بۆیان بۆچوون لەسەری بدەن، لەکاتێکدا پێغەمبەر وتبووی:" هاورێکانم وەك ئەستێرە وان بەکامیان چاوساغی بکەن رێنموون دەبن".

## دەرەنجامە فیکرییەکان:

جەنگەکە بەسەرکەوتنی عەلی کوری ئەبی تالیب دوایی هات، عائیشەیش بەشکست خواردوویی گەرایەوە بۆ مەدینە، بەڵام جەنگی فیکریی لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆتایی نەهات، پاشانیش خەڵك هەر لەسەر مشتو مڕو لۆمەکاری مانەوە، ئەوەی زیاتر قوڕەکەی خەست کردەوە سەرکەوتنی مەعاویە بوو دوای ئەوەو دەستبەسەراگرتنی خەلافەت بوو لەلایەن ئەوەوە، لەسیاسەتەکانی مەعاویەش ئەوە بوو کە لە پلەوپایەی عەلی کوری ئەبی تالیب کەم کاتەوەو پلەی عائیشە باڵاتر رابگرێت.

عائیشە لای مەعاویە بوو بووە رەمزی داواکاری خوێنی عوسمان، خوێنی عوسمانیش- وەك شاراوە نییە- ئەو بنچینەیە بوو کە دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر

راوەستا، لەبەرئەوە دەوڵەت دەستی کرد بەپیرۆز راگرتنی عائیشەو هاندانی خەڵك لەسەر پیرۆز راگرتنی لەهەموو رێگایەکەوە، لەکاتێکدا کە عەلی کوری ئەبی تالیب لەسەر دوانگەکانەوە قسەی پێ دەوترا، عائیشە بوو بووە رێزدارترینی ژنانی جیهان، خەڵکیش دەبارین بەسەریدا بۆ ئەوەی لەدەمییەوە فەرموودەکانی مێردەکەی، پێغەمبەری خوا ببینن...

## خەڵکی بەسرە:

کاتێك دەگەرێینەوە بۆ خەڵکی بەسرە دەیانبینین کەبەسەر دوو دەستەدا دابەش بوون: عوسمانییەکان و عەلییەکان، پاشان مشتومڕ لەسەر قاچ و پێیەك لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، دیارە کە بەسرە ئەم دابەشبوونەی لەهەر ناوچەیەکی تر زیاتر بوو، چونکە شەری جەمەل تیایدا بەرپا بوو بوو، هەر دەبوو خەڵکێکی تیابوایە لەسەر رێبازی عائیشە لەخەمخۆری بۆ عوسمان، وەهەندێکی تر لەسەر رێبازی عەلی کوری ئەبو تالیب برۆن لەشۆرش بەسەر عوسمان و کۆمەڵەکەی لەبەنی ئومەییە.

بەڵام لەناوچە ئیسلامییەکانی تردا مەسەلەکە رێچکەیەکی روونتری بەخۆوە گرت بەرامبەر بەم لایەن یاخود ئەوی تر، وە زۆر بەکەمی ئەوە دەبینین کە لەبەسرەدا بینیومانەتەوە لەدابەشبوونی مەزهەبیی توندوتیژدا، ئەم دابەشبوونەش هەر دەبێت ببێتە هۆی مشت و مڕ لەسەر چەمکی حەق و بەتاڵ و ئەو پێوەرە لۆژیکانەی لەیەکتر جیایان دەکاتەوە.

سەیریش نییە کە دوای ئەمە مەزهەبی موعتەزیلەو زانستی کەلام بەدەر بکەوێت، پاشان لۆژیك وەرگێردرێ لەبەسرە پێش ناوچە ئیسلامییەکانی تر.

## رستەسازی و لۆژیك:

لەم جۆرە کەش و هەوا پر کراوە لەمشتومڕی لۆژیکیدا، رستەسازی عەرەبی پێگەیشت، کەواتە سروشتیشە رستەسازی بکەوێتە ژێر کاریگەری لۆژیك بەشێوەیەك لەشێوەکان، ئەوەش کە شایانی ئاماژەیە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە (ئیبنولموقەفەع)ی

ئەو کەسەی لۆژیکی وەرگێرا هاوڕێی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بووەو لەنێوانیاندا خۆشەویستی و سەرسوڕمان بەیەکتر هەبووە، وەلەوانەیە ئەمە لەهۆکارەکانی ئەوە بێت کە لەخەلیل بینیمان لە ئارەزووی بەتینی بۆ پێوەر (قیاس) کە لەرستەسازیدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاری هێناوە.

بەهەر حاڵ، دیارە کە رستەسازەکانی بەسرە بەوە بەناوبانگ بوون کە پێوەرکار بوون، کاتێك پلەوپایەیەکی گەورەیان دابوویە پێوەر لەدانانی بنەماکانیاندا، تا ئەوەی نازناوی ئەهلی لۆژیکیان بەسەردا برین. ئەوەش زانراوە دەربارەیان ئەوان بنەماکانیان یەکەم جار داناوە، پاشان ئەو بەڵگەو دیالێکتانەیان هەڵبژاردووە کەلەگەڵ ئەو بنەمایەنەدا دەگونجێت، ئەگەر گوێیان لەئەعرابیەك بوایە کەبەپێچەوانەی پێوەرەکانیان قسە دەکات، قسەکانیان پشتگوێ دەخستو بەهەڵەیان دادەنا، بەڵام ئەگەر پێچەوانەیان لە قورئاندا بدۆزیایەتەوە یان لەبەڵگەیەکدا کە ناکرێ هەڵەگیر بکرێ، ئەو کاتە پەنایان بۆ تەئویلو هۆکارکاری دەبرد.

مامۆستا ئەحمەد ئەمین دەربارەی رستەسازەکانی بەسرە دەڵێت: "ئەوان پێوەریان بەچاك زانیوەو باوەڕیان بەدەسەڵاتەکەی هەبووەو لەسەری رۆیشتوونو جگە لەوە بە بەزایەچوویان داناوە، ئەگەر دوو زمانیان بدیایە یەکێکیان لەگەڵ پێوەردا دەرواتو ئەویتریان لەگەڵیدا ناروات، ئەوەیان بەچاکتر دەزانی کە لەسەری دەرواتو بەهای ئەوانی تریان لاواز دەکرد، ئەوان لەراستیدا دەیانویست زمان رێك بخەن با بەزایەدانی هەندێکیشی بێت. هەروەها ویستوویانە ئەوەی لەعەرەب دەبیسترێ کەپێچەوانەی ئەو ریکخستنە بێت بەکۆمەڵە مەسەلەیەکی شەخسیو لاوەکی دابنرێتو لێبوردنیان تیایدا لەسەر دەکردو لەنموونەی تریدا ئەو لێبوردنەیان نەبووەو پێوەری لەسەر ناگرن بۆ ئەوەی شتەکە زۆر نەبێو بنەماو رێکخستنەکان نەدات، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر نەیانتوانی شازەکان تەئویل بکەن، تەئویلێك کەلەگەڵ بنەماکانیاندا بگونجێت، با لەخۆکردنیشی تیادا بێت.

## رستەسازی لەکوفەدا :

دوای ئەوەی لەبەسرەدا پێگەیشتو نەشو نمای کرد، خەڵکی کوفەیش وەریان گرت، هەر لەوێدا قوتابخانەیەکی رستەسازی بەدەرکەوت کەخاوەنی شەقڵی تایبەتی خۆی بوو، ئەو کاتە رستەسازەکانی کوفە رەخنەیان لەرستەسازەکانی بەسرە دەگرت لەمەسەلەی ملکەچیی رستەسازی بۆ پێوەر، لەوەدا گفتوگۆیەکی توندوتیژیان لەگەڵدا دەکردن، هەندێ جار دەبوویە هۆی نەیاریکردنو خوێنڕژانیش. خەڵکی کوفە دەڵێن مەسەلە رستەسازییەکان رێگایان گوێگرتنو خوێندنەوەیە نەك وردبینی لۆژیکی لەپێوەردا، ئەوان دەیانەوێت لە بریارە رستەسازییەکاندا ملکەچی چێژی سروشتی بن، پێشنیاری گۆڕانی ئەوەیان دەکرد بەبێ هەستکردنیان بەسروشتی زمان لە رووی حوکمە عەقڵیو پێوەرە لۆژیکییەکانەوە.

ئەگەر کوفییەکان گوێیان لە نموونەیەکی شازی ئەعرابییەکەوە بوایە وەریان دەگرت، چونکە ئەوە لەروانگەی ئەوانەوە دیالێکتێك دەنوێنێ کە پێویستە حسابی بۆ بکرێت، بۆیە بەزایەدانی ئەم نموونە شازە بەزایەدانی لایەنێکی زمانەوانییە کە لێکۆڵینەوە بە بێ ئەو تەواو نابێت.

بێگومان خەڵکی کوفە گەشەیان بە رستەسازی دەکرد لەسەر بنەرەتی رێزگرتنی بەرامبەری تەواو بۆ هەموو ئەوەی لە بیابانی عەرەبەوە دەردەچوو، وەك ئەوەی خەڵکی بیابان بەپارێزراو لەهەڵە دابنێن، بەڵام خەڵکی بەسرە بەشێوەی کۆکردنەوەو هەڵبژاردن دەیان روانییە خەڵکی بیابان، هەروەها پاکیان رانەدەگرتن لەهەڵەو هەڵەی زمانەوانیو بنەماکانیان بەپێوەر لەسەر گشتییەکی زاڵ لەزمانی ئەعرابدا دەردەهێنا، کاتێك ئەگەر شازگەلێکیان تیادا بدۆزیایەتەوە بەزایەیان دەداو پێوەریان لەسەر نەدەکرد.

## ئاکامی ململانێکە :

ململانێی نێوان خەڵکی بەسرەو کوفە وردە وردە بەتێپەراندنی رۆژ دەستی کرد بەخامۆش بوون، دیار بوو کەهەردوو قوتابخانەکە چوونە ناو یەكو ئاوێتە بوون و

بوونە یەك قوتابخانە، ئەمەش لەبەدبەختی رستەسازیی عەرەبی بوو.

ئەوە شایستە تر بوو بۆ رستەسازە دواینەكان كە شوێنی یەكێك لەو دوو قوتابخانەیە بكەون و ئەویتریان پشتگوێ بخستایە، بەڵام بینیمان كە بیروڕای هەردوو لایان پێكەوە وەردەگرین و بەمامۆستای خۆیانیان دادەنان و دەیانكردنە پێشەنگ لەرستەسازیدا بەبێ جیاوازی. بەمەش هەڵێكی گەورەیان لەرستەسازی ون كرد كە پێویست بوو بەو هەلە رستەسازی لەو تەنگەژەیەی دواجارتیی كەوت رزگاری ببێت.

لەلایەكەوە رستەسازەكان لاسایی قوتابخانەی كوفەیان دەكردەوە لەمەسەلەی بایەخدانیان بەوەی لەئەعرابی بیابانەوە دەگێڕرێتەوە. پاشان لەلایەكەی ترەوە لاسایی قوتابخانەی بەسرەیان دەكردەوە لەبایەخدانیان بەپێوەر. بەدەربرینێكی تر ئەوان گرنگییان دەدا بەهەموو ئەوەی لەبیابانەوە بۆیان دێت لەبەڵگەشازو ناشازەكان. پاشان پێوەریان لەسەر دەكردن، بەمەش بنەماكانی رستەسازی لەباروودۆخی كۆتاییەكەیدا زۆر ئاڵۆزو چڵ و پۆدار بوو، بەمەش دووركەوتەوە لەوەی سەلیقەی فێری دەیخوازێت لەسادەكاری و روونی.

ئەوەش لەبنەماكانی رستەسازی ئێستای بەردەستمان دەكۆڵێتەوە بەلێكۆڵینەوەیەكی بابەتیانە، هەست دەكات كە كۆمەڵە بنەمایەكی دەستكردی ناسروشتییە، مەعقولیش نییە مرۆڤێك لە سەر ئەم زەوییە قسەی پێ بكات.

## راپەڕینێكی رستەسازیانە:

لەهیچ حاڵەتێكدا مێژووی رستەسازی خاڵی نەبووە لەكۆمەڵە راپەڕینێكی بچووك، كە بەرێبازی كوفەدا بڕوات لەروبەڕووبونەوەی بەكارهێنانی پێوەری لۆژیكی لەرستەسازیدا.

ئەبو حەیانی تەوحیدی لەكتێبی وەرگێراوەكان (المقابسات)دا باسی هەندێ لەو روانكارییانەمان بۆ دەكات كەلەسەدەی چوارەمی كۆچیدا نمایش دەكران و گفتوگۆكان تیایدا بەدەوری لۆژیك و رستەسازیدا دەخولایەوە، هەروەها خەریكە لە دوو توێی ئەو روانینكاریانەدا (مناظرات) هەست بەو ململانێ فیكرییە بكەین، لەو

ململانێ دەچێت پێش دوو سەدە لەنێوان بەسرەو کوفە رووی دابوو، دیارە کە هەندێ لەوانەی بەشدارییان تیادا دەکرد، دەیانویست شێوازەکانی زمانی عەرەبی لەناو قاڵبەکانی لۆژیکی ئەغریقیدا بتوێننەوە، لەکاتێکدا هەندێکی تریان دەیەوێت شانازی بەتایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبییەوە بکات و نارازییە بەملکەچ پێکردنی بۆ لۆژیکێکی نامۆ بەخۆی. هەروەها لەمەغریبیش، لەسەردەمی یەکتاپەرستەکان (موحدین)دا، گەورەترین راپەریو بەسەر رستەسازی عەرەبیدا بەدەرکەوت، ئەویش (ابن مضاء القرطبي) بوو، ئەم پیاوەش سێ کتێبی نووسی: (١) دەرەوشاوەنەوە لەرستەسازیدا، (٢) پاك راگرتنی قورئان لەو رەوانکاریانەی شایستەی نییە، (٣) بەرپەرچ دانەوەی رستەسازەکان. بەم کتێبانەشی هەوڵی دا رستەسازی سیبەویهو پێوەرەکانی بڕوخێنێت.

گومانیش وایە کە لێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان بیروڕای (مەزا)و رای ئیبراهیم مستەفادا کەلەوتارێکی رابردوودا ئاماژەمان پێدا، بەڵام بیروراکەی (ابن مضاء) سەرکەوتنی بۆ بەنسیب نەبوو، چونکە خاڵکی شەیدای رستەسازییەکەی سیبەویهی بوو بوون، بۆیە ئیبن مەزا و جگە لەویش نەیتوانی وازیان پێ بهێنێت.

## ئیبن مالیك:

لەسەدەی حەوتەمیشدا ئیبن مالیك دەرکەوت، ئەم پیاوەش لەرستەسازیدا ناوبانگی سیبەوەیهی پەیدا کرد، هەروەها چاکەی ئەوەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە رستەسازیی تیرژاندە ئەم قاڵبە دوایینەی و بەستی، ئەوە بوو ئیبن مالیك رستەسازی سیبەویهی رێکخستەوەو رووونی کردەوەو بەش بەشی کردو لەزەینی خەڵکەکە نزیکی کردەوە.

هەروەها لەکارەکانی ئیبن مالیك ئەوە بوو کە لەرستەسازیدا (ئەرجوزە) شیعرێکی دانا کە لەهەزار بەیت پێك هاتبوو، تیایدا بنەماکانی رستەسازیی کۆکردبوویەوە، هەزارەی ئیبن مالیك (الفية ابن مالك) ناوبانگێکی فراوانی پەیدا کردوو بەختێکی گەورەی هەبوو، بگرە زۆربەی خوێندەوارانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەبەریان کردبوو، وە

بوو بووە سەرچاوەیەك بۆ خوێندكارانی رستەسازی لەوەی جیاوازییان تیایدا هەبوو، بۆ ئەمەش رونكردنەوەی زۆری لەسەر بەریا بوو.

بەردەوام قوتابخانە ئایینیو زمانەوانییەكانیش تا ئەمرۆمان هەزارەی ئیبن مالیك بەبەشێكی گرنگی میتۆدی خوێندنی خۆیان دادەنێن، بۆ قوتابی بەسە كە هەزارە لەبەر بكات بۆ ئەوەی خۆی بەزانای عەللامە دابنێت لەرستەسازیدا، هەر ئەوەندەی رەخنەگرێك رەخنە بگرێت ئیتر خێرا زانا تێگەیشتووكە بەیتێك لەهەزارە دەردەهێنێو پێی بێ دەنگی دەكات.

رستەسازەكان پێش دەركەوتنی هەزارە دەیانتوانی توێژینەوەو مشتومڕ بكەن لەسەر هەندێ بنەمای رستەسازیو رێوشوێنەكانی. بەڵام هەر ئەوەندەیان زانی كە ئەو رێوشوێنە رستەسازییانەیان بینی بەچەند بەیتێك لەشیعر كۆت كراون، ئیتر ملكەچی بوونو بێ دەنگ مانەوە. هەروەها دەتوانم هەزارەی ئیبن مالیك بەسەرەتای سەردەمێك دابنێم كە تیایدا رستەسازی عەرەبی چوویە ناو قۆناغی دۆگمابوونەوە.

### دارشتنەوەی كۆتایی:

توێژەرە تازەكان تێبینی ئەوەیان كردووە كە ئەو دارشتنەوە كۆتاییەی رستەسازی عەرەبی تیا وەستاوەو كەوتووەتە ژێر كاریگەری لۆژیكی ئەرستۆتالیسی، بەشێوەی كاریگەرییەكی گەورە، دكتۆر ئیبراهیم بەیومی مەدكور دەڵێت: بێگومان رستەسازیی عەرەبی لەدوور یان نزیك كەوتووەتە ژێر كاریگەری ئەوەی لەسەر زمانی ئەرستۆوە هاتووە لەكتێبە لۆژیكییەكانیدا، دەربارەی بنەما رستەسازییەكان، كەبەراستی لۆژیكی ئەرستۆتالیسی كاری كردووەتە سەر رستەسازی لەدوو لایەنەوە: یەكێكیان بابەتییەو ئەوی تریان میتۆدییە، ئەوەشیان ویستووە بەپێوەری رستەسازیانە كەبەو شێوەیەی پێوەری لۆژیكی دەیەوێت دابنرێتو دیاری بكرێت.

ئەوەی سەرنج راكێشە لەكتێبەكانی رەخنەسازە دواینەكاندا ئەوەیە كە ئەوان لەتوێژینەوەكانیاندا رێچكەی لۆژیكناسەكانیان گرتووەتە بەر و زۆر جار دەبینین كە ئەو یاسا لۆژیكیانەی ئەرستۆ هێناونی زاڵە بەسەر عەقڵەكانیاندا، وەك ئەوەی كەوای

بۆ دەچن ڕێوشوێنە ڕستەسازییەکان لەسەر هەمان شێوە دەڕوات کە دیاردەکانی بوونەوەری لەسەر دەڕوات. هەروەها ئەوەش شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو یاسا لۆژیکییە کۆنانە دواجار مایەپوچییان دەرکەوتن، چونکە ئەو ئەمڕۆ بۆ لێکدانەوەی دیاردەکانی بوونەوەر ناشێت، بەڵام هاوەڵەکانمان بەردەوام هەر سوورن لەسەر پابەندبوون پێیانەوە، هەروەها ئەوان بەوەندەش واز ناهێنن کەتەنها لەڕووی میتافیزیکییەوە پشتیان پێ ببەستن، بەڵکو دەبینین پشتیان پێ دەبەستن لە شیتەڵکاری بنەما ڕستەسازییەکانیشدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە بەشێوەیەک دەڕۆین کە لە کاروانی جیهانیی بەچەندین قۆناغ دواکەوتووین.

## تیۆری کارگێری ( العامل ) لەڕستەسازیدا :

لە یاساکانی لۆژیکی کۆن ئەوەیە کە بۆ هەموو شتێك هۆکارێك بۆ هەر ڕووداوێك ڕوودەرێك هەیە، ئەمەش لای لۆژیکییەکان بەیاسای هۆکارکاری (السببية) ناسراوە. پاشان ڕستەسازەکان شەیدای بوون و کردیانە بنچینەی کارەکەیان، هەر لێرەوەش تیۆری هۆکار لایان دروست بوو، کە تیۆرێکە بەشێکی گەورەی لەکتێبەکانیان داگیرکردووەو بەگرنگترین بابەت دادەنرێت لایان.

ئەم تیۆرەی هۆکارەش بەدەوری ئەو هۆیەدا دەسوڕێتەوە کەوا دەکات لەوشە بۆردار یان سەردار یان ژێردار بێت. چونکە ڕستەسازەکان وای دەبینن کە جوڵانەوە ئیعرابییەکان لەوشەدا جار دوای جار دەگۆڕێت بەپێی سیستمێکی یەك لەدوای یەك، پاشان وتیان ئەم ئاڵوگۆڕەش پیشاندانی ڕووداوێکە کە هەر دەبێ ڕوودەر (محدث)ێکی هەبێت، وەك لۆژیکییەکان دەڵێن. کەواتە ئەو ڕوودەرە چییە؟ وە لە گەرانیشدا بەدوای خاوەنی ئەو ڕووداوەدا ڕستەسازەکان تێکەڵکاری دەکەن و کوێرانە تێی دەکەون.

پاشان بۆ ئەو وتەیە ڕۆیشتوون کە کۆبوونەوەی دوو کارا لەسەر کارپێکراوێك ناگونجێت، ئەوان لەوەدا پشت بەیاسای نادژایەتی (عدم التناقض) دەبەستن کە لەلۆژیکی کۆندا هاتووە، ودەڵێن: ئەگەر دوو بکەر لەکارێکدا پێك هاتن ئەنجامێکی

بەدەستهاتوو پێویست دەبێت کەمەحاڵە، بەڵام ئەگەر جیاوازبوون هەردوو پێچەوانەکە لە کارپێکراوێکدا کۆدەبنەوە، بەشێوەیەك بۆ نموونە سەردار یان بۆردار دەبێ لەیەك کاتدا، ئەمەش دیسان مەحاڵە.

## سروشتی کارگێڕ (العامل):

ئەگەر ئەوان کارگێڕیان بەشتێکی مەعنەوی دابنایە توێژینەوەکانیان بەهادار دەبوو، بەڵام ئەوان سوکایەتییان بەهۆکاری مەعنەوی کردووەو کارگێڕی لەفزییان بەسەردا پەسەندتر کردووە، ئەوان بۆرداری بکەر (رفع الفاعل) دەگێڕنەوە بۆ کردارەکەی پێش خۆی، لەکاتێکدا چاکتر بوو بۆیان بیگێڕنەوە بۆ کارگێڕیو پشتگیری. وەك چۆن رستەسازەکان لەزمانە تازەکاندا دەیکەن.

جارێکیان مشتو مڕێك لەنێوانیاندا دروست بوو لەسەر ئەو هۆکارەی وای لە نیهادو گوزارە (المبتدأ والخبر) کردووە بۆرداربن، کوفییەکان وتیان هۆکاری بۆرداری نیهاد بریتییە لە گوزارە، هەروەها هۆکاری بۆرداریی گوزارە نیهادەکەیە، بەسرییەکانیش لێیان هاتنە رەخنەو وتیان: بێگومان هەردوو وشەکە کاری خۆیان ئاڵو گۆڕ ناکەن کە هەردووکیان کاراو کارپێکراو بن لەیەك کاتدا، بەڵگەی بەسرییەکان لەمەدا ئەوەیە کە شتێك لەیەك کاتدا نابێتە هۆکارو بەرەنجام، ئەمەشیان دیسان لە لۆژیکییەکانیانەوە وەرگرتووە.

هەروەها لەو بیروباوەڕانەی (ابن مضاء القرطبي) بانگەوازی بۆ دەکردن بۆ چاکسازی لە رستەسازیدا بریتی بوو لەهەڵگرتنی تیۆری هۆکار لەبنەڕەتدا، بەڵام هاوارەکەی گوێیەکی بیسەر وەری نەگرت، هەر لە لانکەی خۆیدا بەداخەوە مرد.

## خەمڵاندنی کارگێر:

گران دەبوو لەسەر رەخنەسازەکان کە بۆ هەر جوڵەیەکی ئیعرابی کارگێڕێکی لەفزی کە پێش خۆی بێت بهێنن، لەبەر ئەوە پەنایان بردە بەر خەمڵاندن (تقدير)، لەم بوارەشدا کاریان گەیشتە پلەیەك لە گەوجی کە قبوڵ نەکراو بێت، بۆ نموونە ئەگەر

رستەی (زیداً رایتە)ت بهێنایەتەوە بۆیان پرسیارت لەو هۆکارە بکردایە (زیداً)ی سەردار (منصوب) کردووە، وەڵامیان دەدایتەوە کە کردارێکی شاراوەیە و تەقدیرەکەی (رأیت)ە، بەمەش رستەکە لای ئەوان دەبوو بە (رایت زیداً رایتە).

هەروەها ئەگەر ئەم ئایەتە قورئانیەت بهێنایەتەوە بۆیان (وان احد من المشركین استجارك)، پاشان پرسیاری ئەو هۆکارەت بکردایە کە (أحدٌ)ی کردووەتە بۆردار (مرفوع)، وەڵامیان دەدایتەوە کە ئەوە کردارێکی نادیارەو خەملاندنەکەی (استجارك)ەیە، ئەو کاتە ئایەتەکە دەبوو بە (وان استجارك أحد من المشركین استجارك).

## دکتاتۆریەتی رستەسازەکان:

بەم جۆرە رستەسازەکان بوونە فەرمانرەواو چۆنیان بویستایەعامیلیان دەسەپاند، کەسیش رووبەروویان نەدەبوویەوە.

دەگێرنەوە رۆژێکیان کەسائی لە کۆرێکی دانیشتنی رەشیددا بووەو چەند بەیتە شیعرێکی خوێندووەتەوە، (ئەسمەعی)یش لە کۆرەکەدا ئامادەبووەو ویستوویەتی ململانێی کەسائی بکات لە زانستی رستەسازییەکەیدا، بۆیە رەخنەی لەوشەیەك گرت کە کەسائی بە بۆرداری هێنا بووی، پاشان کەسائی هێرشی کردە سەری و وتی: "وسبە، تۆ چیتە بەمەوە..." پاشان دەستی کرد بەخۆهەڵکێشان بەسەر ئەسمەعیداو وشەکەی بە (مەنسوبی و مەرفوعی و مەجروری) دەهێنا، هەروەها بەتوانا بوو لەوەی چی دەوێت لەهۆکار لەو پێناوەدا دایبهێنێت. ئەسمەعی بێدەنگ بوو، بەمەش پلەوپایەی لەبەرچاوی ئەمیری موسڵمانان هاتە خوارەوە.

دیسان دەگێرنەوە کەیەکێك لەئەمیرەکانی بەنی ئومەییە پرسیاری لە رستەسازێك کردووە دەربارەی ئەو هۆکارەی کە (مستثنی)ی سەردار (منصوب) کردووە لەنموونەی (قام القوم إلا زیداً)، رستەسازەکە وتی: هۆکاری نەسبەکە لابراوە و خەملێنراوە بە (استثنی زیداً)، ئالێرەدا ئەمیر بەرپەرچی دایەوەو وتی: بۆچی ناکرێ بەهۆکارێکی تر بخەملێنرێ جگە لەم هۆکارە سەردارە، بەو جۆرەی خەملاندنەکەی

(امتنع زیداً)، بەمەش زەید دەبێتە مەرفوع. رستەسازەکەش بێ دەنگ بوو. پێ دەچێ رستەسازەکە بۆیە بێ دەنگ بوو، چونکە بەرپەرچ دەرەوەکە سوڵتانێکە لێ ئەدات و دەیکوژێت، ئەگەر بەرپەرچدەرەکە پیاوێکی چەوساوەی وەک ئەسمەعی بوایە، رستەسازەکە دەستدرێژی دەکردە سەرو پێی دەوت:" وسبە، تۆ چیتە بەمەوە..".

***

"وتاری بیست و یەکەم"

# زمان و جیاوازی چینایەتی

لە وتاری پێشوودا بینیمان کە چۆن سوڵتان و خۆشگوزەرانەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیدا رستەسازەکانیان لەخۆیان نزیک دەخستەوەو هانیان دەدان کە بنەماکانیان ئاڵۆز بکەن و ماڵ و سامانی زۆریان دەرژاند بەسەریاندا، ئەوان هەر کە دەیانبیست پیاوێك رستەسازی فێر بووەو باش دەزانێت خۆی پێوە هەڵبکێشێت، ئیتر خێرا رایاندەکێشا بەلای خۆیانداو ئەرکی پەروەردەی کورەکانیان بەوان دەسپارد.

ئەمەش مەسەلەیەکە جێگای سەرسورمانە، چونکە ئێمە دەزانین کە خۆشگوزەرانەکان بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵە تەمەڵێکن، ئەوان پێیان خۆش نییە هەوڵ بەخۆیان بدەن یان ئەرکێکی پێ بسپێرن گران یان ماندووکەر بێت، کەواتە ئەو هۆکارە چییە وایان لێ دەکات سوور بن لەسەر ئاڵۆزکردنی زمانەکەیان، هەروەها تێکۆشانی خۆیان و رۆڵەکانیان بۆ فێربوونی؟

**تیۆری فەبلن:**

توێژەری کۆمەڵایەتی ناسراو مامۆستا فەبلن خاوەنی تیۆرێکە لەم بابەتەدا کە بە تیۆری چینی دەستبەتاڵەکان (نظرية الطبقة الفراغية)، ئەم تیۆرەش رەواجێکی گەورەی لەم دواییانەدا لە ناوەندە زانکۆییەکاندا بەدەست هێنا، کورتەکەی ئەوەیە کە خۆشگوزەران و کوڕانی دەست بەتاڵەکان، بەهەموو توانایان هەوڵ ئەدەن بەدیاردەو دروشمەکان خۆیان جیا بکەنەوە لە رۆڵەی چینەکانی تری دنیا، هەروەها سوورن

لەسەر ئەوەی کە ئالۆزو گرانبەها بێت بۆ ئەوەی هەژاران نەتوانن کێبەرکێیان لەگەڵدا بکەن لەسەری. بێگومان کەسی خۆشگوزەران ئەوەندە سامان و دەستبەتاڵیی هەیە کە جوانی و رواڵەتی دەست بخات، کە گران بێت لەسەر هەژاران لاسایی کردنەوەیان. بەمەش دەتوانێت خۆی بەسەریاندا رابگرێت و هەست بەجیایی بکات لەوانی تر، ئەو بەپۆشاك شوێنی نیشتەجێی ولاخەکانی دەرازێنێتەوە، هەژارانیش بۆی دەروانن و بەسەرسامی و سەرسورمانەوە دەمیان دەکەنەوە. ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێت کە خۆشگوزەران بە بەدیهێنراوێك لە قوڕ دابنێن جیا لەو قوڕەی ئەوان و ئەو چاکترە لەوان لە زیرەکی و زانست و خوڵقاندا. لەراستیدا خۆشگوزەران لە حەقیقەتی خۆیدا جیاوازی نییە لە تەواوی خەڵکەکەی تر، چونکە ئەگەر رواڵەتە گرانبەهاکانت لەسەر هەڵگرت ئەویش دەبێتە یەکێك لەو خەڵکە، هەر لەبەر ئەوەیە خۆی نەخش و نیگار دەبریسکێنێتەوە بۆ ئەوەی حەقیقەتی خۆی لەبەرچاوی خەڵك ئاشکرا نەبێت.

هەروەها خۆشگوزەران بەشێوەیەکی تایبەت سوورە لەسەر بایەخ دان بەو مەسەلانەی سوودێکیان نییە، بۆ ئەوەی گرانیی لاسایی کردنەوەی ئەوان لە لایەن هەژارانەوە زیاتر بێت، چونکە هەژارەکان خواستی بژێوی خەریکی کردوون لەوەی هەوڵ بۆ دەستهێنانی شتێك بدەن بۆ کاروباری ژیانیان سوودی نەبێت. هەر لەمەشدا خۆشگوزەرانەکە دەتوانێت خۆی بەسەریاندا هەڵبکێشێت و لەوەی پێی دراوە لەپێگەی باڵا.

هەروەها خۆشگوزەران لەو پێناوەدا تەنها بەرازاندنەوەی پۆشاك و ولاخ و شوێنی نیشتەجێ و نەریتەکانی خواردن و خواردنەوە واز ناهێنێت، بەڵکو ئەو لەسەرووی ئەوانەشەوە دەچێت بۆ زمانەکەی و گرانی دەکات و دەیکاتە خاوەنی کۆمەڵە رێوشوێنێکی ئالۆز، هەتا ئەگەر لە دانیشتنێکدا قسەی کرد ئاخاوتنی گەورە و ئاوازداری وەها دێنێ عەقڵەکان واقیان وڕدەمێنێ. هەژارەکانیش بەم قسانە فریو دەخۆن و وا دێ بەخەیاڵیاندا کە پڕە لەواتای بەرزی وەها کە عەقڵی ئەوان دەستەوەستانە لە تێگەیشتنیان. بەهەر حاڵ خۆشگوزەرانەکەش هەر ئەمەی دەوێ.

## مۆدەی پۆشاکی ژنانە:

دەتوانین زمانی خۆشگوزەرانەکان بەو مۆدە پۆشاکییە ژنانیانە بچوێنین کە لەئەمرۆماندا ئافرەتان هۆگری بوون، چونکە ئافرەتی دەوڵەمەند گوێ بەوە نادات کە مۆدە تازەکەی بەسوود بێت یان جوان، بەڵکو هەموو خەمی خۆی بۆ ئەوەیە پۆشاکێکی وای هەبێت گرانبێت لەسەر هاوڕێکانی لەوەدا بتوانن بەرێگادا بڕۆن، زۆر جاریش مۆدە تازەکەی ناشرین ترە لەوەی پێشتری، بەڵام ئافرەتەکە خێرا دەکات بۆ وەرگرتنی لەبەرئەوەی دەگمەن و گرانبەهایە، چونکە مەبەست پێی خۆهەڵکێشانە نەك قازانج. لەبەرەئەوە پارەکانی باوکی یان مێردەکەی لای بەرگدرووەکان دەبەخشێتەوە بۆ ئەوەی دواتر بێتە دەرەوەو بە شانازییەوە بڕوات و لوتی روو لەئاسمان بکات.

هەر ئەوەندەی مۆدەکە بەناو ژناندا بڵاو دەبێتەوەو لاسایی کردنەوەی ئاسان دەبێت، ئیتر خێرا هاوڕێ بەخشندەکەمان بەرەو بەرگدرووەکان دەڕوات و هانیان دەدات بۆ ئەوەی گرانبەهاترو بەدەستخستنی نارەحەت ترە، داهێنەرانی مۆدەکانی جل و بەرگیش ئەم گەوجییە ژنانەیە دەقۆزنەوەو لەهەموو ماوەیەکی کورتدا بەمۆدەیەکی گرانبەهای نوێوە بۆیان دەردەچن، لەئەنجامی ئەمەشدا هەوڵێکی مرۆیی زۆر بەزایە دەچێت.

## جیاکارییە زمانەوانییە هاوچەرخەکان:

لەهۆکارەکانی جیاکاری زمانەوانی کە هەندێ لەخۆشگوزەرانەکان لە ئەمرۆماندا پەنای بۆ دەبەن ئەوەیە کە ئەوانە گفتوگۆکانیان پڕ دەکەن لەوشەگەلی بیانیی تەم و مژاوی، ئەمەش لای ئەوانە دەردەکەوێت کەقەدەر بۆی رەخساندوون لەزانکۆکانی رۆژئاوادا بخوێنن، ئەوانە هەر ئەوەندەی گەرانەوە بۆ نیشتیمانەکەیان ئیتر قسەکانیان پڕ دەکەن لە کۆمەڵە زاراوەیەکی وەرگێراو لە دەوروبەرە رۆژئاواییەکە، هەروەها لە دەربڕینیاندا هەست بەجۆرێك لە خۆبەزلزانی دەکەن، بەتایبەتی کاتێك دەبینن یەکێك لەخەڵکە عەوامەکە گوێی بۆ دەگرێت.

ئەم دیاردەیەش لەدەوروبەرە رۆژئاواییەکەدا بوونی هەیە، کاتێک کە چینە ئەرستۆکراتەکان شێوە زاری تایبەت بەخۆیان بەکاردەهێنن و جیایان دەکاتەوە لە زۆرینەی خەڵکەکەی تر، بۆ نموونە لەبەریتانیا شێوەزارێك (لهجە) هەیە بەناوی شێوەزاری ئیکسفۆردی، کەجیاوازە لە شێوەزاری خەڵکە گشتییەکە لە گەورەیی و گرانیی قسە پێکردنی، خەڵکیش لەوێ هەوڵ دەدەن ئەم شێوەزارە فێر بن بۆ ئەوەی لەرواڵەتی رۆشنبیری خانەدانی وەچاخزادەدا خۆیان دەربخەن. کەسیش ئەمە ناتوانێت تەنها ئەوانە نەبێت لەخێزانێکی دەوڵەمەندن و فرسەتی ئەوەیان بۆ رەخساوە لەزانکۆ راقییەکاندا بخوێنن.

بەرنادشۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا گاڵتەی بەم شێوە زارە کردووە لە کتێبەکەیدا (بجالیوت)، لەم کتێبەدا یەکێك لە زمانەوانەکان دەبینین کە کچێکی هەژاری سەرشەقام دێنێت و ڕای دەهێنێت لەسەر دەربرینی زل و ئاوازدار، دوای ئەوەی رایدەهێنێت و فێری دەکات لە ئاوەندە دەوڵەمەندەکاندا پێشکەشی دەکات، ئیتر لەوێ پێگەیەکی باڵای دەست دەکەوێت و خەڵك وا گومان دەبەن کە لە خاوەن خوێن شینەکانە...

ئەوەی شایانی باسە لەم بۆنەیەدا، ئەوەیە کە جیاکاری زمانەوانی بڵاونابێتەوە تەنها لەکۆمەڵگەی چینایەتیدا نەبێت. هەر کاتێك جیاوازی چینایەتی لەناو خەڵکدا کەم بوویەوەو بنەماکانی یەکسانی و دیموکراسی بڵاوبوونەوە، بایەخدانی خەڵکیش بە خۆهەڵکێشانی زمانەوانی کەم دەبێتەوەو زمان دەبێتە هۆکاری تێگەیشتن نەك خۆهەڵکێشان و خۆبەزلزانی.

ئەو وتەیەش دروستە کە ئەو کۆمەڵگەیەی جیاوازی گەورەی بەخۆوە گرتووە لە پۆشاکی خەڵك و شوێنی نیشتەجێ و ڵاخسوارییاندا، هەروەها جیاوازییەکی ئاشکرایشی بەخۆوە گرتووە لەنێوان زمانی خەڵکە سوك و سەلیمەکان و خۆشگوزەرانەکاندا، چونکە زمانیش بەم پێوەدانگە جیا نییە لەهەر رواڵەتێکی تر لە رواڵەتەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

## جیاکاری زمانەوانی لای عەرەب:

بێگومان یەکەم رواڵەت لە رواڵەتەکانی جیاکاری زمانەوانی لە مێژووی عەرەبدا لەمەککە دەبینینەوە، پێش نێردەی موحەممەدی. چونکە مەککە لەو کاتەدا شارێکی بازرگانی بووەو خەڵکی هەموو نەتەوە جایاجیاکانی تیادا تێکەڵ دەبوون، قورەیشیش خۆی بەخانەدانترین تیرەی عەرەبی دادەنا، چونکە ئەوان پارێزەری بتەکان و بتەوانەکانی ماڵی خوا بوون، لەبەرئەوە قورەیش هەوڵی ئەدا بە چەندین رواڵەت لەوانیتر جیاواز بێت، لەوانە زمان.

بێگومان تێکەڵاوی خەڵکی لە مەککەدا دیارە دەبوویە هۆی بڵاوبوونەوەی هەڵەی زمانەوانی و بیانیی عەجەمی تیایدا، ئەمەش پاڵی بە قورەیشەوە نا کە هەر لەمنداڵییەوە کورەکانیان بنێرن بۆ بیابان بۆ ئەوەی لەوێ فێری ئیعراب و زمانپاراوی بن، ئەمەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی جیاوازییەکی گەورە لەنێوان زمانی کورانی خانەدانەکان و کورانی ناکەسەکان (هەژاران).

ئەوە بوو مەوالی و حەبەشیەکان و هەژاران لە خەڵکی مەککە نەیاندەتوانی کورەکانیان بنێرن بۆ بیابان، چونکە ئەوە پێویستی بە پارە هەبوو، پارەش لای ئەوان دەست نەدەکەوت، کەواتە ئەوان ناچار بوون زمانەکەیان لەدوروبەرە تێکەڵەکەیانەوە وەربگرن، بۆیە زمانەکەیان زبرو پڕ لەهەڵە دروست دەبوو، بەڵام خانەدانی قورەیشی قسەی بەزمانی دەشتەکیی ئیعراب کراو دەکرد، هەر لێرەوە خەڵك وایان لێ هات گوێیان لەپیاوێك دەگرت ئەگەر لەقسەکانیدا هەڵەی زمانەوانی بکردایە بە رسواکانیان دادەناو رقیان لێی دەبوویەوە ئەمەش لەهەندێ رووەوە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دەچوو کە لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا دووچاری هاتین، لەو کاتەشدا فەرمانبەرو دەوڵەمەندەکان منداڵەکانیان دەنارده ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی لە قوتابخانە سەربازیی و مەدەنیەکانیدا بخوێنن، دوای ئەوە کورەش دەگەرایەوەو دەربارەی مەسەلە گەلێکی نامۆ قسەی دەکرد کە خەڵکی عێراق لێی تێنەدەگەیشتن. بەمەش لەبەرچاوی ئەوان دەبوویە بلیمەتێك لەپلەیەکی باڵادا، ئەو دەربارەی تەرەقی و

مەقروب‌و روباری ئەمازۆن قسەی دەکرد، گوێگرەکانیش بەسەرسورمانەوە دەمیان دەکردەوە بۆ ئەو لێزمە زانستەی کە سنووروو کۆتاییەکی نییە. وا بیردەکەمەوە کە خەڵکی مەککە لەو رۆژگارەدا وەها دەیانڕوانییە بیابان، وەك چۆن ئێمە لەسەردەمی عوسمانیدا دەمانڕوانییە ئەستەمبوڵ. ئەوەی تیایدا فێر دەبێت پایەدار دەبێت‌و بە پەنجە ئامارەی بۆ دەکرێت. بەدبەختیش بۆ ئەو هەژارەی قسە باش نازانێت بە شێوەی ئەو خوێنەوارە نوێیە.

## هەڵەی ئەحمەد ئەمین.

مامۆستا ئەحمەد ئەمین لەم بابەتەدا تووشی هەڵەیەك بوو کە وەك ئەو هەڵەیە وا بوو پێشتر دکتۆر تەها حسەین دووچاری هات، چونکە زانایانی زمانی عەرەبی لەسەر ئەوە کۆڕان کە قورەیش لە رۆژانی نەفامیدا پاراوترین ئاخاوتن‌و پاکژترین زمانیان هەبووە، بەڵام ئەحمەد ئەمین بەم ڕایە رازی نییەو لە روانگەی ئەوەوە زمانی قورەیش نابێت بەو شێوەیە بێت چونکە زمانی کۆمەڵێك بازرگانە، بازرگانیش زمان گەندەڵ دەکات. ئەحمەد ئەمین دەڵێت: "زمانی قورەیش پاراو بووە بەڵام دروست نەبووە، وپاراوی زمان جیایە لە دروستی‌و سەلامەتییەکەی، چونکە پاراوی زمان واتە هێزی دەربڕین لەوەی لەدەروونداییە، قورەیشیش خاوەنی زمانێکی پاراو بووە بەکردە، چونکە باش دەیزانی وتەکانی هەڵبژێرێت بۆ دەربڕین لەمەسەلەکانیدا، بەڵام لە رووی سەلامەتیی زمانەوە، ئەحمەد ئەمین وای پیشان ئەدات کە قورەیشیش جیاواز نەبووە لەخەڵکی هەر شارێکی تر کە زمانەکان تیایدا تێکەڵ بىن‌و هەڵەی زمانەوانی بڵاوببێتەوە.

کێشەی ئەحەد ئەمین وەك کێشەی توێژەرانی تر لە دێرینەکان وایە کە رووداوەکانی مێژوو دەخوێننەوە بەبێ لاکردنەوە بەلای هۆکارە کۆمەڵایەتییە شاراوەکانی پشتی، زۆر جار ئەمە دەمانگەیەنێتە هەڵەیەك کە ئەوان لێی بێ نیازن.

دروستە بوترێ کە زمانی قورەیش پاراوو سەلامەت بووە لەیەك کاتدا، لێرەدا مەبەستم بە قورەیش دەوڵەمەندەکانی مەککەو خانەدانەکانیەتی، ئەوانەی کورەکانیان

دەنارد بۆ بیابان بۆ ئەوەی فێری زمان بین، ئەوەش زانرابوو دەربارەیان ئەوەبوو کە ئەوان لەو پێناوەدا زمانپاراوترین خێڵ و سەلامەتترینیان لە رووی زمانەوە هەڵدەبژارد.

هەروەها قورەیش لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی بازارە ئەدەبییەکانیشی دەکرد کە ساڵانە لە نزیك مەککەوە دەبەسترا، بۆیە قورەیشییەکان دەیانروانییە شێوەزاری ئەو تیرەو هۆزانەی لەوێدا کۆببووبوونەوەو چاکترینیان تیایدا هەڵدەبژاردن، هەر لێرەوە زمانی قورەیش وەها وەسف کراوە کە پارێزراوە لە عەنعەنەی تەمیم و کەسکەسەی هەوازن و غەمغەمەی خوزاعەو تەمتەمەی حومێرو تەلتەلەی بەهراو کەشکەشەی رەبیعەو لەخلەخانیەتی فرات...

لەمەوە ئەوە بەرهەم دێنین کە قورەیش سوورە لەسەر بەرز ڕاگرتنی زمانەکەی و تایبەتمەندی زیادەی لەتیرەکانی تر. ئەو دەرگاوانی ماڵی خوایە، بۆیە دەبێت زمانەکەی شایستە بێت پێی و بەو جێگە پیرۆزەی، مرۆڤیش بەشێوەیەکی گشتی سوورە لەسەر پارێزگاریکردن لەهەموو ئەوانەی لەبەرچاوی خەڵك پلەوپایەی بەرز دەکەنەوە.

## لەکاتی دەرکەوتنی ئیسلامدا:

لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا قورەیش زەلیل بوو، وەسەری شۆڕ کرد، لەجێگای ئەویشدا چینێك دەرکەوتن کە ببنە گەورەی کۆمەڵگای عەرەبی، کە پێکهاتبوون لە خەڵکی خاوەن پێشینەو جیهادو خۆپارێزی (تقوی)، هەروەها لە نێوان ئەو چینەدا کەسانێك لە مەوالی و حەبەشیی هەبوون، لەوانەی قسەی پاراوی عەرەبیان باش دەزانی.

دەگێڕنەوە کە بانگدەری پێغەمبەر بیلالی حەبەشی لە کاتی بانگداندا شینی دەکردە سین و لە بانگەکەدا دەیوت (أسهد) لە جیاتی (أشهد)، پێغەمبەریش بەمە رازی دەبوو، وە دەیوت "سینی بیلال لای خوا شینە"، کاتێکیش مەککە ئازاد کرا بیلال سەرکەوتە سەر کەعبە دەنگی بە بانگ بەرزکردەوە، پاشان چەند پیاوێك لە قورەیش وتیان: ئایا

موحەمەد جگە لەم کۆیلەیە کەسی تری نەدۆزیوەتەوە بەسەر کەعبەوە بقیڕێنی"؟!.

بۆم هەیە بڵێم کە ئەو جیاکارییە زمانەوانییەی قورەیش خۆی پێوە هەڵدەکێشا بە دەرکەوتنی ئیسلام کاریگەرییەکەی بە تاڵ بوویەوە. لە جێی ئەویشدا جیاکاری چاکە بە باوەڕو تەقوا جێگای گرتەوە. بەمەش کۆیلەی حەبەشی بە خۆپارێزییەکەی چاکتر بوو لە گەورەیەکی قورەیشی.

## ناردنی کوڕان بۆ بیابان:

مێژوو هەواڵی کەسێکی پێ نەداوین کە لەسەردەمی موحەممەدو خەلیفە راشیدینەکانیدا کورەکانی ناردبێت بۆ بیابان بۆ ئەوەی لەوێ فێری زمان بن، هەروەها دەکرێ بوترێ کە ئەم نیشانەیە لەو سەردەمەدا وەرگەڕا، بەشێوەیەك کە شار (مەدینە) بوو بە خانەی کۆچ (دار الهجرة)، موسڵمانانیش وەها دەیانڕوانییە بیابان بە روانینێکی گاڵتەجاریانەی نەویستراو.

دوای کوژرانی عەلی کوری ئەبی تالیب و یەکلابوونەوەی مەسەلەکە بۆ بەنی ئومەییە، قورەیش گەرایەوە سروشتە کۆنەکەی لەخۆهەڵکێشانی بەزمان و ناردنی کورەکانیان بۆ بیابان بەمەبەستی فێر بوونی زمانپاراوی تیایدا. مامۆستا فلیب حەتا دەڵێت: (بەراستی بیابانی شام لەسەرەتای دەوڵەتی ئەمەویدا وەك قوتابخانەی لێ هاتبوو، منداڵی ئەمیرەکانی بۆ دەنێردرا بۆ ئەوەی تیایدا فێری زمانی عەرەبیی بێگەرد بن و مومارەسەی وتنی شیعر بکەن).

دیارە یەکەم کەسیش ئەمەی کرد مەعاویە بوو کە کورەکەی (یەزید)ی نارد بۆ بیابان، پاشان یەزید گەرایەوە بە شاعیری و قسەی شی دەکردەوە لەسەر شێوەی دەشتەکییەکی رەسەن، ئەمەش لەروانگەی هەندێ لە مێژوونووساندا لە چاکەکانی یەزید بوو. کاتێکیش مەعاویە یەزیدی لەبنەچەدا بەخۆی وابەستەکردو بوو بە برای لەئەبوسفیانەوە، زیاد حەزی کرد عوبەیدوڵای کوڕی بنێرێت بۆ لای مەعاویە، بۆ ئەوەی مەعاویە نەجابەتی برازاکەی و زیرەکییەکەی ببینێت، ئەوە بوو لە وتارێکی پێشوودا بینیمان کە چۆن مەعاویە عوبەیدوڵای تاقیکردەوەو پاشان نامەی نووسی بۆ

زیادو وتی پێی: "کورەکەت هەر ئەوەیە وەسفت کرد، بەڵام زمانی راست بکەرەوە" لەمەشدا ئاماژە هەیە بەو گرنگییە زۆرەی مەعاویە بە زمانپاراوی دەیدا.

## عەبدولمەلیکی کوری مەروان:

ئەوەی زانراوە دەربارەی عەبدولمەلیک ئەوەیە کە لەهەموو خەڵک زیاتر بایەخی بە زمانپاراوی داوەو رقی لە هەڵەی زمان بووە تیایدا، دەڵێن رۆژێکیان لەگەڵ کۆمەڵێکدا بووە کە یاری شەترەنجی لەگەڵدا کردوون، پاشان پیاوێك لە گەورەکانی خەڵکی شام مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی وەرگرت، عەبدولمەلیکیش فەرمانیدا بە غولامەکەی (بەردەستەکەی) کە بۆ رێزی کابرا شەترەنجەکە داپۆشێت، کاتێك پیاوەکە هاتە ژوورەوە لە قسەکانیدا هەڵەی دەکرد، عەبدولمەلیك وتی:" ئەی غولام پەردەکەی لەسەر لابدە، رێز لە هەڵەکەر ناگیرێت".

هەروەها رۆژێکیان پرسیار لە عەبدولمەلیك کراوە دەربارەی دەرکەوتنی پیریەتی لە شیعریدا پێش ئەوەی کاتی بێت، ئەویش وتی:" بەرزی دوانگەکانو پێشبینی هەڵەی زمان پیری کردم".

وە لە گاڵتەجارییەکانی قەدەر ئەوەیە کە عەبدولمەلیك دووچار بێ بە کورێکیەوە کە هەڵەی زۆری هەبێت لە زماندا، ئەویش ولیدی گەورەی کورەکانی بوو، ئەوە بوو وەلید ئیعرابی لە قسەکردندا نەدەزانیو زۆر جار بەو هۆیەوە دەکەوتە تەنگەژەی رستەسازیانەی پێکەنیناوییەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کەباوکی هۆگری بووەو لێی جیا نەبووەتەوەو لەبەرئەوە باوکی رێگای لە ناردنی بۆ بیابان گرتووە لە منداڵیدا، لە عەبدولمەلیکەوە دەگێرنەوە کە وتویەتی: خۆشەویستیمان بۆ وەلید زیانی پێ گەیاند کە نەماننارد بۆ بیابان".

## ناونیشانی شەرەف:

بەهەر حاڵ زمانی عەرەبیی پاراو لەسەردەمی ئەمەویدا بوو بە نیشانەکانی شەرەفو خانەدانیو پلەوپایە بەرزی، لەسەر ئەو شێوازەی کە خەڵکی مەککە

لەسەری بوو پێش دەرکەوتنی ئیسلام. هەروەها لەوتە بڵاوەکانی ئەو کاتە "هەڵە کردنی ڕێزمان عەیبەیە لەسەر شەرەف". دەگێڕنەوە کە یەکێك لە والییەکان قسەی باش دەزانی بەڵام لە ئیعرابدا هەڵەی دەکرد، بۆیە هاوڕێیەکی لەو بارەیەوە پێی وت:" قسەی خەلیفەکانم بۆ دەکەیت و هەڵەی ئاوکێشەکان دەکەیت". لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە قسەی هەڵەدار لە سیفەتەکانی بازاڕی و خاوەن پیشە دابەزیوەکانە، وەك ئاوگێڕو ئاوکێشەکان. بەڵام خەلیفەو ئەمیرەکان پێویست دەبوو لەسەریان کە جیا ببنەوە بە قسەی شیتەڵکراوی کەشخە.

دەڵێن موحەممەدی کوری سەعدی کوری ئەبی وەقاس جارێکیان قسە دەکات و لە هەڵەیەکدا تێدەکەوێت، ئیتر لە قسە وەستاو پاشان وتی: "فەوتانی، من گەرمایییەکەی هەر لە گەرومدا هەست پێ دەکەم". هەروەکو ئەوە لە ئەبی ئەسوەدی دوئەلییەوە دەگێڕنەوە کە دانەری ڕستەسازی عەرەبییە وتویەتی:" بەراستی من لە هەڵەکردندا بۆنێك دەبینم وەك بۆنی گۆشت" مانای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو لەکاتی هەڵەکردندا هەست بە بۆنێکی بۆگەناوی دەکات کە لە بۆنی گۆشتی خراپ دەچێت، وە لەوانەیە ئەمە لەو هۆکارانە بێ کە ئەبونەسوەد کردبێتی بە بیانوو بۆ دانانی ڕستەسازی عەرەبی، کە ئەو وای پیشان ئەدا کە بە دانانی ڕستەسازی ویستویەتی کۆمەڵگەی عەرەبی لە بۆنە ناخۆشەکان ڕزگار بکات، خوا پاداشتی بداتەوە.

## چەند گێڕانەوەیەکی نامۆ:

مێژوونووسان باسی هەندێ لەپیاوچاکانی سەرەتای یەکەممان بۆ دەکەن کە ئەوانیش وەك ئەمیرەکانی بەنی ئومەییە ڕقیان لە هەڵەی زمانەوانی و هەڵەکەران بووە، مێژوونوسەکان لەم بارەیەوە چەندین گێڕانەوەیان هەیە کە قبوڵ کردنیان بەبێ لێکدانەوە ئەستەمە.

لەوانەی دەیگێڕنەوە کە پێغەمبەر ڕۆژێکیان گوێی لە پیاوێك بوو هەڵەی زمانی دەکرد، ئەویش بە هاوەڵەکانی وت: "ڕێنموونی براکەتان بکەن چونکە گومڕا بووە"،

هەروەها لە ئەبوبەکرەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: "بۆ من لە کاتی خوێندنەوەدا بکەوم، پێم خۆشترە لەوەی بخوێنمەوەو هەڵە بکەم" هەروەها دەربارەی عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێن کاتێك نامەیەکی لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە پێگەیشتووە هەڵەی تیادا بووە، ئەویش بۆی دەنووسێتەوەو فەرمانی پێ دەدات کە دارێك لە نووسەرەکەی بدات، ئەوەش زانراوە دەربارەی عەبدوڵای کوڕی عومەر ئەوەیە کە لەمنداڵەکانی داوە لەسەر هەڵەی ڕێزمان.

گومانم وایە کە ئەم ڕووداوانە لەسەردەمەکانی دواییدا دروست کراون، یان لەوانەیە وەك حەقیقەتی خۆی نەیانگێڕابێتەوە، پاشان ڕستەسازەکان هاتوون و لەناو خەڵکدا بڵاویان کردوونەتەوە بۆ ئەوەی کارەکەیان پێگەیەك لەناو خەڵکدا پەیدا بکات، چونکە من باوەڕ ناکەم کە پێغەمبەر هەڵەی بە کومڕایی دانابێت، یاخود عومەرێکی دادپەروەر فەرمانی لێدانی نوسەرێك دەربکات لەسەر هەڵەیەك کە بەنەزانین تێی کەوتبێت.

هەروەها لەسەر سەلماندنی ئەم گێڕانەوانە، دەکرێ دەربارەیان بڵێین کە ئەوانە ئاماژە بەهەڵەیەك دەکەن کەواتا بکات یان ببێتە هۆی بێ باوەڕیی. ئەم هەڵەیەش لە سروشتی خۆیدا جیاوازە لەو هەڵەیەی خانەدانێکی بەنی ئومەییە ڕقیان لێی دەبوویەوەو نەویستراو بوو بەرویانەوە لە پێناوی خۆبەزلزانی و جیاوازی چینایەتیدا.

دەگێڕنەوە کە ئەعرابییەك لە کاتی خەلافەتەکەیدا هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و داوای لە یەکێك لە خوێنەران کرد کە قورئانی بۆ بخوێننەوە، خوێنەرێکیش سورەتی (بەقەرە)ی بۆ خوێندەوەو وتی" ان الله بریئ من المشرکین ورسوله" خوێنەرەکەش ئیعرابی باش نەدەزانی وشەی (رسوله) ژێردار (مجرور) کرد، بەمەش واتاکەی گۆڕا، پاشان بە دەشتەکییە سادەکەی خۆی وتی: ئایا خوا خۆی لە پێغەمبەرەکەشی بەری کردووە؟ ئەگەر خوا لە پێغەمبەرەکەی بەری بێت من لەو لێی

بەریترم" ئەمەش گەیشتەوە عومەرو ئامۆژگاری کردو ئەعرابییەکەشی بانگ کرد بۆ ڕێنمونی کردنی، وام بە بیردا دێ کە ئەو هەڵەیەی پێغەمبەرو یاوەرانی رقیان لێیبووە لەم جۆرانە بووە: چونکە ئەوانە هەڵەیەکن دەبنە هۆی شێواندنی واتاکانی قورئان، هەر لێرەوە لە فەرموودەدا هاتووە:" قسە شیبکەنەوە بۆ ئەوەی قورئانیش شی بکەنەوە".

## عومەری کوری عەبدولعەزیز:

لە عومەری کوری عەبدولعەزیز دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: "بەراستی پیاوێك لەسەر پێویستییەکی خۆی قسەم لەگەڵدا دەکات و شایستەیەتی، بەڵام هەڵەی زمان دەکات و منیش ئەو شتەی لێ دەگرمەوە، وەك ئەوەی دەنکە هەناری ترش بەدان بکرتێنم لەبێزاریم لە گوێبیستیی هەڵە، هەروەها یەکێکی تر قسەی پێویستیەکم لەگەڵدا دەکات و شایانی نییە، منیش وەڵامی ئەدەمەوە لەبەر چێژ وەرگرتنم لە قسەکانی".

ئەمەش گێڕانەوەیەکی ترە کە حەزم بە پەسەندکردنی نییە، چونکە کوری عەبدولعەزیز بەناوبانگە بە دادپەروەریی تەواو تا رادەیەك کە لە مێژوودا نموونەی کەمە، کەواتە مەعقول نییە پێویستیەکانی خەڵك بگرێتەوە یا وەڵامیان بداتەوە بە پشتبەستن بە ئیعرابی قسەکانیان.

گومان دەبرێ کە عومەری کوری عەبدولعەزیز ئەم وتە شێوازەی پێش خەلافەتەکەی وتبێ، کاتێك لە تەواوی بەنی ئومەییە بەدادو چاکە جیا نەدەکرایەوە، ئەوەش زانراوە دەربارەی لە کاتێکدا والی بوو بەسەر مەدینەوە خۆشگوزەران بوو، وە خۆی بەسەر خەڵکی تردا بەرز ڕادەگرت و دەڕۆیشت بە ڕۆیشتنێکی خۆپەسەندانە، لەوانەیە ئەو قسەیەشی لەو کاتەدا کردبێت، چونکە ئەوە نموونەی ئەو بارودۆخە خۆشە بووە تیایدا نغرۆ بووە پێش ئەوەی ببێتە خەلیفە.

## سەردەمی عەباسی:

هەروەها لەسەردەمی عەباسیدا جیاکاری چینایەتی لە زماندا رووگەیەکی نوێی

وەرگرت، لە کاتێکدا کە خانەدانەکانی سەردەمی ئەمەوی کورەکانیان دەنارده بیابان، لەسەردەمی عەباسیدا لە کۆشکەکاندا دەیانهێشتنەوەو مامۆستایان بۆ دەهێنان، بۆ ئەوە تیایاندا فێری زمانی ئیعراب کراویان بکەن.

دیار بوو کە ئەمەوییەکان لە عەباسییەکان لە ڕۆحی بیابانەوە نزیکتر بوون، بەڕای هەندێ لە توێژەرانیش عەباسییەکان رقیان لەعەرەبی بیابان بووەو بە دوژمنی سروشتیی خۆیانیان زانیوە، لەوانەیە ئەمەش لەو هۆکارانە بووبێت کەوای لە عەباسییەکان کردبێت کوڕەکانیان نەنێرن بۆ بیابان بۆ فێربوونی زمان.

هەروەها پێدەچێ هۆکارێکی تر زیاتر لەوەش هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی لەسەردەمی عەباسیدا لە ژیانی شارستانی و خۆشگوزەرانیدا ڕۆچوو بوون، بەشێوەیەك گران بوو لەسەریان کوڕەکانیان لە بیابان نیشتەجێ بکەن لە پێناوی فێربوونی زماندا.

کەواتە بارودۆخ هەر چۆن بێت کۆشکی خەلیفەو ئەمیرەکان بوویە جێ مەبەستی ڕستەسازەکان هەر بۆیە شاعیران و گۆرانیبێژان و کۆیلەفرۆشەکان بۆیان دەهاتن، زۆر جاریش لە کۆڕە دانیشتنەکانی خەلیفەکاندا مشت و مڕ لەنێوان ڕستەسازەکاندا ڕووی دەدا لەسەر ئیعرابی وشەیەك، ئامادەبووانیش دابەش دەبوون بەسەر دوو سەربازگەی نەیاردا، هەروەها هەندێ جار خەلیفە خۆیشی بەشداری مشت و مڕی دەکرد.

دەگێڕنەوە کە کەنیزەکێك لە دانیشتنێکی واسیقدا گۆرانی دەوت، یەکێك لە ڕستەسازەکانیش ئامادەبوو، وە دەیویست توانای زانستیی خۆی دەربخات، بۆیە ڕایگەیاند کە کەنیزەکەکە لە ئیعرابی یەکێك لە وشەکاندا هەڵەی کردووە لە کاتی گۆرانی وتنەکەیدا، دیار بوو کە کەنیزەکەکەش لەم بەرامبەرکێیە بێزار بوو، چونکە بەو پێیە ئەوەی بەسەردا دەسەپێنرا ئەو لەیەك کاتدا ڕستەسازو گۆرانیبێژیش بێت، بەو هۆیەوە مشت ومڕێك دروست بوو کە خەلیفەو دەست وپێوەندەکەی بەشدارییان تیادا کرد، خەلیفەش چارەسەرێکی تری نەدۆزییەوە جگە لە بانگکردنی یەکێك لە گەورە ڕستەسازەکانی بەسرە نەبێت بۆ ئەوەی لە مەسەلەکەدا بیکاتە دادوەر، پاشان ڕستەسازەکە دوای سەفەرێکی درێژخایەن گەیشت بۆ ئەوەی حوکم بدات لەوەی کە

وشە ململانێ لەسەرکراوەکە مەنسوبە یان مەرفوعە یان مەجرورە یان مەجزومە... یان تێك شکاوە بەسەر خۆیدا. خەڵکیش چاودێری دەرچوونی حوکمیان دەکرد لەسەر ئەم دۆزە ترسناکە، چونکە کاروباری دەوڵەت بەڕێوە ناچێت تا کەنیزەك لەبەردەستی خەلیفەدا گۆرانییەکی دروستی بێ هەڵە نەڵێت.

***

"وتاری بیست و دووەم"

# چیرۆکی پەخشانی عەرەبی

لەماوەی رابردوودا دەربارەی شیعری عەرەبیی و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە درێژەم پێدا، لێرەشدا وای بەچاك دەزانم کە لەسەر پەخشانیش قسە بکەم، کە لە راستیدا پەخشانی عەرەبی خاوەنی بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەرەو خاڵی نییە لەپەند.

پەخشان لە نەفامییدا:

خەڵکی نەفامییەت دوو جۆر لە پەخشانیان ناسیوە ئەوانیش سەجەعی نهێنزانەکان (سجع الكهان) و دواندەری (خطابة)بووە، ئەوە بوو کۆمەڵێ کەس هەبوون ناوی کاهینیان بەسەدرا دابڕیون، کە خەڵکی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان دەیانکردە جێ مەبەستی خۆیان وەك باوەڕێکی ئەوانە بەوەی ئەوان غەیب (شتە شاراوەکان) دەزانن، ئەو کاهینانەش بە وتە سەرواداره تەمو مژاوییەکانیان بەناوبانگ بوون، لەوانەیە بە ئەنقەست سەواداری و تەمو مژیان خستبێتە ناو قسەکانیان لەسەر ئەو شێوەیەی فاڵچیەکانی ئەم رۆژانەی خۆمان دەیکەن، بەمەش دەتوانن ئەو وەهمە بە گوێگر بدەن کە قسەکانیان کۆمەڵە نهێنییەکی بەخۆوە گرتووە.

هەروەها لێرەدا دیسان دواندەرەکانیش هەبوون، ئەوانیش بە ئەرکێکی گرنگ هەستاون لە ژیانی خێڵەکیدا، لە کاتێکدا کەخێڵی نەفامییەت هەندێ جار شانازی بە دواندەرەکەیەوە کردووە وەك چۆن شانازی بەشاعیرەکەیەوە دەکات.

دەگێڕنەوە کە وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر لە مەدینەداو بێژەرەکەیان وتی: "ئێمە هاتووین بۆ لات بۆ ئەوەی پیاتا هەڵبدەین. بۆ ئەمەش شاعیرو دواندەرەکەمان

هێناوە". ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خێڵ تەنها بە شیعر واز ناهێنێت لە شانازیکردنەکانیان و ناوناتۆرەلێنانەکانیاندا، بەڵکو پەنا بۆ دواندنیش دەبات.

بۆ ئەمەش لە نەفامییەتدا کۆمەڵە دواندەرێکی بەناوبانگیش هەڵکەوتوون، دواندەرەکانی نەفامییش لە کاهینەکان جیاوازتر بوون لە شێوازی قسەکردنیاندا، ئەوان سەجەعیان بەکاردەهێنا بەڵام لە هەموو دەربڕینەکانیاندا پابەند نەدەبوون پێیەوەو زۆریشیان لە خۆیان نەدەکرد وەك کاهینەکان. دەتوانین بڵێین کە دواندەری نەفامیی دووانەی بەکاردەهێنا لە قسەکانیدا زیاتر لەبەکارهێنانی سەجەع. مەبەستیشمان بە دووانە لێرەدا هێنانی دەربڕینە هاو واتاکانە کە لە وتەدا وەك یەکن و لە واتادا جیاوازن، دیاربوو کە دواندەرەکان پەنایان دەبرد بۆ دوانەیی بۆ پاڵپشتی واتاو دووبارەکردنەوەی بەبێ بێزارکردن.

## ونبوونی پەخشانی نەفامیی:

راوییەکان زۆرێك لە شیعری نەفامییان بۆ پاراستووین، بەڵام هیچیان لە پەخشان بۆ نەپاراستوین کەمێك نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەمەش جێگای دڵنیایی نییە.

کێشەی پەخشان ئەوەیە پێویستی بە نووسینەوە هەیە بۆ ئەوەی نەفەوتێ، پەخشانیش بەوە جیا دەبێتەوە لە شیعر کە شیعر ئاسان لەبەر دەکرێت بۆ کەسانی پەیوەندیدار پێیەوە یان خاوەن لەبەرکردنە بەهێزەکان.

ئەوەش زانراوە دەربارەی عەرەبی نەفامییەت ئەوەیە کە نەخوێندەواری زاڵبووە بەسەریانداو نووسینیان لە کاروباری ژیانیاندا بەکەمی نەبوایە بەکارنەدەهێنا. هەروەها ئەوان ئەگەر ناچار دەبوون بۆ نووسین لەمەسەلەیەکی پێویستدا، وەك گرێبەستو هاوشێوەکانی، ئەو کاتە پشتیان دەبەست بە پێستو ئێسقان یان شتە تەختەکان یان لاسکی دارخورما یان بەردی سپی و ئەوەی دەیانویست لەسەریان دەیانووسی، شاراوە نییە کە ئەم هۆکارانەی نووسینەوە بۆ ئەوە ناشێت کارە پەخشانییە درێژەکانی لەسەر تۆمار بکرێت. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو ئاسەوارانە ون بوون.

عەبدولسەمەد رەقاشی دەڵێت هەروەك لە كتێبی (البیان والتبیان)دا هاتووە: ئەوەی عەرەب قسەی پێ كردووە لە پەخشانە باشەكان، زۆرترە لەوەی قسەی پێكردووە لەكێشدارە باشەكان، بەڵام لە پەخشانەكان دەیەكی نەپارێزراوە، هەروەها لە كێشدارەكانیش دەیەكی نەفەوتاوە" ئەم قسەیەش لەگەڵ ئەو زیادەڕەوییەی تیایدا ئاماژە بۆ ڕادەی یاریی دەستی گومكار دەكات بە پەخشانی عەرەبی.

## قورئان:

دكتۆر تەها حسەین دەربارەی قورئان دەڵێت ئەو نە پەخشانەو نە شیعر، بەڵكو بریتیە لە قورئان، دكتۆر وشەی (قرآن) دەگێڕێتەوە بۆ بنەڕەتە سریانییەكەی، كە ئەو لەوێدا واتای ئاشكرایی دەبەخشێت، وای بۆ دەچم مەبەستی دكتۆر لەمەدا، ئەوەیە كە قورئان كتێبی خوێندنەوەو دوعای ئاینییە، لەبەرئەوەش موسڵمانان لەسەردەمی یەكەمدا خوێندنەوەی قورئانیان كردبوویە ویردێك وەك ئەوەی جۆرێك لە نوێژییان هەبوو بێت.

هەندێ لە رۆژهەڵاتناسەكانیش پشتگیری ئەم ڕایەی تەها حسەین دەكەن، یەكێك لەوانەش بۆ ئەو وتەیە چووە كە ئەو پیتانەی هەندێ لەسورەتە قورئانییەكانی پێ دەكرێتەوە لە نموونەكانی (الم، الر، حم، طسم، كهیعص) ئەوانە ئاماژەی مۆسیقی یان هێمای دەنگیین و مەبەست پێی باسی ئاوازەكەیە پێش خوێندنەوەی سورەتەكە، هەروەها بە پێی بیروڕای ئەم رۆژهەڵاتناسە، كەنیسە كۆنەكان، بە تایبەتی لە حەبەشەدا ویردەكانیان بەم جۆرە پیتانە دەكردەوە.

دكتۆر زەكی موبارەكیش حەزی بە پوچەڵكردنەوەی ئەو بیروڕایەیە، ئەو باوەری وایە كە قورئان دابەزیوە بۆ بەرپەرچدانەوەی نەریتی هاوبەش دانەرەكان (مشركین)و هەڵوەشانەوەی پروپووچییەكانی گاورو جولەكە، كەواتە ئەو جۆرێكە لە پەخشانی هونەری، ئەگەر چی ئەمەش رێگر نییە لەوەی كە چەند سورەتێكی كورتی سەرواداریشی بەخۆوە گرتووە كە بۆ خوێندنەوە دەشێت لە كاتی تكاو پارانەوەكاندا.

## قورئان و سەجەع:

تێبنی دەکرێ کە سورەتە کورتە سەروادارەکان دابەزینیان لە سەرەتای بانگەوازدا زۆرتر بووە، پاشان وردە وردە کەم بوویەوە، کاتێکیش لە سورەتە گەورەکان دەکۆڵینەوە کە لە مەدینەدا دابەزیوە دەبینین کەمتر پابەند بووە بەسەرواداریی (سەجەع)ەوەو ئاخاوتنی رەوانی لەو جۆرەی لە مەککە دادەبەزی. مامۆستا بەلیغیش هۆکاری ئەم دیاردەیە وا دێنێتەوەو دەڵێت کە بابەتەکانی سورەتە مەکییەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە دەروون و ویژدانەوە هەیە، شێوازی سەرواداریش لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەگونجێت، لەبەر ئەو کاریگەرییە بەهێزەی تیایدایە.

ئەوەی سەرنج راکێشە لەم رووەوە ئەوەیە کە هەندێ لە موسڵمانان ئینکاریی بوونی سەجەعیان لە قورئاندا کردووە، بۆ نموونە باقلانی باوەڕی وایە کە قورئان بەشکاریی تیایە نەك سەجەع، بە بیروڕای ئەو سەجەعێك کە کاهینەکانی عەرەب رێکیان دەخست بۆ ئێمە شایستەترە رەتی بکەینەوە لە قورئان، چونکە کاهینایەتی پێچەوانەی پێغەمبەرایەتییە.

## قورئان و بیروڕا پێچەوانەکان:

خەڵك لە بڕیاردان لەسەر لایەنی هونەریی لە قورئاندا جیاوازن، ئەم جیاوازییەش سروشتیە لەبەرئەوەی لەناو خەڵکدا شوێنکەوتە گەلیك هەیە باوەڕیان بە قورئانەو پیرۆز رای دەگرن، هەروەها نەیارگەلێك هەیە رقیان لێیەتی و پێی بێزارن، پاشان باوەڕدار قورئان وەها دەبینێت کە مرۆڤ لە توانایدا نییە لە جۆری ئەو بێنێت، لە کاتێکدا کە نەیارەکان وای دەبینن کە بە هەموو شێوەیەك خاڵییە لە هونەر و موعجیزە.

کۆمەڵێك لە موسڵمانان وتیان قورئان خولقێنراو نییە بەڵکو دێرینە وەك دێرینیی خواو لە (لەوحی مەحفوزدا) هەر لە ئەزەلەوە نووسراوە، پاشان لە شەوی قەدردا دابەزییە خوارەوە بۆ ماڵێك، پێی دەوترا ماڵی شکۆمەندی، خەڵکی ئاسمانەکانیش لە

ترسی وتەکانی خوا لە هۆشی خۆیان چوون...

هەروەها لەو کاتەدا کە دەبینین ئەوانە زیادەڕەوەی لە قورئاندا دەکەن لە نموونەی ئـەم زیادەڕەوییـە سـەیرە، دەبیـنین گومانکـارو بـێ باوەڕەکـان بێـزارن لـە قورئـان‌و سوکایەتی بە شێوازەکەی دەکەن، موحەممەدی کوڕی زەکەریای ڕازی لە مەسەلەی قسەکردن لەسەر قورئاندا دەڵێت: ئەگەر پێویست بوایە ببێتە کتێبی بەڵگە (حجە) دەبـوو کتێبگـەلی بنـەماکانی ئەنـدازیاری‌و مەجەسـتی کـە دەبنـە هـۆی زانینـی جوڵانـەوەکانی بوونـەوەرو ئەسـتێرەکان، هـەروەها ڕستەسازی‌و کتێبـەکانی لۆژیـك، وکتێبـەکانی پزیشـکی کـە زانسـتەکانی بەرژەونـدی جەسـتەیان تێدایـە، لەپێشتر دەبوون بۆ بەڵگە کە سوودێك یان زیانێك نابەخشێت‌و ناڕەحەتیەك لانادات، ئاخۆ کێ دەستەوەستان دەبێت لە لێکدانەوەی خورافەکان بە بێ ڕوونکردنەوەو سەلماندن تەنها بانگەشەکاریی نەبێت بەوەی کە ئەوانە بەڵگەن؟ ئەمەش دەروازەیەکە ئەگەر نەیاران بانگی بۆ بکەن دەمانسەلماندو بەجێمان دەهێشت لەگەڵ ئەوەش چیان بەسەر دێت لە ئارەزوو مەستی‌و بێ ئاگایی، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەو چاکتریان بۆ دەهێنین لە شیعری باش‌و وتاری ڕەوان‌و نامەگەلی جوان لەو پاراوترو ڕەهاترو سەرواداترن.

ڕازی هەر بە قورئان موسڵمانان تۆمەتبار دەکات بە مەست بوون بەمەیی ئارەزوو، وە بێ ئاگایی، وەك ئەوەی خۆی بەری بێت لەوە، کە لە ڕاستیدا دەمارگیریی ئەو دژی قورئـان کـەمتر نییـە لـە دەمـارگیری بوێـژانی دێرینـی قورئـان، ئـەو قورئـان بـە کتێبـی مەجەسی یان کتیبەکانی ئەندازیاری‌و پزیشکی‌و لۆژیك بەراورد دەکات‌و دەیەوێت قورئان لەسەر شێوەی ئەوانە بڕوات، ڕازی ئەوەی لە بیر چووەتەوە کە قورئان ئەگەر لە شانی ئەو کتێبانەدا بووایە ئەو کودەتا کۆمەڵایەتییە گەورەیەی لە خەڵکدا دوست نەدەکرد.

هـەروەها ڕازی لەسەرووی ئەمەشەوە وای دەبینێت کە لە هەندێ شیعری باش‌و وتاری ڕەوان‌و نامەی جواندا شتی پاراوترو سەرواداتر لە قورئاندا هەیە، هـەروەها ئیبن ڕاوەندی لەم جۆرە وتەیەی وتووەو باسی لەوە کردووە کە زمانپاراویی ئەکسەمی کوڕی سەیفی لەسەرووی پاراویی قورئانەوەیە، ئێمەش دەزانین کە ئەکسەمی کوڕی

سافی ژیاو مردیش بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێك لەسەر خەلك دروست بكات، بەشێوەیەك کە خەڵکی دوای مردنی هەر بەو شێوەیە مانەوە کە پێش لە دایك بوونی لەسەری بوون وەك ئاژەڵ کە شتێك لە ڕاستییەکانی ژیان نەبینن.

بەڕاستی توێژەری بە ویژدان ئەوە لە قورئاندا دەدۆزێتەوە کە لە هیچ شوێنەوارێکی تری شاعیران و دواندەراندا نایدۆزێتەوە، لە دوای خۆی یان پێشتر، چونکە قورئان لەرزەیەکی لە خەڵکدا بەرپاکرد، کۆمەڵە چەمکێکی کۆمەڵایەتی تیا خولقاندن کە هاوسەردەمی خۆیان نەبوون، هەر ئەمەش ئەو پێوەرەیە کە دەبێت مەزنیی قورئانی پێ بپێوین. (رازی) جیاوازیی لەگەڵ هەندێ لە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆماندا نییە، کە بۆ خۆیان کۆمەڵە پێوەرێکی ئەدەبیی دادەنێن چۆن ئارەزووی بکەن، پاشان حوکمەکانیانی لەسەر بنیات دەنێن، ئەوانە بەمەش مەسەلەی کۆمەڵگەی مرۆیی پیشتگوێ دەخەن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی خەڵك دەجوڵێنێت و ڕووەکانی مێژوو دەگۆڕێت.

## شێوازی پەخشان لە ئیسلامدا :

مسیۆمەرسیە باوەری وایە کە عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا خۆیان لائەدا لە لاسایی کردنەوەی قورئان، منیش نازانم مسیۆمەرسیە لە کوێوە ئەم ڕایەی هێناوەو پشتی لەوەدا بەکام بنەرەت بەستووە. چونکە ئەوەی لە شێوازی پەخشان لەسەرەتای ئیسلامدا دەکۆڵێتەوە لاسایی کردنەوەی قورئان وەك دیاردەیەك تیایدا دەدۆزێتەوە.

گرانە بەلامانەوە وا بیر بکەینەوە کە موسڵمانان قورئان دەخوێننەوەو لە ئایەتەکانیدا بەیانی و نێوارە قوڵ دەبنەوەو پاشان شێوازەکەی زۆر یان کەم کاریان تێ نەکات، ئەوەی جێی سەرنجە کە مرۆڤ کاتێك کتێبێك دەخوێنێتەوەو شەیدای دەبێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری شێوازەکەیەوە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، ئیتر دەست دەکات بە لاسایی کردنەوەی، لاسایی کردنەوەیەکی لاشعوریانە. دکتۆر زەکی موبارەکیش پێکاویەتی کاتێك دەڵێت: "لێرەدا پەتایەك هەیە تووشی دڵ وعەقڵ دەبێت و ئاسەوارە ئەدەبییەکان مۆر دەکات بە مۆرکی ئەو شتانەی مرۆڤ دەیخوێنێتەوە

یـان دەیانبیستێت یا ئەگـەر زۆر لـە خۆیشـی بکات بـۆ ڕاکـردنو پـەنادانی خـۆی لـە لاسایی کردنەوەو چاولێکەری.

لێرەشدا بۆم هەیە بڵێم کە موسڵمانان لە ڕادەی کاریگەربوونیان بە شێوازی قورئان وەکو یەك نەبوون، زۆرترینی ئەوانەی پێی کاریگەربووبوون کۆچەرییە یەکەمینەکان بوون، ئەمەش بەو هۆیەوە کە زۆر گوێیـان بـۆ قورئان دەگرتو ئاشکرایان دەکرد لـە پێناویدا خەباتیان دەکرد، پاشان دوای ئەوانیش پشتیوانەکان (انصار) دێت، پاشان دوای ئەوانیش خوێنەرانی ئەعراب (دەشتەکی) دێت.

## عەلی کوڕی ئەبی تالیب:

لەوانەیـە زیـادەڕەوی نەکـەین ئەگـەر بڵـێین: بێگومـان عـەلی کـوڕی ئـەبی تالیـب مەزنترینی ئەوانە بوو کە بە شێوازی قورئان کاریگەر بوو بوونو لەنامـەو وتارەکانیـدا شوێنکەوتەی بوو، ئەوەی زانراوە دەربارەی ئەم پیاوە ئەوەیە کە لـە ماڵی پێغەمبـەردا ژیاوە هەر لە منداڵییەوە، مانای ئەوەیە کە ئەو گوێی لە ئایەتەکانی قورئان دەگرت کـە وردە وردە دەهاتنــە خــوارەوە، پاشــان پێغەمبــەر دەیخوێنــدەوەو ئــەویش بەدوایــدا دەیخوێندەوە، هەروەها دەڵێن دوای کۆچی دوایی پێغەمبـەر خـۆی مانـدوو کـردووە بـە نووسینەوەی قورئانەوە، عەکرەمە دەیگێڕێتەوە کە عەلی لە کاتی خەلافەتی ئەبوبەکردا لە ماڵەوە دانیشتووە، ئەبو بەکریش دەنێرێ بۆ لای و گلەیی لێ دەکاتو بەڵێت: "چی تۆی لە من دانیشاندووە؟ عەلیش وەڵامی دەداتەوە: پـەراوی خـوام بینـی زیـادی پێـوە دەنرێ، بەخۆمم وت کە عەباکەم لەبەرناکەم تەنها بۆ نوێژ نەبێت تا کۆی دەکەمەوە".

هـەروەها ئەبوعەبدولرەحمانی سەلەمی دەڵێت وەك لـە کتێبـی (طبقات القراء)دا هـاتووە: کـوڕی مێینەیـەکم نـەدیوە باشـتر لـە عـەلی بخوێننێتـەوە، قورئـانی لـە ڕووی پێغەمبـەردا خوێنـدەوە، ئـەویش بێگومـان لەوانەیـە کـە لای خۆمـان لەبـەری کـردووە.
گومـانم زیـاترە کـە خـەریك بـوونی عـەلی بـە کۆکردنـەوەی قورئـانو خوێندنـەوەی لـەو هۆکارانـە بـووە کـە ئـەم پیـاوەی کـردووەتـە دوانـدەرێکی دەنـگ بڵنـد، ئـەو وتەیـەش دروستە کە عەلی گەورەترین دواندەرێ بوو کەسەرەتای یەکەم بەخۆیـەوەی بینیـوە،

توانا دوانده‌رییەکەشی بە روونی کاتێك بەدەرکەوت کە بوو بەخەلیفە دوای کوشتنی عوسمان. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە جێنشینایەتی عەلی ئارام نەبووە، چونکە پڕبووە لە ململانێ و مشتومڕ لە هەموو جۆرێك، بۆیە عەلی تیایدا دووچاری نائومێدییەکی تاڵ بوو، وە زۆر بە توندی ئازاری پێگەیشت، ئا لەوێدا ئازارەکانی هەڵچوون لەسەر زمانی و وتاری بەهێزی بۆ خەڵك لێ بەرهەم هات کە زۆر بەکەمی نموونەی لە مێژووی ئیسلامدا دەدۆزینەوە.

لەم رووەشەوە، ئەم وتەیەی شەوقی، بەسەر عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا دەچەسپێ:

| | |
|---|---|
| تفردت بالألم العبقري | وانبغ ما في الحياة الألم |
| بلیمەت تاك کەوتووەتەوە بە ئازار | هەڵکەوتووترینی ئەوەی لە ژیاندایە ئازارە |

## شێوازی پەخشانی عەلەوی:

(شريف الرضي) لە سەدەی چوارەمدا خوتبەکانی ئیمام عەلی و وتە گێڕاوەکانی لە کتێبێکی سەربەخۆدا کۆکردوونەتەوە بەناوی (نهج البلاغه)، ئەم کتێبەش چووە ناو گەرمەی مشتومڕی تایفییەوەو خەڵکی لەسەری جیاواز بوون، تیایاندا هەیە هەمووی بە دروست دانا کە گومانی تیادا نەبێت و هەندێکیش گومانیان لە دروستی کردو گەرانیانەوە بۆ کۆکەرەوەی کتێبەکە کە (رضي)ە.

منیش پێم خۆش نییە بچمە ناو ئەم مشومڕە تایفییەوە کە کۆتایی نییە، بە لایشمەوە گرنگ نییە (نهج البلاغه) هەمووی دروست بێت یان هەندێکی، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەم کە زۆرێك لەو خوتبانەی لە (نهج البلاغه)دا هاتوون، هەندێ لە مێژوونووسەکان گێڕاویانەتەوە لە کتێبەکانیاندا، لەوانە تەبەری و مەسعودی و جاحیزو ئیبن عەبدرەبە، لەم وتارانەشدا دەتوانین شێوازی عەلی بە روونی رۆشن بێتەوە.

ئەمەش یەکێك لەو وتارانە بۆ خوێنەر، ئەویش ئەو وتارەیە کە ئیمام ویستوویەتی تیایدا لۆمەی هاورێکانی بکات لە کەمتەرخەمی کردنیان لەسەرخستنیدا، ئەمەش

ئیبن عەبدرەبە لـە (العقد الفريـد)دا گێڕاویەتییـەوە، هـەروەها جـاحیزیش لـە (البیان والتبين)دا، لەگەڵ گێڕانەوەکەی (رضي) لە (نهج البلاغه)دا. ئیمام دەڵێت:

(أيها الناس المجتمعة أبدانهم، المختلفة أهواؤهم، كلامكم يوهن الصم الصلاب، وفعلكم يطمع فيكم الأعداء، تقولون في المجالس كيت وكيت، فإذا جاء القتال قلتم حيدي حياد، ما تعزت دعوة من دعاكم ولا استراح قلب من قاساكم، أعاليل بأباطيل، دفاع ذي الدين المطول، هيهات لا يمنع الضيم الذليل، ولا يدريك الحق إلا بالجد. أي دار بعد داركم تمنعون. ومع أي إمام بعدي تقاتلون المغرور والله من غررتموه. ومن فازبكم فاز بالسهم الأخيب. اصبحت والله لا أصدق قولكم، ولا اطمع في نصرتكم.

فرق الله بيني وبينكم، وأعقبني بكم من هو خير لي منكم. وددت والله أن لي بكم بكل عشرة منكم رجلاً من بني فراس بن غنم، صرف الدينار بالدرهم).

لـەم وتـارەوە روون دەبێتـەوە کـە عـەلی سـەجەع (سـەروا)و دووانـەیی (هاوواتـا) لـە قسەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام بە پێی سروشتی خۆی لەسەریان دەڕوات بە بێ زۆر لە خۆکردن، هەروەها ئاسەواری قورئان لە شێوازەکەیدا تێبینی دەکەین.

## پەخشان لەسەردەمی ئەمەویدا :

ســەردەمی ئەمـــەوی لەســـەر بنچـــینەی شـــکاندنی عـــەلی کـــوڕی ئـــەبو تالیـــب و ڕەتکردنـــەوەی هـــەموو چـاکەکانی بـــەرپا بـــووە، ئەمەوییـــەکان دەهـــاتن بـــۆ هـــەموو چـــاکەیەکی بـــەناوبانگی عـــەلی هـــەوڵیان دەدا بیشـــێوێنن ئەوەنـــدەی لـــەو پێنـــاوەدا دەیانتوانی.

ئەوەشی لەم بارەیەوە کردیان ئەوە بوو کە ئەوان وەسفی عەلییان بەوە دەکرد کە پیاوێکی سەروابێژە (سجاع)، نەیاندەتوانی ئینکاری ئەو توانا دواندەرییەی عەلی و شێوازە پاراوەکەی کە پێی بەناوبانگ بووە بکەن، بۆیە پەنایان بۆ تۆمەتی سەجەع بردووە پێوەی بنێن.

ئـەوەی شـایانی ئامـاژەیـە ئەوەیـە کـە پێغەمبـەر ڕقـی لـە سـەجەع بـووە، هـەروەها کۆمەڵە فەرموودەیەکیشیان لێ گێڕاوەتەوە کە سەجەعی قەدەغە کردووە، کەوا گومان

دەبەم کە ئەو نەهی لە سەجەعی کاهینەکان کردووە، بەڵام بەنی ئومەییە پشتیان بەو فەرموودانە بەست لە پێناوی شکاندنی عەلی و ناپەسەندی شێوازەکەی، بۆ زانینیش کە عەلی دوورترینی خەڵك بووە لە سەجەعی کەهانەوە.

ئیتر بەنی ئومەییەش دەستیان کرد بە خۆلادان لە سەجەع لە قسەکانیاندا، وەك ئەوەی ئەوان بەوە بیانەوێت بە خەڵکی بسەلمێنن کە ئەوان لە عەلی کوری ئەبوتالیب زیاتر بایەخ بە سوننەتەکانی پێغەمبەر دەدەن. جاحیز دەڵێ کە مەعاویە نوسراوێك بۆ پیاوێك دەنووسێت و تیایدا دەڵێت: "لهو اهون علي من ذرة، او كلاب من كلاب الحرة".

پاشان فەرمانی دا بە نووسەرەکەی دەربڕینی (من كلاب الحره) بکوژێنێتەوەو لە جیاتی ئەوە بنوسێت: "من الكلاب" گومانیش وایە کە مەعاویە بۆیە ئەمەی کردووە بۆ خۆلادان بووە لەسەجەع و وەك رقبوونەوە لێی.

خەریکە باوەر بەوە بکەم کە لەو هۆکارانەی پاڵی بە باقلانی و ئەوانی ترەوە ناوە کە سەجەع لە قورئاندا رەت بکەنەوە، کاریگەری ئەوان بووە بە بیرورای بەنی ئومەییە بە شێوەیەك کە هەست بەخۆیان بکەن یان نەیکەن.

## عەبدولحەمیدی کاتب:

لە کۆتایی ئەمەویدا پیاوێك بەدەرکەوت کە مێژوونووسەکان بە پێشەوای پیشەسازی دارشتن و نووسینی وەسف دەکەن لە ئیسلامدا، ئەویش عەبدولحەمیدی کوری یەحیای کاتبە، ئەوەیە جارێکیان پرسیاریان لە عەبدولحەمید کردووە دەربارەی ئەو توانایییەی لە رەوانبێژیدا هەیەتی، ئەویش وتوویەتی: حەفتا وتار لە وتارەکانی ئەسلەع (اصلع)م لەبەر کردووە. کە کەمی کردووەو پاشان هەڵچووە، هەروەها مەبەستیش بە ئەسلەع، عەلی کوری ئەبو تالیبە. وا بیر دەکەمەوە کە عەبدولحەمید ئەم قسەیەی دوای روخانی دەوڵەتی ئەمەوی کردووە کە ناوی عەلی لەسەر هەموو زمانێك بووە، وە لەوانەیە ویستبێتی بەرگری لە شێوازەکەی بکات و لەناو خەڵکدا رەواجی پێ بدات. ئەوەش نووسینەکانی عەبدولحەمید دەخوێنێتەوە هەندێ لێکچوون دەبینێ

لەگەڵ وتارەکانی ئیمامی عەلیدا، بەڵام لێکچوونێکی رواڵەتییە و رۆناچی بەناو قوڵاییدا، چونکە شێوازی عەلی گەرمییەکی بەخۆوە گرتووە کە خەریکە شێوازی عەبدولحەمید خاڵی بێت لەوە، زۆر دوورە نێوانی بلیمەتێکی ئازار چەشتوو لەگەڵ نووسەرێکی خۆ هەڵکێش.

دەتوانم بڵێم کە عەبدولحەمید بەرامبەر پەخشانی عەرەبی تاوانێکی ئەنجام دا، کە تاوانێکی کەم نییە، چونکە یەکەم کەس بووە شێوازی نووسینی لە مێژووی عەرەبدا رازاندووەتەوەو زیادە سەرفی داوە بە وتەکان بەشێوەیەکی بەهانە هەڵنەگر. گوێی لێ بگرە لە زەمی دنیادا دەڵێت: "اما بعد، فإن الله جعل الدنيا مخفوفة بالكره والسرور، وجعل فيها اقساما مختلفة بين أهلها، فمن درت له بحلاوتها، وساعده الحظ فيها، سكن اليها، ورضى بها، واقام عليها ومن قرصته بأظافرها، وعضته بانيابها، وتوطأته بثقلها، قلاها نافرا عنها، وذمها ساخطا عليها، وشكها مستزيداً منها، وقد كانت الدنيا اذاقتنا من حلاوتها، وارضعتنا من درها افاويق استحليناها، ثم شمست منافرة، واعرضت عنا متنكرة، ورمحتنا مولية، فملح عذبها، وامر حلوها، وخشن لينها، ففرقتنا عن الاوطان، وقطعتنا عن الاحوان، فدارنا نازحة، وطيرنا بارحة، قد اخذت كل ما اعطت، وتباعدت مثلها تفرقت واعطت بالراحة نصبا، وبالجذل هما، وبالأمن خوفا، وبالعز ذلا، وبالحدة حاجة، وبالسراء ضراء، وبالحياة موتا، لا ترحم من استرحمها، سالكة بنا سبيل من لا اوبة له، منفيين عن الاولياء، مقطوعين عن الاحياء".

لەم وتارەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە عەبدولحەمید، زۆر زیادەرەوەی دەکات لەبەکارهێنانی دوانەیی هاوواتا لە وتارەکەیدا، وەك ئەوەی دوانەیی لە خۆیدا لای بووبێتە ئامانج، ئەو بەمەش لە عەلی کوری ئەبی تالیب جیا دەبێتەوە کە عەلی دوانەیی کردبوویە هۆکارێك بۆ پاڵپشتی واتاو روونکردنەوەی.

**لە نێوان دواندەری و نووسیندا:**

لەو هەڵانەی کە عەبدولحەمید تێی کەوت ئەوەیە کە ئەو هەوڵی ئەدا لاسایی عەلی کوری ئەبو تالیب بکاتەوە بەبێ ئەوەی هەست بەو جیاوازییە بکات لە نێوان شێوازی دواندەریو شێوازی نووسیندا هەیە، چونکە عەبدولحەمید نووسەر بووەو نامەکانی

سوڵتانی نووسیوە، لە کاتێکدا عەلی دواندەر بووەو هەوڵی داوە کار بکاتە سەر دڵانی جەماوەر.

ئەوەش جێگای داخە بەراستی دەبینین نووسینی عەرەبیی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەم شێوازەی عەبولحەمیدو ئەدیبانی عەرەب دوای عەبدولحەمید وایان لێ هاتووە وەها دەنووسن وەك ئەوەی وتار دەدەن، لێرەوە یەکێکیان بەوە رازی نابێ بە رستەیەك مەبەستەکەی دەربڕێ بەڵکو رستەیەکی لەگەڵدا دەهێنێت کە لە واتادا وەك ئەوەو لە وتەدا جیاوازە، بۆیە دروستە بوترێ کە پەخشانی عەرەبی دووچاری پەتای زیادە سەرفی لەفزیی بووە، کە دەتوانرێ زۆرێك لە دەستەواژەکانی لا بدرێت بە بێ ئەوەی هیچ لە واتاکەی کەم بکات، بەردەوامیش شوێنەواری ئەم زیادەسەرفەش لە شێوازی هەندێ لە ئەدیبەکانماندا دیارە، من بۆ خۆم کاتێك پارچە پەخشانێکی ئەحمەد حەسەن زەیات بۆ نموونە دەخوێنمەوە، خەریکە هەست بکەم کە ئەمە بۆ ئەوە نووسراوە بەسەر جەماوەردا بخوێنرێتەوە، ئەو گرنگی بە دووانەو ئاواز دەدات زیاتر لەوەی بایەخ بە وردی واتاو دروستیی ئەدا بدات.

***

"وتاری بیست و سێیەم"

# چیرۆکی پەخشانی عەرەبی

## پیشەسازی کاغەز:

لە رۆژگاری رەشیددا پیشەسازی کاغەز هاتە ناو ولاتی عەرەبەوە، ئەم پیشەسازییەش لە چینەوە لە رێگای سەمەرقەندەوە هات و لە بەغدادو شام و پایتەختەکانی تری ئیسلام کارگەگەلێکیان دامەزراند، دیارە کە هاتنە ناوەوەی ئەم پیشەسازییە بۆ ناو ولاتی عەرەب ئاسەواری گەورەی هەبوو لە هەستانەوەی نووسین و داناندا، چونکە بوو بە شتێکی ئاسان بۆ نووسەر کە کتێبێکی گەورەی بۆ دابنرێت، هەروەها خەڵکیش توانی ئەم جۆرە کتێبە وەربگرێت و بیخوێنێتەوە.

چاوەروانیش دەکرا کە ئەم پیشەسازییە گۆرانێک لە شێوازی نووسیندا دروست بکات و دووری بخاتەوە کەم بێت یان زۆر لە شێوازی دواندەری کە لە وتاری رابردوودا ئامارەمان بە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دا. بەڵام بەداخەوە ئەم گۆرانکارییە دروست، بۆیە نووسینی عەرەبی لەسەردەمی پیشەسازی کاغەزیشدا وەها مایەوە کە لەسەر هەمان شێواز بروات کەلەرۆژانی ئێسقان و پێست و پەلکەخورمادا لەسەری دەرۆیشت.

## جاحیز (جاحظ):

لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا ئەبوعوسمانی جاحیز دەرکەوت کە بە ئەمیری پەخشانی عەرەبی بێ بەرامبەر دادەنرێت، ئەم پیاوەش لە کاتێکدا پێگەیشت کە

دوکانی کاغەزفرۆشەکان پڕ بوون لە کتێبی جۆراوجۆر، ئەوەی دەربارەی زانراوە ئەو یەکەم جار بەشەودا زۆر هاتوچۆی دوکانی کاغەزفرۆشەکانی دەکردو تیایاندا دەمایەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەوێدا هەبوون، ئەو کتێبێکی بەردەست نەدەکەوت کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی نەیخوێنێتەوە، گومانێکی واش هەیە کە جاحیز تووشی گرێی خۆبەکەمزانی (عقدە النقص) بوو بێت، رووگرژو ناوچاو تاڵ بووەو ڕواڵەتی بێزاری و بێتامی دەنواند، لەوانەیە هەر ئەمە پاڵی پێوە نابێت بۆ گۆشەگیری و خەریک بوون بە خوێندنەوەوە، ئەم خووەشی وەک خووی هەموو زیرەکە خاوەن دەردەکانە، لە کۆنیشدا وتراوە: "هەموو خاوەن دەردێک بەهێزە".

ئەوەی لە جاحیزەوە وەردەگیرێ ئەوەیە کە شێوازی عەبدولحەمیدی لە نووسیندا وەرگرتووە، زۆر بەکەمی دەربڕینێک لە کتێبەکانیدا دەخوێنێتەوە کە بەدوایدا دەربڕینێکی تری هاو واتای نەبینیتەوە. بەڵام جاحیز بەرامبەر بەم خراپانەش خاوەنی چەندین چاکەیە کە دەکرێت لەمانەدا کورتی بکەینەوە:

١- ئەو وەک بینیمان- فرە خوێندنەوەو خاوەن هەوڵی توند بوو بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە، لەبەرئەوە کتێب و نامەکانی زۆرتر لە (دائیرەتولمعاریف) دەچێت، دەبنین لە بابەتێکەوە وەردەگەڕێ بۆ بابەتێکی ترو پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێت بۆ بەدواداچوونی بابەتەکانی بەخۆشی و پەرۆشییەوە، بەمەش لەو ئەدیبە خۆبەزلزانانە جیا دەبێتەوە کە بێزاری ئەدەن بە خوێنەرو پاشان داوا دەکەن بیانخوێننەوەو باجی گرانبەهای ئەوەی دەینووسن بدەن.

٢- جاحیز لەسەرووی ئەوەوە بەوەش تایبەتمەندە کە دابەزیوەتە ناو کۆمەڵگەو گەڕاوە بە دوای نەریت و ئەفسانەکانیدا، ئەو ئەدەبی لە کۆشکی خۆشگوزەرانەکان و ڕووداوەکانی ناویدا قۆرخ نەکردبوو، بەڵکو لەخەڵکە گشتی و مامەڵەکانیاندا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بۆ ئەدەب دۆزیبوویەوە، دەکرێت جاحیز بە نووسەرێکی کۆمەڵایەتی لە مێژووی عەرەبدا دابنرێت.

٣- هەروەها جاحیز لەبانگەشەکارانی ئەدەبی واقیعی یان ئاشکرایی بووە، ئەو لە باسکردنی واقیعدا هیچی نەدەشاردەوە با زۆر عەیبداریش بووایە. بگرە باسی

خەراپەو وەك ئەوەی بیەوێ حەقیقەتەکان بە روونی باس بکات.

٤- هەروەها ئەو بایەخی زۆری بە وتە پێ خۆش نەبوو، ئەو بایەخەی خاوەنەکەی رادەکێشێت بۆ لەبەرکردنی شێوازی پارێزراو لە پێناوی گوزارشتکردن لەبیرو بۆچوونەکانی، لە روانگەی ئەودا ئەو نووسەر بەرەو کۆیلایەتی دەبات، جاحیز دەڵێت:" خراپترینی کاری رەوانبێژەکان ئەوەیە کەسێك وێنای واتای ئامادەرکراو ئەنجام بدەن، وەك ئەوینێك بۆ ئەو وتەیەو شەیدا بوون بەو ناوە، هەتا وای لێ دێ واتای بەراکێشراوی بۆ دێنێ‌و بەلکاندن پیایدا دەلکێنێ، هەتا ئەگەر خوای گەورەش بۆ ئەو واتایە جگە لەو ناوەی خەلق نەکردبێت".

## چاولێکەری جاحیز:

جاحیز مردو لە دوای خۆی سومعەیەکی گەورەی بە جێ ‌هێشت کە زۆر بەکەمی ناوبانگی کەسێکی تر خۆی لە ریزی دەدات. هەروەها خەڵکی دەستیان کرد بە دابارین بەسەر کتێبەکانیداو لەبەریان دەگرتەوەو چاویان لە شێوازەکەی دەکرد.

جاحیز لەئەدەبدا بوو بە پێشەنگێکی خاوەن قوتابخانەی تایبەت بەخۆی، کێشەی پێشانگایەتیش لە هەموو شتێکدا ئەوەیە کە خەڵکی دەیانەوێت چاوی لێ بکەن، چاولێکردنێکی رووکەشانە بە بێ قوڵ بوونەوە لە تێگەیشتنی کرۆکە رەسەنەکەی. ئەدیبەکان دەستیان کرد بەلاسایی کردنەوەی شێوازی جاحیز بەبێ ئەوەی چاوی لێ بکەن لە رێچکەو خوێندنەوەی فراوانیدا.

لە کاتێکدا کە جاحیز لە حەقیقەتەکانی ژیانی کۆڵیوەتەوە بۆ ئەوە مادەی ئەدەبی لێ دروست بکات، بەلاّم چاولێکەرەکانی پشتیان بە کتێبە زمانەوانیەکان دەبەست بۆ ئەوەی وتەی نامۆی لێ وەربگرن‌و بیخەنە ناو پەخشانەکانیان بۆ لوتبەرزی و خۆبەزلزانی.

دەکرێ بوترێ کە پەخشانی عەرەبیی دوای جاحیز چوویە قۆناغی خۆهەڵکێشان‌و ئارایشتکاریی و وتەکارییەوە، تا لە کۆتاییدا وەك تەپڵی لێ هات کە خاوەنی دەنگێکی گەورەیە بەبێ ئەوەی لە ناوەوەیدا شتێك هەبێت.

## ئیبنولعەمید (إبن العمید):

هەروەها لە سەدەی چوارەمیشدا ئیبنولعەمید دەرکەوت کە نازناوی (جاحیزی دووەم)ی لێ نراوە، ئەم نازناوەش پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، بەڵکو وێنای ئەو کەندەڵانە قوڵەمان بۆ دەکات کە پەخشانی عەرەبی بەلایدا لایداوەو ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵك بەمەڵە لە جاحیز گەیشتوون.

هەروەها لەو وتە بڵاوانەی سەدەی چوارەمدا هاتووە:" بێگومان نووسین بەعەبدولحەمید دەستی پێ کردو بە ئیبنولعەمید کۆتایی هات" ئەم وتەیەش راستە ئەگەر نووسینی بریسکاوی‌و زیادەڕەوی و وتەکاریی لەبەرچاو بگرین. ئەویش ئەو نووسینەیە کە لەسەدەی چوارەمدا رەواجێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو. دکتۆر شەوقی زەیف دەڵێت:" بێ شك ئیبنولعەمید یەکەم نووسەر بووە داوەریی بەسەجەع دەکرد لە نووسینەکانیدا، هەروەك کاری بە جوانکاری دەکرد لەرەگەزدۆزی‌و تیباق‌و وێناکاریدا، بۆیە پەخشان لەسەر دەستی بوو بە جوانکاری‌و نەخشاندن‌و رازاندنەوە، هەروەها شێوازەکەی شۆرشێکی رازاوەکاریی فراوان بووە، گەورەترین گومانیش ئەوەیە کە ئیبنولعەمید کەوتووەتە ژێر کاریگەری پیشەسازی فەرش دروست کردنەوە لە هەرێمەکەیدا، چونکە ئەو لە هەموو وتەیەکدا دووچاری ئەوە دەبێت کە فەرش دروستکەرەکە تووشی دەبێت لەهەرتەقەڵێکدا، پاشان ئەو دوای ئەوانە بایەخ بە رازاندنەوە دەدات کە وتەکانی گوزارشتی لێ دەکەن، هەروەك پیشەکاری فەرشەکەش بایەخ بەرازاندنەوە دەدا کە درومانییەکانی گوزارشتی لێ دەکەن".

## ساحیبی کوڕی عیباد:

دوای ئیبنولعەمید ساحیبی کوڕی عیباد هات، کوڕی عیبادیش قوتابی ئەو بووەو هەردووکیان خەڵکی فارس بوون. ئیبن عیباد نموونەی درێژدادڕیی ئەدەبی دەنواند لە جوانترین واتاکانیدا، بۆیشی رەخسا ببێتە وەزیر لە دەوڵەتەکەی بەنی ئومەییەدا، بۆیە پێگە وەزارییەکەی کردە کۆمەڵەیەك بۆ درێژدادڕییە ناشرینەکەی، ئەو لە

دانیشتنەکاندا نازو لاقرتێی دەکردو ئامادەبووانیش بەدەوریدا لێی نزیك دەبوونەوەو ستایشیان دەکردو بەسەر سورمانەوە چەپڵەیان بۆ لێ دەدا. ئەویش وا گومانی دەبرد کە گەیشتووەتە رادەیەکی بلیمەتی لەئەدەبدا کە کەس پێی نەگەیشتبێت. بێگومان لەناشرینترین دیاردەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە ئەدیبی درێژدادڕ ببێتە خاوەنی پلەوپایەو پارە. چونکە ئەو هەرچی پڕوپووچییە هەڵیدەرێژێ بەسەرتاو تۆش ناچاریت گوێی بۆ بگریت و سەرت پێی سوڕ بمێنێت. بەدبەختیش بۆ تۆ ئەگەر بێتاقەتیت لێ دەربکەوێت یان هەوڵ بدەیت نارەزایی دەربڕیت..

ئەبو حەیانی تەوحیدی باسی هەندێ لە درێژدادڕیەکانی ساحیبی کوڕی عیبادمان بۆ دەکات و دەڵێت:" لەکۆڕی دانیشتنی ئەودا کەسێك هەبوو ناوی ئەبو تالیبی عەلەوی بوو، هەر کاتێك گوێی لە ساحیب دەبوو قسەیەکی سەرواداری دەکردو هەواڵێکی دەرازاندەوەو دەیگێڕایەوە، چاوی ئەبڵەق دەبوو و کەپووی دەکرایەوەو خۆی وا پیشان دەدا کە لەهۆشی خۆی چووە، هەتا گوڵاویان دەپرژاند بەسەریداو کاتێك دەهاتەوە هۆشی خۆی و پرسیاری لێ دەکرا کە تووشی چی بووی؟ وەڵامی دەدایەوە: بەردەوام قسەی گەورەم (مولای) هەستم دەجوڵێنێ و هۆشم دادەبڕێ و عەقڵم و جومگەکانم خاو دەبنەوەو دڵم دەبەزێ و زەینم سەرسام دەبێ، ئەمانەش دەکەونە نێوان من و ئاگایم" لەو کاتەدا ڕووی ساحێب دەگەشایەوەو خۆی فش دەکردەوە.

دیارە ساحێبیش شەیدای سەجەع بوو تا رادەی زیادەرەوی کردن تیایدا، ئەو والی لادەبرد یان دایدەنا لە پێناوی بەدەستهێنانی سەجەعێکدا، دەڵێن ڕۆژێکیان سەروایەك ناچاری دەکات قازیی شاری قوم لەسەر کار لابدات، ئەو وتوویەتی: (ایها القاضي بقم) پاشان هەوڵی داوە سەرواکە تەواو بکات و وتوویەتی: (قد عزلناك فقم)، هەروەها دەگێڕنەوە کە ئەو لە گەشتێکدا دەبێت و لە ڕێگاکەی لای داوە بۆ گوندێکی دووری ئاوەدان و خاوەن ئاوێکی سوێر بەناوی (نەوبەهار)، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بنووسێ و بڵێ (کتابی هذا من النوبهار یوم السبت في نصف النهار).

**بەدیعی زەمان هەمەدانی ( الهمداني ):**

لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی چـوارەمدا بـەدیعی زەمـان هەمـەدانی دەرکـەوت، ئیتر پەخشانی عەرەبی لەسەر دەستی ئەو بوو بە پڕوپووچیی؛ هەمەدانی بە بەکارهێنانی سەجەعی زۆرلەخۆکردن و چاکییە جوانکارییەکان لە نووسیندا وازی نەمێنا، بەڵکو ئیعرابیشی خستە پاڵ، بەڵکو شیکردنەوەشی خستە پاڵ، هەر کاتێك پارچەیەك لەئەدەبەکەی دەخوێنینـەوە هەست دەکەیت کە ئەو دەیەوێت رادەی توانایی خۆی دەربخات لە هێنانی قسەی گران و نامۆ، وە ئەوەی پاڵەوانکار بێت.

هەمـەدانیش لـەم لایەنـەوە توانایـەکی سەرسـوڕهێنەری بەدەسـتهێناوە و عـەقڵی خەڵکەکـەی لـەو رۆژگـارەدا سەرسـام کـردووە، دەڵـێن ئـەو لـە توانایـدا هـەبووە کـە نووسـراوێك بنووسـێت کـە لـە خـۆی وەڵامەکـەی بخوێنرێتـەوە، یـان نووسراوێك لـە کۆتاییەکـەوە بخوێنرێتـەوە بـۆ سـەرەتاکەی، یـان نووسـراویك دێڕەکـانی پێچـەوانە کەیتەوە وەڵامەکەی لێ دروست بێت، یان نوسراوێك دێرەکانی بە پیتی میم دەست پێ بکات و بە پیتی جیم کۆتایی بێت، یان نووسراوێك ئەگەر بە خـواروخێچ بیخوێنیتـەوە یان بیگێڕیتـەوە دەبـووە شیعر، یـان نووسراوێك دەکرا بەمـەدح و زەم لێك بدرێتـەوە لەیەك کاتدا، یان نووسراوێك خاڵی بێت لە پیتی جیاکار یان لە ئەلف و لام یان غەیری ئەوان.

**مەقامات:**

هەمـەدانی جۆرێکی نوێ لـە نووسینی داهێنا کـە بریتییـە لـە مـەقامات، ئـەویش کۆمەڵـە چیرۆکێکی کـورت بـووە پاڵەوانەکەی کەسێك بووە لە سواڵکەران ناوی ئـەبو فـەتحی ئەسـکەندەری بـووە کـە لـە شـوێنێکەوە رۆیشـتووە بـۆ شـوێنێکی تـرو بـە زمانپاراوی و رەوانکارییـە نامۆکـەی سـواڵی لـە خـەڵك کـردووە. هەمـەدانی مەبەسـتی هونەری چیرۆك نەبووە لە مەقاماتەکانیدا، بەڵکو ویستوویەتی توانای خۆی دەربخات لە رازاندنەوەی قسەو گرنکردنی. ئەمـەش نموونەیەکـە لـە یـەکێك لـە مەقاماتـەکانی بۆ

خوێنەر کە مەقامی حەرەزییە وەک خۆی ناوی ناوە، هەمەدانی دەڵێت:

"حدثنا عسى بن هشام قال: لما بلغت بي الغربة باب الابواب ورضيت من الغنيمة بالأياب، ودونه من البحر وثاب بعاربة ومن السفن عساف براكبه، واستخرت الله في القفول، وقعدت من الفلك بمثابة الملك، ولما ملكنا البحر وجن علينا الليل، غشيتنا سحابة تمد من الامطار حبالا، وتحدوا من الغيم جبالا، بريح ترسل الامواج ازواجا، والامطار أفواجا، وبقينا في يد الحين، بين البحرين، لا نملك عدة غير الرجاء ولا حيلة إلا البكاء ولا عصمة غير الرجاء".

هەمەدانی بەردەوام دەبێت لەم جۆرە وەسفەدا کە مەبەست پێی دەرخستنی لێهاتوویی زمانەوانی خۆیەتی زیاتر لەوەی مەبەستی پێی وەسفی ورد بێت.

مەقامەتەکانی هەمەدانی لە سەرسوڕپێهێنانی خەڵکدا شوێنێکی باڵای بەدەست هێنا، تا ئەوەی لای ئەدیبان بوویە نموونەی باڵا کە چاوی لێ بکرێت، هەمەدانی لەسەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی بەدەست هێنا کە کەسێکی تر جگە لەو ئەو ناوبانگەی بەدەست نەهێنا.

## هەمەدانیو جاحیز:

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە کە هەمەدانی دەستی کردووە بەرەخنەگرتن لە جاحیز لەسەر ئاسانیی وتەکانیو روونی واتاکانی، هەروەها یەکێک لە مەقامەکانی تایبەت کردووە بە جاحیز و تیایدا وەسفی شێوازی جاحیز وەها دەکاتو دەڵێت: ئەو دوور ئاماژەو کەم ئیستیعارەو نزیک دەربڕینە، ملکەچی روونیی قسەیە کە بەکاری هێناوە، لە گرانەکانی رای کردووەو پشتگوێی خستوون، پاشان گوێتان لە وتەیەکی دەستکردی خۆی بووە، یان وشەیەکی نەبیستراوی.."

هەمەدانی بەم رەخنەیەی پێوەرەکانی قسەکردنی رەوانی داناوە، چونکە قسەکردن لە روانگەی ئەودا پێویستە پڕ بێت لەوشەگەلی قورسی نەبیستراو بۆ ئەوەی رەوان بێت، منیش بۆم هەیە بڵێم کە هەمەدانی ئەدەبی عەرەبی مۆر کرد بەم مۆرکە بە درێژایی سەدەکانی دواتر، خەڵک وایان لێ هات کە بەهای ئەدەبییان لە لانەبێت تەنها

لەسەر بنچینەی ئەوە نەبێت لە قورسی و تەمومژەکە کە تیایەتی، خۆ ئەگەر ئەدیبێک بە شێوازێکی روون و سادە نووسی، ئەمەیان بە بەڵگەی بێ توانایی و کەمی رۆشنبیری دادەنرێت، هەروەك هەندێ لە ئەدیبەکان بەداخەوە دەیکەن لەم سەردەمەماندا.

**حەریری:**

لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا حەریری دەرکەوت کە پروپوچیی ئەدەبیی لەسەردەستی گەیشتە ئەوپەری، حەریریش بەناوبانگ بوو بە مەقاماتەکانی کە تیایاندا رێچکەی بەدیعی زەمان هەمەدانیی گرتبوویە بەر، هەروەها پاڵەوانی چیرۆکەکانیشی ئەبو زەیدی سروجی بووە.

ئەدیبەکانیش سەریان لە مەقاماتەکانی حەریری سوڕما بوو، سەرسوڕمانێکی لەرادە بەدەر، زەمەخشەری پیایاندا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| فأقسم بالله وآياته | تكتب بالتبر مقاماته |
| ان الحريرى حري بأن | تكتب بالتبر مقاماته |

واتە:

| | |
|---|---|
| سوێند دەخۆم بەخواو ئایەتەکانی | کە بەزێڕ مەقاماتەکانی دەنووسرێنەوە |
| بێگومان حریری لێی دێ کە | مەقاماتەکانی بەزێڕ بنووسێتەوە |

هەروەها یاقوتی حەمەوی لە کتێبەکەیدا "معجم الأدباء" دەربارەی حەریری دەڵێت: " ئەگەر بانگەشەی ئیعجازی بکردایە کەسی نەدەبینیەوە لەبەردەمیداو قسەکانی رەت نەدەکرایەوە، کەسیش نزیك بەوی نەدەهێنا چجای وەك ئەو بهێنێت".

ئەوە بوو زۆرێك لە ئەدیبان لەسەر ئەم رایەی حەمەوی رازی بوون، دەربارەی مەقاماتەکانی حەریری و بە موعجیزەیان داناون کە کەس ناتوانێت وەك ئەوان بهێنێت، نازانم بۆچی حەریری بانگەشەی پێغەمبەرایەتی پێ نەکردوون؟!.

## واتای موعجیزە:

کاتێك مەقاماتەکانی حەریری دەخوێنینەوە دەبینین بەراستی موعجیزەیە، چونکە ئێمە دەستەوەستانین لە لێتێگەیشتنیان بەبێ پشتبەستن بە فەرهەنگێکی ورد، هەندێ جار فەرهەنگیش بۆ لێ تێگەیشتنیان بەکەڵکمان نایەت، چونکە ئەوان کۆمەڵێ خوازەکاری و لێوەرگرتن و درکەکاری بەخۆوە گرتووە کە کەس نایانزانێت جگە لە خواو رۆچووەکانی ناو زانست.

گوێ لە حەریری بگرە کە لە یەکێك لە مەقاماتەکانیدا بەناوی خاڵخاڵاوی (الرقطاء)دەڵێت:

"اخلاق سيدنا تحب، وبعقوته يلب، وقربه تحف، ونأيه تلف، وخلته نسب، وقطيعته نصب، وعزبه ذلق، وشهبه تأتلق، وظلفه زان، وقويم نهجه بان، وذهنه قلب وجرب، ونعته شرق وغرب.. مناظم شرفه تأتلف، وشؤبوب حبائه يكف، ونائل يديه فاض، وشح غاض، وخلف سخائه يحتلب، وذهب عيابه يحترب، من لف لفه فلج وغلب، وتاجر بابه جلب وخلب".

## هۆکارە دەرەنجام:

مامۆستا ئەحمەد ئەمین لە هۆکارکاریی دەرکەوتنی ئەم ئەدەبە موعجیزە ئامێزەدا وای دەبینێت کە لاسایی کردنەوەی ئەوانە بووە کە کوشکی خۆشگوزەرانەکانیان پڕکردبوو لەو سەردەمەدا لە رازاوەکاری و راخەری گرانبەها، ئەحمەد ئەمین دەڵێت: لەو کاتەدا ماڵی دەوڵەمەندەکان بایەخیان بەکەل و پەلی جوان و راخەری گرانبەها دەدا، ئەدیبەکانیش بایەخیان بە جوانکاریی ئەدەبەکەیان بەسەجەع و ئاوێتەکاریی و جۆرەکانی تری (بەدیع) دەدا..".

(متز)یش پشتگیری ئەم هۆکارهێنانەوەی ئەحمەد ئەمین دەکات و دەڵێت: نزیك بە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی جۆرەها هونەر دەبینین لە ئامادەکردنی کۆشکەکاندا کە لەشانشینێکەوە بۆ شانشینێکی تر دەگوازرایەوە، ئەمەش ئاماژەیەك

بوو بۆ سەرەتای دەستپێکردنی زۆر لەخۆکردن و پیشەکاری لەئەدەبدا..." متز نموونەیەك لەو خۆشگوزەرانیە پڕ لەو رابواردنەمان بۆ باس دەکات کە کۆشکی ئەمیرو دەوڵەمەندەکانی پڕکردبوو، وە دەڵێت:" لە کۆشکی تۆلۆنییەکان لە میسر حەوزێك لە جیوە هەبوو کە درێژییەکەی پەنجا باڵ بوو، وە پانیەکەشی پەنجا، لە گۆشەکانیشدا لولەکی زیوینی پاکژ هەبووە کە کەمەربەندی توندو تۆڵی ئاوریشم لەناو بازنەی زیویندای تیابووە، هەروەها فەرشێکی بۆ (خەماریۆ) دروست کرابوو کە بەهەوا (با) دادەخرا، هەتا فوی پیادا دەکراو هێزەکەی بەسەر ئەو حەوزەدا رایدەخست، ئیتر کەمەربەندە ئاوریشمەکانیش کە لەناو بازنە زیوینەکان گیر دەبن بە لولەکانەوە، پاشان لەسەر ئەو فەرشە دەخەوت".

هەروەها ئەم رابواردنە تەنها لەسەر میسر کورت نەکراوەتەوە، کە لەوانەیە لە ناوچەکانی تر لە حەوزی خەماریۆی زیادەرەو شاهانەتر هەبێت، دەربارەی کۆشکەکانی موقتەدیربیللا (مقتدر بالله) لە بەغداد دەگێرنەوە لەیەکێك لە باخچەکانیدا حەوزێکی قورقوشم هەبووە رووبەرەکەی سی باڵ بە بیست باڵ بووە، لە دەوریشی روبارێکی قورقوشم هەبووە چاکتر لە زیوی خۆشکراو، هەروەها چوار سەد دارخورما دەوری دابوو کە لاسکەکانی بە رووپۆشی نەخشێنراو بە بازنەی ئاڵتونیی داپۆشرا بوو، لەوێدا درەختێك لە زیو هەبوو نرخەکەی پێنج سەد هەزار درهەم بووە هەروەها هەژدە لقی هەبووەو لەسەر هەموو لقێك جۆرەها باڵندەی زیوین و ئاڵتونیی هەبووە، هەرکاتێك درەختەکە لار دەبوویەوە لەو کاتانەدا بۆی دانرابوو گەڵاکان دەجوڵانەوەو باڵندەکان دەیانخوێند، ئا لەو کاتەدا ئەمیری موسڵمانان دڵی خۆش دەبوو، سوپاسی خوای دەکرد لەسەر بەخشینی جوانترینی بەخششەکان، لە کاتێکدا کە مەلاینی خەڵکی رووت و برسی هەبووە.

ئەوەی شایانی باسە لەم بۆنەیەدا ئەوەیە کە ئەدەب ناتوانێت تەنها لە شێوەی ئەم درەخت و حەوزانەدا نەبێت، چونکە ئەدیبەکان بەرهەمی قەڵەمەکانیان پێشکەش بە خەڵکانێك کردووە ئەم جۆرە ژیانە شاهانەیان هەبووە، بۆیە هەردەبوو لەسەر ئەو شێوەیە بنووسن کە ئەو خۆشگوزەرانانە لەسەری راهاتبوون.

## ڕای دکتۆر زەیف:

دکتۆر زەیف باسی (مەهلەبی) وەزیرمان بۆ دەکات کە ئەگەر بیویستایە خواردنێك بخوات لە لای ڕاستیەوە منداڵێك دەوەستاو سێ کەوچکی شووشەی داتاشراوی هەڵگرتبوو، مەهلەبییش هەر کەوچکەی یەك جار بەکاردەهێناو دەیدا بە منداڵەکەی تر کە لەلای چەپییەوە ڕاوەستابوو، ئا بەم شێوەیە وەزیری خاوەن شکۆ خواردنەکەی دەخوارد بەبێ ئەوەی کەوچکێك دووبارە بەرێتەوە بۆ دەمی.

دکتۆر (چیف) لەسەر ئەم چیرۆکە قسە دەکات و دەڵێت:

"لەم سەردەمانەدا عەقڵی عەرەبیی بەم جۆرە چێژە لە پیشەکاریی ڕۆیشتبوو، بۆیە پەنای بردووە بۆ هۆکارگەلێکی قورس بۆ باسکردنی ڕاو بیرو بۆچوونەکانی، هەروەك چۆن مەهلەبی نان خواردنەکەی بەکەوچکەکانی لەسەر خۆی قورس دەکرد، پاشان ئەم گیانە قورسخوازییە لە دروستکردنی نموونە هونەرییەکاندا بڵاوبوویەوە، زۆرێك لە ئەدیبەکانیش پەنایان بردە بەر ئاڵۆزکردنی گوزارشتەکانیان بە جۆرەها هونەر لە ئاڵۆزکاریی.

هەروەها دکتۆر زەیف دەڵێت: مرۆڤ وای بەبیردا دێ وەك ئەوەی پیشەسازیی پەخشان لەو سەردەمانەدا لە سروشتەکەی یەکەمی گۆڕابێ، گۆڕانێکی تەواو، کەوەك پیشەسازیی ئامرازەکانی ڕابواردن و ڕازاندنەوەی لێهاتووە، چونکە ئەوانە شتانێکی گرانبەهان کە دەرازێنرێنەوە بە جوانترین شێوەکانی ڕازاندنەوە، هەموو نووسەرێکیش خۆی تەرخان دەکرد بۆ دروستکردنی ئەو شتە گرانبەهایانە، خۆتەرخان کردنێك بۆی برەخسێنێ لە نیشانەکانی و جوانکارییەکانیدا هاوبەشی بکات، دیارە ئەویش لەو پێناوەدا زۆر خۆی شەتەك و ماندوو دەکرد.

## هەستانەوەی نوێی ئەدەبیی:

پەخشانی عەرەبیی چەندین سەدە بەو شێوەیە مایەوە کە هەمەدانی و حەریری و ئەوانەی بەخولگەی ئەواندا دەخولانەوە ڕێچکەیان بۆ دانا بوو، نیشانەکانی

هەستانەوەی ئەدەبیی تازە بەدەرنەکەوتن تەنها لە ناوەراستەکانی سەدەی رابردوودا نەبێت، لەم سەدەیەدا عەرەب نزیك بوونەوە لە شارستانیەتی رۆژئاواو تێیدا لە زانستە جوانەکان و شێوازەکانی ژیانی نوێیان تەماشا کرد. میسریش یەکەمینی وڵاتە عەرەبییەکان بوو کەوتە ژێر کاریگەری شارستانیەتی رۆژئاوا، دەست بەسەرا گرتنیشی لەلایەن ناپلیۆنەوە لەو رووەوە کاریگەرییەکی گەمە پێنەکراوی هەبووە، پاشان دوای ئەوە موحەممەد عەلی هاتووەو دەستی کرد بەناردنی نارده زانستیەکان بۆ فەرنسا، دەتوانین ئەندامانی ئەم ناردانە بە پێشەنگانی شێوازی نوێ لە وڵاتانی عەرەبدا دابنێین.

بەم هۆیەوە میسر جوڵانەوەیەکی فراوانی وەرگێرانی ئاسەوارە رۆژئاواییەکانی بۆ زمانی عەرەبیی بەخۆیەوە بینی. هەروەها بۆ ئەم جوڵانەوەی وەرگێرانەش وەها هاتبوو کە گۆرانکاری لە شێوازی نووسینیشدا زۆر یا کەم دروست بکات. چونکە وەرگێرو نووسەران هەستیان بەوەکرد کە شێوازی هەمەدانی و حەریری سودێکی نییە بۆ گواستنەوەی بیروبۆچونە نوێیە رۆژئاواییەکان، وە لەوانەیە لەم رێگایەدا زیانی زیاتر بێت لەوەی پاڵنەر بێت.

خەڵك ئیتر پێویستیان بە شێوازێکی هاوچەرخی سادە هەبوو کە وتەکان بەپێی واتاکان دابنێت، چونکە ئەوان دەیانەوێت مەسەلە نوێیەکان بەخێرایی تێبگەن، دڵیان نەدەگۆرا ئەگەر نووسەرێکیان ببینیایە کەشخە بە دەربرینەکانیەوە دەکات و دەیرازێنێتەوە، و دەورو خولی پێ دەدات، بۆ ئەوەی بەزانیارییە زمانەوانییەکانی خۆی بەسەریاندا هەڵبکیشێت بەبێ ئەوەی ئەوەندەیان لەواتا پێ ببەخشێ کە چڵێسییان تێر بکات.

ئەوەش هاوکاری بڵاوبوونەوی ئەم شێوازە بوو دەرکەوتنی رۆژنامەگەری بوو، چونکە رۆژنامەنووس بە نووسینەکەی دەیەوێت بگاتە زۆرترینی ژمارەی خوێنەران، دوای ئەوە ئیتر ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە کە شێوازەکەی سەروادارو رازاوە بێت.

کاتێکیش کارەبا داهێنراو کۆمپانیا هەواڵگرییە جیهانییەکان دامەزران، پەخشانی عەرەبییش هەنگاوێکی تری نا لە پێناوی کورتکردنەوەو سادەکاریدا، چونکە

رۆژنامەکان لە هەواڵە جیهانییەکانیاندا دەستیان کرد بە پشتبەستن بە پەیامە بروسکەییەکان، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پەیامانە زۆر کورتییە، ئەو ناتوانێت وشەی زیادە لەپێناوی چێژ وەرگرتندا بهێنێت و وشەکانی بەنرخ لەسەری حسێب کراوە، ئەوەش لەبەرژەوەندی کۆمپانیا هاوڵگرییەکەیە کە زیادەرەوەی لە پارەکەیدا نەکات لە شتێکی بێ سوودا.

ئیتر خەڵك دەستیان کرد بە خوێندنەوەی رۆژنامەو ئەوەی تێیدایە لە نامەگەلی بروسکەیی بەیانی و ئێوارە، بۆیە هەر دەبوو ئەوان بکەونە ژێر کاریگەریی شێوازەکەیەوە بە شێوەیەك هەستی پێ بکەن یان نەیکەن.

هەروەها سروشتی سەردەمی نوێ ئەوەشی خواست کە بۆکات بەهایەك هەبێت، وە لەوانەیە کات لەم سەردەمەدا هەندێ جار لە پارە بەهادارتر بێت، هەر لێرەوە خەڵکی هەستیان بەوە کرد کە کاتیان لەوە بەرتەسك ترە سەرفی بکەن لە رازاندنەوەی وتەکان و پڕکردنیان لەدەربرینی هاوواتادا.ئەوان لەوەدا جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی هەواڵەکانیان لە رێگای بروسکەوە دەنێرن.

***

"وتاری بیست و چوارەم"

# نامۆیی ئەدیب

لە کاتێکدا کە ساحیبی کوری عیباد دەسەڵاتی بەسەر کەش و هەوای ئەدەبیدا هەبووە بەدرێژدادڕییەکانی و خۆ نزیک خەرەکانیش ئەوەی دەیکرد بۆیان جوان دەکرد، ئەدیبێکی بلیمەت بەدەرکەوت کەنەزانیٚ چۆن خۆی نزیک بخاتەوە یان دوورویی بکات- ئەویش ئەبو حەیانی تەحیدی بوو.

هەروەها لەو کاتەی کە هەمەدانی رەخنەی لە شێوازی جاحیز دەگرت لەبەر ئاسانی و روونیەکەی، ئەبو حەیانی تەوحیدی چاوی لە جاحیز دەکرد لەشێوازەکەیداو کارایی واتای دەدا بەسەر وتەدا، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بکرێت بە ژێرەوەو بڕواتەوە بۆ لای خوا بە لەبیرکراوی. ئێستاش دواجار کاتی ئەوە هاتووە کە لا بەلای ئەم ئەدیبە مەزنەدا بکەینەوەو یادی زیندوو بکرێتەوەو لە بیروراکانی بکۆڵینەوە، بەڵکو شتێك بدۆزینەوە تیایدا کە بەڵکی ئەم ژیانەمان بێت.

## نامۆیەتی ئەبوحەیان:

مامۆستا متز دەربارەی ئەبوحەیان دەڵێت:" یەکەم شتێك کە تیایدا تێبینی دەکەین ئەوەیە کە ئەو زانا بووە بەوردەکارییەکانی شێوازی جوان و بەتوانا بووە تیایدا، بەڵام ئێمە لەشێوازەکەیدا تێبینی ئەو زۆر لەخۆکردنە ناکەین کە لای ئەدیبانی تر دەیبینین، دوای ئەبو حەیانیش لە پەخشانی عەرەبیدا نەنووسراوە ئەوەندەی گوزارشتی سادەوە بەهێزو بەتینی لە میزاجی خاوەنەکەی تیا بێت، وەك ئەوەی ئەبو

حەیان نووسیویەتی، بەڵام جەماوەر ئارەزوویان لە ڕێچکەی ئەوانی تر بووە لە جوانکاریدا، لەسەری ڕۆیشتوونو خاوەنەکانیان گەورە ڕاگرتوون، بەڵام ئەبو حەیان نامۆ بووە لەناو خەڵکی سەردەمەکەیدا، ئەو دووچاری بێ تاقەتیی کەسێك بوو بوو کە باڵاترە لە خەڵکی ڕۆژگارەکەیو پیشکەوتووترە بەسەریاندا.

بێگون متز ڕاستی کردووە لەوەی وەسفی ئەبوحەیانی پێ کردووە، ئەدیبێکمان نەدیوە هەستی بەنامۆیی کردبێت لە ڕۆژگارەکەیدا وەك ئەوەی ئەبو حەیان هەستی پێ کردووە، ئەم هەستەشی پاڵی پێوەنا کە لە ڕۆژگارەکانی کۆتایی خۆیدا کتێبەکانی بسوتێنێت، کاتێك لۆمەی کرا لەسەر ئەمە وتی:" من کوڕێکی نەجیبو هاوڕێیەکی خۆشەویستو هاودەمێکی نزیكو شوێنکەوتەیەکی ئەدیبو سەرۆکێکی موتیبم لەدەست داوە، پێم نارەحەت بوو بۆ کۆمەڵێك یاری پێ بکەنو ناموسم لەکەدار بکەن سەیریان کرد...

چۆن بەجێی بێڵم بۆ خەڵکانێك بیست ساڵ هاوسێیەتیم کردن، خۆشەویستییەکم لەیەکێکیان بۆ ڕاست نەبوویەوە، لە مرۆڤێکیشیان پارێزراوییەکم لێیان بۆ بەدەرنەکەوت، دوای ناوبانگو زانیاری، زۆر کات لەناویاندا ناچار بووم بەخواردنی سەوزایی بیابانو هەروەها لە خۆگرتنەوەی ئاشکرا لای خەڵکی تایبەتو گشتیی، وە بە فرۆشتنی ئایینو پیاوەتی".

دیسان ئەبو حەیان دەڵێت:" هەموو هۆگرو هاوەڵێك، وپیاوەرو خاوەن بەزەییەکم لەدەست چوو، سوێند بەخوا پێ دەچێت لە مزگەوتدا نوێژ بکەمو نەزانم کێ لە تەنیشتم دا نوێژم لەگەڵ دەکات، ئەگەر بۆم هەڵکەوت دەزانم سەوزەفرۆشە یان شەربەتفرۆشە یان مەلاجە یان گۆشت فرۆش، وە هەر کەسێك دەوەستێت بە تەنیشتمەوە بۆنی ناخۆشی سەرسامو مەستم دەکات، بۆیە ئێستا من بوومەتە حاڵنامۆیەكو ئایین نامۆیەكو ڕەوشت نامۆیەك، پەنادەبەم بۆ چۆڵیو بەتەنیایی قەناعەت دەکەمو لەگەڵ بێدەنگیدا ڕاهاتوومو پەیوەستی سەرسامیی بوومو هەڵگرێکی ئازارمو ڕەشبینم بەهەموو ئەوەی پیشبینی دەکرێ چارەسەریان هەبێت، ئەوە خۆری تەمەنە لەسەر کەنارەو ئاوی ژیانە دەڕواتو ئەستێرەی ژیانە بەرەو

ئاوابوون دەچێت.

## ڕەوشتی ئەبوحەیان:

لەو خووڕەوشتانەی ئەبوحەیان پێیەوە گرفتار بوو بوو، ئەوە بوو کەقسە لەڕوو بووەو حەزی نەکردووە هەڵە بەخۆی بکات یان خەڵکی هەڵەی پێ بکەن، هەندێ جاریش توند بووەو وەڵامی ئەوانەی قسەیان لەگەڵ کردووە بە شێوەیەکی تووڕەئامێز داوەتەوەو دانیشتنەکەی کردووەتە هات و هاوار، چونکە ئەو تەنگەتاویی بەهەڵە هەستی لێبوردن و چاوپۆشی لەدەروونیدا بەرتەسک دەکردەوە.

ئەبوحەیان زۆر تووڕە دەبوو لەو دژایەتییەی تێبینی دەکرد لە نێوان ڕەفتارو کرداری خەڵکدا، بەتایبەتی خۆشگوزەرانەکانیان، گوێی بەوە نەدەدا لەبەردەم خاوەنەکەیدا ئاشکرای بکات هەر کەسێك هەبێت.

جارێکیان رووی دا ئیبن عەمید هەزار دیناری دا بەیەکێك لە ئەدیبەکان، مەسکەوەیهیش لەمە بێتاقەت بوو، وە بە ئەبوحەیانی وت: ئایا هەر لە کاری هاوڕێکەماندا نابینێت کە بەیەك جار هەزار دینار دەداتە فلان؟

ئەبو حەیانیش بە ئاشکراییەکی تاڵەوە وەڵامی دایەوە:" ئەی شێخ، پرسیارت لێ دەکەم دەربارەی شتێك، بڕوا بکە چونکە پێویست بە درۆ ناکات لە نێوان من و تۆدا، ئەگەر هاوڕێکەت ئەم هەڵەیەی لەگەڵ تۆ کرد بەپێدانی ئەم بەخششەو چەند ئەوەندەی ترو لەچەند ئەوەندەی تریش زیاتر، ئایا تۆ لەدەروونی خۆتدا بیرت لەوە دەکردەوە کە هەڵەی کردووەو زیادەرۆکارەو گەندەڵە، یان نەفامە بە مافی پارە؟ یاخود تۆش دەتوت: چەند کارێکی باشی کردووەو خۆزگە زیاتری بکردایە؟ ئەگەر ئەمەی دەیبیسی ڕاستە، ئەوە بزانە ئەوەی لەو وتانەوە دێ تەنها حەسادەتە یان شتێکی ترە لە ڕەگەزی ئەو، تۆیش بانگەشەی دانایی دەکەیت و لە ڕەوشتدا زۆر لە خۆکاریی دەکەیت و ساختەکراو ساختە دەکەیت، ولەناو هەڵبژاردەکاندا هەڵبژێریت. ئاگاداری خۆت بە لەسەر نهێنی و خراپەت".

خوێنەر وەهای دانەنێت کە ئەبوحەیان ئەمەی وەك بەرگری لە ئیبنولعەمید وتووە،

وا گومان ئەبەم ئەگەر ئەو لە كۆری دانیشتنی ئیبنولعەمیدیشدا بووایە بەرەخنەی تاڵەوە رووبەرووی ئەویش دەبوویەوە چۆن رووبەرووی مەسكەوەیهی بوویەوە، دیارە ئەم رەوشتەی ئەبوحەیان لەو هۆكارانە بووە كە نامۆو داماوبێت لە زۆرترینی رۆژەكانی تەمەنیدا.

## سەردەمی ئەبوحەیان:

كێشەی ئەبوحەیان لەوەدا بووە كە ئەو لەسەردەمێكدا ژیاوە دژایەتی لە نێوان رەفتارو كرداری خەڵكدا گەیشتووەتە رادەیەك كە سەردەمێكی تر پێی نەگەیشتبێت. رابواردنیش لای تاقمی فەرمانرەوا گەیشتبووە لوتكە، لە كاتێكدا كە زۆربەی خەڵك لە برسییەتییەكی درێژخایەن و داماویەكی دامەزراودا بوون، نان لای زۆربەیان ئەوپەری ئاوات بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، فەرمانرەواكان شەرمیان نەدەكرد لەقسەكردنی پڕدەمیان دەربارەی دادپەروەری و چاكەو بەزەیی و ئەوانی تر لە وتەكانی ئامۆژگاری باو، داماویی خەڵكیش هیچ پەیوەندییەكی بەم رێچكەبازیەی فەرمانرەواكانەوە دەربارەی بیروباوەڕە باڵاكان نەبووە.

دەڵێن برسێتی لە بەغدادا زۆری بەخەڵك هێناو نرخەكان بە شێوەیەكی زۆر خراپ گران بوون، خەڵكیش لە دەوری بەلەمەكەی وەزیر كۆدەبوونەوە هەر كاتێك لە روبارەكەدا سەردەكەوت بەرەو وەزارەتەكەی و هاواریان دەكرد (نانمان دەوێت)، وەزیریش وەڵامی دەدانەوەو دەیوت: (هێشتا كەپەك (سوس)تان نەخواردووە).

لەو كاتانەدا هەواڵی هێرشی رۆم بۆ سەر سنووری دەوڵەت گەیشتە بەغداد، خەڵكیش خێرا پەلاماری چەكیان دا بۆ تۆڵە، ئەوەی سەیرە كە ئەوان چەكیان بەرووی رۆمدا رانەكێشا، بەڵكو دەستیان كرد بە داواكردنی نان، بۆ زانیاریش كە ئەمیر لەو رۆژەدا لەراوبووەو ئاسكی راودەكرد. لەو كاتانەدا بەغداد چەند خۆپیشاندانێكی جەماوەری بەخۆوەبینی، سەركردایەتی ئەو خۆپیشاندانانەش كۆمەڵێ هەژار دەیانكرد پێیان دەوتن (دەستبەتاڵەكان). دكتۆر عەبدولعەزیز دوری دەڵێت:" بەراستی جوڵانەوەی دەستبەتاڵەكان تەنها شۆرشێك نەبوو دژی دەوڵەمەندو

فەرمانڕەواکان، هێرشەکانیشیان بەپلەی یەکەم ڕووبەڕووی ماڵی دەوڵەمەندەکان و دوکانی بازرگان و پلەوپایەدارەکان و سەرۆک پۆلیسەکان دەکرانەوە، ئەوان دەستیان نەدەبرد بۆ هەژاران و لاوازەکان و ژنان و خاوەن کالاّ کەمە بازرگانییەکان، ئەوان بۆ بەهانەی کارەکانیان دەیانوت کە ماڵی دەوڵەمەندەکان حەلاّڵە بۆ ئەوان، چونکە دەوڵەمەندەکان زەکاتیان لێ گرتوونەتەوەو سامان لەدەستیاندا کەڵەکە بووەو هەژارەکانیش پێویستیان پێیەتی".

بەدبەختی ئەوەی خواست کە دەستبەتاڵەکان ڕۆژێکیان پەلاماری ئەو شوێنە دەدەن کەئەبوحەیان تیایدا نیشتەجێیە، لەناو ئەوانەی تالاّن کران ماڵەکەی ئەویشیان تالاّن کرد، لەوانەیە ئەمە لەو هەلاّنەیان بوو بێ کە بەئەنقەستی نەبووە، ئەم ڕووداوەش بوو بەهۆی ئەوەی ئەبوحەیان ڕقی لە دەستبەتاڵەکان و ئاژاوەگێڕان بێتەوە لەگەڵ ڕقی لە خۆشگوزەران و دەوڵەمەندەکان.

## شیعەو سوننە :

لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانی هەژاران دژی دەوڵەمەندەکان بەردەوام بوو، خۆپیشاندانێکی تر هەبوو لە جۆرێکی تر، کە خۆپیشاندانی تایفی بوو. ئەوە بوو لەو کاتەدا بووەیهییەکان دەستیان بەسەر بەغدادا گرت، کە بریتی بوون لە شیعە فارسەکان، لە کاتێکدا کە خەلیفەو ئەوەی لەدەوری بوو لە تورکە سوننییەکان بوون، هەروەها خەڵکی بەغداد خۆیشیان شیعەو سوننە بوون، شیعەکان لەکەرخ نیشتەجێ بوو بوون و خەڵکە سوننیەکەش لە (باب البصرە)و (باب الشعیر)، پاشان ئاژاوەکان زۆر بوون و ئاگرکەوتنەوە چەند بارە بوویەوەو خوێن لە هەردوو لاوە ڕژا.

پیاوانی ئاینی لەناو پیاوانی هەردوو تایفەکەدا ئاگرەکەیان زیاتر خۆش دەکردو کوشتاریان دەکرد بە کۆمەڵە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی، هەروەک چۆن خەڵکە گشتییەکە بەکوتەک و خەنجەر شەڕ دەکەن، پیاوی ئاینیش گوێ بەوە نادات کە بەسەر سەری خەڵکدا دەبارێ لە بەلاّی سیاسی و ئابووری، هەموو بایەخی ئەو خراوەتە سەر کۆکردنەوەی بەڵگە عەقڵی و نەقڵییەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە عەلی چاکترە لە

ئەبوبەکر یان ئەبوبەکر چاکترە لە عەلی.

ئەڵێن جارێکیان دەبێتە مشتومڕیان لەسەر ئایەتی ئەشکەوتەکە، ئەوەتا قورئان لە باس کردنی کۆچی پێغەمبەر لەگەڵ ئەبوبەکردا لە مەککەوە بۆ مەدینەو خۆحەشاردانیان لە ئەشکەوتەکەدا دەفەرموێت:" الا تنصروه فقد نصره الله اذ اخرجه الذين كفروا ثاني اثنين إذهما في الغار إذ يقول لصاحبه لاتحزن إن الله معنا فأنزل الله سكينته عليه وايده بجنود لم تروها...".

واتە: ئەگەر ئەو سەرنەخەن، بەراستی خوا ئەو سەردەخات، ئەو کاتەی کە بێ باوەران ئەویان لە (مەککە) دەرکردو ئەو دووەمینی دووکەس بوو کاتێك ئەو دووانە لەئەشکەوتدا بوون و بەهاوەڵەکەی خۆی (ئەبوبەکر)ی وت: خەفەت مەخۆ، بەراستی خوا لەگەڵمانە، لەوکاتەدا خوا هێمنایی خۆی بۆ دابەزاندن و بە کۆمەڵە سەربازێك کە نایبینن یارمەتی دان)

لێرەدا ئەهلی سوننە دەڵێن ئەم ئایەتە باس لە چاکەکانی ئەبوبەکر دەکات، لە کاتێکدا کە هاودەمی پێغەمبەر بووە لە کۆچەکەیداو هاوەڵی بووە لەئەشکەوتەکەدا، بەڵام شیعەکان ئەوە دەبینن لەو ئایەتەدا کە زەمی ئەبوبەکری تیایە. لەگەڵ بەکەم دانانی، لەبەرئەوەی ئەو لەئەشکەوتەکەدا خەمباری دایگرتبوو، لە کاتێکدا کە لەسەری پێویست بوو خەمبار نەبێت، ئەوە بوو خوا دوای ئەوە هێمنایەتی خۆی بۆ سەر پێغەمبەر ناردو داینەبەزاندە سەر ئەبوبەکر...

هەر کۆمەڵێکیشیان بۆ پشتگیریی بیروراکەی پشتی بە پێوەرە لۆژیکییە باوەکان دەبەست، هەروەها پێی دڵخۆش دەبوو کە حەق هەمووی لە بنباڵیدا جێی بووەتەوە.

هەروەها لە ساڵی ٣٥٢دا (موعیز ئەلدەولە)ی بوویەهی فەرمانی دا بە مەراسیم گێران بەبۆنەی رۆژی عاشوراوەو خەمباری و پرسە پیشان بدەن لەسەر حسەین. پاشان بازارەکان داخران و کڕین و فرۆشتن راگیرا، گومەزەکان لە بازاردا هەڵخران و پەیداخیان پێوە هەڵخرا، ژنانیش بەهەستی بریندارو رووی گرژەوە دەرچوون و جلەکانیان لەت کرد بوو کە بەشاردا خولابوونەوەو دەیاندا بە رووەمەتی خۆیاندا.

ئەهلی سوننەش ویستیان شتێك لەبەرامبەر رۆژی عاشورا بۆ خۆیان دروست

بکەن، پاشان دوای هەشت ڕۆژ ڕۆژێکیان دایە پاڵ کاتی کوشتنی مەسعەبی کوری زوبێرو سەردانی گۆڕەکەیان کرد لە مەسکەن، هەروەك چۆن سەردانی گۆڕی حسەین دەکرا لە کەربەلا.

هەروەها موعیزی دەولە (معزالدولە) فەرمانی دا بە مەراسیمی ڕۆژی غەدیرو کردی بەجەژن، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە پێغەمبەر تیایدا وتویەتی:( من كنت مولاه فعلی مولاه) کێ من هاوڕێ‌و هاوەڵی بووم، ئەوا عەلی هاوەڵیەتی. ئەهلی سوننەش ڕۆژێکی تریان کردە مەبەست کە دوای ڕۆژی غەدیر بەهەشت ڕۆژ دێت، ئەویش ئەو ڕۆژەیە پێغەمبەرو ئەبوبەکر چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە. لەو شتە خۆشانەی لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە: سواڵکەرەکان ئەم ململانێ تایفییەیان قۆستەوە، ئەوانە دەهاتنە بازاڕو یەکێکیان لە گۆشەیەکی دەوەستاو دەکەوتە باس کردنی چاکەکانی عەلی کوری ئەبو تالیب ئەوی تریشیان لە لایەکەی بەرامبەرەوە دەوەستاو دەکەوتە باسکردنی چاکەکانی ئەبوبەکر، ئیتر درهەم دەباری بەسەریاندا لە شیعەو ئەهلی سوننە پێکەوە، دوای ئەوەی ڕێژەیەکی باش درهەمیان دەست دەکەوت، کۆدەبوونەوە بۆ دابەشکردنی لە نێوان خۆیاندا.

## هەڵویستی ئەبوحەیان:

ئەوەم بەدڵە کە ئەبوحەیان گاڵتەی بەهەردوو تایفەکە دەکردو بیروراکانیانی بە هیچ دادەنا، دیارە کە ڕۆشنبیرییەکەی ڕێگای نەدەدا کە لایەنگری تایفەیەکیان بکات بەدەر لەوی تر.

ئەگەر زیرەکیی و تێروانینی فراوان لە مرۆڤدا کۆبێتەوە، قورسە بەلایەوە دەمارگیر بێت بۆ مەزهەبێك لە مەزهەبە ئایینییە پێکەوە نەیارەکان، زەینی گەشتکاری ئەو بەرزی دەکاتەوە لە ئاستی خەڵکەکەی تر، نموونەی ئەم پیاوەش سەرکەوتوو نابێت لە سەردەمێکدا ململانێی تایفی زاڵ بووبێت بەسەریداو هەموو تایفەیەکیش باوەری وابێ حەق بەتەنها تایبەت کراوە بەوەوە بەبێ خەڵکی تر.

ئەوەی کتێبەکانی ئەبوحەیان دەخوێنێتەوە دەبینێت کە لە بیروراکانیدا پابەند

نییه به مەزهەبێکی دیاریکراوەوە، ئەو جارێك هەواڵێك دێنێت شیعە دڵی پێ خۆش دەبێت و ئەهلی سوننەش پێی بێزار دەبن، هەر ئەو جارێکی تر پێچەوانەی ئەوە دەکات. بۆ نموونە ئەو چیرۆکێك لەسەر خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی دەگێڕێتەوە، بەوەی رۆژێك یەکێ لە هاوڕێکانی خەلیل لێیان پرسیوە: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا چییانە ئەڵێی کوری یەك دایکن و عەلیش وەك کوری هەویە وایە؟ خەلیل خۆی لە وەڵامەکە لەترسا دواخست، پاشان دوای ئەوەی داوای لە پرسیارکەرەکە کرد کە وەڵامەکەی نهێنی رابگرێ، وتی:" عەلی لە پێش هەموویاندا موسڵمان بووە، دیارترین خانەدان و پایەداریان بوو، لە پێشترینیان بووە لە زانستدا، هەڵبژاردەترینیان بووە لە لەسەرخۆییدا، وەرگرتنیان لە خۆگرتنەوە، پاشان حەسادەتیان پێ بردووە خەڵکیش ئارەزوویان بەلای نموونەو شێوەی خۆیانە"

ئەم هەواڵە لەگەڵ بیروباوەری شیعەدا زۆر چاك دەگونجێت، لە کاتێکدا ئەو لە پلەوپایەی عەلی بەرز دەکاتەوەو لە پلەوپایەی هاوەڵانیش کەم دەکات، بەڵام ئەبوحەیان رقی لە شیعە بووە چونکە جنێویان بە هاوەڵان (صحابە)داوە، هەروەها ئەو چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە کە خۆی لە بەغداد دیویەتی، ئەو پرسیار لە یەکێ لە فەرموودەناسەکان (محدثین) دەکات دەربارەی دروستیی ئەوەی لە عەلی کوری ئەبوتالیبەوە دەگێرنەوە کە وتوویەتی:" چاکترینی ئەم نەتەوەیە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبوبەکرە" فەرموودەناسەکەش وەڵامی داوەتەوە کە فەرموودەکە راست و دروستە، هەر لەو دانیشتنەشدا کۆمەڵێك شیعە هەبوون و ملیان بۆ درێژ کرد، پاشان فەرموودەزانەکە لە دەرەنجامەکەی ترساو بەئاگاوە وتی:" بەڵێ ئاماژەی بەو نەتەوە فاسقە هەڵگەراوە کردووەو باشترینیان ئەبوبەکر بووە" ئیتر کۆمەڵەکە وتەکەیان پەسەند کردو دڵیان پێی کرایەوە. ئەبوحەیانیش چیرۆکەکەی کۆتایی هێناوە بە ئەفرین کردن لەوانەی جنێو بە هاوەڵان دەدەن.

دیارە کە ئەبوحەیان هاوەڵانی بەرز نەکردووەتەوە بۆ پلەی پیرۆز ڕاگرتن وەك ئەهلی سوننە دەیکەن، هەروەها حەزی لەجنێوپێدانیشیان نەکردووە وەك شیعە دەیکەن، چونکە هاوەڵان لە ڕوانگەی ئەودا خەڵکی خاوەن چاکەن بەڵام وەك

چاکەکارانی تری بەنی ئادەم وەهان و ناکرێ لە چڵکی سروشتی مرۆییانە دابڕنرێن بەتەواوی. ئەم روانینەی ئەبوحەیان روون دەبێتەوە لە سەقیفەدا کە لەسەر زمانی ئەبوبەکرو عەلی و ئەبوعوبەیدە دایناوە، ئەبوحەیان هەوڵی داوە بەم گفتوگۆیەی گەورە هاوەڵان بەشێوەیەك پیشان بدات کە لەگەڵ زەوقی شیعەو ئەهلی سوننە پێکەوە پێك نایەتەوە، ئەوەی گفتوگۆکە دەخوێنێتەوە هەست دەکات هاوەڵان لەگەڵ پلەوپایەی بەرزیشیاندا مرۆڤ بوون وەك تەواوی مرۆڤەکانی تر، ئەوان ململانێ دەکەن و نەیاریی یەکتر دەکەن، پاشان لۆمەی یەکتر دەکەن و ئاشت دەبنەوە، بە بێ ئەوەی لە پشتی ئەمەوە حەقێك یان باتڵێکی ئەمر هەبێت وەك خاوەن رێچکە ئایینیەکان وای پیشان دەدەن. هەردوو تایفەکە گفتوگۆی سەقیفەیان رەت کردەوەو ئەبوحەیانیشیان تۆمەتبار کرد بەوەی خۆی دایناوە، وایش دەردەکەوێ کە بەراستی هەڵبەستراو بێت، چونکە نیشانەکانی هەڵبەستراوی پێوەدیارە، شێوازەکەشی جیاوازە لەو شێوازەی هاوەڵان دەیانگرتە بەر لە گفتوگۆ یان لۆمەکارییەکانیاندا، بەڵام ئەمە بەتەنها بەس نییە بۆ رەتکردنەوەی لە لایەن ئەو دوو تایفەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ زەوقی لایەکیاندا بگونجایە لە روانگەی ئەوەوە دەبووە قسەیەکی دروست و دەیکردە بەڵگەو مشتومڕی لەگەڵ تایفەکەی تردا پێ دەکرد.

## دوولایەنەی کەسایەتی:

لەوانەیە زیادەرەوەی نەکەم ئەگەر وتم ئەبوحەیان یەکەم کەس بوو دیاردەی دوولایەنەی کەسایەتی (ازدواج الشخصیە) لە خەڵکی رۆژگارەکەیدا دۆزییەوە، گوێی لێ بگرە کاتێك وەسفی خەڵکی بەغداد دەکات و دەڵێت: دانایی لەسەر زمانیان دیارترە لەوەی بەسەر کردارەکانیانەوە دیارە، داواکردنیان بەوەی پێویستە بۆیان زیاترە لەوەی هەوڵ بدەن لەوەدا کە پێویستە لەسەریان". پاشان ئەبوحەیان دەگەرێتەوەو دەڵێت:" ئەمەش رەوشتێکی بڵاوە لەناو هەموو خەڵکدا، وەها دەرئەکەوێت کە لەناو هاوەڵانی ئێمەدا بڵاوتر بێت، وە لە لایەنی ئەوانەوە بێ شومارترە".

هەروەها خوێنەریش سەری سور دەمێنێ کە دوولایەنەی کەسایەتی لە خەڵکی

عێراقدا دەبینێت لە ڕۆژگاری ئەبوحەیاندا لەسەر ئەو شێوەیەی لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا دیارە، کەواتە هۆکاری ئەوە چییە؟

ئەوەی باوەرم پێیەتی ئەوەیە کە لێرەدا چەندین هۆکار هەیە بۆ دەرکەوتنی دوو لایەنەی کەسایەتی لەناو خەڵکی عێراقدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدووری نازانم کە ململانێی تایفی کە هەر لە دێر زەمانەوە کارەکەی ئاڵۆز بووە شوێنەواری لەوەدا هەبێت بە شێوەیەکی گاڵتەپێنەکراو لەم بارەیەوە.

تێبنیش دەکرێت لە پیاوی تایفیدا کە لە هەموو خەڵك زیاتر قسە لە بەها باڵاکان دەکات و بە حەماسەترینیانە لە بانگەشە بۆ کردنیان؛ وەك ئەوەی ئەمە بکاتە چەکێك و شەڕی نەیارەکەی خۆی لە تایفەکانی تر پێ بکات، بەڵام ئەو بەهایانە لەبیر دەکات کاتێك بۆ بارودۆخی خۆی و تایفەکەی دەڕوانێت.

پیشەی ئەم پیاوەیە کە سوورە لەسەر گەڕان بەدوای عەیبی تایفەکەی تردا، ئەو هەمیشە دەنگی بەرز دەکاتەوە لە ڕەخنەگرتن و ناشرین کردنیان؛ بەڵام ئەگەر خەڵك باسی ئەو جۆرە عەیبانەی کرد لە تایفەکەی خۆیدا هەیە، ملی بادەدا و هەوڵ ئەدا بەهەموو توانایەکی مشتومڕو لۆژیکئامێزەوە بەرگری لەتایفەکەی بکات، ئەو وەك ئەوە وایە کە مەسیح دەڵێت:" پووش لە چاوی هاوەڵەکەیدا دەبینێت بەڵام دار لەچاوی خۆیدا نابینێت". زۆر جار لە یەکێك لە تایفەکاندا نەریتی خراپ و بیروباوەری ناپەسەندی وەها دەبینین کە دەروون دێنێت بەیەکدا، بەڵام ڕۆڵەکانی ئەو تایفەیە هەموو ئەوانەیان لەبیر دەچێت و چاویان ئاراستەی عەیب و عاری تایفەکانی تر دەکەن، ئەوەش جار لە دوای جار لەسەر ئەمە ڕادێن تا لە عەقڵەکانیاندا بەو هۆیەوە بەربەستێکی قایم دروست دەبێت لە نێوان ئەوەی لە خەڵکی تردا دەیبینن و ئەوەی لە خۆیاندا دەیبینن، واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو پێوەرانەی ڕەوشتی غەیری خۆیانی پێ دەپێون جیایە لەو پێوەرەی ڕەوشتی خۆیانی پێ پێوانە دەکەن؛ وەك ئەوەی خوا ئامادەبێت لە گوناهی ئەوان خۆش بێت، بەڵام هەرگیز لە گوناهی غەیری ئەوان خۆش نەبێت.

شاراوە نییە کە کەسێك ئەم شێوازە لەبیرکردنەوە لەمەسەلە تایفییەکاندا پیادە

بکات، بێگومان لە مەسەلە شەخسییەکانیشدا پیادەی دەکات، لە ئەنجامی ئەمەشدا دەبێتە بێژەرێکی بێ کردار، هەر لەوێدا وەسفەکەی ئەبوحەیانی بەسەردا دەچەسپێت، بەو شێوەیەی کە داواکردنی ئەوەی پێویستە بۆ ئەو زیاترە لەوەی پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات، بۆ ئەمەش دەبینێت کە دواندەرو نووسەرێکی بەهێزە، لە کاتێکدا کە لە ژیانی کردارییدا لەوانی تر لە بەنی ئادەمەکان جیاوازتر نییە، هەروەها بە حەماسەتە لە رەخنەگرتن لەوانی تر، بەحەماسەتێکی نامۆ، پاشان گوێی پێ نادات دوای ئەوە ئەو کردارە ئەنجام بدات کە لەسەری رەخنەی لە خەڵکی گرتووە.

## دەرەنجام:

ئەمەوێ لەم بەشەدا ئەو دەرەنجامە دەربهێنم کە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەبێتو بەوەی کە پێویستە ئەدیب پێی هەستێت، چونکە ئەدیب بەبڕوای من پێشەنگی بیرێکە پێش ئەوەی دروستکەری کۆمەڵە وتەیەك بێت، وا گومان دەبەم کە ئەبوحەیان باشترین کەسە کە نوێنەرایەتی ئەو جۆرە ئەدەبە بکات لەسەردەمە دێرینەکاندا، ئەبوحەیان لە ژیانیدا تێکشکا، چونکە پێش کاتی خۆی ژیا، ئەگەر لەم رۆژگارەماندا دەربکەوتایە دەبووە گەورەی ئەدیبان.

***

"وتاری بیست و پێنجەم"

# جاحیزو ئەبوحەیان

لە وتاری پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە ئەبوحەیان شێوازی جاحیزی بەدڵدا چوو بوو، هەروەها بەدوایدا دەچوو، ئەمەش وای لەهەندێ لە رەخنەسازەکان کردووە، کە ناوی جاحیزی دووەم دابڕن بەسەر ئەبوحەیاندا، لە راستیدا ئەبوحەیان لە جاحیز دەچوو لە هەندێ مەسەلەداو لە هەندێکی تردا لێی جیادەبوویەوە. منیش وای بەچاك دەبینم کە لە هەندێ رووی لێك چوو، وە هەندێ رووی جیای نێوان ئەو دوانە بکۆڵمەوە.

**هەندێ رووی لێکچوو:**

ئەبوحەیان لە جاحیز دەچوو لە رۆشنبیرییە زەبەلاحەکەی‌و فراوانیی روانینی بەسەر لایەنە جیاجیاکانی مەعریفەدا کە لەو رۆژگارەدا رەواجی هەبووە، ئەمەش ئەبوحەیانی لە ئەدیبەکانی تری سەردەمەکەی تایبەتمەندتر کردبوو کە ئەوان شانازییان بە روانینی خۆیان بەسەر نهێنییە زمانەوانییەکاندا دەکردو لە نهێنییەکانی ژیان بێ ئاگا بوون.

هەروەها ئەبوحەیان لە جاحیز دەچوو لە شێوازە روونە سادەکەیدا، چونکە خوێنەر هەست بەگەرمیی واتا دەکات تیایدا وکارلێکی لەگەڵدا دەکات بەبێ ئەوەی بەربەستێك بیوەستێنێت لە خۆهەڵکێشانە لەفزییەکان. هەر بۆیە ئەبوحەیان لەگەڵ زانینی فراوانیشیدا بە رستەسازی، پابەندی بنەمای رستەسازی نەدەبوو کاتێك

بۆچوونەکەی لێ گیر دەکرد، دانی بەمەشدا دەنا بەبێ شەرم کردن، چونکە روونی بۆچوون لای ئەو باشتر بووە لە سەلامەتی زمان.

## جاحیزو زانستی کەلام:

بەڵام ئەبوحەیان لە روانینیدا بۆ زانستی کەلام (بیروباوەڕ) جیاوازی هەبوو لەگەڵ جاحیزدا، چونکە ئەبوحەیان حەزی بەم زانستە نەکردووەو رقێکی زۆری لێ بووە، بەڵام جاحیز لە دەرکەوتووەکانی ناو زانستی کەلام بووە، رەوشی ئەویش وەك رەوشتی ئەوانی تر لە پێشەوایانی موعتەزیلە.

شایانی باسە کە زانستی کەلام لە مشتومڕەکانیدا پشت بە پێوەرە لۆژیکییەکانی ئەرستۆتالیس دەبەستێت. جاحیزیش باوەری بەم لۆژیکە هەبووەو لە کاروبارەکانی دین و دنیایدا شوێنی کەوتووە، وە لەو شتە خۆشانەی لەم رووەوە دەگێڕنەوە، رۆژێکیان جاحیز لەگەڵ ئیبن ماسەوەیهی پزیشکیدا کۆدەبێتەوە لەسەر سفرەی یەکێك لە وەزیرەکان، خواردن پێشکەشکراو تیایدا ماسیو موزیرە (مضیرة) هەبوو، موزیرەش خواردنێکە بە ماستی ترشاو لێ دەنرێت، وەهایش زانراوە لە پزیشکەکانی ئەو رۆژگارە کە خواردنی موزیرە لەگەڵ ماسیدا زیان بە لەش دەگەیەنێت، بۆ ئیبن ماسەویهیش ئامۆژگاری جاحیزی کرد کە لە خواردندا بەیەکەوە کۆیان نەکاتەوە، جاحیزیش گوێی بە ئامۆژگارییەکەی نەدا و دەستی کرد بە مشتومڕی لۆژیکیانە لەگەڵیداو پێی وت: "ئەی شێخ، کۆنابنەوە ئەگەر ماسی لە سروشتی ماسی بوو یان دژی ئەو بوو، خۆ ئەگەر یەکێکیان دژی ئەویتریان بوو ئەو کاتە دەرمانە بۆی، بەڵام ئەگەر یەك سروشتیان هەبوو، ئیتر باوای دابنێین کە لە یەکێکیانمان خواردووە تا تەواو بووین لێی. ماسەویهیش پێی وت: بەخوا من شارەزایم لە کەلام نییە، بەڵام بخۆ باوکی عوسمان بزانە سبەینێ چی روودەدات، جاحیزیش بە عینادی هەر خواردی، پاشان لە شەوەکەیدا تووشی ئیفلیجی بوو، وە وتی:" سوێند بەخوا ئەمە ئاکامی لۆژیکی مەحاڵە".

ئێمە بەلامانەوە گرنگ نییە کە جاحیز لە ئەنجامی ئەو خواردنەوە تووشی ئیفلیجی

بووە یان نا، بەڵام ئەو پێوەرە لۆژیکییەمان بەلاوە گرنگە کە جاحیز بەکاری هێناوە بۆ بەرگری لە بیروراکەی خۆیو سوور بووە لەسەری، ئەمەش ڕێچکەی بیرکردنەوەی جاحیزمان بۆ دەنوێنێت، هەروەها ئەوە هەر ئەو ڕێچکەیەش بووە کە دەستی بەسەر عەقڵی ئەدیبو بڕیارەکانماندا گرتووە بە درێژایی سەدەکانی دواتر، تۆ هەر ئەوەندەی مشتومڕێکت لەگەڵ یەکێکیاندا کرد لە ڕایەکدا، ئیتر شمشێری پێوەری لۆژیکی لەسەر ڕێچکەی جاحیزیی بەرووتدا هەڵدەکێشێت، ئەو پێت دەڵێت: مەسەلەکە لەوە دەرناچێت کە ئەوە بێت یان ئەوی تر، پاشان دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو ڕووەکە چۆنی بوێت، تۆیش لە بەرامبەر ئەوەدا هیچت بۆ نییە جگە لە بێدەنگیی.

ئەم ڕێبازە لۆژیکییەش پاڵی بە جاحیزەوە نا کە لە هەر بابەتێکدا بیەوێت شت بنووسێت، زەم بێت یان ستایش. ئەو لە شتێکدا دەینووسی هەروەها لە پێچەوانەکەشیدا، وە دەیتوانی بۆ هەردوو ڕووەکە لەو بەڵگە لۆژیکییانە بهێنێت کە پشتگیریی دەکەن، ئەگەر بیویستایە ستایشی شتێك بکات دەگەڕا بۆ پێشەکییەك بۆی بشێت و پاشان ئەو ئاکامەی لەسەر بنیات دەنا کە دەیویست. ئەو دوای ئەوە گوێی بەوەش نەئەدا کە ئەگەر بیویستایە لێی بخوێنێت، بگەڕێت بۆ پێشەکییەکی پێچەوانە.

هەموو زانایانی کەلامیش بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتوون، هەریەکە لەوان هەوڵی داوە ڕاستیی بیروباوەڕە بۆماوەکانی خۆی بەهۆی پێوەری لۆژیکییە دووسەرەکانەوە بسەلمێنێت، بۆیە دەبینین دەگەڕا بەدوای ئەو بیروباوەڕو چەمکانەدا کە لەگەڵ مەبەستەکەیدا دەگونجاو دەیکردە پێشەکییەکی گەورە بۆ پێوەرەکەی، پاشان ئەوەی ئارەزووی دەکرد لێی بەرهەم دەهێنا، خۆ ئەگەر دەستەوەستان بوایە لە بەدەستهێنانی ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکەیدا بگونجێت لەو چەمکانە، پەنای دەبرد بۆ لێکدانەوەو هۆکارکاریی. ئەو هەر دەگەیشتە ویستەکەی خۆی بەهەر حاڵێك بێت. ئەو یەکەم جار باوەڕی بە دروستیی بیروباوەڕەکەی هەیە، پاشان پێوەرە سەلمێنەرەکان دەهێنێت بەو پێیەی خۆی باوەڕی پێیەتی، لەبەرئەوە مشتومڕی لۆژیکی لە سنووری ئەو نەریتانەدا

دەبینیت کە قسەکەری لەسەر پێگەیشتووە، کە تاڵە موویەك لێی لانادات، بەڵام ئەگەر لەسەر نەریتگەلێکی تر پێبگەیشتایە دوودڵی نەدەکرد بە پشتگیری کردنی بە بەڵگەکانی ئەویش بەهەمان شێوە.

دنیا پڕە لە پێچەوانەو دژ بەیەکبوون هەروەك شاراوە نییە، هیچیش لەسەر قسەکەر نییە تەنها گەڕان نەبێت بە ناویدا بۆ دۆزینەوەی ئەوەی بەدڵیەتی لە پێشەکییە لۆژیکییەکان کە هاوکاری دەکەن لەسەر مشتومڕ لە هەموو بابەتێکداو حوکم دان لەهەر دۆزێکدا، لەبەرئەوە هەندێ لە بەتواناکان لە زانستی کەلامدا بەوە ناوبانگیان پەیداکردووە کە توانایەکی بەهێزیان هەیە بۆ پشتگیریی کردنی هەر ڕایەك یان پوچەڵ کردنەوەی. ئەوە بووە لەسەدەی چوارەمدا مامۆستایانی گەورە لەوانە دەرکەوتوون کە دانیشتن و یانەکانیان پڕ کردبوو لە پێکدادانە لۆژیکییەکان بەبێ ئەوەی پێیان بگەن بە ئاکامێکی یەکلاکەرەوە.

ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی هەندێك لە بیریارە ناوازەکان شۆڕش بەرپابکەن بەسەر ئەو مشتومڕە پڕوپووچەدا، چونکە بینییان ئەو بەڵگانەی دەهێنرێنەوە بۆ پشتگیریی دۆزێك یان پوچەڵ کردنەوەی وەکو یەکن و هەڵبژاردنی یەکێکیان پشت بە توانای ئەو کەسە دەبەستێت هێناویەتی، هەروەها لەسەر چاك روونکردنەوەو دەنگی بڵندی یەکێکیان دەڵێت:" من دەبینم بەڵگەکان لەناو خۆیاندا پاڵنەری یەکترن، هەروەها دەبینم خاوەنەکانیان دەیانرازێننەوەو روکەشکارییان دەکەن بۆ ئەوەی لێیان وەربگیرێت، ئەمانە وەك ئەو ساختەکارانەی دراویان رووکەش دەکرد وەهان بۆ ئەوەی لای خۆیان سەرف ببێت و دواتر بە هەڵە دەگەیشتەوە بە خۆیان".

## ڕای ئەبوحەیان:

زانایانی کەلام بە جیاوازی تایفەو جۆرەکانیان بێزراوترین خەڵك بوون لای ئەبوحەیان، ئەو بەرامبەریان دەیوت: "خوا رەگ و ریشالیان ببڕێتەوەو ریشەکێشیان بکات و وڵات و بەندەکانیان لێ ئاسوودە بکات، چونکە بەڵاکە بەوان گەورەتر بووە، گرفتارییەکەیان گەورە بووە لەسەر گەورەو بچوکی خەڵك، دەردەکەیان بلاوبووەتەوەو

دەرمانکردنی ئەستەم بووە".

هـەر لـە رۆژگـاری ئەبوحەیانـدا دوو پیـاوی نـاودار لـە زانایـانی کـەلام دەرکـەوتن، یەکێکیان نوێنەرایەتی شیعەی دەکرد کە شێخ موقید بوو ئەوی تریشیان نوێنەرایەتی ئەهلی سوونەی دەکرد کە بریتیی بوو لـە شێخ باقلانی. ئەم دوو شێخەش خـەریکی مشـتو مـڕ بـوون لـە مەسـەلەی بـەراوردکاری نێـوان ئەوبـەکرو عەلیـداو شتی زۆر سەیریان دەهێنا، ئەبوحەیانیش بۆی دەروانین و لێی دەگرتن و پێیان پێ دەکەنی.

ئەبوحەیان باوەری وایە کە زانایانی کەلام ئایینیان خراپ کردووە، چونکە ئایین لەسەر خۆدانە دەستو یەقین راوەستاوە، بەڵام زانایـانی ئـایین فەلسـەفەو لۆژیکیـان هێناوەتـە نـاو کـە هـەردووکیان لەسەرروانین و گومـان راوەسـتاون. ئـاین و فەلسـەفە لـە روانگـەی ئەبوحەیانـەوە دژ بەیەکن و دروسـت نییـە تێکـەڵ بەیەکتر بکرێن، خـۆ دیـارە فەلسەفە حەقە بەڵام شتێك نییە لە ئاییندا، هەروەها ئایینیش حەقە بەڵام شتێك نییە لـە فەلسـەفەدا، هەریەکـەیان بـواری تایبـەت بـە خـۆی هەیەو ئەوەی تێکـەڵیان دەکات، هەردووکیان تێك دەدات.

ئەبوحەیان دەڵێت:" لەبەرئەوەی ئایین لەسەر تەسلیم بوون و ملکەچی راوەستاوە، کەواتە قسەکەرەکان (متكلمين) دوورترین کەسانێکن لێیەوە، چونکە بە عەقڵەکانیان لە مەسەلەکاندا قسە دەکەن و بەڵگەکان دەهێننەوە، پاشان لای ئەوان نـە ملکەچی و نـە نەرمی و نە خۆپارێزی و نـە فرمێسـك نابینیـت، ئـەوان وا بانگەشـە دەکـەن کـە بـە بەڵگـە وەك یەکەکانیان ئایین سـەردەخەن، لەکاتێکدا ئـەوان بەوانـە خـەڵك دوور دەخەنـەوە لـە دڵنیایی و یەقین.

هەروەها ئەبوحەیان دەڵێت:" ئەوەی دەیەوێت فەلەسەفە لێبدات با روانگـەی خـۆی لەسـەر ئـایین لا بـدات، ئەوەشـی دەیـەوێت ئاینـداری بکـات بـا بایـەخی خـۆی لەسـەر فەلەسـەفە لا بـدات، پاشـان بـەجیا خـۆی پـێ بپارێزێنێتـەوە لـە دوو شـوێن و لەسـەر دووخاڵی جیاواز: ئایین ببێتە نزیکخەرەوە لە خوای گەورە.. هـەروەها بە حیکمـەتیش پـەراوەکانی توانـای خـوای گـەورە هەڵدەیتـەوە لـەم جیهانـە کۆکـەرەوەی جوانییـە سەرسورهێنەرانەدا بۆ هەموو چاوێك و سەرسامکەری هـەموو عـەقڵێك، هـەروەها هیچ

**کامیشیان بەوی تریان ناروخێن..."**

وا دەزانم کە ئەم بیرورایەی ئەبوحەیان لە هەندێ رووەوە لە ڕای فەیلەسووفە تازەکان دەچێت، لە نموونەی برگسۆن و ولیەم جێمس، ئەوانە وەهای دەبینن کە ئایین ئەرکێکی لە ژیاندا هەیە جیا لە ئەرکی لۆژیک و فەلسەفە، چونکە ئایین لەسەر بنچینەی یەقین و بیروباوەری تەواو راوەستاوە، مرۆڤیش سوود لە ئایین وەردەگرێت ئەوەندەی کە باوەری بەخوا هەیەو متمانەی پێیەتی. لە کاتێکدا کە ئەو دڵنیاییەکی دەروونیی پێ ئەدات و هاوکاری دەکات لەسەر چوونە ناو مەینەتییەکانی ژیانەوە، بەلاّم فەلسەفە شتێکی تری هەیە، ئەو لەسەر بنچینەی گومان و گەران و پرسیارکاریی راوەستاوە، هەروەها یارمەتی مرۆڤ دەدات لەسەر لێکۆڵینەوەی کێشەکانی ژیان و گەران بەدوای چارەسەر بۆیان، ئەمەو مرۆڤ دەتوانێت لە لایەکەوە توێژەرێکی بابەتیی بێت، وە لایەکی تریشەوە باوەرداربێت بەخوا، چونکە باوەرەکەی رێگای روانینە کاروبارەکانی دنیای لێ ناگرێت، بەروانینێکی فەلسەفی و زانستیانە، هەروەها گەشەیان پێ بدات هەرچۆنێك سروشتی مانەوە دەیخوازێت.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بکەین کە زانایانی کەلام رەزامەندی لەسەر ئەم بیرورایە نادەن، ئەوان دەیانەوێت فەلسەفە ملکەچی باوەر بێت، وە باوەریش لەسەر بنچینەی فەلسەفە بەرپا بێت، ئەوەش راستە کە بڵێین کە ئەوان باوەر لاواز دەکەن و فەلسەفەش تێك دەدەن لەیەك کاتدا هەروەك ئەبوحەیان وتوویەتی ئەوان باوەریان وایە کە مشتومرە لۆژیکییەکانیان دەیانگەیەنێت بە حەقیقەتە ئایینیەکان، بەلام سەدان ساڵە دەیانبینین کە مشتومڕ دەکەن بەبێ ئەوەی کۆمەڵێکیان دان بنێت بە راستیی ئەوەی کۆمەڵەکەی تر دەیڵێت. هەروەها کەسێك لەوانەمان نەدیوە بیروباوەری بۆماوەی خۆی بگۆرێت بەوی تر، دوای مشتومرێك کە هاوبەشیی تیایدا کردبێت. تۆ بڵێی کەی بگەن بەو حەقیقەتە رەهایەی دەیانەوێت؟

## جاحیزو سەفسەتە:

جاحیزمان بینی کە دەینووسی لە شتێکدا وە لە پێچەوانەکەشیدا، ئەوەتا نامەیەک دەنووسێت لە ستایشی مەیداو یەکێکی تر لە زەمیدا، هەروەها نامەیەک لە ستایشی کتێبداو یەکێکی تر لە زەمیدا، هەروەها نامەیەک لە ستایشی کاغەزفرۆشدا و یەکێکی تریش لەزەمیدا.

ئەو گوێ بەوە نادات کەجارێک چاکەی عەلی بدات بەسەر هاوەڵانی تردا، هەروەها جارێکی تر دوای ئەوانی بخات. جار هەیە بەڵگە دێنێتەوە بۆ تایفەیەکی ئایینی لەسەر نەیارەکەی، پاشان نیشانەکە دوای ئەوە پێچەوانە دەکاتەوە بۆ بەڵگە بۆ نەیارەکان لەسەر ئەوان دێنێتەوە.

مامۆستا بەلیغ باوەری وایە کە لێرەدا لێکچوونێکی بەهێز هەیە لە نێوان میتۆدی جاحیزو میتۆدی سۆفستاییەکاندا لە بەڵگەکاریو مشتومڕدا. وە ئەو وا بەراست دەزانێت کە جاحیز تەماشای فەلسەفەی سۆفستاییەکانی کردووەو پاشان کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو و شوێنی ڕێچکەکەی کەوتووە، بەڵام بەلیغ ئەوەی لەبیرچووە کە جاحیز موعتەزیلی بووەو باوەری بە لۆژیکی ئەرستۆتالیسی هەبووە، وە لێرەدا پانتاییەکی فراوان هەیە لە نێوان ئەم لۆژیکەو ئەوەی سۆفستاییەکان هێناویانە لە وتەی باوەڕ بە حەقیقەتی ڕێژەیی.

ئەوەی من دەیبینم جاحیز خاوەن نەزعەیەکی ئەرستۆتالیسانەی سەرکەش بووە، بە جۆرێک کە باوەری بە حەقیقەتی ڕەها (موتڵەق) هەبووەو عەقڵیشی بەتاکە هۆکار داناوە بۆ گەیشتن پێی. بەڵام لە لایەنێکی ترەوە وەک ئەوانی تر لە زانایانی کەلام، پێچەوانەی خۆی دەوەستێ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، ئەو دەنووسێت بەو جۆرەی سۆزو بەرژەوەندی هەنوکەیی بەسەریدا دەیسەپێنێت، هەروەها چاکەو خراپەکان دەردەهێنێت چۆن حەزی پێ بکات، پاشان شەرم ناکاتو دوای ئەوە بانگەشەی حەقیقەتی ڕەها دەکاتو خەڵکی بۆ بانگ دەکات.

ئەو بە دەربرینێکی تر، شوێنی بیروباوەری سەفسەتە کەوتووە لە رووی

کردەییەوە، بەلاَم لە رووی تیۆرییەوە رەتی دەکاتەوە، جێگای داخە کە زۆرێك لە ئەدیبان و رەخنەگرانمان دەبینمەوە کە ئەمڕۆ لەسەر هەمان شێواز دەڕۆن کە پێش سەدان ساڵ جاحیز بۆی داناون، خۆزگە ئەوانە وەك جاحیزیش دەبوون لە فراوانی روانین و گەڕان بەدوای مەعریفەدا، بەلکو ئەوان کاتەکانیان لە چایخانەو یانەکاندا بەسەردەبەن لە یاریی تاوڵەو شەترەنجدا، هەتا ئەگەر کاتی کارگێڕیی (جد)یش هاتە پێشەوە سەریان بەرزدەکەنەوە خۆیان هەڵدەکێشن بە وتە زەبەلاح و پێوەرە لۆژیکییە باوەکانیان.

## رێچکەی ئەبوحەیان:

کاتێك بەراورد دەکەین لە نێوان ئەبوحەیان و جاحیزدا لە رووی مشتومڕی لۆژیکییەوە، جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوانیاندا دەبینین، دکتۆر محی الدینیش ئەم جیاوازییەی لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەبوحەیان کورت کردووەتەوە، کەوتوویەتی:" دیارترین جیاوازیی تێبینی دەکەین لە نێوانیاندا ئەوەیە کە جاحیز بیروبۆچوونەکان تاوتوێ دەکات بە گیانێکەوە کەوا دەردەکەوێ خاڵی بێت لە گەرمایی باوەڕ، وە ئەو هونەرە دەهێنێت بەمەبەستی گەمەو گاڵتەو دەرخستنی توانای رەوانکارانەی خۆی، کە ئەوەش کیانێکە دوورە لە پێگەی نووسەری خاوەن پەیامی پیرۆزەوە، ئەوەی دەیڵێت مەبەستیەتی کە بیڵێت، پاشان باوەڕ دەکات بەوەی دەیڵێت، لەبەرئەوانە خوێنەری جاحیز هەست بە هیچ ناکات تەنها شتێك نەبێت مەستی دەکات و چێژێك نەبێت گێژی دەکات و بەسەر سوڕمانێك بە توانای ئەم هونەرمەندە کە لە ناو حەقدا باتڵ دەردەهێنێت و لە ناو باتڵیشدا حەق، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت خوێنەر ناچار بکات لەسەر باوەڕبوون بەوەی دەیبینێت و بەراست زانینی ئەوەی دەیڵێت، لەم کاتەشدا ئەبوحەیان وا دەردەکەوێ کە نووسەری بیروبۆچوونێکە باوەڕی پێی هەیەو هەست بە گەرمایییەکەی دەکات، خوێنەریش هێشتا لێی نەبووەتەوە هەست بە گەرمایی دەکات کە بۆی گوازراوەتەوەو بە جومگەکاندا رۆیشتووە.

**چارەنووسی ئەو دوو پیاوە:**

وا بیردەکەمەوە کە ئەم جیاوازییە لە نێوان ڕێچکەی جاحیزو ڕێچکەی ئەبوحەیاندا لەو هۆکارانە بووە لە جیاکردنەوەی ئەو چارەنووسەی بۆیان نووسراوە لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا.

جاحیز مردو لە دوای خۆی سەدایەکی بەهێزو سومعەیەکی ئەدەبیی گەورەی بەجێ هێشت، ئەدیبان لەسەر ئەوە مانەوە کە هەر سووربن لەسەر خوێندنەوەی جاحیزو سەرسوڕمان پێی تا ئەمڕۆمان، بەڵام ئەبوحەیان بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو، لە کاتێکدا کە ئەو هەر ئەوەندەی مرد، ئیتر خەڵك لە یادیان کرد، وە هەر بە لەیادکراوی مایەوە بە درێژایی سەدەکانی دواتر، مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی ئەدەب بە دەگمەن نەبێت گوێیان پێ نەدەدا.

دەڵێن یەکەم کەسێك کە ئەبوحەیانی لەسەردەمی نوێدا دۆزییەوەو گەورەیی ئەدەبیی ئەو سەرنجی ڕاکێشا، ڕۆژهەڵاتناسی سویسری ئادەم متز بوو لە کتێبەکەیدا "شارستانیەتی ئیسلامی لەسەدەی چوارەمدا"؛ سەیریشە کە عەرەب ئەبوحەیان لەیاد بکات بۆ ماوەی چەندین سەدە، پاشان ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕۆژئاوایی بێتو دواجار پەردەی لەسەر لابدات.

ئەبوحەیان لەمەدا لە ئیبن خەلدون دەچێت، چونکە ئیبن خەلدونیش پێشەکییە گەورەکەی نووسی لە زانستی کۆمەڵناسیدا، بەڵام مێژوونووسەکان شتێکیان تیادا نەدۆزییەوە شایانی سەرسوڕمان بێت، بۆیە عەرەب ئیبن خەلدونیان لەبیر چوویەوە هەتا ڕۆژهەڵاتناسەکان هاتنو دۆزییانەوە، پاشان عەرەب دوای ئەوە داباربن بەسەریدا پێشەکییەکەیان دەخوێندەوەو سەریان سوڕدەما پێی. ئەسعافی نەشاشیبی دەڵێت:" ئەگەر عەرەبییەك لەماڵەکەی خۆیدا پەیکەرێکی بۆ ئەبوحەیان دابنایە وەك وەفایەك لەسەر ئەو چاکەیەی نواندوویەتی بۆ نەتەوەی عەرەبی لەو بابەتەیدا، لێرەدا هیچ زیادەڕەوییەك نابێت لە ڕێزلێگرتنیو بایەخ بەچاکەی بۆ خەڵکەکەی" منیش وا دەزانم کە نەشاشیبیو ئەوانی تریش ئەوەندە زیادەڕەوییان نەدەکرد لەبەرز ڕاگرتنی

ئەبوحەیاندا وەك ئەم زیادەڕەوییە ئەگەر متز ڕێگای لەبەردەمدا نەکردنایەتەوە.

## لە عەیبەکانمان لە لێکۆڵینەوەدا :

دکتۆر محی الدین لە کتێبەکەیدا ڕایەکی زۆر پڕ بایەخی دەربارەی ئەبوحەیان هێناوە، کە تیایدا ڕەخنەی لەو ڕێچکانە گرتووە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانماندا لەسەری دەڕۆین، کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هۆکارە، هەمووی یان هەندێکی لەو پشتگوێخستنەی ئەبوحەیان لەسەردەستی مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی دووچاری هات. هەروەها دکتۆر باوەری وایە کەلێرەدا ئەدیبانێکی تر هەیە کە بە دووریی لە خستنە بەرباس لە لێکۆڵینەوەکاندا ماونەتەوە، وەك ئەبوحەیان، تا ئەو کاتەی میتۆدەکانمان لەسەر بارودۆخی خۆی بمێنێتەوە.

بەرای دکتۆر کۆنەکان کۆماگەلێکی بێ ڕەواج لە پاشماوەی ئەدیبانیان لە دوا بەجێماوە هەروەها کۆمەڵە حوکمێکی دروست و هەڵە لە حوکمدان لەسەریان و لەسەری، ئێمەش ئەم حوکمانەمان بەدەردەکانیشیانەوە لێوەرگرتن. بەمەش ئەدیبەکان لە پلەکانی خۆیان مانەوە کە کۆنەکان بۆیان داناون، نیژراوێکیان لێ هەڵنەتەکاندن و شاراوەیەکمان ئاشکرا نەکرد، هەر لەسەر ئەوە ماوینەتەوە کە هەرچی لە کۆندا دەربارەیان وترا بێت ئەوە کاوێژ دەکەینەوە.

دکتۆر محی الدین دەڵێت:" ئەگەر هونەری ئەبوحەیان زمانەوانیی بوایە ڕوونکەرەوەکانی زمان دەستیان دەدایە ڕوونکردنەوەی، خۆ ئەگەر پیشەکەی جوانکاری بووایە جوانکارەکارە رادەپەرین بۆ لێکۆڵینەوەی، بەڵام ئەو ئەدەبێکی باڵایە بەختی لە پەلەی دووەمدایە تیایدا، هەروەها بەختی فیکر تیایدا لە پلەی یەکەمدایە لەسەر فرەیی لە هەردوو بەختەکە، ئەمەو لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەب لەخۆمان هێشتا هەروەکو خۆیانن، بەڵکو وەك گرنگیی پێدەرەکانی وتەو ئارەزوومەندانی پیشەکاری و کارگەرانی هەست نین، ئەمەش گرانە لەسەر یەکێك ئەمە ڕێبازی بێت، و ئەوەش مەبەستی بوو بێت، هەروەها ئەوەش ئامرازی بوو بێت کە هەست بە بیروبۆچوونە دەگمەنەکان بکات، یان وتە شاراوەکان ببنە بەربەست پێش ئەوەی ماندوویەتی پێیان

بگاتو تووشی دەردەداری بن" دکتۆر زیاتر دەخاتە سەر ئەوەو دەڵێت": زاڵبوونی قوتابخانەی لەفزیی لە خۆیدا تەنها ئاماژەیەك بوو بۆ مەرگی ڕەوانبێژی حەقیقی، چونکە خەریك بوونی نووسەر بەم لایەنەوەو نغرۆبوونیان تیایدا ڕەوانبێژییەکەیان دەکاتە کارێکی ئامێریانەی رووتو ئەرکێکی لەفزیی بۆش، هەروەها کارەکە هەروا بووە، چونکە نووسەران هەر لەسەردەمی ئەبن عەمیدەوە لایاندا بەلای ئەم چاککاریو چێژکاریانەدا، خۆیان گرتەوە لە بیرورا و بارودۆخی ڕەوانبێژیش گەرایەوە بۆ ئەوەی بە شێوازی (قلچی) چاکەکارو ئەوانەی بە شوێن پێی ئەودا دەرۆن ناسراوە، تا سەردەمی هەستانەوە (ڕێنسانس)ی دواین. بۆیە بەبێ ترس دەڵێم: کە ئیبن عیبادو ئیبنولعەمیدو خوارزمیو بەدیع دایان لەیەکەم پارمەتیدەری پایەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبیی دروست، کاتێك ئەم ڕێگایەیان گرتەبەر لە شێوازدا، وە کاتێك هاوکارییان کرد لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازە ڕەوانبێژییەکەیان، وە بێگومان شکستی ئەبوحەیانو هاوشێوەکانی شکست بوو بۆ ڕەوانبێژیی فیکرو واتا بەرزەکان، خۆ ئەگەر بکرایە بۆ ڕەوانبێژیی ئەبوحەیان کەسەر بکەوێت... ئەوا ڕەوانبێژیی عەرەبیی چەند هەنگاوێکی فراوانی لەناو جیهانی بیروڕاو فیکردا دەنا، نووسەرانمان دەبینی لە ڕۆڵەکانی خۆمان وەك سەرکردەکانی ئەدەبی بەفەرو ڕێبازگەلێکی پڕ لە هونەرکاریی لەناو دنیای تازە پێگەیشتواندا".

***

"وتاری بیست و شەشەم"

# ئەدەبی سـولتانی

لە کۆتایی وتاری پێشوودا بیروڕای دکتۆر محی الدینم بۆ گواستنەوە دەربارەی میتۆدە ئەدەبییەکانمان، وە چۆن ئەوانە ئەدیبانی خاوەن فیکر لە جۆری ئەبوحەیان پشتگوێ دەخەن و گوێ بە غەیری ئەدیبانی وتە دەدەن.

نازانم دکتۆر لەسەر ئەو بیروڕانەی خۆی ماوەتەوە کاتێك وتارەکانی دوایی خۆی نووسی، یان وەرگەڕاوە بۆ ڕایەکی تری دژ بەوانە؟

شایانی باسە دکتۆر محی الدین لەم ماوەیەی دواییدا کتێبێکی نوێی دەرکردووە بە ناونیشانی " أدب المرتضی" کە لەم کتێبەدا بیروڕایەکی ترم دەست کەوت کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ هەندێ لە بیروڕاکانی مندا هەیە، وام بەبیردا هات کە دکتۆر ئەم ڕایانەی هێناوە لەسەر ئەو شێوەیەی کە من حەزم کردووە بیهێنێت، چونکە تیایدا باسی بارودۆخی ڕۆشنبیریی سەدەی چوارەمی کۆچیی کردووەو وەها وەسفی کردووە کە لە رووی ئەدەبەوە، سولتانی بووەو هیچ مەبەستێکی نەبووە جگە لە تێهەڵسونی عاتیفەی سولتانەکان و بەرز ڕاگرتنی کارەکانیان.

دکتۆر محی الدین دەڵێت:" ئەو لە ئەدەب و زماندا خۆی لە سولتانەکان نزیك دەکردەوە، دەسەڵاتەکەیان بەهێزدەکرد، نایابترین ئاسەواریان دەکردە دیاری بۆیان، وە بەمەرایی کردن بە هەڵوێستەکانیان، هەروەها ئەو نامە باش نووسراوانەو ئەو هەڵبەستە بەمەرامانەیان کە بەهرەو زەینەکانیان تیادا دەسووتاند تەنها بریتی بوون لە قوربانی کردن، وەك پیرۆزییەك بۆ سەرخستنی ستەمکار یان پەلاماری

غەنیمەتگرێك، یان بۆ پیرۆزبایی جەژنێك یان لە دایك بوونێك، جیاوازییەکەش زۆر دوور نییە لە نێوان رۆشنبیری ئەدەبی و ئەو کۆشکانەی ئەندازیارەکان باش دروستیان کردوون، و رازێنەرەکان رازاندویانەتەوەو زانستو هونەرێك نەماوەتەوە تیایدا دانەبەزیبێتە ناو مەبەستەکانی، هەڵپەکەر نەبووبن لە مەرامەکانیدا، لەبەرئەوەی رەگەزی باشکاریی لە هونەرو زانستدا لای ئەو دەربارە سەرنجراکێشەرانە زۆر بووە، ئەوانەی بارودۆخی چینایەتییان ناچاری کردوون بە نزیك بوونەوە لە سوڵتان، بە هەموو ئەوەی پێگەیان بەرز دەکاتەوەو چینەکەیان باڵا دەکاتو هۆکارەکانی بژێوییان دەستەبەر دەکات، کە لەوە دەچێت ببێتە ژیانێکی خانەدانانە.

ئەمە دەقی ئەوەیە کە دکتۆر محی الدین دەربارەی ئەدەبی سەدەی چوارەم وتوویەتی، وا گومان دەبەم پاراپش نابێت هەر لەم وتەیە دەربارەی ئەدەبی سەدەکانی دوای ئەو سەدەیەش بڵێت، ئەوەی زانراوە دەربارەی سەدەی چوارەم ئەوەیە کە لوتکەی شارستانیەتی ئیسلامی بووەو لە روانگەی سەدەکانی دواترەوە بووەتە پێشەنگو نموونەیەکی باڵا کە لە زۆر لایەنەوە چاوی لێ بکرێت، بە تایبەتی لایەنی ئەدەب.

## شیعری هانا بردن:

کاتێك دیوانی ئەو شاعیرانە دەخوێنینەوە کە لە شیعرەکانیاندا رێچکەی کۆنەکانیان گرتووەتە بەر نەزعەی هانا بردن بە روونی تیایاندا دەبینین، بەڵام ئەوان وەك هاوەڵە کەرکوکییەکەمان وایە کە هانای بۆ خەڵك دەبردو خەنجەرەکەشی بە بەرۆکیەوە بوو، کە دەیانبینین هەڵبەستە سەیرەکانیان لە ستایشی گرانبەها لەبەردەستی ستایشکراوەکانیاندا پێشکەش دەکەن، ئەوان دوو دڵ نابن لەوەی بیکەنە فریشتەیەك لەوێنەی مرۆڤداو چاکترینی ولاغ سوارێك. بەڵام هەر ئەوەندەی زانییان پاداشتەکەیان تەواو نییە، ئیتر لێی هەڵدەگەرێنەوەو دەکەونە گاڵتەجاریو دەیکەنە نەفرەتلێکراوترین دروستکراوی خوا.

لە ئەنجامی ئەمەشدا پێوەرێکی دووسەرە لای خەڵك بەرامبەر بە شاعیران دروست

بوو، کە وایان لێهات گوێ نادەن بەوەی کاتێك شاعیران دەبینن ستایشی کەسێك دەکەن کە شایستەی ستایش کردن نییەو پاشان دوای ئەوەش لێی دەخوێنن، ئەوان لەوانەیە شیعرەکە بە باش بزانن بە چاوپۆشی لەو درۆو دووڕووییە ئاشکرایانەی تێیدایە، چونکە وای لێهاتووە باشی شیعر لای ئەوان بە وتەگەلی باش دەپێورێ نەك بە دروستیی واتاکانی، وتەی وتراوی (دڵڕفێنترین شیعر درۆزنترینیانە) لە ناویاندا بڵاو بووبوویەوە.

خەڵکی لەسەر ئەم شێوازە لەبیرکردنەوە راهاتبوون، تاوایان لێهاتبوو گوێیان پێ نەدەدا ئەگەر گوێ لە شیعرێك بگرن لە ستایشی پیاوێکدا وترابێت ئەوان زۆر رقیشیان لێی بێت، وەك ئەوەی بەربەستێکی سیحریی هەبێت نێوانی رەوشتی ئەو پیاوەو ئەوەی لە ستایشیدا وتراوە جیا بکاتەوە، جارێکیان پرسیار لە یەکێکیان کرا دەربارەی ئەم پێچەوانکارییە، ئەویش وتی: " ئێمە پێویستمانە لە جوانیی شێواز بڕوانین کە ستایشەکەی پێ داڕێژراوە پێش ئەوەی سەیری کەسایەتی ستایشکراو بکەین".

ئێمەش هەندێ ماف دەدەین بەوانە لەو بیروڕایەیاندا، چونکە دەکرێت بڕوانینە هونەر بە روانینێکی بابەتیانەو هەندێ جار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دابڕین، بەڵام ئەمەش مەسەلەیەکە مەرج و سنووری خۆی هەیە، چونکە چوونە پێشەوە لەمەدا بەبێ سنوور دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی لەسەر دووڕوویی ڕابێن یان دووانەیی کەسایەتی بە شێوەیەکی گشتی.

ئەمەشم لە هەندێ خەڵکدا تێبینی کردووە کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم نەریتە ئەدەبییەوەو وایان لێهاتووە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا پیادەی دەکەن بە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دەگمەنیش نییە کە یەکێکیان شانازی بەخۆیەوە بکات و بڵێت کە ئەو چووەتە دیداری یەکێك لە گەورەکان و بە سیحری رەوانکارییەکەی و جوانیی ستایشەکەی هەڵی خەڵەتاندووە، ئەو ئەمرە بە نیشانەکانی زیرەکیی و لێهاتوویی دەزانێت.

## ڕایەگی ئامۆ:

دكتۆر عەلی ئەلزوبەیدی وتارێكی لە گۆڤاری (فنون)ی بەغدادیدا نووسیوەو تیایدا بەرگری لە شاعیران كردووە، هەروەها دەربارەیان دەڵێت كە ئەوان لە ستایشكردنی سوڵتانەكاندا مەبەستیان ئەوە بووە وێنای نموونە باڵاكانیان بۆ بكەن، زوبەیدی دەڵێت:

"لە قەسیدەكانی ستایشدا ئەو نموونە باڵایانەی خەڵك دەیانەوێت لە فەرمانڕەوای خانەدان و پیاوی شەریفدا هەبێت بەدەردەكەون، چونكە شاعیرەكان ستایشكراو وەها پێشكەش دەكەن كە بەخشندەو لەسەرخۆو ئازاو جوامێرو خاوەن پیاوەتیی بەوزەی نیازكارن. ئەوان نموونەی باڵای تیادا دەتاشن بۆ فەرمانڕەواو پیاو، كە وەك ئەوە وایە لای من، ئەوان بەوە ستایشی دەكەن و لە هەمان كاتدا پێی دەڵێن خۆت بپارێزە لە دژەكانی ئەم سیفەتانەو خۆت بە دوور بگرە لە عەیب وعار. ئەگەر نا ئەوە شمشێری لێخوێندنە بە رووتا هەڵیدەكێشین.

ئەم بەرگری كردنە لە شاعیران جوانە، بەڵام واقیعی نییە، منیش سەرم سوڕ دەمێنێ كاتێك دەبینم دكتۆر زوبەیدی ئەو حەقیقەتە تاڵانەی دیوانی شاعیرەكان دەریدەبڕن پشتگوێ دەخات و پاشان بە خەیاڵدا دەفڕێت لە پێناوی بەرگریكردن لە شاعیران. زوبەیدی دەڵێت: بێگومان شاعیرەكان هەرەشەیان لە ستایشكراوەكەیان كردووە، بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ كە دوور بكەونەوە لە عەیب وعار، ئەگەر نا ئەوا ئەوان شمشێری لێخوێندنی لێهەڵدەكێشن" هۆكاری ئەم پاساوكارییەش نازانم، چونكە ئەوەی زانراوە بە شێوەیەكی گشتی دەربارەی شاعیران ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد لە ستایشكراوەكەیان كە پاداشتیان پێ ببەخشێت و بارگرانیی بژێوییان لەسەر هەڵبگرێت.

ئەوە دروستە كە ئەوان بە شمشێری لێخوێندن هەرەشەیان لە ستایشكراو كردووە ئەگەر پاداشتەكەیان تەواو نەبوو بێت، ئیتر دوای ئەوە گوێیان بەوە نەداوە لە عەیب وعار دووركەوێتەوە یان تا بنا گوێی تیایدا رۆبچێت. موتەنەبی یەكەم جار

ستایشی کافوری ئەخشیدی کردووە و پاشان دواجار لێی خوێندووە، هۆکاری ئەم ستایش و لێخوێندنەش بۆ ئەو پاداشتە دەگەڕێتەوە کە ئەمیری شاعیران چاوی تێبڕیبوو. وایش نازانم شاعیرانی تر لەم ڕووەوە لە ئەمیرەکەیان جیاوازییەکی گەورەتریان هەبێت.

## ڕایەکی تر:

دکتۆر محی الدین ڕایەکی تری هێناوە بۆ بەرگریکردن لە شاعیران، ئەویش نامۆیەتی ڕایەکەی لە ڕای هاوڕێکەی (دکتۆر زوبەیدی) کەمتر نییە.

دکتۆر محی الدین لە یەکێك لە وتارە دواینەکانیدا دەڵێت: شاعیران لە ستەمکاران نزیك نەدەبوونەوە تەنها بەمەبەستی نزیکبوونەوە، بەڵکو ئەوە پاڵنەری هونەری بووە کە لە سنگیاندا پەنگی خواردبوویەوەو وای لێ کردبوون هەوڵ بدەن هەناسەیەکی لێ بدەن لە هەر جێگایەك لەبەردەمیاندا کرابێتەوە".

بێگومان شیعر لە ڕوانگەی دکتۆرەوە ئامادەییەکە فیترییانە دەست پێ دەکات بەبێ هیچ پاڵنەرو وروژێنەرێکی دەرەکی، شاعیریش ملکەچی ئارەزووە هونەرییەکەیەتی پێش هەموو شتێك، تا ئەوەی ئیتر پێ دەگات و کامڵ دەبێت پێگەیشتنەکەی و گەیشتنە ڕێژەی دیقەتکارو شارەزایی، پەنا دەباتە بەر کەرنەفاڵی خەلیفەو والییەکان بۆ ئەوەی هونەرەکەی تیایاندا دەربخات. ئەو لەو کاتەدا حەزی لە بەدەستهێنانی ناوبانگە زیاتر لەوەی حەزی لە بەدەستهێنانی پارە بێت، هەر کاتێك هەواڵی دەروونی شاعیرانمان زانی و چووینە ناوەوەیان رادێین کە ئەوان دڵیان خۆش دەبوو بە وتەی زۆر باشەو چاکت کرد زیاتر لەوەی دڵی خۆش ببێت بەوەی مانگی چواردە بەسەریدا هەڵبێت و کۆمەڵە دیارییەکی پێشکەش بکەیت. محی الدین بەم شێوەیە دەڵێت.

لەم وتەیەوە ئەوە دەردەکەوێت کە دکتۆر شاعیر بە جۆرێکی تایبەتمەند لە مرۆڤ دادەنێت کە جیاوازی لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا هەیە کە لە ناویاندا دەژین، ئەمەش تیۆرێکە دەربارەی سروشتی مرۆیی و ناتوانین بە بێ لێپرسینەوەو گفتوگۆ بەسەریدا

بڕۆین.

ئەوەی دەیزانین دەربارەی شاعیر ئەوەیە کە ئەویش مرۆڤە وەك خەڵکانی تر. ئەو جیاوازی نییە لەگەڵ ئاسنگەرو دارتاش و جگە لەو دووانەش لە خاوەن پیشەو پیشەسازییە هونەرییەکان، چونکە دارتاشیش یەکەم جاربە فێربوونی پیشەکە دەست پێ دەکات، تا ئەو کاتەی شارەزا دەبێت لێی، ئیتر دوکانێك دەکاتەوەو بژێوی لەسەر پەیدا دەکات، ئەویش تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی دڵی خۆش دەبێت بە وتەی (زۆر باشەو چاکت کرد)، هەروەها هەست دەکات کە ڕێزگرتنی خەڵك لە باشیی هونەرەکەی دەبێتە هۆی فراوانیی بژێوییەکەی و دابارینی کڕیار بەسەریدا.

هەر ئەمەشە کە شاعیر دەیکات، ئەو دەیەوێت پێش هەموو شتێك شاعیر بێت، وە پێی خۆشە وتەی ستایش لەسەر شیعرەکەی ببیستێ پێش ئەوەی بیرلە پاداشت بکاتەوە، خۆ ئەگەر سەرەتای کارەکەی چاوی لە پاداشت بوو، ئەوا شیعرو پاداشتی پێکەوە لە دەست دەچێت، وەك دارتاشێکی لێ دێ کە بەتەمای کرێی بەرزە لە کاتێکدا نازانێت قەبقاب دروست بکات.

هەموو مرۆڤێك حەزی بە ناوبانگە، بەڵام ناوبانگ نانێك نابەخشێت، بەڵکو مرۆڤ داوای دەکات وك هۆکارێك بۆ ئەوەی بەدوایدا دێت لە ماڵ و دەسەڵات، بێزراوترین شت لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە برسییەکی بەناوبانگ ببێت.

دکتۆر محی الدین بڕوای وایە کە ناوبانگ ئامانجێکە لەخۆیدا کە مرۆڤ مەبەستێتی، ئەوەی لە بیر دەچێت کە مرۆڤ ئاژەڵێکەو پێش هەموو شتێك دەیەوێت بژی، ناوبانگیشی ناوێ تا ئەو کاتەی تێرو پۆشتە دەبێت.

کاتێك لە ژیانی هەژارە نەدارەکان دەکۆڵینەوە، دەبینین لە دنیای خۆیاندا جگە لە نان لە شتێکی تر ناگەن، کە یەکێکیان دەبینین سەری خوارو خەمبارەو گوێ نادا بەوەی خەڵك دەربارەی دەیڵێن لە چاك یان لە خراپ، بەڵام هەر ئەوەندەی دەوڵەمەند دەبێت ئیتر سەری بەرز دەکاتەوە وەك ئەو مارەی دوای سەرما دەژێتەوە، لەوێوە ئیتر بە خۆشیی و لوتبەرزییەوە بەسەر زەویدا دەڕوات و دەکەوێتە کار بەدوای ئەو سەروەرییەی ئارەزووی دەکات.

## سکاڵای ئەدیبان:

هەر کەسێك کتێبەکانی ئەدەبی کۆن بخوێنێتەوە سکاڵایەکی گشتی تیا دەبینێتەوە، تیایدا ئەدیبان بێزاری دەردەبڕن بەرامبەر ژیانی تاڵی دنیاو گلەیی لە رۆژگار دەکەن، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە زۆرێك لە ئەدیبان لەیەکەم جاردا شەیدا بوو بوون بە ئەدەبەوە، پاشان زانییان کە ئەدەب ئەو خۆشییەیان پێ نادات کە ئاواتی بۆ دەخوازن، ئیتر دەست دەکەن بە گلەیی لە دنیا لەبەر کەم بایەخدان بە خۆیانو بەئەدەبە باڵاکەیان.

لە کتێبەکانی ئەدەبدا کۆمەڵە گفتوگۆیەکی بەراوردکارانە دەبینین لە نێوان ئەدەبو پارەدا، بەلاّم خۆ ئەدیبەکانیش زۆرنو هەموویشیان دەیانەوێت بگەن بەوەی بەحتەرییو ئەختەل پێی گەیشتوون لە خۆش گوزەرانیدا، ئەگەر لەمەدا دەستەوەستان بوون، ئیتر دڵخۆشی خۆیان دەدەنەوە کە ئەدەب لە پارەو ماڵ چاکترە، بەلاّم ئەگەر لەو قسەیەدا راستگۆ بوونایە، سکاڵایان لە بەدبەختی خۆیان نەدەکردو دنیایان پڕنەدەکرد لە هاوار.

بێگومان پەروەردەی ئیفلاتۆنی دوو ڕووکارانە وای فێرکردووین کە خۆمان لە چڵکی ماددە بەرز ڕابگرین، هەروەها لە ڕوانگەیەکی مەعنەویانەو نموونەی باڵاوە لە مەسەلەکانی بڕوانین، بەمەش بووینە خاوەنی کەسایەتی دوولایەنە، بەجۆرێك کە ئەوەی دەیڵێین ڕەفتاری پێ ناکەینو بانگەشەکاری دەکەین بێ ئەوەی لە خۆماندا هەبێت.

لە ڕاستیدا ماددە کۆڵەکەیەکی گەورەیە لە کۆڵەکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئێمەش خۆمان دەخەڵەتێنین کاتێك وا پیشان دەدەین حەزی لێ ناکەین و بە تەماع نین.

## گەرنەڤاڵەکانی خۆشگوزەرانان:

دکتۆر محی الدین دەڵێت: " بێگومان گەرنەڤاڵی سوڵتانو خۆشگوزەرانەکان تاکە بوار بوو کە شاعیر بتوانێ هەناسەی ئارەزووە هونەرییەکەی تیایدا بدات، ئەگەر

گەلەکان کەرنەڤاڵێکیان هەبوایە هانی شاعیرانی بدایە لە باش شارەزابوون لە هونەرەکەیدا، شاعیر لە پەنا بۆ بردنیان دوا نەدەکەوت، با ئەوەش نەبوونی و هەژاری بەسەردا بهێنایە.

سەیرە کە دکتۆر ئەم قسەیە دەکات کە ئەو لە رۆژگارێکدا دەژی تیایدا زانست سروشتی مرۆڤی دۆزیوەتەوە و زانیویەتی چی تیایە لە خۆپەرستی سەرکەشانە.

گریمان دکتۆر خانوویەکی بۆ کرێ هەیە، دوو پیاویش هاتوون خانووەکەی لێ بەکرێ بگرن، یەکێکیان دەوڵەمەندێکی خۆشگوزەرانەو کرێیەکی زۆر دەدات، ئەوی تریان هەژارەو جگە لە دوعا شتێکی تری نییە، ئایا دکتۆر خانووەکەی بەکرێ دەداتە هەژارەکەو دەوڵەمەندەکەی لێ دەردەکات؟

دەکرێ وەك ئەمە دەربارەی شاعیرە کۆنەکان بڵێین، ئەو ناتوانێت ئەوپاداشتە حەز بزوێنەی سوڵتان پێشەکەشی دەکات واز لێ بێنێت و بڕوات بۆ کەرنەڤاڵی شەعبی کە جگە لە (ئافەرین و زۆر باشە) شتێکی تری تیا نییە.

بەڵێ، ئەو کارە دەکات ئەگەر دەرگای سوڵتانی بینی بە روویدا داخراوە، ئا لەو کاتەدا ملی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ کە خوا هەژارانی خۆش دەوێت: بەڵام کاتێك سوڵتان دەرگای لێ دەکاتەوەو دەیهێنێتە ژوورەوەو پاداشتی زۆری دەداتێ، خوای لە بیر دەچێتەوەو لەگەڵیشیدا هەژارانی لە بیر دەچێتەوەو دەکەوت بەسەر ئەو نیعمەتە نوێیەداو فرسەتی لێ دەهێنا.

بۆچی دکتۆر لە گرنگیی پاداشت لە ژیانی شاعیرانی کۆندا خۆی بێ ئاگا دەکات و زۆربەی بایەخەکانی دەخاتە سەر هونەر؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت هونەر بخوات یان بخواتەوە یان لەبەری بکات یان تیایدا نیشتەجێ ببێت؟

وە ئایا ئارەزووی هونەریی لە مرۆڤدا دەگاتە ئەو رادەیەی کە دنیاو ئەوەی تێیدایە لە حەزوروژێن و دەسکەوتەکانیەوە لە بیر بەرێتەوە؟ وە ئایا شاعیر لە ناسنگەرو دارتاش و کاڵەك فرۆش چاکترە لە سروشتە مرۆییەکەیدا؟

## سروشتی ڕۆژگاری نوێ:

چەند جار وتوومەو لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە: ئێمە دروست نییە لۆمەی ئەدیبە کۆنەکان بکەین لەسەر نزیکبوونەوەیان لە خۆشگوزەرانەکان و لەسەر هەوڵدانیان بەدوای پاداشتدا. بەڵکو لۆمەی ئەو ئەدیبە بکەین کە لە سەدەی بیستەمدا دەژی و بەردەوام دەنووسێ و شیعر ڕێك دەخا لەسەر شێوازی پێشینە لە ناوچووەکانی.

لە سەردەمی نوێدا دوو شت بەدەرکەوتن کە لە سەردەمی کۆنەکاندا نەبووە: داهێنانی چاپەمەنی و پێگەیشتنی ڕای گشتی، بەمانەش ئەدیب وەك دروستکەری پێڵاوی لێ هات، کە دەتوانێت کێبەرکێی ئەوانی تر بکات لە زۆریی بەرهەمەکەی و چاکی کاڵاکەی، خەڵکیش دەستیان کرد بە داباڕین بەسەر کڕینی کتێبدا هەروەك دادەڕژێن بەسەر کڕینی پێڵاوی نوێدا یان غەیری ئەوە لە بەرهەمەکانی پیشەسازیی تازە.

کاتێك سەیری چاپخانە دەکەم وا هەست دەکەم کە دنیا هەمووی دەجوڵێت و دوای ئەوەی کە کتێب بە قەڵەمی قامیش دەنووسرایەوە لەسەر کاغەزێکی بەدەست دروستکراو، ئێستا ئەو وای لێهاتووە بە ئامێر بەرهەم دێت و چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەکی دیاریکراو تێپەرناکات ئیتر گۆرەپانی پاپخانەکە پڕ دەبێت لە چەندین کۆما لە نوسخەی جوان و هەرزان کە خەریکە بچێتە دەرەوە بازارەکە نغرۆ بکات.

جێگای داخە کە هەندێ لە ئەدیبەکانمان دەبینین هێشتا بە عەقڵەکانیانەوە هەر لە سەردەمی کاغەزفرۆش و لەبەرگرەوەکاندا دەژین، ئەوان لە ئەدەبی باڵایان دەوێت کە باڵاتر بێت لە ئاستی جەماوەر، خۆ ئەگەر جەماوەر خۆیان گرتەوە لە کڕینی، جنێویان پێ دەدەن و بە گەمژە وەسفیان دەکەن، لە کاتێکدا ئەوان لەوان بەم وەسفە شایستەترن.

## ئایا ئەمە راستە؟:

دکتۆر محی الدین: " بێگومان ئەدیبانی ئەمرۆ وەڵامی بارودۆخی نوێیان دایەوە بە گۆڕان، هەروەها ئەو شاعیرانی هاوچەرخ وەها وەسف دەکات کە ئەوان لایەنی جەماوەریان گرتووە بە شێوەیەك دەستیان کردووە بە لێدانی پشتی خۆشگوزەرانەکان و بە قامچی شیعرە شەعبییەکانیان، هەر بۆیە خۆشگوزەرانەکان وایان لێهات لە هیچ نەدەترسان وەك ئەو ترسەی لە شیعری هاوچەرخ هەیانە. شەری هیچ کۆمەڵێکیش ناکەن ئەوەندەی شەری شاعیران دەکەن"

ئینکاری کۆمەڵێك لە شاعیران و نووسەران ناکەم لەوانەی لە ئەدەبەکەیاندا ڕێچکەی شەعبییەکانیان گرتووە کە دکتۆر وەسفیان دەکات، کە ئەوانە لە راستیدا لەزۆر بووندان و جەماوەر دەستی داوەتە روانینیان و کەم و زۆر هانیان دەدەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەم ئەو پێشەنگە خەباتگێرانە لە هەندێ لە هاوڕێ دۆگماکانیان زۆرێك لە نارەحەتی و تەگەرەیان تووش دەبێت.

بۆم هەیە کە بڵێم ئەوان لە دوو بەرەوە دەجەنگان: جەنگی خۆشگوزەرانەکانیان دەکرد لە لایەکەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو ئەدیبە دۆگمایەرانەشدا دەجەنگان لە لایەکی ترەوە، وە لەوانەیە لۆمەو پیلانیان لەوانە دەبینی زیاتر لەوەی لەوانی تردا دەیانبینی، بۆیە ئێستا کاتی هاتووە دەرك بەم حەقیقەتە بکەین بۆ ئەوەی بزانین لە کوێیەوە رابووەستین، هەروەها لەناو ئەدیبانیشدا هەیە کە وا خۆیان دەردەخەن حەزیان بە تازەگەرییە لە کاتێکدا ئەو لەگەڵ ئەوانەدا رێ دەکات کە دەیانەوێت میلی کاتژمێر بگێرنەوە بۆ دواوەو هەموو رۆژێك سەری خەڵکی بە ئەدەبە ڕازێنراوە سووکەکەیان بێشێنن.

## ئایا ئەمە بانگەوازێکی دواخراوە؟:

دکتۆر محی الدین باوەری وایە: کە بانگەوازی من بۆ ئەدەبی شەعبی لە کاتی خۆیدا نەهاتووە، بەڵکو بە پەنجا ساڵ دوای کاتی خۆی هاتووە، ئەمەش ئەوەم بیر

دەخاتەوە کە خوالێخۆشبوو کیسرەوی وتوویەتی کە پێش چەند ساڵێک ئەوباش لە ئێراندا کوشتیان، نەیارەکان وەها وەسفی ئەویان دەکرکە شتێکی تازەی نەهێناوەو هەموو بیروڕاکانی کۆنەو خەڵکی تر لەوەدا پێشی کەوتوون، کیسرەویش وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێت: "گرنگ نییە کە بیروراکانم کۆنە یان تازەیە، بەڵکو ئەوە گرنگە راستە یان هەڵەیە".

منیش ئەمەویٚ ئەم وتەیە لە بەرێز کیسرەوی وەربگرم و تکای پیٚ بکەم لە دکتۆر محی الدین و ئەوانەی لە خولگەی ئەودا دەخولێنەوە کە بروانینە بانگەوازەکەم بۆ ئەدەبی شەعبی وەك ئەوەی هەیە، نەك لەو رووەوە کە پەنجا ساڵ لە کاتی خۆی دواکەوتووە، خۆ ئەگەر ئەویش کۆن بێت وەك دکتۆر بانگەشەی دەکات ئەوا هەندیٚ لە برایانمان لە بانگخوازانی ئەدەبی باڵا لێی بێزار نەدەبوون و دنیایان لیٚ پڕ نەدەکردین لە جنێوو واوەیلا.

***

"وتاری بیست و حەوتەم"

# چەمکی ئەدەبی بالاّ

لە وتاری پێشوودا زانیمان کە هەندێ لە ئەدیبەکانمان مەبەستیان چییە لە ئەدەبی بالاّ، ئەوان ناوی دەنێن بالاّ لەبەرئەوەی بالاّترە لە ئاستی گەل، ئەمەش چەمکێکە لە سەردەمی کۆنی سوڵتانەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، کاتێك کە گەل رقلێگیراو بووەو هیچ حسابێکی لە کاروباری دین و دنیادا بۆ نەکراوە.

## عەقلیەتی خۆشگوزەرانەکان:

فەزلی کوری یەحیای بەرمەکی دەڵێت: "خەڵکی چوار چین و توێژن: پادشاکان مافداریەتی پێشی خستوون، وەزیرەکان زیرەکی و بیروڕا بە چاکی راگرتوون، هەروەها خانەدان و پیاوماقوڵان کە دەوڵەمەندی رایگرتوون، وە ناوەندگەلێك کە پەروەردەو چاولێکەری بەوانەوە پەیوەستی کردوون، خەڵکەکەی دوای ئەوانە کەفێکی وشکە".

ئەم قسەیەش فەزلی کوری یەحیا بەتەنها نەیکردووە، بەڵکو هەموو خۆشگوزەرانەکان لەسەردەمە جیاجیاکاندا وتوویانە، ئەوان گەل بەکۆمەڵێ بازاریی و کەمژەو تەممەڵ دائەنێن لەوانەی دەستەوەستان بوون لە گەیشتن بە ترۆپکەکانی سەرکەوتن، خۆ ئەگەر خێریان تیا بووایە هەوڵیان دەداو تێدەکۆشان و دەگەیشتن بە ئاستی خۆشگوزەرانە بەرێزەکان.

کتێبە ئەدەبییە کۆنەکان پڕکراون لەو بیروبۆچوونە وتراوانە:" کێ هەوڵ بدات دەیبینێتەوە" و "هەر کەسێ بکەوێتە سەر ڕێ دەگات" و "دۆزینەوە لە هەوڵدایەو

دەستنەکەوتنیش لە تەمەڵی" و "هەرکەس داوا بکات دەیهێنێ‌و هەر کەسیش بگەڕێت دەستی دەکەوێت". بۆیە ئەم بیروبۆچوونەش بووەتە دروشمی سوڵتان‌و خۆشگوزەرانەکان‌و پشتی پێ دەبەستن‌و پێگەی بەرزی خۆیانی پێ رادەگرن.

دیارە کە خۆشگوزەران دڵخۆشە بەوەی خوا پێی داوە لەو نیعمەتە زۆرانە، ئەو خۆی وا پیشان ئەدات کە خوا هەر بە هەوانتە ئەم بەخششانەی پێ نەداوە، بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ‌و کارێکی بەردەوامەوە دەستی کەوتووە، بۆیە هەمیشە هاوار بۆ ئەوانەی دەوروبەری دەکات: " کار بکەن وەك من کارم کرد، پاشان دەگەن بەوەی کە من پێی گەیشتم".

هەموو هەژارەکانیش گوێ لەم وتەیە دەگرن‌و ناتوانن وەڵامی بدەنەوە، هەندێکیشیان باوەریان پێی کرد، وایان لێهات بەرێزو سەرسورمانەوە دەیانڕوانییە خۆشگوزەرانەکان‌و خۆیان بە کۆمەڵێ سوك‌وسەلیم دادەنا کە مافیان لە ژیاندا نیەو بەدەرن لە شکۆمەندیی.

بەردەوامیش ئەم فیکرەیە باڵادەستە بەسەر عەقڵی زۆر لەم سەردەمەدا، ئێمەش ئەو هەموو جامبازیی‌و دزی‌و پیلانگێرییە ئابروبەرانەیەی خۆشگوزەرانەکان دەیکەن لەیاد دەکەین کە بۆئەوەیکەن خۆیان‌و رۆڵەکانیانی پێ بەرزبنەوە بۆ ئەو سەروەرییەی بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ خۆیان، هەر ئەوەندەش بینیمان سەرکەوتوون ئیتر دەچینە پێشەوە لێیان بە ستایشی درۆزنانەوەو بە بلیمەت‌و رەنجدەری بەردەوام وەسفیان دەکەین.

## عەقلیەتی ئەدیبان:

بێگومان ئەو ئەدیبانەی لە ئامێزی ئەو خۆشگوزەرانانەدا دەژین هەر دەبێت بەهاکانیان لێ وەربگرن، لەبەرئەوە ئەدەب بووەتە (بالاترین)ی ناو تەواوی ئەدەبە جیهانییەکان، ئەو رقی لە هەژارو ئەدارەکانی ناو رۆڵەکانی گەلەو وای دادەنێت کە شایستەی ئەو حاڵەتە ناخۆشەن تێی کەوتوون.

ئەدەبی تازە دەستی کرد بە رۆچوون بە ناو نێوەندە هەژارەکانداو لە بارودۆخە

کۆمەڵایـەتی و ئابوورییەکـەی دەکۆڵێتـەوە، ئـەدیبی راسـتەقینەش زۆربـەی چیرۆك و شـاکارەکانی لـە کۆڵانـە تەسـك و ماڵـە شـرۆڵەکانەوە وەردەگـرن، بـەڵام ئەدیبـە تەقلیدییەکانمان- خوا لێیان ببورێت- ئەوان بە ئەدەبە باڵاکـەیان بێنیازن لـەوە. هـەر ئەوەنـدەی یـەکێکیان بە کـۆڵانێکی تەسك یـان چایخانەیەکی دزێـودا تێپـەڕی، خێـرا دەست دەگرێت بە لوتیەوەو دەست دەکات بە پرتەو بۆڵە.

منیش خەریکـە ئـەدیبی تەقلیدی بـە لوتبەرزییەکەیدا بفاسمـەوە، ئـەو سـەیری رەشایی کۆی خەڵك دەکات وەك ئـەوەی سـەیری ئاژەڵگـەل بکـات. هـەروەها دەیـەوێت بەهـەر رێگایـەك بێـت لێیـان دوورکەوێتـەوە، دەیانبینیـت لەگـەڵ هاوشـێوەکانیدا کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی بێزاری خۆی دەربڕێ لـە دواکـەوتنی خـەڵك و بۆنی ناخۆشیان، وەك ئـەوەی خـەڵك بـە ویستی خۆیـان دواکـەوتبن و بتـوانن بـە هـەوڵ و کۆششـیان بەرزبنەوە،" هەر کەسێکیش کەوتە سەر رێگای تێکۆشان دەگاتە جی".

## لوتبەرزی ئەدەبی کۆن:

ئـەم لوتبەرزییـە بـەدی دەکرێـت کاتێـك بـە روونـی ئـەوەی رەخنەسـازە کۆنـەکان دەربارەی ئەدەبی عەرەبی کۆن نووسیویانە دەیخوێنینەوە، چونکە ئەو رەخنەسازانە خەریك بوو لەسەر ئەوە کۆبنەوە کە ئەدەب دەبێت بە وتە رازێنراوەکانی تایبەتمەند بێت بۆ ئەوەی لە ئاستی عەقڵی هەژاران و خاوەن پیشە کەم بایەخەکان بەرز رابگیرێت، بەرای ئەوان واتاکـان لەسـەر رێگـا فـڕێ دراون و بازاری و ناکـەس و زنجی و لادێیـی دەیزانێت، بەڵام خەڵکی بە رێکخستنی وتەکان و باش دروستکردنیان بەراورد بە چاك دەکرێن.

ئەبو هیلالی عەسکەری لە کتێبی (الصناعتین) دا دەڵێت:" مەسەلەکە لـە مێنانی واتادا نییە، چونکە واتا عەجەمی و عەرەبی و لادێی و دەشتەکی دەیزانێت، بەڵکو لە جوانی و پاکی و چاکی و درەوشاوەیی و خاوێنی و پاڵاوتـەیی و جوانپۆشی و زاخاوی وتەدایە لەگەڵ دروستیی دارشتن و ئاوێتەکردنیان و خاڵی لە خواروخێچی هۆنینەوەو

داناندا".

عەسکەری تاقانە نەبووە لەم بیروڕایەدا، ئەو قسەیەش دروستە کە ئەوە ڕای زۆربەی ڕەخنەسازە کۆنەکان بووە، تەنها کەسانێکی دیاریکراو لەوانە ناوازە بووەو وتوویانە ڕەوانبێژی لە واتاشدایە هەر چۆن لە وتەدایە، بەڵام ئەم قسەیەیان لای ئەدیبان ڕەواجێکی زۆری نەبووە، ئەدەبی عەرەبی هەر لەسەر ڕێبازی باڵای خۆی مایەوەو شتێك لێی لانادات.

پێش ماوەیەك لە ڕۆژنامەیکی بەغدادیدا وتاری یەکێك لە برا ئەدیبەکانم خوێندەوە کە تیایدا ڕێچکەی عەسکەری ڕەخنەسازە کۆنەکانی تری گرتووەتە بەر، ئەو دەڵێت واتا بەکارهێنراوەو سەوزەفرۆش و حەماڵ و ئیسکافیش دەیزانێت، کەواتە ئەو بۆ ئەوە ناشێت ئەدیبی لە باقی خەڵکەکەی تر پێ جیا بکرێتەوە، لەبەرئەوە ئەرکی ئەدیبە کە لە دارشتنی وتەکانیدا باش بێت بەرز ڕای بگرێت بۆ ئەوەی بەها بۆ ئەدەبەکەی دابنرێ.

## گرێیەکی دەروونی:

وا بیر دەکەمەوە کە لە دەروونی ئەو ئەدیبانەدا گرێیەکی شاراوە هەیە نازانن چۆن گوزارشتی لێ بکەن، ئەوانە ڕقیان لە حەماڵ و سەوزەفرۆش و زنجی و ناکەسانە لە قوڵایی دڵیانەوە، ئەم ڕقەشیان ناشعوریانە لە گەورە خۆشگوزەرانەکانیانەوە وەرگرتووە، وئەوان بە هەموو ڕێگایەك هەوڵ دەدەن هەر پەیوەندییەك کە دەیانبەستێتەوە بەو هەژارە پیسانەوە بسڕنەوە.

خۆ گریمان ئەگەر ئەو هەژارانە وتە ڕازێنراوەکانیان لە قسەکانیاندا بەکار دەهێنا، ئەو کاتە دەمانبینی برایانمان وتەی سادەو تێگەیەنەریان بەکاردەهێنا، ئەمە مەسەلەی خۆ بەرزراگری و خۆ بەزلزانینە، ئەوانە هەموو هۆکارێك بەکاردەهێنن کە بکەوێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی پێیان نەڵێن ڕێچکەی بازاڕی و هەژارەکان بەکاردەهێنن

لەئەدەبەکەیاندا.

## بیناگایی هەژارەکان:

بەداخەوە خودی هەژارەکانیش خۆیان داوەتە دەم ئەو تەوژمەی خۆشگوزەرانەکان و پشتیوانەکانیان خولقاندوویانە، وایان لێهاتووە رێز لەئەدەب ناگرن مەگەر قورس و قابیلی تێگەیشتن نەبێت، بەرێژەی کەم لێتێگەیشتنیان رێزی ئەو ئەدەبە گەورەتر دەبێت و بە باشی دەزانن.

کێشەی هەژاران بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە ئەوان پێوەر و بەهاکانیان لە چینی سەرەوە وەردەگرن، وە زۆر جارخراپە بە خۆیان دەکەن بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن. چونکە چینی سەرەوە رقی لێیانە و خۆیان بە گەورە رادەگرن بەسەریاندا بە هۆکارە ئاڵۆزەکانیان، بەڵام ئەوان لە گەڵیاندا دەرۆن لە رێزگرتنیان لەو هۆکارانەدا، وەك ئەوەی نەزانن کە ئەوە بۆ سوکایەتی بەوان دانراون.

هەر بۆیە هەژاران لە نەتەوە نوێیەکان هەستیان بەمە کردووەو هاتوون کۆمەڵە پێوەرێکی نوێیان بۆ خۆیان خولقاندووە، کە جیاوازە لە پێوەری خۆشگوزەرانەکان. بەڵام هەژارانی ئێمە هێشتا هەر لە سەر شێوازە کۆنەکە دەرۆن لەو مەسەلەیەدا، ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە رێزی خۆهەڵکێشانی وتەکاری و خۆبەزلزانی ئەدەبییان تیا دەبینین.

رۆژێکیان یەکێك لەوانەم بینی کە گوێی لە وتاربێژێك دەگرت و دەمی بۆ کردبوویەوە لە سەرسورماندا پێی، بۆ زانینیش رستەیەك لە قسەکانی تێنەگەیشتبوو، کاتێکیش پرسیارم لێ کرد لەوەی تێگەیشتووە لە قسەی ئەو وتاربێژە، بەم واتایە وەڵامی دامەوە: "بۆ نەزانێکی وەك من ئاسان نییە لە قسەی وتاربێژێکی وەها مەزن تێبگات". واتای ئەمەش ئەوەیە کە گەورەیی وتار بە رێژەی تێنەگەیشتنی گوێگر لە واتا قورسەکەی دەپێورێ.

هەندێ لە گوێگرانی لای ئێمەش وەها راهاتوون کە لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ئاوازداردا سەریان بلەرێننەوە، ئەوان خۆشحاڵ دەبن بە ئاوازی وتەکان و گوێیان لەوە

نییە کە هەر بە نەزانیو بێ ئاگایی دوای ئەوەش بمێننەوە، مامۆستا فلیب حەتا دەڵێت: "گوێگران لەبەغدادو دیمەشقو قاهیرە ئێستا دەتوانی حەماسەتیان تا ئەوپەری بوروژێنی کاتێك شیعرێکی تەمومژاوی دەخوێنیتەوە بەسەریاندا، یان کاتێك وتارێك دەدرێ بە شێوازێکی کۆن با بەتەواوی کەسیش لێی تێنەگات، چونکە ئاوازی مۆسیقی بە شێوەیەکی سیحرئامێز کاریان تێدەکات. کە ئەوەیش لای ئەوان بە سیحری حەلاڵ دەناسرێ".

## بلقە ئەدەب:

مامۆستا سەلامە ئەدەبی باڵای ناو ناوە بلقە ئەدەب (ئەدەبی بلقی سەرئاو)، ئەو نموونەیەکمان بۆ دەگوێزێتەوە کە یەکێك لە ئەدیبان نووسیویەتی بۆ روونکردنەوەی سوودەکانی پێکهاتنو یەکێتی وتە، کە تیایدا هاتووە:

"الا تفاق و ما ادراکم ما لا تفاق؟ الا تفاق حمامة بيضاء تحمل بفمها غصن زيتون لتبشر القوم بنجاتهم من الطوفان. وهو بلبل غريد يطرب بانغامه البديعة قلوب من لمستهم الأحزان. وهو عندليب يرتفع في الفضاء ومن هنا يرسل لنا بنغماته الشعبية ممزوجة بنسيم الحنان،هو ملك سماوي يرفرف باجنحته النورانية فوق أرواح الشجعان. الله اكبر من انت؟ و ما اسمك؟ و بماذا اصفك و بماذا اسمك؟ اصفك بجمال الطبيعة في يوم من ايام الربيع قد صفا اديمه ورق نسيمه وتلألأ زهره و غردت عنادله و شددت بلابله وسجعت حمائمه وتمايلت اعصانه و فاح عبيره و ترنحت انفاسه.."

اله اکبر! الله اکبر!

خوێنەری بەرێز تێرامینە لەم پارچە ئەدەبییە باڵایە، کە جگە لە کۆمەڵێ سەروادارو خوازەو ئیدیۆمو مەجازو لێکچوون شتێکی تری تیادا نابینیتەوە، پاشان لێی دەردەچیت بە بێ ئەوەی بیرۆکەیەکی تازەت لێیەوە فێر بووبێت. لەجیاتی ئەوەی ئەدیب بۆ لێکۆڵینەوەی بەسوود بڕواتو بە ناخی کۆمەڵگەدا رۆبچێت، دەبینین ئەو دەربرینانە لەبەردەکات کە کۆنەکان هێناویانە بۆ ئەوەی بیرێژن بەسەر خوێنەری

بەرێزدا.

## ئەدەب و نواندن:

دەتوانین ئەدیبانی بلقەئاو بە ئەکتەری کۆن بچوێنین کە بە گریان و جوڵانەوەی دەستەکانی و قاچەکانی سەر شانۆکەی پڕدەکردو خەریکی دەکردیت بە تێگەیشتنی ئەو پەندەی لە پشتی نواندنەکەیەوە خۆی حەشارداوە.

کاتێکیش بەراورد لە نێوان ئەکتەری نوێ و ئەکتەری کۆندا دەکەین جیاوازییەکی گەورە دەبینین، ئەکتەری نوێ بە نواندنە سروشتییەکەی سەرسامت دەکات و ئەوەت لە بیر دەباتەوە کە ئەو ئەکتەرە، ئەو رۆدەچێت بە پەیامەکەیدا هەروەك چۆن ئەکتەر رۆدەچێت بە رۆڵەکەیدا بۆ ئەوەی هەستت پێ بکات بە حەقیقەتێك کە لە بینینیدا وات لێ بێت وەك ئەوەی هاوبەشی بکەیت لە جەنگی ئەم ژیانەدا.

نموونەی ئەمەش پێویستە بکرێتە ئەدیبێکی راستەقینە، ئەو پیویستە خاوەنی بیروبۆچوونێك بێت، هەروەها خاوەنی پەیامێکیش بێت لە ژیاندا، وە هەر دەبێت بە پەیامەکەیدا رۆبچێت هەروەك چۆن ئەکتەر بە رۆڵەکەیدا رۆدەچێت، وە بەرێزەی ئەم رۆچوونەی نازناوی (ئەدیب)ی بەراست بەسەردا دەدرێ.

ئەوی سەرنج راکێشە سەردەمی نواندنی کۆن بەسەرچوو، هیچی لێ نەماوەتەوە هەندێ تلپە نەبێت لە گۆشەکانی ئێرەو ئەوێدا، لە کاتێکدا دەبینین کە ئەدەبی کۆن هەر بەرپایەو پشتیوان و دەمارگیری خۆی هەیە لە هەموو شوێنێکدا، کە لە دنیایاندا نازانن جگە لە هاوارو پیشکەکارو بەکارهێنانی وتە ناوازدارەکان.

## بایەخی وتە:

بەمەش مەبەستم ئەوە نییە کە وتە هیچ بایەخێکی نییە لە ئەدەبدا، نەخێرو هەزار نەخێر!.

وتە ئەو دەفرەیە واتای تێ دەکرێ، دەفریش پێویستە پاك و خاوێن بێت و ئاسان

بەکارهێنراو بێت و ئەوەندە جوانیی سروشتیی بەخۆوە گرتبێت کە هاوکار بێت بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەی، بەڵام ئەگەر پیس و لێڕووشاو بوو، ئەو کاتە دەروو بە هیچ شێوەیەك ناچێتە سەری تیایدا بخۆیتەوە.

بە راستی برایانمان لە ئەدیبانی بلقەئاو حەزیان بەوەیە دەفرەکەیان رازاوەو گرانبەها بێت، بەڵام ئەگەر سادەو خاوێن بوو لێی رادەکەن بە بیانووی ئەوەی خەرجێك ناخاتە سەر خاوەنەکەی، ئەمەش بە لای ئەوانەوە بەڵگەن لەسەر هەژاریی و بارخواریی کۆمەڵایەتی.

هیوادارم ئەوانە تێبگەن لە زەوقی خەڵك لەم رۆژگارەی تیایدا دەژین کەگۆڕاوە، بێگومان نەزعەی شەعبیی کە ئێستا باڵادەستە بەسەر عەقڵی خەڵکەکەدا وای لێ کردوون داوای سوود دەکەن نەك رازاندنەوە. ئەگەر لە ناو خەڵکیشدا کەسێك هەبێت داوای ئەوە بکات ئەوە لە رێی تیاچووندایە.

سەیر لەوەدایە دەبینین برایانمان نوێترین مۆدەی هاتوو لە رۆژئاواوە لەبەر دەکەن، وە تازەترین هۆکارو داهێنراوی دروستکراو لەوێ بەکار دەهێنن، بەڵام لە بیروبۆچوونیاندا هێشتا لەسەردەمی حوشترو گوێدرێژدان. ئەگەر یەکێکیش هات و رەخنەی لە حوشترێك لە حوشترەکانی گرتن هەڵدەچن بەسەریدا و تۆمەتباری دەکەن کە ئەو رەخنە لە خوای گەورە دەگرێت.

## زۆری واتا نوێیەکان:

هەندێ حەقیش دەدەینە پێشینەکانمان کاتێك لەوەی دەیاننوسی و رێکیان دەخست پەتایان دەبردە بەر بایەخ دان بە رازاندنەوەی وتەکان. چونکە بیروبۆچوونەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا سنووردار بووە، وە زۆربەیان لە لای خەڵکە گشتییەکە ناسراو بووەو لە دانیشتنەکانیاندا قسەیان پێ دەکردووە لە ناو پەندە هاتووەکانیان و ئەفسانەکانیاندا کورتیان دەکردنەوە. لەبەرئەوە ئەدیب ناچاربوو بە وتەکانی خۆی بەرز رابگرێت لە ئاستی گشتیی. بۆ ئەوەی پێگەیەك بۆ خۆی دروست بکات لەبەرچاوی خەڵك.

بەڵام ئەوەی ڕۆژگار گۆڕاوەو بیروبۆچوونەکان گەیشتوونەتە ژمارەی لەو بەردەکان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدوای یەکیشدا گەشە دەکەن. لێرەوە ئیتر ئەدیب دەتوانێت وتەی ڕوون و تێگەیەنراو بەکار بهێنێت بە بێ ئەوەی شتێك لە پێگە بەرزەکەی لە دەست بدات، ئەو میانجیگەرە لە نێوان جەماوەرو ئەوەی دەردەکەوێت لە جیهاندا لە بیربۆچوونە نوێیەکان.

## جوانیی واتاکان:

هەندێ لە ئەدیبان وا گومان دەبەن کە جوانیی ئەدەب تەنها بەو وتەوە بەندە، بەڵام واتا هیچ جوانییەکی تیادا نییە، ئەوان لەمەدا بە هەڵەدا چوون، لە ڕاستیدا واتا جوانیەکی هەیە کە وتە دەستەوەستانە پێی بگات، ئەمەش لەو ئەدیبانەدا دەردەکەوێت کە واتای نوێ بەرهەم دەهێنن و پێکهاتەی بێژەیی وای بۆ دیاری دەکەن کە لەگەڵیدا بگونجێت بە بێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی. ئەو نیشانەیەش کە ئەو ئەدیبانەی پێ تایبەتمەندە ئەوەیە کە خوێنەر هەر ئەوەندەی دێرێکی خوێندنەوە، ئیتر گور بەخۆی دەدات بۆ خوێندنەوەی دێرەکانی دوای ئەوە بەبێ ماندوو بوون و بێ تاقەتی، خوێنەریش کە شتی ئەو ئەدیبانە دەخوێنێتەوە، وا دەزانێت ئەوانە بە توانا نین لە نووسینەکانیاندا، چونکە خوێنەر لە واتاکانیان بە ئاسانیی و ڕوونی تێ دەگات و وا گومان دەبات بۆ ئەویش ئاسانە لەو شێوازەیاندا چاویان لێ بکات، ئیتر ڕادەی ئەو هەوڵەی داویانەتە بەر خۆیان نازانن لە داڕشتنەوەی واتاکانیان بەو شێوە ڕوونە.

پێویستە لەسەر خوێنەر بزانێت کە ئەدیبانی واتا لە داڕشتنەوەی ئەدەبەکەیاندا دووچاری نارەحەتی وا دەبن زۆر زیاتر لەوەی ئەدیبانی وتە دووچاری دەبن، ئەوانە بە دوای واتادا دەگەڕێن و ماندوو دەبن لە پێناوی بەدەستهێنانیدا، تا کاتێك کە دەیدۆزنەوە نارەحەتییەکی گەورە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن ئەو واتایانە بڕێژنە ناو قاڵبێکی ڕوونی تێگەیەنراوەوە.

بە دەربڕینێکی تر ئەوان دووجار ماندوو دەبن، یەکەمیان لە گەڕان بەدوای واتاداو

ئەوی تریش سادەکردنەوەی ئەو واتایانەو روونکردنەوەی، دواتر خوێنەر دێت و واتاکان بە ئامادەکراوی لەبەردەستیدا دەبینێتەوە کە بە ئاسانی لێی تێ دەگات و رەهەندەکانی دیارن. کە وا گومان دەبات نووسەرەکەی هەر قەڵەمی هەڵسوڕاندووە بە بێ هیچ ماندوو بوون و تێکۆشانێك ئەو نازانێت کە دانانی واتای ورد بە شێوازێکی روون لە گرانترینی ئەو شتانەیە دووچاری ئەدیبانی بیروبۆچوون دەبێتەوە.

چاکترین نموونەیەك لەم رووەوە بهێنینەوە غەزالی یە، ئەم پیاوە لە سەردەمێکدا دەرکەوت تیایدا بیروبۆچوونە فەلسەفییەکان قورس و گران بوون و تەنها خاوەنەکانیان لێی تێدەگەیشتن. ئەوان لە نێوان خۆیانداو وێنەیان دەکردو خۆیان هەڵدەکێشا، غەزالیش نیازی لێکۆڵینەوەیانی کرد و چاوی پیادا گێران پاشان دەری دەهێنان بۆ خەڵکی بە روونی و هیچ نارەحەتییەکی تیا نەبێت، بە شێوەیەك کە هەر خوێنەرێك لێی تێ بگات بەبێ ماندوو بوون.

ئیتر لێرەوە زمانلووسەکان هەستانەوەو بە لاوازیی شێوازو ناتەواوی وەسفیان دەکرد، وەڵامی ئەویش بۆیان ئەوە بوو کە ئەو بایەخ بە وتەو رازاندنەوەی نادات، بەڵکو بە واتاو باش لێزانینی دەدات، بەڵام ئەوان لەم وەڵامە تێنەگەیشتن، چونکە واتا هیچ بایەخێکی لە روانگەی ئەوانەوە نییەو هەموو مەسەلەو کارەکە لە وتەکاندایە.

ئێستاش ئەوە روون بوونەتەوە کە غەزالی پێکابووی و ئەوان لەسەر هەڵە بوون، رنیان دەڵێت:" شارستانیەتی ئیسلامی بیریارێکی داهێنەری جگە لە غەزالی بەرهەم نەهێناوە". ئەم قسەیەش خاڵی نییە لە زیادەرەوی، بەڵام بەڵگەیە لەسەر مەزنیی ئەو بیروبۆچونانەی غەزالی هێنابوونی، وە من متمانەم هەیە غەزالی نەیدەتوانی ئەم داهێنانە فیکرییانە بهێنێت ئەگەر ئەویش وەك هاورێکانی سوور بوایە لەسەر رازاندنەوەی قسە.

هەروەها من کاتێك کە غەزالی دەخوێنمەوە وا هەست دەکەم لەگەڵ تەوژمی بیروبۆچوونەکانیدا دەرۆم بە بێ ئەوەی لە وتەدا بەربەستێکم بێتە رێ، بۆیە ئەو رام دەکێشێت بۆ بە دواداچوونی و کاتم پێ بەرێ دەکات بەبێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم. نموونەی ئەمەش لە کتێبی ئەدیبە گەورەکاندا نابینمەوە کە جیهانی نوێیان

پڕکردووە.

## ئۆتۆمبیلی ئاوڕێژی:

خوالێخۆشبوو عەبدولقادر مازنی ئەدیبی سەرکەوتوو لەم سەردەمەدا بە ئۆتۆمبیلی ئاوڕێژ بەسەر ڕێگاکاندا وەسف دەکات، چونکە ئەو سەیارەیە پێویستە تەنکییەکەی پڕ بێت لەئاو پێش ئەوەی دەست بە ئاوڕشێن بکات. ئەدیبی تازەش پێویستە وەکو ئەو بێت، ئەو پێویستە زۆر بخوێنێتەوەو بکۆڵێتەوە پێش ئەوەی داوا لە خەڵك بکات کە شتی بخوێننەوە، ئەوەی جێگای داخە کە زۆرێك لەوانەی بانگەشەی ئەدەب دەکەن لەم ڕۆژگارەماندا لەمە تێناگەن و وەری ناگرن، هەر ئەوەندەی یەکێکیان لەخەم ڕەخساو هەندێ لە بنەماکانی ڕستەسازی و وشەسازیی فێربوو، و خۆی بینییەوە کە دێڕ لە دوای دێڕ دەتوانێت بنووسێت، ئیتر لووتی بەرز دەکاتەوەو دوای ئەوە خۆی بە ئەدیب و نووسەرێکی بلیمەت دادەنێت و لەو کاتەوە دەست بە سکاڵا لە ڕۆژگار دەکات و ئەو وەسفە دەدا بەسەر خەڵکدا کە ڕێزی ئەدەبی باڵا کەم دەگرن، وەك ئەوەی مەبەستی کەم ڕێزی بێت بەرامبەر خۆی.

***

"وتاری بیست و هەشتەم"

# ڕەخنەگرانی ئەدەب

لەم دواییانەدا دووچاری کۆمەڵێ خەڵك بووین کە دەیانەوێت نووسەرو ڕەخنەگری ئەدەب بن، بە کوێرایی چاوی هەموو خەڵك، لە کاتێکدا ئەوان شتێك لە ئەدەب نازانن جگە لە جنێو و ڕەخنەی خراپ.

ڕۆژگارێکی دوورە یەکێك لەوانە وتارێکی لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا نووسی و تیایدا ئاماژەی بە خۆی داوە کە ئەو سوپاس بۆ خوا بووەتە نووسەرێك بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵگەشی لەوەدا ئەوە بوو کە ئەو نەیارێکی زۆری هەیە.

لەوانەیە ئەو دەربارەی نووسەرە گەورەکانی خاوەن بیروبۆچوونە نوێیەکانی بیستبێت کە نەیاران چۆن بوون لەسەریان، بۆیە حەزی کردووە وەك ئەوان وا بێت، پێ دەچێ گومانی وا بوو بێت کە نەیاری زۆر لە پێویستیەکانی سەرکەوتنە لە نووسیندا، بۆیە دەستی کرد بە جنێودان بە خەڵکی بۆ ئەوەی ببێتە نووسەرێکی سەرکەوتوو، ئەوەشی لە بیر چو بوو کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان نەیارەکانی شەخسی و نەیاریەتی مەبدەئی.

لە توانای هەر مرۆڤێکدا هەیە، هەرچەندە سوك‌وسەلیم بێت کە میز بکاتە ناو بیری زەمزەم‌و ناوبانگی فراوان بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام ناوبانگێك کە بەسەردەچێت‌و ناتوانێت ماوەیەکی دوور خۆی بگرێت لەبەردەم ئەوانەی بتەکان دەڕوخێنن.

## ڕەخنەو ئەدەب:

گرفتی ئێمە لە هەندێ ڕەخنەسازەکانماندایە کە ئەو توانایییەیان نییە شتێك بەرهەم بهێنن بە ئەدەب ناو ببرێت، هەموو ئەوەی دەتوانن ڕەخنەگرتنە لە خاوەن بەرهەمەکان، خۆزگە لە ڕەخنەکانیشیاندا پشتیان بە زانست دەبەست، بەڵکو بەدوای سۆزە زاتییەکانی خۆیان دەچن تیایدا، خۆ ئەگەر کەسێکیان خۆش ویست بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، ئەگەر ڕقیشیان لێی بوو دایدەبەزێنن بۆ خوارترینی پلەکانی دۆزەخ.

ئینکاری ئەوە ناکەین کە ئەدەب چەندێ کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی ئەدەبو ئاراستەکردنی، بەڵام پێویستە ئازادبکرێ لە سۆزە زاتییەکان، بەپێی توانا، بۆ ئەوەی لەم پێناوەدا بەرهەمی خۆی بدات، بەڵام ئەگەر ڕەخنەیەکی عاتیفیانە بوو، ئەوە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئەدەب زیاتر لەوەی سوودی پێ بگەیەنێت.

## مرۆڤ و عاتیفە:

لەوانەیە کەسێك پرسیار بکاتو بڵێ:" ئایا لە توانای ڕەخنەسازدا هەیە بە تەواوی ڕزگاری بێت لە عاتیفە؟".

لە ڕاستیدا ڕەخنەساز ئەمەی لە توانا نییە، ئەو مرۆڤە، خوایش مرۆڤێکی دروست نەکردووە کە بتوانێت بە تەواوی خۆی لە عاتیفەکانی دابرێت. بەڵام لە توانایدا هەیە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕزگاربوون لێی.

ئەگەر لە خەڵك بکۆڵینەوە دەیانبینینەوە لەسەر چەند پلەیەکی جیاواز لە ڕووی ڕزگاربوونیان لە عاتیفە، لێرەدا لە سەرووی پلیکانەکەوە تێگەیشتووە بابەتییەکان هەیە، کە ئەوان دەتوانن لە ڕوانینیاندا بۆ مەسەلەکان جیاوازیی بخەنە نێوان لایەنی زاتیو لایەنی بابەتی، بۆیە دەیانبینیت بەشتێك دەڵێن مەزنە لەگەڵ ئەوەشدا ڕقیان لێیەتی، یاخود دەڵێن ئەوە هیچە لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆشیان دەوێت.

لە خواری پلەکانیشەوە گەمژەکانی ناو خەڵك دەبینین، ئەویش ئەوانەن کە عاتیفە

بەسەر تێڕوانینیاندا زاڵە لە مەسەلەکاندا بە شێوەیەکی زۆر، ئەوانە دنیا رەنگ دەکەن بەو رەنگەی کە لە دەروونی خۆیاندا هەیە لە ئارەزووی زاتی، ئەگەر شتێکیان خۆش ویست وا دەزانن کە دنیا هەمووی لە خۆشەویستی ئەواندا ماندوو بووەو سەریان لێی سەرسورماوەو دەست دەکەن بە گۆرانی وتن لە ستایشیدا بەبێ شەرم کردن، هەروەها بێزاریش دەبن کاتێک دەبینن خەڵك پشتگیرییان ناکەن لەم خۆشەویستیو شەیدابوونەیاندا.

لە رووی زانستیشەوە سەلماوە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتیی کاتی منداڵیی خۆی بەم شێوازە ساویلکانەیە دەست پێ دەکات لە بیرکردنەوەدا، پاشان زۆر یان کەم بە تێپەراندنی رۆژ دەست دەکات بە رزگاربوون لێی، بیرکردنەوەی مرۆڤیش زیاتر ئازاد دەبێت ئەوەندەی تێڕوانینی فراوان دەبێتو زیرەکیی ئەشو نما دەکاتو تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت.

هەروەها لێرەدا کەسانێك لە خەڵکی بوونیان هەیە توانای ئەو رزگاربوونە فیکرییەیان نییە کاتێکیش گەورە دەبن، کاتێك زیرەکیی لاوازیان کەمیی پەیوەندییان بە راستیەکانی ژیانەوە رێگرییان لێ دەکات، ئەوانە بە درێژایی تەمەنیان وەك منداڵ بە گەمژەیی دەمێننەوە. بەدبەختییش بۆ نەتەوەیەك کاتێك ئەوانە خۆیان دەکەنە رەخنەگری ئەدەبو بە رێکخەری فیکر.

## رەخنەگری بابەتیی:

کتێبێکی پرۆفیسۆر (جود)م خوێندەوە لەسەر رەخنە لە رێبازە فیکرییە نوێیەکان، بینیم لە یەکێك لە بەشەکانی کتێبەکەدا خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە لە لایەنگریی نووسەر کە مەبەستی خۆی بوو، جود دەڵێت: " هەر دەبێ ئەم بەشەو بەشەکەی دواتری بە شتێك لە ئاگاییەوە پێشکەش بکەم، چونکە ئەو دوو بەشە بیروڕای نووسەر دەنوێنێ زیاتر لەوانی تر، ئەمەش بەو واتایەی کە بێ لایەنیی زانستی لە هەموو بەشەکانی تردا رەچاوکراوە، بەڵام لەوانەیە لەم دوو بەشەدا پشتگوێ خرابێت. چونکە کۆمەڵێ بیروڕام هێناوە پشتگیرێکی نییە لە بڕیاری متمانە پێکراوان جگە لە

بڕیارەکانی نووسەر و بە ڕاست زانینەکانی خۆی، وە لەوانەیە لە زەینێکدا غەیری زەین و هۆشی خۆیدا نەهاتبێت، ئەم ئاگاییەش پێویستە بەسەر کەسدا تێنەپەڕێت، کە ئەوە بەڵگەیە لەسەر سەراحەتی نووسەر لە لایەک و خوێنەریش ڕادەکێشێ بۆ بە ئاگابوو لە لایەکی ترەوە.

لەم برگەیەدا نموونەیەکی شیاو بۆ ڕەخنەی بابەتیی دەبینین، تیایدا نووسەر دەبینین دان بەوەدا دەنێت کە لە قوڵایی دەروونیدایە لە لایەنگیریی و خوێنەری لێ بەئاگا دێنێتەوە، ئەو بە دەربڕینێکی تر بە توانایە لەسەر پشکنینی دەروونی خۆی هەر چۆن بێت غەیری خۆی دەپشکنێت، هەروەها دەتوانێت حەشارگەکانی عاتیفە لە دەروونیدا بدۆزێتەوە هەروەک چۆن لەوانەی دەوروبەریدا دەیدۆزێتەوە، شاراوەیش نییە کە ئەمە توانایییەکی زۆر گرانی دەوێت، ئەوەش پێویستی بە وردو درێژخایەن هەیە، کەسیش ئەمەی دەست ناکەوێت خەڵکێکی کەم نەبێت. وە لەوانەیە زۆرێک لەوانەی سەرکەوتوو نەبوون لە توێژینەوە زانستییەکانیاندا، هۆکاری سەرنەکەوتنەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەستەوەستانی لە بە دەستخستنی ئەم توانا دەروونییە گەورەیەدا.

## نەزعەی گومانی نوێ:

لە سیفەتەکانی توێژەری بابەتیی ئەوەیە کە بە گومانە لەو بیروڕایانەی بۆی دەچێت، ئەو دەزانێت کە عەقڵی خۆی دووچار بوونی هەیە بە هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە هەندێ جار بینینی حەقیقەتی لێ دەشارێتەوە. ئەو ئەمڕۆ ڕایەک دەهێنێت و پاشان سبەینێ ناڕاستی ڕایەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێت، بەوەش ناچار دەبێت لێی بگەڕێتەوەو دان بە هەڵەکەیدا بنێت تیایدا.

ئەمەش هەر ئەوەیە نووسینە نوێیەکانی پڕکردووە لە کۆمەڵە وشەی (لەوانە) و (واگومان دەبەم) و (خەریکە باوەڕ بکەم) و(وا بیر دەکەمەوە) و شێوەکانی ئەوانە، خۆ ئەگەر بەراوردی ئەوەمان کرد لەگەڵ وتاری پێشینەکان، جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینین. چونکە پێشینەکان هیچ ڕایەک ناهێنن تا ڕێگەی بۆ خۆش نەکەن بە وشەی

(بێ گومان) و (بێ مشتومڕ) و (بێ ڕەتکردنەوە)و جگە لەوانەش لە دەربرینە یەکلاو یەقینییەکان. بیرورا لای ئەوان ڕەهاو ئەمرەو نابێت گومانی تیا بکرێت، بەڵام ئەوەی گومانی لە دروستی ئەو هەیە، ئەو هەر دەبێ خۆبەزلزانێك یان سەرسەختێك یان گێژێك بێت.

لەو شتە خۆشانەی لەم ڕووەوە خوێندوومەتەوە کتێبێکی مامۆستا (عبدالمتعال الصعیدی) بوو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەم کتێبەدا (سەعیدی) ڕەخنە لە دکتۆر تەها حسەین دەگرێت لەسەر هەندێ لە بیروراکانی، ئەوەش زانراوە دەربارەی تەها حسەین ئەوەیە کە دەربرینی گوماناوی لەنووسینەکانیدا زۆر بەکارهێناوە، لێرەدا سەعیدی دێت و گاڵتە بە تەها حسەین دەکات و دەڵێت:" بینەر لەوەدا ڕایەکی یەکلا کراوە لای تەها حسەین نابینێت شیاوی ڕەخنەلیگرتن بێت، بەڵکو ڕایەکەو دێ بەبیریدا، وەهیچی لا نییە کە هەر دەبێ گومانی تیادا گەورە کردبێت، ئا لەم شێوانەی دکتۆر تەها حسەینی لەسەر ڕاهاتووە..."

سەعید دیسان دەڵێت:" بە حەقیقەت مێژوو ناچەسپێت بە نموونەی خەریکە باوەربکەم و گەورەترین گومان، هەروەها بەم جۆرە خەیاڵەی دکتۆر تەها حسەین بۆی دەروات..."

نامەوێ بەرگری لە بیروراکانی تەها حسەین بکەم کە سەعیدی ڕەخنەی لێ گرتوون، بەڵام باوەڕم وایە کە تەها حسەین کاتێك قسەکانی بە دەستەواژەی "خەریکە باوەر بکەم" دەکاتەوە، ئەوە نزیکترە لە شێوازی زانستی زیاتر لە ئەیارە گەمژەکانی کە بیرورای ڕەهاو یەکلاکەرەوە دەهێنن و پێیان خۆش نییە گومانی پێ بەرن.

بێگومان لە هۆکارەکانی ئەم پێگەیشتنە زۆرەی زانستی نوێ ئەوەیە کە ڕێچکەی گومانی گرتووەتە بەرو ئەو نەزعە کۆنەی لە خۆی داڕنیوە کە کاری دۆگما کردنی مەعریفەو وەستانیەتی لەسەر ئەو ڕایەی گومانی تیادا نییە، لەبەر ئەوە شەوەکان وایان لێ هاتووە دووگیانن بە بیرورا نوێیەکانەوە لە هەموو کاتێکدا. هەر ئەوەندەش ڕایەك دەردەکەوێ ئیتر ڕایەکی تر دژی دەردەکەوێت، بەم شێوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زانست نەش و نما دەکات.

## لە نێوان ئەدەب و زانستدا :

لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەدەب و زانستدا، چونکە زانست پێویستە بە پێی توانای بابەتیی بێت لە روانینیدا بۆ مەسەلەکان، بەڵام ئەدیب هیچی لەسەر نییە ئەگەر زاتیی بێت لە تێروانیندا، لەوانەیە ئەوەش بەسوود بێت بۆی کە هەندێ جار وا بێت، ئەو لە رێگەی هەستە زەوقە هونەرییەکەوە بۆ دنیا دەروانێت، پاشان ئەو وێنە جوانانەی لێ دەردەهێنێ کە چێژ دەداتە خوێنەر هەروەك چۆن نووسەرە ئەدیبەکەی چێژی لێ وەردەگرێت- زانست شتێکەو ئەدەبیش شتێکی ترە، بەڵام لێرەدا پیاوێك هەیە دەتوانێت هەردووکیان کۆ بکاتەوە، وە پێویستە بۆی کە لە دەروونیدا هەردووکیان پێك بێنێت- ئەویش رەخنەسازە.

مامۆستا ئەحمەد ئەلشایب لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی رەخنەی ئەدەبیی) دەڵێت:" رەخنەی ئەدەبی هەڵوێستێکی میانگیری هەیە لە نێوان زانست و هونەردا، چونکە لە هەردووکیان بەشی هەیە، سروشتیشە کەواتە کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا میانگیر بێت لە نێوان جوانیی هونەرو وردیی زانستدا.

واتای ئەمەش: ئەوەیە کە رەخنەساز پارچە ئەدەبییەکە دەچێژێت هەر وەك چۆن ئەدیبی هونەرمەند دەیچێژێت. پاشان دوای ئەوە ملکەچی دەکات بۆ میتۆدی زانستی کە چێژی شەخسی دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، بە راستی رەخنەساز بە دەربرینێکی تر هونەرمەندو زانایە لە یەك کاتدا، هەر ئەمەشە ئەرکی رەخنەسازی وەك مامۆستا شایب وتوویەتی: قورس و نارەحەت کردووە.

## رەخنەسازەکانمان :

ئەمەوێ کەمێك لێرەدا بووەستم بۆ تێرامان لەو کەسانەی خۆیان لەسەر خەڵك کردووەتە رەخنەساز، ئایا دەیانبینیت خاوەنی شتێك بن لە سیفەتەکانی ئەدیب یان زانا.

وا دەزانم هەندێکیان شتێکیان لەمە یان لەویتر پێ نییە، ئەوانە بۆ ئەوە ناشێن ببنە

ئەدیب یان زانا، کاتێکیش هەستیان بە دەستەوەستانی کرد لە بەدەستهێنانی ئەو جێگە کۆمەڵایەتییەی ئارەزووی دەکەن پەنا دەبەنە بەر رەخنەی ئەدەبی، ئیتر هەوڵ دەدەن کەمیی خۆیانی پێ بڕبکەنەوە، ئەو قسەیەش دروستە کە رەخنە بووەتە هۆکارێکی هەرزان لە دەستی هەموو کەسێك کە هۆکاری تری نەبێت، هەر لێرەوە ستوونی رۆژنامەو گۆڤارەکانی لای خۆمان پڕبووە لە وتاری ئەوانەی جنێو دەدەن و بەرهەم ناهێنن.

## نەزعەیەکی مرۆیی گشتی:

ئەوەی تێبینی دەکەین لای رەخنەسازەکانمان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، دەکرێ بوترێ کە ئەمە نەزعەیەکی مرۆیی گشتییەو ئاسەوارەکانی لە هەموو کات و شوێنێکدا، چونکە شکستخواردوو لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی ژیاندا ئارەزووی قەرەبووکردنەوە دەکات ئەویش بە رەخنەگرتن لە سەرکەوتووەکان.

زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن ئەم ئارەزووە وای کردووە ژیانی کۆمەڵایەتی جوڵاوی رۆیشتوو بێت بە گەشەکردوویی، چونکە لە مەرجەکانی ئەوەیە لە بەرامبەر هەر سەرکەوتوویەك کەسێك هەبێت رەخنەی لێ بگرێت و رووبەرووی ببێتەوە، بەم شێوەیەش ململانێی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بەرەو جوڵانەوەی گەشەکردوو.

ئەم زۆر بە روونی لە سیاسەتدا دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت لە بەرامبەر هەموو فەرمانڕەوایەکدا ئۆپۆزسیۆنێك هەبێت بگەرێت بە دوای عەیبەکانیدا، ئەگەر ئەوە نەبێت فەرمانڕەوایان دەست دەکەن بە سەرکەشی و یاری بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکەن چۆنیان بوێت.

بەڵام کاتێك ئێمە دان بە بایەخی ئۆپۆزسیۆن و سوودەکەیدا دەنێین بۆ کۆمەڵگە، پێویستە تیایدا بێت لە یاد نەکەین بۆ ئەوەی ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی باش. ئەوەی پێویستە لە کەسی ئۆپۆزسیۆندا هەبێت ئەوەیە کە نابێت عاتیفی و گەمژە بێت و بە

دوای ئارەزووە شەخسییەکانیدا ڕابکات، ڕاکردنێکی گێلانە.

ئەو پێویستە بابەتیی و دووربین بێت بۆ ئەوەی متمانەی خەڵکی بۆ جێگیر بێت و پشتیوان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەو بە دەربرینێکی تر دەبێت سۆزی خۆی ڕابێنێت و بە کەسایەتییەکی بەهێزی بەدەر لە هەڵەشەییەوە دەرچێت بۆ خەڵکی.

## لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا:

یەکێک لە زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێت:" ئۆپۆزسیۆنێکی باشم پێ بدە با حکومەتێکی باشت پێ بدەم".. دەکرێ وەک ئەم قسەیەش بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بکەین، چونکە بە ڕادەی بەرز بوونەوەی ڕەخنە لە بابەتبوونی و ویژدان تیایدا، ئەدەبیش لەگەڵیدا بەرز دەبێتەوە.

کێشەی ئێمە لەم وڵاتەدا ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن و ڕەخنەگری زۆرمان هەیە، بەڵام زۆربەیان لە پلەیەکی خواردان، بۆیە خراپەیان بەرامبەر بە سیاسەت و هەروەها بەرامبەر بە ئەدەب کردووە، بە شێوەیەک ئەوپەری خراپ.

سەیری هەندێ لەوانە بکە کە ئۆپۆزسیۆنییان کردووەتە پیشە لەناو ئێمەدا، دەبینیت یەکێکیان دنیا بە دەنگدانەوەی هاوارەکانی پڕ دەکات لە پێناوی گەلی هەژاردا، کە خەریکە لە حەماسەتدا کلپەبسێنێ، تا ئەوەی کە دەستی دەکەوێ لە پێگەی بەرزو کورسیی نەرم و شل، ئیتر بێ دەنگ دەبێت و دەخەوێت، بەڵکو ئەو شەرم ناکات لەوەی دەست بکاتەوە بە هاوار دوای ئەوەی، ئەوەی بەدەستی هێنا لە بەین چوو.

ئەمرۆ پیاوێک ئەناسم لە ناو ریزی ئۆپۆزسیۆن و پەرۆشیی نیشتیمانیدایە، وای لێهاتووە پشتگیریی هەموو کەسێک دەکات کە نەیاری حکومەت بکات و ڕەخنە لە بیروراکانی بگرێت. بۆ زانینیش کە ئەو تا پێش ماوەیەکی کورت، دەست و پێوەندێکی گەورەی دەوڵەت بووەو بژێوی سەدان کەسی لە ڕۆڵەکانی گەل بڕیوە بە بیانووی ئەوەی کە هەڵگری بیروڕایەکن حکومەت پێی ڕازیی نییە.

دیارە کە نموونەی ئەم پیاوە زۆرە، کە لە ئارەزووە سیاسیەکانیاندا زوو دەگۆڕێن

وەك كرمی ئاوریشم لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر، بە بێ ئەوەی هەست بە خراپی ئەو كردارەیان بكەن، ئەمەش وای لە خەڵك كردووە هەندێ جار گاڵتە بە هەموو ئەوانە دەكەن كە دروشمەكانی نۆپۆزسیۆن بەرز دەكەنەوە، هەر بۆیە وشەكانی "نیشتیمان" و "گەل" و "نەتەوە" و هاوشێوەكانی لە دەمی خەڵكدا دەگمەنن و لە دانیشتنەكانیاندا پێیان پێدەكەنن.

هەروەها بڕوانە رەخنەسازەكانمان، كە یەكێكیان هەمیشە بانگەواز دەكات بۆ ئەدەبی باڵا، وە ئەوەی خەڵك لەسەریانە بیكەن بەرامبەری، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە رەخنەكانیدا بە دوای ئارەزووەكانیدا دەڕوات، لە بەرئەوە خوێنەران لە خۆی و ئەدەبە باڵاكەی بێزار بوون و كەوتوونەتە شیوێك بەدەر لە شیوی ئەو.

رەخنەسازەكان دەتوانن ئەدەب ببزوێنن و ژیانی پێ بدەن ئەگەر لە رەخنەكەیاندا رێچكەیەكی بابەتییان گرتەبەر، چونكە ئەم رێچكەیە پێویستی ئەكات لەسەریان كە حەشارگەكانی لاوازی و هێز بدۆزنەوە لەوەیدا كە رەخنەی لێدەگرن، بەمەش خوێنەران سوودمەند دەبن و هەروەها ئەدەبیش سوودمەند دەبێت، جێگای داخە كە رەخنەگرانی لەم جۆرە نابینین لە نێوانماندا بە دەگمەن نەبێت، ئەمەش لە هۆكارەكانی ئەو هەژاریە ئابرووبەرەی ئەدەبەكەمانە كە دەیبینین تیایدا.

## نموونەیەك و پەندێك:

حەز دەكەم نموونەیەك لە رێچكەی زاتیی پێشكەشی خوێنەر بكەم كە هەندێ لە رەخنەگرەكانمان لەسەری دەڕۆن- خوا لێیان ببورێت- ئەم نموونەیەش هەر ئەوەیە كە هاورێكەمان بۆ خۆی حەزی بە زۆریی نەیارە، كە لە سەرەتای ئەم وتارەوە ئاماژەم پێكرد.

ئەم پیاوە وتارێكی لە یەكێك لە رۆژنامە ناوخۆییەكان نووسیوە و باسی لەو كتێبانە كردووە كە ساڵی ١٩٥٦ لە عێراقدا دەرچووە، ئەو دەڵێت:" ئەو ساڵە لاوازترین ساڵی بیركردنەوە و نەمانی بەهرەكان بوو، كە ساڵی سەفسەتە و گاڵتەوگەپ بوو، هەروەها ساڵی گومان و مادیگەری بووە، زۆرترینی ئەو دانراوانەش كە لەو

ساڵەدا دەرچوون سووك‌و ریسواو پێکەنیناوی بووە، نزیکتر بوو لە بیرکردنەوەی خەڵکە سەرەتاییەکان لەوەی بیرکردنەوەی خوێندەوارو رۆشنبیرانێك بێت کە خاوەنی درێژترین زمان بن ئەگەر نەیاریی کران‌و درێژترین باڵیان هەیە ئەگەر زۆرانبازیت لەگەڵ کردن.

هەروەها هاورێکەمان بەرپرسیاریەتی ئەم داروخانە ئەدەبییە دەخاتە ئەستۆی رۆژنامەگەری‌و بە رای ئەو بوار ناکاتەوە بۆ رەخنەگرە ناسراوەکان کە ئاراستەی ئەدەب بکەن هانی بەرهەمی باش بدەن، بەڵکو ئەو هەموو ئەوانە بلاْودەکاتەوە پێی دەگات، بۆیە باشە کەمەکەیان لە ناو قەرەباڵغی خراپە زۆرەکەدا ون دەبێت.

کاتێك ئەم جۆرە قسە مەزنانە دەخوێنینەوە وا بیردەکەینەوە کە خاوەنەکەی پیاوێکی بە ویژدانەو لە حەقدا لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسێت. یان ئەو لەو رەخنەگرە ناسراوانەیە کە خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوانەی کە هانی ئەدەبی باش دەدەن‌و بەهرە راوەستاوەکان بە خەبەر دێننەوە. بەڵام هەر ئەوەندەی کە لە خوێندنەوە بەردەوام دەبین دەبینین لە رەخنەگرتندا لەگەڵ ئارەزووەکانیدا دەروات‌و جوتیان دەکات جوتکردنێکی سەیر.

ئەو بۆ نموونە دێ بۆ دوو کتێب کە توێژینەوە لەسەر مێژووی ئیسلامی دەکەن لە روانگەی تایفەیەکی دیاریکراوەوە، بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاسمان‌و دەڵێ ئەو دووانە کۆمەڵە حەقیقەتێکیان بەخۆوە گرتووە کە پێشتر کەس پێی نەگەیشتوون، وە هەردووکیان لە ناوخۆو دەرەوەی عێراق رەواجێکی زۆریان پێ دراوە، نووسەرەکانیش رێزو ستایشی ناوەندە زانستییەکانی رۆژهەلاْت‌و رۆژئاوایان بەدەست هێناوە، جگە لەوەی کە ناوی نووسەر بەو شێوەیە درەوشایەوە کە توێژەرێکی شیکارییە لە جۆری یەکەم.

لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو دوو کتێبەو نووسەرەکانیان من ناتوانم تێبگەم کە ئەوانە چۆن ستایشی دامەزراوە زانستییەکانی رۆژهەلاْت‌و رۆژئاوایان بەدەست هێناوە، وە چۆن ناوی ئەوان لەو شوێنانەدا وەك توێژەری شیکاریی لە جۆری یەکەم هەڵواسراوە، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە دامەزراوە زانستییەکانی رۆژهەلاْت‌و رۆژئاوا بە ئێمەو

دانراوەکانمانەوە خەریک نین و سەرقاڵی کاری ترن. ئەوان خەریکن بە بیروبۆچوونگەلێکی گەورەوە کە بیری خەڵکی لەم رۆژگارە گەرمەدا سەرقاڵ کردووە، کاتێکی وایشیان نییە تەرخانی بکەن بۆ کتێبێك لە عێراق دەرچوو بێت و باس لە کۆمەڵە مەسەلەیەك بکات رۆژگاریان بەسەرچوو بێت.

هاوڕێ رەخنەگرەکەمان وا گومان دەبات رێزلێگرتنی دامەزراوە زانستییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئاسانە، پێ دەچێ ئەو کاتێك کتێبێکی عێراقی یان نووسەرێکی عێراقی خۆش دەوێت، وا بیر دەکاتەوە کە زانایانی جیهان لەسەر خۆشەویستی ئەو دوانە کۆبوونەتەوە. نازانێ کە زانایانی جیهان بێنیازن لەو، وە لەو کتێبانەی کە خۆشی دەوێن.

ئەوەی نامۆیە لەم رەخنەگرە خۆشەویستکارەدا ئەوەیە کە ئەگەر کتێبێکی خۆش ویست بە درۆ وەسفی دەکات کەمەزنترین کتێبی بە رەواجە، بەڵام ئەگەر رقی لە کتێبێك بوو با کتێبەکەش رەواجدار بێت، رەواجدارییەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ گاڵتەجاریی دانەرەکەی و سوکیی بیروبۆچوونەکانی. بەدەربڕینێکی تر رەواجی کتێبەکە بۆ چاکە بۆ ئەوەی خۆشی دەوێت، خراپیشە بۆ ئەوەی رقی لێیەتی، بەمەش جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەو پیرەدا کە هاوین و زستانی لە یەك بەرزاییدا کۆکردبوویەوە.

## ئەریتێکی نیانبەخش:

لەوانەیە زیادەرەوی نەکەم ئەگەر بڵێم زۆربەی رەخنەگرەکانمان لەسەر ئەم شێوازە دەڕۆن، ئەوان دەڕواننە دانەری کتێبەکە پێش ئەوەی بڕواننە نووسەرەکەی، هەروەها دەیانبینی کتێبەکە بەرز دەکەنەوە یان نزمی دەکەنەوە چۆنی ئارەزوو بکەن، داواش لە خەڵك دەکەن لە گەڵیاندا بەرز بێتەوە و نزم بێتەوە، پاشان شەرم ناکەن کە دوای ئەوەش فرمێسکی گەرم بڕێژن بۆ چارەنووسی ئەدەبی باڵا.

لێرەدا دەمەوێت کەمێك بووەستم بۆ ئەوەی بپرسم کە چۆن ئەدەب لە بەرامبەر ئەم جۆرە رەخنەیەدا دەتوانێت گەشە بکات، چونکە هەموو دانەرێك ببێتە بلیمەت و توێژەرو شیکار لە پلەی یەکەم، کاتێك رەخنەگر لێی رازی دەبێت، چەندە بلیمەتیش

ئاسانە ئەگەر لەم ڕێگەیەوە بێتە دەست!.

ئەوانە میتۆدی گەمژانە لە ڕەخنەدا دەگرنەبەر، لە کاتێکدا بانگەشەی ئەدەبی بالاّ دەکەن، چەند نێوانی ئەوەی گرتوویانەتە بەرو ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن دوورە!.

***

"وتاری بیست و نۆیەم"

# نموونەیەکی تر

لە وتاری ڕابردوو دا باسی نموونەیەکی دیاریکراوم لە ڕەخنەگرەکانمان کرد بەبێ ئەوەی ناوی بەرم، ئێستا دەمەوێت باس لە نموونەیەکی تر بکەم لەگەڵ ناو هێنانی دا، ئەویش مامۆستا ( عبدالرضا صادق )ە.

ئەم ڕەخنەگرە لە ساڵی ڕابردوودا کتێبێکی بڵاوکردەوە تیایدا ڕەخنە لە خۆم و لە کتێبەکانم دەگرێت و پڕی کردوو لە جنێوی شەخسی کە هەندێکیان هەندێکی تر دەخوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم جنێوانەشیدا جیاواز ترە لە ڕەخنەسلزی یەکەم بە جیاوازییەکی ئاشکرا، بۆم هەیە بڵێم کە کاک عەبدولڕەزا پیاوێکی پشوو درێژە و زۆر دەخوێنێتەوە و هەوڵ بۆ بە دەستهێنانی زانیاری دەدات، بەڵام هاوڕێکەی دووەمی ناتوانم بەم تایبەتمەندییانە وەسفی بکەم و دەترسم ڕای خۆم باس بکەم و تیایدا ببمە جنێو فرۆش، ئەمەش بە پێی توانام هەوڵ دەدەم لێی دوور بکەومەوە.

ئێستایش خەریکی گفتوگۆی ئەو بیرو ڕایانە نیم کە کاک عەبدولڕەزا هێناونی لە کتێبی ناوبراو دا، بۆ خوێنەر هەیە کتێبەکە بخوێنێتەوە و هەروەها وتارەکانی منیش بخوێنێتەوە کە جارێکی تر بڵاوکراونەتەوە و تیایدا بۆ ئەوەی ڕای خۆی لە سەریان بدات، ئەوەشم بەلاوە گرنگ نییە کە خوێنەر ڕای بۆ دەدات یان ڕای لە سەر دەدات، بەڵکو دەمەوێت سەرنج بۆ ئەو جنێوانە ڕابکێشم تیایدا، کە دەشێت بکرێتە ئەو نموونەی هەندێ لە ڕەخنەگرەکانمانی لە سەر ڕاهاتووە لە تێکەڵاوکردنی

مشتومڕی فیکری بەجنێوی شەخسی، ئەم دیاردەیەش پێویستە کەمێك لە سەری بوەستین بۆئەوەی بگەڕێین بە دوای ئەوەی خۆی لە پشتیەوە حەشارداوە لە لوجیکێکی گونجاو لەگەڵیدا.

## لۆژیکی جنێودان:

پرۆفیسۆر شیلەر لە کتێبەیدا «لوژیکی وێنایی» ئامارژە بە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی لۆژیکی کۆن دەکات کە چۆن خاوەنەکانیان هان دەدات بۆ جنێودان و دەست درێژی دژی هەموو ئەوانەی پێچەوانەی بیرو رایانن. شیلەر دەڵێت:(( بێگومان حەقیقەت لە ژێر تیشکی لۆجیکی رەها دا یەکێکە، بیرو ڕاکانیش پێویستە لەگەڵیدا پێك هاتبێتەوە، چونکە تۆ یان لەگەڵ حەقیقەتدا بیت یان دژی بیت، خۆگەر دژی بوویت ئەوا تۆ تیاچوو دەبیت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ حەقیقەت دا بوویت ئەوا کەس غیرەتی هەڵوەشاندنەوەی نییە، تۆ لە سەر حەقیت ئەگەر تورە ببیت بەسەر ئەوانەی مشتومڕ لە حەقیقەتدا دەکەن، حەقیقەتیش ئەو حەقیقەتەی تۆیە، یان ئەو بە شێوەیەکی تر تۆیە ئەگەر خۆت دارنی لە هەستە مرۆییەکانت)).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وتەیەش ئەو بنەڕەتەی کە لۆژیکی کۆنی لە سەر ڕاوستاوە یان ئەوەی شیلەر ناوی ناوە لۆژیکی وێنەیی و ڕەها، ئەوەیە کە حەقیقەت ڕەها و نەمرە و ناکرێت گومانی تیا ببرێت، وە هەموو مرۆڤێکیش بە توانایە کە بگات بە دەرك پێکردنی ئەگەر بیری لێکردەوە، بە بیرکردنەوەیەکی دروست و بە دوای ڕێچکەی لۆژیکی ڕاست دا ڕۆیشت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتوو نەبوو لە دەرك پێکردنی دا ئەمە دەبێتە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لە سەر کەمژەیی عەقڵی ئەو یان نییەت خراپییەکەی.

کێشەی مرۆڤیش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە هەموو یەکێك لەوانەی متمانەی بە پارێزراویی بیرکردنەوە و دروستی لۆژیکی خۆی هەیە، ئەو ئەگەر ڕایەکی وەرگرت بەهۆیەك لە هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، وا گومان دەبات کە دوای ئەوەی بیری لێکردووەتەوە بەبیرکردنەوەیەکی باش گەیشتووە بەو ڕایە. لەبەرئەوە زۆر

تووڕە دەبێت کاتێك یەکێك پێچەوانەی دەبێتەوە لەو ڕایە دا کە بەلای ئەوەوە ڕاسترین ڕایە بێ مشتومڕ.

هەر ئەمەشە وای کردووە لەبیریارە کۆنەکان کەجنێو بدەن لە کاتی مشتومڕ دا، زۆرجاریش نەعل و ڕاخەرەکانیان دەگرتە یەك کاتێك مشتومڕی نێوانیان توند دەبوو، ئەوان جیاییان نەدەکرد لە نێوان بیرۆکەو خاوەنەکەیدا، لەبەرئەوەی بیرو ڕاهەڵەیە هەر دەبێت خاوەنەکەشی گەمژە و ڕیسوا بێت، بۆیە ئەگەر ئەو بیرکردنەوەیەکی دروستی هەبووایە وازی لەو بیرە پووچە دەهێنا و باوەڕی بەوە دەهێنا ئەوان باوەڕیان پێیەتی.

بارودۆخ لای هەندێکیان بەوە گەیشتووە کە ناتوانێت خۆی بگرێت کاتێك خەڵك پێی دەڵێن ئەو بە هەڵە دا چووە لە بیر و ڕاکەیدا و ئەو وەها لێکی دەداتەوە کە جنێوی پێ دەدەن، ئەویش دوو دڵ نابێت لە وەڵامدانەوەیان بە جنێوی زۆر ناشیرینتر لە وان.

ئا لە وێدا سۆزەکان هەڵدەچن و کینەکان سەر هەڵدەدەن، جگە لە خوا کەسیش نازانێت ئاکامی ئەوە چی دەبێت لە یاری کردنێکی گەندەڵانە، شایان باسە ئەمە شێوەی مشتومڕ بووە لەو ناوەندانەی بانگەشەی زانست و فەلسەفەیان کردووە، خۆ ئەگەر لە خەڵکە گشتییەکە دا کورت بکرایەتەوە مەسەلەکە ئاسان بوو، تا ئەوەی زانا و فەیلەسوفەکان لە کۆندا خەڵکیان هان دەدا بۆ کوشتار لە پێناوی بیرو ڕا و بیر و باوەڕەکانیان و ئەمەیان بەدەروازەی جیهاد لە پێناوی خوا دادەنا، هەر بۆیە ئەو ڕۆژگارە کۆنانە پڕ بوون لە جەنگی خوێناوی کە زیانی بە کۆمەڵگە گەیاندووە زیاتر لەوە سوودی پێ بگەیەنێت و بەربەستی خستوەتە سەر ڕێگای گەشەکردنی.

## سروشتی مشتومڕی نوێ:

ئەوەی دەڕوانێتە ئەوەی ئێستا لە ناوەندە زانستییەکان و پەیمانگا کۆمەڵایەتیە بەهێزەکان دا ڕوو دەدات دەبینێت مشتومڕ لەسەر بنەڕەتێکی تر ڕاوەستاوە، کابرا مشتومڕ لەگەڵ نەیارەکەی دا دەکات بە مشتومڕێکی توند، بەڵام هەر ئەوەندەی لە دانیشتنەکە دێتە دەرەوە بۆ نەیارەکەی زەردەخەنە دەکات و تەوقەی لەگەڵدا دەکات،

هەروەك یاریچییەکان دوای تەواو بوونی یارییە وەرزشیەکانیان دەیکەن. خەڵکی دواجار تێگەیشتن کە مرۆڤایەتی گەشە ناکات ئەگەر ڕێز لە بیرو ڕاکان نەگیرێت. بەم شێوەیە دەکرێت بیرو ڕاکان لەگەڵ یەکدا کارلێك بکەن و مووتوربە بن، بەبێ مووتوربە و کارلێك بیری نوێ لە دایك نابێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە ڕێزگرتنی بیروڕا ئەوەمان لە سەر پێویست دەکات ئەو هۆکارە شەخسییانە پشتگوێ بخەین کە لە دوایەوە خۆی حەشارداوە، چونکە بیرو ڕا وەك ئەوەی هەیە وەردەگیرێت بە چاوپۆشی لە کەسایەتی خاوەنەکەی، خۆ ئەگەر دروست بووایە هەڵدانەوەی شاراوەکانی خاوەن بیروڕا، دورست دەبوو بۆ ئەویش شاراوەکانی ئێمە هەڵداتەوە، مەعقولیش نییە ئێمە بە تەنیا و بە بێ هەموو خەڵکی تر دڵسۆز و بێ تاوان بین.

## بیروڕا و مرۆڤ:

ئەگەر دەروونی هەموو خاوەن ڕایەکمان لێك دایەوە، دەبینین لەپشتی ڕایەکەیەوە هۆکارێکی شەخسی هەیە، خاوەن ڕاکەش لۆمەی لە سەر نییە لەوەدا، چونکە ئەو مرۆڤە وەك هەموو خەڵك ئەویش باوەڕ ناهێنێت بە ڕایەك هەتا نەبینێت کە لەگەڵ قوڵایی دەروونیدا دەگونجێت، لە پەیمان و ئارەزوویەك، هیچیش لەسەر خەڵك نییە کاتێك مشتومڕ دەکەن تەنیا ئەوە نەبێت ئەوە لەبیر بەرنەوە و بیروڕاکە بپشکنن بە شێوەیەکی بابەتیانە. خۆ ئەگەر خوا پەردەی لەسەر ویژدانی خەڵك لابدایە کەسێك پارێزراو نەدەبوو.

لە بنەماکانی لۆژیکی نوێ ئەوەیە کە هەموو شتێك لەم دونیایەدا چاکە و خراپەی هەیە، کاتێکیش مرۆڤ سەیری ئەم چاکی و خراپیانە دەکات ئەوە هەڵدەبژرێت کە لەگەڵ میزاجی دا دەگونجێت، گران دەبێت لە سەری ئەگەر ئەوە نەکات، لەبەرئەوە پێویستە لەسەری بیروڕای نەیارەکەی ڕێز لە بیر و ڕاکەی بگرێت، وەك چۆن دەیەوێت لە نەیارەکەی ڕێز لە بیرو ڕاکەی بگرێت، بەڵام ئەگەر نەیارەکەی بە نییەت خراپی تۆمەتبارکرد، بۆ نەیارەکەشی دروستە دیسان ئەو تۆمەتبار بکات.

ئاڵەمەوە مشتومڕ لە ئەیاری مەبدەئەوە دەگۆڕێت بۆ ئەیاریکردنی شەخسی، ئەو کاتە حەقیقەت ون دەبێت بەو هۆیەوە لە ناو شلۆقی سۆزە هەڵچووەکاندا.

**بایەخی ململانێی مرۆیی:**

لە کتێبی «گاڵتەجاڕی عەقڵی مرۆیی» دا ئاماژەم بەم گرنگیی ململانێ داوە لەگەشەکردنی کۆمەڵگە و جوڵاندنیدا، وە بۆ ئەوەی ململانێکە لەم پێناوە دا بە ئەرکی خۆی هەستێت پێویستە مەبدەئی بێت نەك شەخسی.

چونکە ئێمە دەزانین کە گەلە سەرەتاییەکان لە هەموو خەڵك بە ململانێ تر بوون، بەڵام کۆمەڵگەی سەرەتایی سوودێکی لەم ململانێیە نەدیوە، کە ئەو لەگەڵ ئەو ململانێیەشیدا بە دۆگمایی مایەوە و بە هاتن بە دوای یەکی نەوەکاندا گەشەی نەکرد بەکەمی نەبێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەسی سەرەتایی لە ململانێ تێنەگەیشتووە و قبوڵی نەبووە، ئەگەر بەهەڵەت خستەوە لە ڕایەکدا واگومان دەبات جنێوت پێداوە، ئەو جیاوازی لە بیروڕا بە هەڵوەشاندنەوەی پایەی کۆمەڵگە دادەنێت کە سەر بەو کۆمەڵگەیەیە. بۆیە تۆ یان دەبێت لەگەڵیدا بیت لە هەموو بیروڕاکاندا، یان دەبێت ببیتە دوژمنە سەر سەختەکەی. ئەو کاتە لەنێوان تۆ و ئەویشدا جگە لە خەنجەر هیچ نامێنێتەوە.

بەڵام گەلە شارستانییەکان مەسەلەکەیان زۆر جیاوازترە، کە زۆر لە دیاردەکانی ململانێی مەبدەئی تیا دەبینین، بەوەش خەڵك لەو تاکە کۆمەڵگەدا دابەش دەبن بە سەر دوو بەرەی دژ بە یەکدا، یەکێکیان موحافیزکارە و ئەویتریان تازەگەرە، دەکرێ ئەم دوو بەرەیــەی کۆمەڵگــەش بــەو دوو قاچــە بچــوێنین کــە مــرۆڤ هــەنگاوی پــێ هەڵدەگرێت بەرەو ئامانجەکانی.

لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ئینکاری بوونی هەندێ دیاردەی ململانێی شەخسی ناکەین لە نلو کۆمەڵگە شارستانییەکانیشدا. بەڵام ئەوانە ئاسەوار و پاشماوەی سەردەمی سەرەتایی دێرینــە، تــا مــرۆڤ لــە شارستانیەتەکەیدا پــێش بکــەوێت ئــەو ململانیــە

شەخسییەی وردە وردە کەم دەبێتەوە، وای لێ دێت نەیاریی کەس ناکات تەنها لە سەر بنچینەی بیروباوەڕ و تێڕوانینی بابەتیانە نەبێت.

هەمیشە ئەو پرسیارەش لە خۆم دەکەم ، ئایا ئێمە شارستانین؟ ئەم پرسیارەش بە زەینم دا دێت هەر کاتێك نووسەر و ڕەخنەگرەکانمان دەبینم جنێو بە یەك دەدەن و هەندێکیان هێرش دەکەنە سەر هەندێکی تریان.

## جنێوەکانی کاك عەبدولڕەزا :

کاتێك کاك عەبدولڕەزا نووسی و بیروڕا و کتێبەکانمی خستە بەر باس و دەستی کرد بە وەسف کردنم جارێك بە دووڕوو، وە جارێکی تریش بە ساختەکار، هەروەها تۆمەتباری کردووم بە سەر شێت و خیانەتکارو تەمەڵ و ڕەوشت ناوازە کە لە خۆشەویستی هەرانانەوەدا دەمرێت، لە هەموو ئەمانەدا کۆتایی بەوە هێناوە کە کتێبەکانم شتێکی نوێی نەخستۆتە سەر بیرکردنەوەی ڕۆشنبیر، و شتێکی تێدا نییە جگە لە گاڵتەجاڕی و فریودان.

منیش نامەوێت لەم بارەیەوە خۆم پاك ڕابگرم لەو سیفەتە نەویستراوانەی ئەو پێوەی لکاندووم، لەوانەیە من وەهابم کە وتویەتی یان وا نەبم، بەڵام باوەڕم وایە کە مشتومڕی زانستی پێویستە لەوە بەرزتر بێت، ئەگەر نا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئێمە و سەرەتاییەکاندا نییە، کە ئەوان مشتومڕیان دەکرد و دەستی هەریەکەیان بەسەر خەنجەرەکەیانەوە بوو.

خۆش لەوە دایە کە ئەم برایە ڕەخنەکانی بە دوو وتار دەست پێکردووە کە لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بلاوی کردۆتەوە، و پڕی کردووە لە جنێو لەسەر ئەو شێوە باسکراوەی پێشوو، کاتێکیش گفتوگۆم لەگەڵ کرد بە سەرزەنشتەوە کتێبەکەی دەرهێنا و وتی جنێوەکانی حەق بوون و دەستی کرد بە زیاد کردنیان و بەڵگە هێنانەوە بۆ پاڵپشتی کردنیان.

هەروەها چەند کەسێکیشم بینی پشتگیری ئەو جنێوانەیان دەکرد و دەیان وتەوەو بە وێنەیەکی ڕاستگۆی حەقیقەتیان دادەنا کە گومانی تێدا نییە و ناو

جەرگەی ڕاستی پێکاوە، لەوەش سەرسوڕمانتر ئەوەیە کە یەکێك لە ڕۆشنبیرە خاوەن بەڵگەنامە زۆر باڵاکان بێتە لام و گلەیم ئاراستە بکات وەك ئەوەی من جنێو فرۆشەکە بم، کاتێك پرسیارم لێکرد، ئایا جنێوەکانت خوێندۆتەوە؟ وتی: نەخێر، دیارە ئەو جنێوانە خۆی لە ڕەگەکانی دڵیانی داوە و بەچاکیان زانیوە، خۆ ئەگەر لە منەوە دەرچووایە دژی کەسێك خۆشیان بویستایە، ئەو کاتە ملیان بەرزدەکردەوە و هاواریان دەکرد کە مشتومڕی زانستی پێویستە دوور بێت لە هەموو جنێوێکی شەخسی.

## لەنێوان زاتیەت و بابەتیەت.

من ئەو دان پێدانانەی کاك عەبدولڕەزام بە دڵە کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو لە ڕەخنەکانی دا زاتی بووە، گوێی لێ بگرە کە دەڵێت:(( ئەوەی بە دوای تێبینییەکانمدا دێت ئەوەیە کە خوێنەر تێبینی تایبەتمەندیی زاتی دەکات کە لە شێوازی وتارەکەمدا دەردەکەوێت، بەڵام داوا دەکەم لە خوێنەر بەزەیی پیادا بێتەوە، چونکە هەر ئەوە پاڵی پێوە نام کە بابەتی بم ئەوەندەی کە ڕەخنەگرێك دەتوانێ بابەتی بێت)).

((بێگومان لێرەدا زاتیەتێکی کوێرانەی لێرەو لەوێ هەیە بەبێ چاو ڕوونی، ئەمە ئەو زاتیەتەیە کە شایانی بەزەییە، هیوادارم خوێنەر قەناعەت بەوە بکات کە ئەم زاتیەتەی من لەم جۆرەیان نییە)).

ئەم برایە وای دەبینێت کە زاتییەتەکەی لە ڕەخنە دا شایانی بەزەییە، گومانیش وایە کە زۆربەی ئەوانەی ڕقیان لێ هەڵگرتووم و ڕقیان لە کتێبەکانمە بە دزەییان بەم زاتییەتەدا هاتۆتەوە کە ئەم برایە وەسفی دەکات، وە ئەوان لە پاڵنەرەبابەتیەکانی دادەنێن لە ڕەخنەدا، بەڵام ئەم مەسەلەیە ڕوویەکی تری هەیە، لێرەدا خەڵکانێکی تر هەیە کتێبەکانم دەخوێننەوە و هەندێ سوودی تیادا دەبینن بۆیان، بۆیە ئەوانە ڕەخنەی ئەم برایە بە زاتیانەیەکی تەواو دادەنێن کە بابەتی تیا نییە.

بەمەش نامەوێت بەرگری لە کتێبەکانم یان شانازیان پێوە بکەم، بەڵام دەبینم کە کتێبەکانم وەك هەموو شتێکی تر لەم دنیایەدا، هەر دەبێ چاکەی زۆری بەخۆوە گرتبێت لەگەڵ خراپەیەکی زۆردا، وە لەبەرئەوەی هەزاران کەس دەیخوێننەوە وەك ئەم برایە دانی پێدا ناوە، هەر دەبێت کۆمەڵە چاکەیەکی تیا بێت پاڵیان پێوە بنێت بۆ کڕین و پارە پێدانی.

## لەنێوان لۆژیك و لۆژیکێکی تردا:

کاك عەبدولڕەزا بە سەراحەت دان بەوە دا دەنێت کە باوەڕی بە دروستی لۆژیکی کۆن هەیە، دیارە ئەویش وەك ئەوانی تر لە خاوەنانی لۆژیکی کۆن بایەخ بە خەڵك یان بەوەی دەیڵێن و حەزیان پێیەتی نادات. ئەگەر هەموو خەڵك کۆببنەوە لە سەر ڕای پێچەوانەی ڕایەکەی ئەو، ئەوە هەموویان لە ڕوانگەی ئەوەوە فریودراو گەمژەن و ئەو تاکە عاقڵی نێوانیانە.

وە لەوانەیە قسەیەکی زیادە بێت کە دووپاتی بکەمەوە ئەو ڕایە لەگەڵ ڕوحی زانستی نوێ دا ناگونجێت، چونکە زانستی ئەمڕۆ لە بەرزاییەکەیەوە دابەزیوەو زانیاری لەواقیعی هەنوکەییەوە وەردەگرێت کە خەڵك تیایدا دەژی. بۆیە دروست نییە بۆ بیریاری تازە متمانەیەکی تەواو بە ڕایەکەی خۆی هەبێت بە شێوەیەك ڕای ئەوانی تر پشتگوێ بخات.

بێگومان حەقیقەت بەتەنها لە عەقڵی دابڕاوەوە هەڵناتۆقێ، بەڵکو ئەوە بوونەوەرێکی گەشەکردووە و لە بەرژەوەندی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ و لە سەر بنچینەی حەزو پێویستییەکانی ئەوان ڕاوەستاوە، واتە مرۆڤ دەتوانێت لە سەر خەڵکی خۆی بکاتە ڕەخنەگر یان ئامۆژگاریکار، ئەو تەنها پێویستی بە وشە گەلێکی گەورە هەیە دەمی خۆی پێ پڕ بکات، بەڵام باوەڕ پێکراوییەکەی لە دەروونی خۆی و خەڵکەکەی دەوروبەریدا نابینێت، بۆیە دەبینیت باسی حەق و جوانی و چاکە و غەیری ئەوانەش دەکات، بەبێ ئەوەی بزانیت کە ئەوانە لە لای سەر کەشەکان بوونەتە تۆڕی ڕاوکردن.

خەڵك لەم سەردەمەدا دەرکیان بەوە کردووە کە بیرو بۆچوونە ڕەهاکان کە لۆژیکی کۆن گۆڕانی پیادا دەوتن جگە لە کۆمەڵە تێگەیشتنێکی ڕیژەیی شتێکی تر نییە، کە هەموو مرۆڤێك وای دادەنێ کە هەر بۆ ئەوە بە تەنها و جگە لەو خاوەنی شتێك نییە تیایدا، ئەگەر وتت بە سەرکەشێکی ستەمکار:(( نەفرینی خوا لە سەر ستەمکاران)) زەردەخەنەت بۆ دەکات و قسەکەت بە چاك دەزانێت و وا گومان دەبات کە تۆ مەبەست لەمە نەیارەکانی ئەوە، بەڵام ئەو خۆی و هەموو خەڵك شایەتی ئەوەیان داوە کە دوورە لێی و پارێزراوە، هەروەها هەر دەبێت لە دەوروبەریشدا کۆمەڵێ خۆنزیکخەرەوە هەبێت پشتگیری وتەکەی بکەن و هاواری بۆ بکێشن.

## چەواشە کردنی خوێنەر

کاك عەبدولڕەزا بەم شێوەیە دەڵێت:(( ماوەتەوە کە دکتۆر عەلی وەردی شتێکی نوێ بخاتە سەر بیرکردنەوەی ڕۆشنبیر، بەڵام دەتوانێت بیرکردنەوەی خەڵکە گشتییەکە چەواشە بکات بەشێوازی شەعبیانە، هەروەها چەواشەی بکات بەبابەتی شەعبیانە، ئەمەش نهێنی بە پیرەوە هاتنی خەڵکە بۆ خوێندنەوەی )).

ئەم برایە لێرە دا تەنها بە جنێو دان بە خۆم ڕاناوەستێت بەڵکو جنێو بەوانەش دەدا کتێبەکانم دەخوێننەوە، چونکە کتێبەکانم لای ئەو بریتییە لە کۆمەڵێك چەواشەکاری و بیرو ڕای پووچ، بەڵام ئەو خوێنەرانەی کتێبەکانم دخوێننەوە بە ڕای ئەو عەوامی فریو دراون، ئەو بە دەربڕینێکی تر فێڵێکی بەر فراوانە: بە شێوەیەك خوێنەرانی پێ فریو دەدەم و ئەوانیش فریو دەخۆن، هەروەها فێڵیان لێ دەکەم و درهەمەکانیان بە تالآنی و خۆبەزلزانی دەبەم، وە ئەوان بەرەو کڕینی کتێبەکانم دەڕۆن بە بێ ئاگایی و بیرلێکردنەوە. سەیر لە وە دایە کە کاتێك گلەیم لەو برایە کرد لەسەر قسەکانی هەر بە کتێبەکانی وەڵامی دامەوە و بەم دەقە:

(( پاشان من کە تۆم بە ویژدانی فراوانەوە بینیەوە، چ نامۆییەك دوای ئەوە دێت کە دەروون فراوان بیت بۆ جۆرەها بوهتان هونەرکاریی لە ناحەقیدا؛ وات پیشان داوە کە من جنێوم بە خوێنەرانت داوە، ئەمەش سوێند بێ درۆیەکە، بەڵکو

دیماگۆگییەتێکی هەرزانە و دروستی دەکەیت لە ناو ئەو هۆکارە پڕوپاگەندە هەرزانانەی دەیخولقێنیت، لێرە دا بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی جنێو بە خوێنەر بدەی و خراپە بەرامبەربە هەستی مەردانەیان بکەیت، لەگەڵ ئەوەی دان بنێین بەوەی ئەوان بەخشندە و دڵ فراوانن و فریو دەدرێن و پاشان فریو دەخۆن، مەبەستێکیشم نەبووە لە هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر جگە لە فریودانی بەخشندە نەبێت لە لایەن تۆوە، هەروەها جگە لە فریوخواردنی بەخشندە بە تۆ........ )).

ئەم برایە دەڵێت بەخشندە ئاسانە هەڵخەڵەتاندن و فریودانی، ئەمەش ڕایەکە گومان نابەم زۆرێك لە خوێنەران پاڵپشتی بکەن. چونکە ئەوە ڕایەکە شاعیران لە کۆندا دەیان وت بۆ ئەوەی نزیکببنەوە و ستایشکردنی درۆزنانەی خۆشگوزەرانەکانی پێ بشارنەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئاسانە فریو بدرێت گەمژەکانە، ئیتر وەك یەکە بەخشندە بێت یان پیسکە. ئەم حەقیقەتەش ئاشکرابووە بۆ شارستانییەکانی ئەم ڕۆژگارە، بۆیە وایان لێهاتووە بە ستایشی زل فریو ناخۆن، ئەوەی کە ئەدیبە کۆنەکان سواڵی خەڵکیان پێ دەکرد.

نووسەری نوێ ناتوانێت فریوی خوێنەر بدات هەرچەندە لێهاتوو بێت، چونکە نووسەر وەك پێڵاودروستکەری لێهاتوە، وەك پێشتر وتمان، کە کالا کەی لە سەر پانتاییەکی فراوان بەرهەم دەهێنێت و لە بازاڕەکاندا پیشانی دەدات، بۆیە مەحاڵە بۆی کالای خراپ بە خەڵك بفرۆشێت، با ئەگەر لە سەریشی بنووسێت زەبوری داود، لە ڕابردوو دا خۆشگوزەرانی کۆن ئەدەبی ناوازداری دەکڕی بە نرخێکی گران، چونکە ستایشی خۆی تیا دەبینییەوە، بەڵام خوێنەری تازە تەنها کەسێك نییە هەتا ئەوە بکڕێ کە ستایشی خۆی تیایە، بەڵکو ئەوە جەماوەرێکی گەورەیە لە خەڵك و

ئەوەی خاوەنی ئەو پارە حەرامە نین تا خەرجی بکەن لەو شتانە دا کە سوودیان پێ ناگەیەنێت.

## لە نێوان چاکی‌وخراپییەکاندا

من تکام لە کاک عەبدولڕەزا ئەوە بوو کە خۆی دابڕنێ لە سۆزە زاتییەکانی کەم بێت یان زۆر، پاشان بڕوانێتە چاکییەکانی ئەو کتێبانەی ڕەخنەیان لێدەگرێت وەك چۆن دەڕوانێتە خراپییەکانی، ئەمەش ئەو میتۆدەیە کە پێویستە دواکەوتەیی بکرێت لە ڕەخنەی نوێ دا، وەك لە وتاری پێشوو دا ئاماژەم پێدا. ئەوەی شایەنی باسە لەم بۆنەیەدا ئەوەیە کە بیریارە کۆنەکان پێك نایەن لە سەر ئەوەی لۆژیکی نوێ دەیلێ کە شتەکان لایەنی باش و خراپیان بە خۆوە گرتووە لە یەك کات دا، ئەمە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کارێکی مەحاڵە، ئەمەش ئەوەیە کە لای ئەوان بە یاسای نادژایەتی ﴿ عدم التناقض ﴾ ناسراوە دیارە کە کاك عەبدولڕەز لە ڕەخنەگرتنەکەی دا لە سەر ئەم میتۆدە دەڕوات، ئەوەبوو بینیمان لە کتێبەکەی دا زۆر بە گەرمی بەرگری لە یاسای نا دژایەتی دەکات، وە لەو مەسەلانەی توێژیومەتەوە لە کتێبە پێشووکانم دا و بە درێژی لە سەری ڕۆیشتووم ئەوەیە کە ئاراستەی زانستی نوێ لە سەری جێگیر بووە کە تێپەڕاندنی ئەو یاسا کۆنەیە، جێگەی داخە کە کاك عەبدولڕەزاو زۆرێك لە ڕەخنەسازەکان سوورن لە سەر پابەند بوون بەو یاسایەوە.

ئەوانیش لە سەرووی ئەوەوە جنێوم پێ دەدەن لەبەر ئەوەی بانگەشەی گۆڕینی دەکەم، ئەمەی منیش بە جادوگەری و گاڵتەجاری دادەنێن، خۆزگە دەمزانی پەیوەندی جادوگەری بە بانگەواز بۆ شێوازێکی نوێ لە بیرکردنەوە چییە؟

ئەوان وا گومان دەبەن کە من ئەم بیرو بۆچوونە نوێیانەم لە باخەڵی خۆمەوە هێناوە، وە من خۆ بە تەنها بانگی بۆ دەکەم، تکایش لەوان ئەوەیە کە بزانن ئەوانە بیروبۆچوونی زانستین و خەریکە ئێستا باڵا دەست دەبێت لە عەقڵی بیریارانی جیهانی نوێدا، منیش تەنها گوێزەرەوەیەکی ئەوەم، گوێزەرەوەی کوفریش نابێتە کافر.

## پەرچدانەوەیەکی ئاڕاستە کراو:

لە سەیرترین ئەوەی ئەم برایە هێناویەتی لەبارەی پووچەڵکردنەوەی لۆژیکی نوێ ئەو قسەیەیە کەمنی پێ دەدوێنێ: ئەگەر هەموو شتێك لایەنی چاکی و خراپی هەیە وەك بانگەشەی بۆ دەکەیت، ئایا ڕات بەرامبەر لادانی سێکسی چییە و ئەو چاکییانەی تیایەتی کامانەن؟

ئەمەش نارەزاییەکی ئاڕاستە کراوە کاتێك لە ڕوانگەی حەقیقەتی ڕەها ﴿ موتلەق﴾ وە بۆی دەڕوانین، کە چاکی و خراپی پرۆسەیەکی عەقڵییە و مرۆڤ لە ڕێگای بیرکردنەوەی تەندروستەوە دەرکی پێ دەکات، بەڵام لۆژیکی تازە چاکی و خراپی بەلایەوە شتێکی ئعتیبارییە. ئەوەی تۆ دەیبینی جوانە غەیری تۆ بە ناشیرینی دەبینێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بیریار ناتوانێت شتێك هەڵبژێرێت بە سەر شتێکی تردا، ئەگەر بەراورد بکرێ لە نێوان مەسەلەکاندا لە ڕووی بابەتیەوە، لە ڕاستیدا ئەو بە توانایە لەوەدا لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دا، کە لە سەر سوودی ڕەشایی گەورەی ناو خەڵك ڕادەوستێ.

بە دەربڕینێکی تر، چاکی و خراپییەکان لە سروشتی شتەکان خۆیەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە پێویستی خەڵکەوە پێی دروست دەبێت، چونکە شت لەخودی خۆیدا چاك یان خراپ نییە، خۆ ئەگەر لە بۆشاییدا هەڵواسراو بێت دوور لەبەرژەوەندییەکانی خەڵك، دروست نەدەبوو وەسف بکرێت بەسیفەتی چاك یان خراپ، کاتێك گەردونناسێك بۆنموونە ڕەشەبایەکی گەردەلوول دەدۆزێتەوە دروست نییە بۆی وەسفی بکات بەو سیفەتەی خەڵکی زەوی کردوویانەتە زاراوە بۆی، لەوانە گەردەلوول لای خەڵکی مەریخ لە نیعمەتەکانی خوابێت، کە لەپێناویدا نوێژ بکەن و سوپاسی خوا بکەن لە سەری، کێ دەزانێت؟ بەڵام لای ئێمە کارەساتێکی وێرانکەرە و تەڕ و وشك لە نێو دەبات، ئەو لە ڕوانگەی ئێمە دا کەواتە بێزار و ناشیرینە، خوا بمانپارێزێ لە شەڕی.

## دۆزی لادانی سێکسی:

وەك ئەمەش دەکرێ بۆ لادانی سێکسیش بوترێ، ئەو خراپەیەکی ناشیرینە لەڕوانگەی ژمارەی گەورەی خەڵکەوە، هەر ئەم ڕوانینەش دەبێت بە هەند وەربگرین، بەڵام بۆ ئەم دۆزە لایەنێکی تر هەیە، ئەگەر گوێمان گرت لە کابرای لادەر دەبینین باس لە چاکییەکانی لادان دەکات، قسەی سەیر. ئەو ناتوانێت لە جوانی ئافرەت تێبگات، سەری لە خەڵکیش سوڕ دەمێنێت کە چۆن بە سەری دا دادەبارێن و شەیدای بوون، ئەو باوەڕی وایە کە ئافرەت ئەو شەڕەیە دووچاری مرۆڤ هاتووە لە دێر زەمانەوە.

کاتێك خاوەنانی لۆژیکی کۆن لە بارودۆخی ئەم لادانە دەکۆڵنەوە ناشیرینی دەکەن و سزای قورسی بە سەردا دەسەپێنن. بەڵام فیکری نوێ ناڕاستەیەکی تری هەیە تیایدا، ئەو دەیپشکنێ هەروەك چۆن پزیشك جەستەی نەخۆش دەپشکنێت، ئەو لۆمەی نەخۆشەکە ناکات ئەوەندەی لۆمەی هۆکارە فەسلەجی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی. ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کەفیکری نوێ پشتگیری لادەرەکان دەکات لەسەر ئەوەی دەیکەن، چونکە لادان دیاردەیەکی ناوازەیەو پێچەوانەی بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکە، تۆێژەریش ناچارە چارەسەری بکاتوخەڵك لە شەڕی لابدات بە پێی توانا، بەڵام جیاوازە لە بیری کۆن لە ڕوانین دا بۆی، ئەو گوێ لە وتەکانی لادەر دەگرێت و پشتی پێدەبەستێت لە چارەسەری دا بە شێوەك لە شێوەکان. لە سەری ئەمەشەوە لادەر مرۆڤێکە و مافی ژیانی هەیە، هەروەها داواکردنی ئەو چێژەی حەزی لێ دەکات لەو سنورەی کە نابێتە مایەی زیان گەیاندن بەوانی تر، ئەو لادانەکەی بە دەستی خۆی بە ویستی ئازادی نەخوڵقاندووە، ئێمەش ستەمی لێ دەکەین سزای دەدەین یان ڕقمان لێی دەبێتەوە لە سەر کارێك ویستی خۆی تیا نییە.

## ئەوەی شارستانییەکان دەیکەن:

لــەم دواییانــەدا حکومــەتی بــەریتانیا لیژنەیــەکی پێــک هێنــاوە بــۆ لێکۆڵینــەوە لەبارودۆخی خراپە لەکۆمەڵگەی بەریتانیادا، لەئاکامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەوە بوو کە لیژنەکە بڕیاری دا کە لادانی سێکسی بە کارێك دابنێت شایستەی سزا نەبێت. بەلاّم لیژنەکە ئەوەی بە مەرج گرت کەلادانەکە لە نێوان دوو کەسی پێگەیشتووی خاوەن ویستدا بێت و لە شوێنێکی تایبەتدا ئەنجام بدرێت کەس لەتاکەکانی گەل نەیانبینێت. هەروەها ڕای لیژنەکە ئەوەش بوو کە یاسا مافی ئەوەی نییە دەخالەت لەکاروباری تایبەتی هاولاّتیاندا بکات، وە بە زۆر نموونەیەکی دیاریکراوی ڕەفتاریان بە سەردا بسەپێنێت تەنها کاتێك نەبێت پێویست بێت بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی ئادابی گشتی.

هەر لێرەدا لەخوێنەر دەپرسم: ئایا خاوەنانی لۆژیکی کۆن بەم بڕیارە ڕەزای دەبن؟ وا گومان دەبەم ئەوان بە پێچەوانەی ئەوەی عەقلی دروست و لۆژیکی ڕاست بڕیاری لە سەر دەدات دای دەنێن، چونکە شتەکان لەڕوانگەی ئەوانەوە یان دەبێت هەمووی چاك بێت یان هەمووی خراپ بێت . لەبەرئەوە پێویستە لە سەریان جەنگی خراپ بکەن و هانی چاك بدەن بە هەموو شێوەیەك. ئەوان بایەخ بە حەقیقەتی دابڕاو دەدەن و مرۆڤ پشتگوێ دەخەن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بزانن کە مرۆڤ سەرچاوەی حەقیقەتە.

***

"وتاری سییەم"

# نموونەی سێیەم

لەوەی ڕابردوو باسی دوو نموونە لە ڕەخنەگرەکانم کرد، حەز دەکەم ئێستا باس لە نموونەی سێیەم بکەم، کە مەبەستم پێی دکتۆر عەبدولڕەزاق محێدینە، کە هۆکاری سەرەکییە لەدانانی ئەم کتێبەدا چونکە ئاماژەی زۆرم بەم پیاوە داوە لە بەشەکانی کتێبەکەدا و بەدرێژی گفتوگۆم لە سەر بیرو ڕاکانی کردووە، بۆیە دواجار بە پێویستی دەزانم قسەی لە سەر بکەم، هەروەها دەربارەی شێوازەکەی لە ڕەخنە دا.

ویـژدانیش بـانگم دەکـات کـە لێـرە دا دان بـە چـاکەی دکتـۆر محێدین وپتـەوی بیرکردنەوەیدا بنێم، بەحەق دەڵێم من لە خوێنەرانی کتێبەکانی و سوودمەندبووانی ئەوم، بۆیە جیاوازی من لەگەڵ ئەو دا لە هەندێ بیروڕادا، مانای ئەوە نییە لە هەموو بیروڕاکاندا جیاوازبین.

## میتۆدی ڕەخنەگرانەی ئەو:

من تێبینی ئەوەم لە وتارەکانی دکتۆر محێدین کردووە لە گفتوگۆکانی لەگەڵمدا، ئەو بەدوای میتۆدێکدا ڕۆیشتووە لە هەندێ ڕووەوە جیایە لەڕێچکەی ئەو ڕەخنەگرانەی پێشتر باسمان کردن. دیارە ئەو ڕقی لەبیروڕاکانم هەڵگرتووە، بەڵام ڕقی لە شەخسی خۆم هەڵنەگرتووە. سۆزیش پاڵی پێوە نەناوە بە تەنها باسی خراپییەکان بکات، بەڵکو لەگەڵیدا شتێك لە چاکییەکانیشی باس کردووە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من لەگەڵ دکتۆردا پێک دێمەوە لە سەر هەموو ئەو خراپی و چاکییانەی باسی کردوون، بەڵام ناتوانم نینکاریی دروستی ئەو میتۆدە بکەم کە لەسەری ڕۆیشتووە وەك بیروباوەڕ. چونکە ڕەخنەگر پێویستە بڕوانێتە پشتی کۆماکەوە، وەك چۆن دەڕوانێتە لایەنی نزیکی.

## جووڵە بەرکەتە:

دکتۆر محێدین لە پێشەکی وتارەکانیدا دەڵێت: جووڵە بەرکەتە لە هەموو باردۆخێکدا، پاڵنان بە عەقڵەوە بۆ بیر کردنەوە و زمان بۆ گوزارشت کردن و قەڵەم بۆ نووسین، خزمەتێکی نموونەییە کە پێوستە بە سوپاس و ستایشەوە پێشوازی لێ بکرێت. بەڵکو دکتۆر ئەمەی لەڕووی ئاماژەوە وتووە بۆئەوەی وروژاوە لە بزاڤە ئەدەبی و فیکرییەکانی ئەم دواییەی عێراق. ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ نووسەری ئەم دێڕانە کە دەستی هەبووە لەم وروژاندنانە دا، هەروەها سوپاسی خۆی لە سەری ڕاگەیاندووە و پەسەندی کردووە، مانای ئەمەش ئەوەیە کە دکتۆر جیاوازە لەو ڕەخنەگرانەی هەموو ئەوانەی بزاڤی فیکری دەوروژێنن K تۆمەتبار دەکەن بە جادووگەرو گاڵتەجاڕ، خوا لێیان ببورێت.

پێدەچێت ئەمە ڕای دکتۆر بووبێت لە ڕۆژگارێکی دوورەوە، چونکە بیستومە کە ئەو لە پێشەنگانی ئازادیی فیکری بووە لە نەجەفدا لە سەرەتای لاوێتیدا و ڕۆژانێك کە مێزەری لە سەر دەکرد، گومان وایە کە ئەو ئێستا زیاتر ئازاد بێت لە بیر کردنەوەدا، دوای ئەوەی گواستیەوە بۆ بەغداد و مێزەرەکەی داکەند و بەڵگەنامەی دکتۆرای بە دەست هێنا.

ئەگەر شتیشم لەبیربچێتەوە ئەو هەڵوێستە مەردانەی دکتۆرمحێدینم لە بیر ناچێتەوە، کە پێی هەستا لە پارێزگاری و بەرگری کردن لێم بە هۆی دەرچوونی کتێبی ﴿ واعیزەکانی سوڵتان ﴾ هوەن، ئەوە بوو دکتۆر لە هەندێ بیروڕای لەو کتێبە دا هاتبوو لەگەڵم پێچەوانە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵمدا وەستا و ئازاری لێ لادەدام، بیروڕایشی لەو کاتەدا وەك بیروڕای وابووە لە هەموو کاتێکدا - بێگومان

جووڵە بەرەکەتە – وە پاڵنان بە عەقڵەکانەوە بۆ چاو گێڕانەوە بە نەریتە بۆماوەکاندا، کارێکە دەبێت بە سوپاس و هاندان پێشێوازیی لێ بکرێت.

## بەسەرهاتێك بەو بۆنەوە:

ئەوە ڕوویدا کە لەگەڵ دکتۆردا کۆبوومەوە لە یەکێك لە یانەکاندا دوای بڵاوکردنەوەی وتارە باسکراوەکانی. ئامادەبووانیش سەریان سووڕما بوو کە بینینیان لەگەڵ یەکدا تەوقە دەکەین و لە قوڵایی دڵمانەوە پێدەکەنین، ئەوان وا گومانیان دەبرد کە ئێمە بووینتە نەیاری سەر سەختی یەکتر و هەر یەکەمان کینەی لەدڵدایە بەرامبەر بەوی ترو هەوڵ دەدات پیلانی لێ بگێڕێت. یەکێك لە ئامادەبووان بۆ ئەو وتەیە ڕۆیشت کە ئێمە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەمەقاڵێ دەکەین لە سەر ئەو شێوەی دەمەقاڵێی ئەوانەی لێفەکەی مەلا نەسرەدینیان دزیبوو. واتە ئێمە دوژمنایەتی یەکتر دەکەین بە ڕووکەش بۆنەوەی بە ڕیشی خوێنەران پێبکەنن و درهەمەکانیان بە تالانی بەرن.

لە ڕاستیدا ململانێی ئێمە لەم جۆرە و ئەوی تریشیان نەبوو، ئەو بە شێوەیەکی تر ململانێیەکی مەبدەئییەو تەمومژی لە سەر نییە، هەر یەکەش لە ئێمە متمانەی بە سەلامەتی مەبەستی ئەوی تر هەیە بەرامبەری، بەڵام ئەگەر لە یەکێکمان ئەوە دەرچوو کە بۆنی جنێوی لێ بێت، ئەوە جنێوێکی بێ مەبەستە، و ئەو نزیکترە لە گلەیی برایانە زیاتر لەوەی کینەیەکی پیس بێت.

## گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا:

دوای ئەم ڕێخۆشکردنەی نەمتوانی تێیپەڕێنم، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ پاشماوەی بیروڕاکانی دکتۆر کە لە وتارەکانی دا هێناونی، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە سەرکردن و لێپرسینەوەیان، لە ناو ئەو بیروڕایانەدا ڕایەك کە خوازیاربووم نەیهێنایە ئەو ڕایەیە چەند جارێك خوێندبوومەوە بێ ئەوەی لە مەبەستەکەی بگەم بە ڕوونی، یان لەوانەیە

لێی تێگەیشتبم بەڵام بە گونجاوم لەگەڵ سروشتی گشتیی بیری دکتۆردا نە دیبێتەوە کە پێی تایبەتمەند نەبووە.

بێگومان دکتۆر لە سەر ئەو ڕایە لەگەڵمدا پێك دێتەوە کە زمانی عەرەبی پێویستی بە چاکسازی و نوێکردنەوەیە، بەڵام وای دەبینێت کە ئەم چاکسازییە لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە گەڕانەوە تیایدا بۆ پسپۆڕان لە زمانەوانەکان و پیاوانی کۆمەڵگە ﴿ مەرجەع ﴾ دەبێت بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەو بارەیەوە بدەن.
دکتۆر بەم دەقە لەم بارەیەوە من دەدوێنێت و دەڵێت: (( یان دەبێت پێشنیاری جۆری چاکسازییەکە بکەیت و کەرەسە و هۆکارەکانی لە ڕۆژنامە ڕۆژنانەکاندا بلاوبکەیتەوە، ئەمەش ڕەفتارێکە کەس بڕیاری لە سەر نادات و پەسەندی ناکات، مەگەر ئەوانەی دڵخۆش دەبن بە بینینی گاڵتەی گاڵتەجارەکان لە سەر ڕێگاکان دا لە جیاتی ئەوەی لە ناو خانەی نواندن و گاڵتەجارییەکان دا ببینن، ئێمەش لەوە بڵندتر سەیری دکتۆر دەکەین کە ئەمە بۆ خەڵکی توێژەر قبوڵ بکات)).

داواکارم لە دکتۆر محیەدینی هاوڕێم کە بزانێت من خۆم بڵندتر ڕاناگرم لەوەی بانگەواز بۆگفتوگۆیەکی گشتی بکەم ڕۆژنامەکان و غەیری ڕۆژنامەکان لە هۆکارەکانی بلاوکردنەوە هاوبەشیی تیادا بکەن لە پێناوی چاکسازیی زمان و تازەکردنەوەی ئەدەبدا. ئەمەش بە ڕای من گاڵتەجاڕی نییە. بەڵکو ئەوە لە شێوەی ئەو بزافە فیکرییەیە کە دکتۆر بانگەشەی بۆ دەکات و لە هەموو بوارێکدا دەیەوێت.

لەوانە دکتۆر باوەڕی وابێت کە کاری چاکسازیی زمان جیایە لە کارە چاکسازییەکانی تر، ئەمەش ڕایەکە دکتۆر لەوە بڵندتر دەبینم کە قبوڵی بکات، لە ڕاستیدا چاکسازیی لە زماندا وەك چاکسازیی هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی وایە و تەواو نابێت دوای مشتومڕێکی گشتی و ململانێی نێوان بانگخوازانی تازەگەری و بانگخوازانی موحافیزکاریی نەبێت و هەر دەبێت مشتومڕەکە درێژە بکێشێت هەتا خەڵك هەست دەکەن بە پێویستی چاکسازیی، و لە پێناویدا وردە وردە دێنە پێش.

خووی مرۆڤ وەهایە بە شێوەیەکی گشتی کە حەزی لە مانەوەیە لە سەر ئەوەی باوباپیرانی دیوەتەوە لە سەری لە هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانیدا، ئەو ناڕوانێتە

چاکسازی تەنها دوای شکاندنی کێکی نەریتەکان نەبێت، ئەمەش ڕوونادات تەنها بە مشتومڕ و وروژاندنی وتیان و دەڵێن نەبێت.

## پیاوانی کۆمەڵگەکان:

بە ڕاستی پیاوانی کۆمەڵگەکان و ئەوانەی کەلەوانە لە پسپۆڕانی کاروباری زمان، دەکرێت بە لایەنێکی دۆزەکەیان دابنێین نەك دادوەر تیایدا: ئەوانە خەڵکانێکن پلەوپایەی باشی خۆیان بەدەست هێناوە لە ڕێگای پسپۆڕییان لە زماندا، لەوانەیە سووربوونیان لە سەر ئەو پلەو پایەیە پاڵیان پێوە بنێت کە بە ڕووی هەر تازەکردنەوەیەکدا بووەستن بەشێوەیەك کە هەستی پێ نەکەن. وە لەوانەیە لە ناو پیاوانی مەجمەعەکاندا تازەگەر هەبێت کە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە داوای چاکسازیی لە زماندا کردبێت، بەڵام هەر ئەوەندەی پیربوو یان پیر کرا ئیتر دەبێتە بانگخوازی موحافیزکاری و دۆگمابوون، ئەمەش پیشەی مرۆڤە لە زۆر کات دا.

مرۆڤ هەندێ جار ژیانی بە ڕاپەڕین دەست پێدەکات، تا ئەو کاتەی سەردەکەوێ و ئەو پلەو پایەیە بە دەست دێنێت کە خوازیاریەتی، ئیتر هێمن دەبێتەوەو داوا لە خەڵکیش دەکات وەك ئەو هێمن ببنەوە. پێدەچێت لەوە بترسێت ئەمڕۆ شۆڕشی بەرامبەر بکەن، وەك چۆن ئەو دوێنێ بەرامبەر ئەویتر شۆڕشی کرد.

بە ڕاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە هەموو دیاردەکانیەوە ڕوونادات تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ڕەوڕەوەی ڕۆژگار نەوە لە دوای نەوە لە خولانەوە نەوەستێت، ئێمەش چاوەڕێی ئەوە ناکەین ڕاپەڕیو لەتازەگەری بە درێژایی تەمەنی بە ڕاپەڕیوی بمێنێتەوە، ئەوەش بۆ ئەمڕۆ دەشێت لەوانەیە بۆ سبەینێ نەشێت.

## ئەرکی پسپۆڕان:

بێگومان پیاوانی کۆمەڵگە زمانەوانییەکان سوود بە مشتومڕ دەگەیەنن کاتێك بەشداری تێدا دەکەن، چونکە بە لێدانیان لەگەڵ بیروڕای ئەوانیتر دا شتێکی تر ڕوو

دەدات، خەڵکیش بەو هۆیەوە دەڕوانێتە ئەوەی سوودیان پێ دەگەنێت یان زیان لەو بابەتەی ململانێکەی لە سەر دەکرێ.

زمان دیاردەیەکە لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت بەپێی پێویستی و بارودۆخەکەی، کەواتە ئەو لە گەشەکردنیدا ملکەچی ئەوە نابێت شێخە بەڕێزەکانی ئەندامی کۆمەڵە زمانەوانییەکان دەیبینن، ئەوەش باشی وتووە کە دەڵێت: (( کۆمەڵگە گەورەترین کۆمەڵەی زمانەوانییە )) ئەوەی کەدەیەوێت زمان چاك بکات لە ڕێگەی پیاوانی مەجمەعەکانەوە وەك ئەوە وایە دەیەوێت ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە ڕێگەی سکالاَ بەرزکردنەوە بۆ دەست و پێوەندەکانیەوە چاك بکات، پەنا بە خوا.

## جیاوازی گۆشە نیگا:

پێدەچێت جیاوازی لە نێوان من و دکتۆردا لەمەسەلەی زماندا بۆجیاوازی ئەو گۆشەنیگایەمان بگەڕێتەوە دەربارەی زمان، یان بە دەربڕینێکی تر دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی چوارچێوەی فیکریی نێوان من و ئەو، چونکە ئەو وادەڕوانێتە زمان کە دیارەیەکی وەستاوە بە خۆی، بەڵام من وای بۆ دەڕوانم کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو هەموو خەڵك بەشدارە لەخوڵقاندنیدا.

بۆیە ناتوانین لە سەر بیروڕایەك ڕاوەستین تا پێکەوە لە سەر یەك گۆشە نیگا ڕانەوەستین، بە بێ ئەوە کەسمان ناتوانێت ئەویترمان قەناعەت پێ بکات لە سەر دروستی بیروڕاکەی بە هەر سەلماندنێك بێت، چونکە سروشتی سەلماندنی عەقڵیی وایە کە قەناعەت پێکراو نییە تەنها لە ڕێگای ئەو چوارچێوە پێکهاتووەی سەر ناگایی مرۆڤ سەرچاوەی نە گرتبێت.

کاتێك وتارەکانی دکتۆر محێدین دەرچوون، زۆرێك لە خوێنەرانم بینی بە چاکیان دەزانی و پشتگیریان دەکرد بە تەواوی، ئەوان وا گومانیان دەبرد کە لەبەهێزیدا توێژینەوەیەکە هیچ سەلماندنێکی پێچەوانەی ئەو سوودێکی نابێت، منیش هەر کە خوێندمەوە قەناعەتی پێ دەکەم و پەشیمان دەبمەوە لەو زیادەڕەوەییەی لێمەوە دەرچوو لە وتەی هەڵە.

شایانی باسە لێرە دا کەسانێکی تر هەیە، وتارەکانی دکتۆریان خوێندەوە و ناڕەزاییان بەرامبەری دەربڕی، لۆمەشیان لەوە دا لەسەر نییە، چونکە ئەوانە لە گروپی گۆشەنیگایەکی ترن، هەموو گروپێکیش دڵخۆشە بەوەی لایەتی.

### مەسەلەیەکی حەتمی:

لە سەر نووسەر پێویستە کە شانازی بەپشتگیری هاوەڵانی دەوربەریەوە نەکات، هەروەها بەدبینیش نەبێت بەرامبەر بە گاڵتەجاڕیی ئەوانەی پشتگیری نەیارەکەی دەکەن، ئەو پێش هەموو شتێك پێویستە پێشبینی ئەوە بکات کە پشتگیرو ناڕەزایی بۆ دەرکەوێ، لەبەر ئەوە مرۆڤ لە چەند گۆشەیەکەوە دەڕوانێتە مەسەلەکان.

ئەو نووسەرەی پێشبینی ئەوە دەکات کە هەموو خەڵك لە سەر بیروڕاکانی ڕێککەون دروست نییە ناوی بنرێ نووسەر، بەڵکو ئەو واعیزێکە. بۆ واعیز هەیە کە باس لە مەسەلە گەلێکی تۆباوی بکەن کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقعەوە نییە کە خەڵك تیایدا دەژین، هەر کاتێك کە قسەکانی کۆتایی پێ هێنا خەڵك پێی دەڵێن ﴿ زۆر باشە، ڕەحمەتی خوا لە باوکت، ئەو پیاوە چاکە ﴾.

لێرە دا هیوادارم خوێنەر لەم قسەیەم وا تێنەگات کە نووسەر پێویستە بەئەنقەست نەیاری بۆ دروست بکرێت، وەك ئەو بلیمەتەی لەوتارێکی پێشوودا ئاماژەم پێکرد دەیویست. نووسەری ڕاستەقینە بانگەشە بۆ ئەو بیرو بۆچوونە دەکات باوەڕی پێیەتی، ئیتر دوای ئەوە گوێ بەوە نادات کە کۆمەڵێ خەڵکی لێ تووڕە دەبن.

### ڕایەکی سەیر

دکتۆر محێدین وتارەکانی بە وتەیەك کۆتایی پێهێناوە کە جێگەی سەرسوڕمانم بوو، کە نەمزانی هۆکارکاریی تیا بکەم، ئەو تیایدا دەڵێت کە بیروڕاکانی من لە زمان و ئەدەبدا دروست نەبووە تەنها لە خۆشەویستییەوە نەبێت بۆ گەمەو هەرانانەوە نەبێت. هیچیش پاڵی پێوە نەناوم تەنها ساویلکەیی هەندێ خوێنەر نەبێت، هەروەها ئەو گومانی وایە کە لە ڕۆژانی ئایندەدا من ناگەڕێمەوە بۆ ئەو مەترسیە گەمەئامێزە و

لەوانەیە پەشیمان ببمەوە لەسەری‌و دان بە هەڵەدا بنێم یا دوای ماوەیەکی تریش بێت دکتۆر لە باسی نووسەری ئەم دێرانەدا دەڵێت:(( ویستم بیپارێزم لە غەرابوونێك كە ساویلكەیی هەندێ لە خوێنەران پاڵی پێوە ناوە، وە بیان پارێزم لە گەمەیەك پیاوێك شەیدای بووە كە گەمەم بۆی نەویستووە، هەروەها داواكارم بزانێت كە من دەرگای پەشیمانی و ڕاستكردنەوەی بیروبۆچوونەكانی بۆ دەخەمە سەر پشت، هەروەها ئەوەشی بۆ بەجێ دێڵم كە خۆی وا پیشان بدات هەر لە بنەڕەتەوە مەبەستی ئەوە نەبووە كە دراوەتە پاڵی، وە خۆی وا دەربخات كە بە گومان ئەوەی خراوەتە سەر، كە لەوانەیە وتبێتی بەبێ مەبەست یان مەبەستی بووە بە بێ خەملاندنی دەرئەنجامەكانی)).

یەكێك لە پەندەكان دەڵێت:((هەموو منداڵێك لە چاوی دایكیدا جوانە))، ئەمەش پەندێكە دەكرێت بۆ بیرو ڕاكانیش بوترێت وەك چۆن بۆ منداڵ دەوترێت، چونكە هەموو خاوەن ڕایەك باوەڕی وایە ڕایەكەی ڕاسترین و جوانترین ڕایە، ئەو نازانێت كە نەیارەكەشی دەربارەی ڕایەكەی خۆی هەر وادەڵێت. بەڵام مەسەلەكە لە دەستی خۆیدا نییە و هەروەها لە دەستی نەیارەكەشی دا نییە، چونكە لێرەدا بێژنگێكی كۆمەڵایەتی بەهێز لە پشتیانەوە هەیە، كە ئەوەی بۆ ماوەیەكی دوور سوودی خەڵكی تێدایە لەوانە دەبیژێتەوە.

## پێچپێكێكی دەروونی:

لە كتێبی ﴿ گاڵتەجاڕی عەقڵی مرۆیی ﴾ دا باسی ئەوەم كردووە كە هەموو مرۆڤێك چۆتە ناو پێچپێكێكی وەك هێلكەشەیتانۆك، كە ئەو سەری دەردێنێ بۆ ناو دنیا هەر كاتێك ویستی، هەر كاتێك بینی دنیا بۆی گونجاو نییە سەری دەخاتەوە ناو پێچپێكەكەی و لە خەونەكانیدا نغرۆ دەبێتەوە.

ڕۆژێكیان ئامادەی دانیشتنێك بووم كە كۆمەڵێك خوێندەواری تیا كۆبووبوویەوە، مشتومڕیش لەنێوانیاندا بەتین بوو، بە شێوەیەك كە بیروڕاكان تێكرژابوون و بەڵگەكان بە یەكدا ئاڵۆزكابوون. لێرە دا و لە ناو ئامادەبووانیشدا

پیاوێکی داماو هەبوو لە یەکێک لە گۆشەکاندا، پاشان ئەم پیاوە ویستی کەمێك لە مشتومڕەکەدا بەشداری بکات، قسەیەکی بچووکی کرد، کە کەس لای لێ نەکردەوە و لە ناو ژاوەژاوەکەدا وون بوو.

لە ڕاستیدا وتەکەی هیچ بوو، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیەوە کورتەی مەبەستەکە بوو، لەوانەشە بەو خەیاڵەوە دەچێتەوە بۆماڵەوە کە ئەوە چاکترین قسە بووە لەو دانیشـــتەدا کـــراوەو ئامـــادەبووانی وەهـــا لێکـــردووە دەمیـــانی بـــۆ بکەنـــەوە لەسەرسووڕمان وچاکیدا. واڕێکەوت من دوای دوو ڕۆژ ئەو پیاوەم بینییەوە کە قسەی بـۆ هاوڕێیـەکی دەکـرد دەربـارەی وتەکـەی و وەهـا وەسـفی دەکـرد کـە وتەکـەی یەکلاکەرەوە بووە لەوەی کە مشتومڕی لە سەر دەکرا.

داواکارم لە خوێنەر بەم پیاوە پێنەکەنێت، چونکە هەموومان وەك ئەوین زۆر یان کەم، ئێمەش دەڕوانینە دنیا لە ڕوانگەی ئومێد و ئارەزووەکانمانەوە. ئەگەر زانیمان بۆمان گونجاو نییە، سەرمان دەکەینەوە بە ناو باخەڵەماندا و وا بیری لێدەکەینەوە کەدەمانەوێت. جار هەیە یەکێکمان ڕایەك دێنێت، هەر ڕایەك بێت، وا گومان دەبات کە پەیمانی سەرکەوتنی بۆ دراوە تیایدا؛ کە لەوانەیە لە ناو هاوڕێکانی و خۆنزیك خەرەوەکان لێی کەسانێك هەبن لەوەدا پشتگیری بکەن و کارەکەی بۆ جوانکاریی بکەن. بەڵام ئەو نازانێت لە پشتی کۆماکەوە چ نهێنییەکی ترسناك هەیە، ئەگەر بیزانیبایە چێژی لە بیر دەبردەوە. ئەمەش مەسەلەیەکە بە سەر نووسەری ئەم دێرانە دا دەچەسپێت هەر وەك چۆن بە سەر ئەوانی تریش دا دەچەسپێت، هەموو ڕایەکیش لە ڕوانگەی خاوەنەکەیەوە جوانە.

### لە بێژنگدانی فیکریی:

کاتێك خەڵکی لە ڕایەك دا جیاواز دەبن ناگەنە ڕێککەوتن هەر چەندە مشتومڕی نێوانیشیان درێژە بکێشێت، لەنەریتی مشتومڕکەریش ئەوەیە کە هەر بە سووربوون لە سەر ڕای خۆی دەمێنێتەوەو حەز ناکات لێی دابەزێت، چونکە هەر لە بەرئەوەی بە

ڕاستترین ڕاوە هاتووەو هەر دەبێت بەرگری لێ بکات لە پێناوی حەق و حەقیقەتدا. هەروەها دەترسێت شکست بێنێت و ئامادەبووان پێی بڵێن لاوازە.

بیروڕا لای ئەو کەسانە بەشێکە لە کەسایەتییان، ئەو سەرکەوتنی بیروڕا بە سەرکەوتنی خودی خۆی دادەنێت. لەبەرئەوە دەبینین هەوڵ دەدات پاڵپشتی ڕایەکەی بکات بە هەموو بەڵگەیەك کە دێ بە خەیاڵی دا با پڕوپووچیش بێت، بۆیە مشتومڕ بەردەوام درێژە دەکێشێت ئەگەر ماندوویەتی نەبووایە مشتومڕ بەبێ کۆتایی هەر درێژەی دەکێشا.

ئەمەش سروشتی مرۆڤە لە هەموو کات و شوێنێك دا، کە لەوانەیە هەندێ بلیمەتی دەگمەنیان لێ جیابکەینەوە، هەموو بنەمایەکیش ناوازە ( شاز ) ی هەیە. ناوازەش پێوەری لە سەر ناکرێت. لێرەدا لەوانەیە پرسیارێك بکرێ و بوترێت: کەواتە ئیتر چۆن بیروبۆچوونەکان لە بێژنگ دەدرێن و چاکەکانی دەمێننەوەو خراپەکانی دەڕوات؟ بۆ وەڵامی ئەمە پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە کۆمەڵێکی گەورە لە خەڵك هەیە کە هەڵوێستی بێلایەنانە دەگرنە بەر لە کاتی بەرپابوونی مشتومڕدا، ئەگەر بۆ هەموو خاوەن ڕایەك هاوڕێ و پشتگیر هەبێت، بێگومان لە پشتی ئەوانەشەوە جەماوەرێك دەڕواننە ئەو تێرژانەی بیروڕاکان بەبێ ئەوەی لایەنگیرییەکی لەوەدا هەبێت، هەر ئەو جەماوەرەش بڕیاری چارەنووسی مشتومڕ دەدات، کە دواجار وەك دادوەرێکی لێ دێت کە ڕەتکردنەوە لە فەرمانیدا نابێت.

ئەم ڕاستیەش لەململانێکانی هەڵبژاردندا دەردەکەوێت کەحزبەکان لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەشداریی تیادا دەکەن. لەو ململانێیانەدا هەموو حزبێك هەوڵ دەدات بانگەشە بۆ خۆی و بیرو باوەڕەکانی بکات بە هەموو جۆرە هۆکارێك. حزبیش دەزانێت کە پروپاگەندەکانی کاریگەرییان نابێت لە سەر ئەندامانی حزبی بەرامبەر، لەبەرئەوەی کە چوارچێوەی فیکرییان ڕێگای ڕوانینی بێ لایەنانەیان نادات بۆ بەڵگەکانی نەیاران.

بەڵام لێرەدا جەماوەرێکی گەورە لە خەڵك هەیە کە سەر بە هیچ حزبێك نین، ئەوانیش ئەوانەن بە دەنگی بە لێشاو ناو دەبرێن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە

چارەنووسی حزبەکان لە هەڵبژاردندا دیاری دەکەن، ئەگەر یەکێك لە حزبەکان توانی دەنگی ئەوانە ڕابکێشێت بە لای خۆیدا سەرکەوتن بۆ ئەوە.

هەر ئەمەش وای لە حزبە نوێیەکان کردووە لە گۆڕانی بەردەوامدابن لە ڕووی زۆری دەنگدەرانەوە بۆی، بۆیە هەندێ جار حزب دەتوێتەوە یان دەمرێت بۆئەوەی حزبێکی تر جێگای بگرێتەوە کە زیاتر وەڵامدەرەوەی حەزەکانی جەماوەرە و بەهێز تر بێت لە ڕاکێشانی دەنگەکان.

## ئەرکی بیریار:

لە سەر هەموو خاوەن ڕایەك پێویستە لەم حەقیقەتە بگات پێش ئەوەی دەست بکات بە بانگەواز بۆ ڕایەکەی کە پێویستە لە پێش وەخت ئەوە بزانێت کە لێرەدا کۆمەڵێك دەبێت پێی ڕازی نابن و هێرشی کوێرانەی لە سەر بەرپا دەکەن، ئەو ناتوانێت قەناعەت بەو کۆمەڵە بکات بە دروستی ڕایەکەی، با بەڵگەی بەرجەستەو هەست پێکراویش بێنێتەوە. گۆشە نیگاکەی جیایە لە گۆشەنیگای ئەو، لەبەرئەوە پێویستە پێشبینی نارەزاییان بکات لە هەر حاڵەتێکدا. بەڵام دەتوانێت چاوەڕوانی یارمەتی ئەو سەیرکەرە لەدوور ڕاوەستاوانە بکات، ئەوانەی کە دەڕواننە بیرورا بەبێ ئەوەی گرنگی بە خاوەن ڕا بدەن، ئەگەر توانی قەناعەتیان پێ بکات و ڕایان بکێشت بۆ لای خۆی، ئەوەی دەیەوێت بۆی تەواو دەبێت.

بێگومان ئەو سەیرکەرانە سوود بە مشتومڕ دەگەیەنن و خۆیشیان سوودی لێ دەبینن، چونکە تا مشتومڕەکە درێژە بکێشێت و چوارچێوەکە فراوانتر بێت، دەرك کردنی ئەوان پێی و قووڵبوونەوەیان لە تێگەیشتنی ڕووە جیاجیاکانی دا زیاتر دەبێت، بەڵام پێویستە کە بگەڕێتەوە بۆئەوەی عەقڵی دروست تیایدا دەڵێت، خۆزگە دەمزانی ئەو عەقڵە کامەیە بۆئەوە دەشێت دادوەر بێت لەم جۆرە کارانەدا؛ مادام هەموو مرۆڤێك بە عەقڵی خۆی ڕازییە و تووڕەیە لە عەقڵی ئەوانی تر.

ئێمەش ئومێدەوار بووین کە لێرەدا عەقڵێکی تاك هەبووایە بتوانێت دادوەریی ڕایەکان بکات و خەڵکیش هەمووی بەبڕیارەکەی ڕازی دەبوون، بەڵام ئەم

عەقڵە بە داخەوە بوونی نییە، ئەگەر بوونیشی هەبووایە نەیاران بە ڕوویدا بەڵگەی عەقڵی و نەقڵییان دەهێنایەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی، هەر وەك چۆن ئەوە نەریتیانە بەرامبەر هەموو بلیمەتێك كە لە مێژوودا بە دەركەوتبێت.

خەڵکی لە دێر زەمانەوە لە بیرو بۆچوونیاندا جیاواز بوون، ئێستایش هەر جیاوازن و بەجیاوازیش دەمێننەوە تا ئەو کاتەی ویستی خوای لە سەر دەبێت. لە سەر خەڵکیشە بزانن کە ئەم جیاوازییەیان ئەو ڕێگایەیە بیروبۆچوونەکانی پێ لەبێژنگ دەدرێت. پاشان ئەوەی بەسوودە دەمێنێتەوەو ئەوەش کە گەندەڵ و زیانبەخشە لە ناو دەچێت. موحەمەدیش ڕاستی فەرمووە کاتێك وتوویەتی: ((جیاوازی نەتەوەکەم ڕەحمەتە)).

***

"وتاری سی و یەکەم"

# ژاوەژاو و کۆمەڵگە

لەو کاتە دا کە خەریک بوو لە نووسینی ئەم کتێبە ببمەوەو دەستم لێی خاڵی بێت، یەکێک لە ڕۆژنامەکان بە وتەیەکی کورتەوە دەرچوو کە هەوڵیدا ڕەخنە لەکتێبەکە بگرێت پێش دەرچوونی، دیار بوو کە ئەو ڕاگەیاندنی کتێبەکەی خوێندبوویەوە، بۆیە ویستی جەنگەکە زووتر لە دەوری بکاتەوە. ئیتر نازانم لە کاتی دەرچوونیدا چی دەکات.

ڕۆژنامەکە دەڵێت: ئەدەبی باڵا ﴿ بەرز ﴾ دکتۆر عەلی وەردی بە ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکانی دەبینێت. ئەفسانەش پێویستە شەڕی لەبەرامبەردا بکرێت، هەروەها پێویستی بە ڕووخاندنە، ئەوانەش بۆ ڕێچکەی پێچەوانەی ئەوە دەچن ئەمە لە دکتۆردا دەیبینن کە لە لایەنگرانی ئەدەبی نزمە، ئەدەبی نزمیش بە ڕای دکتۆر مافی مانەوەی هەیەو بەو پێیە پێویستی بە چاودێری و بە ئەستۆگرتنە.

((لێرەشدا کەسانێک هەیە وای پیشان دەدەن کە دکتۆر وەردی ئامانجی ئەوەیە ژاوەژاوێکی پێ بوروژێنێ وەک کتێبەکانی تری کە دەری کردووە، ئەمەش ڕێچکەیەکی ئەمریکییە و بۆی گوزراوەتەوە لە خووپێوەگرتوویەک نەک خودی خۆی بێت، ئەوەش زانراوە دەربارەی نموونەکانی ئەم ڕێچکە ئەمریکییە ئەوەیە ڕەخنەی تاڵ و ستایشی هەرزان وەک یەکە لای، چونکە بنەڕەت تیایدا دروستکردنی ژاوەژاوە و شتێکی تر

دوای ئەوە نییە، سەلماویشە لە ژاوەژاودا پشتگیرو نەیارەکان دەخولقێن و دواتر کڕیاران، کە ئەمەش دکتۆر وەردی خاوەنی ئەدەبی ئەفسانەی بالآ بۆی دەتوێتەوە)).

((ئایا ئەمە شەڕ فرۆشتن نییە بە ئێمە؟)) سوێند بێ ئەمە شەڕ فرۆشتنە لە ڕۆژنامەکەوە، حەزیش ناکەم ئەم شەڕ فرۆشتنە بەبێ وەڵام بڕوات، داواکارم لە خوێنەر کە لێم بووریێ کاتێك سەری بەڕێزی دێشێنم بەم وتارە زیادەیەی ناخنینومەتە ناو ئەم کتێبە لە ساتە وەختی کۆتاییدا، لۆمەش تەنها دەکەوێتە سەر ئەم ڕۆژنامە بەڕێزە... خۆ ئەگەر وازی لە پشیلە بهێنایە دەخەوت.

## وروژاندنی ژاوەژاو:

ڕۆژنامەکە تۆمەتبارم دەکات بەوەی بە هەموو هۆکارێك ژاوەژاو دەوروژێنم وەك ئەوەی حەزکردن لە هەراو ژاوەژاو عەیبێکی گەورە بێت، لەمەشدا کاك عەبدولڕەزا سادق پێشکەوتووە کە تۆمەتباری کردووم بە ڕەوشتی ناوازە کە لە خۆشەویستی ژاوەژاودا دەمرم، هەروەها جگە لەوە نموونەی لەمەیان زۆر وتووە......

وا ئەزانم ئەوان ویستویانە زەم بکەن بەڵام ستایشیان کردووە، لە ڕاستیدا ژاوەژاو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە گاڵتەی پێ ناکرێت، چونکە ئەو زەین دەجوڵێنێ و خەوتووەکانیش بێدار دەکاتەوە، خۆ ئەگەر ژاوەژاوە گەورەکان نەبووایە کە مێژوو لێی پڕبووە، مرۆڤ نەیدەتوانی بگات بەو شارستانیەتەی پێگەیشتووە.

من لە ناخی دڵمەوە هیوادارم لە پێڕی ژاوەژاو خولقێنەکان بم، بەڵام بە داخەوە توانای ئەوەم نییە، چونکە لەم دنیایەدا جگە لە قەڵەم خاوەنی هیچ نیم، ئەمەش بەس نییە بۆ خوڵقاندنی ژاوەژاوی خوازراو لەم وڵاتە ئەمینەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆم هەیە سوپاسی ئەوانە بکەم کە توانایەکیان داوەتە پاڵم کە من خاوەنی نیم، سەرکەوتن لە خوا داواکارم بۆ خۆمو ئەوانیش.

## ئەیارانی ڕاوەڕاو:

شایانی باسە ڕاوەڕاو کۆمەڵە ئەیارێکی هەیە کە وای تیادا دەبینن مەترسییە بۆ سەر بەرژەوندییەکانیان: مێژوویش ڕێنموونیمان دەکات بۆئەوەی کە ستەمکارو خۆشگوزەرانەکان حەزیان بە بەرپابوونی هیچ ڕاوەڕاو یان بزافێکی فیکریی نییە لە ناو خەڵکدا، بێگومان بەرژەوەندییە هەنووکییەکانیان پێویستی دەکات کە قەناعەت و ملکەچی و تەسلیم بوون بە قەدەر سەروەر بێت لەناو خەڵکدا، هەر هەرا و ڕاوەڕاو یێکیش لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەڕەشەیە بۆ سەر قەوارە هەنووکەییەکەیان، لەبەرئەوە ئەوان دژایەتی هەر کەسێک دەکەن ڕاوەڕاو بەرپا بکات و بە ساختەگەری یان گێرە شێوێن یان گاڵتەجاڕی تۆمەتبار دەکرێت. ئەوان ئەوەیان دەوێت لە خەڵکی کە باسی جوانی و کەماڵ بکات، هەروەها باسی حەق و حەقیقەت، جگە لەوانەش لە بیرو بۆچوونە ڕەهاکان کە ئاڕاستەی هۆشی خەڵک دەکات بەرەو ئاسمان و کێشەکانی زەوییان لە بیر دەباتەوە کە لە سەری دەژین.

ئەهرۆ لە کتێبەکەیدا «چەند ئاماژەیەک لە مێژووی جیهان» دەڵێت: ((بێگومان حکومەتی کۆنەپەرستی لە کەش و هەوایەکی چەواشەکارانەدا دەژی کەخۆشی دەزانێت لەوساتەوەختەی تیایدا کاری ئاشکرا دەبێت بوونی نامێنێت. ئەو قسە دەربارەی دادپەروەری دەکات کە مەبەستی بەوە مانەوەی ئەو سیستەمەیە زامنی گەشە پێدانی دەکات و گەلیش سزاو تیاچوون، ئەو پێش هەموو شتێک باسی ڕێکوپێکی و یاسا دەکات و دەیانکاتە بەهانە بۆ کوشتنی خەڵک و خستنیانە ناو زیندانە تاریکەکان و ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنرێت کە هیچ یاسا و شەریعەتێک بڕیاری لە سەر نادات....)).

هەروەها ئەهرۆ دەڵێت: (( دەوڵەمەند و هەلپەرستەکان کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە گوێ بەهەموو ئەوانە نادەن دژایەتییان لەگەڵ بیروڕاکانیاندا هەیە، واشی بۆ دەچن کە شۆڕشەکان تەنها ئاکامی هاندانی ئاشوبگێڕانە، بەڵام ئایا ئەوە لە هۆشی ئەو دەوڵەمەندانەدا بزر بووە کە ئەو هاندەرانە مرۆڤن و ئەو بارودۆخەی لە

ئامێزی گرتوون خراپە و کار لە سەر گۆڕینی دەکەن؟)) ئەمە ئەوەیە کە نەهرۆ وتوویەتی، ئەمەش قسەیەکە دەبێت هەموو ڕۆشنبیرێك لێی تێ بگات، هەروەها بۆ ئێمەش خراپە کە هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانمان دەبینین کەخۆیان تەریك کردووە لە بورجی عاجییەکانیاندا، لە کاتێکدا کە واگومان دەبەن چاکسازیی لەکۆمەڵگەدا پەیوەستە بە بەردەوامی بیرکردنەوەی لەسەرخۆو دروستەوە. بێئاگان لەوەی کە کۆمەڵگە نەجوڵاوە بەبێ وزەی بەردەوام لەژاوەژاوەکان..

## چاکسازو ساختەکار:

هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو خۆی چاکسازی ڕاستەقینەیە و ئەوانیتر ئاشوبەگێڕی ساختەکارن،، کەواتە مەسەلەکە ئیعتیبارییە، بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی پێوەرێکی ڕوون و ئاشکرای لەبەر دەستماندا داناوە کە دەکرێ جیاکاری پێ بکەین لە نێوان چاکسازو ساختەکاردا.

جیاوازیی لە نێوانیاندا وەك زانستی کۆمەڵایەتی دەڵێت: ئەوەیە کە یەکێکیان دەیەوێ گەلەکەی چاك بکات، لە کاتێکدا ئەویتر بەدوای گەلێك جگە لەگەلەکەی خۆیدا دەگەڕێت و خۆی واپیشان دەدات کە ئەو دەیەوێت چاك و ڕێنموونییان بکات.

شایانی باسە کە هەموو گەلێك کۆمەڵە عەیبێکی تایبەت بەخۆی هەیەو ئالێرەدا ساختەکار دێت و چاو لەم عەیبانە دادەخات و پاشان دەست دەکات بەگەڕان بەدوای عەیبی گەلەکانی تردا و پێی ناشرینیان دەکات، بەڵام چاکساز تایبەتمەندیی ئەوەیە کە بۆعەیبەکانی گەلەکەی دەڕوانێت پێش ئەوەی سەیری عەیبی ئەوانی تر بکات.

نەریتی خەڵکیش وایە حەز ناکەن پیاوێك ببینن ڕەخنە لە داب و نەریتەکانیان بگرێت، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە کەنەریتەکانیان چاکترین نەریتن. وەخوا گەلێکی لەوان چاکترو ڕەوشت پاکترو شەرەف بەرزتر دروست نەکردووە، پاشان ساختەکارەکە دێت و پێیان دەڵێت: (( خوا پیرۆز و بەرەکەتدارتان بکات)).

پاشان پەنا دەباتە بەر کۆکردنەوەی بەڵگە گەلی عەقڵی و نەقڵی لە پێناوی پشتگیریکردنی ئەو نەریتانەدا و سەلماندنی ڕاستییان، ئالەوێدا گەلەکەی هیتافی بۆ

دەکێشن و بە پاڵەوانی دەدانێن، هەر ئەمەشە ساختەکار لەناخی دڵیەوە داوای دەکات.

ساختەکار خوازیاری پلە و پایە و سەرکەوتنی نزیکە، بەڵام چاکساز خوازیاری سەرکەوتنی دوورە، ئەو دەمرێت بەبێ ئەوەی پێی بگات، ئەو وەك سروشتی خۆی نارەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر عەیبەکانی گەلەکەی و هەوڵ دەدات بە ئاگایان بێنێتەوە لە ئاکامی خراپیان، بۆ هەر دەبێت لە لایەن گەلەکەیەوە ئازارو جنێوی بەر بکەوێت، چونکە خەڵك ساختەکارەکە لەو بەباشتر دەزانن و سەری دەخەن و پلەوپایەی بەرز دەکەنەوە، بەڵام ئەمە بەردەوام نابێت، هەر دەبێت ڕۆژێك بێت هەست بەخراپی ئەوەی کردوویانە بکەن و ساختەکار دووچاری ڕوو ڕەشی بێت.

چاکساز دابەشبوون لە ناو گەلەکەیدا دەخوڵقێنێت و ژاوەژاو لە ناویان دا دەنێتەوە، هەر ئەمەش ئەو ڕێگایەیە زەینەکان دەکاتەوە و کۆمەڵگە دەجوڵێنێت، بەڵام ساختەکار گۆرانییان بۆ دەڵێت بۆ ئەوەی بخەون و چێژ لە خەونەکان وەربگرن.

## ململانێی تایفی:

چاکترین نموونە لەم ڕووەوە بیهێنینەوە ئەوەیە کە لە نێوان تایفە جیاجیاکانی ناو ئیسلامدا ڕووی داوە، ئەوە بوو زانایانی هەموو تایفەیەك عەیبەکانی تایفەکەی خۆیان لە بیر کردووە و بایەخیان خستۆتە سەرعەیبەکانی ئەوانی تر. چونکە زاناکە بانگەشەی بۆ بیروبۆچوونی ڕەها کردووە بۆ ئەوەی بیکاتە چەکێك بۆ بەرگری لە گەلەکەی و هێرشکردنە سەر ئەوانی تر.

ئاکامی ئەمەش ئەوە بوو کە هەموو خەڵك دڵخۆش بوون بەوەی هەیانە، بۆیە جیاوازی و پڕوپووچی لە هەموو لایەکەوە کەڵەکە بوو، هەر کۆمەڵێکیش وەها گومانی دەبرد بەهەشت بە تەنها بۆ خۆیەتی. لەئەنجامی ئەمەش دا ململانێیەکی پیس دروست بوو، جیا لەو ململانێ مەبدئییەی کۆمەڵگە بەرەو گەشەپێدان پاڵ پێوە دەنێت. ئەو لە ململانێی تیرە دەشتەکییەکان دەچوو کە لە نێوان خۆیاندا پەلاماری

یەکتریان دەداو کوشتاریان دەرکرد بەبێ ئەوەی لە پشتی ئەوەوە بیرێکی نوێ هەبێت چاوی خەڵك بکاتەوە.

ئەوە بوو هەر فەقیهێك وای پیشان داوە حەزی لە چاکسازی کردووە و سوورە لە سەر بەرز کردنەوەی وشەی خوا. بەڵام تیری ڕەخنەکانی ئاڕاستەی گەلێکی غەیری گەلەکەی خۆی کردووە، بۆیە زانایەکی لایەنەکەی تر بەڕوویدا ڕادەوەستاوەو مشتێکی بەدوو مشت بۆ دەپێوا، بەمەش کینەکان هەڵدەچوون و مێشکەکان ئائارام دەبوون، هەروەها هەموو کۆمەڵێکیش بۆ نەریت و بیروباوەڕی خۆی بە تینتر دەمارگیر دەبوو.

## ئامۆژگاری دوژمن :

مرۆڤ ڕقی لە ئامۆژگارییە کە لە یەکێك لە دوژمنەکانیەوەبێ و بە سوکایەتی و زەمی دادەنێت. ئەم ئامۆژگارییەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ سەختگیری ( عیناد )، بۆیە هەر سوور دەبوو لە سەر پەیوەستی بەو ڕەفتارەوە کە دوژمن ئامۆژگاری وازمێنانی کردووە لێی ئیتر دەست دەکات بە دەمارگیریی بۆی و پشتگیری کردنی بەبەڵگە. بەڵام ئامۆژگارییەك لە دۆستێك یان نزیکێکەوە بێت، ئاکامێکی تر بە دەستەوە دەدات، مرۆڤەکە یەکەم جار پێی نیگەران دەبێت، بەڵام درەنگ یان زوو بەربەستی سەر دڵی دەبڕێت و کاریگەریی لە سەر دروست دەکات.

هەر ئەمەشە وای لە هەموو بانگەوازە چاکسازییە سەرکەوتووەکان کردووە هەموویان سەرچاوەی لە پیاوێکەوە گرتبێت سەر بە هەمان گەل بێت کە دەیەوێت چاکیان بکات، بۆیە گرانە لە سەر پیاوێکی نامۆ لە دوورەوە هاواری چاکسازیی بکات و گوێیەکی بەئاگا وەری بگرێت، لەوانەیە خەڵك پێی بڵێن: (( ئەگەر تۆ چاك بوویتایە گەلەکەی خۆت چاك دەکرد)).

جارێکیان زانایەکم بینی لەوانەی کتێب دەردەکەن بۆ ڕەخنەگرتن لەتایفەکانی ترو لێم پرسی: ئایا تایفەکەی خۆت لە عەیبە پارێزراوە تا ڕەخنە لەوی تر بگریت؟ )) ئیتر کەوتە دووان لە بەرخۆو بۆڵە بۆڵ کردن و وەڵامێکی نەبوو. واگومان دەبەم کە ئەو

ڕەخنەی لەوانی تر پێ ئاساییترە، کە لەوانەیە لە ئاکامی ئەوەدا ڕێزو پایەدارییەک بە دەست بێنێت، بەبێ ئەوەی شتێکی لێ بە زایە بچێت، بەڵام ڕەخنەی گەلەکەی بەڵای بەسەردا دێنێت. خەڵکێکی کەمیش لەبەردەم بەڵادا خۆی بۆ ڕادەگیرێت لەپێناوی ئەو حەقیقەتەی گۆرانی بە باڵادا دەڵێت.

### دەردی تایفیەت:

لەوانەیە نارازییەک ڕەخنە بگرێت و بڵێت: چیتە بایەخ بە ململانێی تایفی دەدەیت لە کاتێکدا کە جیهان خەریکە بە دۆزگەلی کۆمەڵایەتی گەورەترەوە کە ململانێی تایفی لە بەرامبەری دا شتێکی شایانی باس نییە؟!.

بەڵێ ئەی بەڕێزی ڕەخنەگرم، بێگومان ململانێی تایفی لە جیهانی شارستانی دا بایەخێکی نییە، بەڵام لەم وڵاتەی تیایدا دەژین هەموو بایەخێکی هەیە، چونکە ئێستا شارستانیەکان خەریکن بە مانگە دەستکردەکانیان و مووشەکە ئاڕستەکراوەکانیانەوە ئەوان لەوەدان سەر بکەون بۆ سەر مەریخ، بەڵام ئێمە تا ئێستاش لە بابەتی بەراوردکاریدایین لە نێوان عەلی و ئەبوبەکر، و کامیان لە بەرترە بۆ خەلافەت لە هاوڕێکەی.

خۆ ئەگەر مەسەلەکە لە پیاوانی ئایینیدا کورت بکرایەتەوە باسمان نە دەکرد، بەڵام وای لێ هاتووە بووە بە بابەتی کۆمەڵێکی گاڵتە پێنەکراو لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان، دەگمەنیش نییە گەنجێکی خاوەن بەڵگە نامەی باڵا ببینین کە بە دەوری چایخانەکاندا دەسوڕێتەوە و سەر دەکەوێتە سەر دوانگەکان بۆ هاندانی خەڵکی لە سەر مەسەلە گەلێکی تایفی، کە خوا شتێکی لە سەر نە ناردۆتە خوارەوە. لێرەشدا نووسەرانێك هەیە لە لوبناندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت، خۆیان بە قووڵبووەوە لە بیرکردنەوەی خاوەن زانیاری فراوان پیشان دەدەن، هەتا ئەگەر لە مێژوودا نووسیيان تیایدا ڕێچکەی زانایانی کەلامی سەدەی چوارەمی کۆچی دەگرنە بەر.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە خەڵکی سەدەی چوارەم نەزعە تایفییەکەیان بە ئاشکرا دەردەبڕێت و کێبەرکێیان پێ دەکرد بە بێ شاردنەوە، بەڵام ئێمە ڕاهاتووین لە

سەر ئەوەی کە تایفییەت لە ناخی خۆماندا بشارینەوە و پاشان وای پیشان دەدەین کە لەوەدا بێتاوانین، ئەگەر یەکێکیشمان شتێکی نووسی ئەو دەست دەکات بە ڕووکەشکردنی نەزعە شاراوەکەی بە ڕووکەشێکی بریقەدار لە خۆشەویستی حەق و حەقیقەت. ئەو دەنووسێت تایفەکەی چۆن دەوێت لێی کە بینووسێت، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو ئەوەی لە بەر ئەوە نووسیوە ڕێنموونی خەڵك بکات و عەقڵیان ڕووناك بکاتەوە.

کاتێك غەریبێك گوێ لە وتار و قسە ڕەسمیەکانمان دەگرێت وا بیر دەکاتەوە کە ئێمە دوورترینی خەڵکین لە نەزعەی تایفییەت، بەڵام هەر ئەوەندەی ڕۆچوو بە ناخیدا ئیتر ئەو نەزعە شاراوەیە دەبینێتەوە بە بێ دەنگی و ناگاییەوە کاری خۆی دەکات. بۆیە ڕۆڵەکانی یەك تایفە واهاتوون کە لە ناو یەکدا قسە بکەن بەو جۆرە نەبێت کە قسە دەکەن کاتێك کە لەگەڵ غەیری خۆیان دا کۆ دەبنەوە، هەروەها هەر ئەوەندەی پیاوێك لێیان هاتە ژوورەوە و لێی دەترسان ئیتر قسەکانیان لە ناکاو دەگۆڕێت بۆ بابەتی بەها باڵاکان و ئەوەی پێویستە لە سەر مرۆڤ بیکەن لە پێناوی خوا و نیشتمان دا... !.

دەکرێت بوترێت کە ئەم شاردنەوەیەی پێیەوە پابەندین لە نەزعە تایفیەکەماندا ترسناکترە دەربڕین و دەرخستنی. چونکە تایفییەت لە ناخی دەروونماندا دەبێتە گرێیەکی شاراوە، یان بە جۆرێکی تر دەبێتە نەخۆشییەکی دەروونی.

زانایانی دەروونناسی دەڵێن گرێی دەروونی چارەسەری نابێت تەنها کاتێك نەبێت لە عەقڵی ناوەکییەوە«عقڵی باطن» بۆ عەقڵی دەرەکی، هەروەها خاوەنەکەی شوێنی دروست بوونی و چۆنیەتی گەشەکردنی بزانێت. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە دەرك بەم حەقیقەتە زانستییەکە بکەین. بۆئەوەی کار لە سەر دەرهێنانی ئەو گرێ تایفییەمان بکەین بۆ ڕووناکی و هەوڵی گەڕان بدەین بە دوای هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکاندا.

هەندێ لە ئێمە وا دەبینێ کە توێژینەوە لە مێژووی ململانێی تایفییدا توندو تیژی ململانێکە زیاتر دەکات و خەڵکی پێوە خەریك دەبێت. ئەمەش ڕایەکە لە

ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە، کە لەگەڵ لۆژیکی زانستی نوێ دا ڕێک ناکەوێت شاردنەوەی بیرێک دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی وردە وردە بە ناو تاریکییەکانی عەقڵی ناوەوەدا. هەر کاتێکیش ڕۆژگاریشی بە سەر دا تێپەڕی، ئا لەوێدا ئالۆزییەکەی و دەرهێنانەوەی سەر لە نوێ بۆ ڕووناکی زیاتر دەبێت.

## پێزانینێکی پێویست:

ئەمەوێت خوێنەر ئەوە بزانێت کە من بەم قسەیە مەبەستم لێخوێندنی تایفەیەک بە بێ ئەوی تر نییە، حەقیقەتێک کە دروست نییە پشتگوێ بخرێت ئەوەیە کە هەموو تایفە ئیسلامییەکان عەیبدارن، لەم لەلایەنەوە یان لەوی تر، ئەوەش کە داوای دەکەین لە بانگخوازانی چاکساز ئەوەیە کە هەستنەوە بۆ ڕزگارکردنی موسڵمانان لەم پەتا گشتییە هەر یەکە لە گۆمەڵگەکەی خۆیەوە.

ئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان بە نانەوەی ژاوەژاوێکی گەورەیە لە ناو هەموو تایفەکاندا، هەروەها لە ناو هەموو گەل و لە ناو هەموو وڵاتێکدا، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو بێداربوونەوە فیکرییەی دەمانەوێت، بەڵام ئەگەر هەر بە بەڵگە عەقڵی و نەقڵییەکانەوەماینەوە و ئاڕاستەیان بکەین چۆن ئارەزوو بکەین، باشتر وایە سەلام لە ئایندەمان بکەین.

## بەڵگەی عەقڵی:

چەندین جار وتوومە و لێرەشدا دەیڵێمەوە: کە ئەو بەڵگە عەقڵییەی براکانمان لەخاوەنانی مەزهەبە کۆنەکان شانازی پێوە دەکەن جگە لەچەواشەکارییەکی هیچ شتێکی تر نییە کە هەر مرۆڤێک دەتوانێت بیهێنێت بۆ پاڵپشتی ڕایەکەی، بەڵام ئەم بەڵگەیە شتێکی پێ ناکرێت لە بەرامبەر گەشەکردنی زانستی و کۆمەڵاتیدا کە بەڕێی خۆی دا دەڕوات بە خێرایی و بەهێز.

دۆستێک بۆی باس کردم کە فەقیهێکی گەورە لە فەقیهەکانی نەوەی ڕابردوو کتێبێکی دەرکردووە بە ناونیشانی شمشێری زۆر تیژ لە وەڵامدانەوەی

بێباوەڕاندا﴿السیف البتار فی الرد علی الکفار﴾. بابەتی کتێبەکەش بریتی بووە لەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت باران لە هەڵمەوە دروست دەبێت، دیارە کە ئەو بیرو بۆچوونە لەو کاتەدا تازە بووە، فەقیهەکەش ویستویەتی بە بەڵگەی عەقڵی هەڵیوەشێنێتەوە، چونکە ئەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە بێباوەڕان هێناویانە بۆ تێکدانی بیروباوەڕی فەقیهەکە وا گومانی بردووە کە باران لە دەریای تواناوە دەبارێت کە لە ئاسماندا هەیە، وە لەوێدا هەڵگرانێك لە فریشتەکان کۆمەڵە قاپێکی ئاویان بەدەستەوە گرتووە و ئاوڕشێنی خەڵك دەکەن، ئەو بروسکەیەش تەنها بریسکانەوەی قامچی میکائیلە کە لە پشتی ئەو هەڵگرانەی دەدات بەڵام هەورە گرمەکە، ئەوە دەنگی میکائیل خۆیەتی.

لەوانەیە هاوڕێکەمان سەیری ئاوڕشێنکەرەکانی کردبێت کە ڕێگاکان لە هاویندا هاوڕشێن دەکەن، ئیتر وای بە خەیاڵدا هاتبێت فریشتەکانیش وەك ئەوان دەکەن لە کاتی باران باریندا. بەڵام هاتنە خوارەوەی باران لە هەڵم ئەمەیان نامەعقولە، باشە ئەگەر باران لە هەڵمەوە دەبارێت، بۆچی نابینین لە سەر قاپی چێشتەوە بێتە خوارەوە کاتێك هەڵمەکەی بەرز دەبێتەوە؟!

هەر چۆن بێت، ئەو بەڵگە عەقڵییەی هاوڕێکەمان هێنابوویەوە لای خۆی بە تەواوی قەناعەت پێکراوبووە، لەوانەیە متمانەی هەبوو بێت کە ئەو دەمی بێ بڕوایان دادەخات، بەردێکیان بە سەردا دەدات و وایان لێ دەکات هەست بە پڕوپووچی ڕاکەیان بکەن کاتێك تەماشای دەکەن.

هەر چەند ساڵێك بوو ئیتر بێ باوەڕان توانییان سەر بکەون بەرەو هەورەکان وبە دەستی خۆیان دەستی لێ بدەن، دوای ئەوەش ڕۆژێك هات تیایدا توانییان باران ببارێنن چۆنیان بوێت. بەڵگەکانی شێخیش هەروا ڕۆیشتن، ئەمەش لە من ڕووی دا پێش چەند ساڵێك کە لە فڕۆکەدا بووم لە ئاسمان، فڕۆکەکەمان بە ناو تۆپەڵێکی خەست لە هەوردا تێپەڕی، بینیم هەڵمە چڕەکە بە توندی دەدات بەجامی فڕۆکەکەدا، پاشان ئەو بەڵگەیەی شێخی هاڕێمانم بیرکەوتەوە، ترسام هەموو ئەو بەڵگانەی تریش کە زانایانی بیروباوەڕ ﴿ کەلام ﴾ هێناویانە لەم جۆرە بێت.

ئەوەی داوای دەکەین لە برایانمان ئەوەیە کە بزانن ڕۆژگاری بەڵگەی عەقڵی بە سەرچووە؛ بە شێوەیەك کە ئەوەی کۆنت ناوی ناوە بەڵگەی وەزعی جێگەی ئەوی گرتۆتەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەزموونە زانستی و توێژینەوە بابەتیەکان پشتگیریی دەکەن.

پێویستە لە سەرمان شانازی بە بەڵگە عەقڵییەکانمانەوە نەکەین، هەر چەندە لە ڕوانگەی خۆیشمانەوە ڕاست و جوان بێت، لەوانەیە بەڵگەیەك ئەمڕۆ بە پڕوپووچی دادەنێین، پاشان بۆ سبەینێ بۆمان دەردەکەوێت ئیمە پڕپووچ بووین. زۆرجار پێدەکەنین لە سەر بیروبۆچوونێکی نوێ، پاشان ڕۆژان بۆ خۆی دەسوڕێتەوە و کاتێك دەزانی ئەو بیرە وەرگەڕاوە بۆ زەبەلاحێك دنیا دەهەژێنێت، ئیتر لەو کاتە دا ئەوانەی پێکەنیون ناچار دەبن بگرین.

## ژاوەژاوێك کە بینیومە:

لە سەرەتای لاویمدا پێش نزیکەی «سی ساڵ»، ژاوەژاوێکی گەورەم بینی دەربارەی پیاوێکی چاکساز ئەویش«سەید موحسینی ئەمین» بوو، ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ئەم پیاوە لە زانا موجتەهیدەکانی شیعە بوو؛ بەڵام موجتەهیدێکی حەقیقی بوو، دەیزانی کە ئیجتیهاد لە مەسەلە ئایینییەکاندا ئەرکێکی قورسە.

ئەوەبوو ئەو پیاوە دەیڕوانییە ئەو نەریتە نەویستراوانەی شیعە عەوامەکان پێی هەڵدەسان، بۆیە هاواری ناڕەزایی بەرزکردەوەو حەرامبوونی ڕاگەیاند، خەڵکیش لە بەرامبەریدا بوون بە دوو بەشەوە: پشتگیر و ناڕازییەکان، لە نێوان پشتگیرەکانیشدا موجتەهیدی ناسراو «ئەبوولحەسەن»هەبوو، هەروەها کۆمەڵێکی گەورە لە پیاوچاکان و خاوەن بیروڕاکان پشتگیرییان کرد.

بەڵام عەوامەکان لە توندترین ناڕازییەکان بوون، وەك ئەوەی پیشەیانە بەرامبەر هەموو بزاڤێکی ئایینی نوێ. ئا لێرەدا ساختەکارەکان بە دەرکەوتن، ئەوانە بواریان لە ناو ئەو ژاوەژاوەدا قۆستەوە بۆ بە دەست هێنانی پلەوپایە مەلەکردن لە ئاوی لێڵدا، ئیتر دەستیان کرد بە دەرکردنی کۆمەڵە کتێب و بڵاوکراوە و فەتوایەك بۆ سەلماندنی

ئەوەی تەورلێدانی سەرەکان و لێدانی سنگ و پشت لەو کارانەیە پێغەمبەری خوا دڵخۆش و فریشتەکانی ئاسمان شادمان دەکات.

یەکێکیان کتێبێکی گەورەی لەم بارەیەوە نووسی، تیایدا ناوی﴿چاکسازی گەورە﴾ ی بە سەر خۆیدا دابڕی، هەروەها دەستی کرد بە جنێودان بە سەید موحسین بە جنێوی ناشیرین و بەخراپکار وەسفی کرد، پاشان لە بەباش زانینی تەور وەشاندن و بریندارکردنی سەر بەم دەقە وتوویەتی: (( هەندێ جار پێویستی بۆ کردەیەکی نەشتەرگەری وا دەکات ئەندامێك یان چەند ئەندامێکی سەرەکی لەش دووچاری برین بێت، بۆ پارێزگاری لە پاشماوەکەی تری لەش و بەرگری لەو ژیانە دنیاییەی ماوە، ژیانی دنیاش بە گشتی دووچارە بەنەمان و تیاچوون، ئایا ئەم نەشتەرگەرییە ترسناکە بۆ بەرژەوەندییەکی دنیایی دروستە، بەڵام نەشتەرگەرییەك بۆ ئامادەکردنی سەر بۆ مەزنترین سوود و باشترین بەختەوەری لەڕۆژی دواییدا و ژیانێکی هەتاهەتایی و بردنەوەی هاوەڵی کردنی پیاوچاکان لە بەهەشتی نەمریدا دروست نەبێت )).

هەروەها دەڵێت: ((...... ئاسمان و زەوی دەگری، ئەو بە سوورایی و خوێنی دابەستانە، کەسی شیعیش بە خوێنی ڕژاوی خۆی لە جەستە و ئەندامەکانی ئاگری، پێدەچێت مۆڵەتەکە لە خواوە بێت بۆ ئاسمان و زەوییەکەی کە فرمێسك بڕێژن بۆ حسەین، بۆیە هەستیش بە مۆڵەتدان بە مرۆڤی خاوەن هەست بەو موسیبەتە گەورەیە دەکرێت کە بە پێی توانا لە خوێنی خۆی دەربدات وەك ڕێزو گەورەیی. وا دادەنرێت کە بەڵگە نییە لە سەر شیوەن و لاواندنەوە، هەروەها بەڵگەش نییە لە سەر حەرامبوون، لەگەڵ ئەوەی ئەو شیعەیەی خۆی بریندار دەکات باوەڕی بەو زیانانە نییە، ئەو کەسەش لەم ئاستەدا بێت پابەند نابێت بە ڕێگرتن لە برینداری بالێیەوە دووچاری زیانگەلێکیش بێت پێکەوە )).

ئەمە نموونەیەکە لەو بەڵگانەی ئەم پیاوە هێناویەتی لە پێناوی بەرگری لە نەریتی تەورکاری، منیش دڵنیام کە ئەگەر لە تایفەیەکی تربوایە و عەوامی شیعەی بدیایە کە سەریان وابریندار دەکەن، بەناشیرینی دەزانی و هێرشێکی کوێرانەی

دەکردە سەریان هەموو ئاسمانەکان و زەویشی دەکردە بەڵگە لە سەر پڕپووچییان و دژاتییان بە ئایین.

### شێوازی بەهانەکانیان:

لە چاکی بەختم یان خراپی، من هەندێ لەو کتێب و نامانەم لای خۆم پاراستووە، کە نموونەکانی ئەم پیاوە دەریان کردووە لە ناڕەزایی بەرامبەر بە سەید موحسین و هەڵوەشاندنەوەی پایەکانی. بۆیە عادەتم لە سەر خوێندنەوەی ئەو کتێبانە گرتووە جار لە دوای جار، کە تیایاندا نموونەی جوانی گاڵتەجاڕی عەقڵی مرۆیی دەبینمەوە.

ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێت ئەوەیە کە ئـەوان لـەو پێناوە دا کۆمـەڵێ بەڵگـەو بەهانـەیان هێناوەتـەوە کـە لـە هـەنێ ڕووەوە لـە لەوانـە دەچـێت کـە خـەڵك لەسـەری ڕاهـاتوون بەرامبـەر هـەموو چاکسـازێك بیهێننـەوە، ئەمـەش چەند نموونەیەکیـەتی بۆ خوێنەر:

١- سـەید موحسـین بـەم بانگـەوازەی تـۆوی دووبـەرەکی لـە نێـوان ڕۆڵـەکانی تایەفەکەیدا چاندووە لە کاتێك دا کە ئەوان ئەوپەڕی پێویستییان بە پێکەوە گونجان و یەکدەنگی هەیە.

٢- ئەوکارانەی سەید ڕەخنەی لێ گرتوون لەو دروشمانەی خەڵکی پاشینەکان لە پێشینەکانی وەرگرتووە، سەدان ساڵیشە لـە سـەر ڕۆیشتنی بەردەوامە، زانا هـەرە مەزنەکان و پیاوچاکانی خاوەن ئاینیش ڕەدیان نەکردۆتەوە .

٣- ڕێگـری لـەم دروشمانـە لـە بەرامبـەر تـەوژمی گشـتی دا ناکرێـت، کەواتـە چـی سەیدی بانگ کردووە بۆ ئەو ناشیرین کردن و گەورە کردنە، لەگەڵ ئەوەی کـە ئـەو هێشتا مەرجەکانی فەرمان بە چاکە و بەرگیری لە خراپەی تیادا کۆنەبۆتەوە.

٤- بێگومـان خراپـە کـرداری ئاشـکرایە لـە تاوانکاریـدا، نـەك ئـەو کـردارەی خاوەنەکەی بەدروستی دەزانێت، مەراسیمە حسەینییەکانیش ئەگەر پەسـەندکراویش نەبێت خۆ ڕێگە پێدراوە. چۆن وا نە بێت کە ئەو گەورەترین نزیکخەرەوە و باشترینی ڕێگەپێدراوەکان و مەزنترین نیشانەکانی خۆشەویستی نزیکانە.

٥- بێگومان بەڵاو مەینەتیەکانی ئیسلام زۆرن و ناژمێرێن، کەواتە سەید چییەتی لێیان بێ دەنگە، وەك ئەوەی مەراسیمی حسەینی خراپەتر بێت لە بەدکاری و مەی خواردنەوە، یان ناشیرین تر بێت لە ڕووخاندنی مەزارەکانی بەقیع.....

ئەمە شێوازی بەڵگەو بەهانەکانیانە کە هێناویانەتەوە، ئەوەیان لە بیرچوو بوو یان لەبیر خۆیان بردبوویەوە کە ئەو بەهانە گەلێکن لە سەر هەموو چاکسازێك دەچەسپێت، چونکە هەموو چاکسازێك بە بانگەوازەکەی کۆمەڵێ دوو کەرت دەکات، و بانگەوازەکەی بێزارییە بەرامبەر بەو نەریتانەی باوباپیران خەڵکی لە سەر ڕۆیشتوون، هەروەها لە خەڵکە گشتییەکەوە نارەحەتی و عەیبدارکردنی بینیوە....خۆ گەر چاکسازەکانیش گوێیان بەم جۆرە بەڵگەو بەهانانە بدایە لەم دنیایەدا هەرگیز چاکسازیی بەریا نەدەبوو.

## پەندێکی بێ سوود:

بەردەوام هەندێ لەوانەی بەرگرییان لە سەید موحسین دەکرد و بێزارییان لە بانگەوازەکەی دەردەبڕی زیندووی خاوەن ڕۆزین. دیارە ئەوانەش پەشیمانن لە سەر کردارەکانیان، دوای ئەوەی هەڵەی ئاشکرای خۆیان بۆ دەرکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازناهێنن و کتێبە عەقڵانییەکانیان لە سەر ڕەوەتە کۆنەکەیان دەردەکەون.

بێگومان ئەوە پەندێك بوو بۆ ئەوان، بەڵام پەندیان لێ وەر نەگرت، ئەوان بەردەوام سوورن لە سەر گەڕان بە دوای عەیبەکانی ئەوانی تردا بە شێوەیەك کە عەیبی حەشاردراوی خۆیان دەشارنەوە، لەو پێناوەشدا بەڵگەگەلی عەقڵی و نەقلی دەهێننەوە، ئیتر نازانین کەی لە سروشتی ڕۆژگار تێ دەگەن یان پێی دەگەن؟ !.

***

"وتاری سی و دووەم"

# وتەی کۆتایی

هەندێ لە خوێنەران وا گومان دەبەن کە من کاتێك نەیاری ئەدیبانی سوڵتانەکان دەکەم، بەوە نەیاریی ئەدەبی عەرەبیی هەمووی دەکەم. یان بانگەواز بۆ بێزاندنی ئەدەب و گۆڕینی بەزانست دەکەم. ئەمەش مەسەلەیەکە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتووە. لە ڕاستیدا من لەوانەم باوەڕم بە ئەدەب هەیە، وە لەوانەم کە ئەوەی تیایدا دەبینم هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە، هەروەها بە باوەڕی من ئەدەب پێویستییەکی مرۆییە و دەست لێ بەردانی ناکرێت، یان بە دەربڕینێکی تر لە بایەخە کۆمەڵایەتییەکەیدا لە زانست کەمتر نییە.

نووسەرێك پێش ماوەیەکی زۆر دوورنا وتارێکی لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا نووسی کە تیایدا سیفەتی ئەوە دەداتە عەرەب کە گرنگی بە ئەدەب دەدەن و زانست پشتگوێ دەخەن، ئەمەش بە گیانی خۆم وتەیەکی حەقە و نا حەقیان پێی دەوێ.

ئێمە نینکاری ئەو ماندووبوونە زیادەڕۆیە ناکەین کە عەرەب لە ئەدەب دا دووچاری بووە، بۆیە نەتەوەی عەرەب لە دێر زەمانەوە بە ڕەوانبێژی ناوبانگی دەرکردووە، بەردەوامیش پاشماوەی ئەم نەریتە کۆنە بە ڕوونی لە عەرەبی ئەمڕۆ دا دەبینین، بە شێوەیەك وای لێهاتووە هەموو خوێندەوارێك ئومێدی وایە ببێتە نووسەرێك یان شاعیرێك یان وتاربێژێك و بۆ ئەمەش هەلی ڕەخسا و نەڕەخساو دەقۆزێتەوە بۆئەوەی هەڵبژاردنی قسەکانی بە سەر سەری گوێگرانی بەرێزدا برێژێ.

هەموو ئەمانە ڕاستە، بۆیە ئەرکی عەرەبە ڕۆچوونیان لەم ڕێچکەیەدا سوکتر کەنەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە عەرەب واز لە ئەدەب بێنێت بەشێوەیەکی کۆتایی کە گەڕانەوەی نەبێت.

ئەو نووسەرەی ئاماژەی پێکراوە وەها دەڵێت: کە ئەدەب خەڵکی خەریك دەکات لە بەرهەمهێنانی سامان و پەرەپێدانی پیشەسازی، کە کۆڵەکەی پێشکەوتنی نەتەوەکانە لە چەرخی نوێ دا، ئەمەش وتەیەکی حەقە، بەلأم لێرە دا ڕوویەکی تری هەیە برای نووسەرمان بێ ئاگا بووە لێی.

بێگومان نەتەوە نوێیەکان تەنها بایەخ بە بەرهەمهێنانی نادەن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا بایەخ بەدادپەروەریی لەدابەشکردنیشدا دەدات. ئەم دادپەروەریشە وەك ئەوانی تر لە جۆرەکانی دادپەروەری لەبەرپابوونیدا پشت بەئاوات و ئومێد نابەستێت، بەڵکو بە جۆرێکی تر ئەو ڕەوتێکی کۆمەڵایەتییەو گەل لە پێناویدا خەبات دەکات، خەباتێکی بەردەوامی تاڵ.

ئالێرەدا ڕۆڵی ئەدەب دێت، ئەو بەتوانایە لە بێدارکرنەوەی عەقڵەکان و سەرکردایەتیکردنیان لە پێناوی ئەو دادپەروەرییە خوازراوەدا،، ئەوەش کە دەمانەوێت لە ئەدیبانمان ئەوەیە لەم حەقیقەتە تێبگەن و بەوە هەستن کە لەسەریان پێویستە بەرامبەری پێش ئەوەی کاتی بە سەر بچێت.

## سروشتی خۆشگوزەرانەکان:

بێگومان گرنگیدان تەنها بەبەرهەمهێنان بەبێ گرنگیدان بە دابەشکردنی، وەك نەریت دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان لە دەستی کۆمەڵێکدا، لە کاتێکدا زۆربەی خەڵك لە هەژاری و نەداریدا دەمێننەوە.

عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەڵێت:((هەر کەس خاوەنداری کرد کاریگەری دەبێت)). بۆمان هەیە لەم وتە حیکمەتئامێزە ڕابمێنێین کە لە پشت چەندین سەدەوە بۆمان هاتووە، ئەو سروشتی خۆشگوزەرانەکانمان بۆ کورت دەکاتەوە، کورتکردنەوەیەکی جوان. لە ڕاستیدا ئێمە لە خاوەنی سامانەکان چاوەڕێی ئەوە ناکەین کە گرنگی

بەبەرژەوەندی ئەوانی تر بدات لە نەدارو خاوەن پێویستییەکان، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی خووی وەهایە ئاگرەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و خۆی خۆشتر بوێ پێش ئەوەی خەڵکی تری خۆش بوێ.

خۆ ئەگەر وازمان لەخۆشگوزەرانەکان هێنا چۆن ئارەزوو دەکەن وەها بکەن بەسامانەکانیان، ئەو کاتە نغرۆ دەبوون لە چێژو ڕابواردندا، پاشماوەی خەڵکەکەی تریان دەکردە مێگەلو بەقامچی بەرەو قەسابخانەیان دەبردن.

بێگومان خۆشگوزەرانەکانمان لە دێر زەمانەوە تاقیکردۆتەوە، هیچمان لێ نەدیون جگە لە بایەخدان بە خۆیانو کوڕەکانیانو زاواکانیان، هەروەها ئێمە ئینکاری ئەوەش ناکەین کە ئەوان مزگەوتو تەکیەو قوتابخانەی ئایینییان دروستکردووە، وە پارەی فراوانی وەقفیان بۆ تەرخان کردوون، بەڵام ئەمەیان نەکردووە تەنها بە پاڵنەری خۆشەویستی خود نەبێت، لە کاتێکدا کە ئاواتیان ئەوەیە کە لە ڕۆژی دواییدا ئەوە بە دەست بێنن کە لە دنیا دا بە دەستیان هێناوە لە خۆشی ژیان، بۆیە وا گومانیان بردووە کە خوا لە بەهەشتدا کۆشکیان بۆ بنیات دەنێت لە قەرەبووی ئەوەی بنیاتیان ناوە بۆی لەماڵەکانی پەرستن، ئەگەر دڵنیا دەبوون کە خوا لە وە بەشکۆترە بەم بازرگانییە فرۆفێڵ ئامێزە بخەڵەتێنرێ، وازیان لە دروستکردنی مزگەوت دەهێناو سەماخانەیان دروست دەکرد.

گەلان بەوەیان زانی کە خۆشگوزەرانان نابێت وازیان لێ بهێنرێت بەسەربەستی ڕەفتار بنوێنن بەماڵو پارەیان چۆنیان ئارەزوویان کرد، بەڵکو دەبێت حکومەت جموجوڵیان بگرێتو پارەو قازانجەکانیان بخاتە ژێرچاودێری توندەوە، هەروەها هەموو ئەوەی پێویستی پێیەتی لێیان وەربگرێت لە پێناوی بایەخدان بە هەژارو بەرزکردنەوەی ئاستیاندا، هەژاریش پێویستی بەنانەوایە زیاتر لەوەی پێویستی بە مزگەوت بێت، وەك لە خوێنەری بە ئاگا شاراوە نییە.

## پەیامی ئەدیبان:

ئەوە چەسپاوە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا کە بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە ڕووی جیهانیان گۆڕی، دەستی پێ نەکرد تەنها دوای ئەوە نەبێت کە ئەدیبان ڕێگەیان بۆخۆشکرد. چونکە بزاڤی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەسەر بنچینەیەك لەتێگەیشتنە نوێیەکان ڕادەوستێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە سەر خەڵکی گرانە لە ناکاو تێگەیشتنە کۆنەکەیان بگۆڕن، بۆیە هەر دەبێت ئەوان پێش ئەوە بە قۆناغێکی دوورو درێژدا تێپەڕن کە دروستە بە قۆناغی چاوکردنەوە ناوی بنێین.

بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغەش بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی هەڵگرانی قەڵەم، بێگومان ئەوان خاکەکەی بۆ ئامادە دەکەن و تیایدا تۆوی بزاڤە نوێیەکە دەچێنن. لەو کاتەدا دەبێتە ئاسان بۆ سەرکردەکانی جوڵانەوەکە کەبەرەکانی بچننەوە، خوایش ویستی بۆ کارێك هەبوو هۆکارەکانی ئاسان دەکات.

دیارترین نموونەش دەکرێت بیهێنینەوە لەم بارەیەوە ئەو بزوتنەوە دیموکراسییە ناسراوەیە بە شۆڕشی فەرەنسی، چونکە ئەم بزوتنەوەیە یەکەم جار لە شێوەی بێدارییەکی فیکریدا دەستی پێکرد کە کۆمەڵێك لە نووسەرانی وەك﴿ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و دیدرۆ﴾و ئەوانی تر وروژاندیان، پاشان دوای ئەوە سەرکردەکانی شۆڕش دەرکەوتن و لە سەر بنچینەی ئەوە بینایەکی بەرزیان بنیاتنا، کە تائێستاش لە سێبەرەکەی سوودمەند دەبین.

## ڕای ئەدیبێکی هاوچەرخ:

ئەدیبی فەرەنسی هاوچەرخ سارتەر دەڵێت: ((لە هەر کوێیەك ستەم هەبێت ئێمەی نووسەران لێی بەرپرسین، لەسەر نووسەریش پێویستە یەکەم جار ناوی شتەکە بنێت، چونکە زمان بیروبۆچوونەکەمان پێ نیگا دەکات، ناونانی شتێکیش بوونی ئەو شتەیەو دەیکاتە حەقیقەت، بۆ نموونە چەوسانەوەی ڕەش پێستەکانی ئەمریکا شتێك نییە ئەگەر لێرە دا نووسەرانێك نەبێت بڵێت ئەوانە چەوساوەن. پێش

ئەوەش کەسێك دەربارەی چەوسانەوەی کۆیلەکان بنووسێت، کەسێك بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەوانە چەوساوەن، بگرە کۆیلەکان خۆیان بیریان لەوە نەدەکردەوە)).

ئەم وتەیە بێگومان زانستی کۆمەڵایەتی پشتگیرییەکی گەورەی دەکات، مێژوویش ئەوەی پیشان داوە کەستەم لە خودی خۆیدا نابێتە هۆی هیچ بزاڤێکی کۆمەڵایەتی لای ئەوانەی بە دەستیەوە دەناڵێنن، چونکە مرۆڤ جاری وا هەیە لە ژێر باری ستەمدا خۆی دەگرێت بەوەستاوی و ملکەچی و باوەڕی وایە ئەوە لە خشتەی قەدەردا لە سەری نووسراوە، دنیاش بە سەر دەچێت و تێکۆشان تیایدا سوودێکی نییە.

بێگومان ڕوودانی ستەمکاریی خەڵکی نابزوێنی ئەگەر هاوڕێ نەبێ بەهەستێکی بە ئاگایانە و بێزاری. لێرەوە ئەرکی قەڵەم بەدەستان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان ناوی شتەکان بەناوی خۆیانەوە دەنێن و خاڵ دەخەنە سەر پیتەکان. ئەوان بە ستەملێکراو دەڵێن تۆ ستەملێکراوی، ئەمەش جار لە دوای جار لە سەری دووبارە دەکەنەوە، هەتا هەستی خامۆش بووی دەخرۆشێتەوە، بەمەش مێژوو دەبزوێ و بە ڕێگای ئامادەکراوی خۆیدا دەڕوات.

## واریسی پێغەمبەران:

ئەو وتەیە دروستە لەفەرموودەدا هاتووە کە زانایان واریسی پێغەمبەرانن، چونکە لە کۆندا قورسایی بێدارکرنەوەو چاو کردنەوە کەوتبووە سەر شانی پێغەمبەران و ئەوانەی سەر بەئەوان بوون لەهەڵگرانی بیروباوەڕە خواییەکان، کە لەو کاتەدا عەقڵی خەڵکی ئایینی بووە، هەروەها لە توانای کەسیشدا نەبووە کەکاریگەری لەسەریان هەبێت مەگەر هاوشانی ئەو پیێغەمبەرانە بووبێت کە لە ئاسمانەوە وەحیان بۆ دادەبەزی.

فەرمانڕەوای کۆن فەرمانڕەوایی خەڵکی بەفەرمانی خوا دەکردو بەدەسەڵاتەکەی کۆیلەی کردبوون، لەبەرئەوە پێغەمبەران سەرکردەکانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بوون لەهەموو سەرکردە کۆنەکاندا، ئەوانە نێردراوی خواو ئەمینداری وەحیەکەی بوون،

ئەوانیش بەتەنها توانای ئەوەیان هەبووە بێداریان بکەنەوە، لێرەوە فەرمانڕەوایان و خۆشگوزەرانەکانمان بینی لەهەموو کات و شوێنێکدا پێشەیان قەڵاچووکردنی پێغەمبەران بووە، بۆیە بۆ هەمو موسایەك فیرعەون و هامانێك هەبووە، بۆ هەموو محەمەدێکیش ئەبوجەهل و ئەبوسفیان...

ئێستاش کە عەقڵەکان گۆڕاون و وایان لێهاتووە بە پێوەرێکی تر پێوان دەکات، نووسەر بەدەرکەوتووە کەخەڵك دەدوێنێ بەو زمانەی لێی تێ دەگات، ئاڕاستەیان دەکات بەرەو ئەو ئاڕاستەیە خوا لەسەر بەندەکانی فەرزکردووە لە هەزاران ساڵەوە.

## بەسەرهاتێك بەو بۆنەوە:

لە کاتی مانەوەمدا لەئەمریکا، ڕۆژێکیان موحازەرەیەکی گشتیم داو تیایدا ڕای ئیسلامم دەربارەی پێغەمبەران باس کرد، لەوەی وتم لەو کاتە دا ئەوە بوو کەئیسلام پێغەمبەران هەموویان بەخاوەنی پەیامی حەق دادەنێت،، وە هەموو یەکێك لەوانە شەریعەتێکی هێناوە کە لەگەڵ ڕۆژگاری خۆیدا دەگونجێت، بە شێوەیەك ئەوەی کە شەریعەتی ئەوەی پێش خۆی هێناویەتی دەسڕێتەوە.

هەر ئەوەندەی وتەکەم تەواو کرد، خانمێکی ئەمریکی کەدیاربوو خاوەن بیروباوەڕی بەهائی بوو هەستایەوەو دەستی کرد بە سەلماندنی ئاینەکەی خۆی. وتی سەردەمی نوێ پێویستی بە پێغەمبەرێکی تایبەتە کەئایینە کۆنەکان بسڕێتەوە، بۆیە(میرزا حەسین عەلی) تارانی هەر دەبێت ئەو پێغەمبەرە نوێیە بێت.

وەڵامی منیش بۆی: بێگومان پێغەمبەران ڕۆژگاریان بە سەرچووە، بۆیە خەڵکی پێشبینی ڕێنموونی لەخەڵکی ترەوە دەکەن. ئەوەش کەمن وتم ڕای خۆم نەبوو، بەڵکو ڕای توێژەری کۆمەڵایەتی ناسراو (کۆنت)بوو، کۆنت دەڵێت عەقڵی مرۆیی لە گەشەکردنی دا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی ئایینی و قۆناغی ئەقڵی و قۆناغی وەزعی و قۆناغی دواینیش ئەوەیە جیهانی شارستانیەتی لەکاتی ئێستادا پیا تێپەڕ دەبێت. کە ئەو دەڕوانێتە بەرژەوەندی خەڵك پێش ئەوەی بڕوانێتە مەسەلە غەیبی و میسالییەکانی پشتی.

## ڕای محەمەدی پێغەمبەر:

قورئان وەسفی پێغەمبەری بە کۆتا پێغەمبەر کردووە کە لەڕاستیدا ئەو دواین پێغەمبەری مەزن بووە کەمێژوو بۆی باس کردووین، بە شێوەیەک کە دوای ئەو هیچی تر بە دەرنەکەوت جگە لەپێغەمبەرانێکی گچکە کە کاریگەرییان لە سەر خەڵك نەبووە بەو کاریگەرییە زۆرەی کە لە پێغەمبەرە دێرینەکانمان بینی.

لەو فەرموودە دەماو دەمانەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە ئەو وتەیەتی: (دوای من پێغەمبەر نییە) هەروەها ئەو وتەیەی (زانایانی نەتەوەی من وەك پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلن). دیارە کە محەمەد کاتێك هەواڵی داوە بەتەواوبوونی پێغەمبەرایەتی هەروەها هەواڵی ئەوەشی پێداون کە زانایانی نەتەوەکەی لە جێگەی پێغەمبەراندا نوێنەرایەتی دەکەن.

لێرەشدا حەز دەکەین بپرسین: ئەو زانایانە کێن محەمەد لە فەرموودەکەیدا مەبەستی بوون؟ یا ئەوانە زانایانی فیقهە، یان زانایانی بیرو باوەڕ یان زانایانی ڕستەسازیو ڕەوانکاریو جوانکاری؟

لە مێژووی ئیسلامدا کۆمەڵێکی زۆرمان لەوانە بینی کە خەریکە لە ژماردن نایەن، بەڵام لە زۆرێك لەوانە هیچمان نەدی جگە لەبەهانە هێنانەوە بۆ ڕەفتاری خۆشگوزەرانەکانو هەموو لۆمەکەش بخەنە گەردنی گەلی هەژار. مەبەستیش بە زانایان بەشیاوترین گومان ئەوانەیە کە هۆش ببزوێنن هەر وەك چۆن پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل لەڕۆژگاری کۆندا دەیان کرد.

## بارودۆخی فیکریمان:

لەوتارێکی ڕابردوودا بینیمان کەچۆن خۆشگوزەرانەکان لە سەردەمی زێرینەکاندا لەگەل دەکرد کەپەك بخۆن، پاشان خۆیان دەڕۆیشتن بۆ دەرودەشت ڕابوێرن بەڕاوکردنی ئاسکەکانەوە. ئەمەش لە کاتێکدا کەپیاوانی فیکر تیایدا

مشتومڕیان لە سەر ئایەتی ئەشکەوت بوو، ئایا زەم بوو بۆ ئەبوبەکر یان ستایش؟ ئێمەش لێرەدا ئەوانەین کە بە دوای ئەواندا دەڕۆین وەك چۆن نەعل بە دوای نەعلدا دەڕوات و لەوانەیە هەندێکیمان مشتومڕ لەسەر ئایەتی (غار)مان واز لێ هێنا بێت، بەڵام تا ئێستاش لەمەسەلە تۆباوییەکان دەدوێ دوور لە واقیعی ژیان و کێشەکانی.

هەروەها دەبینی سەرگەردانە بە دوای نهێنییەکانی جوانی و کاملیداو ئەوەی بۆ ئەدیب پێویستە کە بەرز بێتەوە بەهونەرە جوانەکەی. لەم ڕۆژگارە نزیکانەدا یەکێکیان وتارێکی نووسیوە کەتیایدا لۆمەی خەڵك دەکات کە جوانی و هونەرو داهێنانیان پشتگوێ خستووە لە خەمەلاندنی ئەدەبدا پاشان دەڵێت: ((ئەوانەی بەم تێگەیشتنە هەڵەیەوە لە ئەدەب ئەدیب گەیشتوون لێیان ناگیرێت، لەبەرئەوەی نەگەیشتوون بەوەی لە ژیان تێبگەن یان چێژ لەوەی لەبووندا هەیە لەنهێنیی و جوانی و سۆز وەر بگرن...)).

خۆزگە دەمزانی چییان دەوێ لە ئێمە تێبگەین یان چێژی لێ وەربگرین؟ ئایا دەیانەوێ نهێنییەکانی جوانی و وردەکارییەکانی هونەر لەشیعری بەحتەری دا بپشکنین لەکاتێکدا شەڕ لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی داوین؟ یان دەیانەوێت غەزەل بەسەر ئەستێرەی شەوان و تیشکی مانگدا بڵێین، لەکاتێکدا نەتەوەکان خەریکن بە کردار سەر دەکەون بەرەو مانگ و ئەستێرەکان؟

ئەوان دەیانەوێت هونەر بۆ هونەر خۆی بێت، واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەدیب پێویستە خۆی خەریك نەکات بەو کێشە کۆمەلایەتیانەوەی کە خەڵکی قورساییەکەیان هەڵگرتووە، ئەوانە لە ڕوانگەی ئەواندا زەینی ئەدیب ماندوو دەکات و بەهرەی داهێنان تیایدا لاواز دەبێت. جیهان بەرەو پێشەوە دەڕوات و ئێمەش بە عەقڵەکانمان بەرەو دواوە، ئیتر نازانین کۆتایی گەشتەکەمان لە کوێ دا کۆتایی پێ دێت؟!.

لەوانەیە کەسێك بڵێت: ئەم ناشیرینکاری و گاڵتە کردنەت لەچی؟ ئایا ئینکاری ئەم بنیاتنان و گەشەسەندنە دەکەیت لەم وڵاتەدا ڕوو دەدات؟ ئایا ناتوانیت کەمێك خۆت بگریت تا ببینیت عێراق چۆن بۆتە بەهەشتی فیردەوس؟

من ئینکاری ئەم بنیاتنانە جوانە ناکەم براکەم، هەروەها ئینکاری ئەوەش ناکەم کە سامانی نەتەوە پەرەدەسێنێت و بەرهەمیش زیاد دەکات، بەڵام لەوە دەترسم کە

بەرهەمێکی بەخشندانەو دابەشکرنێکی خراپەکارانەم هەبێت، وا دێ بە بیرمدا لەوانەیە هەڵەش بم، من هەست بە ئازارێکی بەسوێ دەکەم هەر کاتێک سەرنجی دیاردەیەکی ئاوەدانکردنەوەی نوێ دەدەم لە عێراقدا، ئەوە لە ڕوانگەی مندا واتای زۆربوونی پارەو سامانو خۆشگوزەرانییە لای کۆمەڵێکی کەم لە خەڵکی، بە شێوەیەك خەڵك سوود لەوە نابینن جگە لە بەرزبوونەوەی نرخو دابەزینی ئاستی بژێوی.

بۆم هەیە کە بڵێم هەر بەردێك لە بینایەکی نوێ دا دادەنرێت ئەو بۆشاییەی هەیە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراقدا زیاتر دەکات. توێژەرێکی ناسراوی ئینگلیزیش دانی بەمەدا داناوە، ئەویش خانم دۆرین ورێنەرە لە کتێبەکەیدا کە تازە دەری کردووە، ئەو دەڵێت: بێگومان ئاکامی ڕاستەوخۆی پرۆژە نوێیەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراقدا بریتییە لە فراوانکردنی ئەو لەتبوونە لەنێوان دەوڵەمەندو هەژارەکاندا هەیە. چونکە زیادبوونی داراییەکان تەنها خزمەتی بەوانە کردووەو خەرجکردنی سەیارەی گەورەو ئامێری باگۆڕکێو خانووی بڵندیان زیاتر دەبێت، بەلام بانکەکان لە زیاد بوونی بەردەوام دان....

نموونەی زۆری ئەم ئاوەدانکرنەوەیەمان بینی لەسەردەمە زێڕینە کۆنەکاندا، کاتێك کە چەندین ملیۆن کەس ڕەنجیان دەدا لە پێناوی بینایەکی زۆر بەرزدا کەخۆشگوزەرانێك بەتەنبوورو کەنیزەکەکانیەوە تییدا ڕابوێرێ. گوێشمان لەوەبوو کەبەو خۆشگوزەرانەی دەوت: ئەمەت لە کوێ بوو؟ ئەگەر لەدارایی خۆتە ئەوە زیادەڕەوییە، خۆ ئەگەر لە دارایی نەتەوەشە ئەوە خیانەتە.

## دەربەگایەتی لە عێراقدا:

مامۆستا ئیبراهیم کوبە ئامیلکەیەکی بە سێ لاپەڕە دەرکرد کەئەو لای من خۆی ئەدا لە کتێبێکی گەورە، تیایدا مامۆستا بیروڕای کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی لە باودۆخی عێراق لە لایەنی ئابوورییەوە هێناوە دوای ڕوون دەبێتەوە، کەئەو پسپۆڕانە کۆڕان لەسەر بوونی جۆرێکی ئابڕووبەر لە عێراقدا.

جێگای سەرسوڕمانە کەببینین دەرەبەگایەتی لەجیهانی شارستانیەتدا پێش سەدان ساڵ وون بووبێت، لەکاتێکدا لەعێراقی نوێ دا لە دەرکەوتن و زیاد بووندایە، کەهەزاران جوتیار لەزەوییەکەدا ڕەنج بدات و پاشان تەنها پیاوێک بێت و ئەوەی بەئارەقەی ناوچاو بەرهەم هێنراوە بیبات، بیبات بۆ ئەو شوێنەی تیا ڕادەبوێرێ بەشتە بەچێژەکان بە بێ لێپرسینەوە.

## ڕای هەندێکیان:

لە ناوخاوەن دەسەلات و هەندێ لە بیریارەکانی عێراقدا ئەوە بڵاوە کە دەرەبەگایەتی لەم وڵاتەدا بوونی نییە، بەڵکو ئەوە سیستمێکی عەشایەرییە و سەرۆک خێڵ و جوتیار پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ چاندنی زەوی، پاشان دوای ئەو بەرهەمەکە دابەش دەکەن بە پێی ئەو نەریتەی پێکهاتن لە سەری هەیە.

دەکرێ بوترێ ئەم ڕایە دروست بووە لە سەردەمی عوسمانیی لەناوچوودا، ڕۆژێك کەحکومەتی ناوەندیی تیایدا لاواز بووە و سیستەمی عەشایەری بڵاو بووە لە ناو خەڵکدا، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ڕایەکی نادروستە تاڕادەیەکی دوور، زەوی لەسەردەمی پێشدا زۆربەیان تۆمار نەکراو بووە و سنوورەکانیان ئاشکرا نەبوون. زۆرجار خێڵیش بە زۆر دەستی بە سەر زەوی دا گرتووە، پاشان بەرهەمی هێناوە لەسەر بنەمای هاوکاری و لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆك خێڵ (شێخ)، سەرۆك خێڵیش ڕۆڵی لەبەرهەمهێنانی زەوی دا نەبووە تەنها ئەوە نەبێت هاوکاری کراوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرکردایەتی باودا. ئێستاش دوای ئەوەی حکومەتی ناوەندی بەهێز بووە و سنووری زەوییەکان دیاری کراون و بە ناوی شێخەوە تۆمار کراون، ڕژێمێکی نوێ دەرکەوتووە کەنزیکترە لەسەروەریی دەرەبەگایەتی تا هاوکاری خێلایەتی.

## ئەرکی سەرۆك خێڵی کۆن:

شێخ (سەرۆك خێڵ) لە سەردەمی پێشوودا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گاڵتە پێ نەکراوی هەبووە، چونکە ئەو سەرکردەی خێڵ و پەناگەی بووە لە تەنگانەکاندا، هەموو

خــەمی خــۆی خســتبوویە ســەر سەرپەرشــتی خێڵەکــەی و ڕوانــین بــە کێشــەکانیدا، میوانخانەکەشی بریتــی بــووە لــە دیوەخانێك کەڕۆڵــەکانی خێــڵ بــۆ ڕاوێــژو گفتوگــۆ هاتووچۆیان کردووە.

شــێخی کــۆن شــوێنکەوتەیی کــراوە نــەك بــالاّ دەســت بووبێــت وەك زانایــانی کۆمەڵناسی دەڵێن، ئەو دەزانێت کەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە بەرژەوەندی خێڵەکەیەوە هەیە، هــەروەها پێگــەی بالاّ لــە نــاو خێڵەکەیدا بــەو ڕێژەیــە دەبێت کەخزمــەتی دەکات و بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێــت، هــەر ئەوەنــدەی ئارەزوویــەکی ســوودگیری یــان دەســت درێــژی یــان گەمــژەیی لێ دەربکــەوێ، ئــیتر شــوێنکەوتووەکانی دەست بــەرداری دەبن ولــەدەوری ئــەو ڕکەبــەرەی کۆدەبنــەوە کــە وەستاوە بۆی بە دووربین.

بیرم دێ کە منداڵ بووین، ئەعرابیمان بەوە تووڕە دەکرد کە جنێومان بە شێخەکەی دەدا، چونکە ئەو شێخەکەی بەڕەمزی خۆی دادەنا، بەلاّم ئێستا ئەو گوێ بەوە نادات، و لەوانەیە ئەویش لەگەڵ ئێمەدا جنێو بەشێخەکەی بدات ئەگەر لەدەوروبەری کەسێك نەبوو لێی بترسێ.

## سەرۆك خێڵی نوێ:

مامۆســتا (کــوك) لەکتێبەکەیــدا (بەرامبــەرخوازیی و وەلاّمدانــەوە لەڕۆژهــەلاّتی ناوەڕاســـت)دا دەڵێـــت: (( ئــەو شــێخە عەشــایەریانەی کەبەئــەرکی فەرمانــداریی و سەرپەرشتی زەوییە کشتوکاڵییەکان هەڵدەسان بەشێوەی هاوکاریی و هــەروەها ملکــەچ بــۆ خاوەنــداریی هاوبەشــی بــوو بوونــە خاوەنــداری دەســت بــە ســەراگری زەوییــە فراوانەکانی هۆزەکان)).

لە ڕاستیدا ئێمە ئێستا لەعێراقدا دەرکەوتنی جۆرێك لەگەورە دەرەبەگە بزرەکــان بەسەر زەوییەکانیانەوە دەبینین لەسەر ئەو شێوازەی فەرەنسا بینیویەتی لــەڕۆژگاری لویسی چــواردەیەمدا. چــونکە شــێخ بەرژەوەنــدیی لــەوەدا نــەماوە پەیوەســت بێــت

بەمانەوە لەناو هۆزەکەی دا، یان بایەخ بە کاروبارەکانیان بدات: زەوییەکان ئێستا بوونەتە موڵکی تایبەتی ئەو بەهێزی یاسا.

حکومەتیش بە توانایە لەوەی بیپارێزێت لە هەر ڕکابەرێك کە چاوی تێ ببڕێت و لێی داگیر بکات، کەواتە با شێخ هۆزەکەی بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ پایتەخت، لەوێ نزیك بێتەوە لەفەرمانڕەواکان و پیلانیان لەگەڵدا بگێڕێت بۆ پاڵپشتی قەوارەکەی خۆی و ئەوانیش.

شێخ نوێنەرەکانی خۆی لەگوندەکەدا جێ هێشتووە بۆ دەستەمۆکردنی خەڵکەکەی تیایدا، و خۆیشی هاتووە بۆ شارو کۆشکێکی بڵندی تیا بنیات ناوەو ژیانێکی ئەمیرانەی تیا بەسەر دەبات، ئەو ئەمیرانەی کە خوا باڵا دەستی کردوون بەسەر بەندەکانی دا، لەوانەیە ئێواران بچێت بۆ سەماخانە کان بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنە شۆخەکاندا باس لە..........

شێخیش زۆر بە کەمی نەبێت سەردانی گوندەکەی ناکات، بە پێچەوانەی پێشینەکانیەوە کە زۆر بەکەمی نەبێت لەهۆزەکەی جیا نەدەبوویەوە، کاتێکیش شێخ بەناچاری سەردانی گوندەکەی دەکات بێزی دێتەوە لەگەنیوی و پیسی جوتیارەکان، چونکە لوتی بەڕێزیان لە سەر بۆنێکی تر ڕاهاتووە سوپاس بۆ خوا.

لەوانەیە هەندێ لە ئێمە پێی خۆش نەبێت ئەم بارودۆخە ناو بنێین دەرەبەگایەتی. بۆ ئەوان هەیە هەر ناوێکیان دەوێ دایبنێن بەسەریدا، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی گەندەڵەو بۆ نەتەوەیەك کە لەسەدەی بیستەمدا بژی دروست نییە بۆ ماوەیەکی درێژ ئارامی لەسەر بگرێت.

## مسکێنەکانی زەوی:

ساڵی ١٩٣٣ یاسایەك دەرچوو بە ناوی (یاسای ماف و ئەرکەکانی کشتیاران) بەوە ویستر ا پەیوەندییەك لەنێوان جوتیارو زەویدا بخوڵقێنرێت، مامۆستا عەبدولڕەزاق زاهیریش لەکتێبەکەیدا (دەرەبەگ و دیوان لە عێراقدا) قسەی لە سەر

کردووە. وتویەتی:(جوتیار بە پێی ئەم یاسایە دەبێتە مسکێن یان وابەستەیە بەزەوییەوە، لەبەرئەوەی قەرزاری خاوەن زەوییە).

مامۆستا زاهیر بەم وتەیەی راستی پێکاوە، چونکە بەم یاسایە جوتیار بووەتە بەندەیەك کە تەنها قەرزەکانی بەزەوییەکەوە دەیبەستێتەوە، لەوانەشە سەرۆك خێڵ پێی بڵێ: (تۆ ئازادی براکەم، دەتوانیت بۆ کوێ دەتەوێ بڕۆیت بەو مەرجەی قەرزەکانت بدەیتەوە)، تا ئەو کاتەش جوتیار زۆربەی کات توانای دانەوەی قەرزەکەی نەبێت ناچارە ملکەچی فەرمانەکانی سەرۆك خێڵ ببێت و ئەویش سەختی لەگەڵدا بنوێنێت.

بەهەر شێوەیەك بێت، جوتیار هەستی کردووە بەفشاری ئاغا لەسەری، بۆیە یەکەم هەلێك کەبۆی هەلکەوێت دەیقۆزێتەوەو قاچەکانی دەداتە دەست با، ئەمەش هەر ئەوەیە کە بووەتە هۆی ئەو کۆچە فراوانەی کەبیریارو سیاسییەکانی لای خۆمانی خەریك کردووە. سەیرەکە لەوەدایە کە هەندێ کەس کاتێك جوتیارەکان دەبیننەوە لەگوندەکانیان هەڵدێن، دەیانەوێت بیانگێڕنەوە بۆ ئەو گوندانەیان، وەك ئەوەی کەدەبێت بگەڕێنەوە بۆ کۆیلایەتییەکەی یەکەمیان بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی شێخە دەرەبەگەکان و داروودەستە بەرێزەکانیان پێ زیاد ببێت.

ئێمە ناتوانین کێشەی کۆچ چارەسەر بکەین پێش ئەوەی ئەو دەردەی لەپشتییەوەیە نەیدۆزینەوە، ئەوەش کەدەیەوێت بەجیا چارەسەری بکات وەك ئەوە وایە کە دەیەوێت نەخۆشێك چارەسەر بکات تەنها بەچارەسەری ئەو برینە دیارەی سەر رووومەتی یان پێستەکەی وئەو میکرۆبە پیسەش فەرامۆش دەکات کە لەناو خوێنەکەیدا بڵاو بووەتەوە، ئەو نەتەوانەش چەندە بەدبەختن کە کەدووچاری پزیشککگەلیکی لەم جۆرەن!.

## قسەگەلێك ئالوودە بەخەم:

پێش چەند ساڵێك کۆمەڵێك ئەعرابی لەنزیك ماڵی ئێمەوە دەژیان، ئەوان لەوانەبوون کەلە گوندەکانی خۆیان هەڵهاتبوون ودوای پارووییەك لەزەقنەموت

کەوتبوون، منیش لەگەڵ هەندێکیاندا کۆدەبوومەوەو گوێم لەقسەکانیان دەگرت، قسەکانیشیان بەراستی خەمهێنەر بوون، وێنای درندەیی دەرەبەگی دەکێشا لەگەڵ ئەوەی جوتیار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەدەستییەوە دەینالاند.

بەراستی هەر جوتیارێکی کۆچەری لەگەڵ خۆیدا چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری لەرەفتارەکانی دەرەبەگ و خراپەکانیان هەڵگرتبوو، ئەگەر هەندێك لەو چیرۆکانەم لەنێوەندی دوو بەرگدا کۆ بکردایەتەوە کتێبێکی سەیر دەر دەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئینکاری هەندێ لەزیادەڕەوی لەو چیرۆکانەدا ناکەین، کاتێکیش گوێ لەشێخە دەرەبەگەکان دەگرین چیرۆکی پێچەوانەی ئەوانە دەبیستین کە جوتیارەکان هێنابوویان، کەواتە ئێمە سەربەستین لەوەی باوەڕ بەوانە بکەین یان بەوانی تر، لەوانەیە هەندێك حەزی بەوە بێت کە شێخەکان دەیڵێن، بەتایبەتی کاتێك بانگ دەکرێن بۆ کۆشکە جوانەکانیان ودەرخواردیان دەدرێت لەوەی هەیە لەسەر سفرە ئاوەدانەکانیان بەهەموو خواردن و خواردنەوەیەکی هەمەجۆر...

## دەوڵەمەندەکانی شار:

دروست نییە بۆ ئێمە بەهەر شێوەیەك بێت هەموو بایەخێکمان بخەینە سەر گوندو ئەوەی تیایدا ڕوو دەدات لەدەرەبەگایەتی ستەمکارانە، ئەوەتا ئێمە لەشارەکانیشدا جۆرێکی تر لەدەرەبەگایەتی دەبینین کە کۆمەڵێك خاوەن ماڵ و نفوز پێی هەڵدەستن، لەم دواییانەشدا دەروازەگەلێکی فراوانی زۆر لەبەردەم ئەوانەدا کرایەوە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی حەڵاڵ وحەرام، بەحەقیقەت ئەوان لەهونەری هەموو جۆرە کاسپییەکدا لێزان بوون، بۆیە ماڵ ودارایی دەباری بەسەریاندا بەشێوەیەك کە پێشتر نموونەی نەبوو، لەکاتێکدا کەتا دوێنێ مامەڵەیان بە دە دیناری و سەد دینارییەکانەوە دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بەسەدان هەزار دینارییەوە ئەو مامەڵەیە دەکەن، یەکێکیشیان کە دەڕوانێت بۆ سەد دیناری وەك ئەوە وایە کەئێمە بۆ یەك درهەمی دەڕوانین.

ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ماڵ و دارایی برژێتە باخەڵی ئەوانەوە، ئەوا دەرکەوتنی پاشاوات و راجاواتێکی زۆر دەبینینەوە لەشێوەی ئەوەی میسرو هیندستان لەسەردەمە بەسەرچووەکاندا بەخۆیانەوە دیبووی.

## دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ:

دەوڵەمەند لەسەردەمی عوسمانیدا لەناوەراستی گەرەکەکەی خۆیدا نیشتەجێ دەبوو، لەوانەیە لەو گەرەکەدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشی هەبووبێ وەك ئەوەی کە سەرۆك خێڵ کاتی خۆی هەیبوو بەشێوەیەك لەشێوەکان. شایانی باسە لەو سەردەمەدا کورانی هەر گەرەکێك خۆیان لەئاستی تیرەیەکدا دانابوو، بەجۆرێك کە لەگەڵ گەرەکەکانی تردا لەکێبەرکێ و ململانێدا بوون بەسەرکردایەتی دەوڵەمەندو پیاوماقووڵەکانی گەرەك، ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییەش نەبوو لەنێوان دەوڵەمەندەکانی گەرەك وهەژارەکان وەك ئەوەی کەلەم دواییانەدا لەشارەکاندا دروست بوو.

دەوڵەمەندی شار دەستی بەگۆران کرد وەك چۆن سەرۆك خێڵە گوندنشینەکە گۆرا، وای لێ هات نەتوانێت لەناوەندی گەرەکەکەی ولەناو گەنیوی وبۆنی ناخۆشدا بژی، ئەو هەر ئەوەندەی هەلی بۆ هەڵدەکەوێت ئیتر را دەکات بۆ یەکێك لەکەنارەکانی شارو کۆشکێکی گەورە بنیات دەنێت، لەوێداو لەنزیك خزمەکانیەوە لەسەرۆك خێڵە عەشایەرییەکان و دەوڵەمەندەکانی شارەوەو لەناو خوێندنی بولبول و گوڵستانی بۆنخۆشدا دەژی. ئەگەر ناچاریش بوو بەکۆڵانێك لەکۆڵانەکانی گەرەکە کۆنەکەیدا تێپەرێت، ئەوا دەستەسرەکەی بەلوتیەوە دەگرێت و دەست دەکات بەبۆڵەبۆڵ لەتەمەڵی هەژارەکان و پیسوپۆخڵییەکانیان.

بەو هۆیەوە لەهەموو شارێکدا کۆمەڵە گەرەکێك لەسەر بنچینەی چینایەتی دروست بووە، بەتایبەتی لەبەغدادی پایتەختی رەشیددا، کەدەوڵەمەندەکان لەشوێنێکی دیاریکراوی خۆیاندا دەژین وهەژارەکانیش لەشوێنێکی تردا، تا ئاوەدانیش لەعێراقدا زیاتر بێت ئەوا ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییەش لەنێوان دەوڵەمەندو هەژارەکاندا زیاتر دەبێت، لەوانەیە رۆژێکیش بێت جەمسەرگیرییەکی چینایەتیانەی زۆر خراپ روو

بدات، بەشێوەیەك کەخۆشگوزەرانەکان لەلایەك و زەحمەتکێشانیش لەلایەکەی ترەوە بن، ئالێرەشدایە مەترسییەکە خۆی حەشار داوە.

## کوڕانی نازپێدراو:

لەوانەیە ئێستا ئێمە هەست بەقورسایی ئەو جەمسەرگیرییە چینایەتییە نەکەین، بەڵام دوای چەند ساڵێکی تر هەستی پێ دەکەین، کاتێك کەمنداڵەکان لەماڵە نازپێدەرەکاندا گەورە دەبن. ئیبن خەلدون دەڵێت: ئەو پیاوەی بەدەستی خۆی قەوارەی خۆی بنیات دەنێت زۆر لەرابواردندا ڕۆ ناچێت، چونکە ئەو لەبنیاتنانی قەوارەکەیدا هەوڵی داوەو ماندوو بووە، بۆیە سوورە لەسەر ئەوەی ئاگاداری بێت وپێی خۆشە بەشێوەیەکی بێ سنوور چێژی لێ وەرنەگرێت، بەڵام کوری پێگەیشتوو لەماڵی ئەم پیاوەدا زیاتر لەباوکی لەرابواردندا ڕۆ دەچێت، چونکە ئەو هەر لەسەرەتای منداڵییەوە رابوواردن و خۆشگوزەرانی لەبەر دەستیدا زۆر بووە، رادەی ئەو هەوڵەی باوکی نازانێت کە داویەتی لەپێناوی بەدەستهێنانیدا، لەوانەشە وا بزانێت خۆشگوزەرانی لەلایەن خواوە بۆی نووسراوە، بۆیە لەهەموو ڕێگایەکەوە دەست بەرابواردنی خۆی دەکات.

ئەم وتەیەی کە ئیبن خەلدون پێش شەش سەدە هێناویەتی هێشتا هەر راستەو بەردەوامیش راست دەردەچێت، هەتا لەدنیادا خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانەکان هەبن. ئێمە ئەمرۆ راستی ئەم قسەیە لەهەندێ لەکورانی سەرۆك تیرەکاندا بەروونی دەبینینەوە، ئەوانە کەوتوونەتە سەرووی باوکیانەوە لەزیادەرۆیی و ماڵ بەفیرۆداندا، دیارە کەسەرۆك خێڵە عەشایەرەکان تا ئێستاش پارێزگارییان لەهەندێ دابو نەریتی خێڵەکیانەی کۆنی خۆیان کردووە، بەڵام کورەکانیان بەردەوام رابردوو لەبیر دەکەن ولەئێستای شیرینکاریاندا تا بینەقاقەیان نغرۆ بوون، زۆرجار دەبینین کەیەکێکیان سەختی دەکات لەگەڵ جوتیارەکاندا لەسەر مشتێ گەنم، تا ئەو کاتەی پارەو ماڵی لەلا کەڵەکە دەبێت وپاشان دەیبات بۆ سەماخانەکان ودەیانکاتە کۆشی گۆرانیبێژە نازونوککەرەکانەوە.

پێش چەند ساڵێک ئەوە رووی دا کەدووان لەکورانی سەرۆک خێڵەکان کەوتنە رکابەری یەکتر لەسەر خۆشەویستی سەماکەرێک، کەهەریەکەیان دیاری گرانبەهای دەدایە سەماکەرەکە بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەکەیدا، سەماکەرەکەش شەیتان بوو دەیزانی چۆن شان وملی پێکەوە بخوات، دەرەنجامەکەش ئەوە بوو دوو کورەکە ئیفلاسیان کردو سەماکەرەکەش دەستبەرداریان بوو.

خوێنەر وانەزانێت کەئیفلاسی دوو کورەکە بۆیەکجاری بووبێت، ئەوان ئەوەندەیان مسکێنی زەوی هەیە کەبتوانن سامانێکی نوێ بەهۆیانەوە پێک بهێننەوە، خۆ ئەگەر لەم وڵاتەدا سەماکەرانێک هەبن ماڵ بەتاڵان بەرن، ئەوا کۆمەڵە جوتیارێکیش هەیە جارێکی تر ماڵ وسامان بخوڵقێنێتەوە، خوایش لەسەرووی هەموویانەوە رۆزیدەرە.

## دەرەنجامەکانی جەمسەرگیری:

دروستە ئەگەر بڵێین: دەوڵەمەندی زیادەرۆو هەژاری زۆر ئەدار دوو نەخۆشی کۆمەڵایەتین، نەتەوەیەکیش لەچوارچێوەی ژیانی نوێدا ناتوانێت پێش بکەوێت ئەگەر ئەم دوو نەخۆشییە ترسناکەی تیادابێت. بنەمای نەتەوەی پێشکەوتووش بریتییە لەچینی ناوەراست، کەمەبەستمان ئەو چینەیە کەلە خراپییەکانی هەژاری و هەروەها خراپییەکانی دەوڵەمەندی پێکەوە رزگاری بووە، وایان لێهاتووە کەلەژیانـدا بەدڵنیاییەوە تێدەکۆشن، هەر ئەمەشە وای لەحکومەتە نوێیەکان کردووە هەوڵ بدەن ئەو کەلێنەی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندەکاندایە کەم بکەنەوە بەو رادەیەی کەدەتوانن.

لەکۆنەوە گوتراوە: (ئەگەر مرۆڤ تێری خوارد خراپە دەکات، وە ئەگەر برسی بوو دزی دەکات) ئەم قسەیەش خاڵی نییە لەراستی، چونکە ئێمە چاوەرێ ناکەین لەخۆشگوزەرانێکی نازپێدراو لەگۆشەیەکی ماڵەکەیدا بکەوێت و خەریکی پاڕانەوە بێت لەخواو تەسبیحاتی ئەو بکات، ئەو هەر دەبێت سەیری دنیاو ئەوەی تیایدایە لەشیرینکارە قەشەنگەکانی بکات تا ئەو کاتەی ماڵ وسامانی زیاتر لە پێویستییەکانی خۆی لەبەردەستیدا بێت.

کاتێک ئەو خۆشگوزەرانە تێر دەبێت لەچێژی حەلال، بەرەو رووی چێژە حەرامەکان دەروات وهونەرکاری دەکات لەراوکردنیاندا، پاشان لەسنوورێکیشدا ناوەستێتەوە لەراوەکەیدا، هەر کاتێکیش بێزار بوو لەچێژێک بەدوای یەکێکی تردا رادەکات. لاوێک دەناسم لەکورانی دزە بەرێزەکان کەئێستا خۆی خەریک کردووە بەراکردن بەدوای کچاندا، سەیارە رازاوەکەشی بەگشت جێگایەکدا دێت ودەروات، هەر کاتێکیش سکالاچییەك سکالایەکی لێی هەبوو، باوکی و لەگەڵیدا هاورێکانی لای دەدەن لەزیان و دەیپارێزن لەستەمی رۆژگار، جۆری ئەم کورە لاوەش دەبێتە پێشەنگ بۆ کورانی تری هەژارەکان، لەبەر ئەوەش کەکوری هەژارەکە ئەوە لەبەردەستیدا نییە کەراوی چێژبەخشی پێ بکات، بۆیە ناچار دەبێت پەنا بەرێت بۆ فێڵ ودزی وئەتك کردن بۆ ئەوەی ئاواتی خۆی پێ بهێنێتە دی.

بێگومان کوری هەژارەکان لەوانەیە ئارام بگرن لەسەر مەینەتییەکانیان کاتێک ئومێدبەخش دەبن بەو بەهەشتەی خوا بەڵێنی داوە بۆ پارێزکاران، بەلام ئەم ئومێدە هەر ئەوەندەی لاواز بوو تیایاندا، ئیتر بەرەو رووی بەدەستهێنانی ماڵ وسامان دەرۆن بەهەر هۆیەکەوە بێت کەبکەوێتە بەردەستیان، بەتایبەتی کاتێك دەبینن نزیکەکانی خۆیان لەکورانی خۆشگوزەرانەکان وڕ بوون لە بەخششەکانیاندا بێ ترس وشەرم.

## کەلێنێکی تر:

لەو کاتەدا کەئەو کەلێنە دەردەکەوێت لەنێوان سەرۆك خێڵ وجوتیاردا لەلادێ وهەروەها لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار لەشاردا، کەلێنێکی فراوانتر دەردەکەوێت کەدەرەنجامەکەی زۆر خراپترە، ئەویش ئەوەیە کەلەنێوان دەسەلاتدارو ژێردەستەکاندا دروست دەبێت. گومانیشم نییە لەوەدا کەئەم حکومەتە(نیشتیمانییە)ی ئێستا باشترە لەحکومەتە لەناوچووەکەو کارەکانیشی زیاترو باشتریشە لەچەسپاندنی ئاسایش ورێکوپێکیدا، بەلام لێرەدا لایەنێکی تر هەیە پێویستە حسابی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کەعەقڵی خەڵکەکە گۆڕاوە، زیاتر لەو گۆڕانەی بەسەر سروشتی فەرمانرەواکاندا هاتووە.

حکومەتی عوسمانی ناونرابوو(پیاوە نەخۆشەکە) هەروەها عەقڵی خەڵکەکەش وەک ئەو نەخۆش بوو، کاتێک لەبەردەم ستەمی فەرمانڕەواکاندا خۆیان رادەگرت وباوەڕیان وابوو کەئەمە لەلەوحی قەدەردا لەسەریان نووسراوە، هەروەها زۆرێک لەوان باوەڕیان وابوو کەئەو ستەمەی کەوتووەتە سەریان بەهۆی خراپی ئەخلاق وکەمی پەرستش وخۆپاریزی خۆیانەوەیە.

بەدەربڕینێکی تر خەڵکی جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان ئەو مەینەتییەی لەلایەن حکومەتەوە تووشیان دەبوو لەگەڵ ئەوەی لەسرووشتەوە بۆیان دەهات، بۆ نموونە جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان راپێچی زۆرەملێ وئەو تاعونەی بەکۆمەڵ رۆحی ئەوانی دەدوورییەوە، هەردووکیان لەدیدی ئەواندا یەک جۆر بوو، بۆیە لەبەرامبەر ئەوەدا جگە لەئارامی وپاڕانەوە لەخوا شتێکی تریان شک نەدەبرد کەئەم مەینەتییە لەسەر ئەم نەتەوەیە هەڵبگرێت.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم بیروبۆچوونانە سەربەرەو خوار گۆڕاون، بگرە وای لێ هاتووە خەڵکی تەنها رەخنە لەحکومەت ناگرێت لەسەر کارە تایبەتەکانیان، بەڵکو ئەوەشیان دەدەنە پاڵ کەدەستیان هەبێت لەکارەساتە سرووشتییەکانیشدا، کەهەورە بروسکەیەکیش لەئاسمانەوە بەسەریدا دەکەوێت هاوار دەکات:(ئاخ لەحکومەت!) کەلەوەدا هیچ شتێک ناکرێت، چونکە ئەوە سرووشتی ئەو رۆژگارەیە تیایدا دەژی.

چاپخانەو قوتابخانەو ئێزگەکان دەستی کردووە بەداباریینی کۆمەڵە بیروبۆچوونێک کەلە سەردەمی باوباپیرانماندا نەبوون، لەکاتێکدا کەئەوان دڵخۆش دەبوون کاتێک فەرمانڕەوایان دەبینی زانکۆیەکی رازاوەی بۆ بنیات دەنان وگوێیان بەوە نەدەدا کەخەرجییەکەی لەباخەڵی خۆیشیان دەربچێت، بەڵام ئەمڕۆ لێی رازی نابن ئەگەر هەموو دنیاشیان بۆ بکاتە مەنارەو میحراب.

ئەو واقیعەش کەگرانە گومانی تیادا بکرێت ئەوەیە کەئەو کەلێنەی لەنێوان حکومەت وگەلدا هەیە بەردەوام لەزیادبووندایە لەگەڵ هەموو ئەو کارە باشانەشدا کەپێی هەڵدەسێت، بافەرمانڕەواکانیشمان ئەم حەقیقەتە تاڵەیان بەئاشکرا پێ بڵێم:

ئەویش ئەوەیە کەئەوان لەکارەکانیاندا بەسنگەخشە دەکشێن، لەکاتێکدا گەل لەبیر و بۆ چوو نە کانیاندا باز دەدەن، یان خەریکە بە فڕین بفڕن.

لێرەدا حەقیقەتێکی تری لەمەش تاڵتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کەهەندێ لەفەرمانڕەواکانمان لەسەر ئەو شێوازە بیر دەکەنەوە کەسەدان ساڵ لەمەو پێش هاروونە ڕەشید بیری پێ کردووەتەوە، بۆیە دەیانبینیت بایەخ بەگۆڕانی ولەڕینەوەی ورگیان دەدەن زیاتر لەوەی بایەخ بەچارەسەری برسیەتی ونەزانی ونەخۆشی بدەن، ئەم سێکوچکەیەش بەقەوارەی گەلدا قووڵ دەبێتەوەو خراپەو گەندەڵی تیادا بڵاو دەکاتەوە، دەڵێن حکومەت بۆ نموونە نیازی وایە خانەیەك بۆ ئۆپێرا بنیات بنێت کەچەند ملیۆن دینارێکی تێ دەچێت، هیوادارم ئەم هەواڵە ڕاستیش نەبێت، بەتایبەتی کەدەزانین لەم وڵاتەدا چەندین ملیۆن زەحمەتکێش هەیە وادەزانێت ئۆپێرا جۆرێکە لەپاقلاوەو لەخوا دەپاڕێنەوە کەلەم دنیایەدا پێش ئاخیرەت دەرخواردیان بدات.

## مەینەتییەکانی چەندین ملیۆن:

دکتۆر شاکر مستەفا سەلیم بۆمان باس دەکات کەلەگوندی جبایش خەڵکانێك هەیە بەگرانترین کار هەڵدەستن لەپێناوی ئەوەی دەرامەتێکی مانگانەیان هەبێت کەلەدوو دینار تێ نەپەڕێت، هەروەها هەندێکی تریان لەکارگەکانی کەپسکردنی خورمادا کار دەکەن بەدرێژایی وەرزەکە بەبێ ئەوەی شتێکیان دەست بکەوێت جگە لەنانەخۆرییەکەی خۆیان. ئەگەر لەحاڵی زۆرێك لەگوندەکان بکۆڵینەوە دەبینین کەجوتیارەکان لەئاستی بژێوییەکی وەهادان کەزۆر جیاوازی نییە لەئاستی ژیانی خەڵکی جبایش، لەوانەیە تیایاندا هەبێت حاڵی لەوانیش خراپتربێت وزەحمەتیشیان زیاتر بێت، بۆ زانینیش کەجوتیارەکان زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێك دەهێنن ولەسەر ئەوان قەوارەی ئەم وڵاتە ئەمینەش ڕاوەستاوە.

## دەرك پێكردن:

بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێت لەقەدری ئەم حكومەتەی ئێستا بێنینە خوارەوە، چونكە هەندێ كەسی دڵسۆزی كارامەمان بینیوە، لەوانەی كەبەهەموو توانایەكیانەوە كاری جدی دەكەن، لەوانەیە هەوڵی ئەوانە لەلایەن هەندێ لایەنەوە رووبەروی بەرهەڵستی ببێتەوە كەرێگای پێ بگرێت وهەوڵەكانی بێ مایە بكاتەوە. لەسەردەمێكەوە كەزۆر دوور نییە حكومەت هەوڵی داوە یاسای باج لەسەر زەوییە كشتوكاڵییەكان گەڵاڵە بكات، ئەم باجەش زۆر پێویستە، یان بەشێوەیەكی تر ئەو باجە كەمترین شتێكە كەحكومەت بیكات بۆ سووككردنی قورسایی دەرەبەگایەتی؛ چونكە دادپەروەری نییە قورساییەكی زۆری باجی دەوڵەت بخرێتە سەر هەژار، لەكاتێكدا كەخاوەن زەوییە گەورەكان دەگەڕێن ورادەبوێرن وباخەڵیان پڕ بووە لەو پارەو داراییەی هیچ باجێكی لەسەر نییە.

هێشتا حكومەت رەشنووسی یاساكەی پێشكەش بەئەنجومەنی نەتەوەیی نەكردبوو كەخاوەن زەوییەكان توورەبوون وبەرەو مەرقەدی عەباسی كوری عەلی رۆیشتن ولای ئەو سوێندیان خوارد كەبەرەنگاری بەیاساكردنی ئەو گەڵاڵەنامەیە بەهەموو توانایانەوە دەبنەوە، وەزیری تایبەتمەندیش لەبەرامبەر ئەم سوێندە پیرۆزەدا هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەدەست لەكاركێشانەوە، ئیتر ئەوە روویدا كە هەندێكیم لەبیر نەماوە. دوای ئەوە هەمان شت رووی دا لەمەسەلەی باجی خانووبەرەدا، كەحكومەت هەوڵی دا دوای ئەوە یاسای باجی زەوی خانووبەرە دەربكات، مەبەست لەم باجەش سووككردنی ئەو نرخە زۆرەبوو خرابوویە سەر ئەو زەوییەی ئامادەكرابوو بۆ خانوو، دیار كەلێرەدا دەستێكی شاراوە هەبوو كاری لەسەر كۆكردنەوەو قۆرخكردنی زەوییەكان دەكرد بەمەبەستی بەرزبوونەوەی نرخەكانیان، بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە چەند كۆمایەك دیناریان دەست بكەوێت، ئەم دەستە شاراوەیەش توانی پرۆژەی باجەكەش لەنێوبەرێت وبیكات بەژێر گڵەوە.

لەعێراقدا هەزاران لەرۆڵەکانی گەل هەیە تکاکارن بۆ بەدەستهێنانی پارچە زەوییەکی بچکۆلە لەخاکی نیشتیمان بۆ ئەوەی خانوویەکی لەسەر بنیات بنێن ومنداڵەکانیانی تیادا پەنا بدەن، بەڵام لەلایەکی ترەوە چەند کەسێکی خاوەن حەق وحەقیقەت هەیە پێچەوانەی ئەمە ئەوەیان دەوێت، ویستی خواش وابوو کە ئەوانە سەربکەون و ئەوەی دەیانەوێت بێتەدی، چەندین گروپی کەمیش بەسەر زۆرێکدا سەرکەوتن بەویستی خوا.

## بابەتی پروپاگەندە:

هەندێ لەسیاسییەکانمان واگومان دەبەن کە ئەو کەلێنەی لەنێوان حاکم ومەحکومدا دروست بووە لەنێو دەچێت، ئەگەر حکومەت بتوانێت پروپاگەندە بەباشیبخاتە کارو گەل ئاگادار بکاتەوە لەوەی کردوویەتی لەپێناوی خۆشی ئەودا، هەروەها ئەوەش کەلەمەودوا دەیکات. ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کەپروپاگەندە لەم مەسەلەیەدا سوودێکی زۆری نییە، چونکە لەبەرامبەر هەر چیرۆکێکی جواندا کەپروپاگەندە حکومەتی پێ بەرز رادەگرێت، جەماوەریش چەندین چیرۆکی دژ بەوە دەهێنێتەوە، لەوانەیە پروپاگەندە باسی بنیاتنانی پرۆژەیەکی بەکەڵك بکات، جەماوەریش لەبەرامبەر ئەوەدا باس لەتایبەتمەندییە گومانارییەکانی دەوری ئەو پرۆژەیە بکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەجەماوەر تەواو راستگۆیە لەهەموو ئەوەدا کەدەیڵێت، لەوانەیە زۆرجار کۆمەڵێ دەنگۆ پاڵی پێوە نابێت بۆ قسەو باسێکی بەتاڵ، بەڵام ئەی چی بکەین؟ لەکاتێکیشدا کەجەماوەر خۆی باوەری بەوە هەیە کەباسی دەکات وپەندیش لەوەوەیە نەك بەو هونەرانەی پروپاگەندە کەبەسەریدا دەدەین.

پروپاگەندە سوودی نییە هەر بەوەی کەلەخودی خۆیدا راست بێت، بەڵکو لەوەدا کەڵکی دەبێت کەهەر پروپاگەندەیەك بتوانێت دزە بکاتە ناو ئەو چوارچێوە فیکرییەی لەزیهنی مرۆڤدا دانراوە، مرۆڤیش هەموو پروپاگەندەیەك بەدرۆ دەخاتەوەو گاڵتەی پێ دەکات ئەگەر لەلایەکی متمانە پێکراوەوە نەبێت، بەڵام باوەرێکی تەواوی پێ دەکات ئەگەر لەلایەنەکەی ترەوە دەربچێت باپریش بێت لەدرۆ.

**ئەدیبەکانیش:**

حکومەت هەوڵ دەدات کۆمەڵێك لەئەدیب ونووسەران بەلای خۆیدا رابکێشێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن بۆ روناکبیرکردنی گەل وگرتنی ئەو کەلێنەی کەوتووەتە نێوان خۆی وژێردەستەکانی، ئەمەش هەوڵێکە وای نابینم سوودێکی زۆری هەبێت، تەنها هەر ئەوەندەی خەڵك بزانێت کەئەو ئەدیبە حکومەت خۆشی دەوێت یان ئەو حکومەتی خۆش دەوێت، ئیتر زمانی لێ دەردەهێنن ودەیخەنە ناو لیستی(ئەدیبەکانی سوڵتان)ەوە، پاشان ئەو ئەدیبە بەهای ئەدەبەکەی لەدەست دەداو ئەو مەبەستە خوازراوەشی ون دەکات.

ئەو سەردەمە بەسەرچوو کەفەرمانرەواکان ئەدەب بکڕن وەك چۆن جارییەیان دەکری، چونکە ئەدیبی ئەمرۆ وازی لەسواڵکردن هێناوەو بازرگانی دەکات. ئەو ئەوە بەچاکتر دەزانێت کە ئەدەبەکەی لەبازاردا بفرۆشێت بەوانەی دێن ودەرۆن، لەجیاتی ئەوەی سواڵی بەردەم فەرمانرەواکانی پێ بکات، دەزانێت کە پاداشتی فەرمانرەواکان هەرچەندە گەورەبێت، کەمترە لەوەی کەگەل لەجیاتی ئەوەدا پێی دەدەن. پێویستە لەسەر فەرمانرەواکانمان باوەر بە زمانلووسەکان نەکەن، لەخاوەن ئەدەبە(باڵاکان)، ئەوانە بە رێگای تیاچووندا دەرۆن. گەلیش دەرکی بەپڕوپووچی ئەو بیرورا تۆباویانە کردووە کە ئەوانە دەری دەبرن.

گەل بێزارو توورەیەو گوێ ناگرێت تەنها لەئەدیبێك نەبێت کە لەگەڵیدا بەشدار دەبێت لەو توورەیی وبێزارییەیدا، ئەو پێویستی بەئەدیبانێکە لەشێوەی ڤۆڵتێر، کە پەردە هەڵماڵن و بەربەست ببەزێنن، پێویستی بەو ئەدیبانە نییە کە غەزەل بەسەر نەسیمی بەیانیدا دەڵێن و بەنازەوە خۆیان سەرسام دەکەن بەسوورایی ئاسۆ کاتی رۆژئاوابوون.

## هۆی هۆکارەکان:

جەمال عەبدولناسر لەوتەیەکیدا بۆ گەلەکەی دەڵێت: (لەنێوان ئێمەو ئێوەدا دەرەبەگایەتییەك بڵاو بوریەوەو زیانەکانی ئەو دەرەبەگایەتییە کارەکانمانی ئاڵۆز کرد، ئەو بەوەوە نەدەوەستا کەتەنها خاوەنی زەوی بێت، بەڵکو دەیویست لەگەڵ خاوەنداریەتی زەویشدا، خاوەنی مرۆڤیش بێت، بۆیە هەر دەبوو ئەم دەرەبەگایەتییە کۆتایی پیَ بێت ولەناو بچێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەئێوە بگەین).

پێویستە لەسەر فەرمانرەواکانمان کە لەم وتەیە تێبگەن و پەندی لیَ وەربگرن، چونکە هەتا گەل لەوە دڵنیابێت کە تاقمێکی خۆشگوزەران هەیەو کەوتووەتە نێوان ئەمان وئەوانەوە ئەو کەلێنەی لەنێوان ئەوان وگەلەکانیاندا هەیە بەهیچ هۆکارێك لەناو ناچێت، ئەوەش کەڵکی نییە کەفەرمانرەواکان بوونی ئەم تاقمە رەت بکەنەوە، ئەو بوونی هەیە لەزیهنی گەلدا بەکردار، گەلیش رازی نابێت هەتا نەبینێت ئەو تاقمە لەخۆڵدا گەوزاوە.

کەواتە حکومەت ئارەزوومەند کراوە لەنێوان ئەوەی زۆربەی خەڵك رازی بکات، یان تاقمێکی بچووك لەوانە، ئەمە بەسەر ئەدیبەکانیشدا دەگونجێت، وەك چۆن بەسەر فەرمانرەواکاندا دەگونجێت.

ئەم کتێبەی بەردەستتان یەکێکە لەو بابەتە کۆمەڵایەتیانەی دکتۆر عەلی وەردی کەبریتییە لەکۆمەڵێک گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی بەپێز لەنێوان دکتۆرو چەند ئەدیب وبیرمەندێکی عەرەبی وپاشان لەدوو توێی کتێبێکدا خۆی بینیوەتەوەو دکتۆر خۆی بەم کۆکردنەوەیە هەستاوە. کتێبەکەی بەردەستتان بەناوی (ئەفسانەی ئەدەبی باڵا) وە بڵاو کراوەتەوەو خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی زمان وئەدەب وشیعری عەرەبییە. بۆچوونی زۆر هەستیاری لەسەر ئەو بوارانە داوەو دوالیزمەی زمان و سۆسیۆلۆژیا لەم بابەتەدا بەیەک ناوێتە کراون و یەکەمیان وەک بەشێک لەچالاکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەپێوەرە سۆسیۆلۆژییەکان ئەرک وئاراستەی کارو ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا تەوزیف کراوە خراوەتە ڕوو، ئەمەش دیارە بەدیدێکی وەردیانە، سەرەتا بۆ زمان وبنەماو ڕێزمانی عەرەبی، پاشان بۆ ئەدەبی ئەو نەتەوەیە.



بەرگ: ابراهیم صالح

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ ( ١٠٠٠٠ ) دینار